مەسعوود محەمەد

# پەرەسترۆیکای گورباشۆڤ

## ڕەخنە و شیکردنەوە

بەشی یەکەم و دووەم

وەرگێڕانی لە عارەبییەوە

حەکیم کاکەوەیس

مسعود محمد

بيريسترويكا غورباتشوف – نقد وتحليل.

الجزء الأول، مطبعة «الحوادث»، بغداد – 1989

رقم الايداع في دار الكتب والوثائق ببغداد 1478 لسنة 1989

الجزء الثاني، مطبعة «الحوادث»، بغداد – 1990

طبع بتعضيد من الأمانة العامة للثقافة والشباب لمنطقة الحكم الذاتي

مەسعوود محەمەد

پەرەسترۆیکای گورباشۆڤ - ڕەخنە و شیکردنەوە.

وەرگێڕانی لە عارەبییەوە: حەکیم کاکەوەیس

بەشی یەکەم، حەساری گەورە، کەرکووک، کوردستان 2013

بەشی دووەم، حەساری گەورە، کەرکووک، کوردستان 2014

دیزاینی بەرگ: م. زانکۆ

# بەشی یەکەم

وشەیەک بۆ پێشەکی

کاتێ پەیامی «بۆ گورباشۆڤی مەزن، لەگەڵ سلاو و هیواخوازیدا»[1]م نووسی، ئەو گوتارەی ئەو دەمەی هاوڕێ گورباشۆڤی لێ دەرچێ کە لە کۆنگرەی بیستوحەوتەمی حیزبی شیوعیدا، لە ٢٥ شوباتی ساڵی ١٩٨٦دا خوێندیەوە، لە خوێندنەوەکانمدا چاوم بە نووسراوێ نەکەوتبوو کە لە یەکێتی سۆڤیەت چاپ کرابێ و پەیوەندی بە سەردەمی «پەرەسترۆیکا» و «گلاسنۆست» ەوە بووبێ. پاش چاپبوونی پەیامەکەم بە چەند مانگێک، بارودۆخ وا کەوتەوە کە نوسخەیەکی «پەرەسترۆیکا»م دەستبکەوێ کە «حمدي عبدالجواد» وەریگێڕابوو و «محمد المعلم» پێیدا چووبۆوە و «دار الشرق»ی بێرووت بڵاوی کردبۆوە، لەگەڵ چەند ژمارەیەکی گۆڤار و ڕۆژنامەی مۆسکۆدا کە هی سەردەمی «بنیاتنان و ڕوونبوونەوە» بوون. ئەوانە ئاسۆی بەرینیان لە بەردەممدا کردەوە تا - بە گوێرەی توانا - پێیدا بڕۆم و هەندێ شتم لێیان دەست بکەوێ کە هی سەردەمی ستالین و دواتر بن، تا دەگاتە سەردەمی سەرۆک گورباشۆڤ.

هەروەها ئەو واقیعە کولاوەی یەکێتی سۆڤیەتی کە هەر لە سنووری میللی و حکوومەتدا مابۆوە و تیایدا بننانەوەی بە سەر یەکدا

---

[1] - مسعود محمد، «إلى العظيم غورباتشوف: تحية ورجاء». بغداد – 1988. ئەم کتێبە بە ناونیشانی «بۆ گورباشۆڤی مەزن: لەگەڵ سلاو و هیواخوازیدا» لە لایەن حەکیم کاکەوەیس-ەوە تەرجەمەی کوردی کراوە. حەساری گەورە، کەرکووک، کوردستان 2013.

کەڵەکەبووی تێکەڵاوی ئەو لێشـــاوە بەتینە دەبێ کە دەوروبەری حەفتا ساڵە پێشی گیراوە. جا بە ڕوونی بۆم ئاشکرا بوو کە ئەوپەڕی بۆچوونم لە ســـەر ئەو خراپییەی کە دەیان ســـاڵ بوو خۆی بە ســـەر گەلانی ســـۆڤیەتدا ســـەپاندبوو، لەو قەبارە ڕاســـتییەی خۆی زیاتر نەبووە کە تاکەکانی گەلی ســـۆڤیەتی، لەم ســـەردەمەدا ئاشـــکرای دەکەن و لە ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکاندا دەینووســـــن و بۆچوونیشـــــم لە ســـــەر ئەو بەربەســـــتانەی کە دانرابوون، لە واقعی خۆیان گەورەتر نەبوو. بۆیە بۆ بەردەوامبوون لە ســەر ئەو هەنگاوانەی کە پێشــتر نابوومن هەســتێکی وەها گرتبوومی پێشـــی پێ نەدەگیرا و هەر دەبوو لە ســـەر نووســـینی «پەرەسترۆیکا - بنیاتنانەوە» لە سنووری توانا و بە گوێرەی بارودۆخی چاپکردن و بڵاوکردنەوە بەردەوام بم، بەڵام نووسین زیادی کرد و وای لێ هات لە کتێبێکدا جێی نەبێتەوە و منیش بە باشـــم زانی لە یەکەم دەرفەتتدا بەشـــــی یەکەمی چاپ بکرێ ئەوەش بۆ خۆپارێزی لە دوو مەترسی، یەکەمیان ئەوە بوو چاپکردنی هەموو ئەوانەی دەیاننووسم لە یەک کتێبدا لە توانای من بەدەر بوو، دووەمیش، چاپکردنیان بە یەک جار دەبوو بۆ کاتێ دوا بخرێ کە دەستم بە سەر بارودۆخەکەیدا نەڕوا و نەزانم هەڵکەوتەکانی چۆن دەبن. لەبەر ئەوە بەشـــــی یەکەم بوو بە پشکی بەشداربوونی ئەو هەوڵەی کە بۆ خۆشکردنی ڕووبەرێکی کەمی شارێیەک دابووم کە هیواخواز بووم بەرەو ئاسۆی ڕووناکتر و ئاسایشی زیاتر بڕوا.

مەسعوود محەمەد

بەغدا – ١٩٨٩/٨/٤

## «بۆ خوێنەر»

ئەوە دەســتپێک یا ناونیشــانی ئەو پێشــەکییەیە کە شــەش لاپەڕە، لە لاپەڕە پێنجەمەوە تا دەیەمی خایاندووە و لەو پێشــەکییەشــدا زۆر ڕا و بۆچوون خراونەتە ڕوو کە پێویسـت بە بەدواداچوون دەکەن، بەڵام من تایبەتمەندیم بە هەندێکیان دا تا باسەکە بۆ خوێنەر درێژ و ماندووکەر نەبێ. خاڵە هەڵبژێردراوەکانی پێشەکییەکە و هەرچییەکی لە کتێبەکەدا لێی دەکەوێتەوە جێی ئەوە بۆ خوێنەر ناگرێتەوە بە کتێبەکەدا بچێتەوە، چونکە ناکرێ ڕۆحی کتێبەکە و کەشوهەوای دەوری ئەو خاڵانەی قسە لەســەرکردن دەخوازن، بە تێروتەســەلی لەم لاپەڕانەدا جێیان ببێتەوە. خوێنەر ئەوەش دەبینێ لایەنێکی قســــەی من ئاماژەیە بە هەندێ لەو بۆچوونانەی کە لە قسـەکانی سـەرۆک گورباشـۆڤدا هاتوونە بێ ئەوەی دەقەکانیان بگوازمەوە، چونکە گوازراوەکان هەر ئەوانەن کە قسەیان لە ســــەر دەکرێ. لێرەدا و لە چوارچێوەی هەڵبژاردنەکەدا کە یەک بە دوای یەک و بە پێی ڕیزبەندییان لە پێشــەکییەکەدا، بەوپەڕی کورتی لە سەریان دەدوێم و یەکەمیان دەقێکە لە لاپەڕە ٦ی پێشەکییەکە، کە دەکاتە لاپەڕە دووی کتێبەکە و خۆی باســی پێداویســتی بڵاوبوونەوەی کتێبەکەی کردووە تا پایەدارانی سیاسی و پیاوانی ئاینی و کارمەندان و ڕۆژنامەوانان و مامۆســتایان و... هتد بیخوێننەوە و قســەکەیشــی بەم ڕستەیە تەواو کردووە:

*«بە تایبەتی ڕۆژنامە و تەلەڤزیۆنی ڕۆژاوا شەپۆلی نیەتخراپی بەرانبەر وڵاتەکەم دەیانگرێتەوە...».*

جا ئەوەی لەم بوارەدا من دەیبینم، هۆکاری ئەو بۆچوونەی سەرۆک گورباشۆف بۆ کاریگەری دەگەڕێتەوە کە ئاگایانە و نائاگایانە هەڵدەڕژێتە هۆشەوە و دیاردەکان وا بەرجەستە دەکا، بێ ئەوەی بەریان کەوتبێ وەک ئەوەی بەڵگەنەویست بن، زەین لە بارەیانەوە وشیاری دەدا... یەکێ لەو هۆکارانە ئەوەیە دەستگای ڕاگەیاندنی ڕۆژاوا بە شێوەیەکی گشتی، گرنگی بە لایەنی وروژێنەری هەواڵەکان و بۆچوونەکان و هەڵویستەکان دەدا تا ئەوەی وێنەی کارەسات لە گۆڤار و تەلەڤزیۆنەکاندا، سەد جار بە سەر وێنەی گوڵ و سەما و خۆشیدا زاڵە. ئەگەر ئاگاداران لەوانە ورد ببنەوە کە لە دەزگای ڕاگەیاندنی ڕۆژاوادا دەیانبینن و دەیانبیستن، لەوانەیە بە هۆی زۆری پیشاندانی لایەنی نەرێتی و بەربەست و سەرنەکەوتنەوە کە ئەو دەزگایانە لە بارەی لایەنی ورد و بەرینی ژیانی ڕۆژانەی ڕۆژاوا گەورەیان دەکاتەوە، بڵێ گەلانی ڕۆژاوا لە دەمەدەمی هەرەسهێناندان.

ئەوانە بە عادەت، لە کاتی پێویستیدا نەبێ باسی لایەنی ئاسایش و دڵنیایی و پێشکەوتن ناکەن چونکە ئەوانە سەرمایەی مسۆگەرن و پێویست بە باسکردنیان ناکا و بە دووبارەکردنەوەش سوود ناگەیەنێ، بە پێچەوانەی لایەنی نەرێنییەوە کە پێویستە دووپات بکرێتەوە و لە سەری بوەستن تا بە خێرایی چارەسەر بکرێ. لە واقیع لانادەم ئەگەر بڵێم زۆر جار هەواڵی ئەوەندە دژ بە سیاسەتی بەریتانیا لە ڕادیۆی لەندەنەوە دەبیستم، زۆر لەوە زیاترە کە ئاڕاستەی ڕووسیا دەکرێ، ئەوەش لەبەر ئەوە نا بەزەییان بە ڕووسیادا بێتەوە بەڵکو لەبەر ئەوەی هێرش کردن بۆ سەر سیاسەتی بەریتانیا زۆرتر و توندترە و لە ناوەوە و لە دەرەوە، وەکو یەک ڕەخنەی لێ دەگیرێ. سەرجەمی سەرچاوە ڕاگەیاندنەکانی تریش لەوەوە پێوانە دەکرێ.

بە پێی بەدواداچوونم لە گوێگرتنی ڕادیۆ، ڕادیۆی مۆسکۆ لە شێوازی قسەدا بەرانبەر بە ڕۆژاوا، چەندین پلە توندترە و پێم وا نییە یەک جار قسەیەکی نەرمم لێ بیستبێ کە بەرانبەر ڕۆژاوا کردبێتی.

لە کۆتایی ئەم لاپەڕەیدا دەربڕینێکی کورت دەچنم تا قسەیەکی زۆر کورتی لەبارەوە بکەم، دەربڕینەکە دەڵێ:

*«حیزبی شیوعی شیکردنەوەیەکی ڕەخنەگرانەی لە بارەی ئەو بارودۆخەی کە لە نیوەی دووەمی هەشتاکاندا پەرەی سەند، پێشکەش کردووە».*

ماوەی پتر لە شەست ساڵ حیزبی شیوعی نوست و لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا بەشێکی بەئاگا هاتەوە و بووە سەرکردەی بونیاتنانەوە. ئەوەی لە قسەی سەرجەمی ئەو نووسەرە سۆڤیەتییانە تێیدەگەم کە لەم ڕۆژانەدا لە ڕۆژنامەکانی ڕووسیا بڵاوی دەکەنەوە، ئەوەیە کە زۆربەی بەرهەڵستکارانی پەرەسترۆیکا ئەو حیزبییانەن کە بەرژەوەندییان هەیە و دەترسن بەرژەوەندییان نەمێنێ. ئەدی پاکتاوکردنەکانی ئەو دواییانە، دوورخستنەوەی ئەم و سڕکردنی ئەو، جگە لە بیرۆکراتییە حیزبییەکان کەسی تر ئەنجامی دا و گەورەترین مەترسی لە سەر بزووتنەوەی ڕاستکردنەوە سەرچاوەکەی هەر ئەوان نییە؟

لە لاپەڕە ٧ی کتێبەکەدا باسێک لە سەر شیکردنەوەی پەرەسترۆیکا، لە لایەن ڕۆژاواوە هەیە و کتێبەکە ئاوهای کورت کردۆتەوە:

*«بۆچوونێک هەیە دەڵێ بارودۆخی داتەپیوی ئابووری سۆڤیەت سەپاندوویەتی و ڕەهابوون لە وەهمی سۆسیالیزم دەگەیەنێ و قەیران لە بەها باڵاکانی و ئامانجە کۆتاییەکانیدا هەیە، ئەوجا کتێبەکە بە*

*پێی بۆچوونی خۆی سەرهەڵدانی پەرەسترۆیکا بە هەندێ هۆکارەوە دەبەستێتەوە، لەوانە: پاڵپێوەنەر... ناڕازیبوونمان بوو لە شێوەی بەڕێوەچوونی کاروباری وڵاتەکەمان».*

ڕاست بە دوای ئەوەدا دەڵێ:

*«بەڵام هەستکردن بەوەی کە وزەی شاراوەی سۆسیالیزم بە پێی پێویست سوودی لێ نەبیندراوە، بووە هاندەرێکی زۆر گەورە».*

ئەوجا بە چەند ڕستەیەک بنەمای خۆشباوەڕیی زاڵبوون بە سەر تەنگوچەڵەمەکاندا بە بوونی بنەمای تەندروستی ماتریاڵی و سامانی داهات و تێڕوانینی بەرینی جیهانییەوە دەبەستێتەوە.

بە بۆچوونی من، داتەپینی ئابووری سۆڤیەتی کە سیمای ئەو داتەپینەیە کە تووشی بنەماکانی سستەمەکە بوو، بە هۆکارێکی گرنگی هۆکارەکانی بنیاتنانەوەوە بوو کە پێویست ناکا هاشای لێ بکرێ، چونکە ئەگەر ئابووری بە هۆی سەلامەتی ئەو بنەمایانەوە سەلامەت بێ کە لە سەریان هەڵچندراوە، چ پێویست بە نانەوەی هەرایەکی نەرێتی وا دەکا، گۆشەکانی سستەمەکە بلەرزێنێ و مەبەست لە بنیاتنانەوەی بینایەکی بەهێز چییە؟

گەلی ڕووس و گەلانی تری سۆڤیەتیش لەگەڵیدا، دوای کارەساتی جەنگ زەلیلییەکی تری ستالینێکی سەرکەوتووی هاتە سەر و لە شەستەکاندا بە قاتوقڕی داڕزا، لە کاتێکدا جیهانی دەوروبەری بە میهرەجانی تێروتەسەل و پۆشتە شەپۆلی دەدا و ژاپۆنی دۆڕاو لە پشتییەوە، لە هەموو بوارەکانی ژیاندا داهێنانی دەکرد. ئەم گەلە،

دەیتوانی لە حەفتاکان و دواتردا سەردەمێکی نوێی لەو شێوەیە دامەزرێنێتەوە کە ئێستا سەرۆک گورباشۆڤ بەرگری لێ دەکا. بەڵام ئەوەی کە وزەی شاراوەی سۆسیالیزم سوودی لێ نەبیندراوە، ئەوە لە تاقیکردنەوەی ئێوە و خەڵکی تر و لە ڕێی لۆژیک و بیرکردنەوەی دروستەوە دیارە ئەو سۆسیالیزمەی بە زەبری هێز بسەپێندرێ و لە سروشتی واقیع و پەرەسەندنی شارستانییەوە هەڵنەقولاْبێ جگە لەو ناوەڕۆکەی کە ستالین دەریخست ناوەڕۆکی تری نابێ ئەویش بە دارەوە، ڕاونانی وەرزێر و بە زەوتکردنی زەوییەکانی، خەساندنێتی و بە تیرۆر و زمانبڕینی و زاڵکردنی حیزبە بە سەر پیشەسازی و ڕۆشنبیری و خەیاڵی ئاگایی و وەهمی جەنگەوە، بە پشتبەستن بە دەزگای ئاسایشی وا کە شەیتانیش دەتۆقێنێ.

لە هەڵبژاردنەکانی ئێوە و ئەوەی پۆڵۆنیا سەلمێندرا کە پارتە کۆمۆنستەکان لە لای خەڵکی قێزەونن و ئەوەش ڕووی ترسی ئەو حیزبانەیە لە بنیاتنانەوە چونکە دەبێتە پارچەپارچەی ئێسکگرانی لای خەڵک، کە هیچ بەرهەمیان نییە و هەموو شتێکیش دەخۆن. ئەو حیزبانە لەگەڵ گەلانی خۆیاندا ئەوەندە لە پێشبڕکێدان، ڕووسیا ئاوها لەگەڵ ئەمەریکادا لە پێشبڕکێدا نییە، چونکە ئاشتەوایی نێوان بیرۆکراتی و سەرجەمی گەلدا مەیلەو مەحاڵە بەڵام پێکهاتن و پێکەوەژیان لە نێوان ڕووسیا و ئەمەریکادا ڕێیان تێ دەچێ.

بارودۆخ و دەوروبەرێک کە بەریان پێ ناگیرێ هەڵوێست و ڕاگەیاندنی سیاسییانەی وەها بە سەر بەڕێزتدا دەسەپێن کە بە دڵی خۆت نین و هەر لە کۆتایی لاپەڕە ٧ دا ڕاستی ئەو قسەیەم دەردەکەوێ کاتێ دەڵێی: «پەرەسترۆیکا سەلماندی کە لەوە زەحمەتترە وەک لە سەرەتاوە بیرمان لێی دەکردەوە» جەوهەری زەحمەتییەکە لەوەدا خۆی

دەنوێنێ کە سۆسیالیزمی بەلشەڤی خۆی چەوسانەوەیە و جگە لە چەوساندنەوە هیچی تر نییە.

دەڵێن سەمەندەر گیانداریکە و لە ئاگردا دەژێ و منیش دەڵێم توندوتیژی لە توندوتیژیدا دەژێ و زۆرداریش لە زۆرداریدا و دکتاتۆری لە دکتاتۆریدا و میکرۆبی سیلیش لە نەخۆشیدا دەژێ. بۆ کراوەییشم لە قساندا، داوای لێبوردن دەکەم...

نووسەر لە کۆتایی لاپەڕە ٧ی کتێبەکە بەرپەرچی ئەوانەی کە دەڵێن ئامانجەکانی پەرەسترۆیکا لە پشت پێشنیاری ئاشتیانەی نێودەوڵەتی ڕووسیاوەن، بەم گوتەیە وەڵام دەداتەوە:

*«... ئەوە زیادەڕۆییە لە ساکارکردنەوەی شتەکاندا* چونکە *باش زاندراوە کە یەکێتی سۆڤیەتی ماوەیەکی زۆرە لە پێناوی ئاشتی و هاوکاری... هتد-دا کار دەکا».*

منیش بۆچوونی خۆم بۆ شوێنێکی تر هەڵدەگرم لە هەندێ لاپەڕەی تری ئەم بەشە یا بەشەکانی تر تووشی دەبین.

لاپەڕەی هەشتەمیش هەموو قسەی خۆشە لە بارەی بارودۆخی نێودەوڵەتی و پێویستی ڕەواندنەوەی ترسی ناوکی و سەرەتای قسەش تا ئاستێکی زۆر زمانێکی ڕاستگۆیانەیە کە دەڵێ:

*«... جیهانێکی بێجەنگ و بێ ململانێی چەک و چەکی ناوکی و توندوتیژیمان دەوێ، ئەوەش تەنها لەبەر ئەوە نا کە بۆ گەشەکردنی ناوخۆییمان باشترە، بەڵکو ئەوە پێداویستی بابەتیانەی جیهانە و لە واقعی ڕۆژانەی ئێستامانەوە سەر هەڵدەدا».*

ئەم ڕستەیەی دواتریش لە سێیەم سێیەکی لاپەڕەکەدایە و ناوەڕۆکی گردەبڕە:

*«پێ دەچێ هەموو مرۆڤێک لەوەدا یەکرا بێ کە دۆڕاو و سەرکەوتوو لە شەڕێکی وەهادا نابێ و کەسیش بە زندوویی نامێنێتەوە».*

لە ناوەڕاستی لاپەڕە ٩دا، ئەو ئاماژانە بەوپەڕی جوانی دەربڕاون و دەڵێ:

*«ئێمە هەموومان نەفەری یەک کەشتیین کە زەوییە و نابێ ڕێ بدەین نقوم بێ چونکە کەشتیی دووەمی نووح لە ئارادا نییە».*

تا کۆتایی لاپەڕە ١٠ بە شێوازێکی جوان دەڕوا کە کۆتایی پێشەکییەکەیە و ناوی «بۆ خوێنەر»ە.

لە گۆشەیەکی تایبەتییەوە، قسەیەکی سەرپێی هاوشانی سەرۆک گورباشۆڤم هەیە: ترسی ئەتۆمی، لە بەر ئەوە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاد ناکا کە دوو ئۆردوگاکە ناگەنە ئەنجامی پێشگیری چەکی ئەتۆمی و تێکدانی کۆگاکانیان، بەڵکو لەبەر ئەوە زیاد دەکا وڵاتانی شێتۆکەی بچووک و چەتەی قاچاغچیی تیرۆرست لە ماوەی پەنجا یا سەد ساڵی داهاتوودا دەستیان بەوەندەی بگا بەشی ویرانکردنی دنیا یا بەشێکی دنیا بکا و لەوەش مەترسیدارترە چونکە هۆکاری تێکدانی حیسابی دەوڵەتە گەورەکانە و ئەو تەگبیرانەش دەشێوێنێ کە بۆ سنووردارکردن و لەناوبردنیان پێویستن چونکە هەتا ئێستاش جیهان لە بارەی تیرۆری جیهانییەوە یەکهەڵوێست نییە و لەگەڵ ئەمیاندا دۆستە و لەگەڵ ئەوی تر دوژمنە و سوود و زەرەری ئۆردوگای بەرانبەر لە دروستبوونی تیرۆر و لەناوچوونی تیرۆردا دەخاتە حیسابەوە، ئەوجا حیسابی یەکلاییکەرەوە بۆ پەرەسەندنی دەکا لە کاتێکدا چارەسەری ڕۆڵی یەکەم و بنەڕەتی لە

پەیوەندی نێوان دەوڵەتە گەورەکاندا پێ دەدرێ. ئەگەر نەشتوانن یەک هەڵویســـتی یەکگرتوویـان لە بەرانبەریـدا هەبێ، هەر لە بنەڕەتەوە چارەسەری کێشەکە ناکرێ. مەترسیدارترین پشتگیریکردنی تیرۆر، لە بواری مەترسی ئەتۆمیدایە.

لێرە بە دواوە، بەدواداچوون، بە گوێرەی ڕیزبەنـدی و ئەو ئـاســـتە ماندووبوونەی کە پێی دەوێ، بۆ بەشەکانی کتێبەکە دەست پێ دەکا و بۆ دەوڵەمەنـدکردنی نـاوەڕۆک، بە گوێرەی توانـای ســـەپـانـدن و دۆزینەوەی هۆکار، بە نییەتی پاک و جێی باوەڕ، بۆ بەدەسـتهێنانی هەر چاکەیەکی گشتی کە بە توانای بە سەردا بشکێ.

«بەشـــی یەکەم - پەرەســـترۆیکا - بنەما و جەوهەر و ســـروشـــتی شۆڕشگێڕانەی»

دوای ئەوەی بە پەلە بە ســـەر خاڵە زەقەکانی پێشـــەکی کتێبەکەدا گوزەرمان کرد و پێش ئەوەی بچینە ســـەر باســـکردنی ئەو خاڵانەی کتێبەکە کە دەبێ باس بکرێن، پێویســـتە بڵێین کە کتێبەکە و هەرچی وردەکاری ڕووداو و ئایدۆلۆژیا و هەڵویســـــت و پێکهاتەی قەومیی کۆمەڵگای ســـۆڤیەتی کە لە پشـــتییەوە هەن، تا بەرەو دوا دەگاتەوە مێژووی کۆن و گەڕانەوە بۆ پرۆســـەی شـــۆڕشـــی ئۆکتۆبەر و هەرچی ناتەبایی لە بۆچوونی بەشـــداربووانیدا لە بارەی ئاســـتی دواکەوتنی شـــۆڕشـــەوە لە گۆڕانکاریدا و ســـووربوونی لینین لە ســـەر لادان لە دیموکراتییەوە بەرەو چینایەتی کە بە یەک لێدان ســـەرکەوتنی - بە

پێی بۆچوونی ئەو - دەمودەستی بە دواوە بێ نەک سەرکەوتنی پایەپایە.

هەموو ئەوانە و هەرچی کاریگەری و هۆکارێکی لە ڕووی بەرینی و قووڵییەوە پەیوەندی پێیانەوە بووبێ، لە تێگەیشتنی دیاردەی «ڕووسیای سۆڤیەت»ەوە، گرنگ و یەکلاکەرەوە بووە، سەرسوڕمان لەو ڕووداوە یەک بە دوای یەکانەی کە ڕوویاندا، هەر لەو ڕۆژەوە بگرە کە سۆڤیەت دەسەڵاتی تێدا گرتە دەست هەتا ئەو ڕۆژەی هاوڕێ گورباشۆڤ ڕایگەیاند کە پێویستە دووبارە بینا بکرێتەوە، هەمووی دەڕەوێنێتەوە. جگە لەوەش، ڕووداوەکان هەر بۆ خۆیان بەشی ئەوە ناکەن لە هەموو ڕوویەکەوە لە بابەتەکە بگەین چونکە دەوڵەتی سۆڤیەت نە لە بۆشایی دەوروبەریەوە دامەزرا نە لە نێوان دەوڵەتانی دواکەوتوودا و تەنانەت نە لە نێوانی دەوڵەتگەلێکیشدا دانەمەزرا کە لە ڕووی پێشکەوتن و شارستانەتییەوە لە ئاستی ئەودا بووبن. جگە لەوانەش، بە پێی پاڵنانی ڕووداو و پێداویستی کە خۆبەخۆ هەنگاو بە کۆمەڵگەکان دەنێن لە هەناوی مێژووەوە نەهاتووە تا لە حیساب و قازانج و زەرەر دابڕابێ:

پێکهاتەی دەوڵەتی قەیسەر لە خودی ڕووسیا و وڵاتە فرەوانەکانی بندەستی لە ئارادابوون.. دەوڵەتی پێشکەوتوو هەبوون کە لەگەڵ دەوڵەتە تازەکەدا بەر یەک دەکەوتن. ئەوجا میللەتانی تر لە ئارادا بوون، کە هەندێکیان نەگەیشتبوونە ئەو ئاستەی کە دەوڵەت پێکبێنن.

دەوڵەتی سۆڤیەت «ئینجیل»ێکیشی هەبوو کە سیاسەتەکەی دادەڕشت و ڕەفتاری چاک و خراپی دیاری دەکرد و واتای هەموو شتێکی لێکدەدایەوە کە سەر بە «کۆمەڵایەتی» بوایە. ئەم ڕاستییە، لەگەڵ ئەوەدا دژ ناوەستێتەوە ئەوەی بە پێی ئینجیلی تازە بکا، بە کەیفی خۆی یا ئەو شێوەیەی کە بە باشی دەزانێ لێکدانەوەی بۆ دەکا

چونکە هەر دەبوو کاروبار، بە شێوەیەک لە شێوەکان، لە بەر ڕۆشنایی ئەو ئینجیلە چرایە بەڕێوە بچێ.

خوێنەر دەتوانێ بە تـاقیکردنەوەی «ڕێتێچوون - شـــیمـانە» هەر لایەنێکی دەوڵەتی ســـۆڤیەتی بخاتە بەر تاقیکردنەوە و بە شـــێوەیەکی جیاواز لەوەی کە هەیە، بیداتە بەر زەین. بۆ نموونە ڕووسـیا بەردەوامی ئاســـیای هەتا ئۆقیانووســـی ئارامی بە دەمەوە نەبوایە و لە ســـەر ئەو بنەمایە زنجیرەی ڕووداوەکان، تا بەرپابوونی شـــۆڕش بداتە بەر زەین، بە تایبەتی دوای هێرشـــی نازییەکان لە جەنگی جیهانی دووەمدا و ئەگەر ئەو قووڵاییەی پشت شاخەکانی ئۆراڵی نەبوایە چ دەبوو.

بەڵام من بۆ ڕوونکردنەوە، شـــۆڕشـــی ئۆکتۆبەر بە بێ ئەنجـامی کۆمۆنستیبوونی تاقی دەکەمەوە، کە ئەوەش نەک هەر ڕێی تێ دەچوو، بگرە لە سـەرەتاکانی شۆڕشـەوە، لە واقیعەوە نزیکتر بوو و کۆمۆنیزم لە ئامانجەکانی شۆڕشدا نەبوو. یەکەم ئەنجام ئەوە دەبوو کە شەڕی ناوخۆ نەقەومێ و شـەڕی دەسـتتێوەردانی بێگانە نەبێ و سـەردەمی سـتالین و دوای ستالین، وڵات تووشی چەقبەستنی سیاسی نەبێ و پێویستیش بە «بنیاتنانەوە» نەدەما، بەڵکو ڕێڕەوی مێژوو، کێشە و بەربەستی تری لێ دەکەوتنەوە کە ڕێی تێ دەچوو لەو جۆرانە بوونـایە کە لە کۆمەڵگـا ناکۆمۆنستەکاندا ڕوویان داوە. ئەوەی گوتم، لە بەڵگەنەویستەوە نێزیکە نەک لە مەزەنـدەی خەیـاڵەوە و بۆ قەبووڵکردن لەوەش نێزیکترە کە جەنابی ســەرۆک گورباشــۆف لە پێشــەکی کتێبەکەیدا گوتوویەتی کە ئەگەر لە بواری ئاشتیدا بە گوێی سۆڤیەت بکرابا بارودۆخی نێودەوڵەتی ئاسایی دەبوو (کۆتایی لاپەڕە ٧ی کتێبەکە).

بارودۆخی نێودەوڵەتی، تەنانەت ئەگەر واش دابنێین کە دوو جەمســەر بە ئاڕاستەی جیاوازی سیاسیشەوە لە ئارادا نەبن، بە ئاسانی دەستەمۆ

نابێ و ئاسـایی ناکرێ. بزانە لە پێش پەیدابوونی سـۆڤیەتدا چەند دەوڵەت بەشەڕ هاتن و چەند کێشە لە نێوان دەوڵەتە کۆمۆنستەکاندا پەرەیان سەند و بوون بە جەنگ.. مەبەستم نییە بەم قسانەم لە گرنگی قسـەکانی سـەرۆک گورباشـۆڤ کەم بکەمەوە چونکە بۆچوونەکەی شـایسـتەی ڕێزگرتنە سـەرچاوەکەی لە ڕۆحێکەوەیە کە پڕە لە ئاشـتیخوازی بەڵام دەمەوێ بەرگری لەو بۆچوونەم بکەم لە بارەی سـۆڤیەتی بێ کۆمۆنیزمەوە دەربڕم و پشـتگیرییەکی لە قسـەکانی سەرۆک گورباشۆڤ بەهێزترم دەست نەکەوت...

تێگەیشـتنی تەواو لەو سـەرچاوانەی کە هەڵدەڕژێنە دەفری دەوڵەتی سـۆڤیەتییەوە، جا مێژوویی بێ یا سـەردەم، ناوخۆیی بێ یا جیهانی، بۆچوونێکی نێزیک لە سروشتی مرۆڤیشی بخەرە سەر، جا تاکی تەنها بێ یا تاکەکان بە کۆمەڵی تێکئاڵاوی ناو کۆمەڵگەی خۆیان، بەو حیسـابەی مرۆڤ بنی بناغەی هەموو ئەوانەیە کە مێژوون یا کۆمەڵایەتین، بە هەموو جوانی و ناشـیرینییەکەوە و بە هەموو چاکە و خراپی و بەرزی و نزمی و پێشـکەوتن و پاشـکەوتن و ... و... هەتا دواییەوە.

ئەم لێکدانەوەیە بۆ زانین یا تێگەیشـتن لە «تاقیکردنەوەی تاقانەی کۆمۆنیزم» کە جیا لە هەموو دنیا ڕووسـیای تێکداوە، زۆر پێویسـتە. لەوەش زیاتر، تێگەیشـتن لەو هۆکارانەی کە ڕێیان بۆ بەرپابوونی کۆمۆنیزم لە ڕووسیا خۆش کرد، لە پێویست پێویستترە بۆ ئەوەی ئەو قسەیەی پێشترم قەبووڵ بکرێ کە ئەوەی بە «نسیب» تەعبیری لێ دەکرێ ڕووسـیای وەک جێیەک بۆ بەرپابوونی کۆمۆنیزم هەڵبژارد چونکە ڕێی تێ دەچوو بارودۆخی مەیدانی شـەڕ لە یەکەم جەنگی جیهانیدا لە نێوان ڕووسیا و ئەڵمانیادا وەها بشکایەتەوە ڕێی ڕووخاندنی

سستەمی قەیسەری نەبوایە و تەنانەت ڕێی تێ دەچوو لینین هەر لە بنەڕەتەوە نەیتوانیبا بگاتە ڕووسیا یا بشگەیشتبا، لە ڕێی ئاڵۆسکاوی دوورەوە بوایە و لەکاتی لەباردا نەگەیشتایە ئەوجا شۆڕش ئاڕاستەیەکی تری وەردەگرت.

هۆکاری حەتمییەتی بەرپابوونی کۆمۆنیزم لە ساڵی ١٩١٧دا لە ڕووسیا، لە هۆکاری حەتمەیەتی بەرپابوونی شۆڕشی «بۆرژوا»ی فەرەنسا کەمتر بوو و ئەو جیاوازییەش لە میقداری «حەتمییەت»ی ئەو دوو شۆڕشەدا هەر بۆ خۆی تەفسیرێکی باش بۆ سەردەمی ستالین دەکا چونکە بۆ تەماحکار ئاسانترە دەست بە سەر شتێکدا بگرێ «چارەنووس» بۆی هێنابێ، بۆیە بە کەیفی خۆی دایدەڕێژێ و بە ئاڕاستەیەکی جیاوازیدا دەبا. بەڵام شتێک کە بە وزەی گەشەکردنی سروشتی خۆیەوە هەڵقوڵێ، لادانی لەو ئاڕاستەیەی کە سەرچاوە و ڕەگ پێخۆری دەدەنێ و بۆی دیاری دەکەن، ئاسان نییە.

لێرەدا ئەو قسەیە بە ڕاست دەگەڕێ کە ئەو هۆکارانەی ڕێیان بۆ سەرهەڵدانی سۆڕشی فەرەنسی خۆش کرد، هەر خۆیان بوون ڕێی لەناوچوونی ئەو تووڕەهاتانەیان لە ماوەیەکی ڕێژەیی کورتدا خۆش کرد کە لەگەڵ لایەنگرانی یەکەمیدا پەیدا ببوون و تەنانەت پێویستە سەرنجی شتێکی ئەوپەڕی مەترسیداریش بدرێ کە لە خەسڵەتی سەرجەمی چەپدا هەیە ئەوەش سیمای سیاسی چالاکە بۆ واتای لە خۆی بەرینتر کە لەگەڵ هەڵویستی نارەزایی تردا لە خۆی دەگرێ، مەبەستیشم لە «ڕەخنە» چوارچێوە گشتییەکەیەتی چونکە ڕەخنە لە ناوەڕۆکدا لە شوێنی نابەرپرسیارەتییەوە ڕەتکردنەوەی ئەوەیە کە هەیە و ڕێی تێ دەچێ بینەرێک ڕەخنە لە بینایەکی بەرز بگرێ و نەشتوانێ کولانەیک بۆ مریشکەکانی خۆی دروست بکا و خەڵکی ڕێڕەویش

ڕەخنەی زامدارکەر لە سـەرۆکی وڵاتان دەگرن کە بۆچی لە مەسـەلە ئابووری و سیاسییەکان و چارەنووسی گەلاندا لە ناو خۆیاندا پێکنایەن و خۆشی لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەی خۆیدا ناتەبایە.

بە عادەت شـۆڕش دەکەوێتە دەسـتی چەپەکانەوە و ئەوەش ڕەخنەی توندوتیژە تا ئاستی ڕەتکردنەوە و پێچەوانەکردنەوەی ئەو دەسـەڵاتەی لە ئارادا هەیە و بزوێنەری کاروبارە. بە قەدەر ئەو توندوتیژییەی لە شۆڕشدا هەیە، بیانووی بوونی خۆی و تاوانبارکردنی نەیارەکەشی دەبنە بابەتی دەرەوەی دەمەتەقێ و دەگەنە ڕادەی بەڵگەنەویست بۆ ئەوانەی شـۆڕشـەکە ڕادەپەڕێنن. لەو گۆشـەنیگایەشـەوە، دابڕانێکی تەواوە لە هەسـتکردن بە بەرپرسـیارەتی بەرانبەر ئەو بیناسـازییەی کە دەیەوێ بیرووخێنێ. بیانووی شـۆڕش هەرچییەک بێ بۆ خۆی و چەند پێی وا بێ لە هەموو کەون و بزاوتنی مێژوو و پێکهـاتەکـانی کۆمەڵگە تێگەیشـتووە و دەنگی چەند دلێر بێ، لە ئەنجامدا و بە گردەبڕی لە هەڵسەنگاندن و پێوانەکاری نەیارەکەیدا دوو جاران «تۆباوی – یۆتوپی – ئوتوپیا»یە: لە هەڵسـەنگاندن و پێوانەکاری نەیارەکەیدا یۆتوپییە چونکە نەیـارەکەی ئەو خراپە نییە کە ئەو بۆی دەچێ. لە لایەکی تریشـەوە، لە هەڵسـەنگاندن و پێوانەکاری خۆیدا یۆتوپییە، چونکە خۆی ئەو چاکەکارە نییە کە تێیگەیشتووە.

زۆر شۆڕشمان دیت نەیتوانی پیاز بۆ بازاڕ پەیدا بکا و پێش شۆڕشیش پیاز کۆمەڵ بوو و کەس نەیدەکڕی و هیچ شۆڕشێکیشمان نەدی دانی پێدا بنێ کە سـەر لە بەقاڵی دەرناکا بۆیە پیاز لە بازاڕدا نییە و پێی زانیبێ یا نەیزانیبێ، هەر سـوور بووە لە سـەر ئەوەی کە هۆکاری نەبوونی پیاز هێزی سەردەمی کۆن و دوژمنانی پێشکەوتن و ئاشتییە و

شـــۆڕشـــەکان ملی چەندین بێتاوانانیان بە پەتەوە کرد بۆ داپۆشـــینی بێتوانایی خۆیان لە دابینکردنی تەماتە و هێلکەی لەقلەق...

لێرەدا مەبەســـت لە زەقکردنەوەی واتای «نابەرپرســـیارەتی» لە هەڵوێســـتی «ڕەخنەگرتن» دا دەربڕینی نارەزایەتی نییە لە بیرۆکەی ڕەخنەگرتن بەڵکو بۆ چاوکردنەوەیە بەرانبەر ڕاســتییەکی گەورە کە بە شـــێوەیەکی گشـــتی لە حیســـابدا دیار نییە. هەر چۆن لە دەربڕینی نارەزایی لە خراپ بەکارهێنانی باروو تدا، نارەزایی لە بوونی بارووت دەرنابڕم، ئاوهاش ڕەخنەم لە ڕەخنەگر ئەوە نییە دەستبەرداری ڕەخنە بێ دەنا یەکەم ئەرکم ئەوە دەبوو کە خۆم دەســـتبەرداری ڕەخنە بم... ئەگەر ڕەخنەگر بەم ڕاســـتییە نەزانێ، ڕەخنەی بنیـاتنەر نـابێ. ڕاســتییەکەش ئەمەیە: ســەرجەمی ڕەخنەکان بەرپرســیارەتییان تێدا نییە... ئەوەی کە بەردەوام دووبـارە دەکرێتەوە کە دەبێ جیـاوازی لە نێوان ڕەخنەی بنیاتنەر و ڕەخنەی ڕووخێنەردا بکرێ، لە خشتەت نەبا، چونکە ئەگەر نەبوونی بیرۆکەی بەرپرســـیـارەتی لە ڕەخنەدا ڕوون نەکرێتەوە، ئەوا توندترین ڕەخنەگری ڕووخێنەر بەهێزترینیان دەبێ لە ئیدیعای ڕەخنەگرتنی بنیاتنەردا.

ڕێی تێگەیشـــتنی ڕاســـتی لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، بە مێژوو و ڕووداوەکانیەوە، زۆر و گەلێ زۆرن چونکە ئەوەی عەقڵ تیایدا سەرسام دەبێ ســـووربوونی میللەتان و باوەڕەکانە لە ســـەر ڕێدانی موو بە بێ بەربەســـت گەشـــە بکا و نەبڕدرێ، یا هەندێ کەس لە ســـڵاوکردندا لووت بە لووتی یەکتردا دەســـوون.. ئەی لەگەڵ ئەو مژدەیەدا کە تەقاندنەوەی بوومەلەرزەئاسای وەک شـۆڕشـی ڕووسیا ڕایگەیاند چۆن دەبێ و لە واقعیشدا هەر وای کرد.

ئەگەر بیانووهێنانەوەی شۆڕشگێڕ بگاتە ئەوەی هاوڕێی تێکۆشانی خۆی، بە بێ هۆیەکی دیار یا لەبەر هۆیەک لە سـزادان پتر هەڵنەگرێ یا تاوانێک کە دواتر ناڕاسـت دەردەچێ لەناوبەرێ، هەڵویستێکە بە تەواوەتی لە هەستی بەرپرسیارەتی داماڵدراوە. ئەی ئەگەر دەستی بە نەیاریکی خۆی بگا چی لێ دەکا! مادام شـۆڕش ئەو لایەنەیە کە ئەوپەڕی دووریی لە ڕەخنەوە دوورە، هەر ئەو هۆکارە بەسە بۆ ئەوەی خۆی دەست لە دەسەڵات هەڵگرێ، لە کاتێکدا خۆی ڕەخنان دەگرێ و خەڵک دەگرێ و خەڵک ئازاد دەکا و بنیات دەنێ و وێرانیش دەکا...

ئەگەر هۆکاری دووەم بخرێتە سـەر ئەم هۆکارە یەکەمە تا کاتی هەرەتی شۆڕش درێژ دەبێتەوە ڕێ بە هیچ مرۆڤێکی ناو دەسەڵات نادا ڕەخنەی ئاڕاسـتە بکا و بە بیانووهێنانەوە و بەپیرۆززانینی کارەکانی و دەربڕینی نارەزایی لە هەر شتێکی بە دڵی نەبێ لە جیهانی دەوروبەریدا، ئـاسـانی بەردەوامبوونی ئـاشـکرا بوو... ڕێنەدان بە ڕەخنە و بە بەرهەڵسـتکار لە وڵاتە ڕاپەڕیوەکاندا، وا دەکا هەموو دەسـتگاکانی ڕاگەیاندن لە چنگی دەزگاکانی ئاسـایش و چەوسـاندنەوە و پشـکنین قۆرخ دەکا و بەوەش تەمەنی کارە نەرێنییەکان تا ماوەیەکی وا درێژ دەبێ کە مەزەندە ناکرێ. بۆ ئەوەی لایەنێکی گرنگی وڵاتێکی شۆڕشگێڕ بە دواکەوتوویی و بۆگەنی بمێنێتەوە، ئەوەندە بەسـە بخرێتە سـایەی دروشـمێکی لەخشـتەبەرەوە کە جارێ لە جاران شـۆڕشـەکە بەرزی کردۆتەوە بێ ئەوەی پێویسـت بووبێ لە ناو ڕەشـەخەڵکەکە بیانووی لەخشتەبردن بهێندرێتەوە، وەک پیلانی ئیستیعمار و بۆرژوا و هەبوونی بزووتنەوەی هەڵگەڕانەوە، کـامە پیلانێکی ئیسـتیعمـاری بۆرژوازی ستالینی کردە خوایەک ماوەی سیی ساڵ ملیۆنەها خەڵکی هەژاری ئەم کەونە بیپەرستن؟

ئەی چ هێزێکی شەیتانی وای لە ماو کرد جاسووسێکی ئیستیعماری لە کەسایەتی هاوڕێیەکی خەباتی خۆیدا ئاشکرا بکات کە ئەویش سەرۆک کۆماری چین، لیوشاوشی بوو؟ ئەگەر ئەو کارەساتە گەورانە، لەوانەش شۆڕشی ڕۆشنبیری، هەناوی شۆڕش خۆی سەرچاوەیان بێ، چ حیکمەتێک لەوەدایە بێهوودە خۆمان سەرقاڵ بکەین و بە دوای هۆکاری شەیتانانەی کاروباری بچووکی وەک پەککەوتنی ئەم کارگە و وشکبوونی ئەو کێڵگەیەدا سەرقاڵ بکەین.

شەیتانێتی ستالین و سێبەری ماو (لە دوارۆژەکانی تەمەنیدا) بەوەی کە پرسەی نەتەوەیی جیهانی شارستانەتی پڕ دەکەنەوە، بە قەدەر مێژوو گەورەیە و بەشی ئەوە دەکا هەموو کارگەکان لە کار بخا و هەموو کێڵگەکان وشک بکا و دوای ئەوەش ئەو توانایەی بمێنێ جۆرەها ناڕاستی وا بخولقێنێ کە پێشبینییان نەکرێ!

قۆرخکردنی دامودەزگای ڕاگەیاندن لە دەستی دەسەڵاتدا لە وڵاتە شۆڕشگێڕەکان و بەڕێوەبردنی لایەن خەڵکەوە لەو وڵاتانەی بەرەو ئەوە دەچن ئازادی ڕا دەربڕین و بەڕێوەبردنیان هەبێ، وایان کرد تای تەرازووی سیاسەت تا ئاستی تناقض جیاواز بن و دیتمان چەرچل شەڕی لە بەرانبەر نازییەکاندا بۆ وڵاتی خۆی بردەوە بەڵام بە پێچەوانەی هەموو پێشبینیکردنێک کە لە سەر ڕووکەشی بارودۆخەکان هەڵدەچندرێن، شەڕی هەڵبژاردنی دۆڕاند. بەڵام فرانکۆ و تیتۆ و ستالین و ماو و دکتاتۆرەکانی تری بەلقان تا کۆتایی تەمەنیان لە سەر دەسەڵات بەردەوام بوون لە کاتێکدا نیکسن لە ئابڕووچوونی «واتەرگەیت»دا ڕووخا، کە قەت بەو گەورەییە نەبوو کە دەزگا ڕاگەیاندنەکان هەڵیانرژاند و خستیانە ڕوو و زۆری نەما ڕۆناڵد ڕێگنیش لە مەسەلەی ئێرانگەیتدا بڕووخێ و هیچ کام لەو دوو ڕووداوەش بەشی

ئەوە ناکەن ببنە هۆکاری چپەیەکی گلەیی بەرانبەر دەســـەڵاتداری زۆرداری فەرمانڕەوا کە بە توندی چنگی لە دەزگا ڕاگەیاندنەکانی وڵاتی خۆی گیر کردووە و ئەگەر یەکێ لەو وڵاتانەدا بیەوێ بە نرخی خوێنی خۆی چواریەکی لاپەڕەیەک ڕەخنە بەرانبەر حکوومەتەکەی بڵاو بکاتەوە، مەحاڵە پێی بکرێ چونکە چاپخانەکان و تایپراێتەرەکان یەک حەرفی لەوە بۆ چاپ ناکەن کە نووسیویەتی یا ڕێکی خستووە...

لە ڕاستیدا، مەودای درێژی چەپاندن و سنووردارکردن و هەڕەشە، کە هـاوشـــــان بووە لەگەڵ بەردەوامی چەپڵەڕێزانی بەرفرەوانـدا و لە کەشــــوهەوایەکی وادا هیچ کەرەســـــەیەکی بەرگری لەخۆکردن و تۆڵەکردنەوە لە زاڵم نەبێ، هەســـتی ڕەتکردنەوەی زوڵم و زەلالەت لە ناخی مرۆڤدا دەکوژێ و بە هەوڵی پەیداکردنی پاروەە نان و کونجی حەوانەوە ئەو هەسـتە تیمار دەکا و هیچ سـەیر نییە تێپەڕبوونی دەیان ساڵ بە پێداهەڵدانی سستەمێکدا و نەفرەت کردنی هەموو شتێکی تر، ئەو هەسـتە لە لای خەڵک بخولقێنێ کە ئەو بارودۆخە تاکە بارودۆخی بەکەڵکە..

ســــەفەری من لەگەڵ پەرەســـــترۆیکادا، بە هەڵبژاردنی تاقیکردنەوەی تیۆری و ئایدۆلۆژیا و پێوانەکردنیان بە لۆژیکی پەتی و ئەنجامەکانیان لە پیادەکردنیاندا لە لایەن کۆمەڵگاوە، دەیان ســـاڵ پێش کەوتۆتەوە و خۆم لە سەر ئەوە ڕاهێناوە کە بە جۆرێ تەماشای مێژوو و واقیع بکەم کە یەک شت بن، چونکە ئەو تاکە کەسەی کە بە چاوی خۆم دەیبینم ســـەرگەرمی هەڵســــوکەوتە لەگەڵ کۆمەڵگادا، هەر خۆیەتی تیۆرییە کۆمەڵایەتی و فەلســەفە مرۆییەکان و حوکمە مێژووییەکانی بۆ هەموو شــتێکی پەیوەندیدار بە خۆیەوە، لە ئەســتۆ گرتووە و بە هیچ جۆرێک بەو چیرۆکانە کە ســیاســەتمەدارەکان دایدەڕێژن و ئەو ڕەهاییەی کە

فەلسەفەکان لە باسی مرۆڤدا دایدەهێنن ناخەڵەتێم و هەموو شێوەیەکی مرۆڤ کە لە چنینی خەڵکی لێهاتوو بن بۆ پیشاندانی کۆمەڵگە و مێژوو، ئەگەر پێچەوانەی ئەوە بن کە دەیانبینم، لە بنەڕەتەوە ڕەتیان دەکەمەوە.

ئەو عیباراتانەی کە مێژوونووسەکان بۆ مەبەستی سیاسی لە کاتی قسەکردندا لە سەر خەڵکی ورگی کتێبیان پێ پڕ دەکەنەوە، وەک: جەماوەری بەربەرینی بەخشندە... خەڵکە گشتییە خێرخواز و ئاشتیخوازەکان، بۆ ئەوەی لە خراپەکاران و خوێنمژان دا یانبڕێ — ئەوانەی بۆرژوای شەڕخواز و وێرانکەرن!! ئەوە تەواو بێبنەمایە. من حەقیقەت یا شتێکی لە حەقیقەتەوە نزیکی ئەو خێرخوازانە دەناسم و تۆش دەیناسیت و هەر ئەوەندە لە غەیریی خۆیان باشترن کە هەژاری و دەستنەڕۆیشتن و توانایان ڕێیان لێ دەگرن بە ناخی کاریگەری و خۆپەرستیدا ڕۆبچن، لەگەڵ ئەو جیاوازییەدا کە لە نێوان تاکەکاندا هەیە، جا بازرگان بن یا بەقاڵ یا حەمباڵ یا وەرزێر. ئەوەش بەڵگەنەویستە خەڵکی شارستانی پەروەردەکراوی دروستی شارە پێشکەوتووەکان، لە جەماوەری گەلە دواکەوتووەکان زیاتر بە ڕەفتاری دروستەوە وابەستە دەبن و ڕەچاوی یاسا و بەرژەوەندی دەکەن.

لە لایەن سیاسەتمەدارە چەپەکانەوە، لەوەدا زیادەڕەوییەکی زۆر کراوە گوایە جیاوازی چینایەتی سنووری گردەبڕی نێوان چاکە و خراپەیە و هەر دەڵێی کەسێکی سەر بە چینێک لە ڕەگەزی کەسێکی تری سەر بە چینێکی تر نییە... لە ڕابردوودا شتی وەها نەبووە و ئێستاش شتی وەها نییە مەگەر بە زەبری تەنزیرکەران و ڕەواجپێدەران، چونکە چینەکان تێکئاڵاون و پەراوێزێکی بەرژەوەندی هاوبەشی بەرین لە نێوانیاندا هەیە و بە هێزێکی پشتشکێن نەبێ تێکناشکێ. ئەو وێنە قێزەونەی تەنزیرکەران بۆ کۆمەڵگەی فرەچین دەیکێشن لە سەر

کاغەز نەبێ نییە. لە لایەکی تریشـەوە، وێنەی درەوشـاوەی کۆمەڵگەی بێ چێن لە واقیعـدا نییە، مەگەر بە هەڵبەسـتن و پینەوپەڕۆی تەنزیرکەران، نەک هەر ئەوە، زۆرداری کەسی حیزبی یا کەسی سەر بە دەزگای ئاسـایشـی کۆمەڵگەی بێچیندا دەسـەڵاتی لە کەسـێکی دەوڵەمەندی هەر وڵاتێکی دنیا زیاترە.

ئەمە دەڵێم و شـتی تریش کە کۆتاییەکی دیاریان نییە، تا ئەو وێنە جادووییە لە بەر دیدی بینەر و خوێنەر لاکەوێ کە نیگاری کۆمەڵگە بێچینەکان و وێنەی شێواوی کۆمەڵگە چینایەتییەکانی پێ دەکێشری تا ئەوەی زاراوەی «ناچینایەتی» خۆی لە خۆیدا دڵنەوایی خودی تێدایە چونکە ڕادەی دابەزین و بەرزبوونەوەی بەختی خەڵکی و خراپی بارودۆخ، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە ئازادی گشـتی کۆمەڵگەی بێچینەوە هەیە زۆر توندتر و قورسـترە لە بارودۆخی خەڵکی کۆمەڵگە فرەچینەکـان و واز لەو دەوڵەتـانەش دێـنـین کە لە لـووتـکەی شـارسـتانەتیدان، وەک وڵاتانی سـکەندناڤی کە لە هیچ ڕوویەکەوە بەراورد هەڵناگرن. پێویسـتی وای کردووە ناچینایەتی بە هێزی سـەپاو ئەوە بگەیەنێ کە خاوەنداریێتی تاک و توانای تاکەکان لابرێن و ببن بە خاوەنی پرۆژەی وا بار و قورسـایی نەبوونی ئازادی ڕا دەربڕین پێشـوازییان لێ بکەن، جگە لە دڵنیانەبوون لە هەبوونی پێویسـتییە ڕاستەقینەکانی ژیان. ڕاسـتە لە سـەردەمەکانی پێشـوودا هەوڵێکی زۆر درا بۆ ئەوەی بارودۆخ بەو خراپییە نەبێ و تەنانەت خەڵک تێروتەسەل و ئاسـوودەش بن، بەڵام داخسـتنی دەرگای پێشـکەوتن کە بە هەوڵ و داهێنـانی تـاکەوە وابەسـتەیە و تەرخـانکردنی تەنزیرکەران ئاڕاستەکەرانەوە کە بوون بە کۆمەڵێکی کەڕولاڵی بیروکراتی چەقبەستە بە قەدەر شەهیدان سوور بوون لە سەر دابەشکردنی خێر و پێشکەوتن و تێروتەسـەلی، ئەوەش لە ڕێییەکەوە، دڵۆپەی ئینجیلی شـۆڕش و

هەرچییەکی مێشـــکە لە قاڵبدراوەکانیانەوە، بە جۆرەها لێکدانەوەوە بیـدەڵێنێ و ئەوەش وای کرد پێشـــکەوتن ببێ بە کردارێـک کە بە زەحمەت دەهاتە دی.

لە بەشـــی یەکەمی کتێبی پەرەســـترۆیکادا، لە ناوەڕاســـتی لاپەڕە ١٣ ناونیشـانێک بە سێ وشـەوە هەیە: «بنەماکانی، ڕیشـەکانی و سـروشـتە شـۆڕشـگێڕەکەی». دوای چەند دێڕێکی تریش، ناونیشـانێکی تازە دێ: «پەرەســـترۆیکا – پێویســـتییەکی هەنووکەیی». ڕســـتەیەکی کورتی ســـەرەتای گوتارەکەی ســـەرۆک گورباشـۆڤ، ســـەرنج ڕادەکێشـێ و تەنانەت داوای ڕا دەربڕینیش دەکا: «پەرەسترۆیکا ئارەزووی سەرپێیی هەندێ تاکەکەسی تەمادار و کۆمەڵێ سـەرکردە نییە». ئەو قسـەیە تا ئاستێکی باڵا ڕاسـتە و بەرگەی ئەوەش دەگرێ زیاتری لە سـەر سـوور بین، وەک ســـەرۆک گورباشـــۆڤ خۆشـــی دوای چەند دێڕێکی کەم گوتویەتی:

*«پەرەسترۆیکا پێویستییەکی گردەبڕە و لە ئەنجامی پرۆسەی پێشکەوتنێکی قووڵەوە، لە کۆمەڵگە سۆسیالستییەکەمانەوە سەری هەڵداوە، ئەم کۆمەڵگەیە بایی ئەوە پێگەیوە بگۆڕێ...»*

بۆ ئەوەی قسەکەی سەرۆک گورباشۆڤ لەو زیاتر ڕوون بێ، پێم باشە ئەمانەی خوارەوەی لە سەر بڵێم:

1- پەرەســـترۆیکا ئارەزووی کۆمەڵێ خەڵکی تەمادار نییە، بەڵام لە هەمان کاتدا بزووتنەوەیەکیش نییە لە ڕیزەکانی گەلەوە ســـەری هەڵـدابێ، لە بەر ئەوە، بە دڵنیـاییەوە بۆچوونی پیـاوانێکە لە ســـەرکردایەتی حیزب و دەوڵەتدان و لە ناو کاردانەوەی بەهێزی

ئەوانەدا کە بە توندی دەســـتیان لە شـــێوازی چەقبەســـتن گیر کردووە و ڕێیەکی تر نەبووە تــا ببێتە داخوازی جەمــاوەر بۆ چـاککردنەوەی بـارودۆخ، چونکە جەمـاوەر فێر نەبووە و هەرگیز جورئەت ناکا بە ویسـتی خۆی داوای شـتێک بکا و ڕێی ئەوەشـی نەبووە لە دەستی بەرهەڵستکار و چەقبەستوو و ئەوانە دەرباز بێ کە سوودیان لە حاڵەتی لەدەستدانی ئیرادەی گەل بینیوە.

2- پێویســـتییەکی گردەبڕە... کۆمەڵگەی ســـۆڤیەتیش بۆ گۆڕانکاری پێگەیوە. لەگەڵ ئەو ســەرنجەدا کە ئەم پێویســتییە بە پێویســتی برینکـارییەک دەچێ کە نەخـۆشـــییەک بیـخوازێ نەک خۆشـــگوزەرانییەک بێ و بخرێتە ســـەر خۆشـــگوزەرانییە کەڵەکەبووەکانی تر. کۆمەڵگەی ســـۆڤیەتی لەبەر ئەوە بۆ گۆڕان پێگەییوە، خراپییەکان و دواکەوتن لە ڕۆحی سەردەم و کورتهێنانی توانای بەرهەمهێنان و نەبوونی پارێزگاری یاســـایی و نەبوونی توانای خەڵک بۆ ڕەتکردنەوەی خراپ و داواکاری چاکتر، کەڵەکە بوونە. ئەگەر بریجنێڤ و ئاڕاســـتە ســـیاســـی و ئایدۆلۆژیە بە بەردبووەکانی بمابان، ئەو پێداویســـتییە گردەبڕە بە بێ چارەســـەر دەمایەوە و گەلی سۆڤیەتیش بە بێ چارەسەر، بۆ چارەسەر ئامادە دەبوو چونکە لەو هەڵکەوتە مێژووییانەدا کە چارەسەریان پێ بووە، دەبوو کەســـێکی وەک بەڕێزتـان هەڵکەوێ و بۆچوونی هەبێ و ئازایەتی تێدا دەســـتپێکردنی ئەو برینکارییەی تێدا بێ ئەگەرچی هەتا ئەم سـەعاتە نازانین ڕادەی سـەرکەوتن و سـەرنەکەوتنی ئەو هەوڵە نایابە چەندە چونکە ئەو هاوکێشـــەیەی لە ســـەر ئەو برینکارییە پێک دێ، سێ نەزاندراوی تێدان:

1. ڕادەی ئەوانەی لە سەرکردایەتی و حیزبدا درکیان کردووە و ئازایەتییان تێدایە، بە پێوانە لەگەڵ بەرهەڵستکاراندا چەندە.
2. بەرچاوڕوونی لایەنگرانی گۆڕانکاری بەرانبەر بنەما نوێیەکان بۆ بیرلێکردنەوە و بەبەرنامەکردن کە سروشتی کارەکە دەیانخوازێ و دەوری بە مەترسی گیراوە، تا چ ئاستێکە!
3. ڕادەی ڕێپێدانی جەماوەر، بەو حیسابەی مرۆڤی ئازادن و چارەنووسی خۆیان دیاری دەکەن، بۆ بەشداریکردن چەندە؟

ئەو پرسیارانە هی ئەوەن لەم باسەدا چەندین جار بێنە پێشمان.

لە سەرەتای لاپەڕە ١٤شدا سەرۆک گورباشۆڤ دەڵێ:

*«یەکێتی سۆڤیەت دەوڵەتێکی نوێیە و لە وێنەی نییە... لە ماوەی حەوت دەیەی ڕابردوودا، وڵاتەکەمان بە مێژوویەکدا ڕەت بووە، بە قەدەر چەندین سەدە هەیە. یەکێ لە بەهێزترین وڵاتی دنیای دامەزراند تا جێی ڕووسیای دواکەوتووی نیمچە دەرەبەگ و نیمچە داگیرکراوی بگرێتەوە. وزەی بەرهەمهێنی گەورە و توانای فکریی زەبەلاح و ڕۆشنبیریی بەرز کۆمەڵگەیەکی بێوێنە و چاودێری کۆمەڵایەتی ڕەگداکوتاومان بۆ ٢٨٠ ملیۆن کەس هەیە...».*

من کە لەگەڵ بیرەکانی پەرەسترۆیکادا شۆڕ بوومەتەوە، داوای لێبوردن لە سەرۆک گورباشۆڤ دەکەم، کە لەگەڵ خۆمدا ڕاستگۆ دەبم.

دەوڵەتی سۆڤیەتی تەنها لە تەمەنی کۆمۆنستیدا نوێیە و نازییەکان لەوەش نوێتر بوون و تەمەنیان، چەند دەیەیەکی تێنەپەڕاندبوو بەڵام

ڕووســـیای قەیســـەری دەوڵەتێکە تەمەنی بۆ ڕابردوویەکی نادیار دەگەڕێتەوە و لە ڕووی ئەو سەردەمانەشەوە کە دەسەڵاتی بووە، هەژار نییە. لە ناوەڕاســتی حەفتاکاندا، بۆ نموونە، بۆ یادی دووســەد و پەنجا ساڵەی ئەکادیمیای سۆڤیەتی، لە بەغدا، بەو حیسابەی وەکیلی کۆڕی زانیاری کورد بووم، بانگهێشــت کرابووم. ئەوەش وا دەکا کە ســەد و نەوت ســاڵی تەمەنی ئەکادیمیای ســۆڤیەتی دەکەوێتە ســەردەمی قەیســەرەوە و ئەوەش ماوەیەکی کەم نییە ئەگەر بەوەی پێوانە بکەین کە لە هەندێ وڵاتدا، لە ســەدەی بیســتەمدا نەبێ کۆڕیان دانەمەزراندووە. لە هەندێ فیلمی ڕووســیدا، قەڵا و کۆشــکی وەهای دەرەبەگی ڕووسیم دیوە هی سەدەی شانزە بووە و هێشتا گەورەیی و دیکۆر و شێوەی بیناسازیی هۆڵەکانی و تەشریفات و ئاهەنگیان لەوە زیاترە هەندێ لە گەلانی ئەمڕۆی دنیا بە تەکنیک و لێهاتوویی و شــارســتانی و توانای ئەمڕۆیانەوە لە شــێوەیان دروســت بکەن... ئەو ڕۆژەی ناپلیۆن لە ســەرەتای ســەدەی نۆزدەدا ڕووســیای داگیر کرد، مۆسکۆ ناوی گومەزە زێڕینەکان بوو... چەقی شارستانەتی گەورە کە شارە گەورەکان دەریاندەخست، چەندین سەدە بوو دیاردەیەکی زەقی بوونی ڕووسی بوو. ئەگەر بۆ ئەو نەخشانە بگەڕێینەوە کە تا ڕادەیەک کۆنن، دەبینین تۆڕی ئاســنەڕێی ڕووســی یەکێک بووە لەو تۆڕانەی دنیای ئێمە کە سەرنجیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشاوە و لە سیبیریاوە، بە خەتێکی درێژ، یا هەرەدرێژی هەندێ لە ســەردەمەکانی دەســەڵاتی قەیسەر، ئەوروپای بە ئۆقیانووسی ئارامەوە گرێ داوە.

گاڵتەش نەبوو لە سەدەی ڕابردوودا، ناوی ڕووسیا وەک یەکێ لە پێنج دەوڵەتە گەورەکانی دنیا دەهات و ئەوەندەی بەس بوو ســێ ئوســتوڵی ســەربەخۆی هەبوو: یەکێ لە ڕۆژهەڵاتی دوور و یەکێ لە بەڵتیک و سێیەمیش لە زەریای ڕەش. لە ســەردەمی قەیســەردا، لســتەی ناوی

پیاوانی بەرزی ڕووسـیا لە هەموو بوارەکانی زانسـتدا ئەوەندە درێژ دەبێتەوە تا ئەوەی لە هەندێ کتێبتاندا بەوە دەستبەردار دەبن لە بواری فیزیا و ڕووەکناسـی و زانسـتی تردا، بە ناوهێنانی زانا ڕووسـەکانی سەردەمی قەیسەر داکەون و بە دەگمەن نەبێ ناوی زانای نەتەوەکانی تر ناهێنن مەگەر کەسانی وەک نیوتن و گالیلۆ و داروین و ئەنیشتاین، کە زۆر دیارن و ناکرێ ناویان نەهێندرێ... لەم بوارەدا، ئەوەندە بەسە کە هەوێنی شـۆڕشـی بەلشـەڤی یەک ملیۆن کرێکاری پرۆلیتاری بە ڕێکخراو بوو لە پەترۆسبۆرگ و مۆسکۆ.

ئەوەی جێی سەرسوڕمانە و ناکرێ پشتگوێ بخرێ و دیاردەیەکی زەقە و بە لامەوە سـەیرە پەیوەندداران لە دنیاکەماندا لە وردەکارییەکانیان پشـتگوێ خسـتووە، ئەوەش ئەوەیە ئەو پێشـکەوتنە شـارسـتانییەی لە ماوەی چەندین سـەدەی بە دوایەکدا لە ڕووسـیا بەدی هاتبوو، جۆرەها کەموکورتی و نـاڕێکی لە بەڕێوەبردن و ئـاڕاسـتەکردنی تێـدابوو و چەندەها گەندەڵی کۆمەڵایەتی و سیاسی هەبوون ئەو کەشوهەوایەیان خولقاند هەوڵی گۆڕانکاری لە دوای هەوڵە ناسـەرکەوتووەکەی ١٩٠٥ دووبارە ببێتەوە.

سـەرکەوتنی شـۆڕشـی ئۆکتۆبەر، تێکەڵەیەک بوو لە شـارسـتانەتی و تێکشـکانی سـەربازی، شـارسـتانەتی لە هەموو ڕاپەڕینێکی ڕووسـیدا هۆکـاری بەردەوام و جێگیر بووە و بە بێ ئەو هۆکـارە ڕێ نەدەبوو یەکێکیان، کە شـایسـتەی ئەوە بێ پێی بگوترێ ڕاپەڕین یا شـۆڕش، ئەنجـام بـدرێ.. بە پێچەوانەشـەوە، دەبینین هۆکـاری بەرپـابوونی «بنیاتنانەوە – پەرەسترۆیکا» کەڵەکەبوونی نەرێنی پەکخستنی بنکەی جەماوەرییە لە بواری داهێنان و بە بەردبوونی عەقڵی ڕێبەرایەتییە لە قاڵبی چەقبەسـتوودا و ئەگەر شـۆڕشـەکانی پێشـوو ڕاپەڕینی بەشـێکی

خەڵک بووبن لە دژی کەمایەتی دەسەڵاتدار، ئەوا پەرەسترۆیکا بزاوتنی بەشێکی یەک جەستەیە لە سنووری جەستەکەدا و نزیکترین واتای لە ڕاســـتییەوە ئەوەیە دەربوونی دوومەڵێک بێ لە ناوەوە بەڵام لە ژێر چاودێری پزیشکێکی برینکاردا، کە «گورباشۆڤ» نوێنەریێتی و هەرگیز باوەڕ نەدەکرا ڕاســـتکردنەوە، «بنیاتنانەوە»، یا دەربوونی دوومەڵ لە دەرەوەی جەستە شۆڕشگێڕە حەفتا ساڵ بۆماوەکە بێ و یەکەم شت و گرنگترین شت کە شۆڕشی بەلشەڤی بۆ بەردەوامی خۆی و ڕێگرتن لە هەڵگەڕانەوە ئەنجامی دا، ئەوە بوو هەموو گەلی کردە بەشێک لە خۆی و لێی دانەبڕا و نەیتوانی جیابێتەوە و بەوەش هەموو ڕێیەکی دەسەڵات ڕێکخســـتنی مســـۆگەر کرد تـا ئەوەی تەنـانەت بیرکردنەوەی ناگوێڕایەڵیشی لە هۆشی خەڵکدا سڕییەوە.

لەم بۆنەیەدا شتێکم بیر کەوتەوە کە بیست ساڵ بەر لە ئێستا گوتوومە و دوای ئەوە لە هەڵکەوتی پێویســـتدا چەندین جار دووبارەم کردۆتەوە و ئێستاش لە ژێر ئەم ناونیشانەدا دووبارەی دەکەمەوە:

### حەکایەتێکی کورت

چەنـد ســـــاڵێـک بوو کتێبی *State and Revolution* «دەوڵەت و شــــۆڕش»ی لینینم خوێندبۆوە و توندوتیژژەیەکی لە گێڕانەوەی هەر ڕووداوێکی گۆڕپانی کۆمەڵگە بۆ «ڕەنجخۆری» (اســـتغلال) ســـەرنجی ڕاکێشـــام، تەنانەت دەشـــڵێ تاکە هۆکار بۆ دامەزراندنی دەوڵەت ئەوە بووە کە چینی دەســـەڵاتدار ویســـتوویەتی لە ڕەنجخۆری بەردەوام بێ بۆیە سـستەمی حوکمڕانی داهێناوە و دادگا و یاسـا و بەندیخانە... هتد ڕێکخســـتووە. ڕۆژێکیش لە ســـای دەســـەڵاتی کۆمۆنیزمدا ڕەنجخۆری

نــا مێنێ، حکوومە تیش خۆبە خۆ، بە هۆی نە بوو نی پێخۆرەوە، کە ڕەنجخۆرییە، نامێنێ.

گوتم ڕێکەوتێکی ســەیرە کە مێژوو بە ســەر هێڵێکی تەواو پێچەوانەی قســـەکانی لینیندا دەڕوا و وەک ئەوەی مێژوو بڕیاری دابێ ململانێی ئەو بۆچوونەی بکا. ئەگەر بکرێ ئەو دەوڵەتانەی لە ســـەر بنەمای چیـنــایەتـی و ڕەنـجـخـۆری مــاونەتەوە بە مـیـوەیەک بـچـوێـنـیـن، حکوومەتەکەی توێکڵەکەیەتی و دوای ئەوە نــاوکەکە دێ کە گەلە، بەڵام دەوڵەتێک لە ســەر بنەمای مارکســیزم بنیات نرابێ، بە لەهانە دەچێ و هەر گەلایەکی لێ بکەیتەوە گەلایەکی تر دەردەکەوێ تــا گەلاکان کۆتاییان دێ و بەوە هەموو گەل دەبنە گەلا واتە حکوومەت، ئەوەش وا دەگەیەنێ کە گەل بزر بوو نەک دەسەڵات.

لە ڕووسیای سۆڤیەتی گەل بوونێکی دابڕاوی لە دەسەڵات و حیزب و لینین و مارکس نەبوو تا بتوانێ بیر لە بنیاتنانەوە و هەر شتێکی تر کە ئەرکی ســـەر شـــانی نەبێ، بکاتەوە. بە ئاســـانی پێم هەرس ناکرێ پەرەسترۆیکا بە شـۆڕش ناو بندرێ، وەک سـەرۆک گورباشـۆڤ باسـی دەکا، چونکە لە گۆڕانکاری سـیاسـیدا عادەت وایە ئەو شـۆڕشـەی لە دوای شۆڕشی یەکەمدا دەکرێ، ناو بندرێ هەڵگەڕانەوە یا داگیرکردن، زاراوەیەکی ئـامـادەم بۆ ئەم دیـاردەیە پێ نییە جگە لەوەی کە گوتم دەربوونی دوومەڵە. بەڵام ئەگەر بڵێن پرۆســـەکە ئەوەندە بەربەرین و گشـتگیرە بۆ سـەرکەوتنی، پێویسـت بە بەشـداری جەماوەری بەربەرین دەکا، ئەوەش هەر وا دەکا کە دوومەڵەکە ببێتە ئاوســانێکی زۆر گەورە کە چڵکێکی زۆری لە خۆی گرتووە.

جگە لەوەش، ئەوانەی کە ئەنجامیان دا، لە ڕاســـتیدا ڕێیان لە خەڵک بڕیوەتەوە پێی بڵێن شـــۆڕش چونکە وەک لە قســـەکانی ســـەرۆک

گورباشـــۆڤدا دەردەکەوێ، پشـــت بە مارکســـیزم و لینینیزم و کۆی دەستکەوتەکانی شـۆڕشـی بەلشـەڤی دەبەسـتن بۆ چارەسـەرکردنی ئەو هەڵانەی کە لە ســـەرەتاوە لەو جێبەجێکردن و تەنزیرکردنانەوە پەیدا بوون و باشترین شیکردنەوە ئەوەیە کە دەردێک بە هۆی دەرمانێکەوە پەیدابووە، بە هەندێ لە پێکهاتەکانی هەمان دەرمان چارەسەر بکرێ و بەوەش لە واتای دەربوونی دومەڵ دەرناچێ و سیمایەک بۆ ئەوە نابینم ناوی شۆڕشی لێ بندرێ.

ئەم قســـەیەم هەر بۆ ئەوە بوو شـــانبەشـــانی لۆژیکی شـــتەکان و نـاوهێنراوەکـان برۆین و گوێ بەوە نەدەین چی یەکەم کـاریگەری لە سەر ئەو بیرۆکەیە هەیە کە پەرەسترۆیکای لێ کەوتەوە، چونکە گرنگ سەرکەوتنی برینکارییەکەیە و ئەگەر سەرکەوتوو بێ ناونانی بە شۆڕش چ زەرەری نابێ، بەڵام مەســـەلەکە ناوکێکی شـــاراوەی هەیە و نابێ پشـتگوێ بخرێ و چەند لە بیری خۆمانی ببەینەوە و بوونیمان نەزانی، ئەو هەر کـاری خۆی دەکـا. لە فیزیـا نموونەیەک بۆ ڕوونکردنەوە دەخوازمەوە:

پێشینان دەیانگوت سروشتی دەوروبەرمان لە چوار «توخم» (عنصر)ی مـاتریـالی بنەڕەتی پێکهـاتووە، ئەوانەش ئـاو و ئـاگر و هەوا و خـاکە. وەرزێریش لە کۆنەوە هەتا ڕۆژی ئەمڕۆی، هەســـتی بە چوار توخمە بنەڕەتییەکان نەکرد جا چ بەوە بگا بە هەڵەی بزانێ. لەگەڵ ئەوەشـــدا بەردەوام بە ســـەرکەوتوویی دەکێڵێ و تۆو دەکـا و دەدووریتەوە و هەمووشمان لە بازاڕ و شەقام و کارگە و چاخانە و ئوتێل و چێشتخانە و ئاشخانەی ماڵەوە، بێ ئەوەی بیر لەو چوار توخمە یا ئەو سەد و چوار توخمە بکەینەوە، کار دەکەین. بەڵام ئەگەر مەســەلەی چوار توخمەکە وەک حەقیقەتێ گەیشـــتە ســـنووری بیرکردنەوەی فیزیازانەکان و

کیمیازانەکان، بە سەلامەتی تێناپەڕێ چونکە هەموو شتێکی سەر ئەم گۆی زەوییە دەبێ بە هەڵم و لەناو دەچێ ئەگەر زانای ناوکی لە ژمارەی توخمەکاندا بە هەڵەدا بچن.

ناونانی پەرەسترۆیکاش بە شۆڕش و هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەر لە دەقەکانی لینین و مارکسەوە، زەرەری لەو هەڵەیە کەمتر نییە ئەگەر زانایان لە ژمارەی توخمەکاندا تێی بکەون.

ئەی خوێنەر، ئەگەر من و تۆ و هەرای بازاڕ و شەقام هاوار بکەین و بیڵێینەوە کە پەرەسترۆیکا شۆڕشە و دەرمانە ئامادەکەی لە دەقی قسەکانی لینین و مەزنەکانی تری مارکسیزمەوەیە، ئەوە زەرەرێکی ئەوتۆی نییە بەڵام ئەگەر ئەوانەی سەرپەرشتی بنیاتنانەوە دەکەن پێیان وابێ چارەسەری شکست لە بواری کشتوکاڵییە هاوکارییەکاندا ئەوەیە ژمارەیان زیاد بکرێ پڕوپاگەندەیان بۆ بکرێ و ڕێ بە وەرزێر نەدرێ خۆی لە زەوییەکەیدا ئازاد بێ، ئەوە کارەساتە و ئەنجامی ماڵوێرانکەری دەبێ و دوو ئەنجامی کوشندە لە هەموو ئەوانی تر ماڵوێرانکەرتر دەبن، یەکەمیان ئەوەیە چارەسەری شکستێک بە شتێ کە خۆی هۆکاری شکستەکە بووە، دەبێتە دوو جار شکست و زیادبوونی وێرانکاری... ئەنجامەکەی تریش ئەوەیە بەردەوامبوون لە سەر ڕێڕەوی شکست لە باشترین ئەنجامیدا بۆ ئەوانەی خەریکی بنیاتنانەوەن چەقبەستن و بەبەردبوونی تازە بەدەست بێنن و جێی ئەوانەی کە خەریکین وەک جێی بریژنێڤ و قارەمانەکانی تری چەقبەستنی دوای سەردەمی ستالینی لێ دێ، بۆچوون و دروشمە بۆشەکان دەڵێنەوە و وەک بریژنێڤ بە دەسەڵات و تێروتەسەلی ڕایدەبوێرن.

ئەوجا ئەو ناهومێدییە دێ کە لە ناهومێدییەکانی پێشوو تاڵترە، ئەوەش ئەگەر ئەوانەی خەریکی بنیاتنانەوەن، بتوانن لە چەقی سەرکردایەتیدا

بمێننەوە، بەڵام زۆر ڕێی تێ دەچێ خەڵکـانی نـاخی بەبەردبوون بۆ دەســـەڵات بگەڕێنەوە و بەڵگەی زەقیشـــیان بە دەســـتەوە دەبێ کە پڕوپاگەندەی ڕاستکردنەوە و بنیاتنانەوە کەرەسەی شەیتانن و بە سەر جیهانی ئەو شـۆڕشـە ڕەسـەنەدا سـەپاون کە بۆ سـەپاندنی «دکتاتۆری پرۆلیتـاری» و پـاککردنەوەی شـــێوازی شـــۆڕشـــگێڕی لە هەموو خڵتوخاشـــێکی بۆرژوا و هەڵگەڕانەوەیەکەوە هاتووە کە درۆودەلەســـەی دیموکراتییـان پێیە. نـاشـــچم بۆ ڕێتێچوونەکەی تر ئەوەش ڕاپەڕینی جەماوەری بەربەرینە بەرەو ڕووی چەقبەســـتنە نوێیەکە کە لە خودی بنیاتنانەوە کەوتۆتەوە چونکە ئەوە شـــتێکە ئەوپەڕی «بوونی هێزەکی» Potential یە، بەڵام بێت و وەک هێزێکی یەکلاییکەرەوەی گۆڕانکاری خۆی بســـەپێنێ، ڕێتێچوونێکی بە قەدەر ئەو هارین و دارزاندنە دوورە کە لە سـاڵی ١٩١٧وە دەوامی بوو تا پێش پەرەسـترۆیکا. سـیمای تاکی ڕووســـی و جەماوەی ڕووســـی زۆر ڕوونە و چاوەڕوانی کەشـــتییە نیشتیمانییەکەی نووحە بێت و لە لافاو ڕزگاری بکا و توانای ئەوەی لە دەست داوە تەنانەت بیر لەوەش بکاتەوە، بە هەوڵی خۆی، خۆی دەرباز بکا.

لەگەڵ داوای لێبوردنم لەو فەرموودەیەی ســـەرۆک گورباشـــۆڤ لە هەندێ قسەیدا کردوونی و گوتوویەتی کەشتیی دووەمی نووح لە ئارادا نییە چونکە ئەو قســـەیەی ئەو لە باســـی ســـیاســـەتی نێودەوڵەتی و مەترســـییەکانی چەکی ئەتۆمی بوو... ڕووســـەکان و زۆر میللەتی تری ناڕووسی وڵاتانی ئەم دنیایە چاوەڕوانی نووح یا گۆدۆ دەکەن.

دوای ئەوەی لە چەند دێڕی پێشـتر قسـەمان لە کتێبەکە گواسـتەوە و لە سەری دواین، سەرۆک گورباشۆڤ لە هەمان لاپەڕە ١٤دا دەڵێ:

*«ئەوەی پێشتر گوتم، واقیع و ڕاستی و حەقیقەتی بێ ئەملاوئەولا یە، ئەنجامی ڕوونی کاری چەندین نەوەی گەلەکەمانە و ئەوەش ڕوونە کە پێشکەوتنی وڵاتەکەمان سبەینێ تەنها بە هۆی شۆڕشەوە جێبەجێ دەبێ. ئەوەش بەرهەمی شۆڕشە. بەرهەمی سۆسیالیزمە، وەک سستەمێکی کۆمەڵا یەتی تازە و ئەنجامی هەڵبژاردنی مێژوویی گەلەکەمان. پشتی بە تێکۆشانی باوباپیرانمان و ملیۆنان کارکەری گەل قایمە – وەرزێر و کرێکار و ڕۆشنبیر – کە لە حەفتا ساڵی ڕابردوودا بەرپرسیارەتی ڕاستەوخۆی پاشەڕۆژی وڵاتیان خستۆتە ئەستۆی خۆیان».*

ئەم قسانەی کە سەرۆک گورباشۆڤ بەوپەڕی دڵسۆزییەوە دەیانڵێت، چـاوەڕوانی گوتنیـان، لەو پلەوپـایەوە دەکرێ، بەڵام ئـاگـامـان لێیە نە بەرپرســـیارەتی ڕەســـمی و نە ســـەرۆکایەتی یا حیزبی یا جیهانی یا خۆرهەڵاتی ناوەڕاســتی، ئەوەندە ســەرقاڵمان ناکەن ســەرنج نەدەین چ حەقیقەتگەلێ لە پشتی ئەو قسە جوان و بەرزانەوە هەیە. هەرچییەکیشی لە ســـەر بڵێم زەرەری نییە چونکە لە ســـەرچاوەی خۆشـــەویســـتی و سووربوونمەوە لە سەر سەرکەوتنی دەیڵێم، هەر بۆ ڕوونکردنەوە دەڵێم ئەگەر کەســـێ گوتی ئەو زەوییەی لە ســـەری وەســـتاوە تێکەڵەیەکە لە ئاسن زینگ و کاربۆن، منیش پێم وا بوو ئەو زەوییە تێکەڵەیەکە لە لم و زیو و فسفۆر، ئەوە سووکایەتی نییە بە هەڵوێستی ئەو چونکە چۆن لە ســەر ئەو وەهمانەی خۆی وەســتابوو، هەر ئاوها بە قیتی لە ســەر ئەو توخمانەش وەستاوە کە من ئاشکرام کردوون.

قسەم لە سەر ئەو برە گوازراوەیەی سەرەوە و شتێکی کە پێشتر باسی هاتووە لەمەی خوارەوەدا چڕ دەبێتەوە:

1. ئەوەی لە بڕگەی پێشـــتردا هاتووە کە یەکێتی ســـۆڤیەت لە ماوەی حەفتا ســــاڵدا مێژوویەکی بڕیوە بە قەدەر چەندین سەدەیە.
2. ئیمکانی پێشکەوتنی ڕووسیا بە هۆی شۆڕشەوە هەیە و یەکێکە لە بەرهەمەکانی سۆسیالیزم.
3. سـۆسـیالیزم وەک سـسـتەمێکی کۆمەڵایەتی تازە، هەڵبژاردەی مێژوویی گەلانی یەکێتی سۆڤیەتە.
4. ئەم پێشـکەوتنە، پشـتی بە تێکۆشـانی باوباپیرانمان و ملیۆنان کارکەری گەل قایمە — وەرزێر و کرێکار و ڕۆشنبیر — کە لە حەفتا ساڵی ڕابردوودا بەرپرسیارەتی ڕاستەوخۆی پاشەڕۆژی وڵاتیان خستۆتە ئەستۆی خۆیان.

ئەوەی پەیوەنـدی بە بڕگەی یەکەمەوە هەیە، توانـایەکی زەبەلاحی بۆ فرەوانبوون پێوە دیارە و پێویســـتە بەوپەڕی تواناوە قســـەی لە ســـەر کورت بکرێتەوە چونکە کارەسـاتێکی گەورەی وای تێدایە کەس نازانێ چۆن لەوەی جیا بکاتەوە کە لە سۆڤیەت ڕووی دا تا لە سەر قسەی بە بنەما بەردەوام بێ لە ســەر ئەوەی چوو و ئەوەشـــی دێ و کێ پێشـــی خســـت و کێ دوای خســـت و نزیکەی نیوەی کاتی نێوان بەرپابوونی شـــۆڕشـــی ١٩١٧ و نووســـینی کتێبەکەی ســـەرۆک گورباشـــۆڤ «پەرەسـترۆیکا» سـەردەمی سـتالینی بوو و ئەوەی لەو ماوەیە ڕوویدا، دەکرێ بگوترێ کورتکردنەوەی چەندین سەدە بوو بۆ چەند دەیەیەک و بۆ سۆڤیەت ڕێککەوت لە قورسایی نێودەوڵەتیدا هاوتای ئەمەریکا بێ ئەوجا دەسـەڵاتی ڕووسـی بە سـەر ڕۆژهەڵاتی ئەوروپادا بشـکێ کە بوو بە پشـتێنی ئاسـایشـی ڕووسـی و دڵنیایی لە بەردەوامبوونی کۆمۆنیزم. مادام مەیلەو یەکڕایی لە سەر ئەوەش هەیە کە ستالین تاوانکار بوو بۆ

ئەوەی گەلی سۆڤیەتی و ئایدۆلۆژیای سۆسیالیزم لەوەدا بەشدار بن کە چەند سەدەیەک بۆ چەند دەیەیەک کورت کرانەوە دەبوو هەر بەشدار بکرێن لە تاوانەکانی ســـــتالیندا تا ببنە هاوبەش لە هەرچییەکی چاکە بوو.

بەڵام ئەگەر سـتالین لە تاوانکاریدا وەتاک بکەوێتەوە، مافی خۆیەتی لە کورتکردنەوەی زەمانیشـــــدا بە تاک بکەوێتەوە چونکە ئەو کاتەکەی کورت کردۆتەوە. لە کەســـــیش قەبووڵ ناکرێ زیرەکی خۆی لەوەدا بەکار بێنێ بە لێکدانەوە و گەمەکردن بە قســـان حاڵەتەکە وەها بێنێتە بەر زەین کە شـــــەیتانێکی زەبەلاحی خراپەکار دەســـــتی بە ســـــەر دەزگایەکی زەبەلاحی چاکەکاردا گرتبوو و تۆوی شەیتانی دەکردە گوڵ و پونگە و ڕەنگەکـانی کۆڵکەزێڕینە، چونکە ئەوە ســـــەرشـــــێتییەکی منداڵانەیە و ئەوەی تەمەنی هەرزەکاری تێپەڕاندبێ نایڵێ.

کورتکردنەوەی ڕاســـــتەقینەی مەودا زەمەنییەکان، کورتکردنەوەیەکی شـــایســـتەیە بۆ بیرۆکەی کورتکردنەوە: ژاپۆن چەندین ســـەدەی بۆ مـاوەیەکی ڕێژەیی کورت کردەوە، بە بێ تونـدوتیژی و زۆرەملێ و لەناوبردن و ئۆردوگای کاری زۆرەملێی ئەوانەی بۆ نەمانی لەســـەرخۆ پاڵێورابوون، وەک لە ســەردەمی ســتالیندا باو بوو، لە چەند ژمارەیەکی New Times و Moscow News و هەندێ گۆڤاری تر کە ئەمســاڵ لە ســەردەمی گلاســنۆســتدا دەرچوون، بەرهەمی کورتکردنەوە لە بواری تەندروستیدا ئەو ئەنجامە نەرێنییانە ناخولقێنی کە لەو چەوساندنەوە و دەردەسەرییانە کەوتوونەتەوە کە شانبەشانی کورتکردنەوەی زۆردارانە ڕێیان بڕیوە ڕەنگە بشـێ نموونەیەک بۆ ئەوە بهێنمەوە کە دەسـتگرتنی یەک بەڕێوەبەرایەتی بە ســەر چارەنووســی ســەرجەمی گەلێکدا چی دەکا، هیتلەر لە ماوەی کەمتر لە شـــەش ســـاڵدا توانی ئەڵمانیا بکاتە

یەکەم هێزی ســـەربازی هەموو دنیا و کۆگای چەک و گەلەکەشـــی بەرەو ئەوە بەرێ کە دەیزانین و پێویست بە گوتنی زیاتر ناکا. زوڵم لە مێژووش ناکەین ئەگەر بڵێین ئەم شـــەڕخوازە وەک ســـتالین پەنای بۆ شـێوەی کاری زۆرەملێ (سـوغرە بە سـەربازە دیلە نائەڵمانەکان کرا) و کۆچپێکردنی بەکۆمەڵ نەبرد و ملیۆنـان وەرزێری نە خســـتە بەر مەترسـی مردنەوە و نەشـبووە هۆکاری دابەزینی ئاسـتی بژێو، بەڵکو لە تێکۆشانە شەڕانییەکەیدا بووژانەوەی ئەنجام دا.

هیتلەر بە قسەی قسەکەران کە ئیمپریالیزم و هێزی شەڕ و شەیتان، ئامێری جادوویی دابێتە هیتلەر نابێتە هۆکاری نەهێشتنی سەرسوڕمانی ئەوەی ئەنجامی دا چونکە فەرەنسە لە ترسێکدا بوو وای لێ کرد هێڵی ماجینۆ دروســت بکا بۆ ئەوەی لە مەترســی هیتلەر پارێزراو بێ کەچی ماجینۆش بە کەڵکی نەهات. دواتر لە باسی ماوەی میونخ و بەرپابوونی جەنـگ یەکســـەر دوابەدوای ڕێککەوتنی ســـتـالین و هیتلەردا، بە زەرووڕەت باسەکە دێتە پێشەوە.

قسەکردن لە سەر کورتکردنەوەی کات بە ناچاری لەگەڵ باسی ماوەی دوای خۆیدا تێکەڵ دەبێ، ئەوەش ئەوەیە پێشـکەوتنی ڕووسـیا بە هۆی شـــۆڕشـــەوە ڕێی تێ دەچوو و هەردووکیان بە نیشـــانەی ســـتالینەوە وابەســـتە بوون. پێویســـتە لێرەدا لە هەڵســـەنگاندن و خەملاندن و گەڕانەوەی شتەکان بۆ هۆکاری ڕاستەقینەی خۆیان ئەوپەڕی ورد بین، ڕەنگە ئەوە ببێتە یارمەتیدەر بۆ ئاشـکرا کردنی ڕاسـتیی پێشـکەوتن و پاشکەوتن.

زۆر دەوڵەتی ئەوروپا هەن کە لە ڕووی داهاتی سـروشـتییەوە دەیەکی توانای دەوڵەتانی سۆڤیەتیان نییە و لە بواری شارستانەتی و زانستی و خۆشـــگوزەرانی و دیموکراتی و هەموو ئەوەی بۆ ئەمان و ئاســـایش بە

خه‌یاڵدا دێن مه‌ودای زۆریان به‌ بێ شـــــۆڕش و توندوتیژی و یه‌ک دڵۆپ خوێن بڕیوه‌ و پێویســـــتیان به‌وه‌ش نییه‌ بیانوو بۆ به‌راوردکردنی خۆیان له‌گه‌ڵ شــه‌ڕدا بۆ خنکاندنی ئازادی و بڕینی هه‌ناســه‌ بهێننه‌وه. جا گوتنی ئه‌وه‌ی گوایه‌ پێشـکه‌وتنی سـۆڤیه‌ت به‌و شـێوه‌یه‌ نه‌بوایه‌ که‌ ستالین ئه‌نجامی دا جێبه‌جێ نه‌ده‌بوو، به‌ڵگه‌نه‌ویستانه‌ ڕه‌ت ده‌کرێته‌وه، ئه‌وه‌ش هه‌ر له‌به‌ر ئه‌وه‌ نا که‌ بیانوو بۆ تاوانه‌کانی ده‌هێندرێته‌وه‌ به‌ڵکو له‌به‌ر ئه‌وه‌ی ئه‌وه‌ قسه‌یه‌که‌ به‌ ئاڕاسته‌ی پێچه‌وانه‌ی ڕاستی و واقیعه‌وه‌ ده‌ڕوا چونکه‌ ئه‌و پێشـکه‌وتنه‌ که‌ له‌ ڕووسـیا به‌ده‌سـت هات، شـێوازی ستالینیش نه‌بوایه‌ پله‌ی به‌رز نه‌ده‌کرده‌وه‌ و ئه‌وه‌ش زیاتر له‌م گوته‌یه‌ی خواره‌وه‌دا ده‌رده‌که‌وێ:

پێوه‌رێکمان بۆ پێوانه‌کردنی پێشکه‌وتنی ئه‌م وڵات یا ئه‌وی دی هه‌یه‌ و هه‌ڵه‌ ناکات. له‌ باری شۆڕشدا که‌ له‌ هه‌موو ڕوویه‌که‌وه‌ بارێکی جیاوازه‌ له‌گه‌ڵ بارودۆخی ئه‌و وڵاتانه‌ی که‌ به‌ بێ بازدان و له‌رزین توانیویانه‌ به‌وه‌ بگه‌ن که‌ شۆڕش پێی گه‌یوه‌ و ئه‌و ئه‌نجام بده‌ن که‌ ئه‌نجامی داوه‌ چونکه‌ شـۆڕش نموونه‌یه‌کی تاقانه‌ی دیاریکراوه‌ و په‌راوێزه‌کانی تێکه‌ڵی په‌راوێزی غه‌یری خۆی نابێ. ئه‌گه‌ر له‌ بواری کاره‌بادا پێشـــــکه‌وتنی به‌ده‌ست هێنا و له‌ وڵاتانی تردا ئه‌وه‌ به‌ده‌ست نه‌هات، به‌ بێ ده‌مه‌ته‌قێ ئه‌وه‌ ده‌بێته‌ به‌رهه‌می شـۆڕش، به‌ڵام ئه‌گه‌ر پێشـکه‌وتنێکی ئاوها به‌ بێ شـۆڕش و خوێنڕشـتن و زه‌وتکردنی ئازادی له‌ وڵاتانی تردا به‌ده‌سـت هات، که‌واته‌ شـــــۆڕش شـــــتێکی له‌ عاده‌ت به‌ده‌ری نه‌کردووه‌ و له‌ ســـه‌ریشـــیه‌وه‌ نرخێکی زۆری خوێنی خه‌ڵک و ئازادی و ئاســـایش و که‌رامه‌تیان قه‌رزار ده‌بێ.

ئه‌گه‌ر له‌ وڵاتانی تردا پێشـــکه‌وتنێکی وا پێش هات که‌ له‌وه‌ زیاتر بوو شـــۆڕش ئه‌نجامی دابێ، پێشـکه‌وتن له‌ وڵاتی شـۆڕشـدا له‌گه‌ڵ بوونی

شۆڕشیشدا بەدی هاتووە نەک بە هۆی شۆڕشەوە، چونکە بەڵگەنەویستە ئەو پێشکەوتنە بە بێ شۆڕشیش، وەک لە وڵاتە بێشۆڕشەکاندا بەدی هات. هەر بەدی دەهات. بەڵام هۆکاری سەرنەکەوتنی لە بوارێکی وڵاتی شۆڕشدا، بە بێ هیچ بیانوویەک بۆ شۆڕش دەگەڕێتەوە ئەگەر لە وڵاتانی بێ شۆڕشدا لە هەمان بواردا سەرکەوتن بەدەست هاتبێ.

بەم بۆنەیەوە لە بیرمە ساڵی ١٩٦٦ گوێم لە گوتاری ساڵانەی سەرۆکی وڵاتێکی شۆڕشگێڕ ڕاگرتبوو کە لە یادی شۆڕشەکەدا دەیخوێندەوە، گوێم لێ بوو بە ڕاستگۆیانەی پڕ شانازییەوە دەیگوت خەڵکانێک هەن پڕوپاگەندەی ئەوە بڵاو دەکەنەوە کە لە وڵاتەکەماندا قەیرانی نیشتەجێبوون هەیە. منیش پێیان دەڵێم لە وڵاتەکەماندا قەیرانی نیشتەجێبوون هەیە چونکە دراوی قورسم نییە چەمەنتۆ و ئاسنی پێ بکڕم، ئیتر چۆن بە سەر قەیرانەکەدا زاڵ بم؟ بە دەنگێکی بیستراوەوە لە بەر خۆمەوە گوتم: گەورەم بۆ ئەوە شۆڕشت کرد تا دوای ١٤ ساڵ لە بەرپابوونی، مزگێنیم بدەیتێ کە قەیرانی نیشتەجێبوون چارەسەر ناکرێ؟ نەدەکرا بە بێ شۆڕش مەودا بە پەیدابوونی قەیرانەکە بدەین؟ با ئەوەش بزانین کە پێش شۆڕش قەیرانی نیشتەجێبوون لە ئارادا نەبوو!

بۆ بابەتەکە دەگەڕێمەوە و دەڵێم ئەوەی ستالین ئەنجامی دا، بەو شێوازە نامرۆڤانەیە نەبوایە کە گرتبوویە بەر، ئەنجام نەدەدرا چونکە دوای ئەوەی تۆقاندنی بڵاو کردەوە و لەناوبردنی بە کۆمەڵی پەیڕەو کرد و مێژووی سۆڤیەتی لغاو کرد و چنگی ئاسنینی لە جڵەوی گیر کرد کەس توانای بەخشینی داهێنانی نەما تا لێهاتووییەکان بۆ ئەنجامدانی کاری داهێنەرانە گرد ببنەوە و ستالین چاری نەما هەر

دەبوو ئەوپەڕی توندوتیژی بەکار بێنێ تا ئەوە ئەنجام بدا کە گەلێکی ئازاد بە ئاسانی و سروشتی ئەنجامی دەدا.

بەو کەسەی کە ڕەنگە بڵێ بە هۆی نەزانی گەلەوە چارەی نەبوو و هەر دەبوو ئەوە بکا، دەڵێم: ئایە تێکۆشـــەرانی ڕیزی پێشـــەوە و هاوڕێیانی تێکۆشانی خۆی لە شۆڕشی بەلشەڤیدا نەزان بوون تا زۆرینەیان، ئەگەر نەڵێم هەموویان لەناوبەرێ؟ ئەی جگە لە کوشتن بۆ بێلایەنکردنی ئەو کەسـانە و خۆ لادان لەو شـەڕەی کە ڕێی تێدەچوو تێیاندا بێ، ڕێیەکی تر نەبوو؟ ئێمە لە باسی شیکردنەوەی دەروونی ستالیندا نین تا بزانین چی وای لێ کردووە حەزی بە ئەشـکەنجەدان و لەناوبردنی هاوڕێکانی خۆی بێ چونکە ئەوە ئەرکی دەروونناســـانە و ئێمە ئەوە نین و ئەوەندەمان بەســـە بزانین ئەگەر ســـتالین نەبوایە یا نەگەیشـــتبایەتە دەســـەڵات و ئەو مافەشـــمان هەیە بڵێین ڕووداوەکانی مێژووی کۆن و نوێ و بڕیار عەقڵ و لۆژیک دەیسەپێنن باوەڕ بێنین کە ڕێی تێ دەچوو کاروبار باشتر بوایە و پێشکەوتن زیاتر بوایە و ئاسایش فەراهەمتر بوایە و دادپەروەری ڕەگداکوتاوتر بوایە و بە نەبوونی دیکتاتۆر هەموو شـــتێ جوانتر و تەواوتر بوایە.

بەڵام کە دکتاتۆری سـتالینی ڕازی نەبوو لاکەوێ و ڕازی نەبوو کەمتر توندوتیژ بێ، ســـــتالین لە پەیڕەوکردنی زۆرداری لەو مافە ئیلاهییەی تێپەڕاند کە بە پاشاکان دراوە و ئیرادەی گەل تا ئاستی ئیرادەی کۆیلە دابەزی و بەڵکە زیاتر ڕۆچوو تا ئەوەی جەماوەر لە کۆیلە زەلیلتر بوون و بۆ بەخواکردنی ئاغاکەیان گوێڕایەڵتر بوون. بۆ پشـــتڕاســـتکردنەوەی ئەوەی لێرەدا دەڵێین ملیۆنان ملیۆن تێکۆشەری چەپ لە ئاستی دنیادا ماوەی چارەکە سەدەیەک ستالینیان دەپەرست و ئێستاش هەندێکیان ماوە ناوێری ڕای خۆی بڵێ. نموونەی ئەوە، لە هەندێ ژمارەی New

Times و Moscow News ی ئەمسـاڵدا وەڵامی هاوڵاتییەکی سـۆڤیەتم خوێندەوە کە بۆ ئەو ئەڵمانییە ڕۆژهەڵاتییەی نووسـیبوو کە بیانووی بۆ کردەوەکانی سـتالین هێنابۆوە و گوتبووی بۆ دروسـتکردنی «ئۆملێت» پێویستە هێلکە بشکێندرێ، سۆڤیەتییەکەش وەڵامی دەداتەوە: قسەکە جوانە بە مەرجێ خۆت ئۆملێـت نەبیـت... لەگەڵ ئەوەشـــدا دەڵێم جیاوازی زۆرە لە نێوان ملشکاندنی بێتاوانان و هێلکەشکاندندا.

جەنابی سـەرۆک گورباشۆڤ من لە بۆچوونە سیاسییەکانمدا کەسێکی خەیاڵی نیم و بە قەدەر ئەوەی بە چاوی کەسێک دەڕوانم بۆ کاروباری دنیا دڵخۆش دەبێ و خەمبار دەبێ و تیایدا واقعیم و بەرانبەر کەسـێک کە ژیانی بەفیڕۆ و ناپێویست ڕۆیشتووە چاو داناخەم. پتر لە سیی ساڵ پێش ئێســـتـا گوتوومە و گوتوومەتەوە من ڕازیم دەســـەڵاتـدارێکی فەرمانڕەوای جیهانە سـێیەمەکەمان هەرچی بۆ بەردەوامی دەسـەڵاتی خۆی و ســـەروەری و زەوقی خۆی پێویســـت بوو بیکات و ئەگەر بۆ چاوترسـاندن پێویسـت بوو دە کەس بکوژێ، با دە کەس بکوژێ و بۆ پەنجا باز نەدا. ئەگەر لە بەندکردنی تێکۆشـــەراندا ئاســـوودەیی خۆی بینییەوە، با تێکۆشــەران بە بێ ئەشــکەنجە و کوشــتن بەند بکا. با لە کوشـتن و بەندکردن و ئاوارەکردندا ئامانجی ورد بێ کە سـەلامەتی و بەردەوامی خواوەنـدێتی و لە پێنـاوی ئـارەزووودا خەڵـک نەکوژێ و بۆ دڵەڕاوکێی خەڵـک کەس بەنـد نەکا. لە مێژووە داســـتـانەکەمـانـدا چیرۆکێک هەیە دەڵێ پاشایەک هەبوو بە کرداری شەیتان دوو مار لە سـەر شـانی ڕووان و ئەو دوو مارەش ڕۆژی مێشـکی دوو گەنجیان بۆ خۆراک دەویســـت.. ئیتر تا کۆتایی باســـەکە کە بەوە کۆتایی دێ لە ڕۆژێکدا شـۆڕشی بە سـەردا بکرێ کە ناو نرا «نەورۆز» و هەتا ڕۆژی ئەمڕۆ ئاهەنگی بۆ دەگێڕین و زۆر باشیش دەکەین.

ئەگەر بە ڕۆحی سـتالین و هاوشـێوەکانی بڵێم: هەموو ڕۆژێ گەنجێ یا دوو سەربڕە و بە مۆخیان شانت چەور بکە ئەگەر ماریش نەبوو بەڵام لە جیاتی هیچ بیسـت سـەرمەبڕە هەی خوا بتپارێزێ و لە دوو دنیادا نەمرت کا... ئەی جێگرەوەی سـتالین ئەگەر لە دەسـەڵاتدارانی دنیای سـێیەمەوە شـتێ فیر بیت، شـانت بە مۆخی بنیادەم چەور مەکە، بە مۆخی مـامر چەوری کە... بنیـادەمی تـاوانبـار ئەوەنـدە جۆریـان هەیە لایەنی توندوتیژی و دڕندەییان لە ژماردن نایەن و لە هەندێ گوندی ناوچەی ئێمە، بەر لە شەست یا حەفتا ساڵ مرۆکوژێکی گچکە هەبوو ناوی «کوێخا ئاری» بوو و بێهوودە لە کوشـتندا زیادەڕۆیی دەکرد و هەتا ئێستاش باسی هەیە. یەکێ لێی پرسیبوو چی وات لێ دەکا بە بێ هۆکـار خەڵکی بکوژیـت، ئەویش گوتبووی: کە دەبینم کوژراو لاق و دەستی ڕادەوەشێنێ لەزەتی لێ دەبینم. خۆ ڕەنگە ستالین یەکێ بووبێ لەوانەی کە شـەیدای ئەو ئاسـایشـەن کە لە مردنی خەڵکی تردا دەیبیننەوە چونکە مردوو زەرەر ناگەیەنێ...

ئەو کارانەی بە پێی ئارەزووی کەسـێ زاڵ ئەنجام دەدرێن و ڕای خەڵکیان لە سەر نییە، پێویستە بۆ ئەو و لە سەر ئەو حیساب بکرێ و بەوە سـوودێکی ئەدەبی بە خەڵکی تر دەگـا چونکە چەنـد کـار یـا قارەمانێتی بدەیتە پاڵیان کە بە دڵیان نییە، سـوودی لێ نابینن. مادام زۆربەی کارە مێژووییەکانیش لە ویژدانەوە دوورن بەشە ناشرینەکەشی بۆ خەڵکی کە تای تەرازوویان قورس دەکا دڵیان خۆش ناکا. دە سـاڵ لەمەوبەر شتێکی بەم واتایەم نووسیبوو:

*«جێی قەبووڵکردن نییە هەر شتە چاکەکان بۆ جەماوەر بگەڕێندرێتەوە لە کاتێکدا نە هیچ ڕۆڵێکی تێدا بووە نە ئارەزووشی*

*لێ بووە و ئەگەر بە ناهەق چاکەکانی بە سەردا بدرێ دەبێ بە ناهەقیش شتە زەرەربەخشەکانی بە سەردا بدرێ»*

و گوتم: «ئایە دەگونجێ نیوەی ڕدێنی مێژوو بتاشین و واز لە نیوەکەی تری بێنین؟».

لە ڕاستیدا زۆر جار وا بووە کە زۆرینەی خەڵک مەیلیان بە لای کاری خراپی وادا چووە کە ســــوودێکی بۆی بووبێ یا ئارەزووی بزواندبێ و کەمتر مەیلی بە لای چاکەیەکدا چووە کە سـوودی خۆی تێدا نەبووبێ بەڵام بەوەندە جیاوازییەی ئارەزوو چاوپۆشــــی دەکەین و بە نەبوونی ئیرادەی خەڵک بۆ کاری چاک و خراپ واز دێنین و دەســــتبەرداری قەرزار و خاوەن قەرز دەبین و ئەوان بەمە سوودمەند دەبن.

ئەوەی بە ئیرادەی ستالین و نەبوونی هیچ جۆرە ئیرادەیەکی جەماوەر و بە نرخێکی زۆری خوێن و فرمێســــک و ئەو کاریگەرییە نەرێنییەوە ئەنجام درا، کە هەتا ئێستاش لە سەر خەڵکی ڕووسیا ماوە، هەمووی بۆ خۆی دەگەڕێتەوە بە بەدەســـتهێنانی چەکی ناوکیشـــەوە، لە ماوەیەکی قیاســــی کەمـدا. ئەوەش وا نـاگەیەنێ کە ئەوەی ئەو کردی تـاکە هەڵبژاردەی مێژوویی بووبێ بۆ ئەنجامـدانی ئەوەی ئەو ئەنجـامی دا. ئەگەر لە یەکەم ڕۆژی دوای مردنی لینینەوە کارەکان بە پێی بنەمای شارستانەتی و ویستی گشتی بەڕێوە بچووبایەن، ئەنجامە ئەرێنییەکان فرەوانتر دەبوون و بوونی وەحشــــیگەرێتیش کەمتر دەبوو، بەڵام هەڵبژاردنەکەی کە لە بەر سـێبەری سـروشـتی توندوتیژی خۆی بوو، تاکە ڕێگای بوو و جگە لە هەندێ شـــتی کەم، وەک ڕێکەوتنی لەگەڵ هیتلەردا، هەرچییەکی کرد لە سـروشـتیدا بوو و دووی غەریزەی خۆی کەوتبوو، ئەوەیش وەک ئەو گورگەی کە دەیـان مەڕ دەکوژێ و بە

چارەکە بەرخێک تێر دەبێ و شێر شتی وا ناکا چونکە لەگەڵ سروشتیدا ڕێک نایەتەوە.

بەڵام قسەکردن لە سەر کردەوەکانی ستالین شتی مەترسیداری تری بە دوادا دێن و پێویستە بگوترێن. ئەو کارە گەورانەی لە هەندێ بواردا جێبەجێی کردن، خەسڵەتێکی تایبەتمەندی تاقانەی ستالین نییە و هەر مرۆڤێک بارودۆخ وای لێ بکا چارەنووسی نەتەوەیەکی بە دەستەوە بێ، دەتوانێ لە ڕێی بەکارخستنی ملیۆنان کرێکار و بەکارخستنی کەرەسە و پارەی پێویستەوە، چیا لە شوێنێ خۆی هەڵکەنێ و بیهاوێتە زەریاوە و هەندێ لەو کارانەش، بە هۆی گرانی ئەنجامدانیەوە، بە سوغرە نەبێ ئەنجام نادرێ و ڕەنگە مەسرەفەکەی لە خێرەکەی زیاتریش بێ. ئەگەر ئارەزووی فیرعەونی میسر لە دروستکردنی ئەهرام نەبوایە، کە دەسەڵاتی بە سەر هەموو شتێکی میسر، بە بەشەر و ئاژەڵ و زەوی و سامانەوە دەڕۆیشت، نەدەکرا خەڵکی میسر هەڵسەنگاندنیشی بۆی بکردایە ئەگەر ئارەزووشی لێی بوایە چونکە بەردەوامی ئارەزووی ملیۆنان کەس و سووربوون لە سەر پەیداکردنی سامان و کارکردن بۆ ماوەی بیست ساڵ بەو پێوەرە گەورەیە، شتێکە لە دەرەوەی ڕێتێچوون. هەرەمەکان کاری فیرعەونە و بەشی گەلی میسریش جگە لە دەردەسەری و ماندووبووبن لە دروستکردنی، هیچی دیکە نییە. ڕۆژی ١٩٨٥/٧/٧ لە یەکێ لە ڕۆژنامەکانی بەغدادا و لە زنجیرەی گوتارێکمدا، لە ناو قسەی تردا ئەمەم نووسی:

*«بەشی ئەو عەمەلانەی کە هەرەمی میسریان پێ بەرز کرایەوە هەر بە قەدەر ئەو پەتەیە کە بەشی ئیعدامکراوێکە، یا بەقەدەر ئەو شەپۆلانەیە کە هی نقوومبوویەکە. هەرەمەکان، لە یەک حاڵەتدا دەبووە هی کرێکار و کۆیلەکان: ئەوەش ئەوەیە قەبووڵیان نەکردایە*

*دروستی بکەن!! هەر بەردێکی تاشراوی ئەو هەرەمە، نیشانەی کۆیلایەتی سەد هەزار عەمەلە یا زیاترە و ئیتر لەوەوە هەموو کارێکی دیار و ڕەفتارێکی هەستپێکراو کە خەڵک بە بێ ئارەزووی خۆیان و بە ئارەزووی دەسەڵاتدارەکان ئەنجامیان داوە، هیچی بۆ حیسابی ئەوان ناگەڕێتەوە، تا تەنانەت لە حیسابی ئەوان دەریش دەکرێ چونکە جەماوەر هەژارییەکەی زیاد دەکا و بەرانبەر ئەو کارانەی ئەنجامیان داون بەهایان کەم دەبێ».*

ئەو قســـەیە، بۆ خەڵکی میســـری فیرعەونی و هەموو ئەو گەلانە بە ڕاست دەگەڕێ کە دەستبەرداری ئیرادەی خۆیان بوون یا ئیرادەیان لە دەســت داوە و ڕەنگە گەلی ســۆڤیەتی گەورەترین نموونەی ئەوە بێ و ئەو کارە زەبەلاحانەی ستالین ئەنجامی دان لە ئەنجامی دەسەڵاتییەوە بوو بە سەر داهاتی نەتەوەیی دووسەد ملیۆن بەشەر، بە کەیفی خۆی لێی ســـەرف دەکرد و بە کەیفی خۆی ئاڕاســـتەی دەکرد. بەڵام ئەو گەلانەی کە خاوەنی داهاتی نەتەوەیی خۆیانن، کاتی ئەوەیان نییە بیر لە کەناڵی زەبەلاح و بەربەســتی گەورە بکەنەوە و ئامادە نین ٨٠%ی داهاتی خۆی لەو پرۆژانەدا خەرج بکا کە ڕەنگە سوودیشی نەبێ، بەڵکو بە پێی ئارەزووی خۆی چەندی بوێ لێی ســـەرف دەکا و ئەوەندەش توانای بەرهەمهێنانی هەیە بۆ لایەنە پێویســـتییەکان و بەرژەوەندی گشتی و پێداویستی ژیانی سەردەمانە پشتی پێی قایم بێ و بە ڕاستی هەرچی بە ناوی تاکەکانیەوە تۆمار کرابێ هی خۆیانە و لە موڵکە گشتییەکانیشدا، بە بێ بەڵگەهێنانەوە و هەڵچوون، شەریکن.

بەڵام سۆسیالیزم هەڵبژاردەی مێژووی گەلانی سۆڤیەتی بێ، لە ڕاستیدا شۆڕش تێکەڵەیەک بوو لە ویستی هەمەڕەنگ و تێکشکانی سەربازی کە بووە سەرەتای ڕووخانی قەیسەر و قسەیەکی لینینم بیر دێتەوە کە

له هەندێ کتێبدا گوتوویەتی کە سەرکەوتنی هەموو شۆڕشێک بە دوو مەرجەوە وابەستەیە:

یەکەمیان ئەوەیە بەردەوامی بارودۆخ بەو شێوەیە مەحاڵ بێ. دووەمیان ئەوەیە چینی دەســـەڵاتدار نەتوانێ بەردەوامی بە بارودۆخەکە بدات. پێویســتە قەیرانێکی وا ڕوو بدا ئەو هاوکێشــەیە بێنێتە دی. قســەکەی لینین بەرهەمی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر بوو و شێوەیەکی نەرێنی لە ســـەر ســـەرنەکەوتنی شـــۆڕشـــی ١٩٠٥ تێدایە... کاتێ بەلشەڤییەکان سەرکەوتن، خاوەندارێتی سۆڕش و سۆسیالیزم کەوتنە دەستی حیزبی دەسـەڵاتدار کە لە ڕواڵەتدا نوێنەری ئیرادەی جەماوەر بوو بەڵام نوێنەرایەتییەکی بەردەوامی ســـەپێنـدراو کە قـابیلی بەرپەرچدانەوە نەبێ چونکە جەماوەر دوای ئەوەی کۆمۆنیزم دەسەڵاتی وەرگرت ئیتر هەڵبژاردنی ڕەتکردنەوەی نەما و ئەوەش ڕاســتییەکە لە ئاستی بەڵگەنەویستدایە و تەنانەت دوای ڕاگەیاندنی پەرەسترۆیکاش پاشـماوەیەکی بەهێزی ماوە و دواتر باســی ئەوەش دێ... لە ڕاســتیدا حیزب خۆی بە تەواوەتی دەستی لە خاوەندارێتی شۆڕش سۆسیالیزم بۆ ســـتالین هەڵگرت هەتا ڕۆژی مردنی و ئەو پیاوەش بە ئاشـــکرا و بە سـووربوون و شـانازییەوە، کەمتەرخەمی لە خۆسـەپاندن، وەک وەکیلی ڕەهـای بەردەوامی هەتـا مردنی حیزب و گەل و مێژوو و لینینیزم – مارکســیزم نەکرد... دوای ســتالینیش خاوەندارێتی واقعی ڕووســی بۆ هەندێ لەو دەستە دەسـەڵاتانە گوازرایەوە کە حەزیان بە دەسـەڵات و دەرفەت بوو.

ڕاســـتە گەل لە هەموو وڵاتێکدا دەبێ خاوەنی هەموو واقیعەکە بێ و دیموکراســـی ڕاســـتەقینەش جگە لەوەی تەرجەمەی پراکتیکی ئەو بنەمـایە بێ هیچی تر نییە بەڵام واقیع لە کوێ و تیۆری لە کوێ!

ئەوەی جێی سەرنجە، کام دەسەڵات زۆر توندوتیژ و گردەبڕە و لا بە لای مافی گەلدا بۆ ئازادی هەڵبژاردن ناکاتەوە، دەنگی لە هەموو کەس لە ڕاگەیاندنی پیرۆزڕاگرتنی داد و ئاسایش و ئازادی بەرزترە و هیچیان کەسیان لە قەرەقۆزی گەورەی ناو ئەدیبان و هونەرمەندان و زمانپاراوان و قەڵەمی داهێنەر و پەڕەمووچەی خولقێنەر ئیعدام نەکردووە و بە پارێزەری دیموکراتیدا هەڵدەدا کە جگە لە دزی دیموکراتی هیچی تر نەبووە و چەندیان بە دوورودرێژی باسی نیعمەتی تێربوونی بە ئیشتیا و پۆشاکی نەرم و ماڵی خۆشیان کردووە لە کاتێکدا خەڵک لە برساندا دەمردن و شڕەوپڕەیان دەپۆشی و لە تەویلەدا دەخەوتن.

دەکرێ چوارچێوەی قسان بەرین بکەینەوە بۆ ئەوەی مەبەستمان تێروپڕ بێ و ئەگەر وامان دانا گەلان خاوەنی مێژوون، تاوانێکی وایان ڕووبەڕوو دەکەینەوە هەموو خاڵێکی بوونیان و هەموو ساتێکی تەمەنیان دەگرێتەوە چونکە مێژوویەکی وایان دروست کردووە، دوژمنی خۆیان و هاوڕێی دەسەڵاتە و بەوەش شایستەی ئەوە دەبن تووشی کارەساتی وا بێن بیانهاڕێ چونکە خۆیان خۆیانیان تێ خستووە، ئەدی خۆیان خاوەنی مێژوو نین؟ من دەزانم ئەو گەلانەی کە بە ناچاری دەکەونە بارودۆخەوە بەرانبەر ئەو زوڵم و خراپەکاری و بۆچوونە بۆشانە بەرپرسیار نابێ کە زۆردار و داگیرکەر و بکوژەکان بە سەریدا دێنن، بەڵام لە لایەکی ترەوە بەرپرسیارەتی دێتە سەر کە لێکۆڵەرەوە و توێژەرەوە و مێژووزانان نایخەنە خانەی تاوانبارنەکردن و تاوانبارکردنەوە: ئەوەش بەرپرسیارەتی لێپرسینەوەیەکی ڕاستی جێبەجێکردنی حوکمی تاوانبارکردنە، لە کاتێکدا لە کێشانی وێنەی سیاسەتی وڵاتەکەی دەستبەردار بێ، موسیبەت خاکەکەی داپۆشیبێ و ئەویش وەک تۆپەڵێکی لەبیرکراو پشتگوێ خرابێ. ئەو زەلالەت و زوڵم

و سـووکایەتی و بێنرخکردنەی بە سـەریدا دێن لە سـاڵانی بەندکردنی دز و تەزویرچی و ڕێگر گەورەترن و بۆ تاوانبارکردن و تۆمەتوەپاڵدانی بەســـن، چونکە هەموو تەمەنی کە ئیرادەی پەکی خراوە نرخی تاوانە گەورەکەی دەدا کە لە دەسـتدانی ئیرادەیە و قسـەی من و خەڵکی تر کە بڵێین گەلی کلۆڵ لە ڕووداوەکانی دەوروبەری بێتاوانە، بۆ چارەسـەر دادی نادەن و ئەوەندە بەسە پێی بڵێین کلۆڵ و کلۆڵییەکەی هۆکارێکی گەورەیە بۆ تاوانبارکردنی.

ئەگەر ئێمەی نووسـەران و بیرمەندان شـێوازی خۆمان لە بێتاوانکردنی گەلی کلۆڵ بە لاوە پەسەند بێ، ئەو ڕاستییە گەورەیە ڕاست بۆتەوە کە ئەو گەلە کلۆڵە چ جۆرە سووکایەتی و ئازارێکی چەشتووە تا ئەو بناغە هەڵبەسـتراوە هەڵتەکێنێ کە سـەرسـامبوونی خۆمان بە بێبەریکردنێکی بۆش لە سەری هەڵچنیوە.

ئەگەر بێئاگابوونی یەک دەقیقەی چاودێری گەنجینەیەک بەس بێ بۆ ئەوەی دز دەستی بە سـەردا بگرێ ئەی دەیان ساڵ و سـەدان خەوی خۆشی سەدان ملیۆنان بەشەر بۆ ئەوە بەس نییە فێری ئەو لۆژیکەمان بکا لە خەوی چاودێرەکەوە فێری بووین؟ کەس جورئەت دەکا ئەو چاودێرە بە بیانووی خەوەوە بێبەری بکا؟ دەبوو و چاوەڕوانیش دەکرا و بە ســـــەریەوە ئەرکیش بوو کە نەخەوێ بەڵام کە خەوت گەنجینەکە بووە هی دزەکە و ئەو ڕۆژەش تۆڵەی دەکرێتەوە کە گەنجینەکە بگەڕێتەوە!! جەنابی سەرۆک گورباشۆڤ، من لەوە دەگەم کە واقیع زۆر زۆر لەوە قورستر و ئاڵۆزترە ئاوها بە ئاسانی دەستەمۆ ببێ و خەوتوو لە خەوی غەفڵەت بەئاگا بێتەوە و خۆی لە زنجیری کۆیلایەتی داماڵێنێ تا ئەوەی تیۆری خەباتی چینایەتی بەو شـــێوەیەی داڕێژراوە، گوایە بزووتنەوەیەکی بەردەوامی هەموو مێژووە، بە درێژایی مێژوو جێبەجێ

نەبووە جگە لە هەندێ حاڵەتی دەگمەن کە بە چەندین ســـەدەدا و لە وڵاتانی دوور لە یەکتردا پەرت بۆتەوە و تەنانەت ئاگاشـــیان لە یەکتر نەبووە. جگە لەو حاڵەتە هەرە دەگمەنانە هیچ تێکۆشـــــانێک بە ناوی خەباتی چینایەتییەوە تۆمار نەکراوە مەگەر لە سنووری هەوڵی مانەوەدا بووبێ کە زۆربەی هەرە زۆری جارەکان بە هەوڵی تاکە کەسی بوونە.

خەباتی چینایەتی و خەباتی نەتەوەیی و خەباتی جیهانی شـــــێوازێکی دەگمەنە و پێویستییان بە بەشداریکردنی گشتی چینەکە و گەلەکە یا هەموو گەلان هەیە، ئەوەش بە ئاگایی و سـووربوونەوە بۆ گەیشـتن بە ئامانجێکی خۆیان کە لە هەموو ڕوویەکەوە ڕوون بێ. ئەگەرچی ئەوانە پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان بە زۆرینەی ناوەڕۆکی کتێبە گرنگەکەتانەوە هەیە بەڵام من ناچمە ناو باسی کوێرەڕێیەکانیەوە.

تێکۆشانی تایبەتی تاکە کەسێک یا بنەماڵەیەک چارەنووسی مرۆڤە بۆ ئەوەی بژێ و پێویســـتی بە مامۆســـتا نەبێ و لە ســـەر بەشـــداربوونی تاکێکی تر نەک هەر پەکی ناکەوێ بگرە لە سەر پارووە نانی ژیان بەر یەکیش دەکەون. لە کۆنەوە هەتا ئەو کاتەی من پێی ڕا گەیشـــــتم، زۆربەی ململانێکان لە نێوان تـاکەکانی یەک چین بوون و هەرگیز حەمباڵ ململانێی بازرگان یا ملکداری نەکردووە، بەڵکە حەمباڵێکی تر ڕکابەری بووە. بەقاڵیش ڕکابەری لەگەڵ بەقاڵی تردا هەیە نەک عەتار و ئیدی بەو شـــێوەیە. ئەو شـــێوازە هەتا ئێســـتاش بەربڵاوە مەگەر شـارسـتانەتی ئەوەندە پێشـکەوتوو بێ بە جێگرەوەی کەرەسـەی ژیان جێی پڕ کردبێتەوە و ســـنووری بۆ بەریەککەوتن و ململانێیان دانابێ و قسە لە سەر ئەو بابەتەش دوور و درێژە.

لەم سـەردەمە تازانەدا بارودۆخ گۆڕا و مارکسـیزم ڕۆڵێکی گەورەی لە بزواندنی هەســـــتی چینایەتیدا هەبوو کە بە شـــێوەی جۆراوجۆر و لە

ئاستی جیاوازدا تا ئاستی ناکۆکبوون لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ یەکێکی دی دەرکەوت و یەکێ لە ئەنجامەکانیشیی، بۆ نموونە، پەرەسەندنی هەستی چینایەتی بوو لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا و ئەوەشی بەرهەمی هێنا، تەنها ئەوە بوو هەژار ڕقی لە دەوڵەمەند بێ و نەشـــیتوانی ململانێی نـاو زەحمەتکێشـــەکان نەهێڵێ. نقابەکان هەندێ هەوڵیان لەو بوارەدا دا بەڵام هەوڵێکی پڕ لە کەموکورتی و توندڕەوانە کە کەسانێک ئەنجامیان دەدا لە تاریکیدا نقوم ببوون... ئەو گەلانە دڵنیاییان بۆ مافی تاکەکانیان نییە دڵیان بەوە خۆش نابێ لە ســـەر کاغەز دان بەوەدا بنەرێ کە کاروبارییان لە دەســتی خۆیاندایە و ئەوەندە بەســە کە تاکەکان خاوەنی خۆیان یا ئازادی خۆیان نین و ئەو هەناسانەی هەڵیاندەمەژێ بە ئیزنی دەزگای ئاسـایش و دەسـەڵاتن، ئیتر کە خاوەنی خۆی نەبێ چۆن دەبێ بە خاوەنی مێژووەکەی؟ ئاستی تاکی سۆڤیەتی لە سەردەمی ستالین و سەردەمە بە بەردبووەکانی دوای ئەو لە ئاستی ئەو کەسانە زیاتر نەبوو کە خاوەنی خۆیان نین و حیزب وەها تەماشا دەکرێ کە درێژەپێدەری تاکە لە لەدەســتدانی ئیرادەدا و جگە لە ئەڵقەی پەیوەندی نێوان لوتکە و بنکە، بۆ جێبەجێکردنی فەرمــان و پەیــداکردنی دەرفەت بۆ خەڵاتکردنێکی هـاکەزایی بۆ دەربڕینی پێزانین بەرانبەر خزمەتەکـانی، هیچی دیکە نییە. هەموو ئەوانە لە ســـەر حیســـابی جەماوەر کە هیچ جۆرە ئیرادەیەکی نەبووە و هەتـا تۆ و ئەو برایـانەت کە لەگەڵتـدان و باوەڕتان بە ڕاســتکردنەوە، لە ســەر شــێوەی پەرەســترۆکا هێنا و ئەو ســـەرەتایانەمان لەگەڵیدا دیت کە بەربەســـت لە بەردەم ئەو تاکانەدا دادەنێن کە دەیانەوێ تاکایەتی خۆیان پەیڕەو بکەن.

یەکێ لەو مەسـەلە گرنگانەی کە پەرەسـترۆیکا، لەگەڵ مەسـەلەی زۆر گرنگی تردا دەیخاتە ڕوو، مەسەلەیەکی ترسناکە و ئەوەش ئەوەیە ئاخۆ سۆسـیالیزم هەڵبژاردەی مێژوویی گەلانی سۆڤیەتە یا هەڵبژاردنێکە لە

لووتکەی هەرەمی دەســەڵاتەوە بە ســەریدا ســەپاوە؟ ئەی جەماوەر دەتوانێ لە لایەن خۆیەوە چارەسـەر لە داهێنانی خۆی پێشکەش بکا یا داوای لێ دەکرێ ئەو چـارەســـەر قەبووڵ بکـا کە پەرەســـترۆیکـا پێشـــکەشـــیانی دەکـا؟ ئـا ئەمە شـــوێنی تـاقیکردنەوەی قووڵایی پەرەسـترۆیکایە بۆ چوونە ناو پرۆسـەی دارشـتنەوەی کەسـایەتی تاکی سـۆڤیەتی. ئارەزووی خەڵکی سـۆڤیەت لەو بۆچوونانەدا کە لە ڕۆژنامە ســـۆڤیەتییەکـانــدا بڵاو کراونەتەوە و لە چــاپە ئینگلیزییەکـانــدا خوێندوومەتەوە ئەوەیە سـەربەسـتییەکی تەواویان هەبێ بۆ بڕیاردان لە سـەر هەرچییەکی بە لایانەوە ئاسـوودەبەخش بێ و ڕای یەکێ لەوانەم خوێندەوە ڕایدەگەیەنێ کە هیچ هیوایەک لە سەرکەوتنی پەرەسترۆیکا بەدی ناکا ئەگەر ئەم سێ مەرجە بەدی نەیەن:

1. دەســت بەســەردا گرتنی ئابووری لە لایەن دەوڵەتەوە کۆتایی بێ.
2. ئەو بازاڕە بگەڕێتەوە کە پێش شۆڕش باو بوو.
3. کرێکار و ناکرێکار ڕێیـان هەبێ بەوپەڕی ئازادییەوە توانای خۆیان بفرۆشن...

یەکێکی تر ڕای نزیکی لەو ڕایە هەبوو و تەنانەت لەوەش سـوورتر بوو کە خەڵکی مافی خۆیان بەدەست بێنن و لە سەر ئەوەش سوور بن کە ئەو ڕاستی و ڕووداوانەی لە سەردەمی ستالینەوە بە تەماوی ماونەتەوە ئاشـــکرا بکرێن و بەراورد لە نێوان ئەوانەدا دەکا کە خۆیان هەیانە و گەلە پێشـــکەوتووەکانی تر هەیانە و هەندێکیان زیادەڕۆیی دەکەن و دەڵێن بەشـــی تـاکی ســـۆڤیەتی لە نیشـــتەجێبووندا چوار مەتری چوارگۆشەیە و تاکی ئەمەریکی ژوورێکی تەواوی هەیە... بەو شێوەیە تا دەبینم سـەرۆکی دادگای باڵای سۆڤیەتی لە یەکێ لە ژمارەکانی New

Times دا له باسی سستەمی یاسایی سۆڤیەتدا شتی وا دەڵێ قەت خەیاڵم بۆی نەدەچوو. دەبینم فلادیمیر لومیکۆ برگەیەکی لە گوتەی جەنابت، لە لاپەڕە ۷۵ی ژمارەی شوباتی International Affairs ەوە گواستۆتەوە کە لە کۆبوونەوەی ۴۳یەمی نەتەوە یەکگرتووەکاندا گوتووتە و ئەمە دەقە ئینگلیزییەکەیەتی:

We are deeply absorbed in the building a socialist rule – of – law – state.

هەر دەڵێی هەتا ئێستا لە دەوڵەتێکدا دەژین چەتری یاسای بە سەرەوە نییە. عەقڵ چۆن قەبووڵی بکات گەلانی سۆڤیەتی سستەمێکیان هەڵبژاردبێ کە تیایدا مرۆڤایەتی تاک و کۆ تیایدا بە یاسا پارێزراو نەبێ؟ نەبوون یا لاوازی یاسا لە هەر وڵاتێکدا تایبەتمەندییەکە بەرژەوەندی هێزی خۆسەپێن لە دژی ژێردەستەکان دەیخوازێ و هیچ لێکدانەوەیەکی تر هەڵناگرێ و هیچ ئەنجامێکیشی لێ چاوەڕوان ناکرێ ئەوە نەبێ کە دەسەڵات چنگیی توند بێ و خەڵکەکەش مل بۆ ئارەزووەکانی بدەن. پێم وایە یەکەم ئەرکی پەرەسترۆیکا ئەوەیە ئەو تایبەتمەندییە لە دەسەڵاتدارانەوە بگوازێتەوە بۆ گەل و بۆ ئەوەی تووشی زیادەڕۆیی نەبین ئاستی مام ناوەندی ئەوەیە بە یاسای کاریگەر پارێزگاری لە مافەکانی گەل بکرێ و سنووری ڕوون بۆ بەرپرسیارەتی سەرکردە و دەسەڵاتەکانی دیاری بکرێ، ئەوەش ناکرێ ئەگەر یاسا لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن بە تەواوەتی جیا نەکرێتەوە و کۆمەڵگە بە دەسەڵاتدار و بێدەسەڵاتەوە نەخرێنە بەردەم جێبەجێکردنی یاسایی ئوسوولییەوە کە دادگا لە دامێنەوە تا سەرەوە چاودێری بکا و نقابەی

سەربەخۆی پارێزەرانی تەواو سەربەخۆش هاوشانی نەبێ، ئەوەش داد نادا... پێشم وا نییە پێویست بکا زیاتری بە دوودا بڕۆین.

بڕگەی چوارەمی سەرەوە کە دەقەکەی دەڵێ «ملیۆنەها خەڵکی کارکەری کرێکار و وەرزێر و ڕۆشنبیران...» یەکێکە لەو دروشمانەی کە لەگەڵ بڵاوبوونەوەی کۆمۆنیزمی نێونەتەوەییدا بڵاو بووەوە و هەوڵی زۆری بۆ هەڵکەندنی کەندی قووڵی نێوان چینەکان داوە و نەویستراوە کەندەکان پڕ بکرێنەوە و پردی پەیوەندییان بە سەردا دروست بکرێن ئەوەش بە هۆی ئەو وەهمەوە خۆی بە خەیاڵی خەوبینەرانی دروشمە نێونەتەوەییەکاندا دەکرد بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگەیەک جیاوازی لە نێوان ڕۆڵەکانیدا نەبێ، ئەمەشیان لە ڕێی بێچین کردنیەوە کە دەکاتە ئەوەی هەر لە پرۆلیتاریا پێک بێ.

لە ڕاستیدا، زیادکردنی «ڕۆشنبیران» بۆ کرێکار و وەرزێر هەر لە بنەبانەوە بۆ بەقاچاخبردنی کەرەسەی حەرامە بۆ ناو حەڵاڵەکان چونکە پێویستی وای کردووە ڕۆشنبیری و زانست بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵگە بەکار بهێندرێن دەنا مەکینەکە لە کار دەکەوێ. خەسڵەتی «بەقاچاخبردن»ی ئەو وشەیە بەوە ڕوونتر دەبێتەوە کاتێ ڕایدەگەیەنێ کە کرێکار و وەرزێر ڕۆشنبیر نین، واتە ئەهلی ئەوە نین ئەرکی ئاراستەکردن و بەڕێوەبردن و ڕێکخستن و «زانستاندن»ی کارەکان بگرنە ئەستۆ توانای ئەوەیان نییە زادی زانست و تەکنیک و هونەر و شارەزایی بدەنە کۆمەڵگە. بە بێ ئەم «بەقاچاخبردن»ـە حەرامە بۆ کۆڕی حەڵاڵەکان دەبوو دەرگای قوتابخانە و کۆلێژ و زانکۆکان داخرێن و کۆمەڵگە بەرەو ژیانی ناو ئەشکەوت بگەڕێننەوە. کەسی عاقڵ بە بیریدا دێ وەرزێر یا کرێکار ببێتە فڕۆکەوان یا زانای ئەتۆم یا مایسترۆی سەمفۆنیا یا مامۆستای زانکۆ یا ئەندازیاری پەنگاوی

دانیبەر؟ ڕۆشـــنبیران هەر بە زەرروورەت و گردەبڕ، ســـەر بە بۆرژوای دەرەوەی واتای «پرۆلیتار»ن و بە شێوەیەکی ڕەها ناوکی شارستانەتی و زانست و تەکنەلۆژیان. ئەم ڕێکەوتە چییە شۆڕش بە پرۆلیتاری ناو ببرێ لە کاتێکدا بە شـــۆڕش بێ بۆرژوا - کە بە پێی «لێکدانەوەی چینایەتی» ی کۆمەڵگە، خەڵکانێکن لە ڕووی پێکهاتەوە بەرهەڵســـتی پرۆلیتارن - نە بەرپا دەبێ و نە بەردەوام دەبێ و نە پێشیش دەکەوێ؟

ئەم دابەشـــکردنەی لایەنە شـــۆڕشـــگێڕە دیارەکان بە ســـەر کرێکار و وەرزێر و ڕۆشنبیردا، دوای سەرکەوتنی شۆڕش پێویست نامێنێ چونکە بە دەســـەڵات گەیشـــتووە و پێویســـت بەو دروشـــمانە ناکا ئاماژە بن بۆ جیاوازی ســـــەرچاوەی چینایەتی و کۆمەڵایەتییان چونکە بیرهاتنەوەی ئەوەی فلان لایەن بۆرژوان و فلانیش پرۆلیتار لە کاتی جۆشـــســـەندنی شـــــۆڕشـــــگێڕێتیدا بۆ ورەبەرزکردنەوەی ورەی «چەوســــاوەکان» و خۆشـــــکردنی ئاگری پێویســــتە تا زوو بگەنە دەســــەڵات، ئەوەش بە ســـــەرکەوتن بە ســــــەر ناچەوســــاوەکاندا. لۆژیکی ڕەها و لۆژیک لە جێبەجێکردندا ئەوە دەخوازن لە سایەی دەوڵەتی «پرۆلیتا» دا وشەی «گەل» بەس بێ.

لە هەندێ شـوێنی کتێبەکەتدا و لە باسـی چارەسـەری ترسـی ناوکیدا دەڵێی پێویســـــت بەوە ناکا لە جۆری دەســـــەڵات بکۆڵینەوە چونکە هەمووومان دانیشـتووی یەک هەسـارەین و مەبەسـتمانە لە لەناوچوون بیپـارێزین و ئەگەر ئـامـانج ســــەلامەتی ئەم «زەوی» یە بێ دەبێ یەکسـانی لە نێوان ئەو سـســتەمانەدا هەبێ کە لە ناوەڕۆکدا جیاوازن. ئەی چۆن لە دەوڵەتێکدا کە ناچینی ڕاگەیاندووە بیری خەڵکی دێننەوە کە سەر بە چینی جیاوازن؟ من بەهایەکی ئەوتۆ بۆ بەرزکردنەوەی ئەو دروشـــــمە دابەشـــــکردنە لە دەوڵەتی ســــۆڤیەتدا دانانێم مەگەر لەو

گۆشـەیەوە کە لەگەڵ ڕووی ئاشـکرای بانگێشـەکەدا ناتەبایە کە گوایە هەموو خەڵک لە کۆمەڵگەی بێ چیندا یەکسـانن. یا ڕەنگە ویسـتبێتت لەگەڵ یەکێ لە ئـارەزووکـانمـدا یەک بێتەوە تـا لە یەکەم دەوڵەتی پرۆلیتـاری بێئینتیمـادا بەڵگەیەکی بەهێز ببینم کە ئینتیمـای هەمەجۆر شـتێکە قسـەی لە سـەر نییە و یەکێکە لە پێویسـتییەکانی کۆمەڵگە بەڵگەش ئەوەیە لە هەندێ دروشـمی سـۆڤیەتدا، دوای حەفتا سـاڵی دروسـتبوونی دەوڵەتەکە هەر ماوەتەوە، بەڵکو ئەوەی حیسـابی لە سـەر دەکەم ئەوەیە کاتێ چەپە توندەکان دەبینن سـۆڤیەت مافی بوونی ئینتیمای جیاواز تەنها بەو سـێ لایەنە، کرێکار و وەرزێر و ڕۆشـنبیران دەدا، ئەوان لە سـیاسـەتی جیهانی سـێیەمدا توندتر دەسـت لە هەڵگیرسـانی شـەڕی چینایەتی گیر دەکەن و ئیتر بازنە بۆشـەکەی تێکۆشانی سیاسی لە جیهانی سێیەمدا بەردەوام دەسووڕێتەوە چونکە چ هیوا لە بەئـاگـا هـاتنەوەی نـاکرێ بۆ ئەوەی بە وەلانـانی هۆکـارە نـاوخۆییەکانی نـاتەبـایی لە ڕێبـازەکەدا، کە یەکێکیـان دابەشـکردنی چینایەتییە ڕیزی تێکۆشـەرانی یەک بخا، بەڵام کۆمۆنسـت دەسـت لە شـێوازی دابەشـکردنی چینایەتی بەرنادا تا جگە لە پرۆلیتار، بە سـەر چینەکان و نوێنەرانی چینەکاندا زاڵ نەبێ...

گەورەم، بە تاقیکردنەوەی پراکتیکی، لەو کاتەوە کە دەوڵەتی سـۆڤیەت پەیدا بووە و پێشـتریش بە هەموو لۆژیکێکی سـاغ یەکلایی بۆتەوە کە پێش شۆڕش گردبوونەوەی دەسەڵات و سەرمایە لە دەستی دەسەڵاتدا، بۆ سەر کەرامەتی خەڵک و ئازادی و چارەنووسیان لەوە مەترسیدارترە پارە بە سـەر لایەنەکانی دەوڵەتدا دابەش بکرێ بە مەرجێ بە یاسـای بەربەست سنوور بۆ توانای دەسەڵات و دەستڕۆیشتنی ئاراستەکردنی دابندرێ بۆ ئەوەی توندوتیژ نەبێ و لە لایەکی ترەوە ڕۆڵی هاوڵاتی لە بەرگری لەخۆکردنـدا زیـاد بکرێ ئەوەش بەوەی مـافی ڕەخنەگرتن و

بەرپەرچدانەوەی دەســەڵات و خۆپیشــاندان و مانگرتن و شــتی لەو بابەتانەیان هەبێ. چاوەڕوانی ئەوەش ناکرێ ســـامان خۆی لە خۆیدا ببێتە سەرچاوەی ترسی ڕاستەوخۆ و چارەسەری نەبێ چونکە «باج»ی بەرەو هەوراز و یاسـای ڕێکوپێکی کار و بوونی کەرەسـەی خۆدەربڕین بۆ هەموو کەس، لەگەڵ گەشــەکردنی ســیاســیدا کە لە فرەحیزبی دەکەوێتەوە بۆ ئەوە بەسـە مەترسـی سـامانی دەسـتی تاکەکان نەهێڵێ. من خۆم تاقیم کردۆتەوە، کاتێ لە وڵاتێکدا بە پێی پەیماننامەی پێش شــۆڕشــی تەمموزی ١٩٥٨ وابەســتەی ئینگلیز بوو، فەرمانبەر بووم، قورسـایی نوێنەری بەرهەڵسـتکار چەندین جار لە قورسـایی گەورەترین دەوڵەمەندی وڵات زیاتر بوو، ئیتر لە وڵاتێکی وەکو نەرویج یا بەلجیکا یا چیکۆسلۆڤاکیادا، سـامان چی لە سیاسـەت دەکا و توندڕەوانی چەپ لە ترســاندنی جەماوەر لە گردبوونەوەی «ســەرمایە» لە دەســتی تاکەکاندا، داهێنانیان کردووە و شـانبەشـانی ئەوەش بە بەردەوامی و بە سـووربوونەوە هەوڵیان داوە ڕەنجخۆری ناشـرین بکەن تا وای لێ هات لە بیری خەڵکیان بردەوە گردبوونەوەی سەرمایە لە دەستی دەوڵەتدا و ناساندنی دەسەڵات وەک لایەنێکی دوور لە ڕەخنە و ئیفلاس پێکردنی تاکەکان لە هەر دڵنیاییەکی ژیانی ســەربەخۆ بۆ بەدەســتهێنانی لوقمە نـانێـک کە دەوڵەت دەیـداتێ، یەک ملیۆن جـار مەترســـیدارترە لەو ترســـەی کە ڕێی تێ دەچێ بە هۆی ئازادی خاوەنداریێتییەوە لە وڵاتە دیموکراتییەکاندا ببێ. بەڵام لە وڵاتی دکتـاتۆریـدا کە ســـســـتەمی خـاوەنـداریێتی تـاکی تێـدا مـابێ، دەوڵەمەنـد و هەژار و نەزان و زانـا، هەموویان لە ڕووی ئەو «بێ قورســـایی» ـــــــەوە یەکســـانن کە دەیگوزەرێنن.

جا گەورەم، مەترسی لە خودی سەرمایەوە پەیدا نابێ بەڵکو لە نەبوونی دڵنیایی دیموکراتی ڕاســتەقینەوە پەیدا دەبی کاتێ دەســتی بە ســەردا

دەگیرێ جا بە ئاشـــکرا بێ یا بە فێـڵ و تەڵەکە و بادانەوە... ئەو خنکاندنەی کە مەترســییەکەی لە بیرۆکراتییەوە ســەرهەڵدەدا، جا لە ڕووســیا بێ یا ڕۆدیســیا، بۆ خەڵک لەوە قورســتر و گرانترە ســمیس و گۆنزالیس و پۆپۆلۆف واز لە هەوڵی خۆیــان بێنن بۆ فەراهەمکردنی سەرمایە، کە لە گۆشەیەکی بەرهەمهێنان و لە ژێر چاودێری دارایی و «باج» دڵنیایی کاردا بەڕێوەت بەرن.

جگە لەوەش، گوشــتنی بزوێنەری تاک کە چەقی پێشــکەوتن بووە لەو زیندەوەرانەوە دەستی پێ کردووە کە لە یەک شانە پێکهاتوون تا دەگاتە مرۆڤ کە موعجیزەی کەونی هەســتپێکراوە و جێی نووکی ڕم و دەمی قەڵەم دەگرێتەوە، کە بەبێ دەم و نووک، دەبنە دارێک و چیلکەیەک و بەچاکدانانی پاڵنەری کۆمەڵایەتی لە سۆسیالیزمی ڕێکخراودا چ نەبوو جگە لە هەڵەی یۆتۆپیایی زاناکانی سەرەتای ئەو بوارە کە چەندین جار و چەندین بار لایەنە ئەو واقعییەتەی دادەپۆشــێ کە تێیدا هەیە، جگە لەوەش بە نەرێنییەکی بێلایەنانەی یۆتۆپیاییەوە ناوەســـتێ و هەر لە یەکەم هەنگـاوەوە داوا دەکـا بوون بگرێتە خۆی و لەگەڵ لۆژیـک و ســروشــتیدا دەڕوا تا دەگاتە ئەوەی کە لە ڕێڕەوە مێژووەکەیدا دیتمان، خوێنی ڕژاو و ئازادی پێشێلکراو و چەندین زوڵمی سەپاو و هەڵکەندنی چەنـدین بنەچە و ئـاوارەکردنیـان... تـا پێش پـانزە یـا دە ڕۆژ پێش ئەمڕۆی (١٩٨٩/٦/١٦) دیتمــان چینی گەل و شـــۆڕش هەزاران خوێندکاری بێچەکیان لە گۆڕەپانی پەکین کوشت.

ئەمە هەنـدێ تەرجەمەی عەمەلیی دروشـــمی کرێکـار و وەرزێر و ڕۆشـــنبیرە و لە وەهمیش بیر بۆ ئەوە ناچێ لە دەوڵەتێکدا ســـێبەری دیموکراتی بۆرژوای تێدا بێ، شتی وا ڕوو بدا و سۆسیالیزمی مارکسیش پێی دەڵێ بەرهەمخۆر و چەوســـێنەری چینەکان و خوێنمژ... گوتم بە

باشـــــترزانینی واندانی بزوێنەری کۆمەڵ لە بزوێنەری تاک هەڵەیەک بووە و ئەوەش کەمترین شــــتە باســــی ئەو بۆچوونەی پێ بکرێ دەنا نەزانییەکی چڕە بەرانبەر بە ســـروشـــتی مرۆڤ و ســـروشـــتی مانگا و سروشتی شتی تریش، چونکە ژیان بەو هاندەرە نەبێ بەردەوام نابێ و هێلکەش بەو پاڵنەرە نەبێ هەڵیناهێنێ و بیناســـــازی و کشــــتوکاڵ و دۆشــــین و دۆزینەوەی ئەســـــتێرە و هەردوو تەوەری زەوی و قووڵایی زەریاکان و دابەزین لە سەر مانگیش بە بێ ئەو پاڵنەرە ئەنجام نادرێن.

برینکارییەکی ســـــاکاری هەندێ لە ئەندامەکانی پیاو یا ژن دەیکاتە بوونەوەرێکی مەیلەو بەنجکراو و برینکارییەکی تر ئارەزووی مڵکداری لێ دەسـێنێتەوە و لە پلەوپایەی دادەگرێ و دەیکاتە بوونەوەرێکی نێوان بەشەر و ئاژەڵ: هاندەری مرۆڤ لە هەندێ شێوەیدا، وەک خۆشویستنی ژیان و بەردەوامبوون، دنگەی بەردەوامبوونی زندەوەرانن بە بەشــــەر و ئـاژەڵ و بە بێ ئەوانە پەرت دەبن و لەنـاودەچن. پـاڵنەری تـاک لە هەندێ مەودای لە ســــەرەتای بوونیەوە لە هەموو ســــەردەمەکاندا دروســــتکردنی کیانی خۆی بووە، ئەوەش بزوێنەرێکە و دەشــــێ پەرە بســــێنێ و گەشــــە بکا یا بە پێی بارودۆخ بکەوێتە ژێر کاریگەری خۆگونجاندنەوە تا ئەو ڕۆژە هەست بە پێی شارستانەتی گەشە دەکا و ئیتر پێویســــت بە بزوێنەری خاوەنداریێتی تایبەتی تاک نامێنێ ئەوەش بە هۆی لەدایکبوونی بزوێنەری گشتییەوە لە جێی بزوێنەری تاک، لەو دەمەدا، ئیتر لە بنەڕەتەوە پێوســــــت بە تیۆریزەکردن و حیزب و گوتنەوەی دروشــــمیش نامێنێ، ئەوەش بۆ ســــەرجەمی گەلان ڕۆژێکی گەلێ دوورە و بەڵگەنەویستیشە بۆ کۆمەڵگایەک کە ماوەی سیی ساڵ ســتالینی پەرســتبێ و ســەردەمێک لە بەردبووندا مابێتەوە و ئێســتاش هەنگاوی لە تۆڕی بیرۆکراتی بێاڵێ و یاســــایەکیش نەبێ پەنای بۆ ببا، زۆر دوورە.

هەر لە بۆنەدا دەڵێم تیژترین چەک کە بە ڕووی بیرۆکراتی و زۆرداری و زاڵمی بە بەردبوودا هەڵکێشــرێ، شــمشــێری خاوەنداریێتی تاک و بزوێنەری تاک و بە پێی ئارەزوو خۆڕەفتارییە لە ســـنووری یاســـای شــارســتانەتیدا، چونکە ئەو ئارەزووانەی حەفتا ســاڵە لە ناو قومقومی ڕێنمایی و شــیکردنەوە و دروشــم و چاوەڕوانی دابەزینی «وەحی» لە هەرە بەرزوە خەفە کراون وایان کردووە ئەو بزوێنەرانە ببنە دێوی ناو قومقومی خەتمکراو و ئەگەر بە ئارەزووی ئارەزوومەندانی خاوەنداریێتی و بیناسازی و هەڵسوکەوت و سەفەر خەتمی سەر قومقومۆکە لە سەر بزوێنەرەکە لابچێ وەک لافاو ســەر دەکا و بیرۆکراتی و تیۆریســازان و خاوەنەکانی تۆڕی جۆلاییکەرەی فەلســـەفە و ئایدۆلۆژیا و چینایەتی ڕەنجخۆری و بەربەســـتی ئارەزوو و حیزب ڕادەماڵێ... ئەمە دەڵێم و هیوادارم ئەو لافاوە هەڵنەسێ چونکە ڕێی تێ دەچێ کاریگەری نەرێنی لەم زووانەدا هەبێ بەڵام وەک کاردانەوەی ئەو دروشـــمانە دەیڵێم کە بانگاشـــەی ئەوە دەکەن کە ڕۆڵەکانی یەک گەل بۆ ماوەیەکی ئەبەدی و ئەزەلی بە ناوی خەباتی چینایەتییەکی واوە بە یەکترەوە ســـەرقاڵ دەبن کە ئاگربەســـت و پێکهاتن قەبووڵ ناکا، لە کاتێکدا ڕۆژ بە ڕۆژ ئەو شـــێوازە زیاد دەکا کە بە جۆرێ لە جۆرەکان ئەو ناتەباییە بە لێکتێگەیشـتن چارەسـەر بکا، وەک لە کۆمەڵگەی سـوید و سـویسـرا و دەوڵەتە شارستانیەکانی تردا چارەسەر دەکرێ و لە دەست تیۆرستەکان و هیتافلێدەرەکان و هاندەرەکان و بیرۆکراتەکان نەجاتیان بووە، ئەوجا حەساونەتەوە...

گەورەم سـەرۆک گورباشـۆڤ، من داواناکەم بە زەبری هێز دەسـت لە ســـۆســـیالیزم هەڵگیرێ. ئەگەر گەلێک پێی خۆش بێ لە ســـەر ئەو سۆسیالیزمە بەردەوام بێ کە بە زۆر، بە سەریدا سەپاوە، مادام خۆبەخۆ و لە نــاخەوە هەڵقوڵاوە و ئیرادەی خەڵکی تێــدا زەوت نەکراوە،

ئارەزوویەکی جێی ڕێزە. ئەمە هاوشـــانی لۆژیکی ڕێزگرتن لە ئیرادەی جەماوەر دەڵێم، ئەگەرچی دەزانم بە قەدەر کەمبوونی بزوێنەر تاکی ناو کۆمەڵگەی ئەم سـەردەمە و تەسـکبوونەوەی بازنەی هەڵبژاردنی تاک لە کار و ڕەفتاردا، لە لایەکەوە دواکەوتن دەبێ و لە لایەکی تریشـــەوە بیرۆکراتی، چونکە بەڵگەنەویستە کاتێ کە خەڵکی لە ڕووی خاوەنداریێتی و ئازادی ڕەفتـار و هەڵبژاردنی شـــێوازی ژیـان و ڕقبونەوەیـانەوە لە دەزگای ڕاگەیاندن بۆ ڕا دەربڕین، دەستبەرداری بزوێنەری تاک دەبن، ئیدی دەستەی دەسەڵات لە جێی ئەوان ئەو ئەرکە دەگرنە ئەستۆ دەنا واقیعەکە هەر بە جارێ دەیبەستێ و حەتمیەتی بیرۆکراتی لێرەوە پەیدا دەبێ چونکە ڕێی تێ ناچێ خەڵکەکە دەســـتبەرداری بزوێنەری خۆیان بن، ئەوجا بینە چاودێری دەســەڵات بە ســەر ڕەفتاری خۆیانەوە. ئەوە وەهمە. دەســـەڵات لە هەموو وڵاتێکدا کە مەرجەکانی دیموکراســـی ڕاســتەقینەیان تێدان، پەیڕەوی بیرۆکراتیش دەکەن ئەگەرچی یاســای وایـان هەیە کە ڕێزی بزوێنەری تـاک دەگرێ و خـاوەنـداریێتی تـاک دەپارێزرێ و دان بە مافی ڕەفتاری ئازادانەی تاکدا نراوە، ئەی ئەگەر لە وڵاتێکدا بە یاسـا ئەو هەسـتانە بکوژرێ چۆن دەبێ؟ بنەمای هەموو شـارسـتانییە بەرزەکان، بەوە دەسـتی پێ کردووە مرۆ لە پەسـەنکردنی جۆری گۆشتی نیوەڕۆژە و شامدا ئازاد بێ تا دەگاتە هەموو ڕوو و لایەن و شێوازێکی سستەمی دەسەڵات و بە ئازادی ڕا دەربڕین و بیروباوەڕ و ئاین و لەزەتبینینی ژیاندا تێپەڕیوە کە هەموویان توخمی نایەکگرتوو و ڕوونن و پێویســـتیان بەوەیە چاودێری بکرێن و بە باشـــی لە دژی دەستتێوەردان و تێکدانی دەمەزەرد بکرێنەوە.

بۆ ئەوەی وەزیرێکی وڵاتێک ناچار بێ گوێ لە بۆچوونی خەڵک بگرێ و ڕێزی ئارەزوویان بزانێ، دەبێ ســـتەمی وا هەبێ توانای تەواوی بۆ ئەوە هەبێ ڕەفتاری بەرپرســەکە دەســتەمۆ بکا، ئیتر ڕۆژنامەوانی ئازاد

بێ یا دادگای ئازاد یا یاسادانانی ئازاد و باوەڕی پتەوی خەڵک بەوەی کە لە وڵاتەکەدا خۆیان خاوەنی ڕاستەقینەی مەسەلەکەن و وەزیر و سەرۆکی وەزیر و سەرۆکی سەرۆکەکەشی بە پارەی سامانی نەتەوەیی بە کرێ گیراون تا بە پێی یاسای ڕەچاوکراو و سستەم و نەریتی گشتی. پەرە بە بەرژەوەندی گشتی بدەن، واتە دەزگای چاودێری و لێپرسینەوە لە سەر ئەوانە هەبێ کە دەست لە مافەکان وەردەدەن نەک لە پلەی یەکەمدا هەتا پلەی دەیەم بۆ ترساندنی هاوڵاتیان بێ. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا کەلێنی وا دەمێنێ کە لێیەوە، فەرمانبەری گەورە فێڵی پێچکردنەوە بە دەوری یاسا و خەڵک و نیشتماندا بدۆزێتەوە. جا بۆ ئەوەی سەربازی ئاسایی لە ئاستێکدا بێ بتوانێ بەرانبەر سەرلەشکر کەرامەتی خۆی بپارێزێ، دەبێ بارودۆخ گەیشتبێتە ئەو ئاستەی مەڕ و گورگ پێکەوە ئاو بخۆنەوە بەڵام سەرباز بگاتە ئەوەی بۆ دڕندەییەکی سەرلقێک یا کارێکی نایاسایی بەرانبەری لێ بگرێتەوە دەبێ بۆ مەڕ دان بەوەدا نرابێ گورگ بلەوەڕێنێ و هەرگیز ترس لە باوەڕهێنانەوە نایێ بە ئازادیی خەڵک لە لاواندنەوەدا، گوایە دان بە خاوەندارێتی و بزوێنەری تاک و دیموکراسیدا نراوە. بەڵام بێت و ئەمەریکا ببێتە دێوێکی بەرجەستەی خراپییەکانی خاوەندارێتی تاک تا ئەوەی وەک ئامێری خراپەکاری جیهانی ببیندرێ، حەکایەتێکی زۆر ئاسانە و لە دەمی ئەوانەی باوەڕیان بە نەهێشتنی چین هەیە، خۆش نییە.

جەنابی سەرۆک گورباشۆڤ: لە تەرازووی بەراوردکاری نێوان سۆسیالیزمی مارکسی و ئەوەی پێی دەڵێن بۆرژوا، لەبەر زۆر هۆ، لە هەموو شتێک چاوخەڵەتێنەرتر ئەوەیە یەکێتی سۆڤیەت و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بکرێنە نموونەی بەراوردکردن:

یەکەم، لە ناو دەوڵەتە کۆمۆنستەکاندا، ڕووسیا باشترین نموونەیە بۆ ئەوەی باس بکرێ بەڵام ئەمەریکا باشترین نموونەی جیهانی بۆرژوازی نییە.

دووەم، هەر خراپەکارییەک کە لە ئەمەریکاوە سەرچاوە دەگرێ، لە لایەن دۆستانی ئەمەریکا و خەڵکەکەیەوە، کە کاری ڕەخنەلێگیراو، کە دەکەوێتە بەر گەورەکردن و زیادەڕۆییەوە دادیان نادا و گەلانی جیهانی سێیەمیش کە کێشەیان لەگەڵ ڕۆژاوادا هەیە و دیارە ئۆردووی سۆسیالیزمیش گەورەتریان دەکاتەوە، بەڵام کارەکانی سۆڤیەت لە لایەن دەوڵەتە کۆمۆنستیەکان یا گەلی ڕووسیاوە جێی ڕەخنەلێگرتن نین و چاویان لە ئاستیاندا دەنووقێنن و لە جیهانی سێیەمدا بیانوویان بۆ دەدۆزنەوە.

سێیەم، ڕەخنەگرە مارکسییەکان، کارەکانی ئەمەریکا دەکەنە بیانوو ئەوەی کە بۆرژوازییەت هەمووی خراپەیە و خۆیان بەوەوە ماندوو ناکەن جیاوازی لە نێوان سویسرا و ئەمەریکادا ببینن چونکە ویژدانی سیاسی لە جیهاندا، بەرانبەر بەرژەوەندی خۆیی هێشتا لە پرخەی خەودایە.

چوارەم، ئەمەریکا دەوڵەتێکی مەزنە و لە ئۆردوگای بەرانبەردا سۆڤیەت هاوشانێتی و هەردوو دەوڵەت کاری وایان ئەنجام داوە کەس پێی ڕازی نییە، ئەوەش لەبەر ئەوە نا هەردووکیان دوو دەوڵەتی خراپی دنیان، بەڵکو «مەزنایەتی» دەوڵەت واتە بەرژەوەندی فرەوانی تێکئاڵاو کە لە هەڵسوکەوتی جیهانیدا پێوەری بەرژەوەندییان لەگەڵدا دەگۆڕێ، شتی بێکەڵک دەچێتە جغزی بەکەڵکەوە و دەشزانین زۆر دەوڵەتی بچووکی ئەم جیهانە کاری ئەوەندە ئابڕووبەرانە ئەنجام دەدەن تەزوو بە جەستەدا دێنن، جا لە ئاستی کاروباری ناوخۆیی بێ یا دەرەکی.

پێویسـتە لێرەدا باسـی ڕاسـتییەکی گرنگ بکەین ئەوەیش ئەوەیە، ئەو دەوڵەتەی بە شـــۆڕش پەیدا بووە، بە لای کەمەوە لە بەر دوو هۆکار بوێرییەکی زیاتری بۆ ئەنجامدانی هەرچییەکی بوێ، تێدایە، یەکەمیان ئەوەیە کە لە ناوەوە ڕایەکی گشتی وا نییە لە ڕای شۆڕش جیاواز بێ و هەرچییەکی ئەنجامی دەدا حیســاب بۆ بۆچوونی گەلەکەی ناکا چونکە نە بۆچوونی هەیە نە کەرەســـەی دەربڕینی بۆچوونی هەیە. هۆکاری دووەم ئەوەیە کە شـۆڕش لە سـەرەتاوە بەرەو ڕووی سـستەمێک بەرپا بووە کە هەبووە و لە دژی یاسایەک کە پیادە کراوە و بە پێی بۆچوونی ئایدۆلۆژی و ســـیاســـی خوێنی حەڵاڵ کردووە و زۆر بە توندی ئەو هەســـتەی دەبێ کە ئەوەی دوای شـــۆڕش لەگەڵ دەرەوەدا ئەنجامی دەدا، ئەوەندەی ئەوە ڕاســـت و بەکەڵکە کە لە ناوخۆ لەگەڵ خەڵکدا ئەنجامی داوە و ئەگەر بیانووی بۆ هەر کارێکی وەحشـیگەرانە هەبێ لە ناو ماڵەکەی خۆی پەنای بۆ دەبا چونکە ئەوە ئاســـوودەیی و دڵنیایی زیاترە لەوەی بە ســـەر هەنگاریا یا چیکۆســـلۆڤاکیای بێنێ یا بچێتە ئەفغانســـتانەوە یا ئەوەی لە ئەریتیریا لە شـــوێنانی تری جیهان ڕوو دەدا...

گەورەم تۆ یەکەم کۆمۆنســـتی گەورە بووی هاتیت و دەســـتت لەو باوەڕی دڵخۆدانەوەیە بەردا و بە بردنەوەی خولێک، ســـوپاکانت لە ئەفغانستان کێشایەوە و وازت لە «هاوکاری» (تضامن) لەگەڵ پۆلۆنیادا هێنا و زۆر شــتی تریشــت ئەنجام دا و وایان لێ کردیت ببیتە جێگای هیوا بۆ ئەوەی بە ڕێڕەوێکی شـایسـتەی شـارسـتانەتیدا سـیاسـەتی نێودەوڵەتی ڕاســـت بکەیتەوە و ڕێگاشـــت خۆش کرد تا مرۆڤ لە قەپێلکی چینایەتی بێتە دەرێ و شــتی تر... و شــتی تری... چاکەکاری کە لە ژماردن نایەن. لەگەڵ ئەوەشــدا حوکمی لۆژیکی دەوڵەتی مەزن دەمێنێتەوە بۆ مەســەلەی دیواری بەرلین کە خاوەنماڵ لە دز ناپارێزێ

و دزان بۆ خۆیـان دێن و دەچن، بەڵکو خـاوەنمـاڵەکە لە نێوان ئەو دیوارانەدا سنووردار دەکا کە سەغڵەتی کردوون و ڕێ بە یەکگرتنەوەی ئەڵمانیا نادا و ئەو زەوییانەش بۆ ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات ناگێڕێتەوە کە لە پێکهاتنەکەی ســتالیندا لە دوای جەنگ خرانە ســەر پۆڵۆنیا، وەک بزانم، بەرانبەر ئەو زەوییانەیی پۆڵۆنیا کە خرانە سەر ڕووسیا و ئەمەیە لۆژیکی دەوڵەتی مەزن کە لە داماڵینی چەک و هەر پەیماننامەیەکی گەورەدا کە پەیوەنـدی بە هـاوســەنگی هێزەوە بێ، بە بنەمـاکـانی سەلامەتی خۆیەوە وابەستەیە.

ئەمەریکا لە ناوچەی دەســەڵاتی خۆیدا دەســەڵاتی هیچ یەکێ لەو شــتانەی نییە و بە عەیب و عاری خۆیەوە لەو دەشــتە دەژێ و زەوی کەســی داگیر نەکردووە و خەســڵەتی دەوڵەتی داگیرکەری نییە و نە سیبیریای هەیە نە ئاسیای ناوەڕاست یا وڵاتانی بەڵتیک لەوەشدا وریایە تا کارە هیچوپووچەکانی بە لای کەمەوە لە لایەن گەلەکەی خۆیەوە بە قەبووڵکراو وەربگیرێن و هەر ســەرکەوتووش نـابێ و لە لایەن ڕۆژنامەوانی خۆیەوە تووشــی چەندین بریندارکردن دەبێ و ئەوەندەی نەماوە کۆنگرێســیش ببێتە لایەنێکی ســیاســی کە ڕەخنەگرتن لە هەرچییەکی ســەرۆککۆمار دەیخاتە ڕوو بخاتە ئەســتۆی خۆی بۆیە هەموو عەیبەکانی بە دەرەوەن. تەنانەت تاقیکردنەوە فەلەکییەکانیشــی بە بەر چاوی خەڵکەوە ئەنجام دەدرێن و تێکشــکانی لە هەر بوارێکدا دەبێتە باسی هەموو دنیا. خولی چوار ساڵ سەرۆکایەتی، خۆی لە خۆیدا کێشەیەکە چونکە ئەوەی خۆی دەپاڵێوێ وەختە لە پێشەکیەکانی چەند مانگێکی ماندووبوونی خۆئامادەکردندا لە ئاســتی هەموو ولایەتەکان، بۆ خۆ پالاوتن و ململانێ و چوونە مەیدانەوە نیوەی خۆی بەخەرج بدا و نیوەکەی تری لە ترســی بەردەوامی ململانێی بـاڵە جیـاوازەکـانی بەڕێوەبردن و تـارمـایی کۆنگرێس خەرج دەکـا و هێشــتـا تەواو لە

ماندووبوونی دوو ســـاڵی یەکەم پشـــوو نەدا خەمی نەمانی دەورەی سەرۆکایەتی دەیگرێ... ئیتر بەو شێوەیە!

جگە لەوەش کۆمەڵگەی ئەمەریکی گەورە و زەبەلاح و ترســـهێنەرە و هەر خۆی دێوی سەرۆکایەتی و هەموو باڵە سیاسی و بەڕێوەبردنەکانە... باسەکە درێژ دەبێتەوە و درێژ دەبێتەوە و وازی لێ دێنم و دەڵێم ئەگەر جێوڕێی بەرژەوەندییە گەورەکان نەبوایە کە ئارامی بە ســـەر ڕەفتاری ئەو دوو دەوڵەتە گەورەیەدا دەسەپێنێ لە توانای سەرۆکی سۆڤیەتی یا ئەمەریکی بەدەر دەبوو بەرانبەر قســـەیەکی ڕووشـــێنەر و گێچەڵێکی ئاشـــکرای ســـەرۆکی وڵاتێک قەبووڵ بکا کە ژمارەی دانیشـــتوانی بە قەدەر ژمارەی شـــارێکی نابێ و بۆ ئەوەی بەراوردکە لە نێوان ئابووری دەستبەسەرداگیراوی دەوڵەتێک و ئابووری کراوەی خەڵک دادپەروەرانە بێ، پێویســـتە تەماشـــای بارودۆخی دەوڵەتە مامناوەندییەکان و خوار مامناوەندییەوەی هەردوو ئۆردوگاکە بکەین: «هۆڵەندا – بولگاریا»، «ڕۆمانیا – سویسرا»، «ئۆکرانیا – نەمسا»، «هەنگاریا – دانیمارک» و سەرنجیش بدەینە پیشەسازی و کشتوکاڵی هەردوو سستەمەکە تا جیاوازییەکە بێفێڵ بێ – قسەش لە سەر دیموکراتی ناکەم چونکە هی بەراوردکردن نییە.

دوای بڕگەکانی پێشـــتری کتێبەکە و ئەوەی لە ســـەری گوترا، لە ســـەرەتای لاپەڕە ١٥یدا باســـی دیاردەی ســـەرنەکەوتنی ئابووری و چەقبەســـتن و کەڵەکەبوونی کێشـــە بێچارەســـەرەکان و گەشـــەکردنی لەســـەرخۆ دەکا. لێرەدا چەند دێڕێک لە ناوەڕاســـتی لاپەڕە ١٦ ەوە دەگوازمەوە، کە بڕگەیەکی گرنگی وای تێدایە کە پێویســـتی بەوەیە بە سووربوونەوە قسەی لە سەر بکرێ. دەڵێ:

*«ئەوەندە کەرەسەی خاو و وزە و داهاتی ترمان بە خەرج دا و لە ڕاستیدا ئێستاش بە خەرجی دەدەین، بۆ ئەنجامێک کە زۆر لەوە زیاترە هەر دەوڵەتێکی پێشکەوتووی تر بۆ هەمان ئەنجام بە خەرجی دەدا. داهاتی وڵاتی ئێمە، وەک داهاتی سروشتی و وزەی کار بوون بە قوربانیمان».*

کاتێ لە ناوەڕۆکی ئەو برگەیە ورد دەبمەوە، بە بێ گەڕانەوە بۆ کاریگەری نەبوونی بزوێنەری تاک لای کرێکار و نەبوونی پەرۆشی لای چاودێران بۆ سەرکەوتنی پرۆژەیەک لە ئابووری سۆسیالیزمدا کە لە سەرەوەڕا سەپێندرا بێ، دەبینم ئەو برگەیە دوو واتای ئەوپەڕی مەترسیداری تێدان.

واتای یەکەم تێگەیشتنە لە زیادکردنی خەرج بە شێوەیەکی زۆر بۆ بەرهەمهێنانی کەرەسە لە ڕووسیا بە پێوانە لەگەڵ بەرهەمهێنانی هەمان کەرەسە لە وڵاتە پەرەسەندووەکانی تردا (وشەی «تر» لێرەدا ناوەڕۆکی خاترانەی بۆ ئابووری سۆڤیەتی تێدایە چونکە دەوڵەتی سۆڤیەتی، بواری هێزی جەنگ و ئاسمانگەڕی لێ دەرچێ، بە هەمان ئاستی وڵاتە پەرەسەندووەکان پێش نەکەوتووە). هۆکاری ئەم دیاردەیە شاراوە نییە، چونکە بە قەدەر ئەوەی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو چەند مافی کراوەیی و هەڵبژاردنی زیاتر بێ باوەڕی بە کارەکەی خۆی بەهێزتر دەبێ و حەماسەتی بە قەدەر هەستە خۆڕسکەکەیەتی کە خزمەتی خۆی و باوەڕ و ئاواتەکانی خۆی دەکا و بە پێوانە وەک ئەو دایکەی لێ دێ کە بە دیار کۆرپەی هەناوی خۆی شەونخوونی دەکا و چاودێری سەلامەتی و ئاسوودەیی دەکا، ئەگەر ئەو دایکە بخەیتە تایەکی تەرازوو و دایانێکیش بخەیتە تایەکەی تر.

واتای دووەم ئەوەیە کە ســـامانی ســـروشـــتی و وزەی کار لە وڵاتە سۆسیالستییەکاندا ئەو وڵاتانەیان گەندەڵ کردووە.

من لەو باوەڕەدام زۆریی سامانی سروشتی خۆی لە خۆیدا خەڵک بەرەو گەندەڵی و دەســـتبڵاوی و نازوفیز نابا چونکە ئەگەر کەســـێک لە حەوزێکدا لەگەڵ ماســـیدا بژی، ئەگەر کەرەســـەی ڕاوەماســـی و پێداویستی ئاشخانەی نەبێ، دوور نییە لە برساندا بمرێ...

ئەوەی ناخی ئابووری ڕووسیای شێواندووە و ناوەندی سامانی سروشتی گەندەڵ کردووە و لە جیهاندا وێنەی نییە، ئەوەیە وزەی بەرهەمهێنی کرێکار و ئەندازیار و کارگە و ئاستی تەکنیک و ڕێکخستن زۆر لەوە دامێنترە سەر لەو گردە کۆمەڵبووە خاوانەی پیشەسازی دەرکا چونکە ئاو چەند زۆر بێ پەمپی بچووک هەر دەتوانێ ئەوەندەی ئاو لێ ڕاکێشـــێ کە لەگەڵ توانایدا بگونجێ و ئاوە زیادەکەش بە دەوریدا خەسار دەبێ و دەبێتە گۆماوی وەستاو.

ئەو گەنـدەڵییەی لە زۆرییەوە دێ زۆر بەو پـارەیە دەچێ کە لە دەوڵەمەنـدێکەوە دەســـــت میراتگر دەکەوێ و بە کەیفی خۆی، بە دەســتبڵاوی و لووتبەرزی لێی ســەرف دەکا و لە ئامێزی نازونیعمەتدا تەمبەڵ دەبێ، یا بۆ نموونە، وەک ئەندازیارێکی کەمشـــارەزا لە زۆری چەمەنتۆ و کەرپووچ و کرێکار و ئامێری بەکاربەر، چاوی زەق دەبێ و دەستی دەلەرزێ و بە کەرەسەی بەر دەستی دیوارێکی خوار بە بەردی چەوتوچێڵی وا دروست دەکا کە ئامادەی ڕووخان بێ.

ئەگەر ڕێی ئەوە هەبوایە سامانی سروشتی سۆڤیەت بدرێتە دەستی ژاپۆنییەکانەوە بۆ خودی ســـۆڤیەتییەکان، ئەو گەندەڵیانەیان دەکردە بەهەشت و لە وڵاتی خۆماندا دەیانماندی کرێکاریان لە ژاپۆنەوە دەهێنا بۆ ئەوەی کارەکانیان لە کاتی دیاریکراوی خۆیاندا تەواو بکەن و ئەگەر

وایــان نه‌کردایه، خۆیــان مــایه‌پووچ ده‌بوون و ئه‌و پرۆژانه‌ی بۆ ئه‌نجامدانیان هاتبوون، ئه‌نجام نه‌ده‌ران و جا با تیۆرییه‌کانی زێده‌بایی و به‌رخۆری چی بۆ خۆیان ده‌ڵێن بیڵێن.

مایه‌ی په‌ژاره و گریانه ئه‌و تیۆرییانه‌ی له‌ دنیادا ڕه‌واجیان په‌یدا کرد ڕۆڵی توخمی مرۆییان نه‌خســـتۆته‌ حیســـابه‌وه‌ و دایاننه‌ناوه‌ جێگای له‌ شـــارســـتانه‌تی و به‌رهه‌مهێنان و ڕێزگرتنی کات و وابه‌ســـته‌بوون به‌ ئه‌رکه‌وه‌ له‌ کوێیه‌ و به‌وه‌ ده‌ســـتبه‌ردار بوون که‌ کرێکار خه‌ڵکی وڵاتی بۆرژوا بێ و بچه‌وســـێته‌وه‌ و ڕه‌شـــبوونیشـــی له‌ ئه‌مه‌ریکا به‌س بوو و بوونیشــی له‌ جیهانی ســێیه‌مدا ده‌یکرده‌ مه‌لایه‌که‌ت... هه‌موو ئه‌وانه‌ش وه‌همی بێبنه‌مان.

وه‌زیرێکی کشـتوکاڵی عیراقی له‌ نیوه‌ی یه‌که‌می شێسته‌کاندا سه‌ردانی دانیمارکی کردبوو گێڕایه‌وه‌ که‌ جگه‌ له‌ وه‌زیری کشـــتوکاڵی دانیمارک که‌سی تری ده‌ستنه‌که‌وتبوو له‌ هاموشـۆکانیدا جانتاکه‌ی بۆ هه‌ڵگرێ و کرێکاره‌ کشـتوکاڵییه‌کانی له‌ کۆشکی خاوه‌ن کێڵگه‌یه‌کی گه‌وره‌دا دیبوو که‌ هه‌ر سێ ژه‌مه‌که‌، له‌گه‌ڵ خاوه‌نی کێڵگه‌که‌دا، پێکه‌وه‌ نانیان ده‌خوارد و به‌ ئیمــان ســـــوێنــدی خوارد که‌ ته‌ویله‌ی یه‌کێ له‌و وه‌رزێرانه‌ی ســـه‌ردانی کردن و له‌ کێڵگه‌ گه‌وره‌که‌دا بوو، له‌ ماڵه‌که‌ی ئه‌م خاوێنتر بوو و هیچ کام له‌وانه‌، به‌ خاوه‌نی کێڵگه‌که‌ و کچه‌ تاقانه‌که‌شــــیه‌وه‌ له‌ کـاری خۆیـدا زه‌غه‌لی نه‌ده‌کرد و هیچ یه‌کێ له‌ کرێکـاره‌کـانیش بۆ سه‌رگه‌رمی له‌ مه‌لهاکانی شاردا شه‌وبێری نه‌ده‌کرد.

گه‌وره‌م، شارستانه‌تی له‌ هه‌موو بوارێکدا شـتی سـه‌رسوڕهێنه‌ر ئه‌نجام ده‌دا... به‌ داخێکی جه‌رگبڕه‌وه‌ خوێندمه‌وه‌ که‌ ستالین له‌ چه‌ند ساڵێکی ســییه‌کاندا گه‌نجینه‌ی خشـڵی بۆرژوای فرۆشـتبوو یه‌کێ له‌وانه‌ دیاری گراندۆق بووه‌ بۆ ژنه‌که‌ی ناپلیۆن... ئه‌و گه‌نجینانه‌ به‌ نرخی ئه‌و مادده‌

خاوه فرۆشـــران که لێی دروســـت کرابوون و دوای تێپەڕبوونی چەند ساڵێک بە سـەر ئەو تاوانە هونەرییە مێژووییە شارستانییەدا، هەندێ کەسـی ژێر لەو خەسـارەتە گەورەیە ئاگادار بوونەوە و کەوتنە پاڕانەوە لەم کڕیار و لەو کڕیار تا هەندێکیان بۆ ڕووســـیا بگێڕنەوە و خانمێکی زۆر دەوڵەمەندی ئەمەریکا زۆری بۆ گێڕانەوە... ئەم وێنەیە نەختێ لە مەیدانی بەرهەم دوور دەکەوێتەوە بەڵام بەو مرۆڤەوە وابەســـتەیە کە بەرهەم دێنێ چونکە ئەگەر ئەو بتوانێ یەک کیلۆ گەنجینە بە نرخی یەک کیلۆ لەو برۆنزە بفرۆشێ کە هونەرمەندانە و جوان و خەیاڵئامێزانە لێی سەرف کراوە چەند ئاسانە ئاسن و تەلی کارەبا پشتگوێ بخا!

پێم خۆشە شانبەشانی ئەو بڕگە خوازراوەی سەرەوە بڕۆم کە بە دوای چەنـد بڕگەیەکی تردا هـاتووە و دەڵێ چەقبەســـتن و بۆگەنبوون و دواکەوتن لە نیوەی دووەمی حەفتاکانەوە دەســـتیان پێ کردووە بەڵام من لەو بـاوەڕەدام هەوێنی ئەو نەرێنیـانە لە هەموو ســـەردەمەکانی پێشـــتردا هەبووە لەو ڕۆژەوەی کۆمۆنیزم بە زۆر ســـەپێندرا و ئەوەندە بەســـە کە ملیۆنان خەڵک لە وڵاتی ســۆســیالیزمدا، لە ســییەکاندا لە برســـان مردن و خەڵکانێک کە دوای شـــۆڕشـــی ١٩٥٨ ســـەردانی ســـۆڤیەتیان کردووە شـــوێنەواری ئیفلیجییان لە گەنجاندا دیوە کە بە هۆی برســێتی ســاڵانی ســییەکانەوە تووشــیان بووە. ئەی برســێتی لە وڵاتێکدا ســەیرە وەرزێرەکەی بە هۆی چەوســاندنەوەوە ئاسوودەیی لە کوشـــتنی مەڕ و مانگا و ئەســـپ و هێســـتری خۆی ببینێ بۆ ئەوەی نەگەنە دەستی دەسەڵات؟

گەورەم من ئەوەنـدە ئـاگـاداری وردەکاری وڵاتەکەتـان نیم تـا تێبگەم ئـاخۆ بۆچی خراپەکـاری لە حەفتـاکـانـدا زۆر بووە بەڵام ئەوەی جێی سەرسوڕمانە ئەوەیە لەو کاتانەدا نەبووە کە زۆرداری و بەربەستکردنی

ئازادی و کاری زۆرەملێ و زەلیلکردن و کڕنۆشـــبردن بۆ دکتاتۆر لە ئـارادا بوونە! ئەوەی جێی گومـان نییە، ئەوەیە کە پیشـــەســـازی «سۆسیالستی» لە هیچ کاتێکدا لە ئاستی پیشەسازی هیچ دەوڵەتێکی بۆرژواکاندا نەبووە کە پیشەسازی بووبێ: نووسەر لە ناوەڕاستی لاپەڕە ١٨دا دەڵێ زۆر لەو ئـامێرانەی بۆ مـاڵ دروســـت دەکرێن خراپن، مەبەســتیشــی ئەوەیە بەرهەمی ســاڵانی حەفتاکانن: دیارە مەبەســتی ئەوەیە لە حەفتاکاندا، بە پێوانە لەگەڵ پێشـــتردا خراپتر بوونە هەرگیز نەمانبیســتووە مۆســکۆڤیچ لە ئاســتی ئەو ئۆتۆمبیلانەدا بێ کە دەوڵەتە بۆرژوازییەکان بەرهەمیان دێنن.

کاتێ دوای شـۆڕشـی ١٩٥٨ پێشـوازیمان لە شـارەزا ڕووسـەکان کرد، خەڵکانێکمان دی هەژاری بە سیمایانەوە و ترس لەو کەسەی ئاڕاستەی دەکردن لە چاویاندا دیار بوو تا ئەوەیە هەندێکیان، دوای ئەوەی بازاڕە پـڕەکـانی بەغــدای دیبـوو کە چی دڵ بخـوازێ لـێی هەبـوو، بە سەرسوڕمانەوە پرسیبووی: ئێوە کە ئەم هەموو شتە خۆشانەتان هەیە چی وای لێ کردن شـــۆڕش بکەن. هی تریـان هەبوو وەک مێوانی حکوومەتی عیراق لە ئوتێلی پلە یەک دابەزیبوو، ماوەیەک دەترســـان بەشـــداری مێوانەکانی تر لەو خواردنە چەورە هەمەجۆرەدا بکەن کە نایابترین قاپ و ئیشــتیهابزوێن و میوەی لە ســەر بوو و کولێرەیەک و نەختێ زەڵاتەیـان هەڵـدەگرت و دەچوونە پەنـایەکەوە... بە ڕاســـتی لەوپەڕی ئەدەبدا بوون و کاتێ دەهاتن و دەچوون کەس هەســـتی پێ نەدەکردن بەڵام زیاتر بە دانیشتووی هەسارەیەکی تر دەچوون.

کتێبەکە، دوای ئەوەی ئاماژە بە کەرەســـە خراپەکانی ناو ماڵەوەی سۆڤیەتی دەکا، دێتە سەر ژماردنی لایەنە خراپە بەرەودواوەچووەکان و گەندەڵی هەموو بوارەکان بە ئایدۆلۆژی و ڕەوشـــتیشـــەوە. هەموو

سەرەدێڕێکی ناوەڕاستی لاپەڕە ١٨ تا دەگاتە «ڕووکردنە لینین، سەرچاوەی ئایدۆلۆژیی پەرەسترۆیکا» کە لە ناوەڕاستی لاپەڕە ٢٣دایە پێویستی بە لێدوانی چڕ و پڕ و ڕوونکەرەوە هەیە تا سەرسوڕمان لەوەی ڕووی داوە نەمێنێ، ئەمانەش هەندێ نموونەن لەو قسانەی کە لەو لاپەڕانەدا هاتوون:

1. دارِمانی لەسەرخۆی بەهای ئایدۆلۆژی و مەعنەوی گەلەکەمان دەستی پێ کرد. - ناوەڕاستی لاپەڕە ١٨.

2. ڕێژەکانی گەشەکردن دابەزی... ئامادەیی بۆ وەرگرتنی بەرهەمی زانست و تەکنەلۆژیا کەمی کرد... خێرایی چاکبوونی ئاستی ژیان کەم بوو... نارەحەتی لە پەیداکردنی نیشتەجێبوون و خواردەمەنی و کەرەسەی خزمەتگوزاری و سەرفکردن زەحمەت بوو- ڕاست لە دوای دەربڕینە وەرگیراوەکەی سەرەوە.

3. پڕوپاگەندەی سەرکەوتن – ڕاستەقینە و هەڵبەستراو – دەستێکی باڵای هەیە... هاندان بۆ پێداهەڵدان و بچووککردنەوە... ئەوجا پشتگوێخستنی ڕای خەڵکی... پشتگیریکردنی لێکدانەوەی خوێندن بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان و دوورخستنەوەی بیرکردنەوەی داهێنەرانە... حوکم و هەڵسەنگاندنی ڕووکەش وەک ڕاستی ڕاگەیەندران. ئاراستەی نەریتی وەک ئەوانە کاریگەرییان لە سەر ڕۆشنبیری و هونەر و ڕۆژنامەوانی و پرۆسەی فێربوون و پزیشکی هەبوو و ئاستەکان چوونە خوار مامناوەندی – ڕواڵەتی و هەرای پێداهەڵدانیش – تا یەکەم سێیەکی لاپەڕە ١٩.

4. پێشـــکەشـــکردنی واقعی بە ڕواڵەت بێکێشـــە، کاریگەری پێچەوانەی هەبوو و قســـە و کردار لێکدابڕان ... گەندەڵی ئەخلاقی دزەی کردە ناو ڕەوشتی گشتییەوە... ئاڵوودەبوون بە کحول و ماددەی ســـڕکەر و تاوان زیادیان کرد... ئیتر بەو شێوەیە تا کۆتایی...

ئەوەی باوەڕم پێیەتی و ڕەوتی مێژوو دەیسەلمێنێ ئەوەیە زۆرینەی ئەو کەموکورتییانە کۆنن و لە سەرەتای شۆڕشەوە هەبوونە. بۆ سەلماندنی قســـە دەڵێم، کە پڕوپاگەندەی ســـەرکەوتن و هاندانی پێداهەڵدان و ملکەچکردن ڕوکنێکی ئاینی نیشـــتیمانی پرۆلیتاری مارکســـی بوو و لە ســەردەمی ستالیندا، شەو و ڕۆژ بە سەر گەلی سۆڤیەتدا سەپا بوو. سەرجەمی حیزب تۆپەڵێ پشتگوێخراو، بەڵکو مردووی بن پێی ستالین بوو. هەموو گەلیش لە حیزب مردووتر بووا گیانی قارەمانێتی لە جەنگا و لە کاتی ئاوەدانکردنەوەدا لە ناوەخنی ڕستەدا، لێکدانەوەیان ئاسانە: جەنگ هەڕەشە بوو لە سەر بوونی ڕووسی چونکە جەنگی لەناوبردن Annihilation بوو و خۆبەدەســـتەوەدان لە پێناوی مانەوەدا ســـوودی نەبوو. ســـوپای هیتلەر تەنانەت ئەوانەشـــی لەناوبردن کە ڕقیان لە ســـتالین بوو و بە هەلهەلەوە پێشـــوازییان لە ســـوپای نازی کرد. ئەو جەنەراڵە ســـپییە ڕووســـە، ناوەکەیم بیر نەماوە، خەڵکی کۆ کردەوە بۆ ئەوەی شەڕی ڕووس بکا. هەموو دنیا سەرنجی دا کە ستالین دوای ئەوەی بە ئاشـــکرا هەڕەشـــەی لەناوچوونی بەدی کرد، دروشـــمە چینایەتییەکانی بە دروشمی نیشتیمانی ڕووسی گۆڕی. گیانی قارەمانێتی کاتی جەنگ لە تەمەنێکی قووڵەوە هاتبوو، کە لە تەمەنی شـــۆڕش قووڵتر بوو و لەوەش قووڵتر بوو کە تاوانەکانی ستالین ڕەگی هەڵکێشێ

و سەرکەوتن لە جەنگدا، ئەڵمانەکان بە سەر ڕووسەکانیاندا سەپاند و گیـانی خۆبەختکردنی ملیۆنـان ڕووس بزوا ئەگەرچی ئەو ڕەفتـارانەی ستالین زەلالەت و زەوتکردنی مرۆڤایەتیشیان بوو.

ئەگەر بەرگریکردنی مرۆ لە ڕۆحیی خۆی پێویستی بە شیکردنەوە نەبێ بێســـوود نییە بە بیری هەموو دنیـای بێنمەوە کە فنلەنـدییەکـان چ ڕۆحێکی ســووربوونیان بۆ پاراســتنی کەرامەتی نەتەوەییان هەبوو کاتێ ســتالین جەنگی بە ســەریاندا ســەپاند. لە ســەرەتاوە پێی وابوو کارێکی ڕاهێنانی ماسـوولکە یا خۆدەرخستنە و هەندێ پێیان وابوو ئەوە جەنگی نێوان پڵنــگ و پشـــیلەیە بەڵام قـارەمـانێتی فنلەنـدییەکـان هەموو مەزەندەکانی هەڵوەشـــاندەوە. ڕووســـەکان خۆشـــیان نموونەیان لە بەرگریکردندا هەیە کە جێی ســەرســوڕمان ناهێڵێ و هەڵوێســتیان لە شەڕی ناپلیۆندا بەسە. بە کورتییەکەی، بەرگریکردن لە خۆ، لە هەموو زندەوەرێکدا ئاشکرایە.

بەڵام ورەی بەرز بۆ ئاوەدانکردنەوەی دوای جەنگ، لە هەندێ ڕووەوە بەردەوامی ئەو حەماسە بوو کە لە سەردەمی جەنگدا کڵپەی سەندبوو و هیوایەکی خۆشـــیش بەوەی کە لە بری قـارەمانێتی و قوربـانیـدان خەڵات دەکرێن، تێکەڵی ببوو و بـارودۆخی دوای جەنگیش کە کـاری دەویســت لە چاو جەنگەوە ئاسـان بوو و ئەوەش بۆ ئەنجامدانی بەپەلە بارســووکی بوو بە تایبەتی شــێوەی ســوغرە و زۆرەملێی کەمتر بوو و تەواو دووریشـی خستبۆوە بۆیە کرێکار بە ڕۆحی هیوابەخشـەوە کاریان ئەنجــام دەدا جگە لەوەی مــاڵەکەی خۆی و کێڵگەکەی خۆی و شـــەقامەکەی خۆی دروســـت دەکردەوە و لەو قارەمانێتییەی گەلی فنلەنـدی بە بێ هـاتوهـاوار و دروشـــم و پڕوپـاگەنـدەی قـارەمـانێتی دەریخســت و ڕۆژی دوو ســەعات کاری خۆبەخشـانەی بێبەرانبەریان،

لەو سالانەدا پێشکەش کرد، کە ڕووسیا سەرانەی خستە سەریان، نموونەمان هەیە. ئەو گیانی ئاوەدانکردنەوەیە کەم بێ یا زۆر، جێی سەرسوڕمان نییە جا ڕووس بێ یا ناڕووس. چما بەریتانییەکان و ئەڵمانەکان کەمتەرخەمییان کرد؟

ئەگەر چار نەبێ و دان بەوەدا بنێین کە سالانی حەفتاکان ئەو خەسڵەتەیان هەبوو کە کۆمەڵگەی سۆڤیەت کەموکورتی زەبەلاحی لێ دەرکەوت، لێکدانەوە و شیکردنەوەی ئەوە بۆ هۆکاری تایبەتی ئەو ماوەیە ناگەڕێتەوە، واتە وەک چۆن بیرەنەوت کتوپڕ هەڵدەقوڵێ یا تاوەبارانێک لە پەڵەهەورێکەوە دادەکا، ئاوها پەیدا نەبووە. ئەگەرچی لە وڵاتی سۆسیالستییەوە دوور بووبێتم، لەو دنیا بەرینە دوور نیم کە کەرەسەی ئەنجامگیری پێشکەشی مرۆ دەکا بە تایبەتی لە شتگەلێکدا سنووریان دیار بێ و تومیان ڕوون بێ، جا پێ دەچێ هۆکاری بەجێ بۆ ئەو دیاردانەی کە لە حەفتاکاندا ڕوویان داوە سێ بن.

یەکەمیان ئەوەیە کە گردبوونەوەی نەرێنییەکان خۆی لە خۆیدا دەبێتە هۆکار بۆ وشککردنی تواناکان و ساردبوونەوەی پەرۆشی و زیادبوونی پشتگوێخستن، کە شتێ نییە پەیوەندی بە سەردەم و شوێنێکی دیاریکراوەوە هەبێ بەڵکو بە شێوەیەکی گشتی کاریگەرە.

هۆکاری دووەم ئەوەیە سەرنجی گەلی سۆڤیەتی بۆ سەر ڕاستییەکانی دنیای دەوروبەریان تەشەنەی کردووە و بۆیان دەرکەوتووە ئەو دۆزەخە نییە کە تیۆری چینایەتی و زێدەبایی و کردەی خوێنمژی بۆی بەرجەستە کردوون و لە بەراورددا بۆی دەرکەوتووە بەڕێکردنی ژیان لە وڵاتەکەی و لە سێبەری ئەو قسانەدا، نیو سەدەیە بەهەشتی بەڵێندراو بەدی نەهاتووە. مادام ئەو مەودایەش لە بەردەمیدا داخراوە داوای ڕاستکردنەوە و چاککردنەوە بکا، ماندوێتی و بێزاری سواری

سـەری بوون و بەرەو نەریتی لایدا و سـەرکردە دەسـەڵاتدارەکانیش حەزیان لێیە چارەنووسـی خەڵک لە وڵاتەکەتاندا بە دەسـتیانەوە بێ تا بارەکە بە شـێوەی خۆی درێژە بکێشـێ و تیایدا بەرەو بەهەشـتی مسۆگەری بێسەرهێشە و مسۆگەری بێئیفلاس بەرز ببنەوە.

هۆکاری سێیەمیش کە خەسڵەتی نەریتی هەیە، نەبوونی دەسەڵاتە لە دەستی پۆلاینی کەسێکی داستانئاسای وەک ستالین بێ کە بە ترساندن و کەسایەتی سەرنجراکێش و پیرۆزکراو بتوانێ بەردەوامی بە بزاوتنی کۆمەڵگەی هیوابڕاو بدا. بۆ ئەوەی ئەم هۆکارە ڕوونتر بێ، وا دادەنێین دەسەڵاتی ڕووسیا لە بیستەکان و سییەکان و چلەکان — کاتی جەنگ - بە دەستی پۆلگانین یا کۆسەگین یا بریژنێڤەوە بوایە کە زەحمەتترین سـەردەمەکانی تاقیکردنەوەکانی سـۆڤیەت بووە، ئایە ڕێی تێ دەچوو بیانتوانیبا ئامێری دەوڵەت بە ناو ئەو هەموو ناخۆشـیانەدا باژوون لە کاتێکدا لە بەربەستدانان بۆ چەقبەستن و گەڕانەدواوە، لە دوای جەنگ و سەردەمی ئاسوودەیی سەرکەوتوو نەبوون؟

ئەوەی ئاگاداری ڕووداوەکانی یەکێتی سۆڤیەت بێ بۆی زەحمەت نییە لەم ڕاستییە تێبگا، ئەوەش ئەوەیە کە لینین خۆشـی، لەگەڵ ئەوەشـدا کەسایەتییەکی داستانئاسـای بەهێز، پلەوپایەی بەرزی لە دڵی خەڵکدا هەبوو، نەیتوانی وڵاتە ماندووەکەی لە دوای شـۆڕش و جەنگی ناوخۆدا بەرەو ئاستێکی دیاری تێروتەسەلی چاوەڕوانکراو و بەڵێندراو بەرێ. ئەو دیلی سـێ کـارتێکەری یەکلاییکەرەوە بوو، کە ڕێی هەبوون و تێروتەسـەلییان لێ تەنگ کردبۆوە، ئەوانەش، یەکەم گۆڕینی توانای سۆسیالیزم کە بە هێز سەپێندرابوو و بنەمایەکی جیاوازی لەگەڵ نیازی تاکەکەسیدا هەبوو تا ڕۆحی دەستەجەمعی جێی بگرێتەوە بۆ بزواندنی کۆمەڵگە بەو شێوەیەی کە شۆڕشی پێ ئەنجام درا و زۆر لەوە دوورتر

بوو ببێتە بزوێنەری هەستی گشتی و هاوبەش و جێگرەوەی بزوێنەری تاک هەتا تاک و کۆمەڵ بە ئیرادەی خۆیان وەک کەرەسەی شەترەنج هەماهەنگ بن بۆ پلانی یاریچییەکە، کە لینین خۆی بوو.

ئەو هەندە خەڵکە بە زەبتورەبتەی گەلی ڕووس کە تا ئاستی پێویست پێگەیشتوون بۆ ئەوەی ڕۆحی دەستەجەمعییان هەبێ، لە ناو زەریای ئەو کۆمەڵگەیەدا بزر دەبوو، کە خۆی لە هەموو بوارێکی کۆمەڵایەتیدا جیاواز بوو تێکشکانی شەڕی ناوخۆ لەتوپەتی کردبوو و بە دووی تیکە نانێکەوە بوو بیخوا و چاوەچاوی چرکە ساتێکی بوو پشووی تێدا بدا و بەڵێنی بەختەوەری بەردەوامی وای پێ درابوو مەگەر بە خەیاڵ و دروشم بهاتبایەتە دی...

تەنانەت ئەو نەختە خەڵکە ڕێکخراوە ڕێکەش، وەک لە بارەی ڕووداوەکانی دوای شۆڕشەوە دەیخوێنینەوە، بەشێکی زۆری لە ڕۆژانی سەرەتادا ڕاپەڕی یا یاخی بوو و لە خەتی شۆڕش لایدا، ئەوەش لەبەر ئەوە نا خیانەتی لە خۆی و باوەڕی خۆی کردبێ بەڵکو لەبەر ئەوە بوو پلان و ئەنجام ئەو جۆرە نەبوون کە دانرابوو. لێرەشدا دەڵێم یەکنەهاتنەوەی دەستکەوتی شۆڕش لەگەڵ دروشمەکانیدا مەبەستێکی خراپی سەرکردەکان نەبوو بەڵکو لە یوتۆپیایی فەلسەفەی شۆڕش خۆیەوە بووە کە لە سەر کاغەز نەبێ، مەودای جێبەجێکردنی نەبوو.

نووسینی سەرکردەکان لە ماوەی ڕاستەوخۆی دوای شۆڕشدا لە سنووری خوتبەی قەشەیەک دەرنەدەچوون کە لە باسی بەهەشتدا بیخوێنێتەوە کە دوای مردن بە دەستی دێنن و هەموو بۆ باوەڕداران مژدەبەخش بوو و بۆ فاسقەکانیش هەڕەشە...

هۆکاری دووەم مەحاڵبوونی هەڵگەڕانەوەی دەمودەست بوو لە وەهمی دروشمەکانی شۆڕش و جیاوازی دروشمەکان لەگەڵ واقیعدا کە

ئەوەندە زۆر پەیوەندییان بە یەکەوە نەبوو. ئەگەر خەیاڵی پشتئەستوور بە بەڵگە لە بواری ژیانی ئاســاییدا بەکار بێنین دەتوانین لە وردەکاری ئەو حەقیقەتە نزیــک بکەوینەوە کە لێککەوتنی ڕۆژانەی بەردەوامی دروشــمی شــۆڕشــی چینایەتی تێدا ڕوو دەدا لەگەڵ ئەو واقیعەدا کە دروشم داینەهێناوە.

تۆ بڵێی ڕۆژی چەند جار ناوەڕۆکی دروشــمی شــۆڕش لە بیر کرابێ بۆ ئەوەی قەتارێ بەڕێ بخرێ کە ســکەکەی چەمیوە و ســووتەمەنی لێ بڕاوە و (درێول – شـوفێری قەتار)ی ئیعدام کراوە و ئەندازیارەکانی بە هۆی بنەمای چینایەتی و تەمبەڵی کرێکارەوە لە ناو کێشەی بێ کۆتایی بێ چارەسەردا خراونەتە بەندیخانەوە و هەموویان لە بنەڕەتدا هی ئەوە نەبوونە قەتار بخەنە ڕێ و ئەگەر بە هەر شێوەیەکی یاسایی و نایاسایی موعجیزەیەک قەتارەکەی خســـتە ڕێ، ئەوجا بیهێنە بەر زەینی خۆت دەبێتە چ هەلهەلە لێدان و هیتافلێدان و دەربڕینی خۆشــــی بۆ توانای شـــۆڕش لە خولقاندنی مەحاڵدا بۆ بزواندنی قەتارەکە، بەڵام لە هەمان ماوەدا دە قەتار لە وێستگەیەکی سوید یا دانمارکەوە بە بێ هەرا بەڕێ کەوتوون.

ئەم ســـــەرنجــانە فیلمێکم بیر دەهێننەوە کە زانــایەک لە هەموو کێشەیەکدا دەگەڕێتەوە سەر کتێب و کە جارێ ناچار بوو شەڕ لەگەڵ کابرایەکی شـەڕانیدا بکا، کتێبی لە بارەی هونەری بۆکسـێنیەوە بە لای خۆیەوە دانا و هەر کە سـەرنجی کتێبەکەی دەدا، چەند بۆکسـێکی بەر دەکەوت. ئەوجا کتێبەکەی وەلانا و بە بێ تیۆری پەلاماری نەیارەکەی دا و بە یەک مشـت خسـتی... لینین و هاوڕێکانی نەیانتوانی بە ئاسـانی فیلمەکە، دەستبەرداری کتێبەکانیان و تیۆرییەکانی خۆیان بن ئەگەرچی

جەوهەری سەرکەوتن لە هەردوو بارەکەدا یەکێکە ئەوەش ڕەچاوکردنی بارودۆخ نەک خەیاڵی خەیاڵبازان.

هۆکاری سـێیەم نەخۆشـییەکەی بوو کە پەکی توانا بێوێنەکەی لە گۆڕینی تاکتیک و دانانی جێگرەوەدا خستبوو. پێویستی بە ماوەیەکی زۆر بوو بە تەندروستییەکی تەواوەوە تا لە سەرجەمی ئەو بارودۆخە بگا کە پێویستی بەوە بوو بە خۆڵی شـۆڕش چارەسەر بکرێ نەک ئاڵا شـەکاوەکانی. ڕەنگە بەڵگەم بۆ ڕاستی بۆچوونەکەم هەبێ لە شـیکردنەوەی چەقبەستن و گەندەڵیدا ئەوەش لەم قسەیەدا کە لە کۆتایی لاپەڕەکەوە دەیگوازمەوە، کە دەڵێ:

*«جەماوەری کارگەر بە ڕاستی لە ڕەفتاری ئەو کەسانە تووڕە بوون کە جێی باوەڕ و بەرپرسیارن، لەگەڵ ئەوەشدا بە خراپی دەسەڵات بەکار دێنن و ڕەخنە سەرکوێر دەکەن و سەروەت و سامان کۆ دەکەنەوە و هەندێکیان تەنانەت بوونە شەریکەبەشی ڕەفتاری تاوانکاری، ئەگەر پێشیانەوە وابەستە نەبن».*

پێشـتر ئەم جەماوەرە بیری لە هەڵچوون نەکردۆتەوە و هەرگیز ڕانەهاتووە لە سـەردەمی سـتیالیندا گوێی لە ڕەخنە بێ تا ئەوەی خۆی دیتەوە یا هەستی بە خۆی کرد لە حەفتاکاندا تێگەیشت چ خراپە و لادانێک ئەنجام دەدرێ بۆیە دەستی کرد بە ڕەخنەگرتن و ڕەخنەش بوو بە زەنگلێدان.

بەڵام من ڕاستکردنەوەیەکی ساکارم لە سەر قسەکە هەیە کە لۆژیکی کتێبەکە خۆی دەیسەپێنێ و بەو شێوە ڕەهاییە پێویست بە «جەماوەری کارگەر» ناکا چونکە کرێکاران خۆیان لە دروستکردنی شتی خراپ و

ڕەفتاری ناهەموار و بەفیڕۆدانی کەرەسـەدا بەشـدار بوون... ڕاسـتتر ئەوەیە نـاوی تەنهـا «جەمـاوەر» بهێنـدرێ و ئەگەر نـاچـاریش بین پێناسـەیان دەسـتنیشـان بکەین دەبێ بڵێین «جەماوەری هۆشـیار»، یا «دڵسـۆز» یا «ڕۆشـنبیر» بۆ ئەوەی ئەو سـەرسـوڕمانە نەمێنێ لە ناڕەزایی خەڵکانێک خۆیان بەشێکن لە هۆکاری ناڕەزایی.

لە سـەرەتای لاپەڕە ٢١دا، سـەرۆک گورباشـۆڤ ڕووی خۆش بە «کۆمۆنست»ـەکان دەدا و دەڵێ:

*«دیارە ڕێکخراوەکانی حیزب کاریان دەکرد و زۆرینەی کۆمۆنستەکان بە دڵسۆزی و خۆبەختکەرانە ئەرکی خۆیان بەرانبەر گەل ئەنجام دەدا».*

ئەمەش ڕەنگە هەندێ حیسـابی تایبەتی سـەپاندبێتی و خزمەتی مەبەسـتەکانی پەرەسـترۆیکا بکا تا هەسـتی سـەرجەمی حیزبییەکان نەڕووشـێ. بە بێ ئەم لێکدانەوەیە یا لێکدانەوەیەکی وەک ئەوە، نازانم چۆن باوەڕ بە پاشـەکشـە و گەندەڵی بێنم لە کاتێکدا لە وڵاتێکدا کە کۆمۆنست حوکمی دەکا، حیزبییەکان دڵسۆزانە و خۆبەختکەرانە کاریان کردبێ و لە هەمان کاتدا نادڵسۆزی و خۆ بەختنەکردنی کۆمۆنستەکان هۆکاری پاشەکشە و گەندەڵی بێ؟

هەر نەتەوەیەک زۆرینەی ئەو خەڵکەی کە لە پلەوپـایەی بەرزدان دڵسـۆز و خۆبەختکەر بن ئەوپەڕی تەندروست و سـەلامەتە. سـەرۆک گورباشۆڤ لە دێڕەکانی نیوەی یەکەمی لاپەڕە ٢٢دا قسەیەکی هەیە و تیـایدا ڕوونـاکییەکی تەواو دەخـاتە سـەر ئەوانەی کە دەربڕینەکەی پێشتر لێڵایی خستە سەریان، لێرەدا دەڵێ:

*«ڕەخنە ئاڕاستەی ئەوانە دەکەم کە تاقیکردنەوەی کار و هەستی دادپەروەرییان هەیە و لە شێوازی ڕەچاوکراوی کاردا بە بنەماکانی بەلشەڤییەوە وابەستەن».*

چ کاردانەوەشم بەرانبەر وشەی «بەلشەڤی» نییە، وەک هەر مەزەبێکی سیاسی کۆمەڵایەتی کە بنەمای تایبەتی خۆی هەیە و لە بنەڕەتدا ئەوانە دایانڕشتووە کە ویستوویانە خۆیان لەو کەموکورتییانە لادەن کە دەبنە هۆی هەڵە و شتی تر. مەسیحییەت خۆشی، کە لە تەرەفی پێچەوانەی بەلشەڤیدایە، پەیامی وا دەداتە مەسیحی ئەگەر پێیانەوە وابەستە بێ خواروخێچ نابێ...

بەڵام مەودای ئەوە دەمێنێ بڵێین «ئەوەی تاقیکردنەوە و هەستی دادپەروەری» هەبێ، جا بەلشەڤی بێ یا بۆرژوا یا هندۆس یا موسوڵمان، ئەرکی خۆی بە تەواوی ئەنجام دەدا و خوار نابێ و بە خواربوونی ئەوانەدا هەڵنادا کە پلەوپایەی بەرزیان هەیە بەڵام بە حیزبیبوون، جا لە بەلشەڤیدا یا هەر حیزبێکی تر، کە تەنها باوەڕی بە خۆی هەبێ، بە پێی پێویست دەبێتە بەربەستێکی ترسناک لە بەردەم ئەندامێکی حیزبدا، کە بیەوێ بەرەوڕووی لادانی حیزبەکەی بوەستێتەوە. ئەو حیزبییەی تەنها باوەڕی بە حیزبەکەی خۆی هەیە، هەڵوێستی جوامێرانەی حیزبێکی تر ڕەت دەکاتەوە کە ئایدۆلۆژیای تایبەتی خۆی هەبێ و پێی ناخۆشە ناوبانگی پاک بێ. ئەو حیزبییە، هەموو وزەی عەقڵی خۆی بۆ ئەوە خەرج دەکا ناوی خەڵکی تر بزڕێنێ و چاکەشیان بە خراپە لێکبداتەوە. ئەمەش دیاردەیەکی ئاشکرایە و بۆ بەڵگەهێنانەوە، پێویست بە خۆماندووبوون ناکا.

ئەی کەسێکی وا، ئەگەر حیزبەکەی یا سەرۆکەکەی خۆی لە خەت لایدا، هەڵوێستی چۆن دەبێ؟ مەسەلەکە بە بێ ماندووبوون

هەڵدەگێڕێتەوە و بەو ئاســـانییەی چاکەی خەڵکی بە خراپە لێکدایەوە، خراپەکان بە چاکە لێکدەداتەوە... ئەوە سروشتی هەر حیزبێکە باوەڕی بە ئازادی هەڵبژاردن و ڕا و حیزبی جیاواز نەبێ و ئەگەر یەکێک لە قوڕێکی تر دروســـــت کرابێ هەڵبکەوێ لەناو دەبرێ و ئەوەش دوو حیکمەتی تێدایە، لە لایەکەوە ئەو دڵەڕاوکێیەی لەکۆڵ دەبێتەوە کە بەرانبەر ئەو کەســە هەیە، لە لایەکی تریشــەوە خەڵکی تری حیزبی و ناحیزبی پێ چاوترســـێن دەکرێ و ڕەنگە لەناوبردنەکانی ســــتالین دیارترین نموونە بێ لە مێژووی هەموو تێکۆشـاندا لە سـەر ئەوەی کە دەیڵێم.

ئێمە لەناوبردنی ناوخۆیی وەک ئەوەی سـتالینمان، لە ماوەکانی دواتردا نەبیستووە بەڵام دیتمان چۆن بە سەر هەموو بزووتنەوەیەکدا زاڵ بوون کە داوای نەختێ ئازادییان لە دەوڵەتە ڕۆژهەڵاتییەکاندا دەکرد. جگە لەو خەیاڵانەی حیزبی بەلشـــەڤی، چارەنووســـی لە هی هەنگاریا و چیکۆســـلۆڤاکیا باشـــتر نابێ. بە مافی خۆمی دەزانم بپرســـم: دەبوو بریژنێف چی کردبا گەر کەسێ لە سەردەمی ئەودا باسی پەرەسترۆیکا و گلاسنۆستی کردبا؟

دوای تێپەڕاندنی شـــتی تر قســـە وا دەخوازێ بچینە ســـەر ئاڵۆزترین ئاڵۆزی بابەتێکی ناوەڕاســـتی لاپەڕە ٢٣ کە ئەم ناونیشـــانەی هەیە: «ڕووکردنە لینین: سەرچاوەی ئایدۆلۆژی پەرەسترۆیکا».

ئەم ناونیشـــانە، لە دووو لاپەڕە کەمتر پێداهەڵدانی بە دوادا دێن. ئاماژەی شەرحنەکراوی بۆ «لینین»یش تێدایە، وەک:

*«کارەکانی لینین و دیدەکانی لە بارەی سۆسیالیزم و بیری داهێنانی جەدەلی و دەوڵەمەندکردنی تیۆری و پارێزگاری سیاسییەوە، بۆ ئێمە*

*وەک پاڵپشتێک کە وشک نەکا، مایەوە... لینین لە عەقڵ و دڵی ملیۆنان خەڵکدا دەژی».*

ئەوجا دەڵێ:

*«ڕووکردنە لینین، بۆ گەڕان بە دوای شیکردنەوە و وەڵامی ئەو پرسیارانەی کە کراون، بە پلەیەکی باڵا حیزب و کۆمەڵگەی وریا کردەوە...».*

سەرۆک گورباشۆف لە کۆتایی لاپەڕە ٢٣ و سەرەتای لاپەڕە ٢٤دا بەڵگەی شارەزایی خۆی بۆ سەلماندنی ڕاستی ئەو بۆچوونانەی سەرەوە لە بارەی لینینەوە دێنێتەوە و دەڵێ:

*«لە ڕاپۆرتەکەی ٢٢ی ئەپریلی ١٩٨٣مدا، لەو کۆبوونەوە جەماوەرییەدا کە بۆ یادی ١١٣ ساڵەی لەدایکبوونی لینین تەرخان کرابوو، ئاماژەم کردبوو بە بۆچوونەکانی لینین، لە سەر ئەوەی کە پێویستە حیساب بۆ یاسا ئابوورییەکان بکرێ لە بواری پلاندانان و حیسابی ئابووری و بەکارهێنانی خەڵکی لێهاتوو لە بوارەکانی ئاشتیدا – ڕەخنەگرانە و هاندەرانە...».*

ئەوجا دەڵێ:

*«ئەمڕۆ تێگەیشتنی باشترمان بۆ دوانووسینەکانی لینین هەیە، ئەو نووسینانەی کە لە ناوەڕۆکدا، وەسێتنامەی سیاسی بوون. کاتێ کاریگەری نەخۆشی لە سەری زیاد بوو، بۆ پاشەڕۆژی سۆسیالیزم زۆر بە پەرۆش بوو و هەستی بەو مەترسیانە کردبوو کە بۆ سستەمی*

*نوێ لە بۆسەدا بوون... پێی وابوو سۆسیالیزم بەرەوڕووی مەترسی گەورە دەبێتەوە و دەبێ زۆر تێبکۆشێ تا ئەوە ئەنجام بدا کە شۆڕشی بۆرژواکان نەیتوانی ئەنجامی بدا...».*

ئەوجا بەم ئەنجامە دەگا:

*«لە ڕاستیدا، سەردەمی لینین گرنگییەکی زۆر گەورەی هەیە و فێرمان دەکا چونکە هێزی جەدەلی مارکسی - لینینی سەلماندی کە ئەنجامەکانی لە سەر شیکردنەوەی ڕاستەقینەی مێژوو بەندە...».*

بە داخەوە ئەو دەقانەی لینینمان لە بەر دەســـتدا نییە کە ئەو چەند دێڕە ئاماژەیان پێ دەکەن و ناشتوانین ئەو ڕووداوانە بسەلمێنین کە بۆ ســـەردەمی قســـەکان دەگەڕێنەوە یا ئەو ســـەردەمەی دەقەکەی وروژاندووە، چونکە سەرنجم داوە لینین وەک سەرکردەی شەڕ نەک وەک فەیلەسووفێک کە لە پلەی یەکەمدا سەرقاڵی تیۆراندن بێ، کاری نەیاری خۆی دەخســتە بەر ڕەخنە و پێیدا دەڕۆیشــت تا دەگەیشــتە ئەنجامگیری و یاسای گشتی کە ڕووداو و تیۆری تێدا تێکەڵ دەبوون و ســـەیر نییە لینین لە هەڕەتی خۆیدا و لە بەرپەرچدانەوەی نەیاری خۆیدا پەنا بۆ ڕووداوێکی تر بەرێ و دیسان یاسای گشتی لێ بەرهەم بێنێ. لینین لە ســەرجەمیدا، ســەرکردەیەکی تاکتیکییە و لەگەڵ شــتە گۆڕاوەکاندا هەڵســـوکەوت دەکا تا ئەوەی بە پێی باوەڕی خۆی پەرەی بە مارکســـیزم دا بە پێی ئەوەی ناوی لێ نا ڕووداوە تازەبووەکان. لە کتێبی «ئیمپریالیزم و ئیمپریالســـتەکاندا» – (چاپی دار التقدم – مۆســـکۆ ١٩٧١)دا بە جۆرێ باســـی کەســـانێکی وەک کاوتســـکی و

پلیخانۆف دەکا کە وای دانابوون لە مارکسیزم لایانداوە، گەیاندوویەتیە ئاســـتێکی وەها توند و توورەبوون لە بابەتییەکەی لایداوە و چۆتە دەرەوەی بازنەی لێکۆڵینەوە بۆ ڕاســـتی و بەرژەوەندی و ویژدان. ئەو داوە مووەشـــی نەپســـاندووە کە پەیماننامەی بریت لیتۆفک لەگەڵ حکوومەتی ئەڵمانیادا هەبوو چونکە دڵنیابوو ســـەلامەتی و بەردەوامی دەوڵەتی سۆڤیەت لە سەر ئەوە وەستاون لە جەنگ دەرکەوێ، بەڵام ئەو داوەی لەگەڵ ئەوانەدا پســاند کە هەرگیز لە قەیســەری ئەڵمانیا خراپتر نەبوون و ئەگەر دەســەڵاتیان بە دەســت بهێنابا زیاتر ڕێی تێ دەچوو دەوڵەتی شــۆڕشــی ئۆکتۆبەر بە شــێوەیەک لە شــێوەکان بمابا. بەڵام هەرەتی لینین و باوەڕبەخۆ بوونی تەواوی و بە خۆی و ئیرادە و بیرەکانی خۆی و ڕەتکردنەوەی تەواوی بیری خەڵکی تر بۆ ئاسان کرد تا ئاستی ڕووبەڕووبوونەوە و ئەوسەری تەرەفەی بەرانبەر ڕەخنەیان لێ بگرێ. زەحمەتیش نییە ســـەرنج بدەین لینین دوای ســـەرکەوتنی شۆڕشـەکەی بووە مرۆڤێکی تازە کە تەواو لەو کەسـەی پێش شـۆڕش جیاواز بوو و ئەوەش شێوەیەکی تری قسەیەکە کە پێشتر کردوومە کە «ڕەخنەگر» بە عادەت لە شوێنی نابەرپرسیارەتییەوە قسە دەکا چونکە بە دەرخســـتنی بەڵگەی چاکەی یا خراپەی ڕەخنەلێگیراوەوە وابەســـتە نییە بەڵکو قســـەیەکی ڕازاوە لە بارەی مەســـەلەیەکی مرۆڤایەتییەوە هەڵـدەبژێرێ کە مەرجیش نییە بێ کەموکورتی بێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەشـــدا بە مافی خۆمی دەزانم گلەیی لەو مرۆڤە بکەم کە لە ســـەر شـتێ ڕەخنە لە کەسـێک دەگرێ و خۆشـی شـتێ دەکا بەو تەواوەتییە نییە کە بە هۆی نەبوونییەوە ئەوی تری ڕەت کردۆتەوە.

مرۆڤ لە ڕووی ئەدەبی و مرۆڤـایەتی و بەرژەوەنـدی و لە هەموو ڕوویەکەوە لە سەریەتی بەوەوە وابەستە بێ کە ڕەخنەگرتنی لە خەڵکی لە ســـەر بنەمای توانا و کەرەســـەی بەردەســـت بێ بۆ دروســـتکردنی

باشـــتر: پێویســـــتە خزمایەتی لە نێوان ڕادەی ڕەخنە و «ڕێتێچوونی باشـتر»دا هەبێ. بە باوەڕی من، لینین یەکێ بوو لەو لێهاتوانەی کە پڕ بوو لە وزەی شـــۆڕشـــگێڕی و گۆڕانی گەورە و بە پێی شـــێوازی بیرکردنەوەی خۆی سەرفی دەکرد و بەرەو ئامانجێک دەچوو کە خۆی باوەڕی پێی بوو و ســـەبری ئەوەی نەبوو گوێ لە بەڵگە و بیانووی خەڵک بگرێ.. بڕیاری دا ســـواری قەتاری قەیســـەری ئەڵمانیا بێ بۆ ئەوەی خێرا بگاتە وڵاتی خۆی بەڵام بێگومان لە کەسێکی تری قەبووڵ نەدەکرد ئەوە بکا کە خۆی کردی چونکە هەرەتی سروشـتی و باوەڕی گردەبڕی بە خۆی (کە لە ناوەڕۆکدا باوەڕنەبوونی بە خەڵکی دەرەوەی باوەڕی خۆی لەخۆ دەگرێ) وەها نەدەکرایەوە بەرانبەر گەڕانەوە بە قەتاری ئەڵمانیا دەستخۆشی بکا ئەگەر ئەو کەسە خۆی نەبوایە. پێش ســـەرکەوتنەکەی، بەلایەوە زەحمەت بوو لەگەڵ ســـۆســـیالســـتە ســـۆڕشـــگێڕەکاندا تەبا بێ بەڵام لە برێســـت لیتۆڤیک Brest-Litovsk لەگەڵ ئەڵمانەکاندا ڕێک کەوت. ئەو هەڵوێســـتانەی لە ویژدانیەوە دەهاتن کە پڕ بوو لە ڕازیبوون لە خۆ و دڵنیابوون لە مەبەســتی خۆی. بەڵام بێت و لە مەبەســتپاکی هیچ کەســێکی تر دڵنیا بێ کە لەگەڵیدا هاوڕا نییە، ئەوە لە سروشتیدا، بە تەواوەتی ڕەت کرابۆوە. لە دەوروبەری شـۆڕشـی ١٩١٧ ڕەتی دەکردەوە گوێ لە هیچ دەنگێ بگرێ کە داوای دەکرد دڵگەورەیی و نەرمونیانی بکردایە، تا دەوڵەتی سۆڤیەت لە سـەر بنەمای تیۆری ئەو دامەزرا و کێشـەکان سـەریان دەرهێنا، هەندێکیان لە هەموو کارێکدا لە سنووری سروشتی شتەکاندا نەبوون و هەندێکیان لە ئەنجامی شـەڕی ناوخۆ و دەسـتتێوەردانی بێگانەوە نەبوون و هەموو ئەوانەش شـــتگەلێ بوون چـاوەڕوان دەکرا ببن و گلەییش لە یەک بەشـەر نەکرێ کە گرنگی پێ نەداوە یا پێشـتر حیسـابی بۆ نەکردووە: لەگەڵ ئەوەشدا لە حیساب دەریاندەکەین و تەنها لە سەر ئەو کێشانە

دەوەســـتین کە لە ئەنجامی ســـوســـیالیزمەوە ســـەریان هەڵداوە کاتێ ســـۆســـیالیزم ڕووبەڕووی ناخۆشـــی یا مەحاڵی وا بۆتەوە لەهیچ کەس شـــاراوە نابن ئەگەر لە مەســـەلەکاندا لایەنگر نەبێ. ئەوەی ســـەرۆک گورباشۆڤ لە ترسی لینین بۆ چارەنووسی سۆسیالیزم ئاماژەی پێ دەدا، کە دوای زیادبوونی نەخۆشـــییەکەی بووە، لە ئەنجامی ئەوەوە بوو کە ڕووســـیا لە ١٩١٧ و بیســـتەکاندا بۆ هیچ جۆرە ســـۆســـیالیزمێک پێنەگەیشـــتبوو و مەترســـی جەنگ و شـــەڕی ناوخۆ و تەنانەت بەرهەڵســـتکـاری نـاوخۆش زەحمەت و مەحـاڵ بوون و لینین لە ترسەکانیدا حیسابی بۆ نەکردبوون و لایەنە نەرێنییەکانی سستەمی لێ دەرچێ کە لە ســـەرەوە باس کران، لەگەڵ حەقیقەتی بارودۆخەکە و پاشـخانی مێژوویی و ئارەزووی خۆبەخۆی جەماوەردا ڕێک نەدەهاتەوە، ترسی تر نەبوو. لایەنی سەیری ئەم جیاوازییە لە نێوان ئەوەی شۆڕشی سۆسیالستی لە ڕووی پێشکەوتنی شارستانییەوە پێی دەوێ و بارودۆخی داتەپیوی ڕووسیای دوای جەنگ و تێکشکاندن، ئەوەیە کە لە شانازی بەلشەڤییەکاندا دەیبیستین کە شۆڕشی سۆسیالستی لە وڵاتێکدا بەرپا بوو ڕاســـتییەکانی ژیان تیایدا تەنانەت بۆ ژیانێکی دیموکراســـیانەی باشـیش ئامادە نەبوو، بەلشـەڤییەکان ئەگەر سـوور بوایەن، لە توانایاندا بوو سـستەمێکی کەهنووتی لە بری سۆسـیالیزم دامەزرێنن ئەوەش بە بەکارهێنانی ئەو کەرەسانەی کە بۆ شۆڕشی سۆسیالیزم بەکاریان هێنا. نازانین ئاخۆ دەبوو جیاوازییەکە چەند بوایە لە نێوان ئەو شـــوێنەوارە نەرێنییەی شـــۆڕشـــی ســـۆســـیالیزم هێشـــتییەوە، کە خۆی لینینی لە مەترســـییەکان ئاگادار کردەوە، لەگەڵ ئەو کاولکارییەدا کە دەوڵەتێکی کەهنووتی دروســـتی دەکرد. بەڵام پێم وا نییە ئەوەش بۆ شـــانی دەسـەڵاتداران قورس بوایە چونکە شـۆڕشـی بەلشـەڤی خۆی بە سـەر

جەماوەرەکەی خۆیدا، تا سـالانێکی زۆر هەڵگەڕا تا خسـتیە ژێر ڕکێفی ئیرادەی ستالینەوە و ئەویش ئەوەی پێ کرد کە کردی.

قسـەکردن لێرەدا لە سـەر دەوڵەتی کەهنووتی بە دەوری ئەو گریمانەیەدا دەسـووڕێتەوە لە هیچ حالەتێکدا ڕێی ڕوودانی نەبوو بەڵام چەندین گریمانەی تر لە ئەنجامی یەک شـت نزیک دەکاتەوە مادام ویسـتی مرۆڤ زاڵە نەک یاسـاکانی سـروشـت. ئەوەی دەمەتەقێ هەڵناگرێ ئەوەیە شـۆڕشـی بەلشـەڤی دەسـتدرێژییەکی بەرین بوو بۆ سـەر بنەماکانی شـیکردنەوەی مێژوو، بە شـێوەی جەدەلییانەی مارکسییانە و مەرجەکانی لە پەیدابوونی کۆمەڵگەیەکی سۆسیالستیدا و بە بیانوویەکی کراوەی بەرین نەبێ قەبووڵیش ناکرێ شۆڕشی بەلشەڤی دەوڵەمەنکردنی مارکسیزم بووبێ و بارانی بە خوڕیش دوای هەواڵەکانی کەشـوهەوا، دەوڵەمەندکردنی بەڕێوەبەرایەتی کەشـناسـی نییە ئەگەر مژدەی خۆرەتاوی دابێ.

تاقیکردنەوەی یەک بە دوای یەکی شـۆڕشـە سۆسیالستەکان بە سـەر مەرجەکانی مارکسـیزمدا تێپەڕین تا وای لێ هات لە وڵاتە هەرە دواکەوتووەکانی ڕۆژهەڵاتدا سەردەکەوت، بەڵام هەموویان لە ناو کاری تێکشـکاو و ڕەفتاری خوێناوی خۆیاندا مارکس و مەرجە شارستانیەکانیان پەسەند دەکرد و ئاستی نزمی بیریش کە خەسڵەتی ئەو شـۆڕشـانە بوو وەها بوو بڵێین ئەوانە لە سـنووری سـەرکێشـی دەرنەچوون. بەڵام دەبێ ئەوەش بڵێین هەڵبژاردنی مارکس کە گیانی سـەرکێشـیی ئەو شـۆڕشـگێڕانە خۆی بۆ ئامادە کردبوو هەڵسـەنگاندنی بیری مارکسـی لێ کەوتەوە و وای کرد کۆمەڵگا شـارسـتانیەکان لە «شۆڕشی سۆسیالستی» کە چاوەڕوان دەکرا ڕوووبدا، دوور بکەونەوە.

بۆ ڕوونکرنەوەی زیاتری ڕۆڵی شۆڕش لە پەیدابوونی ئەو کێشانەدا کە لینین لە ئەنجامەکەی دەترسا، دەڵێم ئەو بیست ساڵەی ژیانی وەرزێری ڕووسی کە بە تاریک دادەندرێن، لە هەموو ئەو ناوچانەی وڵاتی خۆمدا، کە من تەماشـــــای بارودۆخیانم کردووە، بە ڕوونترین ســـــەردەمی گەشـــــەکردن دادەندرێ. کرانەوەی بارودۆخی دوای جەنگ و نەبوونی بەربەســتی فەلســەفی و شــۆڕشــگێڕی لە بەردەم وەرزێر و ناوەرزێردا، ساکارترین و سەرەتاییترین هۆکار بوو بۆ گەشەکردن، تەنانەت وەرزێر وای لێ هاتبوو لەبەر ئەوەی پێویســتی بە هاوکاری مڵکدار نەبوو، وەک بنەتۆو و کەرەســەی بەرهەم وای لێ هات ڕقی لە بوونی مڵکدار بێ تا گرانییە جیهانییەکە لە کۆتایی بیستەکان و سەرەتای سییەکاندا هات و تەرازوو تێکچوو بەڵام تا ئەو ئاســـتەش نا کە بگاتە نەبوونی مەگەر لە بارودۆخی جەنگی دووەمدا. ئاوهابوو و وڵاتەکەم لە جەنگی ١٩١٤شــدا نەبوو و لە کاتی جەنگدا ســـەر بە دەســـەڵاتی عوســـمانی بوو و ســـاڵی ١٩١٧ قاتوقڕی کوشـندەی تووش هات و لە بیسـتەکان و سـییەکان و هەتا کۆتاییەکانی پەنجاکان بە بەریتانیاوە وابەســـــتە بوو و بە پێوانە لەگەڵ ڕووسیای قەیسەریدا ئەوپەڕی دواکەوتوو بوو.

لە زۆر ئاماژەپێدانی نووســـەران و بیرمەندان و ســـیاســـەتمەداران و تەنانەت ســـەربازییەکانیش، ڕووســـەکان دەبینین ئەو قســـانە لە لینین دەخوازنەوە کە ڕێنمایی گشـتییان تێدان بۆ ئەوەی ڕێی ڕاسـت بگرن و شتی لەو بابەتانەی کە تیایاندا یەک خاڵ لە سەر یەک پیت دادەندرێ، وەکو ئەو قسەیەی پێشتری:

*«حیساب بۆ یاسا ئابوورییەکان بکرێ و ژیرانە پەیوەندییەکانی کاڵا بەکار بهێندرێ و بچووکترین بەقاڵی بازاڕ لە بواری کاری خۆیدا بە شتی لەوە گرنگتر و وردترەوە وابەستە دەبێ».*

ئەفسەری گەورەی ڕووسە بەلشەڤیەکان دەبینم لە ڕێنماییەکانیاندا لە بارەی بەرپەرچدانەوەی ئەتۆمییەوە، کە دەیان ساڵ دوای مردنی لینین پەیدا بوو، باسی وابەستەبوون لە هونەری سەربازیدا دەکەن بە ڕێنمایی مارکسی لینینییەوە و باسی ئەوەش ناکەن ئەو هونەرە چییە و لە بازاڕ و ڕەفتاردا چۆن کەڵکیان لێ وەردەگیرێ، چونکە بە بێ هیچ گومانێک لینین و مـارکس دوورترین کەس بوون لە چۆنیەتی داگرتنی بـاری لۆرییەکی ســـەر بازی و لە ڕاســـتی لا نادەم ئەگەر بڵێم گەورەترین کارەســاتی ســەربازی کە بشــێ بە ســەر ســوپایەکدا بێ ئەو کاتەیە ســەرکردە ســەربازەکان لە پلانی تاکتیکی خۆیاندا هانا بۆ تیۆرزانەکان بەرن ئەگەر بە قورسایی مارکس بن.

هیوادارم بە گواســـتنەوەی عیبارەتێکی خۆم لە گوتارێکمدا بە ناوی «حوار غیر متکافئ مع الحرب - وتووێژی دالەنگاوم لەگەڵ شــەڕدا» کە بەشــێکە لە کتێبی «من هموم الحياة - لە پەرۆشــەکانی ژیان» کە ســـــاڵی ١٩٨٨ بڵاو کراوەتەوە، پێچەوانەی خۆم نەوەســـتمەوە، لەو ڕوانگەیەوە کە دانیشتوانی عیراق سێیەکی دانیشتوانی ئێرانن، گوتوومە:

*«ڕەنگە ڕێژەی یەک بۆ سێ لە خەسارەتی مرۆییدا کەمترین ئاست بێ کە بۆمان بشێ. لێشاوی مرۆ وەک لێشاوی دراو، بەر لەوەی لە سێسەد کۆتایی بێ، لە سەد کۆتایی دێ ئەگەر لە سەر یەک بۆ سێ بەردەوام بێ».*

ئەم قســـەیە پلانی گشـــتی تێـدا نییە بەڵکو دەچێتە خـانەی بەڵگەنەویســتییەوە و هەندێ ڕوونکردنەوە و کەرەســەی باوەڕپێهێنانی لەگەڵدایە. کتێبی «هونەری شـــەڕی ســـۆڤیەتی» - کە تەرجەمەی دکتۆر کازم هاشم نیعمەیە و پەخشانی «هۆبەی ڕاهێنان» ی سەربە «بەڕێوەبەرایەتیی گەشـــەی توانای جەنگاوەری عیراقی ســاڵی ١٩٨٧

یەکەم چـاپی کردووە، بە دەســـتمەوەیە و پەنجـاوپێنج گوتـاری ســیاســەتمەدار و ئەفســەری باڵای بەلشــەڤی تێدان هەموویان پلەی لینینیان ڕاگرتووە و لە ساڵانی پەرستنی ستالیندا کەمتر ناوی دێنن و خوێنەری ئەو گوتارانە شـتێکی تێدا نابینێ شـایسـتەی گرنگیپێدان بێ، مەگەر بە دەگمەن لە دوای قڕکردنی ســەرکردایەتی ڕووســی ســاڵی ١٩٣٨، زۆربەیان ڕیاییکردنە بۆ ســیاســەتمەداران و بە پێی میزاجی پلەدارانن. بەڵام ئەوەی زۆرینەی سەرنجم بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ ئەو توندوتیژییەیە کە لە قســەی لینیندا هەیە کاتێ زۆر ســوورە لە ســەر ئەوەی کۆتایی جەنگ، پێش زاڵبوون بە ســەر مەســەلەی چینایەتیدا، مەحاڵە و لەو ســـووربوونە گردەبڕەیدا بەرانبەر هەموو هەوڵێکی نوێی دڵســـۆزانە پێچەوانە دەوەســـتێتەوە کە دەســـتەی پەرۆســـتریکا بۆ لێکحاڵیبوون لەگەڵ ئیمپریالیزمدا هەوڵی بۆ دەدەن کە پێکەوەژیانی ئاشتیانە و دوور خستنەوەی تارمایی شەڕە.

بەڵام من خۆم بەمەوە وابەســـتە ناکەم تا دەرفەتبڕاو نەبم و لە ڕووی بەخشـــندەییەوە دەڵێم ئەو مەترســـییەی ئەمڕۆی جەنگ لە ســـەر مرۆڤایەتی هەیە، لە ڕۆژانی لینیندا نەبووە مەودا لە کەس بەوە نابڕمەوە کە بیانووەکەی ســـەرکردەیەکی وەکو لینین بەوە ڕەت بکەمەوە کە حوکمی لە سەر پاشەڕۆژدا داوە و ژیانی ئەوسا و دوارۆژی مرۆڤایەتی دارشـــتووە چونکە نموونە گەلێ زۆرە کە ڕووداوەکان بە پێچەوانەی پێشبینییەکانیەوە ڕوویان داوە جا لە سەر ڕێڕەوی سۆسیالیزم بێ کە دەبوو ئاسوودەیی و کۆبوونەوەی خۆبەخۆی جەماوەر بە دەوری دروشم و ئاواتەکانەوە ئەنجامی بێ یا لە بارەی ســـەرمایەدارییەوە کە بەرەو لەناوچوونی حەتمی دەچێ.

لە ڕاسـتیدا، تاکبوونەوەی لینین بە بۆچوونی گردەبڕەوە گەڕانەوەی نییە و باوەڕی بە حەتمیەتی ســـەرکەوتنی بوو (حەتمیەت واتای نزیک و ئاســان لەخۆ دەگرێ نەک دوور و بێچارەســەر) وای لێ کرد ببێ بە تەوەری بەرهەڵســتکاری شــۆڕشــگێڕ بۆ هەموو ئەوانەی جێگیربوونی ســـۆســـیـالیزمیـان بە لاوە زەحمەت بوو و ئەگەر بـاوەڕی پتەو و ڕەگداکوتاوی بە ڕێڕەوی مێژوو نەبوایە، هەر لە ڕووســـیا نا، بەڵکو لە ئەورووپا و هەموو وڵاتە پێشــکەوتووەکان نەیدەتوانی بۆچوونەکانی خۆی ئاشــکرا بکا چونکە لە هۆشــی ئەوانەوە زۆر دوور بوو کە شــۆڕشــی ۱۹۱۷یان بەرپا کرد. لەوەوە کە لە بارەی ڕۆژانی شـــۆڕشـــەوە لێی دەگێڕنەوە، جۆش و خرۆشــی جەماوەر لە ڕۆژە بەراییەکاندا ســەرنجی ڕاکێشــا بوو و دەیگوت جەماوەر لە ئێمە شــۆڕشــگێڕترە و بەوەش، باوەڕهێنانی بە واقعیبونی دروشـــمەکانی خۆی و دواکەوتنی دروشـــمی هاوسەنگەکان یا ئەوانەی لە سەر خەتێ وەستابوون کە لە پشت خەتی شــۆڕشــگێڕییەوە بوو, پتەوتر دەبوو. جگە لەوەی نزیکایەتی لە نێوان ســروشــتی خوێنســاردی و هەڵەشــەیی خۆی لەگەڵ یەکەم شــەپۆلی هەڵچوونی زیادی شۆڕشگێڕانە، کە تێکشکاندن لە بەرەی شەڕدا بۆی ببوو بە وزە و گەورەبوونی کێشــەکان و مانەوەیان بە بێ چارەســەر نەکردنیان، لە لایەکی ترەوە، چارەیەکی تر نییە.

لە ســـەرجەمی ئەو وێنەیەدا، لینین ئەو تیرە ئاگراوییە هاوێژراوە بوو بەوپەڕی خێرایی ئاسـمانی دەبڕی بۆیە سـەیر نییە قسـەکانی، لە ڕووی گەرموگوڕی و گردەبڕییەوە لەگەڵ بارودۆخەکەدا گونجاو بووبن و بە باوەڕی من ئەوە هۆکار بوو بۆ ئەوەی زۆر لە بۆچوونە دیاریکراوەکانی لە بـارەی ڕووداوە مێژووییەکانی دواترەوە بەدی نەهـاتبن جگە لەوەی هەر ئەوە خۆی بوون بە هۆکار باوەڕ بە هیچ بۆچوونێک نەهێنێ ئەگەر گردەبڕ و ڕیشـەیی نەبووبێ و بە ناشـرینترین خەسـڵەت تۆمەتباریشـی

بکا. لەمەوە دەردەکەوێ ئەوانەی لە سەر خۆشویستن و بە پیرۆززانینی لینین پەروەردە کراون ڕێ نادەن ئاماژە بەو بۆچوون قســـانەی بکرێ کە وەها ســـنووورداری کردوون کە چ لێکدانەوە هەڵنەگرێ، ئەوانەی نەبێ کە لەگەڵ سیاسەتی دەوڵەتی سۆڤیەتدا یەک دێنەوە و ئەگەر وا دانێین کە ڕێڕەوێکی ناڕاســـتیان گرتووە نە زەرەری بۆ خۆیان هەیە نە بۆ ئەو بەرژەوەندییەی لە خەیاڵیاندایە بە گۆچانێکی بەهێزی قســـەی لینین پشـــتگیری لێ بکەن و لە هەموو بارێکدا پێیان وایە لە ســـەر ڕێبازی لینین دەڕۆن.

من کە لە قســـە و کرداری لینیندا ئەو پێوەرانە لە بەرچاو دەگرم، بە قەدەر داوە موویەک لە مەزنایەتی و کەسایەتییەکەی، وەک پێشڕەوێکی شۆڕشگێڕی سیاسی کەم ناکەمەوە. باوەڕیشم پێی وایە ئەگەر دە ساڵی تر بژیابا بیروباوەڕەکانی لە بێژنگ دەدا و ئەوانەی ڕاســـت دەکردنەوە کە بەدی نەهاتن چونکە ئەو مرۆڤێک بوو لە خەیاڵبازییەوە دوور بوو و خۆی لە «بیرۆکەی جێگیر»ی نەگۆڕ ڕەها کردبوو. لە بارێکیشـــدا نین پێویســـتمان بەوە بێ بزانین ئاخۆ چ مەودایەکی لە ڕاســـتکردنەوە و گۆڕینی بۆچوونەکـانی دەبڕی و ئـاخۆ دەگەیشـــتە ئەو بـاوەڕەی خاوەنداریێتی بە تاک بدرێتەوە یان نا! من پێم وا نییە ئەوەی بکردبا بەڵام ئەگەر بیســـت ســـاڵی تر بژیابا، دووریش نەبوو مەودای کات لە بەردەمیدا بۆ ئەوە کراوە بوایە شـــتێ بکا کە بۆ میزاجی قورس بوو. گریمانەکان هەرچییەک بن پێویستە ئەوە بڵێم کە جارێ نەمگوتووە:

بەرژەوەندی زندەوەر لە پێش ڕێکوپێکی تیۆری و پلەوپایەی مردووەوە دێ و ئەوەش خۆی لە خۆیدا بەڵگەنەویســـتە، بەڵام بە بەرفرەوانی دیومانە زندەوەران لە پێناوی مردوودا خۆیان بەکوشـــت دەدەن و ئامادەن – زۆر زۆریش ئامادەن – لە پێناوی بەرزی ئەو تیۆرییەدا کە

باوەڕیان پێی هەیە، تا ئاستی خۆبەختکردن بەرگری بکەن. لۆژیکی تیۆریش وا دەخوازی خۆبەختکردن لە پێناوی باوەڕێکی ئاینیدا بێ کە تارمایی بەهەشت و ئاگری دوای مردن، وەها لە پشتیەوە بن، لە واقیعەوە نزیکتر بن و «فەنابوون لە خوا»دا لای سۆفی لە «فەنابوون لە زێدەبایی»ی مارکسی بەهێزتر بێ، بەڵام ئەو واقیعەی بە چاو دیومە و لە کتێب خوێندوومەتەوە نموونەی وەها دەدەن بە دەستەوە کە لە حەماسەتدا بۆ بیرۆکەکە لە یەک ئاستدان. هێشتا لە International Affairs دا قسەی پیاوگەلێکی وا دەخوێنمەوە کە زۆر لەوەوە دوورن پرۆلیتار بن بەڵام لەبەر ئەوەی سەر بە دەوڵەتی پرۆلیتارن، وا خۆ نیشان دەدەن کە پرۆلیتار بن و ئەوەندە لە سەر جیاکردنەوەی مرۆڤ لە سەر بنەمای کۆمەڵایەتی (چینایەتی) سوورن کەوتوونەتە سەرووی ئەوانەوە کە لە سەر بنەمای ڕەنگ مرۆڤ جیا دەکەنەوە و ئەگەر بڵێم مارکسییە ڕەسەنەکان پێیان وایە چینایەتی لە خەسڵەتە بایۆلۆژییەکان بەهێزترە، زیادەڕۆییم نەکردووە و دەمانبیست خوێندکارێک لە زانکۆکانی دەوڵەتە سۆسیالستیەکاندا وەرنەگیراوە لەبەر ئەوەی باوکی دەوڵەمەند بووە. جیاوازی ڕەنگ لە جیاوازی چینایەتی پتر بە مرۆڤەوە وابەستەیە چونکە ڕەنگ بە بۆماوەیی دەمێنێتەوە بەڵام سەرمایە بۆ خوێن و مۆخی نەوەی دواتر ناگوازرێتەوە...

ماوەیەکی دوور و درێژ بەربەرەکانەی زانستی دەروونی لە پەیمانگەی دەوڵەتە سۆسیالستییەکاندا دەکرا بە حیساب داهێنانێکی بۆرژوایانەیە و مەبەستی ئەوەیە لە ڕێی گرنگیدانی زیادەوە بە نەفس و قووڵایی عەقڵی شاراوەوە بە بێ خەباتی چینایەتی و جیاوازی کۆمەڵایەتی، ڕەفتار بە مرۆڤەوە بلکێنێ و واقعی ئابووریش بخاتە پەراوێزەوە. ئەوجا سووربوون لە سەر ئینکارکردنی زانستی دەروونی بووە کەمایەتی چونکە بە تاقیکردنەوە بوونی سەپا بۆیە مارکسییە «زیرەک»ەکانمان دیت بە

دەوری بابەتەکەدا دەخولانەوە لە دەرگای پشـــتەوە هێنایانە ژوورەوە و گوتیان زانستی دەروونی ڕاستەقینە زانستی دەروونی مارکسییە. وای لە شەرمەزاری ئەم ڕێبزرییە!

بەرهەمی خەڵکانێکم خوێندەوە کە لە New Time دا نووسیبوویان دوای ئەوەی حەفتا ساڵ ئەوە دەڵێنەوە کە ڕاستی مێژوویی مەزن لە جیاوازی چینـایەتیـدایە، گێژ بوون و دوای کرانەوەکەش بۆیـان دەرکەوت کە ڕاسـتی شـتێکی ترە. یەکێکیان دەڵێ باوەڕم بە خوا نییە، بەڵام پێی وایە بەرهەمی مێژووی کۆنە، بە هەموو بـاوەڕ و نەریت و بەزمەکانیەوە و دڵنیاشـــــە لەوەی نەبوونی بەشـــێکی «خوا» لە دڵی مرۆڤدا، ئەگەر خوانەناســیش بێ کەمایەتییەکی زۆر گەورەیە، ئەوجا ناوی هەندێ لەو کەسـایەتییانەی هێناوە کە بەشـدارییان لە شـۆڕشـدا کردووە – وەک بزانم – بە توندوتیژی و دڵڕەقی ناویان ڕۆیشـتووە، دەڵێ ئەوانە «خوا» لە دڵیاندا نەبووە.

گەورەم! کتێبێکی زانا شوێنەوارناسەکانی ئێوەم لە بارەی عیراقی کۆنەوە خوێندەوە تیایدا پشــتیان بە توێژینەوەی زانا ڕۆژاواییەکان بەســتووە و منیش دەستخۆشیم لێیان – لە زاناکانتان – کرد بۆ ئەو وردییەیان لە ئەنجامگیریدا، بەڵام ئەوەی زۆر ئازاری دام ئەوە بوو باسـی کۆمەڵگەی کۆنی عیراقیان وا کردووە وەک ئەوەی شـــــارەمێروولە بن و جگە لە کۆکردنەوەی دەنکە گەنم و هەڵگرتنی ئالف خەمی تریان نەبووە و نە بزە دەکەن و نە گۆرانی دەڵێن و نە لە خۆشـی و ناخۆشـیدا سـەردانی یەکتر دەکەن و نە عاشق دەبن و نە درۆ دەکەن و نە ڕاست دەکەن و نە... نە لە هیچ شـــتێکدا کە مرۆ تیایدا ســـەرقاڵ دەبێ، زاناکانتان، گەورەم، دیلی یا دەروێشــی ئەو گوتە ناسـراوەن گوایە کار خولقێنەری مرۆڤە، ئەوەش زۆر لە ڕاســـتییەوە دوورە چونکە کـاری هەرەوەزی

خەلقەندەی مرۆڤ و دروستکراوی دەستی مرۆڤ و پەیدابووی هۆشی مرۆڤە دەنا هەموو ئاژەڵەکان دەبوونە مرۆڤ لەبەر ئەوەی کار دەکەن. بۆ ئەوەی کارێک بەرەو پەرەسەندن بچێ، هەر دەبێ مرۆڤی جیاواز لە ئاژەڵ هەبێ و ڕاستترە بڵێم: «کار، مرۆڤ پەرەی پێ دەدا» چونکە کار خۆی لە خۆیدا بوونی سەربەخۆی نییە تا پەرە بدا یا پەرە بسێنێ. چەند ناخۆشە لە یەکێ لە بەڵگەنەویستەکاندا قسەی وا کاوێژ بکەینەوە ئەوەش هەر لەبەر ئەوەی ئینگلس لە یەکێ لە کتێبەکانیدا گوتوویەتی.

دەگێڕنەوە، ئەگەرچی بە پراکتیک دوو تەنیان لە بورجە خوارەکەی «پیتسە»وە هاویشتە خوارەوە کە قورساسییان جیاواز بوو و بە هەمان خێرایی گەیشتنە زەوی، بەڵام ئەوانەی باوەڕیان بە بۆچوونەکەی ئەرستۆ هەبوو کە ئەو تەنانەی قورساییان جیاوازە، بە پێی قورساییەکانیان، بە خێرایی جیاواز دەگەنە زەوی، دەستبەرداری باوەڕی خۆیان نەبوون و نەدەچووە عەقڵیانەوە کە بەرهەڵستی هەوا و کاریگەری لە سەر قەبارەی جیاواز، کاریگەری لە سەر قەبارەی سووک هەیە... بەو شێوەیە تا کۆتایی بارودۆخێک کە کۆتایی نییە و کەمفامەکان سوورن لە سەر ڕێزگرتنی ناڕاستێک کە خۆیان بە پیرۆزی دەزانن.

گەورەم، کات بە سەر بیرۆکەی سەردەمیدا تێدەپەڕێ و گەورەترین مەترسی لە سەر بیری مرۆڤ ئەوەیە بۆچوونێکی دیاریکراوی بە سەردا بسەپێنیت کە بلیمەتێک ڕۆژی لە ڕۆژانی سەدەی پێشتر یا ئەم سەدەیە گوتوویەتی و ئەوەی بلیمەتێکی تر لە سەدەی دێ دەیڵێ. بلیمەتەکان جێی دیاریکراوی خۆیان لە تۆماری نەمراندا هەیە و شایستەی نەمرین، ئەگەرچی ڕامان لە گەڵیاندا جیاوازیش بێ یا زەمانە ڕایەکی وا پێشکەش بکا، کە لە حەقیقەتەوە نێزیکتر بێ.

مرۆ هەر بەوەی لە دەرەوەی ژووری بەندیخانە بێ، زنجیری لە کۆڵ نابێتەوە چونکە کۆت و زنجیر لە سەر بیری لە کۆتی بەندیخانە توندترن و بەندیخانە کاتییە، بەڵام بەندیخانەی فکری، بەندیخانەی ڕاستەقینە و ئاسایی زیاتر دەخاتەوە. بۆ کەسی دڵسۆز ئەوە شەریفترە هەڵەی خۆی بدۆزێتەوە و هەوڵی ڕاستکردنەوەی بدا نەک بەڵگەی تازە بخاتە سەر بەڵگە کۆنەکانی تا ڕاستی فەلسەفەکەی بسەلمێنێ چونکە ئەگەر ڕاست بوایە ئەو بەڵگانەی پێشتری بەس بوو. بەڵام بیانوو بۆ هەڵەکان بێنێتەوە و کەموکوڕییەکان داپۆشێ و خەریکی ڕێبزری بێ، ئەوە خراپە و گەورەترین تاوانە. لەوەدا مرۆ ویژدانی خۆی ڕێنمایی دەکا و دەکرێ ئەو هەوڵانەی بۆ داپۆشینی هەڵەکانی دەیدا بکاتە بیانوو بۆ هۆکاری نەیارەکەی لە دۆزینەوەی هەڵەکانیدا و بە دڵنیاییەوە ئەگەر نەیارەکەی لە ڕەخنەدا پەنا بۆ فێڵ بەرێ، قێزی لێ دەبێتەوە و دەبا کە خۆشی فێڵ دەکا، قێزی لە خۆی ببێتەوە.

بە ڕاستی جێی سەرسوڕمانە سووربوون لە سەر ئیرادەی تاکێکی دیاریکراو لە کۆمەڵگەیەکدا بانگەشەی حەرامکردنی تاکپەرستی بدا و باوەڕهێنان بە کۆ تیایدا باو بێ – با کۆی پرۆلیتار بێ و ڕۆشنبیرانی هاتبێتە سەر – تەنانەت تاکپەرستی لە کەسایەتی ستالین و ماو و هی تری مارکسیدا گرد بووەوە و شارمان بینی ناوی بە ناوی خەڵکانێکەوە نرا، بە هۆی دڵسۆزی یا چاکەکاری یا تێگەیشتنەوە نەناسرا بوون بەڵام جەماوەری تێکۆشەر کە بە گیانی خۆیان قوربانییان دا یا دواتر بە هۆی وابەستەبوونیانەوە بە باوەڕەوە لەناوبران، ناویان بزر کرا. کاتێکیش بارودۆخ دەگۆڕێ و ستالینگراد دەبێتە ڤۆڵگۆگراد و هەندێ ناو لە عەرش دادەگیرێن و ئیعتیبار بۆ ئەو ناوانە دەگەڕێتەوە کە لە موسیبەتێکدا لە دەستیان دابوو کە هەر لە ناو خەڵکانێکدا ڕوو دەدا

وازيان له ڕەفتاری ئاسـايی هێنابێ و ڕەفتاريان له تيۆری و قسـه سەيرەكانی وەريگرتبێ.

ئەوەندەم ماركسی ديوه كه ناژمێردرێن، هەوڵيان داوه به ماركسيزمدا ڕۆچن و قسـەكانيان، له قسـەی خۆيان زياتر له ماركس و لينين خواسـتۆتەوه بێ ئەوەی بۆ زانينی بۆچوونەكانيان ئاوڕ له ئەنجامی بۆچوونەكانيان، له واقعی ژيانـدا بـدەنەوه و بزانن ئاخۆ له لايەن هەموانەوه قەبووڵ دەكرێ! ئەوانه وەک ئەو پياوه ئاينپەروەرەن كه هەوڵ دەدەن شـێواز و مەرجی نوێژكردنيان و دەربڕينی وشـەكانی به ڕێكوپێكی بێ چونكه دڵنيايه چارەنووسـی له ڕۆژی پەسـڵاندا بەوانەوه بەنده و خۆزگه ماركسيش بيانوويەكی ئاوهای دەبوو بۆ وابەسـتەبوونی توندوتۆڵی به دەقەكانی ماركسييەوه و هەوڵی بێوچانی بۆ يەكهاتنەوەی لەگەڵيانـدا چونكه به هەرحـاڵ ئەويش پەيوەنـدی بەو بەرژەوەنـدييه دنياييانەوه نامێنێ كه له سـەر واقيع هەڵچندراون و له ڕێوڕەسـم و دەقەكاندا دەگەڕێ ئاخۆ پەتاته باشـتره يا تەماته و داخۆ دەكرێ نەردەوانی دراوسێكەيان به كرێ بگرێ يان نا.

شتی لەو بابەتانه له ڕووسيای ئەمڕۆدا دەبيستين كه دەكرێ بۆ ماوەی دەيان سـاڵ زەوی به وەرزێر بدرێ و لەمەشـدا فێڵێک دۆزرايەوه كه نـاكرێ زەوی به نـاوی وەرزێرەوه بێ و دەبێ پيرۆزی نەهێشـتنی خـاوەنداريێتيش بمێنێ، ئەوەش وێنەيەكه هەنـدێ ڕووداوی «كێڵگەی ئـاژەڵ»ی جۆرج ئۆروێڵم بير دێنێتەوه كه تيـايـدا خـاوەنه تـازەكـانی كێڵگەكه شـەراب قەدەغه دەكەن و ئەو فێڵەشـی بۆ زياد دەكەن كه بڕگەيەک دەخەنه كۆتايی دەقه ياسـاييەكەوه و ئاوهای لێ دەكەن: شـەرابخواردنەوه قەدەغەيه… تا ئاستی مەستبوون. قەدەغه كراوەكانی تريش به هەمان شێوه.

من نە خەریکی توانجلێدانم و نە نیازم هەیە لە نووسیندا ئێسکی خۆم سـووک بکەم و هەرگیز لە بەرنامەمدا نییە لە شـکۆی مەزنە ڕاستەقینەکان کەم بکەمەوە و ئەگەر دیتم یەکێکیان هەڵە دەکا - بە پێی بۆچوونی خۆم کە شـتێکی ترم نییە - خەمم بۆ ڕیتمی هێڵە هەڵەکانی، لە هەسـتێکەوە دێ کە بە هیچ جۆرێ پەیوەندی بە بەرژەوەندییەوە نییە، بەڵکو وەک ئەو خەمەیە ئەگەر پەڵەیەک بەر تابلۆی جیوکوندا (مۆنا لیزا) بکەوتایە، خەمی ئەو خەڵکەم هەڵدەگرت کە خەمی هەڵەیەکی ئەو مەزنەیان هەڵدەگرن.

داگرتنی ستالین لە عەرشەکەی، کارێکی مێژوویی مەزن و پێویست بوو، چونکە تاوانکار بوو نەک مەزن، دەنا جەنگیز خان و هیتلەر و هەموو دێوەکانی مێژوو، مەزن دەبوون. دانانیش بە سەرکردایەتی لینین و پێشڕەوایەتییەکەی، جوان و خوازراو و پێویست بوو چونکە ئەو چاکەیەی هەیە ئەو دەوڵەتەی سۆڤیەتی دامەزراند کە شانازی پێوە دەکەن. وەکو حوکمی بەڵگەنەویستیش بوو مارکس و ئینگلس پلەوپایەی دیاری خۆیان لە میحرابی مێژوودا بپارێزن، بەڵام:

بە هیچ جۆرێ لە جێی خۆیدا نییە پلە و پایەی پێغەمبەرایەتییان پێ بدرێ و ڕێنمایی و فەلسەفە و بۆچوونەکانیان بە «ئیلهام» وەربگیرێ چونکە لێهاتوویی تاکی مرۆڤ بە هەر کوێ بگا، توانای پێشڕەوایەتیکردنی، لە سەردەمی خۆی سەر ناکا هەتا کێڵگەی سەردەمی دوای خۆی پاراو بکا. ئەگەر وەهاش دابنێین بە وردبینی خۆی نیو سەدەی دوای خۆی یا زیاتری بینی، بە دڵنیاییەوە لێهاتوانی ئەو سەردەمە لە سەر ئەو واقیعەی تیایدا دەژین، لەو بەرچاوڕوونترن، لە بەر ئەم چوار هۆیە گردەبڕە:

- یەکەم، ئەو دنیایەی تێیدا دەژیت، زۆر ڕوونتر و کراوەترە لەو جیهانەی کە بلیمەتێک وێنای دەکا.
- دووەم، زانست و زانیاری و پراکتیک بە ڕێژەیەکی ئەندازەیی لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر زیاد دەکا.
- سێیەم، بە زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان ڕێژەی بلیمەتەکان زیاد دەکا.
- چوارەم، گەشەسەندنی مێژوویی لە هەموو ڕوویەک و ئاستێکیەوە کێشە و چارەسەری وەها دەخاتەوە، لە سەردەمی ئەو زانایەدا لە دایک نەبوونە کە پێش سەد یا دوو سەد ساڵ مەرگ پێچاویەتییەوە.

زانای هەرە زانای ساڵی ١٩١٩ پێشبینی ئەوەی نەکردووە گۆڕانکارییەکانی سیاسەت و بەرژەوەندی وا دەکەن نزیکبوونەوە لە نێوان دەوڵەتێکی ئیمپریالیزمی و دەوڵەتێکی کۆمۆنستیدا ببێ. نەک هەر ئەوە، لینین خەیاڵیشی بۆ ئەوە نەچووە دەوڵەتە کۆڵۆنیالەکان و ڕووسیای کۆمۆنست بۆ زاڵبوون بە سەر ئەڵمانیای نازی ئیمپریالی سەرمایەداری پێک بێن و ڕێی بە خۆی نەدەدا ئەوە قەبووڵ بکا دوو دەوڵەتی کۆمۆنستی بچنە جەنگەوە و ئەو دەوڵەتانەش تەماشاکەر بن کە لە دیدی لینینەوە لایەنی پێچەوانەن بۆ هەر شتێک کۆمۆنستی پرۆلیتاری بێ و لە ڕووی مێژووییەوە حوکمی بە سەردا دراوە دوژمنی گەلان بێ تا ڕۆژێکی لە ڕێڕەوی حەتمییەتی پەرەسەندندا لەناو دەچێ... قسەکردن بەم ئاڕاستەیدا تا جێیەکی بێ کۆتایی درێژە دەکێشێ و بۆ لووتبەرزیش نەبێ جێی دەمەتەقێی تێدا نییە. کورتەی قسان لە بابەتی «ڕووکردنە لینین»ـەوە ئەوەیە ئەگەر سنووری ڕێزی ڕەها لە ڕێنمایی و بۆچوونەکانی لینین ببەزێندرێ و بخرێنە بواری جێبەجێکردنەوە،

بەرانبەر بەرژەوەنــدی چــاوەڕوانکراو دەبێتە هەڵگەڕانەوە، چونکە بەڵگەنەویستە گورباشۆف لەم ڕۆژەیدا لەوە ڕوونتر کێشەکانی وڵاتەکە دەبینێ کە لە لینین چاوەڕوان دەکرێ بیانبینێ و لەبەر ئەوە و بە پێی هەموو لۆژیکێکی ڕاست چارەسەری ڕاستیش لە لینین باشتر دەبینێ و هەندێ لەو کێشە گەورە و ترسناکانەی ئێستا هەن لە ڕۆژگاری لینیندا نەبوونە و تەنانەت هەندێکیان، ئەگەر نەڵێین زۆرینەیان، لە ئەنجامی ئەو بۆچوون و جێبەجێکردنانەی ئەوەوە بوونە کە لە مارکســـــیزمی و بۆچوونی تایبەتی خۆیەوە بوونە.

بەڵام پێوەرێکی لەوە وردتر و دروســـــترمان هەیە لەوەی تەنها ڕامان وابێ لە کاراکردنی ســۆســیالیزمدا چی باشــە و چی باش نییە، ئەوەش ڕای جەماوەری گەلە کە بیانووی پێویســـت نییە. یەکەم هەنگاوی ئەو ڕێڕەوە ئەوەیە کە ڕێ نەدرێ ســەرکردە ئەو ســستەمە بســەپێنێ کە چەندین سەردەمە وەک ئینجیلی تازە تەماشا کراوە گوایە تاقیکردنەوە هەڵناگری دەنا پەرەسترۆیکا و گلاسنۆست جگە لە ڕێوڕەسمی ئاسایی هەندێ شـــــوێنی ئەڵقە بەتاڵەکە Vicious Circle، کە دەســـــووڕێ و دەگاتەوە ســـەرەتای زنجیرە کێشــە لە یەکتر پەیدابووەکان، هیچی تر نین.

من ناڵێم پەت بۆ نەیار شۆڕ بکرێ گەمە بەو سستەمە بکا کە هەیە و شــەرعییەتی وەک هی ســســتەمێکی پەتاداری سـۆڤیەت کە لە ســەر شـــــۆڕشـــێک هەڵچندراوە زۆرینەی هەرە زۆری گەلانی ڕووســـــیا بەشــدارییان تێدا کردووە، بەڵکو ئەوە دەڵێم کە شــۆڕش نەک هەر لە گەل گەورەتر نییە بەڵکو بە قەدەریشی نییە و لە میقداردا لێشی نزیک نابێتەوە و بە حیساب شۆڕش کەرەسەیەک بووە، ڕۆژێ لە ڕۆژان گەل بۆ مەبەستێک بەکاری هێناوە کە پێی وا بووە بە شێوازی پرۆلیتاری لە

بەرژەوەندی گشتی خەڵکدایە و بەوە کلیلێکی بۆ کۆت و بەندی خەڵک ویســـت نەک زنجیرێکی تر کە لە ســـاڵی ١٩١٧ ەوە بە بەهەشـــتی بەڵێنداوەوە بیبەستێتەوە و ئەوەشی باوە هەڵبژاردەی زۆرینەیە بۆ ئەوەی بزاندرێ دەبێ چی بکرێ و لەوەیە زۆرینە بیانەوێ ماوەیەک برســـی و ڕووت بن یـا بە بێ ئۆتۆمبیـل، بە پێ ڕێ بکەن. ئەو گەلە، لە ڕۆژانی ستالین و دواتردا، زەلالەتی بە سەردا سەپاوە!!

هەموو ڕابردووی مێژووی هەر گەلێک تەنها کەلەپوورە و شـــتێ بە ناچاری ئەمڕۆ و ســـبەی تیایدا بژێیت: کەلەپوور، هەندێکی خراپە و هەندێکی باشـە و لایەنە باشـەکەی بە ڕووداوەکانی و کەسـەکانیەوە لە خەیاڵدا دەمێنێ و داوای پێشـــکەوتنی زیاتر ژیانی خۆش دەکا، ئەوجا هەسـتی پێزانین و سـڵاو بۆ گیانی کۆچکردووە دڵسـۆزەکانیان دەچێ. خەڵک لە بارودۆخی ئاســاییدا لەوە عاقڵترن ســووکایەتی بە شــتێکی جوان بکەن لە ڕابردووەوە بۆی مابێتەوە و کەســـم نەدی ئەو خانووە بســـووتێنێ کە لە باوکییەوە بۆی ماوەتەوە مەگەر میراتگر تێکچووبێ یا تێکچوویەک کاری لە ســـەر عەقڵی کردبێ یا کەوتبێتە بارودۆخێک توانای خۆڕاگری نەمابێ و وەک شێت ڕەفتاری کردبێ و شێتیش نەبێ بەڵام بارودۆخی لەگەڵ شـــێتێکدا هاوســـانی کردبێ. نموونەی لەو بابەتانەمان دیوە چ وەک تاک و چ وەک کۆ و تاکە کەســـم دیوە بۆ دەربازبوون لە دەســـەڵاتی کەســـوکار خۆی ســـووتاندووە و وەرزێری ڕووسمان دیوە کە چەند ساڵێک لە دوای شۆڕش بە کۆمەڵ حەیوان و پەلەوەری خۆیانیان کوشتووە و لە باسی کشانەوەی دە هەزار یۆنانی بە سەرکردایەتی زەینەفووندا باسی ئەوە هەیە سەرجەمی عەشرەتێک کە دەورەیان گیرا، بە پیاو و ژن و منداڵەوە خۆیان لە شـــاخێکی بەرزەوە هەڵـدا. لە ڕێڕەوی مێژوودا، وێنەی زۆری لە ژمـاردننەهـاتوومـان لەو کارەســاتانە هەیە کە لە لایەن زۆرداری تاوانکارانەوە بە ســەر گەلاندا

هاتوون، جا با ڕێ بەو گەلانە بدەین ئازادی خۆیان بەو شـێوەیە بەکار بێنن بە دڵیانە جا با بە ویســـتی خۆیان هەندێ ئازاریش بە خۆیان بگەیەنن چونکە بە پێچەوانەی ئەوەوە کە ژێردەسـتە بن، دوایی خۆیان چارەســـەری دەکەن و خۆیان بەرپرس دەبن و بە ناچاری چاوەڕوانی دەرمانی چارەســـەر دەبن لەوەی برینداری کردوون و ئەو دوو بارە جیاوازییان گەلێ زۆرە...

مرۆڤـایەتی مرۆڤ بە ئـازادی هەڵبژاردنییەوە بەنـدە، ئـازادییەکی سەردەمانەی بە بنەما و ناکرێ بە ملکەچکردنی سەردەمانەوە وابەستە بێ!! چەند سـاڵێک پێش ئێسـتا، کرێکارانی کانەکان لە ویلزی بەریتانیا خۆپیشـــاندانیان ئەنجام دا و بە مانگرتن ڕێی حکوومەتیشـــیان نەدا کانەکان بەکار بێنێ. بارودۆخەکە – وەک لە بیرم بێ- ماوەی پتر لە یەک ســـاڵ ئاوها مایەوە و مانگانەی خۆشـــیان وەردەگرت و دوایی مانگرتنەکە بە شـێوەیەک لە شـێوەکان و بە بێ خوێنڕشـتن و گرتن چـارەســـەر کرا. ڕەنگە لاملییـان کردبێ یـا ســـنووری بەرژەوەنـدی نەتەوەییان بەزاندبێ و زەرەرەکان، وەک لە بیرم بێ، گەیشـتنە سـەدان ملیۆن دۆلار بەڵام خۆپیشـاندانەکە یاسـایی بوو و بەو حیسـابەش مافی کۆمەڵایەتی دانپێدانراو بوو و خۆی داینابوو و کرێکارەکان بەوە لۆمە ناکرێن مافی خۆیان بەکار هێناوە و ئەگەر بە ئارەزووی خۆیان هەندێ جار دەســـت لە مافی خۆشـــیان هەڵگرن لۆمە ناکرێن، بەڵام ئەگەر کرێکـار لەوە بێبەش بێ لە ڕێیەکی یـاســـایی کـاریگەر و بە هێز و هەڵوێســتەوە بەرانبەر حکوومەت بە توندی بوەســتێتەوە و بەرگری لە مافی خۆی بکا، کرێکاران و کۆمەڵگەی بەریتـانی هەموو لۆمەیەکیـان دەکرێ و مافی خۆپیشـــاندانیش ئەگەر پارەی مانگانەی لەگەڵدا نەبێ، مافەکە جێگیر نییە.

کۆمۆنستێکی کۆنی عیراقی کە لە سەردەمی دەسەڵاتی خرۆشۆڤدا سەردانی سۆڤیەتی کردبوو، بۆی گێڕامەوە کە کرێکارانی هەندێ کارگە مانیان گرتبوو و لە کارگەکاندا مابوونەوە و حکوومەتیش هەوڵی دەدا قایلیان بکا کە خۆیان خاوەنی کارگەن و چۆن لە دژی خۆیان مان دەگرن! بەڵام ئەوان بەردەوام بوون.. حکوومەتیش هیچی بۆ نەمایەوە ئەوە نەبێ ڕۆژێکیان زرێپۆشی نارده سەریان و چی کوشت کوشتی و چی شێلا شێلای و ئەوانەی بە زندوویی مانەوە، هەموویان خرانە ناو ئۆتۆمبیلی ڕەشی پەردەدارەوە و بۆ شوێنێک بردیانن و ئیتر کەس هیچی لە بارەیانەوە نەبیست.

ڕواڵەتی مەسەلەکە وا دەخوازێ کە دەبوو بە پێچەوانەوە بوایە و کرێکاران لە دەوڵەتی خۆیاندا بە ئازادی مانیان بگرتایە و ئەوانەی وێڵز و دەوڵەتە هاوچەشنەکانی تر، بەرەو شوێنی نادیار برابان. کێشەی پێچەوانەبوونەوە بەو شێوەیەی سەرەوە لەوەدایە کە لە دەوڵەتەکەی خرۆشۆڤدا ئینجیلێک هەیە لە سەرەوەی توانای کرێکارانەوەیە و لە ژیان و بوونیان پیرۆزترە و شتێکی دەستووری و یاسایی نییە ژیان و ئازادی و مڵک وماڵی لە جەبەرووتی ئەو ئینجیلە پیرۆزە بپارێزێ بەڵام شتی وەک ئەو ئینجیلە لە یاسای ئینگلیزدا، کە کار ڕێکدەخا نییە و ئەوەش لە ئەنجامی پەرەسەندنێکی سروشتییەوەیە کە پیرۆزی تێدا نییە، هەر وەک گیایەکی سەوز لە ماوەی چەند مانگێکدا دەگۆڕێ و دەبێتە پووشێکی زەرد و هەندێ تۆوی گەیویشی لەگەڵدا دەبێ تا بۆ ساڵی داهاتوو شین بێ.. سێبەری ڕاستیش لەوەدا نییە ئەگەر کەسێکیش بڵێ ئەو مافانە بۆ سڕکردنی کرێکاری ئینگلیز دراون تا سستەمی بەرخۆری دەوامی بێ و ئەو قسەیە خۆی کەموکورتی تێدایە و بەو قسەیە دەچێ کە بیانووی بێدەنگی کرێکاری ڕووسی یا بولگاری

بەوە بێنێتەوە کە خۆی خـاوەنی کـار و خـاوەنی حکوومەتە ئیتر چۆن ئەرکی داواکاری و خۆپیشاندان و مانگرتن بگرێتە ئەستۆ!!

ســـــــتەمی ئینگلیزی لەگەڵ هەموو کەموکورتی و خەســـڵەتێکیدا، ڕەنگدانەوەی خەســـڵەت و نەریتییەکانی کۆمەڵگەکەی ئینگلیزە کە لە ســـەر بنەمای ئازادی خاوەنداریێتی و ڕا دەربڕین و ڕەفتاری ئازادانەی ناو ســنووری ئەو یاســایانە هەڵچندراوە کە زۆرینە بڕیاری لە ســەریان داوە و گەندەڵی تێدا نییە. عەلمانییەتی تیۆری و ڕا و بۆچوون هەرچۆنێ بێ، وەک هەموو بیدەعەیەکی عەقڵی کە لە فەیلەسووفە یۆنانییەکان یا ئەورووپییەکـان یـا ڕۆژهەڵاتییەکـانەوە مـاونەتەوە و هیچیـان مەودای جێبەجێکردنیان نەماوە و شـتی باشـتر جێی گرتوونەتەوە، بۆ خەسـڵەتی نەریتی دەگەڕێتەوە.

هەر بە بیرکردنەوە لە ناونیشانی «ڕووکردنە لینین» شتی بێکۆتایی بە بیرمدا دێ و ئەگەر بیرم تەنها لە سـەر یەک خاڵ چڕ بکەمەوە کە لە کۆتـایی لاپەڕە ٢٤ی کتێبەکەدا هـاتووە و دەڵێ: «ســـەردەمی لینین گرنگییەکی زۆری هەیە» و پێش چەند لاپەڕەیەک گواسـتوومەتەوە و بەم ڕستەیەش کۆتایی دێ: «ئەنجامگیرییەکان پشت بە شیکردنەوەی بارودۆخی مێژوویی دەبەستن» و ئەوەی لە بەر چاوم لە «شیکردنەوەی بارودۆخی مێژووی» دا ڕوونە و لە نووسینەکانی لینین، لە ١٩١٩ەوە تا ١٩٢٤ بەر چاوم دەکەوێ ئەوەیە کە لینین بۆ بنیاتنانی حوکمەکانی لە بارەی نالەبارترین و تەنگەتاوترین و نائارامترین بارودۆخی ڕۆژگاری خۆیەوە، بە سروشتی چالاکی خۆیەوە وابەستەیە و هەر دەڵێی مێژوو بە تیری لە ئاگری تواوە نوقومکراو دەنووســـێ و دنیایکی دەرەوەی دنیا سـۆسـیالیزمەکەی خۆی پیشـان دەدا، کە هەمووی شـەڕ و تاریکی و یەکترخواردنە. بە جۆرێکیش بـاســـی خەڵکی نـاپرۆلیتـار دەکـا هەر

مرۆڤێک ئەو خەسـڵەتانەی هەبێ، هەرگیز نە دەتوانێ پێش بکەوێ نە فێر ببێ نە گەشــە بکا و تەنانەت ســۆســیالســتە بەشــداربووەکانی نێودەوڵەتی دوومیش لەگەڵ بۆچوونیـدا ڕێـک نـایەنەوە. ئیتر چۆن بتوانین بە بیری خۆمـانیـدا بێنین کە کۆمەڵگـا ڕۆژاواییەکـان نەریتی ڕێزداریان هەیە و لێیان دانابڕێ و دەســەڵاتداری بەریتانیا، بۆ نموونە، پێشــینەی یاســایی وای هەیە هەموو ئیمپراتۆرەکە ناتوانێ لە ســەری لایبەرێ چونکە زانکۆ و دادگا و ڕێکخراوە دینی و دنیـاییەکانی وڵاتە بۆرژوا دەوڵەمەنـدەکان، هەموویـان لە نووســـینەکانی لینینـدا پیلانی شـەیتانییە. مەبەسـتیش زۆرینەی نووسـینەکانی و شـەقامی سـەرەکی بیرکردنەوەیەتی نەک وردە پروشـــکێک کە لە بۆنەکاندا لێرە و لەوێ پەرت بووبێتن، چونکە شەیتان خۆشی لە هەڵسەنگاندنی بیانووی خۆیدا کە خۆی لە ئاگرە و ئادەم لە قوڕ، هەندێ قسەی بەجێی هەیە.

بە بێ ئەوەی هیچ لە گرنگی لینین کەم بکەمەوە دەڵێم گرنگی ئەو لە سەرخستنی شۆڕش، لە کاتی بەرپابوونی شۆڕشدا بوو چونکە شۆڕش ئەوپەڕی پێویســتی یەکلاکەرەوەی بە هەڵوێســتی توندی لینین هەبوو کە لە جووڵە نەدەهات و باوەڕی ڕەهای بە شۆڕش و بە خۆی هەبوو و ئەو شــــۆڕشــــە قەت بە بێ ئەو عەزم و جەزم و گردەبڕییەی سەرکردەکەی سەرکەوتنی بە دەست نەدەهێنا. سۆسیالیزم، لە لایەن لینین و هەندێ لەو هاوڕێیانەیەوە کە ئەگەر لینین نەبوایە کەس گوێی لێ نەدەگرتن، بە سەر سروشتی شۆڕشەکەدا درابوو.

دوای سەرکەوتنی سەرەتایی و ڕووکەشی بۆ سەپاندنی سۆسیالیزم بە ســەر هەموو بزووتنەوەکەدا و دوای پەڕینەوەی لە مەودای مەترســی ڕاســتەوخۆ، دەســەڵاتی لینین بووە مەترســی لە ســەر ڕێڕەوەکەی بە تایبەتی لەو لایەنەوە کە نەترســانە بەرەنگاری هەوڵی ڕاســتکردنەوەی

ڕێڕەوەکەی یا ئەو خواروخێچییانە دەبووە کە لە پراکتیکدا دەردەکەوتن. نەخۆشییەکەشی کە لە زیادبووندا بوو، بووە بەربەستێکی ترسناکی ئەو لایەنە و تا ئەوەی نەیتوانی ســــتالین لە پلەوپایەکەی لابەرێ. دوای مردنەکەی، بە بەڵگەی گردەبڕ ســــەلمێندرا هیچ گرنگییەکی عەمەلی نییە چونکە مەحاڵ بوو هیچ مرۆڤێکی تر ئەو وزە لینینییە زەبەلاحە لە خۆی کۆ بکاتەوە و بتوانێ هەڵە لە جێی خۆیدا ڕاگرێ و ڕاستی بکاتەوە و شتێکی ڕاست لە جێیدا دابنێ.

هیچ کەس نەبوو بوێرێ دەم بکاتەوە و بە یەک وشــــە ئاماژە بۆ هەڵەیەک لە کارەکاندا بکا و ئیتر پەنا برایە بەر داپۆشــــینی هەڵە و کەموکورتی و پێچکردنەوە بە دەوری ئامانج و دەق و دروشــــمدا، ئەوەش بە ڕێبزری و لادان و تۆقاندن، تا ستالین بە شەیتانی خۆی لە چەقی سەرکردایەتیدا جێی گرتەوە.

سەرجەمی فکر و شاکار و ڕێنماییەکانی لینین بەشی ئەوەیان نەکرد لە هیچ بوارێکدا پێش بە لادانێک بگرێ، چەندە بچووکیش بووبێ چونکە هەرچی لادەری هەرەگەورە دەیویســــت بوو بە ئاین و ئینجیلی نوێ و جێی لینینیزم و مارکســــیزم و جەماوەر و هەموو ئەو وشــــانەی وەک ئەوانە بە ئیزم تەواو دەبن گرتەوە و هەڵڕژانە ناو یەک وشــــەوە کە «ستالینیزم» بوو تا ماوەی پتر لە چارەکە سەدەیەک حوکمی ڕوسیا و جیهانی شۆڕشی پرۆلیتاری بکا و لەگەڵ ئەوەشدا خرۆشۆڤ ڕێڕەوێکی کردەوە، بەڵام تا دەرکەوتنی پەرەسترۆیکا و گلاسنۆست، تارماییەکەی هەر مایەوە.

ڕۆڵی لینین بە مردنی کۆتایی هات و تەنانەت پێش مردنیشــی لەگەڵ زیادبوونی نەخۆشــــییەکەی و لەکزیدانی گەرموگوڕییەکەی تا ئەوەی نەتوانێ ئاڕاســتەی شــۆڕش بەرەو ئەو جێیە بەرێ کە دینابوو، کۆتایی

هات. ئەمڕۆش کە ڕایدەگەیەنن بنیاتنانەوە پێویستە، بە هیچ جۆرێ بە هۆی لینینەوە نییە بەڵکو لەگەڵ هەبوونی ئەو و بە ئـاڕاســـتەی پێچەوانەی ئەو گردەبڕییە کـارەســـاتئـامێزەی ئەوەوەیە کە ببوو بە خەسڵەتی و شۆڕشەکەشی پێ ڕەنگرێژ کردبوو.

ئەمڕۆ ئێوە لەگەڵ جیهانێکدا هەڵســوکەوت دەکەن کە لینین لە ســەر وێرانکردنی سوور بوو بەو حیسابەی لە ڕووی مێژووییەوە، کە خۆی لە خۆیدا وێرانە لە کاتێکدا زۆرینەی گەلانی ســۆڤیەت، ئەوانەی خێریان لە بیرۆکراتی نەبینی بەو لایەدا دایدەشــکێنێ کە لێی قەدەغە کرابوو و دەیەوێ لە دیموکراســی ڕاســتەقینەدا بژێ کە بەڵگە و بیانووی ناوێ. خوێندنەوەی خەڵکی ئاســایی گەل لە بارەی کتێبەکەتەوە، لەو گۆڤار و ڕۆژنــامــانەدا دەخوێنمەوە کە لەم ڕۆژانەدا پێم دەگەن و دەبینم ئارەزوویەکی زەقیان بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو بنەمایانە هەیە کە لینین بۆ ســـۆســـیـالیزم دایـنـاون و دواتر لە خەتی خۆی لایـانبرد... دەبینم ئارەزوویەکی مســـۆگەری ســـووتێنەریان بۆ دەســـتبەردان هەیە لە پێداهەڵدانی ئەوەی ڕقیان لێیەتی و دەربڕینی ڕق لەوەی خۆشـەویسـتە. پێ دەچێ لەوە تێر بووبن نـان بە قەیمـاغی دروشـــم و هەنگوینی ئایدۆلۆژیادا بکەن و بەرگ بە پێوانەی چارەسەری ڕیشەیی و چینایەتی بدوورن و سواری ئۆتۆمبیلی سۆسیالیزم بن..

بۆ گەلێک لە گەلان، کارەســـاتێکی گەورەیە تا ئاخرزەمان لە خەو و بێداریدا بیر و هەســتی دەســتەمۆ بن و لە ڕەخنەلەخۆگرتندا نقوم بێ: ئەمڕۆ بەرهەممان چەند بوو؟ دەکرا چەند زیاتر بێ؟ چەندمان ڕێگە ماوە ببڕین تا بگەینە ئەو ئامانجەی کە حیزب دیاری کردووە؟ داوی چنینەکە پێ دەچێ یا پێ ناچێ... ئـایە... یـا ئەوە؟ کەی لە ژیـانمـدا

دەتوانم ســـەردانی پاریس بکەم و چاودێری حکوومەتم بە ســـەرەوە نەبێ؟ دەبێ نیویۆرک چەند خۆش بێ!

بە بیرمە لە ڕۆمانی (پاســـترناک)ی[1] بەناوبانگدا لە زمانی کەســـێکی ڕۆمانەکەوە، لە هەندێ ڕۆژگاری شـۆڕشـی ئۆکتۆبەردا، خوێندمەوە کە لەبەر ئەوەی ئەو خەڵکە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ جنێویان بە شتی وا داوە خۆشـیان دەوێ و پەسـنی شـتی وایان داوە ڕقیان لێیەتی، تووشـی پەتایەکی نادیار بوونە، ئەوەش خوێنلەبەرچوونێکی ســـووکە لە هەندێ شـوێنی جەســـتەیانەوە. ڕەنگە ئەوە ڕاســـت بێ و ڕەنگە لە هۆنینەوەی خەیاڵی ڕۆمانووســـەکەوە بێ بەڵام ئەوەی ڕاســـتە و گومان هەڵناگرێ ئەوەیە ئەگەر بیر بۆ هەمیشـــە بەرەو تیشـــکێکی تیژی ســـەر لاپەڕەی داخراوی ڕابردووی وا وابەســـتە بکرێ کە چاو ئازار بدا عەقڵ تووشـــی ماندووبوون و بێزاری دەکا و ئارەزووی ڕوانینی ئازادانە و ئازایانەی بۆ ئێســـتا و پاشـــەڕۆژ لێ زەوت دەکا و دەڵێی لە چاویلکەیەکەوە دەڕوانێ کە بە پێوانەی چاوی خۆی نییە..

لە وڵاتی خۆمـانـدا دیومـانە ئەو دینـدارانەی زیـادەڕۆیی لە تەواوەتی مەرجەکانی دەستنوێژدا دەکەن تووشی دڵەڕاوکێ دەبن و بە هیلاکەت دەستنوێژەکەیان دەشۆن. تێکۆشەرانی هەرەمەی سیاسی چەپیشم دیت ببوون بە دیلی ڕێوڕەسمی سیاسی و کە خەڵکیان دەدی لە بەر شێوازی ســـڵاوکردنێکی نەگونجاو لەگەڵ ئایدۆلۆژیا چینایەتییەکەیاندا، چاویان زەق دەبووەوە و بزاوتنیان دەشـێوا. ژنانمان دیت بە بیری شـۆڕشـگێڕی داگیرابوونەوە، چوونە ئاهەنگی خێزانی و کە پێیان گەیشـــتە بەر دەرگا،

---

[1] Boris Pasternak نووسەری ڕۆمانی دکتۆر ژیڤاگۆ *Doktor Zjivago* کە ساڵی ١٨٩٠ لەدایک بووە و ساڵی ١٩٥٨ لە نزیک مۆسکۆ کۆچی دوایی کردووە. وەرگێڕ.

سەرکردەکەیان پێی بە زەویدا دا و گوتی: دەیڕووخێنین!! چ پێزانینێکی جوانە بۆ ئەو بانگهێشتکردنە!

ڕەفتاری مرۆ لە هەموو بوارێک و بابەتێکدا وایە: بە سەلامەتی لە ژێر کاریگەری نەریت و چنگی باوەڕ دەرناچێ. بازرگانی بۆرژوا پێشەکی بە سەرچاوەیەکدا ناچێتەوە تا بزانێ بازرگانییەکەی لەگەڵ ئەو دەقەدا دێتەوە یان نا لە کاتێکدا نوێنەری بازرگانی لە دەوڵەتێکی ئایدیۆلۆجستدا تا ڕێکەوتننامەیەک لەگەڵ دەوڵەتێکی بۆرژوازیدا دەکا، دەخنکێ چونکە بە خەیاڵی ئەو دروشمە شۆڕشگێڕیانەوە وابەستەیە کە سووره لە سەر نەبوونی «بەرخۆری» و سزای «زێدەبایی» و فێڵە تیۆرییەکانی وەک ئەوانە کە هەر لە ناو بێشکە بەرژەوەندی دەکوژێ.

«شیکردنەوەی بارودۆخی مێژوویی» لەگەڵ ڕێکخستنی ئاهەنگی زۆرانبازی و ڕێکەوتننامەی بازرگانی و تەواوکردنی پرۆژەی پەلەوەر و مارەبڕینی کچێک و لەگەڵ دەستپێکردنی سەفەر بۆ هەر جێیەک یەکسان دەبێ و ئەمانەش یەکسان دەبن لەگەڵ شتی تردا کە باس نەکران و پێویستە بە سەلامەتی و بێ گرێ و بەربەست و پێشگری وردبوونەوە بە شێوەیەک تێپەڕن لەگەڵ سروشتی مرۆڤی ئاساییدا یەک بێتەوە.

جەنابی سەرۆک گورباشۆف، ڕێم پێ بدە لە دەربڕینی ڕای خۆم باسەکە فرەوان بکەمەوە تا لە باوەڕ نزیک بێتەوە یا ئەوەندەی دەمەوێ ڕوون بێ، دەڵێم: دامەزراندنی دەوڵەتی سۆڤیەت لە ١٩١٧دا هەر بە سروشتی خۆی وەک گۆڕینی ڕەوتی ڕووبارێک بوو لە ئاڕاستەی خۆی و ئەوە لە بارودۆخی ١٩١٧ نەبوایە نەدەگونجا چونکە بێهیوایی و تێکشکان گەیشتبوونە ئەوپەڕی لە ڕقبوونەوە لە سستەمە کۆنەکە و لینینیش بە لێهاتووی خۆی توانی هەموو هێزەکان بەرەو گۆڕینی

ڕێڕەوی ڕووبارەکە بەرێ. دوای ئەو یەکەم سەرکەوتنە، نارەحەتی ئەوە دەرکەوت کە ڕووبارەکە بە ڕێڕەوە تازەکەدا بڕوا چونکە گۆڕینی ڕێڕەو لە شـــوێنێکەوە کە لە دێرزەمانەوە چاڵ بووە بۆ شـــوێنێک کە ڕێڕەوی تێدا نییە تـا ڕووبـارەکەی پێـدا بڕوا وای کرد کـارەکە وەک ئەوە بێ بەردەوام کەناڵی نوێ هەڵبکەندرێ کەس بە بیریدا نەدەهات و جێی قەبووڵکردن نەبوو ڕووبارەکە بۆ ڕێڕەوەکەی خۆی بگەڕێتەوە.

جا نارەحیتیەکانی دوای سەرکەوتنی شۆڕش هەتا ڕۆژی «بنیاتنانەوە» لە ناتەبایی نێوان واقعی بۆماوە و بیر و بۆچوون و بەرنامە و ڕەفتاری نوێوە پەیدا بوون و داوای واقعێکی گونجاویان دەکرد و ئەوە ڕاســـت نییە کە شۆڕشی بەلشەڤی حەتمیەتی مێژووی بوو و توانای سەرکەوتنی بۆ ئامادە کرابوون و بۆ ئەوە هات کە واقیع پێی دەویســـت و ئەوە یەکەم شـــۆڕشـــی چینایەتی بوو بە واتا تەواو و ڕاســـتەکەی و یەکەم شـۆڕشـیش بوو کە واقیع داوای نەدەکرد بەو میقدارە نەبێ کە لینین و هاوڕێکانی بەشـێ بووبن لە واقیعەکە. شـۆڕش بوو بە سـەر شـۆڕشـێکی ڕەسەندا کە داوای شتێکی دەکرد بە مەحاڵ دەچوو ئەوەش خولقاندنی پرۆلیتار و ئەو دکتاتۆریەتە هەتا ڕۆژی ئەمڕۆ بە مەحاڵی مایەوە و بۆ ئەوەی کرێکار و وەرزێر دەســـەڵاتدار بن دەبوو پێش هەموو شـــتێک خەسڵەتی ڕەنجدەر لەدەست بدا. کۆی ڕەنجدەرانیش بتوانێ دەسەڵات بگرێتە دەســـت، ئەوەش خەیاڵێکی ترە و تواندرا تەنها لە دروشـــم و نووسینەکان بخولقێندرێ، بەو حیسابەی حیزبی بەلشەڤی لە دەسەڵاتدا وەکیلیـانە. کـاری هەڵکەنـدنی ڕێڕەوێکی نوێ وەهـا دەنوێنێ کە هەموو ئـاوی ڕووبـارە کۆنەکە هەتـا کـاتی نووســـینی ئەم دێڕانە لە کەنـاڵە نوێیەکەدایە و هەندێ دیاردەشـــی لەگەڵدان کە لەگەڵ ئەو واقیعەدا ناتەبان کە خەڵک لە ئوسـترالیاوە هەتا گرینلاندی ئەسـکیمۆ بەسـەری دەبەن.

یەکێ لە دیاردەکانی ئەم ناتەباییە گەڕانەوەی بەردەوامە بۆ ئەرشــیڤی شۆڕشگێڕی بۆ ئەوەی شێوازێکی نەرمی تێدا بدۆزیتەوە و وای پیشان بدەیت کە هەر کارێک ڕۆحی ســەردەم دەیخوازێ، لە بەر تیشــکی مارکســی لینینی ئەنجام دەدرێ و ڕەهەندێکی دیاری لەگەڵ ناوەڕۆکی مـارکســـی لینینیـدا هەیە، یـا ڕێڕەوێکی نوێی وەهـا دەگریتە بەر پێویستییەکانی سەردەم دەیانخوازێ، لەگەڵ ئاگاداربوون لەوەی لەگەڵ ئینجیلەکانی بەلشەڤیدا بەر یەک نەکەون – وەک بەکرێدانی زەوی بۆ ماوەی دوور و درێژ – هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەش خۆی ئەگەرچی بە گوێرەی ئەوانەی پێشـــتر ئەنجام دەدران بازێک بوو بەرەو پێش، شـێوەیەکە لە شـێوەکانی کۆکردنەوەی دژبەرەکان لە یەک دراوی دوو ڕوودا، هەڵبژاردنێکی ئازادانە بوو وەک هەڵبژاردنی نەمســـا یا کەنەدا بەڵام ناتوانێ دەســـتکاری هیچ بنەمایەکی ســـســـتەمی چینایەتی سۆسیالستی بکا کە بە بەربەست و ترس پارێزراوە.

هەموو دنیا زانی چین بەم دواییە– ٢٥ ڕۆژێ پێش ئێســـتا – چی لەگەڵ ئەوانەدا کرد داوای دیموکراســـییان دەکرد و لە ناخی دڵەوە ئاواتەخوازم لای ئێوە شـــتێ ڕوو نەدا بارودۆخەکە بۆ پێش بنیاتنانەوە بگێڕێتەوە بەڵام ئەوەش دەزانم ئەو ئـالەتە زەبەلاحەی بەردەوامی بە دەسەڵاتی ستالین و جەماعەتە بەردبووەکانی دوای ئەودا، هەتا ئێستاش هەیە و ئەگەر هەوڵی گۆڕانکاری بنەڕەتی دەســـت پێ بکا، ئامادەیە ســفرەی دیموکراســی و بنیاتنانەوە بپێچێتەوە... ئەمە و شــتی زیاتر و ڕێتێچوونی وا دەزانم لە ســـەرەوەی توانای ئەوانەوەیە کە لایەنگرانی بنیاتنانەوەن لەو گۆڕانکارییانەی کە جەماوەر بە گشتی دەیانەوێ.

بەڵام گەورەم لە ســـەرمە بۆچوونی خۆم بە شـــێوەی لە ڕوون ڕوونتر دەربڕم چونکە بە بۆچوونەکانم مەترســیم لە ســەر هیچ شــتێکی ئەم

دنیایە نییە ئەگەر ئەوپەڕی بۆچوونم ئەوە بێ پیرۆزبایی ئەوە بکەم کە کراوە هەر لە سەرەتاوە سوودی نییە. ئەگەر واش دابنێین ئەم کارەی من لە سنووری خۆدواندن دەرناچێ و لەوەوە دوور بێ کاریگەری لە سەر ڕووداوەکان هەبێ، جا چ لای ئێوە و چ لای دراوسێ یا لایماڵومنداڵی خۆم، بۆ نووسینەکەم شەرەفمەندانەتر و بۆ خۆم سەروەرانەترە بەبێ پێچ و پەنا بیڵێم و ڕووی ڕاستەقینەی بابەتەکە ئاشکرا بکەم و لە باری ئەو بیانوو و پەراوێزانە ڕەهای بکەم کە دەبنە باوەڕپێهێنانی خەڵکی.

بە پشتبەستن بە وزەی ئەو ڕاستییانە بە ویژدانی ئاسوودەوە دەڵێم: خۆگرێدان بە تۆڕی بیروباوەڕ و ئایدۆلۆژیای کۆنی بۆماوە دوو وێنەی بە دوو ئەنجامی ئەوپەڕی جیاوازەوە هەیە. ئەگەر ئەو تۆڕە بە ڕایەڵەی جۆڵاییکەرە بچوێنین، ئەوا بۆ جۆڵاییکەرە تاکە کەرەسەی کاریگەر و مسۆگەری پەیداکردنی خۆراکە جا پەپوولە بێ یا مێرووله یا شتی تر. ئەوەی لە کۆمەڵگەی مرۆڤیشدا بە گشتی ڕۆڵی جۆڵاییکەرە دەبینێ، خەڵکە سوودمەندەکانن لە بەردەوامی بارودۆخەکەدا و لای ئێوەش بیرۆکراتی و خاوەن تایبەتمەندییە حیزبییەکان و ئەوانەی پەیوەندییان پێیانەوە هەیە و لە پەراوێزیاندان جێی دەگرنەوە. ئەوەشی ڕۆڵی نێچیر و ئەوانە دەبینێ کە بە داوەوە دەبن سەرجەمی خەڵکی وڵاتەکەتان و ئەو وڵاتانەن کە بە زۆرداری بەڕێوە دەچن. ئەوەی لە تۆڕی ڕاوکردندا داوی بەهێزە گەڕانەوەیە بۆ بۆچوونی خەڵکانێک کە ئەو تۆڕەیان لە کاتێکدا چنیوە کە چارەی تریان نەبووە مەگەر دەستهەڵگرتن لە شۆڕش و تێگەیشتنی تریشیان نەبووە بۆ مێژوو و لێکدانەوەی ڕووداوەکان، ئەوە نەبێ ڕقیان لێی بووە کە وابەستەبوون بووە بە بۆرژوا و دەرەبەگ و کەهنووتەوە و شتێ شک نابەم بۆ ئەو گومانەم ببا کە لە سەرەتاوە بۆ هەر داوێک کە بۆ تۆڕەکە زیاد دەکرا زیادبوونی ڕێیەکە بۆ دەربازبوونی

خەڵک لە فرتوفێڵی مێژوویی شـــەیتان، وەک ئەو پەتەیە کە بۆ تێنوو دەولکەکە دەگەیەنێتە ئاوی بیر کە شـــۆڕشـــیش جێگیر بوو نائومێدی وروژێنەر ســـەر هەڵدەدا و کاتی ئەوەش نەما، بە زیادکردنی داوی تۆڕی جۆلاییکەرە نەبێ. بەدواداچوون بۆ نـائومێـدی بکرێ. ئەوجـا نەخۆشـی لینینی خولقێنەری شـۆڕش هات و بووە بەربەسـتی یەکجاری لە بەردەم هەوڵی چەپارەدانی خەڵک لە دەرهاویشـتەی ئامانجی ناکام. کەسانی خاوەن بۆچوونی پێش شۆڕش و ڕۆژە سەرەتاییەکانی شۆڕش دەیانگوت وەک میوەی پێگەیشـتووە و هیچی ناوێ ئەوە نەبێ دەسـت بەریـت و لێیکەیتەوە و ســـتالینیش لێی کردەوە و بە ڕاســـتی ئەو جێگرەوەی مێژوویی بوو و نە گەلی سـۆڤیەت و حیزبی بەلشـەڤی و نە هیچ جێگرەوەیەکی شـــەرعی تر، بەشـــی خۆی لە حوکمی دادگایەکی دادپەروەرانەدا کە یاسای ڕوونی هەبێ، وەردەگرێ.

ســـتالین بە دابڕانی لە بەزەیی و ویژدان باشـــترین کەســـە ڕۆڵی ئەو ئەندازیارە ببینێ کە لە ســـەر هەڵکەندنی کەناڵە تازەکە، بۆ ڕەتکردنی ڕێڕەوی مێژوو بەردەوام بێ و ئەو، لە ڕاســـتیدا، وێنەیەکی هەزار جار گەورەوەکراوی فیرعەونە کۆنەکانە کە هەموو گەلیان بۆ دروسـتکردنی ئەهرامە ســـەرســـوڕهێنەرەکانیان لە یەک کاتدا بە کۆیلە دەکرد و دەیانخستە کار. ستالینیش بە پێی پێوانەی سەدەی بیستەم مزگێنی لێ بێ قەشـــمەری بە ڕوونـاکبیرانی ڕیزی پێشـــەوەی دنیـای چەپ (شۆڕشگێڕ) دەکا و دوای ئەوانیش لەشکری نیمچە ڕۆشنبیر و سەدان ملیۆن هەژاری سەر ئەم هەسارەیە، هەموویان یەک زمان یەک ئاوازن بۆ نەمری خودای پەرستراو و ڕێخۆشـکەریانن بۆ بەهەشـت، جگە لەو ملیۆنـان کەســـەی کە بۆ کـارکردنی زۆرەملێ پـاڵنراون کە بوونە سووتەمەنی و ئەو دووکەڵەیان لێ هەستا کە ئاوی بە چاواندا دەباراند.

ســـتالین بە ســـەرکەوتنێکی گەورەوە لە ســـەر هەڵکەندنی کەناڵەکە بەردەوام بوو و تەنـانەت دەشـــیتوانی بە پێوانەیەک خۆی بیەوێ فرەوانیشـــی بکـا چونکە ببوو بەو خوایەی دەیگوت «ببە! دەبوو» و هەزاران زانا و نووسـەر و هونەرمەند و تەنزیرکەر و بیرمەند بە سـەر پێڵاوەکانیدا دەکەوتن، لەعنەتی خوایان لێ بێ، سروودی بە خواکردنی «مـاددە»یـان دەچڕی کە ئـامـاژە بوو بۆ ئەو. ئەگەر بیتوانیبـا لینینی دەسـڕییەوە و مارکسـیزمیشـی بە ئاشـکرا لە گۆڕ دەنا، بەڵگەش ئەوەیە کە توانی سـووک و ئاسـان شـۆڕش لە هەموو ناوەڕۆکێکی خۆی بەتاڵ بکاتەوە و حیزبیش پەکخسـتنێک پەک بخا سـووکی بکا و هەموو گەل بکاتە مێگەلە مەڕی زەلیل و هەزاران کەســـی دڵســـۆز بە تۆمەتی داتـاشـــراو یـا بە بێ هیچ تۆمەتێـک بکوژێ و فەرمـان بە ملیۆنـان شــۆڕشــگێڕی دەرەوە و ناوەوە بدا کڕنۆش بەرەن و کڕنۆشــیان برد!! بەڵام زیرەک بوو و سواری کۆڵی مارکسیزم و شۆڕشگێڕی و ناوبانگی لینین بوو و بە کەیفی خۆی و بەو شـــێوەیەی خۆی دەیخواســـت دەیئاژاوتن و بەوەش ئەو ڕۆڵەی بینی کە بەرانبەر بە مەڕ چاکەخوازە و سەری نابڕێ، مەبەستیشی تەنها دۆشینێتی.

دوای مردنی ئەو چنگی دەســـەڵات خاو بووەوە بەڵام توانی لە ســـەر ئەنجامدانی ئەوەی دەیەوێ بەردەوام بێ هۆکارەکەش ئەگەر بە هۆی توانـای خۆشـــیەوە نەبووبێ، بە هۆی ئەوەوە بوو کە هەموو گەل بە ڕێڕەوی یاســـای کەمتەرخەمی خۆییدا دەڕۆیشـــتن و ڕاهاتبوون بە بێ ئیرادە بژێن. ئێدی هەڵکەندنی قەناتەکە بەردەوام بوو تا ئەو ڕۆژەی بە هۆی گەشـــەســـەنـدنە زۆرەکـانی جیهـان لە هەموو ڕوویەکەوە، بەردەوامبوون لە سەری ئەنجامێکی دڵنیاکەری نەبوو.

شـاردنەوەی ئەو ڕاسـتییانە لە سـیمای گرژی ناوەوە و لە سـیمای بە زەردەخەنەی ئەوبەری بەڵتیـک بووە خۆخەڵەتـانـدن و لە بەختی بەلشـــەڤی و ســـۆڤیەت پیاوانی وەک تۆ و هاوڕێکانت هەڵکەوتن کە لەگەڵتدا باوەڕیان بە واقیعی تازە و پێویســـتییەکانی هەبوو و چاوی خاوەنماڵیان لە وڵاتی ســـۆســـیالیزمدا بۆ بینینی ڕاســـتییەکانی دنیای فرەوانیان کردەوە بۆ چارەســـەری ئەو ماوەیەی ڕاســـتی تێدا پشـــتگوێ خرابوو و شـــتگەلێ کاوێژ دەکرانەوە کە ببوون بە شـــوێنەوار - دەڵێم شوێنەوار و هەرگیز واقعی نەبوو - درێژەی بێکۆتایی لە هەموو شتێکی بەکارخراوی ســـۆســـیالیزمی مارکســـیزمدا، لە لای ئێوە هەیە هیچی ئەوتۆی تێدا ڕەچاو ناکرێ بە پێی مجێزی مرۆڤی کوڕی سروشـت بێ، نموونەیەکی لە دەرەوەی ڕووســـیـاوە، لە وڵاتێکـدا کە وەک ئێوە ســـۆســـیالیزم پیادە دەکا و مەبەســـتیشـــم چینە. ڕیپۆرتاژێکی وێنەیی ســـەرنجڕاکێشـــی نایابم لە بارەیەوە خوێندەوە کە گەنجەکانیان لە ناو وڵاتەکەی خۆیـانەوە بە «ئەڤەرێســـــت»دا هەڵگەڕاون نەک لە لایە هندییەکەوە. هەموو شـــتێکی ئەو ڕیپۆرتاژە جوان و نایابە تا دەگەنە مەودای جێیەک کە بۆ لووتکەکە دوو ســـەد مەتری دەمێنێ و لەوێ ڕیپۆرتاژەکە ئاوێکی ســـارد بە هەڵچوون و بایەخدانماندا دەکا و دەڵێ: ئەم گەنجانە، دواهەنگاوە ســـەرکەوتووەکانیان بە پێی ڕێنماییەکانی سـەرۆک ماو نا... ئەگەر شاخەوان لەو بەرزاییەوە بە پێی ڕێنماییەکانی ماو هەنگاو بنێ، پێی دەترازێ و بەرەو قووڵایی دۆڵەکان گلۆر دەبێتەوە... ڕەفتارکردن لەگەڵ ڕاستییەکانی سەردەمیشدا کە بەردەوام شتی تازەی تێدا پەیدا دەبێ وایە و بە گەڕانەوە بۆ ئەرشـــیڤی مردووەکان تا بیانوو بۆ کارەکانی بێنێتەوە، مەسەلەکە دەدۆڕێنێ.

ئەگەر بە خەیاڵ وای دانێین مارکس بە هەموو تواناکانیەوە بۆ ژیان گەڕێنرایەوە، بێگومان ماوەیەکی دەوێ تا تێبگا چی لە ســـەر ئەو گۆی

زەوییە دەگوزەرێ کە سـەد سـاڵ زیاترە جێی هێشـتووە و لینینیش کە تەماشای شتێ دەکا کە پێشبینی نەکردووە، لەو کەمتر سەرسام نابێ.. هەتا لەو باورودۆخە تێدەگا کە بنیاتنانەوە و گلاسـنۆسـتی سـەپاندووە زۆر ماندوو دەبێ: جا ئەگەر بابەتی لێدوانی ڕۆژانی ئێمە مەسـەلەی زانسـتی بێ یا فەلسـەفی یا سـیاسـی یا ئابووری یا هەر بابەتێکی تر چونکە کوڕی سـەردەمەکە مافی ئەوەی هەیە بۆ نەوە بەسـەرچووەکان ببێتە مامۆستا و ئاشکراکەری هەڵەکانیان و ڕاستکەرەوەی سەهوەکانیان و پڕکەرەوەی کەموکورتییەکانیـان، نەک ببێتە قوتـابییـان - لە بواری ئایندا نەبێ کە خەسـڵەتی بەردەوامی هەیە. تەنانەت دینیش ناچار دەبێ بە پێی پێویستییەکانی کات و شوێن بەرنامەی خۆی بگۆڕێ دەنا خەڵک دەستبەرداری دەبن، بەڵام هەرچۆنێ بێ لەگەڵ کاروباری دنیادا جیاوازی هەیە چونکە لە بنەڕەتدا پشتی بە شتی نادنیایی قایمە...

پەلە دەکەم و پێش قەڵەمەکەم دەکەوم تـا لە لاپەڕ ٢٥ گوتەیەک بخوازمەوە کە ئەم شـوێنە پێی دەوێ و لە بـارەی بەرەوپیرچوونی بنیاتنانەوەوە دەڵێ: «ئاشـکرایە چاککردنەوە و پینەکردنی جوانکاری بەش ناکەن» و گومانیش نییە کە گەڕانەوە بەرەو دەقە دیاریکراوەکانی لینین و مارکسیش لە سنووری ئەو پێویستییە تێدەپەڕێ کە جوانکاری پێی دەوێ چونکە دەقەکان بڕیاری بەڵگەنەویستانە بە سەر ئەو شتانەدا دەدەن کە سـەردەم تێیپەڕاندوون و بۆیان ناگەڕێتەوە و هیوادارم لە هەڵبژاردندا سەرکەوتوو بێ.

دوای «ڕووکردنە لینین» دێینە سـەر سـەردێڕێکی تر: «بەرنامەیەک بە وردی ئـامـادە کراوە و ڕاگەیـانـدنی بەهـاوار نییە». ئەمەش ١٢ لاپەڕەی کتێبەکە دەبا و ئەو خاڵانەی لە خۆیان دەگرێ و سـەرنجی سـەرنجداران ڕادەکێشـن کەم نین، بەڵام لەبەر ئەوەی لێبوونەوە لە

باســی هەموویان، بە ســەرنج و ڕوونکردنەوە و لێکدانەوەوە لە کاتێکدا دەستی بە بەرەوە بچێ زەحمەتە واز لە زۆرینەیان دێنم.

قسـەیەکی ڕێزەویم لە سـەر ڕسـتەیەکی سـەرەتای بابەتەکە هەیە کە دەڵێ:

*«کۆمەڵێ لە سەرانی حیزب و دەوڵەت دەستیان بە شیکردنەوەیەکی گشتگری ئابووری کرد و دوایی ئەو شیکردنەوەیە بووە بناغەی بەڵگەنامەکانی پەرەسترۆیکا... بیرۆکە بنەماکانمان دارِشت...».*

ڕەنگە ئەوەی ئەو دەســـتە ناوبراوە لە بارودۆخی دەوڵەتی ســـۆڤیەتدا ئەنجامیان داوە، کە لێهاتوویی لە کەسە بەرپرسەکانیدا بەدیار دەکەوێ، ئەوپەڕی ئیمکـانی بەرچـاو بێ مەگەر بـابەتەکە ئەوەی بوێ هـانـا بۆ تەکنیکی بێگانە، یا بۆ شتی دەگمەن کە خەیاڵی بۆ ناچێ، ببرێ.

ســـەرنجی بناغەیی ئەوەیە ئەو کۆمەڵە حیزبییە بەرپرســـە ســـەربە حکوومەت خۆی بەشێکە لەو کێشـانەی لە بواری ئابووری و بوارەکانی تردا ڕوویانداوە. ئەوەی گومانی ناوێ ئەوەیە، وابەســتەبوونی ئایدۆلۆژی بە ســـۆســـیالیزم و بیرۆکەی چینایەتی و لێکدانەوەی زێدەبایی و ڕەنجخۆرییەوە، ئەم کۆمەڵە خەڵکە و هەر کۆمەڵێکی تری وەک ئەوان لە شوێنێکی بەرتەسکدا گەمارۆ دەدا و مەودای هەڵبژاردنی ئازادانەیان لە چارەسەردا کەم دەکا چونکە ئەو وابەستەبوونە خۆی هۆکاری گەورە بوو بۆ پاڵنانی ســـەرکردە و بەرپرســـەکان بەرەو پلاندانێکی پاکژ لە شـــوێنەواری بۆرژوا و جیـاوازی چینـایەتی لە بواری ئـابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری!

ئەوەی لەم حـاڵەتەدا چـاوەڕوان دەکرێ، ئەو جیهـانەی یەک حیزب بەڕێوەی دەبا نیگارێکی جیاوازی لەگەڵ ئەو کۆمەڵگایانەدا هەیە کە

سۆسیالستی مارکسی نین و ئیتر بەڵگەنەویستە وای ببینن چەند بارودۆخ لە پۆڵۆنیا و بولگاریا پێی گەشاوە بێ، ئەوەندە لە سویسرە و دانیمارک بارگرژی بێ و خەڵک تووڕە دەبن، ئەگەر دەرگاکانی بەرلینی ڕۆژهەڵات والا بن دەرگا لە سەر دانیشتوانی بەرلینی ڕۆژاوا داخراو بێ... لە نەرویج ڕۆژنامەوانی هێند بەربەستی هەبێ هەناسە سوار بکا ڕۆژنامەوانی ڕۆمانیا ئەوپەڕی سەربەستی هەبێ.. ئیتر هەموو بوارێکی ژیان بەو شێوەیە.

یەک چرکەسات گومانم لە ڕاستگۆیی و دڵسۆزی ئەو دەستانە لە کارەکانیاندا نییە بۆ ئەو کارەی لە پەرەستروێکادا پێیان سپێردراوە بەڵام یەک چرکەش گومانم نییە کە درێژەپێدانی ژیان لە بازاڕ و کێڵگە و کارگە و شوێنی کاری شیرەمەنی و ماڵ و شەقام و قوتابخانە و شوێنی سەرگەرمی و قاوەخانە و یانە و بەقاڵ و بەزاز و عەتار و پینەدۆز... تا کۆتایی لستی بوونی کۆمەڵایەتی، هیچ کۆمەڵە بەشەرێک کە لە ژوور و هۆڵەکاندا لە بارەی کێشەکانەوە بخوێنن، نە بیری لێ دەکەنەوە نە ئاگایان لێیە و نە دەرەقەتی دێن نە دەرەقەتی پێویستییەکانی دێن بەڵام ئەگەر پشتیان بە لێکۆڵەرەوە و کۆکەرەوەی هەواڵ و ڕووداوەکان بەست، لافاوی زانیارییان بە سەردا دەبارێنن و ئەوان نەبن مەحاڵە بیانزانن و لە بیریان بمێنن و ئەگەر کۆمپیوتەریش بیریان بهێنێتەوە ناتوانن پەیوەستبوونی زندووی لایەنە جیاوازەکانی ژیان بزانن کە پێکهاتووە لەو کۆمەڵە زانیارییانەی کۆمپیوتەر لە خۆی گرتوون. ئەگەر لە بازاڕدا ڕیزی دووبارە بەکەڵک بێ و ناڵی ئەسپ بێکەڵک بێ ئەوە بۆ ئەوە بەڵگەیە کە بازاڕی ئابووری نادروست و ئەو خوێنبەرەی کەرەسەی پێویست دەگەیەنێتە بازاڕ و دوکانی ناڵبەند پەکی کەوتووە.

مەحاڵە فەرمانبەری حکوومەت و کەسی دەرەوەی بەرژەوەندی ئاڵوویر، بیر لە هەموو ئەو شتانە بکاتەوە کە بۆ کۆمەڵگە پێویستن و فەرمانبەر لە دەوڵەتی شۆڕش و ئایدۆلۆژیدا لە هەموو کەس بێکەڵکترن بۆ ئەوەی پێویستی خەڵک دابین بکەن چونکە لە لایەکەوە لە ڕۆحی خۆی دەترسێ تا هەڵەیەکی وا نەکا کە لە مرۆڤ دەوەشێتەوە بیکا و بەوەش بە لایەنگری تۆمەتبار بکرێ. بەو ترسە، ئەو گەرموگوڕییە لە دەستدەدا کە بۆ خزمەتی کۆمەڵایەتی دەبێ هەیبێ و نایەوێ تووشی کێشەیەک بێ کە هیچ سوودێکی بۆ خۆی تێدا نییە. لە ڕاستیدا، ئەوانەی کار بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی خەڵک دەکەن و لە پێناوی بەرژەوەندی ئەواندا لە ڕووی توانا و دڵسۆزییەوە خۆبەختکەرانە کار دەکەن بە شێوەیەکی گشتی دەچنە پلەی خوارترەوە (لەگەڵ سەرنجدان لە جیاوازییەکی تر کە لە سەر شارستانەتی هەڵچندراوە):

- یەکەم پلەکانی دڵسۆزی و وردپێوی و لێهاتوویی و لە هەموویان کاریگەرتر بە تاک دەست پێ دەکا کە هاوتای نییە چونکە ئەو پیشەیەی کە لە سەری دەژێ، بەشێکە لە ژیانی. من وەرزێرم دیوە بە قەدەر منداڵەکانیان ئاژەڵ و وڵاغیان خۆش ویستووە و بۆ تۆپینی ئەو هێسترەی زەویی بۆیان کێڵاوە، گریاون و لە خۆیان داوە. سووربوونی مرۆڤ بۆ پیشەکەی بە بوونی شەریک لە بەرژەوەندیدا کەم دەکا. دیارە دەبێ سەرنجی ئەوەش بدەین کە تاک بە دەگمەن دەتوانێ بەرژەوەندی گەورەی، بۆ نموونە، وەک کارگەی فڕۆکە دروست بکا و ئەمەش بابەتێکی ترە و خۆمانی لێ دەبوێرین.
- پلەی دووەم کۆمپانیا ناحکوومەتییەکانە و ناچینە ناو ئەو لقوپۆیانەوە کە لێی دەبنەوە.

- سێیەم پلە حکوومەتی نابۆرژوایە کە هیچ پیرۆزییەک لە کارەکانیدا نییە.
- چوارەم پلە، ئەو حکوومەتەیە کە بە شـــێوەیەک لە شـــێوەکان بە ئایدۆلۆژیایەکەوە وابەســـتەیە کە بە شـــێوەیەک لە شـــێوەکان، بۆ خۆی هەڵیبژاردووە.
- پێنجەم پلە، ئەو حکوومەتانەیە کە لە شۆڕشی ئایدۆلۆژییەوە پەیدا بوونە چونکە هەموو بوونی، بە زوڵم و هەڵە و لادانەوە، پیرۆزییەکی ڕەهایە و بە درێژی باسمان کرد و خوا لە شەڕی لاماندا.

من دەزانم پەرەســترۆیکا و گلاســنۆســت گۆڕانکارییەکی گەورەیان لە پلەی گرنگیدان بە پەروەردەی تاک و مرۆڤایەتییەکەی بەدی هێناوە و پێم وابێ لە زیادەڕۆیی تاوانبارکردندا شــکســتی هێنا، بەڵام ئەوە هەر دەمێنێتەوە کە ئـاڕاســـتەکەرانی ئـابووری و فەرمـانبەران لە پێداویســتییەکانی خەڵک و چۆنیەتی تێکردنی بە دابینکردنی کەرەســە، شـــارەزایی زندوویان نییە. ناشـــزانین چۆن ئەو ڕاســـتییە زەبەلاحەی ئابووری کە ناکرێ بۆ یەک چرکەش پشـــتگوێ بخرێ، چارەســــەر دەکرێ ئەوەش ئەوەیە کە ئابووری دروســـت ســـســـتەمێکی دەوێ لە هەموو ڕێکارێکی فەرمی و ئەهلییەوە ڕێکوپێک بێت، پشـــتیوانیی لە ئازادیی بزاوتن بکات، بەربەســـــت و ڕێگر نەهێڵێ و ڕێگە بۆ پەیدا کردنی کەرەســـتەی پێویســـــت خۆش بکـات، بێ ئەوەی وەزیر و بەڕێوەبەری ئەمن و پیـاوی موخـابەرات و دەســـەڵاتـداری حیزبی و موســیبەتە ترســناکەکانی تری دەوڵەتی شـۆڕشـگێڕ دەسـتی تێوەردەن. ئەوەش نازانین چۆن کەشوهەوایەکی لە یەک کاتدا ئازاد و بەرپرسانە لە وڵاتی «چینەکـان»دا دەخولقێ کە ئـازادی تەواوی تێـدایە و بەرپرسیارەتی بەرهەمهێن لە بەرژەوەندی خۆیەوە وابەستەیە بێ ئەوەی

پێویستی بە ڕێبەر و فەلسەفە و سروودی مارسیلیز و ئینتەرناسیۆنال بێ چۆن کەشێکی وا لە بەرژەوەندییەکدا، لە وڵاتێکی شۆڕشگێڕی وەک ڕووسیادا دەخولقێ؟ بەڕێوەبەری کارگە چۆن دەتوانێ ئازادی هەڵسەنگاندنی بۆ ئەو میقدارە کەرەسە و شارەزا و کرێکار و مەکینەیەی پێویستێتی بەکار بێنێ و ئەگەر بە هەڵەدا بچێ و لە بەرهەمهێناندا تێکبشکێ زەرەر بۆ کۆمەڵگە دەگەڕێتەوە چونکە بەڕێوەبەر خاوەنی پرۆژەکە نییە و بەو هۆیەوە، لە ڕووی دەروونییەوە ئازاد نییە تا داواکاری بەرفرەوان بکا؟

لە یەکێ لە ژمارەکانی New Times دا خوێندمەوە کۆمەڵێ کۆمپانیای گەورەی ڕۆژاوایی لە سەردەمی پەرەسترۆیکادا گرێبەندیان لەگەڵ ڕووسیادا بووە، پێویستیان بە مۆرێک بووە کە نازانم بۆ چی بەکاری بێنن، یەک ساڵی خایاندووە تا بە سەر ئەو بەربەستانەدا زاڵ بن کە بیرۆکراتی لە بەردەمیاندا دایناون و قسەی کەسێکی ئەمەریکیشم خوێندەوە کە لە ڕۆژنامەکاندا دەنووسێ کە زەمانێکە لەگەڵ ڕووسەکاندا ئاڵوویری هەیە... دەڵێ لەگەڵ یەکێ لە سەرەکی کۆمارێکی بچکۆلەدا کەوتۆتە گفتوگۆوە بۆ ئەوەی کارێکی مێژوویی بکەن کە کۆمارەکە پێی ویستووە و کەرەسەکانیشی بەردەست بوونە و ڕا و بۆچوونەکانیش وەک یەک بوونە بەڵام ڕازیبوونی کۆتایی لە سەر مۆسکۆ بووە بۆیە داوای مۆڵەتی مانگێکی کردووە تا کاروبارە ڕەسمییەکان ئەنجام بدرێن، بەڵام دەڵێ دوو مانگ تێپەڕیوە و کەمترین وەڵام نەهاتووە.

بە هەرحاڵ، ناکرێ لە چالاککردنی ئابووریدا، کۆمەڵگە و دەزگاکانی ببن بە چەند دوورگەیەکی دوور لەیەکتر و هیوا نییە دوورگەیەک گەشە بکات ئەگەر دوورگەکانی تر خامۆش بن. ئابووری پەیوەندی بە سەربەخۆیی یاسادانان و دادگاوە هەیە لە سەر بنەمای دابڕاندنی

دەسەڵاتەکان تا چارەنووسی خەڵک نەبن بە گەمەی دەستی حیزب یا فەرمانبەریکی دەزگا نهێنییەکان چونکە ئەوە بۆ خۆی دەردێکە بەشـــی ئەوە دەکا ئابووری سەرببڕێ. ژیان ڕووبارێکە و لە ڕەوتدایە و ئاوەکانی بە بەردەوامی تێکەڵ دەبن و ئەو گەلە بەختەوەرە کە ســــەرانی و ڕابەرانی دەمارە تیکئالآوەکانی و ئەو پەیوەندییە وابەســـتانەی بدۆزنەوە کە بە خوێنبەر و خوێنهێنەرەکانەوە وابەســــتەیە و خۆراک بۆ هەموو بەشێکی وەها دەگوازێتەوە فرکەی بێ. دانی پێدا دەنێم کە من بەرانبەر چۆنیەتی بیـانووهێنـانەوە بۆ ئەوانە لە وڵاتەکەتـان و بۆ دادگـاکـای دادپەروەریتان سـەرسامم کە هەتا ئێستا چاوەڕوانی فەرمانی لایەنێک دەکا ســـەر بە یاســـا نییە تا بڕیار بدا ئەوەش بە پێی ئەو قســـانەی سەرۆکی دادگاتان کە خوێندوومەتەوە.

ئەوەی لە لاپەڕە ٢٥ مـاوەتەوە و لاپەڕە ٢٦ و ٢٧ی کتێبەکەش هەڵدەدەمەوە ئەگەرچی ســــەرنجی چالاکم لە ســــەریان هەیە تا لە سەرەتای لاپەڕە ٢٨ بوەستم کە ئەم ڕستەیەی لینینتان بۆ گواستۆتەوە: «سۆسیالیزم داهێنانی زندووی جەماوەرە».

ئەم دارِشـتنە جوانە، لەو گشـتییانەیە کە لە سـەر واتایەکی دیاریکراو جێگیر نابێ و لەگەڵ دارِشتنێکی سەرۆک گورباشۆڤدا، کە سێ دێڕ لە دوای ئەوەدا دێ، بە تەواوەتی تێکەڵ دەبێ. دەڵێ: «خەڵک بە هەموو جۆرە داهێنانەکانیانەوە دروســـتکەری مێژوون». منیش بە پەلە دەڵێم مەرج نییە ئەوانە کە مێژوویان دروست کردووە، خاوەنی مێژووەکە بن، چونکە پێشـتر باسـمان کرد کە ئەوانەی ئەهرامەکانیان دروسـت کرد خاوەنی نەبوون و ئەوەی بە فەرمانی زاڵم پەتی سێدارە بۆ ئیعدامکردنی خۆی دەهۆنێتەوە یا گۆڕی خۆی هەڵدەکەنێ خاوەنی پەتەکە و گۆڕەکە نین... ئیتر بەو شێوەیە!

وشـەی «داهێنان» لە قسـەکانی لینیندا، لە خۆڕا، بە هۆی پێداویسـتی سـوسیالیزمەوە، کە کۆمەڵێ خەڵک تیایدا هاوکار دەبن، دراوەتە پاڵ جەماوەر دەنا داهێنان لە هەموو کارێکی نایابدا کە چالاکی پێ بوێ زیاتر بە تاکەوە وابەستەیە و هەموو هونەرەکان، مۆسیقا و نیگارکێشان و پەیکەرسازی، هەروا ئەدەب لە دارِشـتنیدا، بە تایبەتی شـیعر، کاری تاکەکەسـن. ناوەڕۆکی کاری هونەری جوان یا پەرچە ئەدەبییەکی بەرز ڕەنگە بیرۆکەی کەسـێکی تر بێ بەڵام جوانی دارِشـتنەکەی هی تاکە کەسـە. ئەگەر دوو یا سـێ کەس بەشـداریيان لە تاشـینی پەیکەرێکدا کرد، کـارەکە بە هۆی هەمەزەوقی و جیـاوازی دەروونی و هۆکـاری پاڵنەری ئەمیان و ئەویانەوە وا دەشـکێتەوە سـەرکەوتوو نەبێ. ڕێی تێ دەچێ هەر لە بنەڕەتەوە کارێکی هونەری بە سـەر چەند کەسـێکدا دابەش بکرێ بەڵام داهێنانەکە هەر دەبێتە هی یەک تاکەکەس بەڵام جێبەجێکردنەکە دابەش دەکرێ. بینـای بەرزی نـایـاب بیرۆکەی ئەندازیارێکی ناسـراوی بیناسـازییە بەڵام هەڵچنینی دیوار و ڕیزەکانی کاری وەستا و عەمەلەیە و لێرەوە ڕۆڵی لێهاتوویی و کارامەیی وەستاکە دەردەکەوێ لە چاو وەستایەکەوە لە بواری هونەردا دامێنتر بێ...

لە ڕاستیدا، زۆرینەی ئەو کارانەی جەماوەر بە دەستەجەمعی ئەنجامیان دەدەن، کاری ماندووکەری کێڵگە و لەوەڕگە و کارگە و کەوڵکردنن... و هەموو ڕۆتینی و بێتامن و جوانییان تێدا نییە مەگەر لە هەسـتی ئەوانەوە بێ کە ئەنجامی دەدەن، ئەوانە کار ئەنجام دەدەن business و ئەوەش هەستێکە زۆر پێش ئەو شارستانەتیە پەیدا بووە Business is کە سووربوون لە سەر ئەنجامدانی ئەرک لە ناخی تاک و کۆدا دەچێنێ و ئەو هەسـتەش کاتێ لای کرێکار دەبێ کە هەسـت بکا کەرامەتی پارێزراوە و ڕزقی مسـۆگەرە و بۆ هەر ڕووداوێک پشـتگیری هەیە و

بەرزبوونەوەی سـوووربوونی لە سـەر ئەرکی خۆی زۆر لە ڕسـتەی دەستخۆشی و «هەی ئافەرین!» زیاتری بۆ دابین دەکا.

ئەوەی جێی سـەرنجە زۆرینەی کارەکان لە ژیانی تاکەکەسـدا قەبارەی سـنووورداری هەیە و لەگەڵ هەوڵی تاکەکەسـیدا هاوڕێژەیە و ئەم ڕاستییەش وای کردووە شـارەکانی ئەو وڵاتانەی ئابوورییان تێدا ئازادە هەزاران هەزار دوکان و جێی پشوودان و پێداویستی هاوڵاتیان و کارگە و پێویستی جیاوازی ڕۆژانەیان بە هەردوو بەری شەقامەکاندا بە چڕی هەبێ و هەموو ئەوانە سروشتی سۆسیالیزم ڕەتیان دەکاتەوە.

لە هەندێ شـاری گەورەی وەک لەندەن و نیویۆرک و تۆکیۆ و پاریس و هی دی، ملیۆنـان ئۆتۆمبیلی تـایبەتیی و کرێ و ملیۆنـان مـاتۆڕ و پاسـکیل، هەمووشـیان لە کارگێڕی و سـەرمایەگوزاریدا خاوەن سروشتێکی تاکفەرمانن و هەمووشیان سەرکەوتووانە لە سنووری ئاماژە و گڵۆپی هاتوچۆ و پۆلیسـدا دەگەڕێن و بە هیچ جۆرێ پێویسـتیان بە وەعزی فەلەسـەفی و دروشـمی جەماوەی و گۆرانیگوتن بە باڵای بەرەکەتی گیانی خۆبەخشین و قوربانیدان نییە لە پێناوی گشتدا چونکە سـروشـتی پەیوەندی بەرژەوەند و سـەلامەتییەکەی لە سـەر سـەلامەتی ڕەفتاری هەموو تاکێک بەندە کە لە مەهرەجانی ژیاندا بەشـداری دەکەن و هەسـتی بەرپرسـیارەتییەکی چڕ لای هەموو تاکێک دروسـت دەکەن و ئەوانیش لە سەری ڕادێن و خیانەتی لێ ناکەن.

هیچ گومانیشـی ناوێ هەڵگێڕانەوەی ئەو سـەرقاڵی و کار و پیشـانە بۆ خاوەنداریێتی دەوڵەت لەو سـستەمە سـۆسـیالیسـتەدا کە لە سـەرەوە سـەپـاوە بەرەو تێکـدان و گەنـدەڵی و بەرەڵایی دەیبـا. شـوێنی چاککردنەوەی ئۆتۆمبیل ئەگەر هی تاک و کوڕەکانی بێ کە سەدانی وا لە شـارێکدا هەیە و ڕکابەرییان لەسـەر ڕازیکردنی کڕیار ئاشـتەواییە

چونکە بەرژەوەنـدیی خۆیـان وەهـا دەخوازێ، ئەگەر بکرێن بە موڵکی گشتی، دەبنە تەمبەڵخانە و سووکایەتی «حەفتەیەکی تر بێرەوە».

کاتێ لە پرۆژەی تاکەکەســـی یا کۆمپانیای ئەهلیدا ســـینەماکارێک بەراورد دەکەم لەگەڵ سینەماکارێکی کە لە ستۆدیۆ سۆسیالستییەکاندا فەرمـانبەرە، جیـاوازییەکە ئەوەنـدە زۆرە بەراورد هەڵنـاگرێ چونکە ســینەماکاری ســۆســیالســت فەرمانبەرە و ســەر بە بەڕێوەبەرەکەیەتی بەڵام ئەستێرەکانی سینەمای ئازاد لە پلە و کەسایەتیدا، لە خاوەن پلە و کەســــــایەتییەکـان بەهێزترن و تەنـانەت دیومە وەزیر هەوڵی خۆنزیککردنەوەی لەو ئەســــتێرانە داوە تـا لە گۆڤـارەکـانـدا وێنەیـان لەگەڵیاندا دەرچێ. پانزە ساڵ بەر لە ئێستا ژنە سینەماکارێکی ڕووسیم لە حەفتەی فیلمی سۆڤیەتی لە بەغدا دیت، لە ڕووی شێوە و تەمسیل و ناسراوییەوە لە ئاستی ناودارترین سینەماکاری جیهانیدا بوو بەڵام بە دیواری بەرزی بزرکردنی کەســـایەتی دەوری گیرابوو، ئیتر چیرۆکەکە و دەرهێنان و ئازادی ڕەفتار هەمووی بۆی ســــنووردار بوون و هەر دەتگوت پەلەوەرێکی جوانە و خراوەتە قەفەزێکی تەنگەوە. نەمتوانی بەرگەی بینینیی هەموو فیلمەکە بگرم.

لایەنی ڕۆژنامەوانی بگرن و تەماشـــای محەمەد حەســـەنێن هەیکەلی دنیای عارەب بکەن کە لە زۆربەی ســــەرۆکەکانی جیهان ناودارترە و هەموو دەوڵەتە گەورەکان حیساب بۆ گوتارە حەفتانەکانی و کتێبەکانی و هەڵســوکەوتی دەکەن. ســالانی پێش تەمموزی ١٩٥٢ی میســرم لەبیرە کە عەبود پاشـای دەوڵەمەند و پیشـەکاری میسـری بۆ هەندێ قەرزی حکوومەت کە لە بانکەکانی کردبوو بووە کەفیل...

پیاو و ژن لە بواری هونەردا و لە ئاســتی هەموو جیهان کەســایەتییان ئازادانە و بێ ئەوەی ســـــەر بە حکوومەت بن دەرکەوت بەڵام لە زۆر

حاڵەتدا، لە دەوڵەتی سۆسیالستیدا بوون بە یەکێ لە کۆرسی گۆرانیگوتن حکوومەت دەستنیشانی دەکا. ڕاستە حکوومەت ئامێر و تواناکان و ستۆدیۆ فەراهم دەکا بەڵام بۆ حیسابی خۆی دەیکا و بە تواندنەوەی کەسایەتی هونەرمەند و کردنی بە ئالەتێکی شەترەنج، خۆی و هونەرمەندان دەکاتە ڕووی ڕاگەیاندن..

بە کورتییەکەی، وردەکاری لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دەریدەخا کە ژیان لە بنەڕەتەوە لە سەر بنەمای «تاک» دەستی پێ کردووە ئەوجا «کۆمەڵ» هاتووە و لە ناوەڕاستی پەرەسەندندا بووە بە خزمەکاری هەوڵی تاک. دوای ئەوە بە ئاڕاستەی ڕۆحی دەستەجەمعی، لەو بوارانەدا کە هاوکاری و پشتگیری پێویست بوونە پێشکەوتن پێشهاتووە و لەگەڵیدا، ئەو لایەنانەش دەرکەوتوون کە تاک تیایاندا دەردەکەوێ یا کارەکەی لە سەر داهێنانی تاک بەندە. زۆرینەی دانیشتوانی سەر هەسارەکان بۆ بژێو پشتیان بە کار و بژێوی تاکە کەس بەستووە: پزیشک و ئەندازیار و پسپۆڕ و هونەرمەند و وەرزشکار و خزمەتگوزاری هەموو بوارەکان، دوکاندار و خاوەن ئوتێل و پیشانگای گوڵ و جادووگەر و شوفێر و... هتد. هەموویان پشت بە لێهاتوویی و هەوڵی تاک دەبەستن. من دژی هاوکاری و هاوبەشی نیم بەڵام لایەنگری بزرکردنی درەوشانەوەی تاک نیم لە پێناوی «کۆ»ی ناسەرکەوتوو. لە هەندێ کۆمۆنستم زانی کە دۆستی دروستی یەکێتی سۆڤیەت بوون، دە ساڵ زیاتر لەمەپێش پێنج لە سەدی خاکی سۆڤیەتی تاکەکان بەرهەمیان دێنا و بەرهەمی ئەو ڕێژەیە بە قەدەر ٢٥ لە سەدی هەموو کێڵگە گشتییەکان بەرهەمی هەیە. ئەوەش وا دەگەیەنێ کە ٩٥ لەسەدی سەرجەمی بەرهەمی کشتوکاڵی سۆڤیەت لە سەدا ٧٥ بەرهەمی هەیە و بە دابەشکردنێکی ساکار: (75/95)/(25/5) دەبینین هەوڵی تاکەکەسی 6,3 جار لە هەوڵی

دەستەجەمعی کێڵگە گشتییەکان زیاترە. بە دڵنیاییەوە دەزانم هەموو هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی کشتوکاڵ لە یەکێتی سۆڤیەتدا بۆ سروشتی کاری بە کۆمەڵ ناگەڕێتەوە و لایەکی زۆر گەورەی ئەو شکستە بۆ ئەو ڕقە دەگەڕێتەوە کە خەڵک لە کشتوکاڵی دەستەجەمعی هەیانە کە هەر لە سەرەتاوە بەو شێوە ناهەموارە بە سەر وەرزێرانی سۆڤیەتیدا سەپاوە ئەوەش ڕۆژگارێ بوو مەرجەکانی کاری بە کۆمەڵ پەیدا نەببوو و تەنها لە مێشکی ئەوانەدا بوو کە شۆڕشیان ئەنجام دا و مادام دەماغی شۆڕشگێڕەکان باوەڕی هێنا کە جەماوەری ڕەنجدەر دەیەوێ لە دەست چەوساندنەوە دەرباز بێ، کەواتە وەرزێر خۆبەخۆ ڕقی لە خاوەندارێتی زەوییە کە لە بنەمادا هۆکاری چەوسانەوەی بووە و دیتیان ئاسانترین شێوەی بۆ ئەوەی سۆسیالیزم بکەنە داهێنانی جەماوەر شێوەی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی بوو کە وەک پیشەسازی پێشینەی پێشکەوتووی پێ ناوێ.

ئەوانەی سەردانی دەوڵەتە پێشکەوتووەکانیان کردووە دەگێڕنەوە کە خاوەن خانوویەکی شارێک لە شارەکان دەیەوێ باخچەیەک دروست بکا یا بە دڵی نییەوە دەیەوێ باشتری بکا، لەگەڵ کۆمپانیایەک ڕێک دەکەوێ کە لە سەر خاوەندارێتی تاک هەڵچندراوە و ئەو نموونەیە هەڵدەبژێرێ کە دەیەوێ، ئەوجا دەچێتە سەر کاری خۆی. کاتێ دوای دەوام دەگەڕێتەوە دەبینێ باخچەکە بە تەواوەتی و بە هەموو وردەکارییەکیەوە دامەزراوە و گژۆکەکان چڵ و گوڵ و بەریان پێدا شۆڕ بوونەتەوە و داریش گەش و سەوز و بەسێبەر قیت بوونەتەوە...

هۆکاری ئەو ئەنجامە سەرسوڕهێنەرە دوانن و هیچیان لە داهێنانی سۆسیالیزمدا نین. یەکەمیان پێشکەوتنی زانستی و تەکنیکییە کە بە

هۆی بزوێنەری تاک و ئازادی ڕەفتارەوە پەیدا بووە. دووەمیان ململانێی ئاشتیانەی نێوان کۆمپانیا زۆر و زەبەنەکانە کە لەو بوارەدا کار دەکەن.

لە ئێزگەیەکی ڕادیۆوە کە زۆر گوێگری هەیە بیســـتم هاوڵاتی وڵاتە یەکگرتووەکان چۆن ئۆتۆمبیل بۆ کڕین بە دەست دێنن. کڕیار دەچێتە پێشـــانگای ئۆتۆمبیلەوە و ئەو مۆدێلە هەڵدەبژێرێ کە بۆ دەگونجێ، لەگەڵ هەندێ گۆڕانکاریدا کە خۆی دەیەوێ. ئەو کۆمپانیایە تا ماوەی ســـێ ســـاڵ بەرپرســـیار دەبێ لە هەر تێکچوونێک کە بە ســـەر ئۆتۆمبیلەکەدا بێ و بە بێ بەرانبەر چاکی دەکاتەوە، نەک هەر ئەوە بەڵکو ڕۆژی ١٥ دۆلاریشـــی دەداتێ بۆ هـاتوچوونی خۆی تـا ئۆتۆمبیلەکەی چاک دەکرێتەوە. نرخی ئۆتۆمبیلەکەش بە مانگانە، بە پێی ئـارەزووی کڕیـارەکە دەبێ و بە پێی مـاوەکە و درێژکردنەوەی، نرخێکی کەم دێتە سـەری. ئەی یەکەم تەقسـیتی چۆن دەدا؟ ئەمەیە جێی ســەرســوڕمان! ئەگەر پارەکەی هەبێ ئەوا دەیدا دەنا کۆمپانیاکە خۆی لە بانک قەرزی ئەو قســـتەی بۆ دەکا.. ئەگەر کۆمپانیاکە بە توانای بەرزی خۆی و وردەکاری و پاشەکەوتکردنی وزە و مەسرەف و دڵسۆزی هەر فەرمانبەرێک لە کاری خۆیدا نەبوایە کە خۆی لە زەرەر دەبوێرێ، ئەو ئاســـانکارییانە دەبووە «خوێنمژینی کۆمپانیاکە لە لایەن کڕیارەکەوە». ئەگەر هەر کۆمپانیایەکی ئاوها لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســتدا بە هەمان شــێوە کار بکا، لە ماوەی یەک مانگدا، بە هۆی دواکەوتنیانەوە لە ڕووی شارستانەتی و نەبوونی هەستی بەرپرسیارەتی و پێشێلکردنی مافی خەڵک و خۆدزینەوە و گوێنەدانەوە، دەستی لە بنی هەمبانەوە دەردەچێ.

لە کتێبی Inside USA ی (کانتەر – بە هۆی خەفەتی کوڕەکەیەوە، کە بە شیرپەنجە مردبوو، مرد) خوێندمەوە کە ململانێی کۆمپانیاکانی هێڵی

ئاسن بوو بە هۆی ئەوەی لە ناوەڕاستی سەدەی پێشوودا چەند هێڵێکی ئاسـن کیشـوەرەکە ببڕن و ڕێبوار بە یەک دۆلار لە «سـانت لویس»ـەوە دەگەیشتە «سان فرانسیسکۆ» و مەودای نێوانی ئەو دوو شارە لە سـێی پلەی پانیی زەوی زیاترە کە دەکاتە چوار ئەوەندەی عیراق لە باشووریەوە تا باکووری. ئەمەیە ئەو «خوێنمژین»ـەی تیۆرییەکانی مارکس دەیانەوێ نەیهێڵن.

گرنگی گەمە وەرزشییەکان لە ژیانی میللەتانی ئەم سەردەمەدا دەزانین و چەند پێشـبڕکێ بە خەڵاتی زۆرەوە هەموو ڕۆژێ لە شـوێنانی دنیادا ئەنجام دەدرێن و جگە لەو جۆرە پێشبڕکێیانەی ژمارەی بەشداربووان تیایاندا دیاریکراوە براوەی یەکەم و خاوەنی خەڵاتی یەکەم و ناوداری یەکەم هەر یەک تاکە کەسـە. لێرەوە دەبینین زۆرینەی دانیشـتوانی جیهان بە حکوومەت و خەڵکەوە سەرقاڵ دەبن تا ئامادەکاری بۆ بکەن و گۆڕەپان و شوێن و شار بۆ ئەو یارییانە دابین بکەن و لە ئەنجامیشدا یەک تاکە کەس براوە دەبێ و لە دڵ و چاو و ڕاگەیاندندا جێی خۆی دەکاتەوە و پلەوپایە و داهاتی زۆری پارێزراو دەبن و تیشـکی پیرۆزی وەردەگرێ، لەگەڵ ئەوەشـدا کە وەرزش یەک پاروە نان پەیدا ناکا و وەرزش هەیە، بۆ نموونە وەکو شـەترەنج، خۆشـی بینینیشـی نییە. ئەدی چی وا دەکا سـەرمان بسـووڕێ کاتێ داهێنان ناوبانگی بە دواوە نەبێ و یەک فلس لە سـەر دنیا نەکەوێ و خەڵک پێی بژێن و خەڵک لە بەرهەمی بخۆن؟

بۆچی داهێنانی بەقاڵ و دارتاش و سەرتاش و هەزارانی تر کە خزمەتی مرۆڤ دەکەن بکوژین؟ وەرزشکار بێ ئەوەی دەستدرێژکەر بێ ڕەنجی حکوومەت و ڕێکخراوە و گەلان دەقۆزێتەوە و لایەکی گرنگی هەوڵ و کات و ماندووبوونیان دادەدۆشێ و یەک قۆپچەی کراسێکیشیان ناداتێ

و سۆسیالست و کۆمۆنست و ناکۆمۆنستیش نارەزایی دەرنابڕێ و کەسیان بیر لە «ڕەنجخۆری»ی شاراوە و ئاشکرا لە جومناستیک و ڕاکردن و مەلە و زۆرانبازیدا ناکەنەوە بەڵام ڕێزدارانی خاوەن تیۆری بەرەنگاربوونەوەی ڕەنجخۆری بەڵام ئەگەر کەسێکی چالاک کارگەیەکی بۆن دروست بکا و خۆی منداڵەکانی یا هاوکارەکانی بەڕێوەی بەرن یا دوکانی سەموونفرۆشی یا سەموونخانەیەک بکاتەوە، دنیایان لێ لێکدێتەوە و خەو لە چاویان دەزڕێ لە کاتێکدا هەموو گەلان لە ئاستی وەرزشدا ڕۆڵی مانگای شیردەر دەبینن کە نە ناوبانگ دەردەکا نە لەو شیرەی بەر دەکەوێ کە لێی دەدۆشن و لە هەموو شتێک پشتگوێ دەخرێ ئەوە نەبێ پارەی شار و گۆڕەپان و مەیدان و... و ... بدا و هیچی دەست ناکەوێ ئەوە نەبێ لەزەت بەرێ کە ئەوەش لە پێویستییەکانی ژیان نییە.

با لە بیرمان بێ وەرزشی دەستەجەمعیی وەکو بالە و دووگۆڵێن قازانجی ئابووری و ڕێزلێگرتن بۆ ئەو کەسانە دەبن کە بەشداری تیپەکەن کە ژمارەیان لە ژمارەی بەشداربووانی کۆمپانیای هاوپشکی کەمترە و لەگەڵ تاکەکەسی وەرزشکار، لە ڕووی تێچوونی قورسایی پارە و ماندووبوون و ناوبانگ و قازانجەوە یەکسانن و جەماوەریش لە ڕووی ناوبانگ و گرنگییەوە وەکوو خۆی دەمێنێ. تاکە جیاوازی لە نێوان گەمەی وەرزش و کارگەی شیرەمەنی ئەوەیە وەرزش خاوەنداریێتی تێدا نییە ئەگەرچی «استغلال – بەرخۆری»یەکی یەکجار گەورەی تێدایە بەڵام کارگەی شیرەمەنی خاوەنداریێتی تێدایە و نەک هەر هیچ جۆرە بەرخۆرییەکی تێدا نییە، بەڵکو خزمەتی چاکی وەهای خەڵکیشی تێدایە کە ناتوانێ لە ڕێی ڕێکخراوەیەکی سۆسیالیزمەوە پێشکەشی بکا هەرزانییەکی تێدایە بەدی نایێ مەگەر لە ڕێی دڵسۆزی و داهێنانی تاکەکەسییەوە بێ.

له ڕاســـتیـدا که زەین دەکەوێتە داوی تیۆری و پێشـــبینییەوە له دەروێشـــایەتی و ئاگالەخۆنەبوون نزیک دەبێتەوە... به باوەڕی من له کوێ دەرفەتی پێکهێنانی دەزگای دەســـتەجەمعیی ســـەرکەوتوو و پێشکەوتوو هەبێ، سێ ئەنجامی نایابی دەبێ:

- یەکەمیان، برەودان به گیانی هاوکاری.
- دووەم، ئەو جیاکارییەی که نه پێویسته و نه سوودی هەیە و له خاوەندارێتییەوە دێ، لەناودەچێ.
- سێیەم، دەربازبوونی تاکەکانە له زەرەری زۆر گەورە.

بەڵام کارەســـاتی کارەســـاتەکان ئەوەیە ئەم جوانییە تیۆرییە له هەڵســەنگاندنی کاری بەکۆمەڵدا هەڵگەڕێتەوە و به زۆر بســەپێندرێ و تاک یا کۆی هاوپشـــک له داهێنانی هاوتەریبی خاوەندارێتی تاک یا هاندەری بێبەش بکرێن.

به سـەر قسـەکردن له سـەر وردەسـەرنجەکانی سـەرۆک گورباشـۆڤدا تێدەپەڕم که له لاپەڕە ٢٨ و ٢٩ کردوونی، وەکو:

- «پاڵنانی تاک بەرەو هەموو کارەکان لایەنێکی گرنگه لەوەی ئەنجامی دەدەین.
- بۆ ئەوەی شتێک چاکتر دابنێی پێویسته له کارکردندا جددیتر بیت.
- مرۆڤێک ورەی له کارکردندا لاواز بێ هەوڵی زیاتر نادا... هتد.

به ســـەر ئەوەشـــدا تێدەپەڕم که ئەو بۆچوونانە پێویســـتیان به چ مەرجگەلێ هەیە و دەچمه سەر ئەم بۆچوونە:

*«ئەمرۆ ئەرکی سەرەکیشمان ئەوەیە رۆحی تاک بەرز بکەینەوە و رێزی جیهانە تایبەتییەکەی بگرین و لە ڕووی مەعنەوییەوە بەهێزی بکەین».*

چوونە ناو ئەو شەپۆلانە و پەڕینەوە بۆ کەناری ئەوبەر، زۆر کەشتی نقوم دەکا و پەکی پیاوی گەورە دەخا و سەبری خۆڕاگران لە بن دێنێ بە قەدەر ئەو قسەیە فرەوانە کە هەزاران ساڵ بەر لە ئێستا گوتراوە «چاک بکە و خراپ مەکە» و بە قەدەر ئەوەش ئاڵۆزکاوە: چی چاکە و چی خراپە، چونکە بە پێی کێشانە و پێوانەی خەڵکی دەگۆڕێن و دوو کەسی نزیکی یەکتر کە لە سەر دوو دینی جیاواز بن، بۆ چاکەکاری و بە مەبەستی خاوێنەوە شتی تا ئاستی مەیلەو دژبەیەک ئەنجام دەدەن، هەروەها ئەوانەی لە ئایدۆلۆژیای سیاسیدا تا ئاستی بەشەڕهاتن لە سەر ئەوەی بە بەرژەوەندی مرۆڤی دەزانن جیاوازن.

بەڵام یەک چرکەسات گومانم نییە کە لە جیاوازی پێوانە و هەڵسەنگاندنی چاک و خراپدا، هەموو ڕێبازێک لە ڕێبازەکانی ژیان، چەندیش لە یەکتر دوور بن بەرچاوڕوونی یا مەودای هەڵبژاردنیان بۆ جیاکردنەوەی چاک لە خراپ تێدایە و لە سنووری هەیکەلی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی باودا، خەسڵەتەکانیان دیارن. ئەگەر وا دابنێین کە یەکێکیان لە بنەمادا بەرەو توندوتیژی و تەنگهەڵچنین و ڕاهێنانی نەفس دژی ئارەزووەکان دەشکێتەوە، مەودای ئەوە هەر دەمێنێ زیادەڕۆیی یا ئاسانکاری لە پەیڕەوکردنی ئەو ڕێبازەدا بکرێ و ئەوەش وەک ئەوەی لە یاسای سزاداندا پەنا بەریتە بەر سووکترین یان توندترین سزا.

ئەمە ڕاستییەکی ڕوونە و ئەوە ئاسان دەکا بڵێین پەرەسترۆیکا دوو خەسڵەتی ئاشکرای چاکەخوازی تێدان:

- یەکەمیان ئەوەیە کە لە هەڵسوکەوتی دەسەڵاتدا بەرانبەر بە گەلی سۆڤیەتی، چەندین پلە لە پێش شێوازی ڕەچاوکراوی پێش خۆی کەوتۆتەوە کە ڕای خەڵک بە تەواوەتی پشتگوێ خرابوو.
- لایەنی دووەم ئەوەیە کە پەرەسترۆیکا خۆشی بەرگەی بۆزیادکردن و فرەوانکردن دەگرێ ئەوەش بە گەڕانەوەی دەسەڵات بۆ ئارەزووەکان خەڵک، بۆیە توانای لە بەرزکردنەوەی ورەی خەڵک و ڕێزگرتنی جیهانەکەی لە هەموو سەردەمەکانی پێش خۆی زیاتر و کاریگەرترە و پێم وابێ شتێکی بەو ئاڕاستەیەدا ئەنجام داوە ئەوەش ئازادی هەڵبژاردن و ڕا دەربڕین و ڕەخنەگرتنیی شتەکان و ئاشکراکردنی خراپەی ڕابردوو و کردنەوەی پەنجەرەیە بە ڕووی جیهانی دەرەوەدا، ئەگەرچی لە مەیدانی گوزەران و بەرپابوونی ململانێی ڕەگەزی توندوتیژ و پەیدابوونی هەڵگەڕانەوەی ئێرە و ئەوێ، هەندێ نووچدانی لەگەڵدا هاتن.

بەڵام ئەو ڕووداوە نەرێنییە بچووکانە کاریگەری گەورەیان لە سەر چارەنووسی پەرەسترۆیکا نییە و ئەگەر لە پرۆسەی بنیاتنانەوەی نوێدا هەنگاوی چارەنووسساز و بنەڕەتی بندرێ بە ئاسانی خامۆش دەکرێن و لێی دەوەشێتەوە:

1. ڕۆحی تاک بەرز بکاتەوە و ئیتر نەکرێ بسڕدرێتەوە.

2. ڕێزگرتنی جیهانی تاک بە مەوداپێدانی تا بە بێ پێشـــگر و بەربەست پێش بکەوێ.

3. وزەیەکی مەعنەوێ بە تاک بدرێ و باوەڕی تەواوی هەبێ کە دەسەڵات ناتوانێ (نەک نایەوێ) لێی زەوت بکا.

ئەمانەن ئەو ســێ خاڵە کە برِگە هەڵبژێردراوەکەی ســەرەوە لەخۆیان دەگرێ و کە دەگەینە قســەی دیاریکراو وەک «دیموکراســی زیاتر بۆ سۆسیالیزمی زیاتر» قسەی لێ دەکرێ تا دوو جار بابەتێک نەکوتینەوە.

دوای ئەو قســـــانە، ئەوەی لە لاپەڕە ۲۹ ماوەتەوە باســـــی هەندێ دەستکەوتی سۆسیالیزمە، دەکرێ لە دوو خاڵدا کورتیان بکەینەوە:

1. ژیـان بۆ هەموو کەســـێک مســـۆگەرە تەنـانەت ئەگەر کەسانێکیش بکاتە بار بە سەر خەڵکی ترەوە.

2. نەبوونی بێکاری لە یەکێتی سۆڤیەتدا.

بەڵام ئەم قسـەیە بەوە قەبارەی ئاسـایی خۆی وەردەگرێ دوو سـەرنج دەربڕین:

- یەکەمیان ئەوەیە کە مســۆگەری ژیان لە وڵاتە پێشــکەوتووەکاندا بۆتە دیاردەیەکی ئاسـایی و ئەگەر نەشـتواندرێ لە وڵاتێدا ئازادی ئابووری تێدا هەیە هەموو جۆرە مســۆگەرییەکیش دەســتنیشــان بکرێ بەڵام ئەو جیـاوازییە گەورەیەی لە مســـۆگەری ژیـان لە یەکێتی ســۆڤیەت و دەوڵەتێکی بۆرژوای پێشــکەوتوودا هەیە، زۆر ئەگەر هەڵدەگرێ و ژیانی بێکارێکی سویسرا، بۆ نموونە، لە ئاستی خاوەنکارێکی مسۆگەری بولگاریادایە.

- لایەنی بێکاریش، ئەوانەی کە دەڵێن لە وڵاتە سـۆسـیالسـتەکاندا بێکاری شـــاراوەیە ئەوەش بەوەی بۆ کارێک کە بە یەک کەس ئەنجـام دەدرێ، چەنـدین کەس دادەمەزرێنن. بەڵام دەکرێ لە وڵاتە دەوڵەمەندەکاندا کەسێکی بێکار بە کەیفی خۆی وازی لە کار هێنابێ تا ماوەیەک بە بێ وابەسـتەبوون بەو پارەیەی پاشـەکەوتی کردووە بژێ.

جگە لەوە لە نووسـینی خانمێکی سـۆڤیەتیدا کە لە یەکێ لە ژمارەکانی، وەک لە بیرم بێ New Times دا بڵاو کرابۆوە خوێنـدمەوە کە لەبەر ئەوەی لەگەڵ پیاودا یەکســـانە، کارێکیان پێ داوە مێیاتی بردووە و توانای نەهێشـــتووە و بە داهاتێکی کەمتر خانەنشـــین کراوە و خەریکە چارەسـەری ئەو نەخۆشییەیە کە بە هۆی کاری قورسـەوە تووشی بووە و هاوار دەکا مێیایەتی و دایکایەتی بۆ بگێڕنەوە...

ئاوها دیارە لێرە و لەوێ، دیاردەکان چاوخەڵەتێنن. لە هەموو بارێکیشدا نابێ لە بیرمان بچێ مادام پارە و تەکنیک و پیشـەسازی هەبن، توانای چارەســـەری کەموکورتیش دەبێ. جگە لەوانەش، دنیای ئەمبەر یا ئەوبەر، بە هیچ جۆرێ بەهەشـــتی نەمران نییە و گرنـگ ئەوەیە ڕێســاکانی کار و بنەماکانی کۆمەڵگە دروســت و بەهێز بن. ئەگەر، بۆ نموونە، سستەمی هاتوچۆ لە وڵاتێکدا باش بێ، یاساشکێنی هەندێک و گوێنەدانی جاروباری پۆلیس مەترســـییەکی گەورە نابن بەڵام یاســـا چاوپۆشی لە پۆلیسی چەوت بکا یا خەڵک بۆ یاساشکێنی هان بدا ئیتر دەبێتە کوچانگری[2] سێیەم، وەک لە قسە پێشینانەکەدا دەڵێ.

---

[2] کوچانگر، سێ بەردن، هەندێ جار لە قوڕ دروست دەکرێن، بە دەوری کوانووی ئاگردا دادەندرێن و مەنجەڵیان لە سەر دادەندرێ. سێیەمیان

جگە لەوەش تەنها مسۆگەرکردنی ژیان بەشی ئەوە ناکا کەسایەتی ئەو کەسـە بنیـات بنرێ، وەک کە تەنهـا بە شـیرپێـدانی کۆرپە، پێداویسـتییەکانی تر کە مەرجەکانی پەروەردە و گەشـەکردنن، پڕ نابنەوە و سـەیر نییە کرێکاری ڕووسـی بە پەرۆشـی ئەوەیە وەک کرێکاری فینلەندی یا سـکۆتلاندی پارێزراو بێ بەرانبەر سـروشـتی بەرخۆری کە خەسڵەتی جێبەجێکەری یاسـا و سـستەم یا جاڕنامەیە، بەو حیسابەی لە هەڵسوکەوتیدا لەگەڵ کرێکار، جێبەجێکەری ئیرادەی جەماوەر و نوێنەری شـۆڕشـی پرۆلیتارە و بە یاسـا گەورەیی پیرۆزە و کرێکاریش دامێنە و کرێکار ئەوەندەی بەسە «بەنرخترین سەرمایە»یە تا دابەزێتە ئاسـتی ئامێر و کەرەسـەی تری دەوڵەت، وەک دراو و ماددەی خاو و دیواری کارگەکان و ڕێی هاتوچۆ و عەموودی کارەبا...

لە ماوەی حەفتا ساڵی ڕابردووی تەمەنی دەوڵەتی سۆڤیەتدا نەمانبیست کرێکاری سـۆڤیەتی توانیبێتی بە جۆرە گلەیی یا ناڕەزاییەکەوە تەعبیر لە خۆی بکـا یـا داوای گۆڕان بکـا یـا ئەو واقیعە ڕەت بکـاتەوە بەڵکو نەشـمانبیسـت لەو ماوەیەدا و پێش سـەردەمی پەرەسـترۆیکا گلەیی نووسـەرێ یا هونەرمەندێ یا فەیلەسـووفێکمان نەبیسـت و ئەوپەڕی پێشـکەوتنیان لە بواری بەرهەڵسـتکاری هەموو ئەو ماوەیەدا ئەوە بوو سـزای مردن کە لە سـەردەمی سـتالیندا هەڕەشـەی لێ دەکردن، لە دوای ستالین بوو بە سزای لەخەتلادەرەکان تا لە سەردەمی گورباشۆڤ و دروشمی پەرەسترۆیکادا، مافی زەوتکراوی لە خەتلادەران بۆ خاوەنیان گەڕایەوە...

---

نیشانەی جێگیربوونی مەنجەڵەکەیە چونکە مەنجەڵ لە سەر دوو دانەیان ناوەستێ و لە سەر چواریش دەلەقێ. عارەب بۆ جێگیربوونی هەر شتێ دەڵێن: «ثالثة الاثافي» واتە کوچانگری سێیەم. وەرگێڕ.

بە نەختێ ڕەخنەگرتن لە سستەمی سۆڤیەتی کە گوێڕایەڵی لە ناوخۆوە بە نهێنی بۆ دەرەوە تەشـــەنەی کرد ئەو مافە زەوتکراوەی تاک لە گوتاردا قووت درایەوە و تەنانەت ئەدیبیش نەیدەوێرا ئاماژەی پێ بدا نەک سـەرجەمی چەپەکان لە خۆی بوروژێن. نووسـینی نووسـەر و بیرمەندێکی گەورە و ناوداری لوبنانیم خوێندەوە، تازە لە حەفتاکاندا لە سـەفەری سـۆڤیەت - وەک بیرم مـابێ - گەڕابۆوە، لە وەڵامی پرسـیارێکدا لە بارەی خۆگونجاندنی ئەدیبی سـۆڤیەتییەوە لەگەڵ مەترسـی ڕا دەربڕینی نارەزایی و ڕەخنە، گوتی: ئەدیبی سـۆڤیەتی چی بکا ئەگەر شـتێ لە وڵاتەکەیدا نەبێ جێی ڕەخنە بێ؟ لە بەر خۆمەوە گوتم: وەی لەو کارەسـاتە! ئەی هەڵچوونی سـتالینپەرسـتی بۆ ماوەی زیاتر لە چارەکەسـەدەیەک بەو هەموو تاوانەوە کە ئەنجامی دان هی ئەوە نییە زمانی یەک ئەدیبی سۆڤیەتی بۆ ڕەخنە و نارەزایی بجووڵێنێ؟ ئەمە لە کاتێکدا ئەو ئەدیبە لوبنانییە خۆی لە کەموکورتی وڵاتەکەی خۆی بێدەنگ نەدەبوو، ئەگەر شتێ بوایە هی باسکردن بوایە.

لە ڕاستیدا ئەدیبانی دەرەوەی یەکێتی سۆڤیەت، بە تایبەتی لە جیهانی سێیەمدا، لەو بێدەنگییە گردەبڕەی ئەدیبان و بیرمەندانی سۆڤیەتییەوە بەڵگەی تەواو و جێگریان بۆ مافی هاوڵاتی سۆڤیەتیان بەدەست هێناوە و هەر ئەو بێدەنگییەی ئەوانیان کردۆتە بیانوو بۆ بەدەنگهاتن لە هەموو شتی وڵاتی خۆیان تا دەگاتە ئەوەی سیاسەتمەدار و بیرمەند و ئەدیبی بەرهەڵستکاری عیراقی لە پێش شۆڕشی ١٩٥٨دا جەختیان لە سەر ئەوە دەکردەوە کە نابێ قوتابخانە بە هۆڵی گەورەوە دروسـت بکرێن چونکە دوایی لە هێرشبردنە سەر سۆڤیەت دەکرێنە بنکەی سەربازی ئینگلیز و ئەمەریکا... بێئومێدی هەرە گەورە لەوەدایە خەیاڵ گەمە بە عەقڵ بکات!

ڕۆشنبیران بە گشتی، بەستنەوەی باشووری عیراقیان بە باکووریەوە، بە سکەی ئاسن کە لە بەغدا بە پردێکی ئاسنیندا دەپەڕییەوە، وا لێک دەدایەوە کە ئامادەکاری بێ بۆ ئاسانکاری گواستنەوەی سوپای ئیستیعمار! وای لەو عەقڵەی کە ئەتۆم شەق دەکا!! دروستکردنی بەربەستی ئاو لە سەر ڕووبارەکان بۆ کۆکردنەوەی ئاو و ڕوونەدانی لافاو بە لای زۆرینەی ڕۆشنبیرە چەپەکانەوە بۆ ئەوە بوون ببن بە فڕۆکەخانی ئاوی بۆ فڕۆکەی ئیستیعمار..

ئیتر هیچی بەسوود و بێسوودی حکوومەتی پێش شۆڕشی تەمموز نەمایەوە لێکدانەوەی خراپی لە بیرۆکەی چینایەتی و دەستووری زێدەبایی بەریەککەوتن و دابەشبوونی دنیا بە سەر دوو ئۆردوودا بۆ نەکرێ و لە بزووتنەوەی ئاشتیدا چالاکیمان هەبوو و بەو شێوەیەی پەیڕەو دەکرا شێواوترین شێوازی بانگهێشەی ئاشتی دەرخرا و ئەوەی بەس بوو بۆ هێرشی کۆریای باکوور بۆ سەر باشوور دەستخۆشی کرد و زۆری نەما جەنگی سێیەم بەرپا بێ. هەموو چەپ، بە پشتبەستن بەو هەواڵانەی کە ستالین بڵاوی دەکردنەوە، لە سەر ئەوە سوور بوون کە کۆریای باشوور هێرشی کردووە یا خەریک بووە هێرش بکا.

ئەوە خۆش بوو کە من ڕەخنەم لە کۆریای باکوور گرت گوایە بە بێ هۆ هێرشی کردووە، برادەرێک کە بە ئاڕاستەی ستالیندا زۆر توند بوو، بەرپەرچی دامەوە کە باشوورییەکان هێرشیان دەبرد. هێرشی چی دەبرد کە هیچ ئامادەکارییەکیان نەکردبوو، لە کاتێکدا کە باکوورییەکان هاتن هیچ بەربەستێکیان لە پێش نەبوو و زۆری نەما بگەنە ئەو پاژنەیەی کە نەخشەی باشوور پێکی دێنێ! (نەخشەی کۆریا بە نە نەخشەی ئیتالیا دەچێ). دەماری هاوڕێکە گرژ بوو و ناڕازی بوو لەوەی باوەڕ بە قسەی دوژمن دەکەم و قسەی دۆست بە درۆ دەخەمەوە و

لە سـەر ئەوەش حەکایەتێکی بەناوبانگی جەحا – خواجە نەسـرەدین هەیە کەسـێ چوو لای ویسـتی کەرەکەی بۆ کارێک بەرێ، ئەویش گوتی کەرەکەم لە ماڵ نییە. لەو کاتەدا زەڕەی کەرەکە بەرز بووەوە و بوونی خۆی سـەپـانـد. کـابرا گوتی: مەلا ئەی ئەوە نییە کەرەکە دەزەڕێ؟! مەلا گوتی: کابرا تۆ کەسـێکی سـەیریت! باوەڕ بە کەرەکە دەکەیت، باوەڕ بە من ناکەیت؟! برادەرە تووڕەکەم لە سەری ڕۆیی: تۆ باوەڕ بە دوژمنەکەم دەکەیت و دۆستەکەم بە درۆ دەخەیتەوە. منیش گوتم: جا من بڵێم چی ئەگەر مەلا نەسـرەدین درۆ بکا و کەرەکە ڕاست بکا؟

مەیلی چەپ بۆ پاکانەکردن بە هێزێکەوە ماوەتەوە کە کەم نییە و بێ ئەوەی لە هەڵسـەنگاندنی شـتەکاندا، جا ڕووداو یا دەسـتکەوت یا هەڵوێسـت، ڕوون بێ، بەربەسـتێک یا بەرهەڵسـتێک پێک دێنێ. ئەوەندەی مەسـەلەکە بە جەوهەری شـتەکانەوە، لە یەکێتی سـۆڤیەتدا هەیە، ڕاگەیاندنی ڕەسمی سۆڤیەت لە سەر ڕێبازی خۆی بەردەوامە و شـوێنەواری یەکلاکەرەوەی لە زۆربەی ئەوانەدا دەبینم کە لە گۆڤاری International Affairs دا، کە بەر دەسـتم کەوتوونە، دەیانخوێنمەوە تا ئەوەی هەندێ نووسـەری ڕووس لە هەموو ناتەباییەکی نێوان ڕووس و ڕۆژاوادا لایەنی ستالین دەگرن بێ ئەوەی ناوی بێنن.

سـیمایەکی بەهێز و ڕوونی ڕۆحی سـەردەمی پەرەسـترۆیکا بە بابەتی نووسـەرانتان و سـیاسـەتکارانتان و بیرمەندانتانەوە، ئەوانەی خەریکی کـاروبـاری نـێـودەوڵەتـی و دەرەوەن، دیـارە و لە هەرچـیـیەکـی خوێنـدوومەتەوە لایەنگری لە هەموو کـارێکی ڕووسـیـا و لە هەموو سـەردەمەکاندا دەبینم.. با بە بۆنەوە بڵێم کە ماوەیەک بەر لە ئێسـتا نووسـینێکی «ئەنتۆنی ئایدن»م لە بارەی سـیاسـەتی نێودەوڵەتی

خوێندەوە تیایدا بیانوو بۆ هەڵوێسـتەکانی سـۆڤیەت دێنێتەوە و بە پێداویسـتی زانیون و قسـەیەکی خودی تۆشـم لە پەرەسـترۆیکادا لە بارەی ئەمەریکاوە دیت کە بە قسەی ئایدن دەچێ لە سەر ئێوە بەڵام قسەی خەڵکی ئاسایی دەرەوەی دەسەڵات لە وڵاتی ئێوەدا دەخوێنمەوە کە «ڕووسـیای ئەمڕۆ» بڵاویان دەکاتەوە (ئەم ژمارە کەمانەی بەر دەستم کەوتوون)، شتی وەها لە سەر سیاسەتی دەرەوەی کۆنی ڕووسیا دەڵێن بە هیچ جۆرێ لەگەڵ قسەی بەرپرساندا یەک نایەتەوە. ئەوەی لە سـەرجەمی بابەتی بەهێزکردنی ڕۆحی مەعنەوی و باوەڕبەخۆبووندا دەیبینم ئەوەیە ڕاسـترین پێوەر بۆ زانینی ئاسـتی مەعنەوی گەل و تاکدا، ئاسـتی بەکارهێنانی ڕاسـتگۆییە لە ڕەخنەلەخۆگرتن و دانان بە کەموکورتی، بەڵام ڕەخنەگرتن لە خەڵکی تر و بەخۆداهەڵدان پێویستی بە هاندەری نییە.

نوکتەیەک هەیە دەڵێ ئەمەریکییەک بۆ شـانازیکردن، بە ڕووسـییەکی گوت دەتوانم بەوپەڕی ئازادی سووکایەتی بە سەرۆکی ئەمەریکا بکەم، ڕووسییەکەش گوتی جا ئەوە چییە؟ منیش چم بوێ دەتوانم پێی بڵێم.

نوکتەکە، بە دڵنیاییەوە هەڵبەسـتراوە بەڵام تۆوی ڕاسـتگۆیی تێدایە چونکە جیاوازی بۆچوون و زۆری ڕۆژنامە و ڕێی ڕا دەربڕین و ئازادی تاک و کۆ بۆ دەربڕینی هەرچییەکیان دەوێ و دەزگای ڕاگەیاندنیش لەو وڵاتانەدا کە بەرەو فرەیی ڕا و حیزب و بۆچوون بەرنامە دەچن لە خزمەتی هەمووانـدا بێ، ڕێگە بۆ گوتنی هەموو شـتێک خۆش دەبێ چییان دەوێ بە بێ ترس هیچ لایەک بیڵێن. مادام ناوەخنی دیموکراسی ڕاسـتەقینە ئـازادی ڕەخنەگرتن بێ لە دەسـەڵات و ڕەخنەش لە ڕوونترین سـیمایدا ژماردنی لایەنە چەوت و سـەقەتەکانی ژیان بێ لە هەموو ڕوویەکەوە، لە دەوڵەتی دیموکراسـی وا چـاوەڕوان دەکرێ

ڕۆژنامە و دەزگای ڕاگەیاندن لایەنە نەریتی و ناشـرینەکان بخەنە ڕوو تـا ئەوەی خوێنەر وا بە هەڵەدا بچی کە ئەو کۆمەڵگەیە خەریکە دادەتەپێ، لە کـاتێکـدا ئەگەر دامودەزگـای ڕاگەیـانـدن لە دەوڵەتی یەکحیزبی و یەک ئایدیۆلۆژیدا بە دەسـتی بێ دەبێتە کەرەسـەی بڵاوبوونەوەی نیفاق بە هەڵڕشتنی پێداهەڵدا دەزگای شکستخواردوو و باسـکردنی ناشـرین وەک مەلایەکەت و برسـێتی بە تێری و تا کۆتایی لستەی درۆی هەڵبەستراو و شێواو.

کێشـەکە هەر ئەوە نییە دەسـەڵات حەزی بە پێداهەڵدان بێ ئەگەرچی ئەوە هۆکارێکی بەهێزیشە، بەڵکو کێشەی گەورە ئەوە مادام سستەمەکە لە سـەر یەک سـتوون وەسـتاوە ئەوەی هەڕەشـەی تەپینی لێ دەکا ئەوەیە کەموکورتییەکانی و پێچەوانەکانی باس بکرێن یا بە چاکە باسی شـتێ بکرێ کە لەگەڵ ڕەوتی بەردەوامیـدا نەگونجێ و ئەوەش پرۆسـەیەکی دوورودرێژ و ماندووکەرە و ئەوەندە لە سـەر خەزنەی دەوڵەت دەکەوێ حیسـابی نازاندرێ. دەوڵەمەند بە پێویسـتی نازانێ بە شـانوباڵیدا بگوترێ و لەزەت لەوەش نابینێ باسـی وەجبە خۆراکە نایابەکانی بکرێ و لەوە بێزی دەبێتەوە و وەڕس دەبێ هەموو تەمەنی باسـی شـانازییەکانی و ئەو نیعمەتانەی بکرێ کە مەلەیان تێدا دەکا بەڵام نەوەی پێش ئێمە باسـیان دەکرد ئەگەر هەژار ڕۆژی یەک ژەم خۆراکی چەوری بە گۆشـت و بەزەوە ببوایە چەوری خواردنەکە بە لێویەوە دەمایەوە و ئێسـکەکانی بە ڕێکی لە لای ماڵەکەیەوە دادەنا. ئەوەش بووە هەژارێکی تر ئەو ئێسـکانەی بردبێ و لە لای ماڵەکەی خۆی داینابن، ڕێک وەک دەزگای ڕاگەیاندنی وڵاتە هەژارەکان کە دەنگوباس بۆ خۆهەڵنان دادەهێنن.

پەرەسترۆیکا بە ئاراستەی ڕەخنەگرتن لە کەموکورتی و ئاشکراکردنی خەوشەکاندا، ئەگەر بە هەموو ئەو ماوەیەی بپێوین کە بە سەر تەمەنی دەوڵەتی سۆڤیەتدا تێپەڕیوە، مەودای زۆری بڕیوە. ئارەزوویەکی سووتێنەرم لە لای هەموو ئەو خەڵکە ئاساییانە دی کە بەرهەمیانم لەو گۆڤارانەی ئێستای ئێوە خوێندۆتەوە کە دەیانەوێ تۆڵەی ئەو ساڵە بێدەنگییانە بکەنەوە کە دەنگیان کپ کرابوو و هەناسەیان بڕا بوو و واقعیان لێ شێوا بوو و دەیانەوێ هەموو ئەو ڕاستییانە ئاشکرا بن کە زیاتر لە شەست ساڵە لێیان پەنهان کراون و خۆبەخشانە باسی ئەو چەوتی و کەمییانە دەکەن کە خۆیان ئاگایان لێیانە و ئەوەش وا کار دەکاتە سەر دەروون کە بە ئازادی میللەتە پێشکەوتووەکانی دەوروبەریاندا بگەن کە سێبەریشیان لە وڵاتی خۆیاندا نەدیوە.

تا ئێستا، زۆر شتم باس کرد و نهێنی گەورەی ناو پێچەکانی شەست و پێنج ساڵی پێش پەرەسترۆیکام ئاشکرا کرد ئەگەرچی ژمارەیەکی کەمی هەندێ گۆڤارتان نەبێ نەمخوێندۆتەوە کە ژمارەیان لە دە پانزە گۆڤار و ڕۆژنامە زیاتر نییە. ئاشکراکردنی حیساب کارێکی ئەوپەڕی ڕاستە و وەک لابردنی قەباغی مەنجەڵێکە تەوژمی هەڵمی بەرز بووبێتەوە لەگەڵ ئەو جیاوازییە گەورەیەدا کە مەنجەڵ هەست ناکا و ئەوپەڕەکەی دەتەقێ و پارچە پارچە دەبێ بەڵام مرۆ بە کڕبوون و داپۆشین و خنکاندنی بەردەوام بەرەو بەدگۆڕانی مرۆیی دەگەڕێتەوە تا دەمرێ یا دەتەقێ..

ڕێی خۆلادان لە هەندێ شوێنەواری نەرێنی، لە کاتی لابردنی قەپاغی «کۆمەڵایەتی»دا نییە وەک ئەوەی لە هەندێ ناوچەی وڵاتی ئێوەدا، وەک کردنەوەی دەفتەری تۆڵەسەندنەوەی کۆن لە نێوان خەڵکیدا کرا و بەرپرسی یەکەم لەوەدا خاوەنی ئەو ڕێبازەیە کە لە ماوەی دەیان

ســـــاڵدا بوو بە هۆکاری گردبوونەوەی تووڕەیی لە ناخی خەڵکدا و خەمیــان دەجوو و بە زۆرەملێ غەدریــان دەکرد. لەو بــارودۆخەدا دەگوترێ کە ئەوانە بەشێکن لە سروشتی شتەکان بەڵام ڕاستییەکەی بەشـــێکن لە ســـروشـــتی دەروون چونکە شـــتی وەک کۆمپیوتەر و تێرمۆمەتر و سیسمۆگراف تووڕەبوون و تۆڵەسەندنەوە نازانن و ئەگەر خەڵکی قەرەباغ و سومغایت (سومگایت) لە ئاستی هۆشی ئامێر و هێزە ســـروشـــتییەکان بوایەن پێشـــوازییان لە نیعمەتی ئازادی دەکرد کە ئامانجی ڕاستی ژیانی کۆمەڵگە ئادەمیزادە کە بۆ سەلامەتی و دڵنیابوون لە بەردەوامێتی، ســـــووربوونی تێـدایە و بە پەلە و بە شـــــێوەیەک کێشـــەکانیان چارەســـەر دەکرد بەرژەوەندی بپارێزرایە و ئەو زمانانەی ڕقیان لە کرانەوەیە کڕ بوایەن تا بتەقن!

لە هەنـدێ شـــــوێنی کتێـب و گوتـارەکـانمـدا، کە دواهەمینیـان «لە پەرۆشەکانی ژیان»ـــــە کە ساڵی ١٩٨٨ بڵاو کراوەتەوە گوتوومە کە دیموکراتی زمانی شـــارســـتانەتییە و تەعبیر لە خۆی دەکا و لە کۆتایی لاپەڕە ١٥٦یدا هاتووە:

*«دیموکراسی لە خاکی جیهانی سێیەمدا ڕوەکێکی نابەڵەدە و ڕەگی دانەکوتاوە مەگەر بەقەدەر ئەو ڕەگەی کە گیا لە هەندێ سەربان، لێرە و لەوێ دایدەکوتێ و نە گەڵای دەبێ و نە بەر چونکە ئەو خاکەی دیموکراتی ڕەگی تێدا دادەکوتێ بۆ ئەو دەروون و بۆچوون و سروشت و تۆڕی کۆمەڵایەتی و پاشخانی مێژوویی هاوردە و ناتەبایە، ئەو وڵاتانەی ئەو خەسڵەتانەی تێدا نەبن بۆ ماوەیەکی کاتیش نابنە خانەخوێی دیموکراسی و ڕایناگرن».*

ئەو قسەیە لەگەڵ قسەی گشتی بەرفرەوانتردا هاتووە کاتێ هەوڵم داوە نەهامەتی دیموکراسی لە جیهانی سێیەمماندا بە ڕەهەندە مێژووییەکەی ڕوون بکەمەوە کە لە ئەزەلەوە تا پێش یەک سەدە و چەند سەدەیەکی دوای شۆڕشی فەرەنسی هەر نادیموکراسی بووە و جەختم لە سەر پێشرەوانی تێکۆشانی کردۆتەوە کە تەواو لە ڕۆحی دیموکراسی و ڕۆحی گەل و سەردەم نامۆ بووە و ئەمەش بە درێژی لەو کتێبە ناوبراوەدا هەیە. مادام نەبوونی دیموکراسیش شانبەشانی بوونی دەسەڵاتێک بوو کە بەردەوامبوونی بارودۆخەکەی پێ خۆش بوو بەو خەسڵەتانەشەوە کە لە سەردەمەکانەوە مابوونەوە، بەرپرسیارەتی دەکەوێتە سەر شانی خۆی کە خۆی گەلەکەی هێناوەتە گۆڕەپانی سەدەی بیستەمەوە و دەبێ لە کاتی پەیڕەوکردنی دیموکراسیدا، کە چەندین سەردەم لە گۆڕ نراوە، ئەوەی قەبووڵ بێ کە لادان و نارێکی ڕوو دەدەن.

ئەوەش ڕاست نییە و هەر کە پینەیەک لە بونیادی ڕایەڵەی دەسەڵات هەڵتەکا، بە داخستنی دیموکراسی خۆ بەدەست دەسەڵاتەوە بدرێ چونکە هەزاران هەزار پینەی سستەمی دیکتاتۆر هەڵدەتەکێ و خۆی بە چاکردنەوەیەوە ماندوو ناکا، لاپەڕەی دەسەڵاتی خۆی داناخا. بە زەرووڕەت، لێرەدا قسە ئاڕاستەی پەرەسترۆیکا دەکرێ لەوەدا کە لە سەریەتی داو بە دەم ئیرادەی خەڵکەوە بدا و بیانوو لە خۆی و ڕەفتاری نەگرێ کە لێی نازانێ چونکە بە دڵنیاییەوە لە داهاتوویەکی نزیکدا تیایدا لێهاتوو دەبێ چونکە ئەگەر بەرزکردنەوەی ڕۆحی تاک و ڕێزگرتنی جیهانە ناوخۆییەکەی و بەرزکرنەوەی ورەی، لە ئەرکە سەرەکییەکانی پەرەسترۆیکان و لە ناوەخنی ئەوانەشدا کردەی بەهێزبوون و پتەوبوون و ڕەگداکوتانی کیانی تاک و کۆ لە سنووری پەرەسترۆیکادا هەن ئەوەش بە زاڵبوون بە سەر سووکایەتی و چارەسەری ئەو شکستانەی کە ڕوو دەدەن، نەک بە ڕەتکردنەوەی

دیموکراســـی و داخســـتنی دەرگای کرانەوە چونکە ئەمانە خاوەنی مێژوویی خۆیــان هەیە کە بیرۆکرات و دەمــاغ بەبەردبووەکــان و پشـــووکورتەکانن، خەڵکیش بۆ کرانەوە ســـەرکردەی وایان نـاوێ ئەنجـامەکەیـان دووپـاتکردنەوەی داخراوەکـان بێ بۆ گەڕانەوە بۆ داخستنی پەنجەرە و بڕینی زمان و تێکشکانی هەڵبژاردن.

دوای ڕەتبوون بە ســەر هەندێ ســەرنجدا لە بارەی وردەســەرنجەکانی لاپەڕە ٢٨ و ٢٩ دەگەمە ناوەڕاســـتی لاپەڕە ٣٠ کە تیایدا دەڵێ: «لە هەر کەسەوە بە پێی توانا و بۆ هەر کەسە و بە پێی کارەکەی» ئەوەش یەکێکە لە دروشمە جوان و ئیشتیاکەرەوەکان کە ناوبانگی زۆر ئاسۆی بڕیوە و وا تەماشــا کراوە کە بەڵگەنەویســـتە و دەمەتەقێ هەڵناگرێ و «هەر کەســە و بە پێی پێویســت» یش بۆ ســەردەمی کۆمۆنیزم دوا دەخا.

من نازانم چۆن کاروبار لە دەوڵەتە ســۆســیالســتەکان، بە تایبەتی لە یەکێتی سـۆڤیەتدا جێگیر بوونە تا ئەو دروشــمە جێبەجێ بکرێ کە لە ڕاستیدا ڕوویەکی سیاسییە بۆ ڕازیکردنی خەڵک لەو سستەمەی کە بەرزی کردۆتەوە و مەحاڵە بزاندرێ مرۆڤێک توانای چەندە و چەندی لەو توانایە گل داوەتەوە و چەندی لێ ســەرف کردووە. ناشــزانین چی لەو توانایە بکەین کە کەسێ هەیەتی و بۆ کارێکی کە پێی سـپێردراوە ســـەرفی ناکا. بە دەگمەن نەبێ، ئەوەش نازانین کەســێک چەندی لە ئەرکەکەی ئەنجام داوە و ناشزانین بەهای ئەوەی ئەنجامی داوە چەندە.

لەو وڵاتانەدا کە ئەو دروشمەیان بەرز نەکردۆتەوە کێشەی گەورە لەو مەســـەلانەدا نییە چونکە بنەمای «عرض وطلب – بەردەســـت و خواســـتراو» Supply and demand وەڵامی زۆر پرســـیار دەداتەوە و ملیۆنان کەس کار بۆ خۆیان دەکەن و بەرهەمی کارەکەیان دەخەنە

بازاڕەوە و نرخەکەش لە سەر بیرۆکەیەکی پیرۆزی پێشینە ناوەستێ کە ڕەچاوکردنی ئەرک بێ...

چاودێری دارستان ئەرکی ئەوەیە لە سەر بورجێک دانیشێ و چاودێری دەستدرێژیکردن و ئاگر کەوتنەوە بکا و زۆربەی کاتەکانی بە بێ کارێکی ڕوون بەسەر دەبا و کارەکەشی ئەنجامێکی هاوسەنگ یا پێوراو یا شتێ نییە بخرێتە بازاڕەوە. ئەمە توانای چەندە و کارەکەی چەند و نرخی چەندە؟ ئەی چۆن جیاوازی لە نێوان دوو چاودێردا دەکرێ کە یەکێکیان گورجوگۆڵە و ئەوی تریان تەمبەڵە لە کاتێکدا هەردووکیان لە سەر کورسی چاودێریکردن پان بوونەتەوە و کێ چاودێری کارەکەیان دەکا...؟ ئەوانە هەموو پرسیاری بێوەڵامن!

مامۆستایەک وانە بە قوتابیان دەڵێ و ژمارەی مامۆستایان بۆ نموونە، لە ڕووسیا، بە دڵنیاییەوە چەند ملیۆنێکە، کۆمپیوتەری وا لە کوێ دێنیت تا ڕێژەی ئەو هەوڵەی داویەتی، بە پێی «تواناکەی» بژمێریت؟ ئەی نرخی هەموو تواناکانی چەندە تا ئەو بەشەی لێ دەربێنیت کە تەمبەڵی تێدا کردووە؟ پێوەری هەڵسەنگاندنی هەوڵی مامۆستایەکی تەواو بەتوانا و مامۆستایەکی کەمتواناتر چییە؟ ئەمانە پرسیاری ڕاستەقینەن لە سەر شتێک کە تەنها دروشمێکی سەرنجڕاکێشە.

یەک ملیۆن شوفێری تاکسی، هەندێکیان کاران و هەندێکیان تەمبەڵ و هەندێکیان دزن و هەندێکیان شەرەفمەندن.. هەر یەکەیان چی لە تواناکەی خۆی سەرف کردووە و چی بە گوێرەی کارەکەی ئەنجام داوە؟ ئەگەر بە درێژایی حەفتە و مانگ و ساڵ و هەموو تەمەن چاودێر بۆ هەر یەکێ لە شۆفێرەکان دابندرێ ناگەین بە سێبەری ئەو سێبەرە باسکراوانە لەوەی ئەو ئەفەندییە ئەنجامی داوە و قوڕ بە سەر ئەو چاودێرەی کە دەیەوێ ئاڕاستەی ڕۆیشتنی و کاتی گەیشتنی بە

پێی ویژدانپاکی ئەو شــــوفێرانە بزانێ کە لە پێوانەکاری تیۆرییـاندا مرۆڤایەتییان لە دەست داوە!!

کرێکـارێکی خەڵووز و یەکێکی ئەڵمـاس و یەکێکی زێڕ... زەڕنگەری پلاتین و یەکێکی زیو و یەکێکی تووج... ئاوریشـمچن و حەسـیردوور و گونیەدوور... بۆیاغچی پێڵاوی و خمچی و سـبووغچی خانوو!! ئەو بنەما ناوبراوانە چۆن بە بێ زۆرەملێ و هەڵسـەنگاندنی سـەرکێشـانە و دانانی جارێ ڕاست و جارێ هەڵە لە سەر ئەمانە دەسەپێ و بنەمای «عرض وطلب - بەردەست و خواستراو»یش بە کوشتنی ئازادی کار و ئازادی کڕین و فرۆشـتن و ئاڵوویر کوژرابێ؟ ئەی کرێی ئەو کرێکارە چییە کە خاک هەڵدەکەنێ و ئەڵماسێک دەدۆزێتەوە و ئەی هاوڕێکەی چۆن کە هیچ نادۆزێتەوە؟ ئەگەر ئەوەی دۆزیشـــیەوە هەموو ڕۆژەکەی تری بە تەمبەڵی بەڕێ کرد چۆن دەبێ؟

نیگارکێشێکی کاریکاتێرست و یەکێکی سوریالی و یەکێکی «تکعیبي - ســـێجـایی» کە زانیمـان چەنـد ســـەعـات کـاریـان کردووە چۆن بەرهەمەکانیان هەڵدەسەنگێنین؟ ئەگەر بە وردیی نەزانین هەر یەکە و چەند ســـەعات کاری کردووە، چۆن کرێکانیان دیاری بکەین؟ نرخی کاریکاتێرەکە و ســـوریالییەکە و «تکعیبي - سـێجایی»یەکە چەندە؟ ئەی ڕێژەی کرێی ئەو نیگارکێشانە لەگەڵ کرێی گسکدەرێکی شەقامدا چۆنە گەر زانیمان کارەکانیان بە بێ کەمتەرخەمی ئەنجام داوە؟

فڕۆکەوانێکی مێـگ و یەکێکی کۆپتەر و یەکێکی تری بـارهەڵگر؟ لە جەنگدا؟ لە ئاشـتیدا؟ شـەو؟ ڕۆژ؟ زسـتان؟ لە ڕاهێناندا؟ لە کاردا؟ ئەمانە چ ڕەنگدانەوەیەکیان لە ئاوێنەی «هەر کەسە و بە پێی... و هەر کەسە و بە گوێرەی...» دەبێ؟

بە کورتییەکەی، ئەو بنەمایە لە سەر کاغەز و لە خەیاڵی تیۆریسازاندا نەبێ جێبەجێ نابێ و دەشێ پشتگوێ بخرێ و پێویستیشە بە تەواوەتی پشتگوێ بخرێ و بە زەبتورەبتی گشتی بۆ دیاریکردنی کرێی بوارە جیاوازەکان ڕەفتار بکرێ:

١. مەترسییەکەی. ٢. قورسییەکەی. ٣. هونەرییەکەی... و شتی لەو بابەتانە ئەگەرچی بنەمای ڕووی خۆش بە کرێکاری ناهونەریش لەنگ دەکا. لە زۆر وڵاتی جیهاندا چارەسەری کێشەی کرێ بە دیاریکردنی زۆرترین و کەمترین کرێ بە پێی توانا و لێهاتوویی بنەماکانی هەڵکشان و مەرجەکانی لێهاتوویی، بە پشتبەستن بە شەهادە و شارەزایی کراوە و بۆ دوورخستنەوەی مەترسییەکانی خراپەکاری و تەمبەڵی یاساکانی سزادانیشی لەگەڵدایە و ڕاستییەکی گرنگ و باڵادەستی ئەو حیسابانە بۆ ڕێکخستنی کاروبارەکان دەمێنێتەوە ئەوەش دوو لقە:

- یەکەمیان ئەوەیە کاریگەری هەر سستەم یا ڕێکخستنێک بۆ بنەماکانی کار و بەڕێوەبردن و ئاراستەکردن، لە سەر ئاستی شارستانەتی ئەو مرۆوانە وەستاوە کە جێبەجێی دەکەن و ناشێ ڕەفتاری وەعزدەرانی خەڵک لە سنووری داد و ویژدان و بەرژەوەندی و ڕێزی یاسا و ئەرک و مافدا بێ.
- دووەمیان ئەوەیە گەشانەوە بە جوانی دروشم و ڕێکخستن و تەکنیک چارەکە سەموونێک بە دەست ناهێنێ ئەگەر گەشەی ئابووری نەبێ.

ڕەنگە ئەوەی دەبێتە هاوکار بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەستی ئەو دروشمە لە واقیعدا ئەوە بێ کە ئاین لە یەک ئەرک پتر دەخاتە ئەستۆی ئایندار و ئەو ئەرکەش نە خێری پێ دەگەیەنێ نە جلوبەرگی بۆ دابین دەکا نە جێی حەوانەوە و بە بێ دروشم و هاندانی کەس بەڕۆژوو دەبێ

و نوێژ دەکا و دەچێتە حەج، هۆکارەکەش ئەوەیە کە باوەڕی پێیان هەیە بەو حیسابەی فەرمانی خوای گەورەن بەڵام گەورەترین زامن بۆ جێبەجێکردنی ڕێنماییەکانی دنیا ئەوەیە ئەوانەی ئەنجامی دەدەن باوەڕ بکەن کە سوودی بۆیان دەبێ. گوتەی «سۆسیالیزم داهێنانی جەماوەرە» و «لە هەر کەسە و... بۆ هەر کەسە..» بەو حیسابەی جێی جێبەجێکردنیش بێ ئەوە ناگەیەنێ، ئەگەر بەرژەوەندییەکی دیاریکراوی تێدا نەبێ چ سوودێکی نابێ. کە دەشڵێن خەڵک دوای دەکەون، مەسەلە ئەوەیە کە هەڵبژاردنێکی تریان نییە.

لە ڕاستیدا، دەکرێ دروشمی بۆش بە دەرگای هەموو کارگە و مزگەوت و سینەمای بان لووتکەکان و ناو دۆڵەکانەوە هەڵبواسرێن بێ ئەوەی لە گەشەکردندا چ نرخێکی هەبێ بەڵام زۆر جار کاریگەری گەڕانەوەی بەرەو دواوەی دەبێ چونکە جگە لەوەی سوودمەندانی دەزگاکانی دەسەڵات بۆ بەرخۆری بەکاری دێنن واتایەکی تری بۆ بەکارهێنان نییە.

شتێکی تری ئەوپەڕی گرنگ هەیە کە ئەو دروشمە لێی خافڵە ئەوەش ئەوەیە کە پەرەسەندنی تەکنیک کەرەسەی بەرهەم دابین دەکا و کاریش دەیان جار توانای بەرهەم بەرز دەکاتەوە و ئەوەش دەچێتە ژیانی سەردەمەوە و جێی دەستی مرۆ دەگرێتەوە و تەنانەت کاری مەترسیدار لەو کارگانەی کە تیشکیان تێدایە «ڕۆبۆت» ئەنجامیان دەدا و ڕێی تێ دەچێ کارمەندێکی لێهاتوو، کلیلی کارگەیەک با بدا و بە تەنها، لە بری سەدان کرێکار، هەموو کارەکان ئەنجام بدا.

بە دووریشی نازانم ڕۆژێک بێ ئاستی زانست ئەوەندە بگۆڕێ ئەو دروشمە کە لە بنەڕەتدا بێ ناوەڕۆکە، لە بەین بچێ. زیادەڕۆیی ناکەم ئەگەر بڵێم دروشمی داس و چەکووشیش ناوەڕۆکی سۆزداری بۆ

نەمرکردنی کاری ســــەرەتایی، لەوە زیاتری تێدایە کە «دکتاتۆری پرۆلیتار» لەخۆی دەگرێ و هەرگیز لە هیچ وڵاتێکی ســۆســیالســتیدا بەدی نەهات. کاتێ خەڵاتی کەســــێکی کەم توانا لە تایبەتکارێکی، بۆ نموونە بواری پزیشــــک، زیـاتر دەکـا و دڵڕەقـانە ڕۆڵی زانـاکـان و ئەندازیاران و لێهاتووان بزر دەکا، لەو وڵاتانەدا کە بۆیان هەڵکەوتووە پێشــکەوتنی زانســتی و تەکنیک تیایاندا ڕوو بدا، لە ئاســتی بۆچوونە ئاستبەرزەکاندا پاشەکشە دەکا. لە «شۆڕشی فەرهەنگی» چین دیتمان گاڵتە بە هەر ئاستێکی عەقڵ و لۆژیک دەکرا.

داس و چەکووش دروشمێکە بۆ هەموو سەردەمەکانی دوای سەردەمی بەرد گونجاوە تا هەزار ســـاڵ یا زیاتر پێش ئێســـتا چونکە لە کۆنی و بێواتاییدا لە ئاســتی چوارچێوەی دەرگا و ســەربانی خانووی جزیرییە و دوای ئەوەی ســووک تەماشــای زانســت و تەکنیک و پیشــەســازی و شـــارســـتانەتی و خودی کرێکاری لێهاتوو دەکەن، ئەوپەڕی گرنگییان ڕێخۆشــکردنە بۆ دەســـەڵاتی بیرۆکراتی کە لە ئاســتی نەخوێندەواری خۆیەوە دەســت بە ســەر ئەو کۆمەڵگەیەدا بگرێ کە بیرۆکەی داس و چەکووش بە ســەریدا زاڵە و بە یەک لێدانی ئەو دروشــمە بە ســەر هەموو قەبارە و گرنگی و بۆچوونی کرێکاری دەستڕەنگین و ئەندازیار و وەرزشــــکاری کارگەکاندا زاڵ دەبێ و لایەنگری جەماوەری کرێکارانی وەک خۆی نەخوێندوو بۆ خۆی ڕادەکێشێ.

چەند بەراوردێکی قورســـە ڕۆڵی قەڵەم و دەفتەر و کەشـــتیی کەونی بســـڕێتەوە و دروشـــمی شـــتێ بەرز بکرێتەوە کە ڕەمزی ســـەردەمی نەخوێندەوارییە. با عاشـقانی دروشـمە ڕێکەوتەکان بەو هەڵەیەدا نەچن پێیان وابێ کەرامەتی چینی کارگەر بەو شتە خەیاڵییەوە وابەستەیە کە لە کۆنەپەرســـتیدا نقوم بووە جا دەســـتکەوتی کرێکار و ناکرێکار لە

سێبەریدا هەرچییەک بێ و دەستکەوتی کرێکاری سویدی و دانمارکی کە داس و چەکوش لە دروشـــمیاندا نییە لەگەڵ بارودۆخی کرێکاری بولگاری و ڕۆمانیدا، لە ڕووی خۆشییەکانی ژیانی ماددی و حیسابکردنی کەرامەت و ڕێزگرتنی بۆچوونەوە پێوانە ناکرێ.

جگە لەوەش، ناواقعییەتی دروشـــمە پیرۆزە ڕێکەوتەکان کاریگەری مەترسیداری لە سەر دواکەوتنی جۆری پیشەسازی و کەمایەتییەکەی هەیە و خوێندنەوەیەکی سەرپێیی بابەتی Simon Chilewich ی نووسەر کە لە ژێر ناوی *Business and Perestroika* دا نووســـیویەتی و لە ژمارەیەکی کانوونی دووەمی ١٩٨٩ی International affairs دا کە لە مۆسـکۆ دەرچووە بڵاو کراوەتەوە ناکارایی ئەو دروشـمانە لە سـێبەری بیرۆکراتی و هەســـتی خەســـارەت لای تاک ئاشـــکرا دەکا. لە ناو قسەکانیدا دەڵێ لەگەڵ وەزیری پیشەسازی کەرەسە وردەکانی ڕووسیدا پێک هاتووە ئاسانکاری بۆ کارگەیەکی خۆشەکردنی پێست بکرێ بەڵام ســـاڵێکی تەواو تێپەڕی و یەک هەنگاو نەنراوە، بەربەســـتیش لە ساردوسڕی وەزیرەوە نییە بەڵکو سروشتی کیسەڵڕەوی بیرۆکراتی و نەگەیشتن بە بڕیاری دەستەجەمعی بەربەستن.

گەلان بۆ ئەوەی بۆیـان دەرکەوێ ئەو دروشـــمە ڕێکەوتـانە چ چاوخەڵەتاندن و بێمەعنایيان تێدایە، بە تاقیکردنەوەی ئەوەندە تاڵدا تێدەپەڕن، بەشـــی ئەوە دەکا هەموو دنیا جارێکی تر بە هەمان هەڵەدا بچێتەوە و تاقیکردنەوەیەکی هاوشـــێوەش کە بە ئارەزووی خۆبەخۆوە وابەسـتە بێ تێپەڕێنێ... من ئەوە دەپرسـم ئاخۆ بیرۆکرات ڕازی دەبێ پرۆژەیەکی خۆی دوا بکەوێ وەک پرۆژە گشـــتییەکـان بە هۆی قیرســـیچمەیی خۆی و پابەندبوونی خۆیەوە بە مەرجی نەکردەوە دوا دەکەون و ئایە ڕازی دەبێ ئەو پارەیەی بۆ ئەنجامدانی پرۆژەیەک

تەرخان کراوە، لە ماوەی چاوەڕوانی بەدەستهێنانی ڕەزامەندی و ئەنجامدانیدا، هەر جارە و بەشێکی لێ بخورێ؟

لە بیرمە هاوڕێیەک لە وڵاتەکەمدا، پێش پتر لە بیست ساڵ، کە سەرمایەی خۆی بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی حکوومەت بەکار دەبرد هەندێ بەرپرسی حیزبی دەدواند، بە دڵسۆزی و ڕاستگۆیی تەواوەوە گوتی: بەڕێزان ئێوە ئەوەتان بەسە لە پرۆژەی گەورە کەرەسەی گرانبەهادا کار بکەن و با هاوردەکردنی شێلمان بۆ ئێوە بێ بەڵام با من بزمار و کلیپس و دەمبووس بێنم چونکە ئەو وردە پێویستییانە بە بیری ئێوەدا نایەن و خەڵکیش ڕۆژانە پێویستیان پێیان دەبێ. ئەوەش قسەیەکە لە هەموو کۆمەڵگایەکدا ڕاستە چونکە حکوومەت ناچێتە ناو خەتەئاوی لۆکە و ناو پاکەتە پسکیت و شیرەی بۆڕی ئاو و سەدان و سەدان بەرژەوەندی ورد و سووکەوە کە تاک لە هەڵسوکەوتی ڕۆژانەدا لەگەڵیاندا دەژێ. حکوومەتیش ئەگەر نەتوانێ ئەوانە بکا بە هیچ جۆرێکیش ناکرێ بچێتە نێوان خەڵک و ئارەزووە ڕەواکانیانەوە و خوێی سپیی و دۆشاوی سوور و دەرزی بە قەبارەی جیاوازەوە و بەشی خۆی مەرەکەب و قەیتانی پێڵاو... و ... لە هەر کاتێکدا پێویستی بێ و نەبوونی ئەوانە، هەزار بیانووی ململانێکردنی دادۆشین و بەرپاکردنی سۆسیالیزم داد نادەن.

ئەو ڕۆژەش کە هەستی خەڵک وەها لێڵ دەبێ بە لایانەوە بوون و نەبوونی پێویستییەکان لە بازاڕدا، بە کاوێژکردنی نەمانی پێداویستی بە درێژایی ڕۆژگار، وەک یەکیان لێ دێ و ئەوە گرنگ نامێنێ ئاخۆ لە بێتوانایی حکوومەت و سۆسیالیزمە سالارە سەپاوەکەوەیە یا کاری شەیتان و ڕۆحە شەڕانییەکانە و دروشمەکانیش، هەموو دروشمەکان، بە شەکاوەیی دەمێننەوە و ئەو بەشەی خۆیان لە پیرۆزی دەبێ کە

شایستەی نین و قسە لەم ڕووەوە درێژ دەبێتەوە بۆیە دەستبەرداری دەبم و دەچمە سەر هەندێ لەوانەی لە ناوەڕاستی لاپەڕە ٣٢دا هاتووە و دەڵێ:

*«بە پێی قسەی لینین، سۆسیالیزم و دیموکراسی لێک جیا ناکرێنەوە».*

دیموکراسی، بە واتا ڕاستییەکەی، شتێکی دیارە و بیانوو هەڵناگرێ و دوای بوونی بەڵگەی شارستانەتی لە واقعی کۆمەڵگەدا یا بە لای کەمەوە بوونی باوەڕی تەواو پێی، حوکمێکە لە باوەڕی هەمەجۆرەوە، واتە لە چەند حیزبێکەوە سەر دەردێنێ و هیچ حیزبێک یا ئایدۆلۆژیایەک ڕێی نابێ لە ڕێی بێدەنگکردنی لایەنەکانی ترەوە دەسەڵات بۆ خۆی بهێڵێتەوە.

ئەگەر ئاوها تەماشای بابەتەکە بکەین قسەکانی لینین ئازادی هەڵبژاردن تەنها بەو کەسانە دەدا کە باوەڕیان بە سۆسیالیزم هەیە و مافی هەڵبژاردن لە پراکتیکدا، بە پێی لۆژیکی لینین تەنگەبەر دەکرێتەوە و هەر بە دەوریی ئەو سۆسیالیزمەدا دەخولێتەوە کە خۆی دایمەزراندووە و تەنانەت خودی چینی کرێکارانیش ناتوانێ لەو بازنە دەربچێ کە لینین بە دەوریدا کێشاویەتی، ئەویش بازنەی دیکتاتۆری چینی کرێکارە.

ئەوەش ڕوونە کە دکتاتۆری لە لایەن ملیۆنان کەسەوە، تەنانەت سەدانیشەوە پەیڕەو ناکرێ و پێویستی وا دەخوازێ شێوازێکی وا بدۆزرێتەوە مافی دەسەڵات لە کارمەندانەوە بدرێ بەوانەی نوێنەرایەتییان لە بەڕێوەبردنی بەرژەوەندییەکاندا دەکەن و بەوەش لە واقعی جێبەجێکردندا، بۆ هەمیشە لە پەیڕەوکردنی ئایدۆلۆژیا دڵنیا دەبێ کە مافی کارگەران بۆ دکتاتۆرییەت لە دەست ناچێ.

ئەوە ڕاستییەکی بیندراوی هەستپێکراوی بەرچاوە و هەبوونی مسۆگەرە و پێشـــــتریش پەیڕەو کراوە زەقترینیان لە بواری باوەڕی ئاینیدایە کە کەسی سەر بە دینێکی دیاریکراو ئەو هەڵبژاردنەی نییە لێی دەرچێ و بچێتە دینێکی ترەوە یا بێدینییەوە، لەگەڵ ئەو سەرنجەدا کە دین خۆی لە خۆیدا بیانووی بوونی هەیە کە ئیرادەی خوای جیهانانە نەک ویستی کەسێک یا چەند کەسێک.

دەشزانین ئەم بنەمایە لە سەردەمی ستالین و دواتردا بە کوێ گەیشت و لە مێژوودا بە دەگمەن ماف لە خاوەنماف لە دابڕاوە وەک ئەوەی مافی هەڵبژاردن لە کرێکارانی دەوڵەتی سـۆڤیەت دابڕا و تەنانەت یاخیبوون لە دەســـــەڵاتی «ئەکلیریک»یش لە لایەن ئاینییەکانەوە لێرە و لەوێی کات و شـوێندا ڕوویانداوە بەڵام هەرگیز لە سـەردەمی ستالین و دوای ئەویشـــدا شـــتی وا لە لایەن کارگەران و غەیری کارگەرانەوە نەبووە. ئەمڕۆش پەرەســــــترۆیکـا لە بەرزاییەوە ئەو موژدەیە دێنێ و هیوای خەڵکی بووژایەوە و بە مەودادان بۆ دەربڕینی شـتگەلێ کە دەیان سـاڵ پەنگیان خواردۆتەوە هەناسەی حەوانەوەیان هەڵکێشا. ئەوەش ڕوونە بە قەدەر درێژایی بێبەشـبوونی خەڵکی لە ئازادی ئاخافتن، دڵخۆشـییان بە قسەکردن درێژەی دەبێ و تواناشی بۆ تۆڵەکردنەوە لە تاریکی ڕابوردوو زیاتر دەبێ.

بەڵام دڵەڕاوکێ منێــک پڕ دەکـا کە جگە لە بەردەوام ڕوانین لە وردەکـارییەکـانی ڕابردوو و ئێســــتـا و ڕێتێچوونی داهـاتوو کە لێیـان دەکەوێتەوە، هیچم لە هیچیـدا نییە و گومـانی حەتمییەتی تێپەڕبوونی «مانگی هەنگوینی» لەگەڵ بەســـــەرچوونی لەزەتی خۆبەتاڵکردنەوە و بەتاڵبوونی جانتـای گلەیی و ڕەخنە و تاوانبـارکردن پڕم دەکا، ئەوجا

چاویان دەکرێتەوە و ڕاستییەک بە سێ باسکەوە دەبینن کە دڵخۆشکەر نییە کە توند کۆمەڵگە دەگرن:

- یەکەمیان بەردەوامی دکتاتۆری پرۆلیتار و ناوەڕۆک و ئەنجامە د یارە کانیەتی کە دکتاتۆرییەت دەداتەوە بە چینی فەر مانڕەوا یان کە بە زەروورەت کاروباری خەڵکی ڕێک دەخا و ناکرێ هەموو گەل لە بارێکدا بن فەرمانڕەوایی بکەن.
- دووەمیان ئەوەیە کە حیزبی تاک ئەگەر کەس نەبێ ململانێی بکا ئەو ڕۆڵە دزێوە دەبینێ کە لە ڕابردوودا دیویەتی چونکە کۆمەڵێ مەلایەکەتی پاکژ نین تا ئارەزوو و حەزی خۆدەرخستن و خۆسەپاندنیان بە سەر خەڵکدا نەبێ.
- سێیەمیان ئەوەیە کە ئایۆلۆژیای تاک کە هەموو ئایدۆلۆژیایەکی تر، لە تەنگەبەرترینیانەوە تا بەربەرینترینیان بەربەست دەکا، ئەو خەڵکە لە نێوان بازنە داخراوەکانی خۆی و دروشمە مێژوویی و تازە داهێندراوەکانیدا دەخولێنێتەوە و لە ئەنجامیشدا بەو دەردە تیماری خەڵک دەکا کە دەیەوێ چارەسەری بکا. دروشمە تازە داهێندراوەکەش کە باسم کرد، لەوە زیاتر نابێ کە ببێ بە داهێنانی یەک یان چەند دارشتنێکی نوێ بۆ ناوەڕۆکی کۆنەوە چونکە سۆسیالیزمی لینینی مارکسی واتای ڕوونە و شتی شاراوەی تێدا نییە و بە درێژایی پتر لە ٦٥ ساڵ تاقیکراوەتەوە..

من مافی ئەوەم نییە داواتان لێ بکەم دەستبەرداری باوەڕی خۆتان بن بەڵام مافی ئەوەم هەیە ئەو شوێنەوارە دیارانە ڕوون بکەمەوە کە لەو بینایەوە پەیدا بووە کە لە سەر یەک دنگە وەستاوە و ئەوەش کە دەڵێن سۆسیالیزم و دیموکراسی لێکدانابڕێن بەڵگەنەویستە هەر ئەوە دەگەیەنێ کە دیموکراسی و دیموکراسی لێکدادەبڕێن مەگەر مەبەست

له سۆسیالیزم ئەو چارەسەرە بێ کە گەشەکردنی دیموکراسییەتێک دەیخوازێ لە سەر بەرنامەی هەمەجۆر هەڵچندرابێ و لینینیزم مارکسیزم بە هیچ شێوەیەک لە شێوەکان ئەوە ناگەیەنێ.

سستەمێک لە سەر دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتار بەند بێ و ڕێبازی سۆسیالیزمی سنووورداری هەبێ زۆر ناخایەنێ بریژنێڤێکی تازە دێنێ تا ڕایبگەیەنێ بەکرێدانی زەوی بۆ ماوەی دوورودرێژ کۆتایی پێ هاتووە و کاتی ئەوەشە دەزگای ڕاگەیاندن لە ڕەخنەگرتن بوەستن، مەگەر فێڵ لە دەقە نەمرەکان و داڕشتنە مۆمیاکراوەکان بکرێ و بە دەوریاندا بسووڕێنەوە یا لە واتا بەتاڵ بکرێنەوە و بە ناوەڕۆکی جیاواز پڕ بکرێنەوە و هەموو جارێکیش پاڵپشت ئەوەیە بڵێن لینین مەبەستی ئەمە بووە و مارکسیش شتێکی وای گوتووە و ناوەڕۆکی سۆسیالیزم وای پێویست کرد ئەوە ببێ.. جێگرەوەی بریژنێڤیش هەرگیز شتی وا ناکات...

کەس ڕێی ئەوەی نییە ڕێگری لە میللەتێک بکا چی پێ چاکە وا بکا و ڕێی هەیە بە دیکتاتۆری پرۆلیتار یا تاکە کەسێکەوە وابەستە بێ یا بۆ بڕیاردان بگەڕێتەوە بۆ تیروپشک، چونکە لەوەی هەیەتی مافی خۆیەتی و ئەگەر بە ویستی خۆی، خۆشی کۆت و زنجیر بکا و بە ئارەزووی خۆی دەستبەرداری ڕای خۆی بێ و بتێک بۆ پەرستن دروست بکا و دڵنیابوون بۆ پاراستنی کەرامەتی خۆی بە کەیفی خۆی بڕووخێنێ، مافی خۆیەتی مادام دەستدرێژی ناکاتە سەر ئیرادەی گەلێکی تر و دوای ئەوەش کەس مافی ئەوەی نییە حەسرەتی بۆ بکێشێ و پەنجەی خۆی بگەزێ و خۆی بۆ ئەوە خەمبار بکا کە خەڵکانێک دەستبەرداری مافی خۆیان بوونە و تەنانەت دەربازبوونیش لەو کۆتانەی بە سەر خۆیانیاندا داوە، پێویستە بە نەوەکانی داهاتوو هەڵگیرێن چ بڕیارێکی لە سەر

دەدەن. بەڵام پێش ئەوەی میللەتێک خۆبەخشـــــانە و خۆبەخۆ و بە ڕەزامەندییەوە سێ دیواری ئەستوور بە دەوری خۆیدا دروست بکا:

1. دکتاتۆری پرۆلیتار
2. سۆسیالیزم بە خەسڵەتی دیاریکراوەوە کە نابێ پشتگوێ بخرێ
3. دەسەڵاتی تاکحیزبی

ویژدان قەبووڵی ناکا بیانوو بۆ ئەوە بهێندرێتەوە بە سەریدا بسەپێندرێ: وەکیل بۆی نییە دەست بە سەر ڕەفتاری ئازادانەی ئەو کەسەدا بگرێ کە وەکیلێتی مەگەر ناتەواو بێ و سامانەکەی لە لایەن سەرپەرشتیار یا وەسێتبۆکراو یا بەهاکانەوە سەرپەرشتی بکرێ. بەڵام ئەگەر ئەو کەسە منداڵیش بێ لە ڕۆژێکدا پێدەگا کە یاســـــا دیاری دەکا بەڵام گەلێک پێنەگەیبێ، هەر بە پێنەگەیوی دەمێنێتەوە تـــا ڕۆژێکی وەکیلەکەی دەســـــت لە وەکالەتی هەڵدەگرێ یا وەســـــێتبۆکراو دوای تەمەنێکی دوورودرێژ دەســـت لە وەســـێتەکە بەردەدا و ئەمەش لە بابەتی خەونی خۆشە...

دەچمە سەر ئەم ناونیشانەی سەرەتای لاپەڕە ٣٧:

«سۆسیالیزمی زیاتر و دیموکراسی زیاتر».

زۆر وردەسەرنج لەم ناونیشانەوە هەڵدەستن و پێویستیان بە دەمەتەقێ هەیە:

1. پەرەسـترۆیکا پەیوەندییەکی توندتۆڵی بە سـۆسـیالیزمەوە هەیە وەک سستەم.

2. ئایە پەرەسترۆیکا ئەوە دەگەیەنێ کە دەستبەرداری سۆسیالیزم دەبین؟... هەنـدێ کەس ئەو هیوایەیـان هەیە و هەنـدێکی تریش ئەو گومانەیان هەیە.

3. خەڵکانێک لە ڕۆژاوادا هەن ســوورن لە ســەر ئەوەی پێمان بڵێن ســـۆســـیالیزم لە قەیرانێکی توندادایە و یەک ڕێگای دەربـازبوونمـان لە بەردەمـدایە، ئەوەش ئەوەیە شــێوازی بەڕێوەبردنی ئابووری ســـەرمایەداری هەڵبژێرین و بە لای سەرمایەداریدا لادەین.

4. پێمان دەڵێن پەرەسترۆیکا لە ناو سنووری سستەمی ئێمەدا بە ئەنجام ناگا و دەبێ ئەو سستەمە بگۆڕین... شۆڕشی ١٩١٧ش هەڵەیەک بوو وڵاتەکەمانی دابڕی... هتد.

دوای ئەو نموونـانە، جەنـابی ســـەرۆک گورباشـــۆڤ، دەفەرموون ڕوونـکـردنەوەیەکـی بـێ ئەمـلاوئەولا بـدەن کە ئـێـوە هەمـوو ڕاستکردنەوەیەک بە پێی هەڵبژاردنی سۆسیالیزم ئەنجام دەدەن و لە ناو سۆسیالیزمیشدا بە دووی وەڵامی هەموو پرسیارەکاندا دەگەڕێن... ئەوانەی بە ئاواتەوەن لە ڕێی ســـۆســـیالیزم دوور بکەونەوە بێئومێد دەبن... پەرەسترۆیکاش پشتی بە سۆسیالیزمی زیاتر و دیموکراسی زیاتر قایمە...

ئەو جیاوازییانە، یا ئەو هەمەجۆرییە لە بۆچوون و پێشـــبینیکردنەی خەڵکدا لە بارەی بنیاتنانەوەوە کە باسیان دەکەیت شتی ڕوون و واقعین و دەکرێ بۆچوونێکی تریش بخەینە ســـەر کۆی ئەو ڕایـانە کە ســـەرچاوەکەی بۆ ســـەرســـەختترین دوژمنی کرانەوە و بنیاتنانەوە دەگەڕێتەوە و نوێنەری توندڕەوی ئەوپەڕی ڕاستن تا ئەوپەڕی چەپ، بە واتایەکی وردتر توندڕەوە گەورەکانی یەکێتی ســـۆڤیەتی و توندڕەوە

چەپەکانی دەرەوەی یەکێتی سـوڤیەت، لەگەڵ توندڕەوە گەورەکانی جیهانی سـەرمایەداری، کە بەڵای هەڵوێسـت بەرانبەر کرانەوە و دیموکراسی یەکیان دەخا. ئەگەر بزووتنەوەی کرانەوە لە بەرەو ئامانجی خۆی بچێ، بیرۆکراسـی ڕووسـیا دادەتەپێ. چەپی توندڕەوی دەرەوەی ڕووسـیاش بە ڕۆح و بوون و چارەنووسـەوە بە سـتالینیزم و توندترین جۆری دەسـەڵاتی دیکتـاتۆرییەوە وابەسـتەیە چونکە وەک ئەو زندەوەرانەی کە سـیيان هەیە هەوای پاکژ هەڵنامژن بەڵکو بە گوێچکە مـاسـی نەفەس دەدەن.. بەڵام ئەوانەی لە دنیـای ڕۆژاوادا غەرقی دوژمنـایەتی یەکێتی سـوڤیەتن، چ ئـاواتێکیـان نییە وەک ئـاواتی گەڕانەوەی سـتـالینێکی تـازەیـان هەیە بۆ دەرگـای قەفەزی گەلانی سـوڤیەت چونکە بە لایانەوە ئەوە دوو ئەنجامی هەیە کە حەزیان لێ دەکەن:

- یەکەمیان ئەوەیە کە سۆڤیەت لە ڕووی زانست و تەکنیک و بەرهەمەوە، لە بواری کشـتوکاڵی و پیشـەسـازیدا، لە دواوە دەمێنێتەوە و بەوەش ڕووسیا لەوە دەکەوێ مەترسی ململانێی لە سەر ئابووری ڕۆژاوا هەبێ.
- دووەمیشـیان ئەوەیە گەڕانەوەی سـتالین مەودایان دەدا ڕای خۆیان بە ئاشـکرا دەربڕن کە پێویسـتە بە چەکی ئەتۆمی بەرەنگاری ڕووسـیا ببنەوە و پێشـی تەکنەلۆژیای لێ بگرن و بەرەنگـاری هەموو شـتێکی ببنەوە کە دەبێتە هۆکـار بۆ گەشەسەندنی و بەوەش دەرفەت لە پێشیاندا بەرین دەبێ بۆ پڕوپاگەندەکردن بۆ بیری خۆیان و سـەپاندنی ئارەزووەکانیان و پاراستنی ئەو بەرژەوەندییانەیان کە بە کرانەوە لە ڕووسیا و

نەمانی بەربەستی پێکەوەژیانی ئاشتیانەی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا، کە چ ئاڵۆزی تێدا نییە، ڕووبەڕووی هەڕەشە دەبنەوە.

بەڕێز، سەرۆک گورباشۆڤ! پێ دەچێ مێژووی حەفتا ساڵ شتێ کەمتر، کە پڕ بوو لە گومان و دڵەڕاوکێ و پێشبینیکردنی غەدر لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوادا، تۆوی گومان و بەدبینی لە قووڵایی دەروونـدا چانـدبێ و هەڵکەنینی زەحمەت بێ. ڕوانینێکی سەرپێیی ڕاستییەکانی هەردوو ئۆردوو ڕاستییەکی ترسناک ئاشکرا دەکا کە نابێ پشتگوێ بخرێ، ئەوەش ئەوەیە، گومانی ڕۆژهەڵات لەوەدا جیاوازە، دوای پەیدابوونی، سەرجەمی دەوڵەتی سۆڤیەتی و بۆچوون و هەڵسەنگاندنی دەگرێتەوە چونکە حکوومەتەکەی لە یەک کاتدا، نوێنەری خۆی و نوێنەری سەرجەمی گەلیشە و ڕای جیاواز لە ئارادا نییە تا ڕەوتێکی ڕەسمیی گوماناوی و ڕەوتێکی خەڵک یا بەرهەڵستکاری وا دروست بێ کە گومانی کەمتر بێ یا هەر نەیبێ. بەڵام لە ڕۆژاوادا ئەو یەکگرتن و تێکەڵییە لە نێوان حکوومەتەکان و گەلەکاندا نییە و بۆ ڕای سیاسی، بە لای کەمەوە سێ سەرچاوە هەن کە ئەمانەن: حکوومەت و حیزب و بەرهەڵستکار (هەمووشیان دامودەزگای ڕاگەیاندنیان هەیە) و دوای ئەوانەش ئەو خەڵکە دێن کە ناچنە ڕیزی حیزبەکانەوە. ئەم سێ دەستەیە (حکوومەت و حیزب و گەل) کەرەسەی هەمەجۆری ڕا دەربڕینیان، بە بێ شێواندن، لە بەر دەستدان و ناکرێ هەموو خەڵکەکە، حکوومەت و بەرهەڵستکار و گەل بە یەک قوڕی سیاسی دابندرێن بەو حیسابەی هەموویان باوەڕیان بە پاڵنەری تاک و خاوەنداریێتی هەیە و ئەگەر ئەوە بکرێ، ئاسانترە بەو حیسابە بە

یەک قورِ دابندرێن کە هەموویان باوەڕیان بە دیموکراسی و ئازادی ڕا دەربڕین تا هۆش دەیبڕێ هەیە.

دەکرێ ڕۆژهەڵات لەم گۆشـــەیەوە گومانی لە ڕۆژاوا زیاد بکا چونکە ڕۆژاوا باوەڕی بە دیموکراســـی هەیە نەک لەبەر ئەوەی باوەڕی بە پاڵنەری تاک هەیە چونکە ئەوەی لە ســەر ســۆســیالیزمی مارکســی مەترســـییە ئازادی ڕا دەربڕینە نەک پاڵنەری تاک چونکە دەکرێ لە سستەمی سۆسیالستیشدا کەشێکی وا بخولقێ پاڵنەر لە سنووری خۆیدا و لە دەرەوەشدا هەبێ و ئەوەشی بخەرە سەر کە حیزبە کۆمۆنستەکانی ڕۆژاوا بەشـــێک لە ســـەمفۆنیای «یەک هاندەر» لەگەڵ بۆرژواکاندا پێکناهێنن بەڵام بەشـــێک لە «یەک دیموکراســـی» لەگەڵ کۆی جەماوەری ڕۆژاوادا پێکدێنن.

شـــــاراوە نییە کە توندڕەوییەکەی لینین بەرانبەر ڕەنجخۆری بەو حیســـــابەی شـــەڕێکە و دەبێ لە کۆڵ بکرێتەوە، بۆ وردبوونەوە لە مەســەلەکانی و ســەرچاوەکانی لە کەشوهەوای کۆمەڵگەدا، لە ســەری هەرە گەورەوە تا بچووکترین پەنابردنی تاک بۆ هەوڵی تاکێکی تر لە بەرانبەر کرێدا، زیادەڕۆیی کرد، چونکە بۆرژوای بچووک و هەموو توێژێکی کە چالاکییەکانیان لە ســەر کرێ و بەکرێدان بەندە و هەموو باوەڕێک کە لە سۆسیالیزمدا نەگاتە دکتاتۆری پرۆلیتار، لە نووسینەکانی لینیندا تاوانکارە و جگە لەو بەلشــەڤییانەی کە لە شــۆڕشــی چینایەتی تەواودا دوای کەوتن، ئەوانەی لە شـــۆڕشـــی ١٩١٧دا لە وەلاتانی قەیســـەردا بەشـــدار بوون، هەموویان خائینن.. خائین و هەڵگەڕاوە و دوژمنی چینی کرێکارن. خۆ دەشـــزانین نووســـینەکانی لینین لە چاوی قوتابییەکانیەوە و ئەوانەی بە دوایدا هاتنە سـەر دەسـەڵات، جێی کتێبە ئاســـمانییەکانیان گرتبۆوە و تەنانەت ســـتالین خۆشـــی بۆچوونە

گردەبڕەکـانی لینینی بۆ لەنـاوبردنی نەیـارانی خۆی بەکـار دەهێنـا ئەگەرچی بە نیازێکی شــەیتانانەی شــەڕخوازانە و لادان لە مەبەســتی لینین بوو.

بۆچوونی خۆم ڕوون دەکەمەوە و دەڵێم وەک باوەڕهێنان بە تاکایەتی خوا، پێویســتی بەوە هەیە فرەخوایی تاوانبار بکرێ بە هەمان شــێوەش باوەڕهێنان بەو «بنەما» (هایپۆســتاس) یە کە داوای ئازادی بۆ هەموو چینەکان و خـاوەنداریێتی و بەکرێگرتنی کاری خەڵکی تر، لە بـاوەڕی ئەوانەدا نـاشـــرین و حەرام دەبن کە لە ڕێی نەهێشـــتنی چین و حەرامکردنی بەکرێدانی وزەی کارەوە بە لایەنی ناحکوومەتی. لێرەوەیە بونیادی کۆمەڵگە ڕۆژاواییەکان لە سەر ئەو حەرامانە، بەسە بۆ ئەوەی ببێتە بیانوو بۆ سۆسیالیزمی مارکسی تا حوکمی خۆی بە سەر بوونیدا بدا و تەنانەت ڕێشــی نییە جگە لەوەی هەوڵی ڕووخاندنی بدا و ئەگەر ناچـاریش بێ بوونی ئەو کۆمەڵگـایـانە قەبووڵ بکـا و لەگەڵیـانـدا بژێ، لەبەر ناچاری و بێتوانابیە.

بەڵام هەڵوێســـتی وڵاتە بۆرژواکـان تێکەڵ و جیـاوازە و کۆمۆنیزمی چالاکیشـــیان لەناودایە کە ڕووبەرێکی بەرینی لە کۆمەڵگەی ڕۆژاوا بەرکەوتووە و ســـۆســـیالســـتیشـــیان هەیە کە ڕێگای نێوان خۆی و مارکسـیزمی کورت کردۆتەوە و تەنانەت لینین خۆشـی دەبینین کە بە لای ئەو بۆچوونەدا دەچێتەوە کە پرۆلیتـاری ڕۆژاوا کـاریگەرییـان بۆ گۆڕانکاری هەیە ئەگەرچی نەیتوانیوە گۆڕانکاری چاوەڕوانکراو ئەنجام بدا و ڕووســـیای ســـۆڤیەتی وای حیســـاب کرد کە ئەوانە دۆســـتی سۆڤیەتن.

لەبەر ئەوە جگە لەوەی لەو باوەڕەدا بم کە گومانی ســـۆڤیەت بەرانبەر بە جیهانی دەرەوە لە سەر بنەمای باوەڕی ئایدۆلۆژی و سیاسی خۆیان

هەڵچنـدراوە، ڕێیەکی ترم نییە. لە تـاقیکردنەوەی تـایبەتی خۆمـانـدا دیتمان چەپی توندڕەو لە وڵاتی ئێمەدا چەند بە توندی هێرشـــیان دەبردە سەر باڵەکانی تری بزووتنەوەی نیشتیمانی و ئەوەش شێوەیەکی بچووککراوەی ڕاســتگۆی هەڵچوونی شــۆڕشــی چینایەتی بوو لە وڵاتی ئێوەدا و لە دژی ئەو باوەڕانەی کە لەگەڵیدا ناتەبا بوون. ئەمەش زیاتر و زیاتر بە لەناوبردنە ناوخۆییەکان ســاغ بووەوە کە ڕیزی ســەرکردە بەلشــەڤییەکانی ســەردەمی ســتالین و دوای ئەوی گرتەوە و ئەوەشــی لەگەڵـدا هـات کە بە تونـدی چنـگ لە ڕۆژاوای ئەوروپـا گیر کرا و گەیشتە ئەوەی بە هەموو ناشرینی و شەرمەزارییەکانیەوە، داگیرکردنی ســـەربازی لەگەڵدا بێ تا ئەو ڕۆژەی ئەوانە هەڵکەوتن کە بە دیدێکی نوێوە بۆ پەیوەندی نێودەوڵەتی ســۆڤیەت و وڵاتانی دۆســت و بێگانە و ئەوانەی نێوان خەتی هەردوو لایان دەڕوانی و دروشمی پەرەسترۆیکا و گلاسنۆستیان بەرز کردەوە.

بەڕێز ســـەرۆک گورباشــۆڤ، من وای دەبینم کە زۆرینەی خەڵک لە دەرەوەی وڵاتەکەتاندا، ئاواتیانە سیاسەتی پەرەسترۆیکا سەرکەوتوو بێ و بە پێی توانا پشـــتگیری لێ دەکەن و زۆربەی ئەو بۆچوونانەی کە دەیـانەوێ گۆڕانی ڕیشـــەیی لە بواری بەڕێوەبەرایەتی و ئـابووری و پەیوەندی ئابووری لە وڵاتەکەتاندا ئەنجام بدرێ لە گۆشـــەنیگای ڕا دەربڕینەوە کە باوەڕیان بە ڕاستییەکەی هەیە پێشکەشتانی دەکەن و هەیانە لە بەرژەوەندی تایبەتییەوە دەڕوانێ چونکە ئەگەر ئازادی تاک لە ڕووسیا بەرفرەوان بێ و پەیوەندی بە دەرەوە هەبێ و لەگەڵ تاک و کۆمپانیاکانی جیهانەوە بچێتە ناو ئاڵوویری بازرگانییەوە، ڕێکەوتننامەی بەرژەوەنـدی تـایبەتی زۆر لەوە ئـاســـانترە کە لەگەڵ حکوومەتێکی سۆسیالستی مارکسیدا، بە شێوەیەکی گشتی دەکرێ.

من لە ڕێی خوێندنەوەی ڕا و بۆچوونەوە ئارەزوویەکی گەرم لە خەڵکی وەڵاتەکەتاندا بۆ ئەو ئازادییە دەبینم کە خەڵکی ڕۆژاوا هەیانە، هەروەها بۆ سوودوەرگرتن لە بازرگانیکردن لەگەڵیاندا و خواستنەوەی نموونەی سەرکەوتوو لە بواری بەرهەمهێناندا و شێوازی بەرهەم و دابەشکردن و بەکاربردنی تەکنەلۆژیا و ڕیسواکردنی لووتبەرزی لە بەڕێوەبەرایەتی لای ئێوە و زاڵبوون بە سەر ڕۆتینی کوشندە و بیرۆکراتی خنکێنەردا.

دەکرێ بابەتی بەرهەمهێنانی سۆسیالیستانە بەلاوە بنێم و لە سەر «دیموکراسی زیاتر» بدوێم و لەگەڵ «سۆسیالیزمی زیاتر»دا بەراوردی بکەم و سۆسیالیزمی زیاتریش، بەڵگەنەویستانە گەڕانەوە دەگەیەنێ لەو هەنگاوانەی کە بۆ چاکترکردنەوەی کارە کۆنەکان لە بواری بەکرێدانی زەوی بۆ ماوەی دوور و درێژ و مەودادان بە تاک بۆ ئەنجامدانی کاری تایبەتی نراون، لە کاتێکدا چ هیوایەک لە سەرکەوتنی کاری بچووک و پیشەی هەمەجۆر ناکرێ ئەگەر لە سەر هەوڵی تاکەکەس وەستابێ، تەنها مەگەر بە شێوەی ڕیشەیی و بە یەکجاری لە بازنەی سۆسیالیزم بچێتە دەرەوە چونکە هەر بە سروشت لەگەڵ فرەبۆچوونی و بەڕێوەبەرایەتیدا یەک ناگرێتەوە و هەندێکیان تەنهاکەس یا کەسانی یەک خێزان بەرهەمیان دێنن و ئەگەر بخرێتە ژێر دەسەڵاتی سۆسیالیزمەوە وەک ئەوەی بڕیاری ئیعدامی بە سەردا درابێ و ئایە ئایدۆلۆژیا ئەوە دێنێ بەرژەوەندی لە پێناویدا بمرێ؟ ئایە ئایدۆلۆژیا هەر بۆ خزمەتی بەرژەوەندی نەهاتووە؟ ئەگەر نەیتوانی بەرژەوەندی دابین بکا خۆ لە ئیلهامی ئاسمانەوە نییە تا لە سنووری بەرژەوەندی و زەرەر دەرچێ!

تۆ بڵێی ئەگەر بۆ دەستنیشانکردنی خەسڵەتی ئەو کارانەی دەچنە سنووری سۆسیالیزمەوە و ئەوانەی دەچنە سنووری هەوڵی

تاکەکەسییەوە لە وڵاتی ئێوەدا ڕاپرسی گشتی بۆ ئارەزووی خەڵک بکرێ چ بقەومێ؟ یا شێوازی سۆسیالیزم لە بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی و بیر و باوەڕدا ئایەتی کتێبێکی ئاسمانی ترە؟ ئەم پرسیارە و پرسیار و بۆچوونی تریش بنەمایان سووربوونە لە سەر سەلامەتی بزووتنەوەی ڕاستکردنەوە و گەیشتنی بە کەناری ئارام و مەیلی زۆرینەی خەڵکی جیهانی لای ئێوە و جیهانی خەڵکانی تر بۆ بەکارهێنانی هەڵبژاردنی تایبەتی بۆ دەستنیشانکردنی شێوەی ژیان و خاوەندارێتی کەلوپەل و ڕەفتارکردن پێیان و شێوەی خۆڕاستاندن، لە ئاشکرا ئاشکراتر و لە بەڵگەنەویست بەڵگەنەویستترە و باوەڕ ناکەم گوتەی «دیموکراسی زیاتر» لەوە زیاتر بگەیەنێ کە خەڵک بتوانێ نەخشەی ژیانی خۆی بە کەیفی خۆی دیاری بکا نەک بە کەیفی حیزب و حکوومەت یا هەر لایەنێک ئەو خەسڵەتە هەڵدەگرێ کە بەرپرسی خەڵکە. بەڵام بەستنەوەی دیموکراسی بە سۆسیالیزمەوە، ئەوەش لە ڕێی گەڕانەوەوە بۆ شۆڕشێک کە حەفتا ساڵ لەمەپێش ڕووی داوە بەو حیسابەی خاوەنی ئەو چاکەیەیە لە واقیعی ئێستادا کارگەران دەیگوزەرێنن و پێی ڕازین، بە کۆمەڵێ شت بەرپەرچ دەدرێتەوە:

یەکێ لەوانە ئەوەیە شۆڕش بە بیانووی ئازادکردنی خەڵک بەرپا دەبێ تا لە کۆتیان دەرباز بکا نەک گۆڕینی کۆنەکە بە یەکێکی تازە، با لە زێڕیش بێ. یەکێکی تریان ئەوەیە کە بەرەکەت تەنها لە سەر شۆڕش یا سۆسیالیزم نەوەستاوە و زۆر نەتەوە هەن لەوپەڕی ئاسوودەییدان و تێر و ئازادن و یەک دڵۆپە خوێنیش نەڕژاوە و جگە لە ئازادی خواستەکان چ دروشمیش بەرز نەکراوەتەوە.

یەکێکی تریان ئەوەیە ئەو سۆسیالیزمەی لای ئێوە، کە لە شۆڕشەوە سەری هەڵدا نرخێکی زۆری لە خوێن و ئەشک و کەرامەت و بێهیوایی بە درێژایی ساڵانی تۆقاندن، بە پەژارە و کارەساتەوە پێ درا.

یەکێکی تریشیان ئەوەیە زۆر شوێنەواری نەرێنی بە ژیانی هاوڵاتی سۆڤیەتەوە دەبینرێن کە لە سەرەتاوە بە هۆی جێبەجێکردنی سۆسیالیزمەوە تووشیان بووە و هەتا ڕۆژی ئەمڕۆش هەستیان پێ دەکرێ و خەڵک لێیان بێزارە.

ئەگەر پێشکەوتن بە هۆی شۆڕشەوە بووبێ یا شتێکی تر، ئەو خەڵکە هەر ئازادن لە هەڵبژاردنی شێوەی ژیانی خۆیاندا بێ گوێدانە ئەوەی لەگەڵ یەکەم ڕێبازی پێشکەوتندا دەگونجێ یا ناگونجێ.

جگە لەوەش مەحاڵە بارودۆخ لە هیچ وڵاتێکدا بۆ هەمیشە وەکو خۆی بمێنێتەوە جا ڕووسیا بێ یا ڕۆدیسیا یا «دوورگەکانی مانگ» (کۆمۆرۆ Comoros) و «باشترین چاکەش ئەوەیە پەلەی لێ بکرێ»، وەک لە حەدیسی پیرۆزدا هاتووە، دەستتان بە پەرەسترۆیکا کردووە و بە هیچ جۆرێ لە بەرژەوەندیدا نییە سنووری پیرۆزی وای بە دەورەدا بکێشرێ کە دوایی نەکرێ نە بەزێندرێ. پێویست بەوەش ناکا ڕیسواکردنی سۆسیالیزم ڕابگەیەندرێ بەڵام چار نییە و دەبێ ڕابگەیەندرێ کە بە پێی پێویست دەستکاری تێدا دەکرێ و یەکەم پێویستیش لە لستەی پێشکەوتن داننانە بە خاوەندارێتی و بزوێنەری پەرەسەندن لەو کارانەدا هەر بە سروشت کاری تاکەکەسین.

ڕێگا بە خۆم دەدەم بڵێم بەستنەوەی دیموکراسی بە سۆسیالیزمەوە و پەیوەستکردنی ڕادەی یەکێکیان بەوی تریانەوە، لە ڕواڵەتدا خەونێکی جوانە و لە ڕووی نیەتی پشتیشیەوە بەرزە بەڵام بەدیهاتن و جێبەجێکردنی مەحاڵە چونکە وابەستەکردنی ئازادی بە هەر شتێکی تر

که له ڕێڕەوی خودی ئازادیدا نەبێ دەبێتە ڕێگری و لادانی له ڕێڕەوی خۆی.

من تەنانەت بە سەر ئەوەشدا گوزەر دەکەم کە لە بارەی وابەستکردنی ئازادییەوە بە ئازادییەوە گوتم ئەگەرچی ئەوەش دەگەیەنێ تا ئەوپەڕی ئازادی ڕێی بۆ خۆش بکرێ چونکە حوکمی واقیع و داوای بەرژەوەندی ڕاستەقینە وای بوێ ناوەڕۆکی ئازادی بە شێوەی سنووردار لە قاڵب بدرێ کە غەدر لەو خەڵکانە نەکرێ کە توانایان لە ململانێدا سنوورداره و ئەوەش ڕاستییەکە لە سنووری ئەو قسە مەشهووره تێدەپەڕێ کە دەڵێ ئازادی تۆ لەوێدا کۆتایی دێ کە ئازادی خەڵکی تر دەست پێ دەکا و ئەوەش لە شێوەی بەڵگەنەویست و ناوەڕۆکی ئازادییە و بە بێ ئەوەش لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا ئازادی نامێنێ، بەڵام مەبەستم لە شێوەی مەرجدار ئەوەیە ئازادی لە بواری کار و بەرهەم و ڕەفتار لە داهاتدا دیاری بکرێ، نەک لە بواری بیری ئازادی ڕەها.

ژیانی سەردەمانە لەو وڵاتانەدا کە ئازادی ئابووریيان هەیە پڕە لەو نموونانەی بە درێژایی ڕۆژگار کەڵەکە بوونە تا ئەوەی زۆر هاوردە و هەناردە و بەرهەمهێنان و خاوەندارێتی و زۆر کۆتوبەندی ڕەفتاری تاکە کەسی بواری جیاوازمان دیت بە پێی خواستی سەردەم قەدەغەکردنیان لە سەر هەڵگیرا. ئەگەر بارودۆخ لە گۆڕاندا بێ و مەرج بە سەر ئەو ئازادییانەدا بسەپێنێ کە لە چوارچێوەی سۆسیالیزمێکدا بن کە زۆرداری تێدا نەبێ، ئەو بارودۆخەیی وای کرد پەرەسترۆیکا لە یەکێتی سۆڤیەتدا بخولقێ بە دڵنیاییەوە ئەوەشی دەوێ ئەو کۆتانەش لابرێن کە پێشتر لە قاڵبی سۆسیالیزمی سەپاودا داڕێژراون چونکە شارستانەتی گەیشتۆتە ئەو جێیەی داوا لە خودی ئازادی بکا سنوور بۆ خۆی دابنێ

ئیتر چۆن قەبووڵ دەکا لە سـەرەتاوە بەربەسـتی وا لە پێشـی دابندرێ کە لادان قەبووڵ نەکا؟

لە ڕاسـتیدا کەرەسـەی بەربەسـتکردنی ئازادی لە مەزەبی ئابووریی ئازاددا جگە لە شـێوەیەکی ڕێکخسـتن و بەردەوامی چیتر نییە کە سـروشـتی ژیانی بەردەوام گۆڕاو پێی دەوێ بەڵام کۆت و بەندی سۆسیالیزمی مارکسی کە لە دەرەوەی پێویستییەکانی ئازادیەوە بە سەر ئازادیدا هەر لەو کاتەوە سەپاوە کە هێشتا کۆتەکان نەخراونەتە کار و سروشـتی ژیان و سـروشـتی ئابووری و تەنانەت سـروشـتی خودی دروشمە پیرۆزەکانیش ڕەتی دەکەنەوە.

بەڵام هێنانە بەر زەینی سۆسیالیزمی زیاتر ئەوە بگەیەنێ یا وا بخوازێ ئازادی زیاتر بکرێ، خەیاڵکردنێکە پێویسـتە لە سـەرەتاوە لە سـنووری پرۆژە گەورەکاندا بێ کە واتای هاوپشـکییان تێدایە و بە هیچ جۆرێ ناگوازرێتەوە دوکانی پینەدۆز و قاوەچی سـەر شـۆسـتەکان. بەتەنگەوە هاتنی مافی کرێکاری ئاسـایی لە ململانێدا بزر دەبێ و نابێ بە سـەر ئـارەزووی تـاک و کۆمەڵی وادا زاڵ بێ کە لە ڕووی لێهـاتوویی و پەرۆشـەوە بۆ بەرهەمهێنان و پێشـکەشـکردنی خزمەت زیادەیان بە سەریەوە هەیە چونکە ئەوەی وەک شێواندنی خەیاڵی بلیمەتە تا لە ناو هونەرمەندانـدا هاوشـان بێ: شـارسـتانەتی ڕاسـتەقینە دەتوانێ کاری گونجاو بۆ هەموو کەس بدۆزێتەوە و لە بنەڕەتیشـدا بەرپرسـە لە دابینکردنی ژیـان لە ڕێی دابینکردنی کۆمەڵایەتییەوە تەنـانەت بۆ پەککەوتە و پیر و بێکـار، ئیتر چییە وا خۆی لاواز دەکـا و بەرانبەر هەڵکەوتووی تەماحکار، کەموکورتی خۆی بە نەبوونی مەودا دادەپۆشێ؟ بە ناوی بەرهەمخۆرییەوە؟

نموونەیەک هەیە مەســـەلەی بەرهەمخۆری هێنایە پێشـــێ و ناتوانم وەلای بنێم: خەڵکـانێکی زۆر کە زۆرینەیـان خـانمـانن، پـارەی خزمەتکردنی ماڵان، گسکدان و شوشتن و چێشتلێنان پارەیەکی لەوە زۆرتر وەردەگرن کە هەر کرێکارێکی سۆسیالستی و ناسۆسیالستی وەریدەگرێ و دوای ئەنجامدانی کارەکەشـــیان لە ڕووی عیززەتی نەفســەوە هاوشـــانی هەر کەســێکی ترن و لە کۆتایی حیســابدا و بە بەکارهێنانی بنەمای تیۆری ســـاردوســـڕ لە لایەن خاوەنماڵەکانەوە بەکارهێندراو — کرێگرتەن — و لە لایەکی ترەوە ئەوان، لە ڕێی کرێی زیادەوە خاوەنماڵەکانیان بەکار هێناوە. بەڵام لۆژیکی ژیان دەڵێ هیچ جۆرە بەکـارهێنـان و بەرخۆرییەک لە ئـارادا نییە بەڵکو ڕازیبوونی دوولایەنەیە و ئەگەر ئەوانەی کارەکە ئەنجام دەدەن زیاتریشیان بوێ، بە بێ دەربڕینی ناڕەزایی وەریدەگرن. هەر بە چاوی خۆم، لە ١٤-٣-١٩٧٩دا کچێکم بینی ڕێڕەوەکانی زانکۆی شـــاری ماینزی ئەڵمانیای ڕۆژاوای دەماڵی، بە دڵنیاییەوە لە هەموو ئەو کچانە جوانتر بوو کە لەو جێیانە چاوم پێیان کەوتبوو کە لەو ســـەفەرەدا ســـەردانم کردبوون - ئەڵمانیا و پاریس و لەندەن - جلەکانیشـــی، دیســـان بە دڵنیاییەوە لە جلی ئەوانە پاکتر و ڕێکتر بوون و هەســـتی ئارامی و ڕەزامەندی بە سیمایەوە دیار بوو و مەکینەی پاککردنەوەی بە سووکی هەڵدەسووڕان و لەتە کاغەز و گەردی هەڵدەمژی و هەر بۆ خۆی کاریشـــی دەکرد نەک بۆ کەرتی سۆسیالستی یا کۆمەڵایەتی و بەوپەڕی باوەڕەوە دەڵێم ئەگەر کارەکەی بۆ شێوازی سۆسیالستی بگۆڕیبا، هەم کرێکەی کەمتر دەبوو هەم بەخۆنـازینی و جلەکـانیشـــی زبرتر دەبوون و گوڵی جوانییەکەی دەشـــێوا و ئامێرەکەی دەســـتی تێکدەچوو و زبڵیش لە ڕێڕەوەکاندا کۆمەڵ دەبوو.

بە ڕای من، سۆسیالیزم لە هەر سستەمێکدا پشتی بە «دکتاتۆرییەت» قـایم بێ، جـا جۆری هەرچۆنێ بێ و نـاوی هەرچییەک بێ، واتە دکتاتۆرییەتی زیاتر چونکە بەرفرەوانکردنی دیکتاتۆرییەت بۆ ڕامکردنی خەڵـک بەرفرەوانکردنی دەســـتکـاریکردنی تـایبەتمەنـدییەکـانیـان و لەقاڵبدانی بژێو و ئارەزوو و ئاواتیانە لەگەڵ قەدەغەکردنی دەربڕینی تووڕەییـانـدا.. ئەگەر وا دابنێین ئەو دیموکراســـییەی کە لە هەنـاوی سـۆسـیالیزم دەکەوێتەوە بە پێی بنەمای «زیاتر... و زیاتر» ویسـتی یا هەوڵی دا بە جۆری فرەحیزبی ئـارەزووی خۆی دەربڕێ، کـاردانەوەی دەســـەڵات چی دەبێ؟ بە دڵنیـاییەوە ئەوە نـابێ بە گوڵ و ڕێحـانە پێشوازی لێ بکرێ.

ڕواڵەتی شتەکان وا دەردەخا کە دیموکراسی زیاتر پێویستی بەوە هەیە دەســـتتێوەردانی حکوومەت لە ژیـانی خەڵـک کەم بکرێتەوە نەک سـۆسـیالیزمی بۆ زیاد بکرێ چونکە لە بنەڕەتدا، دیموکراسـی هەر بۆ ئەوە هاتووە دەسـەڵاتی حکوومەت کەم بکرێتەوە و بەردەمی خەڵک بۆ هەرچییەکی پێیان خۆشە یا پێیان ناخۆشە فرەوان بێ. ئەگەر وا دانێین دیکتـاتۆرییەتی پرۆلیتـار و حکوومەتی یەکحیزبی و ئـایـدۆلۆژیـای حەرامکردنی خاوەندارێتی، توانییان لە سێبەری پەرەسترۆیکادا دەست لەو خۆتێهەڵقورتانە زیادەی ژیانی خەڵـک و ئازادییـان هەڵگرێ و لە ئاستی هاوسەرگیری نێوان سۆسیالیزم و دیموکراسیدا بوەستێ، ئەوسا لە ماوەیەکی کەمدا لاپەڕەی سـۆسـیالیزم بە ڕەزامەندی و خواســتی خەڵـک دادەخرێ و ســـەردەمی کەمکردنەوەی بواری ڕەخنە دێتە پێشـەوە تا پاشـەکشـەی سۆسیالیزم داپۆشـرێ. دوای ئەوە سـەردەمی گەڕانەوە دێ بۆ ئەو ئازادییانەی کە لە سـەرەتای کرانەوەوە بڕیاری لە سـەر دراوە تا دەسـەڵات وای پیشـان بدا کە بە پێی پێویسـتییەکانی

سـەردەم، خەمخۆری پەرەسـەندن و فرەوانکردنی ئازادییە و ئیتر بەو شێوەیە...

کە باسی دیموکراسی دەکەین، نزیکترین شت لە بەڵگەنەویستەوە ئەوەیە خەڵک بەو جۆرەی دەیانەوێ، شێوازی ژیانی خۆیان دارێژن. ئابووری بۆرژوا و خاوەنداریێتی تاک، وەک نموونە، ئەو مافەیان نییە رێ لە سۆسیالیزمی تەواو یا ئەو کۆمۆنیزمە بگرن، کە بە پێی قسەی لینین، دەگاتە ونبوونی «دەسەڵات». چونکە ئەگەر بیانەوێ ئابووری ئازاد بگۆڕن و بیکەنە ئابووری ئاڕاستەکراو یا سنووردار یا کراوە، خۆیان خاوەن مەسەلەکەن بە مەرجێ هەڵبژاردنی ئارەزوومەندانە بێ. مەسەلەی دیموکراسی پەرەسترۆیکاش وایە و ئەگەر رێ بە خەڵک نەدا سستەمێ لابەرێ یا سستەمێک بە یەکێکی تر بگۆڕێ، نابێتە دیموکراسی ڕاستەقینە. پێم وابێ ئەوە زۆر هەوڵ و ماندووبوون و پەژارە لە دنیای ئابووری ئازاد یا دنیاکەی ئێوە گل دەداتەوە. ئەوەی پێویستبوونی قەبوولکردنی ئەو شێوە ئاشتیخوازاییە ئارەزوومەندانە پەرەسەندووە زیاد دەکا ئەوەیە هەر ڕەفتارێکی زۆردارانەی ڕۆژاوا یا ڕۆژهەڵات دەبێتە هاندەری زۆر ڕێکخراوی تیرۆر و ئایدۆلۆژیای توندوتیژ بۆ ئەوەی زیادی ڕاکێشن و سوور بن لە سەر گەمەکردن بە جیهان و ئاسایشی گەلان و زوو گوتراوە باوکەکان بەرسیلەیان خواردووە و منداڵەکان دانەچیرەیانە.

جگە لەوانەش، بانگەوازی ئازادکردنی ویستی گەلان شەڕی خاچهەڵگران نییە لە دژی ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا، واتای پیلانگێڕان لە دژی هیچ لایەنێک لەخۆ ناگرێ، مەگەر ئەو لایەنە خۆی، چۆن بیرۆکراتی سۆڤیەت بە پەرەسترۆیکا سەغڵەتە، ئاوها بە ئازادی سەغڵەت بێ. بە نەختێ چاوپۆشی کردن لە خۆ و لە خەڵک، بنیاتنانەوە

دەتوانێ بە بێ بەرهەڵســـــت بەرەوپێش بچێ ئەوەش بە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئازادی خول بە دوای خولدا بە ئاڕاســـتەی فرەوانکردنی دەســـەڵاتی خۆی تا حیزب و مەکتەبی ســـیاســـی خۆیان بە گەورەتر نەزانن. لەگەڵ ئەوەدا، ئازادکردنی دادگا دێ لە هەموو دەســـەڵاتێکی ڕەسمی و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوەش ئازادانە بەکار بێن و ئابڵۆقەی ئارەزووی دەسەڵاتی لە سەر نەبێ.

هەڵبژاردنی ئـازاد و دادگـای ئـازاد و ڕاگەیـانـدنی ئـازاد، جگە لەوەی ئەلفوبێی ئازادی گشـتین دەبنە بەربەسـتیش لە گەڕانەوەی زۆرداری و بەربەست و کردنەوەی دەرگاشە لە بەردەم چالاکی ئازادانەی ئابووری و بـاوەڕیش نـاکەم گەیشـــتن بەوە، جگە لە بەردەوامی لە ســـەر ڕاســـتکردنەوە ســـەرەتاییەکانی بوێ کە بەم دواییە ئەنجام دران تا وەرزێر ببێ بە خاوەنی پارچە زەوییەکی خۆی و با بنکە هاوکارییەکانیش بەردەوام بن مـادام دەتوانن بە ســـەرکەوتوویی بەردەوام بن تـا ئەو ڕۆژەی ئەو کارانە دەبنە هی تاک کە بۆ هاوبەشـــی نابن و ئەمەش ملیۆنـان و ملیۆنـان کەس بەرەو کاســـبی و پیشـــە و بەرژەوەنـدی ســـنوورداری هەمەجۆر ڕادەکێشـــێ و هەرگیزیش ناگەنە ئاســـتیماڵی ڕۆتشـــیلد و دەوڵەمەندانی وۆڵدســـتریت و پرۆژە گەورەکانیش هەر بۆ حکوومەت دەمێننەوە و بە پێی پێشهاتەکانیش مەودای پەرەسەندنیش بە کراوەیی دەهێڵێتەوە.

گەورەم، من شـــارەزاییم لە داڕشـــتنی ســـیاســـەتی ئابووریدا نییە تا بەرەنگاری پلانی ئابووریتان ببمەوە بەڵام بە حوکمی ئەو بڕگانە قســـە دەکەم کە لە کتێبەکەتـدا هـاتوون و ئەوەنـدە ڕوونن کە پێی نـاوێ خوێنەر بۆ تێگەیشـتنیان پەنا بۆ زانیاری و فەلسـەفە ببا و چرای زۆری تاقیکردنەوەی میللەتانیشـم بە دەورەوەن و بەرچاوم ڕوون دەکەنەوە تا

ئەو ڕێیانە بدۆزمەوە کە بەرەو هەبوون و ئاســـوودەییمان دەبەن. لەو بەڵگەنەویســـتانەشـــی بۆ زیاد دەکەم کە مرۆ لە ڕێی هەســـتەکانیەوە دەیانزانێ پێش ئەوەی بیری خۆی لێیان بخاتە کار وەک ئەوەی بڵێم چۆن جەســـتەی مرۆڤ بوونەوەرێکی زنـدووە و لە داوی تێکئـاڵاو و ئاڵۆسکاوی هاوکار پێک دێ و تەندروستی و سەلامەتییەکەی لە سەر هاونەغمەیی و هاوکارییان وەستاوە تا ئەوەی زندەوەر هەستیان پێ ناکا و لە بزاوتنە خۆبەخۆکـانـدا هەر دەڵێی شـــەپۆلی وزەن و لە هەموو هەوڵدانێک بۆ بەکارخســـتنیـان بێمنەتن. بـارودۆخی کۆمەڵگەش لە بەستنەوەی تەندروستی خۆی و بەشەکانیدا پەیوەندی بە وابەستەیی و هەماهەنگی هەموو جۆرە چالاکییەکانیەوە هەیە کە لە ژماردن نایەن تا بە تەواوەتی و تا ئەوپەڕی گەشـــەکردن خۆبەخۆ و بێ ململانێکردنی بەربەســـت و ڕێگر گەشـــە بکا و یەکەم مەرجی ئەم هەماهەنگییە بەرپابوونی دیموکراسی و پێویستییەکانیەتی وەک ئازادی هەڵبژاردن و داواکاری و بزاوتن و خۆڕاگەیاندن و شـــتی تر کە بە خەیاڵدا نایەن و کەرەسەی گەیشتنن بە ئامانج..

پێویســـتە هەموو ویســـتێکی خۆســـەپێن کە دەیەوێ یا دەتوانێ ئازادی ڕەفتار سنووردار بکا پەکی بخرێ بۆیە دەبێ تارمایی دەسەڵاتی حیزب و دەزگـا نهێنییە تۆقێنەرەکـان و بیرۆکراتییە خنکێنەری هەموو بەرژەوەندییەکان لە ناو بچێ. بە عادەت، ڕێی پەیوەندیکردن بۆ ناوەوە و دەرەوە کراوە بێ جا لە ڕێی ئاسانکاری سەفەرەوە بێ یا هاوردەکردنی کەرەســە و کەرەســەی خاوەوە بێ و جگە لە دەســەڵاتی دادگا و یاسـا دەسـەڵاتی هیچ لایەنی تری دەست نەخاتە کاروباری تاک و کۆمەڵ و ئارەزوو و بەرژەوەندی یاســـاییانەوە: پێویســـتە ڕێ لە هەوڵی چەپەڵ بگیرێ تا بە دەوری یاســـا و ســـســـتەمدا پێچ نەکەنەوە چونکە ژیانی کۆمەڵایەتی ســـەرکەوتوو چالاکی بەردەوام و هاوکاری و پشـــتگیرییە و

ئیرادەی تاکڕەوی تێدا نییە کە بتوانێ تێکدەر یا ڕێگر یا ترسهێنەر بێ. لە ڕاستیدا، دیموکراسی یەک ڕووی دراوێکە و ڕووکەی تری ئازادی ڕەفتارکردنە و لە ناو ئەوانەشدا لە بواری ئابووریدا و هەردوو ڕووە ناوبراوەکەش شارستانەتی پیشان دەدەن لەگەڵ پەراوێزەکانیاندا کە چالاکی زانستی و هونەری و کۆمەڵایەتی و... هەتا دواییە. ئەوە ئەو زەمینەیەیە کە پەیوەندییە مرۆییە بە بەرهەمە تەندروستەکان تیایدا گەشە دەکەن و هەر واتایەکی پێچەوانە کە لە پەنای ناونیشانی چاوخەڵەتێندا خۆی بشارێتەوە دارکردنە بە پێچکەکانی گالیسکەکەدا. لە بارێکدا نین باسی ئەو پێویستیانە بکەین کە بە هۆی بەرژەوەندی گشتییەوە هەندێ سنوور و بەربەست دادەنێن و پێشتر ئاماژەمان پێیان داوە.

لێکۆڵەرەوانی فیزیا و ئەو لقە هەمەجۆرانەی فیزیا کە پەیوەندییان بەو سروشتەوە هەیە کە ئیرادە و هەستی نییە، پێیان وابوو ماتریالێتییان یاسای گردەبڕی یەکلاکەرەوەی حەتمی و بێ ئەملاوئەولای لێ پەیدا دەبێ و ئێستاش لە ڕەفتاری گشتیماندا بەو ئاڕاستەیەدا دەڕۆین، دوایی – لە یەکێ لە تیۆرییە هەرە بەهێزە نوێیەکاندا – لە بارەی پێکهاتەی جەوهەری ماتریالەوە لە ڕێی ئەو ئامێرە جادووییانەوە کە چاودێرییان دەکا دەرکەوتووە وردەپێکهاتەکانی لە زۆر باردا بە ڕەهایی ڕەفتار دەکا و لە یەک کاتدا لە دوو شوێنی جیاوازدا دەبێ... بەو شێوەیە!

بەر لەوەی بەو ڕاستییە فیزیاییە سەرسوڕهێنەرە بزانین پێمان وابوو زندەوەر لە ماددەی بێگیان بە زەحمەتتر دەکەوێتە بەر یاساکانی سروشت و مرۆڤیش بە توانا هەمەجۆرەکانییەوە لە سەرووی هەمووشیانەوە تێگەیشتنی، بە سەر ژمارەیەکی بێ کۆتایی ڕەفتار و هەڵبژاردندا دابەش دەبێ و مەودای نێوان خیانەت و قوربانیدان، نێوان

خوانەناسـی و بتپەرسـتی، عیلمانییەتی ڕەها و خۆوەپەنادانی ڕەها، خراپەی ڕەها و چاکەی ڕەها دەگرێتەوە.. ئەوجا ڕاستییە سروشتییەکە هات و جەختی لە سەر ئەو سروشتە جیوەییە کردەوە، ئەوەش بەوەی خودی ماددەی مردووش چ ڕەفتارێکی حەتمی نازاندرێ. ئەگەر نەزانین یەک تاکە نەفەر چی دەوێ و چۆن بۆ حاڵی خۆی ڕەفتار دەکا، لە بارەی پاشەڕۆژیەوە ئەوەندەی تر کۆڵەوار دەبین و نازانین ئاخۆ لە سەر یەک بار دەمێنێ یا زوو دەگۆڕێ یا تا دەگۆڕێ زۆری پێ دەچێ! ئەوەش نازانین بە گۆڕانکاری ئامێرە دروستکراوەکان مەودای پەرەسەندن چەند دەبێ و تەنانەت ناشزانین سەد ساڵی تر چی بە سەر «شەترەنج»دا دێ و ئایە بەو واتایەی ئێستا کار هەیەتی، دوای پێنج سەد ساڵ کار دەبێ یان نا؟ ئەی کرێی ماندووبوون چۆن دەبێ و لە داهاتوویەکی دووردا، ماندووبوون چۆن دەبێ؟ ئەوانە نازانین و شتی تریش هەن کە نایانزانین و لە هەناوی پاشەڕۆژ و تۆژینەوەی زانستی و تەکنیکی هەزاران ساڵی داهاتوو دەکەونەوە. نایانزانین بەڵام پێویستە بە عەقڵ و هیوا و ڕەفتار، لەگەڵ ئەو پێشکەوتنەدا بڕۆین کە سنووری نییە. یەکەم ئەرکی پیرۆز و گرنگ لە ئەستۆی پێشڕەوانی بیر و کۆمەڵایەتیدایە بە لقە جیاوازەکانیەوە ئەوەش خێراکردنی بێبەربەستی ئەمڕۆیە کە ژیانی تێدا دەگوزەرێ ئەوەش بە هەڵگرتنی دوو ئەرکی گەورە:

یەکەمیان ڕاوەستانە بەرەو ڕووی دوژمنانی کرانەوە و لە هەموو ئاستێکدا و ئەمەش ئەرکێکی زۆر گرانە و بە وردبوونەوەی قووڵ نەبێ ڕاستییەکەی دەرناکەوێ و بۆ ئەوەش یەک نموونەش بەسە و ئەوی تر بۆ وردپێوی خوێنەر جێ دەهێڵم: هەزاران ساڵە بەربەستی گەورە لە سەرەڕێی مرۆڤدا هەن و هەتا ئێستاش بە توندوتیژی و شانازییەوە

دەژێ و وزە وەردەگرێ و لە زۆر بارودۆخدا کۆڵ بە شـــارســـتانەتی و زانست دەدا...

پێویستی دووەم ڕەهاکردنی تازە پێگەیشتووانە لە کۆتی بیری پێشتر و وادانانی بێ دەمەتەقێ و ئەوجا دەســتبەردان لە شــانازی ڕێزلێگیراوی کۆن و گۆڕینی بە بیرێک کە هێشـتا ڕێزی لێ ناگیرێ و ڕیسـواکردنی ســـەپاندنی بۆچوون بە ســـەر خەڵکدا لە لووتبەرزییە بێ یا گیانی ململانێی عەشـــرەتگەرایی و شـــتی لەو بابەتەی تێدا بێ و هەر دەبێ بـاوەڕی ڕەهـا هەبێ کە کۆی خەڵـک خـاوەنی مەســـەلەن و مـافی بڕیـاردانیـان بە پێی بەرژەوەنـدی خۆیـان هەیە، نەک نوێنەرە ڕەسمییەکانیان.

کێشـــەی ئازادی لەگەڵ ئەوانەدا نییە کە باوەڕیان بە ئازادی هەیە، لە چوارچێوەیەکی فرەوانـدا کە هەموو ڕووەکانی ژیان لە خۆ دەگرێ بە ئابووریشەوە، بەڵام کێشەی لەگەڵ ئەوانەدا هەیە کە تەنها باوەڕیان بە خۆیان و پێوەری خۆیان و دروشم و باوەڕی خۆیان هەیە.

کێشەکە لەوەدا نییە بەرەوڕووی سکەندەناڤی و سویسری و هۆڵەندی و گەلانی فەرەنســـا و ئەڵمانیا و بەریتانیا و ئەمەریکا دەبیتەوە چونکە ئەوانە لەو واقیعەدا کە لە دەســـەڵاتەوە دوورن چ دوژمنـایەتییـان لەگەڵتاندا نییە و ئەگەر هەشبێ لە نێوان دەسـەڵاتی پەیمانی ئەتڵەسی و دەسەڵاتی پەیمانی وارشۆدا هەیە و ئەوەش دوژمنایەتییەکە لە جۆری مێژوویی و لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتدا پەیدا بووە و لە نێوان دەوڵەتە سەرمایەدارەکانی جەنگی یەکەم و دووەمیشدا هەبوو و لە نێوان ڕووسیا و چینـدا هەبوو و لە نێوان ڤێتنـامی و کەمبۆدیـدا هەبوو و لە نێوان کۆمۆنستانی یەک نیشتیمانیشدا بووە کاتێ لە سەر دەسەڵات ململانێ کەوتۆتە نێوانیانەوە و لە داهاتووشـــــدا لە نێوان لایەنی تر و هی تردا

دەبێ جا سەرمایەدارەکان بێ یا کۆمۆنستەکان یا هەڵگرانی باوەڕی ئاینی کە باسەکەی مەودای تری هەیە، بەڵام دەشێ قسەی لە سەر تا ئەوپەڕی کورتکردنەوە کورت بکرێتەوە و بڵێین چارەسەری هەرە گەورە و گردەبڕ لە بەربڵاوبوونی دیموکراسیدایە لە بەربڵاوترین جۆری دیموکراسی کە هیچ پەڕاندن و قرتاندن و بەرتەسککرنەوەی تێدا نەبێ.

مەترسی هەرە گەورە لەوەدایە کە دەسەڵات لە دەستی حکوومەتدا چڕ بێتەوە چونکە بوونێکی یاسایی هەیە و بە پێی پێویست و بە ئازادییەک ڕەفتار دەکا سنووری لە حکوومەتێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازە بەڵام لە زۆربەیی وڵاتاندا ڕووبەری کارکردنیان دیارە و لە دیموکراسیترین وڵاتی جیهانیشدا، کەرەسەی باوەڕپێهێنانیان زۆر هەیە و گەلەکانیش جگە لە دیموکراسی ڕاستەقینە و ئەو ئازادی ڕەفتار و ئاخاوتنەیان نییە کە بۆ تێگەیاندن و ڕاگەیاندن و مافی مانگرتن و خۆپیشاندان و کۆبوونەوە و تەنانەت ڕووخاندنی حکوومەتیش پێویستە، وەک نیکسن ڕووخا و ڕێگان خەریک بوو بڕووخێ و پێش ئەوانیش ئایدن و دەسەڵاتی بچووکتر ڕووخان، پێوەرێکیان نییە دەسەڵاتداری خۆیانی پێ پێوانە بکەن. دیموکراسیش ناکرێ کامڵ بێ یا بە پێی پێویست بێ تا بتوانێ حکوومەت لە سنووری ئاشتیدا ڕاگرێ ئەگەر مافی ڕەهای لە ڕەفتاردا نەبێ چونکە هەموو بڕگەیەکی ئایدۆلۆژی کە بە سەر گەلدا سەپا بێ، زەوتکردنی کاریگەری بەشێکی زۆری دیموکراسییە.

لە سێیەم بەشی لاپەڕە ٣٨ی کتێبی پەرەسترۆکادا بڕگەیەک هاتووە و دەیگوازمەوە ئێرە بۆ ئەوەی مەبەست ڕوون بکاتەوە، دەڵێ:

*«لە بری ئەوەی لە سۆسیالیزم دوور بکەوینەوە. بەرەو سۆسیالیزمێکی باشتر دەڕۆین. ئەوە بە ئەمانەتەوە دەڵێین و هەوڵ نادەین گەلەکەمان و دنیا بخەڵەتێنین»*

کە ناتانەوێ دنیا بخەڵەتێنن، ئەوە چاکەیەکە و بە هۆیەوە سوپاس دەکرێن و لە سیاسەتدا بە دەگمەن شتی وا ڕوویداوە و لە هەموو مێژووشدا دەگمەن بووە. بەڵام کە گەلەکەتان ناخەڵەتێنن، قسەیەکە تەنها ئەو کاتە جێی قەبووڵکردنە ئەگەر بە شێوەی بەردەوامبوونی ڕستە و لەگەڵ باسکردنی «نەخەڵەتاندنی دنیا»دا بهاتبا دەنا، هاوڕێی مرۆڤایەتیم و جێی هیوا لە گۆڕینی سیاسەتی جیهاندا و ئەی ئەوەی سەهۆڵی سەر ڕووی دەریاچەی ژیان لە وڵاتی خۆتان و وڵاتانی وابەستە پێتانەوە دەشکێنی، ئەوە قسەیەکە لایەکی دەرگایەکی چوارلایی، کە بۆ تێپەڕبوونی گالیسکەی گەورە دەکرایەوە، دادەخەی جگە لە پاسکیلسوار و پیادەڕێی تێپەڕبوونی هیچی تری نامێنێ. قسەی تەواو و گونجاو لەگەڵ سروشتی بنیاتنانەوە و ڕێگری لە گەڕانەوەی خۆگرمۆڵە کردن ئەوەیە بڵێی: «مادام گەل دەیەوێ، ئێمەش لە سەر سۆسیالیزم سوورین» و ئەوەش لەم واقیعەی ئێستا و داهاتوودا، تەعبیر لە ڕۆحی دیموکراسی ڕاست و بەرژەوەندی نەتەوەیی دەکا. گەل ئەوەندە کەم نییە تا بخرێتە سەر هەڵبژاردن و پێی بگوترێ ئەمە ڕێگەتە و ڕێگەی ترت نییە و پێت خۆش بێ یا ناخۆش، پێیدا برۆ.. جگە لەوەش، نازانین گەلێک کە بە ئایدۆلۆژیای دیاریکراو حوکمدراو بێ، کەی پێدەگا؟ حەفتا ساڵ بەس نییە؟ ئەی کەی وەکالەتی لە سەر لادەبرێ؟

ئەو قسە گوازراوەیە ئاماژەیەکی ڕوونی بۆ ئەوە تێدایە کە ناتەباییەک لە نێوان سەرکردەکان و جەماوەرە ناحیزبییەکانی گەلدا لە بارەی هەندێ بابەتەوە هەیە، لەوانە، سنووری سۆسیالیزم و ئاستی دەسەڵاتی

دەوڵەتە بە ســـەر ئابووری و ئازادی ڕەفتارەوە. لە نێوان بۆچوونی ئەو نووســـەرانەی بەرهەمیـان لە چـاپەمەنییەکـانی ئەم ڕۆژگـارەدا بڵاو دەکرێتەوە و ئەو قسـانەی پەخشـکەری ئێزگەی مۆسـکۆ یا زۆرینەی ئەوانەی لە ســـەر مەســـەلە نێودەوڵەتییەکان لە گۆڤاری «مەســـەلە نێودەوڵەتییەکان» دەنووســـن و دواژمارەی کە لە شـــوباتی ١٩٨٩ دەرچووە، جیاوازییەکی ئاشکرام بەدی کرد. ئەوەش دیاردەیەکە هەموو ئەو هیوایانە نابووژێنێتەوە کە لە ســەر پەرەســترۆیکا هەڵچندراون. بە قەدەر ئەوەشی مافی قسەکردنم لە سەر مەسەلە هاوشێوەکان هەیە و پاڵنەریشم سووربوونمە لە سەر سەلامەتی ڕێڕەوی ڕاستکردنەوە بەرەو ئەوەی بڵێم هۆکاری ئەو جۆرە قســەیە ڕێگرییە لە بیرۆکراتی ناوخۆیی و لەوانەی ڕقیـان لە بنیـاتنـانەوەیە و هەوڵ دەدەن گومـان بچێنن و دڵڕاوکێ لە ســـەر ڕێی پەرەســـترۆیکـادا بڵاو بکەنەوە، ئەوەش بە تۆمەتبارکردنی، کە پشتی لە سۆسیالیزم کردووە و لە نەریتی شۆڕش هەڵگەڕاوەتەوە.

ئەگەر ئەوە ڕاستییەکە بێ مەترسی لە هیچ قسـەیەک ناکرێ و تەنانە وابەستەبوون بە سۆسیالیزمەوە ئەگەر گەل ڕێیەکەی هەڵبژێرێ کێشە نییە ئەگەرچی باوەڕکردن بە پێکهاتن لە سەر شتی وا، ئارەزووی گەل و بڕیاری گردەبڕی دەسـەڵات کە لە سـەرەوە هاتبێ، زۆر زەحمەتیشـە. هەموو بەڵێنێکی شـیرین لە بارەی پاشـەڕۆژی باشـترەوە کە لە لاپەڕە ٣٨ و ٣٩ی کتێبەکەدا هاتوون لە پلەی یەکەم و دووەم و دەیەمیشــدا بە بـاوەڕ و قەنـاعەتی خەڵکەوە بەنـدە و ئەوە دەکەن کە ئـامـانجی ئازادانەیان بەدی بێ و لەو هەڵبژاردنەشەوە بەدی دێ.

ڕاســـتە حکوومەتی چین توانی لە چەنـد ســـەعـاتێکی دیـاریکراودا بزووتنەوەی داواکاری ئازادانەی دیموکراتی تێکبشـــکێنێ و دوایی بە

دنیادا بڵاوی بکاتەوە کە مەسەلەیەکی خیانەتکارانەی هەڵگەڕانەوەی ناوخۆیی چارەسەر کردووە و ئیدی دنیا دوای ئەوە خێر و ئارام دەبێ بەڵام ڕێتێچوونی زیاد ئەوەیە کێشەکان بە شێوەی توندتر و هەڕەشە و بێدەنگکردن چارەسەر دەکا و پێمان وا نییە واقیع بە کەیفی خۆی مل بۆ ئارەزووی چاکسازی بدا ئەگەر ئەو ئارەزووە کەرەسەی سەرکەوتنی نەبێ کە یەکەمیان باوەڕی جەماوەرە بەوەی کە کارێکی باش بە ویست و ئارەزووی خۆی دەکا.

هەر بۆ ڕوونکردنەوە دەڵێم، من دەبیستم بەڕێوەبەرایەتی بەرهەمهێنان لە ژاپۆن شێوازێکی بۆ هەڵمژینی تووڕەیی کرێکار داهێناوە، یەکێ لەوانە دروستکردنی پەیکەری مرۆڤ بوو بەو شێوەیەی زانایانی دەروونناسی دایاندەنا تا کرێکاری بێزار بە مشت و لەقە لێی بدا و بارگاویبوونی شڵەژانی خۆی پێ بەتاڵ بکاتەوە.

ئەوانەی باوەڕیان بە چارەسەری بنەڕەتی هەیە وا باسی دەکەن کە ئەوە بەڵگە بێ بۆ ئەوەی کە ژاپۆنییەکان فێڵ لە هەستی کرێکاران دەکەن.. بەرپەرچی ئەو جۆرە خەڵکە نادەمەوە و واش دادەنێم کە ڕاست بکەن بەڵام ئەو شێوازە نەفرەتییەی ژاپۆنییەکان ملیۆنێ جار شەریفتر و بەرزترە لە کوشتنی دەستە دەستە کرێکاری بێزار. خۆزگە دەسەڵاتدارانی چینیش چەند سەد هەزارێ لەو پەیکەرانەی دروست دەکرد و بە شار و گوندەکاندا بڵاویان دەکردنەوە تا سەدان ملیۆن کەس داخی دڵی خۆیانیان پێ بڕێژن و تووڕەییان دەنیشتەوە، بەر لەوەی پەنا بۆ کەرەسە مرۆییە شۆڕشگێڕییەکان بەرن، وەک تانکی گەل و تۆپی گەل و بەندیخانەی گەل و حەرامکردنی جەماوەری بۆ ئارەزووی گەل لە هەڵبژاردنی دەسەڵات و حیزبدا!

له ناوەڕاستی لاپەڕە ٣٨ی کتێبەکەدا ئەمە هاتووە: «سۆسیالیزمی زیاتر واتە نیشـــتیمانپەروەری زیاتر و بە تەمای ئامانجی بەرز..» ئەوەش قسەیەکە لە ناو زۆر قسەی هاوشێوەی تردا هاتووە و هەمووی ڕووناکی و بەڵێنە وەک، سۆسیالیزمی زیاتر واتە:

- هەوڵی دینامیکی و ســـەرفکردنی وزەی داهێنان و یاســـا و سستەمی زیاتر.
- ژیانی ماددییانەی دەوڵەمەنتر و باشتر بۆ گەل.
- ڕۆشنبیری و مرۆڤایەتی زیاتر لە بەرهەمدا.
- پەیوەندی کۆمەڵایەتی و تاکەکەسی زیاتر لە نێوان خەڵکدا.
- کەرامەتی زیاتر و ڕێزلەخۆگرتنی زیاتری تاک.
- گرنگیدانی زیاتری مەدەنیانە بە کاروباری ناوخۆی وڵات و دەرەوە.
- زیاتر لە هەموو ئەمانە کە لە ناو سۆسیالیزمدا هەن.

لە ســەر ئەو شــتانە، بە هەموو مزگێنییەکانیان و مزگێنی تری زادەی بیر و باوەڕی ڕەها دەڵێم ئەوانە هەموو دیکۆرن بە دەوری ئەو دروشمە ســەرەکییەوە کە بە ســەر ســەری خەڵکەوە هەڵواســراوە و هەر چوار ئاڕاســتە بنەڕەتییەکان، ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا و باکوور و باشــووری تێدا یەکســان دەبن، هەروەها ئاڕاســتە لاوەکییەکانیش، باکووری ڕۆژاوا و باشووری ڕۆژهەڵات و... هتد.

تەمێکردن و ڕێنمایی باش و جوان هەن کە هەزاران ســاڵە بە زنجیرە هاتوون و هەندێکیان خێری هەمیشەییان تێدا هەیە بەڵام خۆیان وەک ڕەوشــت و ڕەفتار و ئەخلاق بە ســەر خەڵکدا ســەپاندووە وەک ئەوەی

یەکێ بێ لە زادەی واقیعی شـــێواو و واقعی مـامنـاوەنـدی و واقعی بەکەڵک. بە باوەڕێکی ڕەهاوە دەڵێم بنەمای بنەوەی ڕەوشـــتی ســـاغی کۆمەڵایەتی لە واتای قووڵی دوو وشەدا چڕ دەبێتەوە، ئەوانەش «ئەرک و ماف»ن و ناگەنە دوژمنایەتی و خۆلادان و لە پێگەیشتنی بەهای ئەو شـارسـتانەتییەدا بەرجەسـتە دەبن کە لە واقعێکی پاک و پێشـکەوتوو دەکەوێتەوە کە لە لایەن ویژدانی سـەرجەمی خەڵکەوە، چەوتی تێدا بە تەواوەتی ڕەت دەکرێتەوە و خەڵکی چەوتیش سـووک و ڕیسـوا دەبێ. وەهمی دەسەڵاتخوازی و خۆسەپاندن و یاساشکێنی و دەرفەتقۆستنەوە لە خەیاڵی خەڵک دوور دەکەونەوە تا وا دەبێ ڕێبواری نیوەشـــەو بە شـەقامی چۆڵدا بیر لەوە ناکاتەوە یاسـای هاتوچۆ ناشـکێنێ لە کاتێکدا کەسـێکی بەهێز لە زۆر وڵاتی ئەم جیهانەدا شـانازی بە یاسـاشـکێنی ئاشکراوە دەکا و ناپرنگێتەوە و زللەیەکیش لە بناگوێی پۆلیسی هاتوچۆ دەدا..

ڕەفتاری شـارسـتانانە تاکە زەمانەتە بۆ ڕەفتاری ڕاسـت تا بمانگەیەنێتە ئەو «زیـادە» چـڕکراوانەی لاپەڕە ٣٨ نەک فەلســـەفەکردن لە لێکدانەوەی توانای شـارسـتانەتی بۆ پێشـخسـتنی ڕەفتار، باسـی ئەوەش نییە ســـەرچاوەیەکی تر بۆ ڕەفتاری باش هەبێ کە لە شـــارســـتانەتی سەردەم دابڕابێ کە سەرچاوەی مەبەستە و هەشە.

بەوە لێ دەبمەوە بڵێم پێداویستی شارستانەتی و مەرجی بەردەوامبوونی و کاریگەری و بەخشـندەیی لە سـەر ڕەفتار و پەیوەندی ڕەفتار پێیەوە جگە لە سروشتە پەروەردەکارییەکەی خۆی وا لە تاک و کۆمەڵ دەکا بە پێداویستییەکانی شـارسـتانەتییەوە وابەسـتە بن تا «ئەرک» پێش «ماف» بخەنەوە و ئەوەشـــی لە پێوانەکە لابدا زەرەر بە خۆی و بە خەڵکی تر دەگەیەنێ. دەکرێ ئەوە بە بارودۆخی جەماعەتێک بچوێنین

کە لە پاسـێکدا سـەفەر دەکەن و هەر یەکەیان لە خەمی سـەلامەتی پاسـەکەدا دەبێ و کەس بیر لەوە ناکاتەوە تایەیەکی کون بکا و ڕەنگە کەسـێکی ڕەشـتپێسـت لە دەرەوەی پاسـەکە زەرەری پێ بگەیەنێ و ئەگەر خۆی لە نـاو پـاسـەکەدا بوایە ئەوەی نەدەکرد. کۆمپـانیـای دابەشکردنی شیر پێویستی بەوەیە کارمەندانی کارەبا کاری خۆیان بە باشی هەڵسوڕێنن تا ئەوانیش بتوانن بە ئاسانسۆر بۆ نهۆمە بەرزەکانی بیناکان سەربکەون و پێویستی بە سەرڕاستی پۆلیسی هاتوچۆ هەیە تا هاموشۆ ڕێک بخا و ئەویش لە کاتی خۆیدا بگاتە جێ...

بەو شـێوەیە هەموو کەسـێک پێویسـتی بە هەموو کەس هەیە بۆ ڕێکیوپێکی و ئەنجامـدانی ئەرک و دەکرێ بڵێین وابەسـتەبوون بە ڕەفتاری شـارسـتانەتییەوە پێویسـتی و عادەتە و لە ناخدا جێگیر بووە و باسـی لادەر و تاوانکار و ئەو بابەتانەش ناکەین. بە قەدەر دواکەوتنی کۆمەڵگە و دابڕانی بەرژەوەنـدی بەشـەکـانی لە یەکتر و نەبوونی پێداویسـتی ژیانی ئەم دەسـتە بەوی تر، هەسـتی یەکەمایەتی «ئەرک»یش لاواز دەبێ.

یەک ڕوانینی ورد بۆ بـارودۆخی گونـد بە درێژایی مێژوو و نەبوونی دەزگا و شـوێنی هاوبەش کە هەموو دانیشـتوان لێی سـوودمەند بن، دەبینین هەسـتی تاکخوازی و نەبوونی هەسـتی دەسـتەجەمعی بۆ ئەو هۆکارە دەگەڕێتەوە و بە پێوانەش لەگەڵ خەڵکی شـاردا دەبینی لە دێ حەزیان لەو شـوێنانەیە کە وا لە خەڵکی شـار دەکا بەشـدارییان تێدا بکەن و قوتابخانە و بازاڕ و بەرید و دادگا و نەخۆشـخانە و پۆلیسـخانە و زێراب و... و... هەموویان شـوێنی گشـتین و ئەگەر یەکێکیان پەکی بکەوێ زەرەر بە هەموو شـارەکە دەگا و یەک دەزگای ئاوها گشـتی لە گوندا نییە. لەوەتەی چاوی هۆشـم بەر لە پەنجا سـاڵ یا زیاتر

کراوەتەوە لە وڵاتەکەمدا شوێنی پێکگەیشتنی خەڵکی گوندم ژماردووە دیتوومە لەمانەدا چڕ بوونەتەوە:

1- شوێنی خواپەرستی،

2- شوێنخەرمان،

3- جۆگە لەو گوندانەی جۆگەیان هەیە،

4- گۆڕستان،

5- دیوەخانی کوێخا لە گوندە گەورەکاندا

و دوای ئەوە تا دوای دووەم جەنگی جیهانی بە چارەکە سەدەیەک هیچی تر نەبوو تا قوتابخانە و بنکەی تەندروستی و هەندێ خزمەتگوزاری کشتوکاڵی پەیدا بوون. بارودۆخی ژیانی گوند گیانی تاکەکەسی ڕەگداکوتاوی دەخولقاند تا ئەوەی بەرژەوەندی دراوسێیەک بە قوڕدا بچووبا کاری نەدەکردە سەر بەرژەوەندی دراوسێکەی و ڕەنگە نەهاتی کشتوکاڵی ئەو بۆ ئەمی تریان ببوایەتە هۆی پەیدابوونی کەسێک کاری بۆ بکا...

لەم بەڵگەنەویستانەوە دەڕوانمە مەسەلەی سۆسیالیزمی زیاتر واتە نیشتیمانپەروەریێتی زیاتر و هیوای بەرزی زیاتر. بەڵام من پێم وایە هەستی زیاتر بە خاوەنداریێتی نیشتیمانپەروەری زیاتر دەخاتەوە و زیاتر بە موڵکە تایبەتییەکەیەوە وابەستە دەبێ و لەگەڵ سەرجەمی خەڵکدا بە موڵکی گشتیشەوە وابەستە دابێ و ئەوەش لە پێوانەدا وەک ئەو باوکەی لێ دێ کە چاکەی ئەوەی بە سەر کوڕەکەیەوە هەیە کە هەست دەکا جگەریێتی و لە حاڵەتی باوکایەتی و خاوەنداریێتیدا بۆ نیشتیمانپەروەریێتی پاڵنەر بەهێزتر دەبێ و بەرگریکردنی لە نیشتیمان لەو کەسە زیاترە کە نە منداڵی هەبێ نە موڵکی تایبەتی. گۆشەنیگایەکی

تریشـــمان هەیە تا لێیەوە لە بابەتەکە بڕوانین ئەوەش ئەوەیە کە مرۆ نیشتیمانی خۆی لە نیشتیمانە دوورەکان خۆشتر دەوێ کەسیش لۆمەی ناکا. ئەی ئەگەر مولّکە تایبەتییەکەی خۆی خۆش بوێ یا منداڵی خۆی بە شێوەیەکی تایبەتی خۆش بوێ لۆمە دەکرێ؟

لە ڕاســـتیدا، بەهێزبوونی پەیوەندی مرۆ بە شـــتەوە لە تایبەتمەندی پەیوەندییەکەوە دێ. بۆ ئەوەی خۆشەویستی بۆ شتی خۆی یەکسان بێ لەگەڵ خۆشـەویسـتی شـتێکی خۆشـی ژیان لە وڵاتەکەیدا و هی خۆی نەبێ، دەبێ ڕێیەکی دوور و ناخۆش بەرەو شارستانەتی ببڕێ و لە بری بەهای «تایبەت» بەهای «گشـتی» خۆش بوێ و دەبێ دوای ئەوەش مەودایەکی زەحمەتی تر ببڕێ تـا تێکەڵی بەهـا جیهـانییەکـان بێ و وڵاتانی تریشـــی وەک وڵاتی خۆی خۆش بوێ. ئەوەش هەر بە خەون دەچێ و بە پێویســـتی نازانین چونکە کات بۆ ئەوە گەلێ زووە و ئەوە بەسـە هەموو خەڵک، بە بێ دەسـتدرێژیکردنە سـەر خەڵکی تر، لەوەدا یەکسان بن خۆشەویستی خۆیان ئاراستەی هەر شتێ بکەن کە دڵیان دەیەوێ و پێویسـت نەبێ بەپێی ڕەوشـتێ ڕەفتار بکەن کە هی ناخیان نییە و لە پێویستییەکانی دەوروبەریشیان نییە.

ئەگەر ئەو پێوەرە باوانە بشێوێنین کە هی سروشتی شتەکانن زوو بەو ئەنجـامە دەگەین، تیپە وەرزشـــییە نـایـابەکـان دەســـت لە هەوڵی بەدەســـتهێنانی یەکەمایەتی ئۆلۆمپیاد هەڵگرن تا ڕۆحە بەرزەکەیان خەڵکی لاوازی لە خۆیان پێ چاکتر بێ.. یا شــــاجوان لەوانە هەڵبژێرن کە کەمتر جوانن تـا دڵیـان ڕابگیرێ.. بەخشـــینی بەرزترین پلە بەو قوتـابیـانەی لە ڕووی زیرەکییەوە لە دواوەن تـا هـان بـدرێن، ئیتر بەو شـــێوەیە. ئەگەر دەســـت لە بە تاوانزانینی مولّکداری هەڵگرین و لە کۆمەڵگەی سـۆسـیالسـتیدا لە کۆمەڵگەی ئابووری ئازاددا ئازادیمان بۆ

تاک هێشـــتەوە، دەرفەت بۆ هەموو کەســـێ وەک یەکی لێ دێ و ڕاستییەکانی ئەم سەردەمە پشتی تاکی ناسۆسیالست دەگرێ بۆ ئەوەی لە هەلووکێندا براوە بێ وەک چۆن پشـــتی ئەو وەرزێرەی گرت کە لە ڕووســـیا خاوەنی بەشـــێکی موڵکی خۆیەتی تا ٦/١ی بەرهەمی لە هی کۆمکاری زیاتر بێ.

بەڵام تەمای نموونەی باڵا، ئەویش بەرهەمی شـــارســـتانەتییە و ســـۆســـیالیزم لە کەمبۆدیا و وڵاتە دواکەوتووەکانی تر نەیتوانی بە بێ توندوتیژی و خوێنڕێژی هیچ پێشکەش بکا. هەروەها ئابووری ئازادیش لە زۆربەی وڵاتانی جیهانی ســـێیەمدا بۆ بەتواناکان و ڕاپەڕێنەرانی کارەکان بووە تەڵەی ڕاوە سامان و پلەوپایە، لەگەڵ ئەو سەرنجەدا کە سۆسیالیزمەکەی پۆڵ پۆت تا هاتە سەر دەسەڵات، نرخێکی زۆر گرانی لە جەماوەر وەرگرت و قوربانییەکی زۆری لێ ویســتن، ئەوجا دەســتی کرد بە ئەنجامدانی تاوانەکانی خۆی و پتر لە یەک ملیۆن مرۆڤی کوشــت. لە کاتێکدا گەندەڵی لە جیهانی ســێیەمی ناســۆســیالســتیدا نەریتێکی بۆماوەیەی ڕابردووە و قوربانی بۆ نەدراوە و لە چاو تەکلیفی قوربانییە خوێناویەکانی سۆسیالیزمدا گەندەڵییەکی هەرزانە.

لە ڕاستیدا، گەورەترین دەستکەوتی مرۆڤ لە وڵاتە موفلیسەکاندا کە دروشمی قوربانیدانیان بەرز نەکردۆتەوە توانای کەسەکانە بۆ ئەوەی لە کونجی ماڵی خۆیدا گۆشـــەگیر بێ و مومارەســـەی تەمبەڵی و دواکەوتویی و هەژاری خۆی بێ نەک بە هاندانی ئەوانەی دروشـــمی بێئەنجامیان بەرز کردۆتەوە بەرەو مەترسی تەکان بدا و ئەوە دڵخۆشی نییە لە بری مردنی هەژارانەی بەر ســـێبەری دیوارێک یا دارێک مردنی ناو ئاگری شۆڕشی بێ ئەنجام هەڵبژێرێ و ئەوەش شانازی نییە دوای سەرکردەیەکی شۆڕشگێڕ بکەوی کە بە کەیفی خۆی بۆ کوێی

بوێ خەڵک بنێرێ و بە پێوانەش وەک ئەو ژیانەیە لە پەنای سەرۆک عەشرەتێکی بێعەقڵ بیگوزەرێنی کە داواکاری پووچ و بێبنەمای نەبێ.

لە نەبوونی شـــارســـتانەتیدا، دروشـــمەکان نرخی ئەو قوماش و مەرەکەبەیان نییە کە لێی سەرف دەکرێن و ئەوەی جێی سەرنجیشە، لە کوێ شارستانەتی ڕەگداکوتاو هەبێ دروشم کەم دەبێتەوە یا هەر نامێنێ و خەڵک بە بێ هاتوهاوار و عەنتەرییات ڕێی ژیانی خۆیان دەگرنە بەر و نووســینی ورووژێنەریش زۆری نامێنێ نەمێنێ و باســی ئامادەکاری و قوربانیدان و وەلانانی ئارەزوو و هەڵگرتنی ڕەوشـــتی مەلایەکەت نـاکرێ و هەموو ئەوانە لە کۆمەڵگەی پێشـــکەوتووی تێروتەسەلدا قسەی بێ بنەمان و کۆمەڵگە لێیان بێزارە.

دەمێنێتەوە ئەوەی لە بارەی نیشتیمانپەروەری و ئاواتی بەرزەوە شتێکی بنەڕەتی بڵێم کە نابێ پشـــتگوێ بخرێ، ئەوەش ئەمەیە: گەورەترین مەترسی کاروباری دنیا ئەوەیە حیسابەکانی لە سەر نیشتیمانپەروەری و گەورەیی و ئامادەیی بۆ قوربانیدان و شـــتی پیرۆزی لەو بابەتانە هەڵچنـدرێن، چونکە ئەگەر هەبن بە بێ مـانـدووبوونی کەس کـاری بەرزی خۆیان دەکەن و دەخرێنە سەر بەرهەمی وردەکاری و ڕێکوپێکی و بەڕێوەبردنی پێگەیشـــتوو و بەرەکەتدا، بەڵام ئەگەر نەبن، وەک بە عادەت لە زۆربەی کاری کرێدا لە جیهانی ســـێیەمدا نین، ئەگەر گریمانەی بوونیان بکرێ بەسە بۆ کوشتنی هەر پرۆژەیەک چەندیش گرنگ بێ و پلەی کەفالەت و دڵنیاییشی بۆ سەرخستن چەند بەرز بێ چونکە گریمانەی نیشتیمانپەروەری لە نەبوونیدا بۆ ڕووخاندن و ڕێگری و ســـووکایەتی و پەرشـــوبڵاوکردنی ئانقەســـت هەڵدەگەڕێتەوە و لە نەبوونی شـارسـتانەتی و هەسـتی بەرپرسـیارەتیدا هەوڵدان بۆ شـتێ هەڵدەگەڕێتەوە کە سـروشـتی ئەو کەسـەی کارەکە ئەنجام دەدا ڕەتی

دەکاتەوە و ئیتر قۆســــتنەوەی دەرفەت و خاوبوونەوە و تەمبەڵیکردنی ئانقەســــت و دزەکردنی هەڵە بۆ نەخشــــە دیاریکراوەکە دەبنە ئەو خەســــڵەتانەی کە چاودێری پرۆژەکە و کرێکار، بە ویژدانی مردووەوە قەبووڵێتی.

ئەو دیمەنەی کە لە وڵاتی ئێمەدا لە ســــەردەمی دوور و درێژی تا ئەمرۆدا چــاو نــایبــوێرێ ئەوەیە دوای بڵاوبوونەوەی بیـرۆکەی بەرهەمخۆری چینــایەتی، «ســـــەرفکردنی کەمترین توانــا» بووە دروشمێکی جێی شانازی تا ئەوەی کرێکار لە بری یەک نوێژی نیوەڕۆ چەندین نوێژ لەو کارانەدا بکا کە بێگانە ئەنجامی دەدەن و نازانن لە ئیسلامدا چەند نوێژ دەکرێ.

بە تاقیکردنەوەی خۆم لە ســــەر شــــتی وا ئەو کاتەی ســــاڵی ١٩٦٠ بەڕێوەبەری کارگەیەک بووم کە کەرپووچی هونەری بەرهەم دەهێنا، کرێکاری چاودێری شەو کە زۆپا و پێخەفی هەبوو و زیادەش دەخرایە سەر کرێکەی، دەرگای وشککەرەوەکانی دەکردەوە تا گەرمایەکی بۆ بێ کە پێویســـتی نەبوو و زەرەری بە کۆمپانیاکە دەگەیاند و ســـەد هەزار کەرپووچی هونەرکاری شەقی دەبرد - هەر هەزاری بە هەشت دیناری ئەو کاتە بوو - بۆ ســـبەینێ لە ســـەر کۆمەڵە فڕەدراوکان فڕە دەدرا و کرێکارەکەش گەرمتر بووەوە و چەند ســەعاتێکی شەو میزاجی لە جێ بوو ئەوەش بە وێرانکردنی کەرەسەیەک کە بایی هەشت سەد دینار بوو و بازاڕیش پێویســـــتی پێی بوو، هەروەها بزووتنەوەی بیناســـــازی وڵاتیش، هەموو بیانووی کرێکارەکەش ئەوەیە کە زەرەر لە بەرخۆران دەدا!

بەرپرســـی ســـامانی گشـــتی، لێی دەخوازرێ کەرەســـەی پارێزگاری و ســـەرکەوتن و دڵنیابوونی پێشــکەوتنی وای هەبن وەک ئەوەی بۆ ماڵی

تایبەتی خۆی دەیکا. باوەڕیش ناکەم کەس ئەو کەمە یا ئەو زۆرەی هەیەتی بەوە بخاتە مەترسییەوە خۆشباوەڕ بێ یا باشتر ڕەفتاری پێ دەکرێ. ڕەنگە ئەوە هۆکارێک بێ بۆ سەرکەوتنی پرۆژەی تاک بە پێوانە لەگەڵ سەرنەکەوتنی پرۆژەی گشتیدا کە کەمتر گرنگی بە لایەنی سەرکەوتن و پەرەسەندنی دەدرێ. نهێنی جیاوازی نێوان ئەو دوو حاڵەتە ئەوەیە زەرەری پرۆژەی گشتی دابەش دەبێ بە سەر کۆی خەڵکدا و نەبوونی گرنگیدان لە پرۆژەی گشتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە لە ڕوویی شارستانەتییەوە دواکەوتوو، لە هەموو شوێنێ ڕوونترە.

لە باسی پرۆژەی حکوومەتیدا شتێک هەیە چۆن ڕیخۆڵە کوێرە بە مرۆڤەوە نووساوە ئاوها پێیەوە نووساوە، ئەوەش ئەوەیە ئارەزووی کارنەکردن وەک لای تاک هەیە لای حکوومەت نییە چونکە حکوومەت لە سەریەتی پرۆژە بکاتەوە و خزمەتگوزاری پێشکەش بکا و بچێتە موعامەلەی چەندین جۆر و قەبارەوە. مادام سەرنەکەوتن لە پرۆژەدا بەردەوام دەبێ و بەرنامەکەی لە ڕووی بەرهەم و بەکارهێنان و خزمەتەوە لە دواوە دەبێ، کوشندەترین نەخۆشی لە ناخی ئابووری دەدا و خەڵک دەخاتە چنگی نەبوونییەوە بە تایبەتی لەو وڵاتانەدا کە بە سۆسیالیزم بەڕێوە دەچن چونکە هەوڵی تاکەکەسییان تێدا تا ئاستی خنکان بەرتەسکە و دەبێ ئەوپەڕی حیساب بۆ ئەو مەسەلەیە بکرێ. حیسابکردنیش بەوە نابێ لە ترسی شکست بە دیار دەستپێکردنی کارەوە دوودڵ بی و ئەگەر دەرفەتی سەرکەوتن و سەرنەکەوتن وەک هاوین و پایز بە دووی یەکدا بێن چاوەڕوانی چ سوودێکی هەیە ئەگەر ئەنجام هەر فەشەل بێ.

ئەوەی دەیبینم، ئەگەرچی لە ئابووریدا پسپۆر نیم (ئەگەرچی لەو ڕووەوە لە سەرۆکی حیزبێک کەمتر نیم کە لە شوێنی بەرپرسیارەتییەوە

سـەرپەرشـتی ئابووری دەکا) بەڵام لە سـنووری ئەو لۆژیکەوە کە لە کتێبی پەرەسترۆیکاوە بەدەستم هێناوە و بە بێ بەڵگە، جگە قسەکردنی دڵسۆزانە، یەقینی لە سەرکەوتنی سۆسیالیزمدا هەیە، دەڵێم ئەوەی من دەیبینم و پێش هەموو شـتێک پێویسـتە لوقمەی ژیان و پۆشـاک و شوێنی نیشتەجێبوون و ڕابواردن و شێوەی ژیان و پێکهێنانی خێزان، لە دروشـمی سـیاسـی و ئامانجی ئایدۆلۆژی و خەیاڵی فەلسـەفی جیا بکرێنەوە و داوا لە وەرزێر نەکرێ جووتێکی نیشـتمانپەروەرانە بکا و بە گیانی سـۆسـیالسـتانەوە ئالیک بە حەیوانەکانی بدا بە خەیاڵی پڕ لە چینایەتی و خەمی پرۆلیتارییەوە بچێ بۆ دانس و بە نیازی زیادکردنی ژمارەی کارگەران بووک مارە بکا و ڕادیۆش بکاتەوە گوێ لە ئاوازی ململانێی ئیمپریـالیزم بگرێ. ئەوانە وەک زیـادکردنی «خوێ»ن بۆ چێشـتێکی سـوێر. دەزانم ئەو کۆمەڵگایانەی لە بنەڕەتەوە لە سـەر ئایدۆلۆژیا هەڵچندراون زۆر کەلیشـەی زارەکی بۆش سـەرف دەکەن بەڵام دوو ڕاسـتی گرنگیش بەو واتایە دەزانم کە بۆ باسـکردن لە پێویست پێویستترن:

- یەکەم، دەبێ ئاوازی دڵداری لەگەڵ ئایدۆلۆژیا و دروشـمدا ڕۆژێ لە ڕۆژان کۆتـایی بێ و چەنـد زووتریش کۆتـایی بێ باشترە چونکە بەردەوامبوون لە سەری، دەروێشی و حاڵلێهاتن و بزربوونی ڕاسـتی ژیانە و کە خۆی جوان و چاک و بە بێ جاینەوەی ڕسـتە تێدەپەڕێ. گوتنەوەی دروشـم و دوعای ئایدۆلۆژی کات و بۆنەی خۆیان هەیە وەک هاوسەرگیری کە قەبووڵکردنی خوازبێنییە و هەلهەلەی گواسـتنەوەیە ئەوجـا یادکردنەوەی ساڵانە.

- دووەم، بەبیرهێنانەوەی خەڵک بە درێژایی تەمەن کە ئایدۆلۆژیا سوپاسگوزاری و پیرۆزی دەوێ، وایان لێ دەکا هێندەی مردن ڕقیان لێی بێ و ئەنجامیش ئەوە دەبێ هەر بۆنەیەک موخوڕی دروشم و ئایدۆلۆژیای تێدا داگیرسێ هەڕەشەی سەرنەکەوتنی دێتە سەر.

لە ڕواڵەتدا، حیسابکردن بۆ سەلامەتی پرۆژە لە بوارێکدا کە تیایدا پشت بە نیشتیمانپەروەری و ڕۆحی بەرز نەبەسترێ کە بە هیچ جۆرێ هیچ سوودێکی نییە، یەکەم جار ئەوە پێویستە کە باس کرا ئەوەش دەستهەڵگرتنی دەوڵەتە لە پیشە و کاری بچووک کە سروشتی تاکەکەسییان هەیە و هەر هەمووی بۆ تاکەکان لێگەڕێن لەگەڵ هاوکاری و پشتگیریدا بە پێی توانا و پێویست ئەوەش بە فەراهەمکردنی کەرەسە و کەشوهەوای کارکردن و... و... وەک ئەوانەی لە دەوڵەتە پێشکەوتووەکاندا هەن. دووەمیش پێویستە لە پرۆژە گەورەکانیشدا، لە ڕووی بەڕێوەبردن و هاندان و دابەشکردنی کارەوە چاو لە شێوەی کارکردنی ئەو دەوڵەتانە بکرێ کە تیایاندا ئابووری ئازادە.. تا کۆتایی لستەی مەرجەکان.

لە ناوەڕاستی لاپەڕە ٣٩ی کتێبەکەدا قسەیەک هەیە بە کەڵکی ئەم شوێنە دێ و لێکدانەوەی بۆ زەحمەتی و کێشەکانی ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکان تێدا هەیە و باسی کردوون تا گەیشتۆتە دواهۆکار گوایە گەڕاوەتەوە بۆ :

*«خۆگرێدانی بەردەوام بە بەڕێوەبردنی دەستەجەمعی کە لە بارودۆخێکی مێژوویی دیاریکراو، لە یەکەم ماوەی پەرەسەندنی سۆسیالیزمدا پێک هات»*

و لێرەدا، وردبوونەوە دوو حیکمەتی گەورە ئاشکرا دەکا:

حیکمەتی یەکەم ئەوەیە ئەگەر وابەســـتەبوون بە بەڕێوەبەرایەتی دەســـتەجەمعییەوە هەڵەیەک بووبێ و بە تێکشـــکان گەیشـــتبێ، وابەســتەبوون لە نەوەتەکاندا بە شـێوازێک لە «دوامۆدێل»ی دەوڵەتە پێشـــکەوتووەکان کەمتر پێش کەوتبێ، دیســـان دەبێتەوە هۆکاری شکست چونکە سروشتی سەردەم وا دەخوازێ پەیوەندی لەگەڵ هەموو جیهاندا، لە هاوردەکردن و هەناردەکردن گۆڕینەوەی شـــارەزایی و ســەردان هەبێ و جێی قەبووڵکردنیش نییە بە کەرەســەیەکەوە بچێتە مەیدان بە کەلیشـــەی قســـە و حوکمی کۆمەڵکراوی ئەرشـــیڤی شۆڕشگێڕی چەور کرابێ و هەموو ئەوەی لە لێهاتووی ئیداری مارکس و لینینەوە دادەدۆشــرێ لەگەڵ یەک نیگای ژیرانەی شــارەزایەک لە بواری تەکنیکی ئامێر و ئارەزووی دەروون یەکسان نابێ.

حیکمەتی دووەم ئەوەیە ئازایەتی ئەدەبی کە بۆ ئاشــکراکردنی هەڵەی خۆی دەفتەری ڕابردوو هەڵدەداتەوە، پێویســـتە دوو ئەوەندە دەفتەری ئێستای هەڵبداتەوە تا خۆی لە هەڵەی کوشندە بپارێزێ لە سەردەمێکدا ئەوەندە بە هەنگاوی خێرا دەڕوا ناوەســتێ تا گوێ لە هێنانەوەی بیانوو پشــتگوێخەر و هەڵەکەر و زیادەڕۆ ناکەوێ و هەڵە و ناڕێکیش هەر لە یەکەم هەنگاوەوە دیارن چونکە کەرەســـەکانی ســـەردەم نموونەی ســـەرکەوتووی هەموو جۆرە بەرهەمێک دەخاتە بەردەســـتی هەموو حکوومەت و دامودەزگاکان و تاکەکان ئیتر کەس بیانووی ئەوەی نییە بە هەڵە دەســت پێ بکا چونکە دەتوانێ بزانێ ڕاســت چییە و بیانووی ئەوەی مەزەب و باوەڕی و ســـەلامەتی ئایدۆلۆژیاکەی ڕێی ئەمە و ئەوەی لێ دەگرن چونکە ئـابووری پەیـداکردنی پـارووە نـانە نەک ڕێوڕەسـمی ئاینی کە ڕوکنە پیرۆزەکانی لە ئاسـمانەوە هاتبێتن.. کەنەدا هەناردەکەری دانەوێڵە بێ و ڕووســیا هاوردەی بکا، ڕەت دەکرێتەوە و بەرپەرچ دەدرێتەوە بە گوێرەی هەموو مەزەب و دینێــک قێزەونە،

ئەوجا ئەوە ژیری و لۆژیکە داوای تەکنیک لە دەوڵەتە پێشکەوتووەکان بکەیت و دوایی ڕێ نەدەیت شێوازی سەرکەوتووی ئەوان لە پرۆژەدا پەیڕەو بکەیت و هەردووکیانیش یەک مەعدەنن با مەعدەنی ڕەنجخۆری و جیاوازی چینایەتیش بێ و لە ڕواڵەتدا خێر و بەرەکەتی لێ دەتکێ.

کۆتایی ئەم بەشە لە لاپەڕە ٣٩دا و دوای ئەو برِگە هەڵبژاردراوە، ئەم عیبارەتە دێ:

*«سۆسیالیزم وەک سستەمێکی هونەری کۆمەڵایەتی و وەک ڕێبازێکی ژیان، توانای زۆری خۆپێشخستن و خۆ گواستنەوەی هەیە و پێویستە بە دوایدا بگەڕێین. توانای گەورەی بۆ ئەوەش هەیە کێشە سەرەکییەکانی پێشکەوتنی زانستی و تەکنەلۆژی و ئابووری و ڕۆشنبیری و فکری کۆمەڵگەی سەردەم چارەسەر بکا و تاکی کۆمەڵگەش پێش بخا».*

جەنابی سەرۆک گورباشۆف، بەوپەڕی ساکارییەوە، سووربوونتان لە سەر پارێزگاریکردن لە هەوڵی زەبەلاح کە لە جێبەجێکردنی شۆڕش و ساڵە زەحمەت و پشتشکێنەکانی دوای شۆڕش و سەردەمی ستالین، قوربانییەکی زۆری لەگەڵدا هات، سۆزی پێغەمبەرانەی بەرز بەرانبەر ئەوانەی پێش خۆت لە ئێوەدا دەبزوێنێ بۆیە ئەو خەسڵەتە حەماسبزوێنانەی بۆ دەخوازنەوە.

لە بەر ئەوەی من شتی وام لێ داوا ناکرێ بەڵکو خەمی خۆم بۆ ئاشکراکردنی ئەو مەترسییانە چڕ دەکەمەوە کە دەبێ پەرەسترۆیکا خۆی لێیان لابدا بەو هیوایەی ئەرکی چاوەڕوانکراوی خۆی بە باشترین

شـێوە بەجێ بگەیەنێ، من بۆچوونێکم لە سـەر ئەو بڕگانەی دەقەکەی سـەرەوە هەیە کە لە تاقیکردنەوە و لۆژێکی ئەو واقیعەیە کە بە قووڵی و فرەوانی تێیدا ژیاوم.

ئەوەی یەکەم جار دەیڵێم ئەوەیە هەر سستەمێکی دەسەڵاتی و ژیان بە «کۆمەڵایەتی و هونەری» باس دەکرێ و زۆر لەوە دوور دەکەوێتەوە لەگەڵ مەیلی خۆڕسـکی هاوڵاتی ئاسـاییدا کە خەریکی ژیانی خۆیەتی ڕێک بێتەوە، چونکە ڕێکخسـتنی هونەری لە تۆڕێکی چڕ و بەردەوامی فەرمان و ڕاگرتن بەند و ڕێوڕەسم لەقاڵبدان پێک دێ و لە سـەربازی و وەرزش و نواندنی سـینەمایی و شـانۆ و میهرەجانی بۆنەکان و ڕێوڕەسـمی ڕیژیم و کونجی عیبادەت و هۆڵی خوێندن و شـتی لەو بابەتانەدا دەیبینین.. سـەرباز لە بنکەکەی خۆیـدا بەیانی زوو بە ڕێکوپێکی هەڵدەستێ و بە ڕێکوپێکی جلەکانی دەپۆشێ و بە ڕێکوپێکی نان دەخوا و بە ڕێکوپێکی ڕێ دەکا، بەڵام لە ماڵەکەی خۆیدا پێی خۆشە لە سەر نوێنەکەی پاڵ بکەوێ بە دەمی کراوەوە باوێشک بدا و تا چێشـتەنگاو پاڵ بکەوێ و بە کەیفی خۆی نان بخوا و بە کەیفی خۆی، خاوەخاو یا گورجوگۆڵی ڕێ بکا.

من لەو باوەڕەدام ئەگەر گەلی چین لە سـەر هیچ نا، تەنها لە سـەر جلوبەرگی سـەپاو بە سـەر ژن و پیاودا لە حکوومەتەکەی ڕاپەڕێ هۆکارێکی بەجێیە. بە چاوی خۆم خانمێکی چینیم بە بەرگی ڕەسمییەوە، کە لە زبریدا لە پیاویش زیادە، دیت، دوایی کە جلی خاو و تەنکی ڕەنگاوڕەنگی ئافرەتی کوردی لەبەر کرد کە لە بۆنەیەکدا پێمان بەخشی، چی بە سەردا هات. کە ئەو جلە سووکە وەک پەڕی نعامەیە و گونجاو لەگەڵ مێیاتیدا لەبەر کرد، خەریک بوو خۆی نەناسێتەوە کە جلی زبری قەبووڵ بووە...

ئەگەر هەڵبژاردنی جلوبەرگ لە گەل قەدەغە بێ چ هەڵبژاردنێـک پەیوەندی بە جەوهەری مرۆڤایەتییەوە دەمێنێتەوە؟ دەبێ ئەوەش بڵێین جیـاوازییەکی زۆر هەیە ئەگەر مرۆ خۆی بۆ مـاوەیەک ژیـانێکی بە زەبتورەبت هەڵبژێرێ و دەستدرێژی نەکاتە سەر کەس، یا بە فەرمانی سـەرەوە ئەو ژیانەی بە سـەردا بسـەپێندرێ. هەر یەکە لە ئێمە بەندی زۆری ئەرک و کۆمەڵایەتی و خواســـتی ژیان و خواســـتی بارودۆخی پێشـــهاتوو لە ژیـانمـانـدا هەیە و بێزارمـان دەکەن و لایەکی گرنگی هەســـتمان هەڵدەمژن، جا با ئەوەی دەمێنێتەوە و لەو کۆتانە زیادە بۆ ئارەزووی ئازادانەی دەرەوەی چوارچێوە هونەرییەکان بێ.

لە ســەر ئەوەش کە سـۆسـیالیزم توانای زۆری بۆ پەرەبەخۆدان هەیە، دەتوانین بڵێین ئەوە بۆ ئەو بەرنـامـانە دەمێنێتەوە کە پەرەســـترۆیکـا دەیخـاتە ڕوو. چونکە ســـۆســـیـالیزم لە مـاوەی ڕابردوودا نەیتوانی ســـاکارترین ئازادی تاکەکەســـی، کە یەکێکیان ســـەفەر و گەڕانی بێ چاودێری دەسەڵاتە، بە خەڵک بدا و واز لە مافی دیموکراسی و سیاسی دێنین کە لە حیزبییەکانیش قەدەغە بوو ئەوەندە نەبێ کە دەســـت بە سەر جەماوەردا بگیرێ.

توانای سـۆسـیالیزم لە پەرەبەخۆداندا هەرچەنێ بێ ناگاتە ئەو ئاسـتەی سـستەمە دیموکراتەکان پێی گەیشـتوون کە هەڵبژاردنی هەمەجۆریان لە دەرەوەی دەســـڵات و حیزبدا هەیە کە هەر کەســـە و خۆبەخۆ بۆ داهێنانی جۆرەها چالاکی ســـەرگەرمکردن و بەرهەمهێنان و خزمەت و شـــتی تر قوتابخانەیەکە. بۆ ڕوونکردنەوە دەڵێم تەنانەت تاکیش لە دەوڵەتە دیموکراتییەکاندا و لە پرۆژەی سـەربەخۆدا داهێنەرترن لەوەی ئەگەر لە کۆمپـانیـایەکـدا فەرمـانبەر بن و لە کۆمپـانیـاکەش لەوە داهێنەرتر دەبن لەوەی فەرمانبەری حکوومەت بن.

کێشـــەی ترســـناک ئەو دەمە پەیدا دەبێ کاتێ دەرکەوێ شـــێوازێکی دیاریکراو لە لقێکی ســـۆســـیالســـتیدا هەڵەی تێدایە یا دواکەوتووە و چاککردنەوەی یا ڕاســـتکردنەوەی زۆر لەوە زەحمەتتر دەبێ ئەگەر هی تـاکەکەس بوایە. کـاتێکیش هەموو پرۆژەکـان لە ســـــســـــتەمێکی سۆسیالستیدا بە دەوڵەتەوە وابەستە دەبن، تیایاندا ڕەفتار بە شێوەیەک پێی بگوترێ داهێنان، وەک لە سەر کاغەز پێدەچێ، ئاسان نییە چونکە زۆر ویســـــتی بـاڵا ئەو پرۆژانە بەڕێوە دەبەن و هەر ئەوانەن بژێوی کەرەســە و توانان و مەودای ســەرفکردنی کەرەســەکان و... و... دەدەن. ئیتر بە زەروورەت ئــازادی هەڵبژاردن لە دەســــــت دەدا چونکە سەرکەوتنی، بە ئیرادە و هەڵسەنگاندنی دەسەڵاتی باڵاوە وابەستەیە کە توانای پێ دەبەخشن. دڵنیایی لەوەدا نییە کە باشترینی ئەو پێشنیازانە قەبووڵ بکرێ کە لە کارگە و کێڵگەی هاوبەشـەوە دراونەتە دەسـەڵاتی باڵا و زۆر ڕێی تێ دەچێ پێشـــــنیازی کەســـــێکی بەهێزی هەیکەلی پرۆژەکە قەبووڵ بکرێ.

هەموو ئەو بوارانەی لە دەقەکەی پێشــتردا باس کراون، ســەرکەوتنیان لە پرۆژەی تاکەکەســیدا مســۆگەرترە و ئاســانتریش جێبەجێ دەکرێن لەوەی سۆسیالستانە بن و زەمانی پێشوو بە بەرهەمی زۆر و پێشکەوتنی گشـــــتی و گشـــــتگرەوە لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵگەدا کە لە ســـــەر دیموکراسی ڕاستەقینە و ئازادی تاکەکەسی هەڵچندرابێ ڕەت بووە و بە سەر کۆمەڵێکی گەورەی نەرێنی لە کۆمەڵگەی سۆسیالستیشدا ڕەت بووە و هۆکارێک نییە پێشـــبینیمان لە پاشـــەڕۆژدا بگۆڕێ و هەتا ئەمڕۆش بەڵگە نییە کە گۆڕانکارییەکان توانای تاکیان لاواز کردووە، بەڵکە بەردەوام بەڵگەی ئەوە پەیــدا دەبێ کە پـرۆژەی گەورە بە خەسڵەتی دەستەجەمعییەوە لە کۆمەڵگە بۆرژواکاندا کە شارستانەتی پێشـــــکەوتووتریــان هەیە، بەرهەمی زۆرتر و جۆری لەوانە دەوڵەتە

سـۆسـیالیسـتییە مارکسـییەکان باشـتریان هەیە. ئەوەش ڕاسـتییەکە لە کەس شاراوە نییە و تەنانەت کۆمۆنستیش پێی پەست نابێ بە مەرجێ ئەو باوەڕە پێشـــەکییە لە هۆشـــی خۆی بســـڕێتەوە کە کاری کرێ لە ناسۆسیالستیدا بە بەرخۆری گڵاو کراوە.

ئەم ڕاستییە لە نووسینی هاوڵاتیانی سۆڤیەتدا، کە خەڵکی ئاسایی گەلن و لە سـێبەری گلاسـنۆسـتدا بە بێ ترس دەنووسـن جێگیرترە و نەمدی یەکیان بە شانوباڵی ئەو سۆسیالیزمەدا هەڵبدا کە لە لایان پێڕەو کراوە و یەک کەسی ڕیزپەڕیش نەبوو بە شێوازی ژیان لەو جیهانەدا هەڵنەدا کە لە سەر بنەمای ئازادی هەڵبژاردن دامەزراوە.

«...»

# بەشی دووەم

پێشگوفتار

مەبەست لە پشتی کارەوەیە، ئەوانەشی کاری فکری بن بۆچوونی جیاوازی خەڵک لەو کارانە زیاتر هەڵدەگرن کە بۆ دابینکردنی پێویستیی ژیان ئەنجام دەدرێن، چونکە فکر دەربڕینێکی نووسراو یا گوتراوە و پەیامی لایەنگری یا ڕەخنە یا بەرهەڵستکاری پێیە و بە دەگمەن نەبێ لە بەرزەخی بێلایەنیی ڕەهادا ناوەستێ، چونکە خودی واتای ڕەها، لەوەیە لەگەڵ «عەمر»دا بێ و لەگەڵ «بەکر»دا نەبێ. بەدەستهێنانی ڕەزامەندی هەموو کەسیش لە حوکمی مەحاڵەوە نێزیکە، جگە لەوەی ڕەزامەندی گشتی لە سەر بۆچوونێک، بەڵگەی لاوازی ئەو بابەتەیە کە لە سەری یەکڕان و نەیارەکان مەگەر لە سەر بابەتێک کۆک بن، کە پەیوەندی بە بەرژەوەندی و وێرانبوونی ئادەمیزادەوە نەبێ یا سەرقاڵی شتێکی بێلایەنی وەک ئەستێرەناسی و بیرکاری و سروشت و شتی لەو بابەتانە بێ.

ئەم نووسینەشم لەوپەڕی بەرەوڕووبوونەوەی بێلایەنیدایە چونکە لایەنگری هەوڵەکانی ئەو پیاوەم، کە پێم وایە بە «پیاوی ١٩٨٩» ناوزەد کرا و بە هۆی گرنگی پلەوپایەیەوە لە بەڕێوەبردنی وڵاتەکەیدا بەرەو تەبایی ڕاستەقینە زۆر لەوە مەزنترە بە «پیاوی ساڵ» یا هەر شتێکی سنوورداری هاوشێوە ناوزەد بکرێ. ئەگەر پێشبینیکردنی ئەو ڕووداوانەی بە هاتنی و ڕۆیشتنی دێنە پێش شتی دەرەوەی یەقین بن، ئەوا تایبەتمەندی مێژوویی بێوێنە و گرنگی هەڵوێستی سەرۆک گورباشۆڤ، بە ڕۆیشتنی، خوا نەکردە، ئەوەندەی زاڵبوونی تاریکی دوای مانگ ئاشکرایە و جیاوازییەکە جیاوازی ڕێکردنە لە بەر ڕووناکی مانگ و تاریکیی دوای مانگ. عارەبیش گوتوویانە: «لە تاریکەشەودا جێگای مانگ دیارە».

به هۆی هەستکردنمەوە بە جیاوازی بارودۆخەکان، لە کاتی هەبوونی مانگیشدا جێگەیم لا دیارە و پێم وایە لە مانگەشەودا حیسابی نەمانی مانگ دەکەم و مۆم لەگەڵ خۆمدا هەڵدەگرم. ڕۆژی ١٩٨٩/٩/٢١، دوای دەرچوونم لە نەخۆشخانە، بیرم پەرت بوو و قەڵەمم پەکی کەوتبوو، بەڵام هەستی سەرکردووم پاڵی نام بۆ ئەوەی بە سەر بەربەست و پێشگردا زاڵ بم و بەشی یەکەمی ئەم کتێبە بخەمە بەر ڕووناکی، بەو هیوایەی لە جیاتی من بە ئەرکی ڕەمزیی خۆی، لە بەشداربوون لە وردەکارییە مرۆییەکانی گەرمەی پەرەسترۆیکا و گلاسنوست هەستێ.

بە هۆی بەربەستی لە خۆم بەهێزترەوە مانگ و نیوێک لە کاتی دیاریکراوی بڵاوکردنەوەی دواکەوت بۆیە لە بری ئەوەی لە کۆتایی ١٩٨٩دا بڵاو بکرێتەوە، کەوتە سەرەتای ١٩٩٠. بەڵام تۆڵەی ئەو دڵشکانەم بەوە کردەوە کە دەست بە نووسینی بەشی دووەم بکەم و لە ڕۆژانی سەرەتای مانگی دوانزەی ١٩٨٩ لە بارودۆخێکی پڕ لە کێشە و بەربەست، بارودۆخی گشتی و جیهانی ترسهێنەری ئەو وڵاتانەی کە بنیاتنانەوە و کرانەوە دەیگرتنەوە، دەستم پێی کرد و دەرفەتی ئارامی دوای نیوەشەوم دەقۆستەوە و لە ١٩٩٠/١/٢٣دا ڕێژەیەکی گونجاوم لەگەڵ قەوارەی بەشی دووەمدا تەواو کرد. تا ئێرە، توانام لەگەڵ بەدواداچوونی ڕووداوەکاندا لە پێگەی دابڕانمەوە، بەشداری ویژدانی و فکری لێ دەرچێ، کۆتایی هات و میقدارێکی زۆری ئاواتخوازیم بۆ چاکەی مرۆڤایەتی پێ بوو و ئەوە خوایە دوای چەند مانگێکی تر لەدایکبوونی بەشی دووەم ببینێ و قەیرانەکان ڕەوییبێتنەوە و مژدەی داهاتووی باشتر و بەردەوامتری پێ بێ.

مەسعوود محەمەد ١٩٩٠/١/٢٤

دوای تێپەڕبوونی ئەو ڕەخنە و توێژینەوانەی لە بەشی یەکەمی ئەم نووسینەدا لە سەر کتێبەکەی سەرۆک گورباشۆڤ باس کرا، لە کۆتایی لاپەڕە ٣٩یدا دەگەینە ئەم سەردێڕە: «وانە لە مێژووەوە».

ئەم ناونیشانە، دێڕی تێدا درێژ دەبنەوە تا دەیگەیەننە لاپەڕە ٥٤ی کتێبەکە و زۆر شت لە خۆ دەگرن کە شایستەی ئاوڕلێدانەوە بن، بەڵام من دەستبەرداری هەندێ لایەنی دەبم لە ترسی درێژەپێدانی زیادە، جگە لەوەی بابەتگەلێکن ناکەونە بەر چاو.

لە بن ئەم سەرەناوەدا دەست بە قسان دەکا:

*«ئەو قسەیە ڕاستە کە پەرەسەندنی دوای شۆڕش، بە سەردەمی نارەحەتدا تێپەڕی، ئەوەش بە پلەیەکی باڵا بۆ دەستێوەردانی دڵڕەقانەی ئیمپریالیزم دەگەڕێتەوە لە کاروباری ناوخۆییمان، جگە لەوەی هەڵە لە سیاسەت و هەڵسەنگاندن و حیسابکردندا ڕووی دا».*

دەڵێم، ئەگەر قسە لە سەر ئەوە بێ دەستتێوەردان لە لایەن دەوڵەتە ڕۆژاواییەکانەوە ڕووی دابێ و لە سەرەتای شۆڕشەوە هەندێ کاریگەری بووبێ، دەربڕینی نارەزایی ڕێی نییە، بەڵام شێوازی قسەکە بە مەودایەکی زۆر ئەو ئاستە جێ دەهێڵێ، چونکە:

- دەستتێوەردانەکە لە سایەی جەنگێکدا کە دەیان ملیۆن سەرباز بەشدارییان تێدا کرد، دڵڕەقانە نەبووە چونکە ئەو سەربازانەی لە دەوڵەتە ڕۆژاواییەکانەوە بەشدارییان لە هێرشکردنە سەر ڕووسیادا کرد ڕێژەیان نەدەگەیشتە یەک لە سێ سەدی سەربازە پیادەکانی دەوڵەتە هاوپەیمانەکان و ڕەنگە لەوەش کەمتر بووبن. ڕێژەی بەشداری چەکی تری وەک فڕۆک و کەشتی و تانک و تۆپ، بە دڵنیاییەوە زۆر لەو ڕێژەیەش کەمتر بوو. لە ڕاستیدا، هۆشی مرۆ

لەو بێعەقڵییە سەرسام دەمێنێ چۆن بەو ڕێژە کەمەی سەربازی و کەرەسەی جەنگییەوە و لەو مەودا زۆر دوورەدا هێرش دەباتە سەر دەوڵەتێکی گەورەی وەکوو ڕووسیا. پێم وابێ پەیمانی وارشۆ بە شەش سەد هەزار سەربازەوە بۆ گرتنی شەکسلۆڤاکیا کە بەر لە هێرشکردن گیرابوو، هێرشی کرد. جا ئەمەیان لە کوێ و ئەوەیان لە کوێ؟

- ڕووسیا دەستبەرداری وابەستەیی خۆی بوو بەرانبەر دەوڵەتانی ڕۆژاوا و مەودای ئەڵمانیای دا دوای کشانەوەی ڕووسیا لە جەنگەکە، دەستی بۆ گیانیان کراوە بێ. ئەوەش لە سەرەتای جەنگەکەوە بە ڕێکەوتنی ستالین – هیتلەر جارێکی تریش ئەنجامی دا ئەگەرچی ئەمجارەیان بارودۆخەکە وابەستەیی تێدا نەبوو بەڵام وەک بەڵگەنەویست بوو و وەک من بزانم زەنگی دەستپێکردنی بۆکسێن بوو و باوەڕ ناکەم کەسیش بۆ ئەوە بچێ کە ئەڵمانیا ئەگەر لە سنوورە ڕۆژهەڵاتییەکانی دڵنیا نەبوایە، خۆی بخستایەتە مەترسی ئەو جەنگەوە. بۆمان هەیە وەهای بدەینە بەر زەین ئەگەر دەوڵەتانی ڕۆژاوا پێش ڕێکەوتنەکەی ستالین ڕێکەوتنێکی وایان لەگەڵ هیتلەردا بکردبا، بۆچوونی ڕووسیا و دەوڵەتانی سێیەم چۆن دەبوو؟ بە دڵنیاییەوە تۆمەتبارکردن و نەفرەتی لەوە زیاتریان دوو دەکەوت کە لە دووەم جەنگیدا، دوای ئەمەریکا کەوت، کاتێ بۆمبا ئەتۆمەکانی فڕەدانە سەر یابان، ئەگەرچی ڕووسیا شەریکی ئەمەریکا بوو لە جەنگەکەدا بەڵام لەگەڵ بەریتانیا لە لۆمەی لۆمەکاران دەرباز بوون. دنیاش خۆ و بەختە.

- حکوومەتی شۆڕشی ڕووسی، بە تایبەتی دوای ئەوەی بەلشەفیک دەسەڵاتی گرتە دەست، دروشمی وای داهێنا کە بە ئاشکرا ئامانجیان تێکشکانی دەسەڵاتی هەر شوێنێک بوو کە بتوانن تێکی بشکێنن بە تایبەتی دەوڵەتە پیشەسازییە بەهێزەکان کە هەتا ئێستاش بە ئیمپریالست و ئیستیعمار ناسراون، ئەگەرچی یەک بستە خاکیان لە دەرەوەی خۆیاندا نییە و هیچ کوێیان، بە هیچ شێوەیەک داگیر نەکردووە، ئەڵمانیای لێ دەرچێ کە ئەویش داگیرکردنێکی کاتییە، بەڵکو بەشێکە لە کاروباری خۆپاریێزی و هێرشبردن. ئەگەرچی حوکمدان لە سەر ڕووداو و کاروباری دەوڵەتە ڕۆژاواییەکان لە سەروبەندی شۆڕشی ڕووسی و لە کۆتایی جەنگی یەکەمدا، کە ساڵانی دەستتێوەردان بوو، بۆ یەکلاییکردنەوەی حیسابیان لەگەڵ ڕووسیای بەلشەڤیدا زەحمەتیشە، بەڵام بە بۆچوونی من و لە ڕواڵەتدا دوو هۆکاری گرنگ هەن:

یەکەمیان، زەحمەتی و بگرە مەحاڵبوونی ئەو یەکلاییکردنەوەیە لەگەڵ ئیمپراتۆریایەکی بە گەورەیی ڕووسیا کە لە ڕووی ڕووبەر و ژمارەی دانیشتوانەوە، خۆی کیشوەرێکی تەواوە و لە چەقی گردبوونەوەی هێزی ڕۆژاواشەوە دوورە و ماندووبوونیشیان (جگە لە ئەمەریکا) لە جەنگێکی جیهانیدا کە چوار ساڵی خایاندووە بخەرە سەر و ڕەنگە ڕێکەوتنی ڕۆژاواییەکان لە سەر چۆنیەتی بەردەوامی و مەسرەف و سەرکردایەتی بۆ هەر وەڵاتێ... هتد، پەیوەندییان بەو مەحاڵبوونەوە هەبووبێ.

دووەم، ڕێی تێدەچێ گەلانی ڕۆژاوای ئەوروپا ڕەتیان کردبێتەوە جارێکی تر بچنە ناو جەنگێکەوە کە کۆتاییەکەی ناڕوون بێ. بیرەوەرییەکانی «ئیمری»ی وەزیری ئینگلیز باسی ئەوە دەکا کە سوپای بەریتانیا لە نیوەی یەکەمی ١٩١٤دا ڕەتی کردۆتەوە بۆ جێبەجێکردنی پاکتاوی نیشتیمانپەروەرە ئێرلەندییەکان بچێتە ژێر فەرمانی حکوومەتەوە لەبەر ئەوەی هەڵوێستیان بۆ سەربەخۆیی توند بووە و هیچ لۆژیکیان لە شەڕکردنیان لە لایەن حکوومەتەوە نەدەدی، کەچی هەمان ئەو ئەفسەرانەی ئەو فەرمانەیان بۆ لەناوبردنی ئێرلەندییەکان جێبەجێ نەکرد، دوای چەند مانگێک لە شەڕی دژی ئەڵمانیادا بەشدارییان کرد و زۆربەیان کوژران، چونکە بۆ شەڕی ئەڵمانیا بۆچوونی تریان هەبوو و پێیان وابوو بەشدارینەکردن جێگای باسکردنی نییە.

لە بەشی یەکەمی کتێبەکەمدا ئەم باسە بە کورتی هاتووە.

سەرۆک گورباشۆڤ، وەک هۆکاری لاوازبوونی شۆڕش، باسی هەڵەی سیاسی و هەڵسەنگاندنی حیسابی خستۆتە دوای دەستێوەردانی ئیمپریالییەوە و من لەوەدا لۆمەی ناکەم، چونکە ئەوە سروشتی سیاسییەکانە بۆ ئەوەی ئەرکی سەر شانی خۆیان سووک بکەن، چەند بکرێ دەیخەنە سەر شانی خەڵکانی تر. بەڵام لۆمەنەکردنی حەقیقەتی بارودۆخەکە و هۆکارەکانم لە بیر ناباتەوە جا لە کتێبی پەرەسترۆیکا بێ یا لە کتێبی هەر سەرکردەیەکی سیاسی تردا بێ یا تەنانەت لە گەمەی تۆپێنیشدا بێ. لە ڕاستیدا، زەحمەتییەکان لە ناواقعیەتی شۆڕشی بەلشەڤییەوە پەیدا بوون کە بە پێی تیۆری مارکس بارودۆخەکەی لە هیچ وڵاتێکی جیهاندا پێنەگەیی بوو. لێرەدا باسی بۆچوونی خۆم ناکەم لە سەر پێگەیشتنی بارودۆخ بۆ شۆڕشی کۆمۆنستی کە پێویستبوونی

شۆڕش ڕەت دەکاتەوە چونکە وەک پێگەیشتنی هەرزەکار پێویست بە فەتوای بەڕێوەبەرایەتی نفووس و بڕیاری شەرع نییە.

بەڵگەی پێنەگەیشتنی بارودۆخ و ناواقعیبوونی شۆڕشی کۆمۆنستی ئەوە بوو کە کێشەکان چەندین زەمان لە دوای دەستتێوەردانی بێگانە و شەڕی ناوخۆ کە لە حەفتاکاندا کەڵەکە ببوون و گەیشتن بە قسەکانی خودی گورباشۆڤیش کە لە بەشی یەکەمی ئەم کتێبەدا باس کرا و ڕووسیا و دەوڵەتە سۆڤیەتییەکانی تریش لە هەموو بوارەکاندا زەحمەتی زۆریان دیت تەنانەت لەو کاتانەشدا کە دنیای دەوروبەریان لەوپەڕی خۆشگوزەرانی و ئاسوودەییدا بوون... ئەوەی لە مەسەلەی دەستکورتی و تێروتەسەلی بارودۆخی گەلاندا سەیرە ئەوەیە کە تێروتەسەلی لە مەودایەکی زەماندا دێتە دی کە زۆر لەو زەمانە کەمترە کە لە تێرییەوە بەرەو نەبوونی دەگەڕێتەوە. ڕەنگە هۆکارەکە ئەوە بێ کە ڕووکردنە گەشەسەندن بریتییە لە کۆکردنەوەی بەرماوەی داهات بۆ ئەو ئاستەی کە پێش گەشەسەندن بووە، بەڵام گەڕانەوە بەرەو نەبوونی، لەوە پێک دێ کە کەمیی کەرەسە لەو گەشەکردنە دەربکرێ کە پێش گەڕانەوە هەبووە و دەخرێتە سەر ئەو داهاتەی کە لە حاڵەتی داوەستاندا دێتە دەست.

حاڵەتی یەکەم کۆکردنەوەی گردەبڕ لە خۆ دەگرێ و حاڵەتی دووەم، هەم کۆکردنەوە لە خۆ دەگرێ هەم دەرهێنان بۆیە لە یەکەمدا بەرهەمی خێراترە و لە دووەمیاندا، لە پاشەکشە لە سەرخۆیە، ئەگەر ڕاوەستان لە پێشکەوتندا ڕاوەستانی تەواوەتی داهات بێ دەبوو داهاتی پاشەکەوتکراوی پێش ڕاوەستان بەشی کاتێکی ئەوتۆی نەکردایە و بارودۆخ بەرەو گرانی و قاتوقڕی و مردن بچووبا. باسیش لێرەدا باسی بارودۆخی ئاساییە نەک ڕووداوی کتوپڕی وەک تاعوون یا کارەساتی سروشتی وەک وشکەساڵی

و لافاو و هێرشی بێگانە بۆ سەر ماڵ و خەڵک... یا بەخششی تێروتەسەلی چاکەخوازان، تاکە کەس یا حکوومەت یا ڕێکخراو داباریێت.

ئەوەی لەو دەوڵەتانەدا ڕووی دەدا کە ئابووری مارکسییان هەبوو، پێچەوانەی ئەوە بوو کە لە دەوڵەتی نامارکسی ڕووی دەدا، ئەوەش بە دانپێدانانی سەرۆک گورباشۆڤ خۆی، ئەوەش دانپێدانانێکە لە ناوەخندا تێیدەگەین نەک بە ڕوونی، کە بەرەو تەنگدەستی و لەئاوچوون دەچوو تا لە ناوەڕاستی حەفتاکاندا ئاوها گەورە بوو لە کاتێکدا زۆر وڵاتی جیهانی نامارکسی لە تەنگوچەڵەمەی جەنگ هاتنە دەرەوە و خێروبێریان بە سەردا ڕژا. ژاپۆنی دۆڕاو، ئەوەندە پێش سۆڤیەت کەوتەوە، ئەگەر لەبەرچاو نەبوایە بە خەیاڵدا نەدەهات. بەڵام وڵاتانی جیهانی سێیەم ئەگەرچی لە دەرەوەی هەموو پێوەرێکیشدا بن، بەڵام ئەوەی لەبەرچاوە لەو وێنەیەوە نزیکە کە ئێستا پیشانم دای چونکە وڵاتەکان، جا مارکسی بن یا نامارکسی، بە دەستی تەنگوچەڵەمەوە دەناڵێنن و نموونەی وەک کۆریای باشوور و فەرمۆزە و مالیزیایش هەن کە تەرازوویان لە چاو تەرازووی وڵاتە مارکسییەکانەوە قورسترە. نموونەیەکی لە هەموو ئەوانە ڕوونترمان لەو وڵاتانەدا هەیە کە دامەزران و زۆر پێشکەوتن و لە خەڵکانێکەوە پێکهات کە لە وڵاتی خۆیانەوە کۆچیان بۆی کردووە، وەک کەنەدا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ئوستەراليا و نیوزیلاندا و تیایاندا ڕەوی تاک کراوە نەک حکوومەت و سستەم و پێشکەوتن لە سەر شانی خەڵکانێک دروست بوو کە لە دیوەکەی تری گۆی زەوییەوە بۆی هاتبوون و چ ئامێر و کەرەسەی پیشەسازیشیان پێ نەبوو مەگەر شتی هەرە ساکاری وەک کەرەسەی ناو مەتبەخ. هەر لە سفرەوە دەستیان پێ کرد. شارستانەتی ئوستراليا و نیوزیلاندا، وەک من بزانم، بە حوکمدراوە دوورخراوەکانی بەریتانیا دەستی پێ کرد.

عادەتی جلهەڵخستن بە تەنافی خەڵکەوە، لە کۆنەوە باوە، بەڵام مەترسییەکە لە پلەی یەکەمدا لەوەدایە کە ئایدیۆلۆجستەکان پەیڕەوی بکەن چونکە دەبێتە کارێکی شۆڕشگێڕانەی پیرۆز: ئەگەر بەقاڵ ڕەواندنەوەی گلەیی بیانووی داهێندراو بۆ ئەوە بێنێتەوە کە میوەی ڕزیوی هەیە، نە خۆی بیانووەکە بە پیرۆز دەزانێ نە خەڵکی تر. بەڵام کاتێ سەرکردایەتی چین ساڵێک لە ساڵانی سەرەتای حەفتاکاندا گوتی یەکێ لە هۆکارە ترسناکەکانی دواکەوتنی کشتوکاڵ بوونی ڕێژەیەکی سەدیی تێکدەران و چاوچنۆکانە، ئیعدامکردنی خەڵکێکی یەکجار زۆری بێتاوانانی بە دوودا هات و ئەو ڕاگەیاندنە ڕەسمییەی باسی ئەو ڕێژە سەدییەی خائینانی کردبوو یەکێ لە هۆکارەکانی وشکەساڵی بە دوای یەکیشیدا خستبووە پاڵیان: ئەگەر نەمانی ئارەزووی وەرزێری چینیش کە بە پارەی ڕۆژانە بەکاری دێنن بخرێتە سەری و نەبوونی شارەزایی و خەمساردی بەرپرسی حیزبی بۆ زیاد بکری، ئیتر هۆکاری لێقەومان بەسە و هیچ خیانەت و شتی تری ناوێ.

دوای ئەو قسە هەڵبژێردراوەی سەرەوە، ڕاستەوخۆ ئەمە دێ:

*«لەگەڵ ئەوەشدا یەکێتی سۆڤیەت پێشکەوت و کۆمەڵگەیەک دروست بوو کە خەڵکەکەی باوەڕیان بە پاشەڕۆژی خۆیان هەبوو».*

ئەو پێشکەوتنە باسکراوە شتێک نییە جێی سەرسوڕمان بێ چونکە پێشکەوتن، بە ڕێژەی کەم یا زۆر، هەموو دنیای گرتۆتەوە بەڵام ئەوەی وای کرد پێشکەوتنی ڕووسی جێی مەترسی بێ، شانبەشانی ڕژانی خوێنێکی زۆر و زەوتکردنی ئازادی و پێشێلکردنی کەرامەتی خەڵکی بە

شێوەیەک کە هیچ کەسێ لە دروستکەرانی شۆڕش چاوەڕوانی نەبوو و باوەڕیش ناکەم کەس لە دەرەوەی شۆڕشیش هەبووبێ چاوەڕوانی ئەوە بووبێ. دڵتەزێنترین لایەنی بەراوردکاری بە ئەنجامی ئاوەژووەوە ئەوەیە توندوتیژی ستالین هەستی مرۆڤبوونی لە تاکی سۆڤیەتیدا کوشت، لە کاتێکدا جەنگەکانی هیتلەر هەستی نیشتیمانپەروەری و بەرپرسیارەتی تێدا خولقاندن. سروشتی شتەکانیش وەها بوو توندوتیژی ستالین و دڕندەیی هیتلەر لەو ڕووەوە جیاوازییان هەبێ کە ستالین دەستکەوتی گەورەی بە توندوتیژی و سوخرە بە دەست هێنا و هەرچۆنێ بێ سوودبەخش بوون، بەڵام ئەوەی هیتلەر کردی جگە لە وێرانکردنی ئەوەی هەبوو و تالانکردنی هەرچی سوودبەخش بوو، شتێکی تر نەبوو.

بەڵام ئەوەی کە خەڵکی لە ڕووسیا، بە پێی بۆچوونی سەرۆک گورباشۆڤ، باوەڕیان بە پاشەڕۆژ بەدەست هێنابێ، خۆی لە خۆیدا شتێکی مەحاڵ نییە، بەڵام باوەڕ ناکەم بەو شێوازە نەرم و ئارامە بووبێ کە لە سەر کاغەزەکە ڕیزبەند کراوە چونکە لەناوبردنی بەردەوام بە درێژایی مێژووی ستالین و سوخرەی بکوژی ملیۆنان ئادەمیزاد و دەسەڵاتی دەزگا چەوسێنەرەکانی ژێر فەرمانی ستالین و بیربا و خوێنڕێژانی تر، هەوری ڕەش و تاریکە بە سەر ژیانی خەڵکەوە و ڕێ بە بەردەوامی باوەڕ بە پاشەڕۆژ نادا مەگەر هەستی تامکردنی شتەکانیان لە دەست دابێ. ئەوجا چینی ڕۆشنبیر بە پێچەوانەی هەستی خۆیانەوە، بۆ بەشی خۆیان لە بەندکردن و لەناوبردن و دوورخستنەوە، دەیان ساڵ لە سەر چەپڵەلێدان و هیتافکێشان و بە پیرۆزکردن بەردەوام بن، بە هیچ جۆرێ نابێتە نیشانەی ڕێگای بەرەو خێر و ئاسوودەیی. سەرجەمی گەلی سۆڤیەتیش بە یەک لە سەدی ئەو قوربانیانەی لە کاتی جەنگدا داویەتی و زیادەڕۆیی تێدا کراوە، قەرەبوو نەکراوەتەوە و هەر دەڵێی دوای هەموو وردەحیسابێک بە ڕژانی هەر خوێنێک داری گەشەکردنی ستالین و

دەوروبەرە شەیتانییەکەی و سوودمەندان و خاوەنبەختانی حیزبی دەسەڵاتداریان بە خوێن و فرمێسک وماڵوێرانی خۆیان ئاوداوە. تێروپڕی دنیا و هەموو خۆشی و کۆشک و گوڵی دنیا بەرانبەر بە کڕبوون و زەلیلبوون کە سەرچاوەیان لەدەستدانی ئیرادە و هەڵبژاردن بێ، هیچ نییە. قەسابیش ئالیک بە مەڕ دەدا و ئاوی دەدا و کەرەسەی قەڵەوبوونی بۆ دابین دەکا و قەڵەویش دەبێ، بەڵام لە ئەنجامدا سەردەبڕدرێ. وانەی مێژوویی و مرۆڤایەتی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی کە دەکرێ بە تاقیکردنەوەی ڕۆژگار ئەو ڕووە گشتییانەی تێبگەین کە بۆ دەسەڵاتدارێک شەرەفمەندی نییە بەرانبەر زەوتکردنی ئازادی و ئیرادەی ژێردەستەکانی خۆی، پێداویستییەکانی ژیانیان بۆ دابین بکا، چونکە بە بێ ئەو دووە دەبنە مەڕی دابەستە.

لێرەدا شتێکم بیر دێتەوە کە لە سەردەمی گەشەسەندنی نازییەکاندا نازییەکی ئەڵمانی نووسیویەتی و لە نەمساوییەکی پرسیوە ئێوە کە ئەڵمانین بۆچی نایەنەوە ناو ئەڵمانیا؟ ئەویش لە وەڵامدا گوتوویەتی: لە بەر هۆکارێکی ساکار، ئەوەش ئەوەیە کە هەموو بەیانیانێک زەنگی دەرگای دەرەوەمان لێ دەدرێ، دەزانم شیرفرۆشەکەیە نەک گێستاپۆ!! جێی مەترسییە ئەو هەموو عەزابەی خەڵکی ئاسایی، بە تایبەتی چەپەکان لە پێناوی پێداویستی سیاسییەکاندا دەیچێژن لە بیر بکرێ، جا داوای خۆپیشاندان بێ یا کوودەتا یا شۆڕش: ئەگەر کوودەتا، کە کەسێکی بەهێز یا دەستەیەک لە کەسانی بەهێز ئەنجامی دەدەن لە حیساب دەربکەین کە هیچ وێنەیەکی خەڵکی کلۆڵ لە خەیاڵیاندا نییە ئاخۆ چەندیان لێ دەکوژرێ یا وێران دەبێ یا ئاوارە دەکرێ، خۆپیشاندان و شۆڕش بۆ گۆڕانکاری، بە کەرەسەی شارستانەکان دەژمێردرێن. ئا لێرەشدا حیساببۆنەکردنێکی کوشندە بۆ بوونی جەماوەر هەیە، کە چەند خوێن و ماندووبوون و پارەی لە سەر دەکەوێ.

ئەوەی لە ئاستی جیهانیدا دەبیندرێ ئەوەیە، ئەوانەی ئاشووب دەنێنەوە و ژیان و سامانی خەڵکیانی بە لاوە هیچە، یەکەم کەسن لە کاتی سەرنەکەوتندا ڕادەکەن. لەوانەی کە خوێندوومەتەوە، خوێندوومەتەوە کە نازییەکان لە سەرەتای گەشەسەندنیاندا خۆپیشاندانێکیان سازدا و مارشاڵ لۆندۆرف و هیتلەر لە پێشیانەوە بوون و کاتێ بەرەوڕووی هێزی حکوومەت بوونەوە و تەقە دەستی پێ کرد، هیتلەر بزر بوو بەڵام لۆندۆرف خۆی گورج کردەوە و بە بێ چاوترووکاندن بەرەو ئامانجی خۆی بەردەوام بوو و نەفرەتی لە ڕاکردووەکان دەکرد.

سەرکردەی شۆڕش و خۆپیشاندان، ئەگەر لەگەڵ خۆبەختکەراندا خوێنی خۆی بەخت بکا، کەمترین بەشداریکردنی کوژراوان و نیوەکوژراوەکانە. ئەوە تەنها بەشدارییەکی ئەدەبییە و کوژراوەکان بۆ خاوەنیان ناگێڕێتەوە و تۆڵەی زەرەریشیان بۆ ناکاتەوە. ئەوەیی بۆ گێڕانەوەی ئیعتیبار پێویستە بدرێ، ئەوەیە هەموو چەپ لەوەدا بە خۆیاندا بچنەوە چ قوربانییەک لە خەڵک داوا کراوە وەک نرخی بەدیهێنانی ئەوەی لێیان ویستراوە، با بە نییەتباشیش بێ. با چەپ ئەوەش بە بیری خۆی بێنێتەوە کاتێ باڵێکی تری چەپ داوای هەڵوێستێک یا لایەنگرییەکی وای لێ دەکا سەرهێشەیەکی تێدابێ، هەر بەوەوە ناوەستێ ڕەتی بکاتەوە بەڵکو بە جۆرەها تۆمەتی خراپ تۆمەتباریشی دەکا. ئەو جەماوەرەی کە چەپ لەوەشدا پرسی پێ ناکا چی لێی دەوێ، ئەو کەرەسانەی شەترەنج نین کە ئازاریان پێ ناگا و ئەو گیاندارانەش نین کە هیچ نەزانن.. لەبەر ئەوە ناکرێ ئەو قوربانیدانانە لەبیر بکرێن کە لە پێناوی ئامانجێکدا دەدرێن کە نرخی ئەو قوربانییانەیان نییە.

ئەو ملیۆنان خەڵکەی کە ستالین لە پێناوی شتێکدا کە بە پێی لێکدانەوەی خەڵکی ئاسایی پێویست نەبوو، کوشتیانی و ئاوارەی کردن

و بەندی کردن، بیانوو هەر چییەک بێ لە حیساب دەرناکرێ ئەگەر واش دانێین ئەو پێشکەوتنەی لە ڕووسیا هاتە دی، بە بێ خوێن و ئاسن و ئاگر نەدەهاتە دی (ئەوەش دانانێکی ناڕاستە و لە پێناوی دەمەتەقێدایە) ئیتر نە ئەو پێشکەوتنە دەبوو کە بەدیی هێنا نە ئەو دۆزەخەش دەبوو. ئەگەر ئەوەی ڕووی دا بە ویستی خەڵک و ڕەزامەندییان ڕوویدابێ، ئەو خەڵکە وەک مەڕێکی لێ دێ کە ملی خۆی بۆ قەساب بەرێتە پێشێ و ئێمەش ئەو خەفەتەمان لە کۆڵ دەبێتەوە کە بۆیان دەخۆین و دەڵێین، ئەوە هەڵبژاردەی خۆیانە و پیرۆزیان بێ کە قەت پیرۆزیش نییە.

قوربانیدان لۆژیکێکی هەیە و ناکرێ لێی تێپەڕێ. خەمخواردنیش لۆژیکی خۆی هەیە و ناکرێ دابهێندرێ و دروست بکرێ بۆ ئەوەی لە خۆمان بدەین و شین بگێڕین. کاتێ چەپ خوێنڕێژی و توندوتیژی و پشتگوێخستنی مەسرەف و ئەنجامی کاری شۆڕشگێڕی یا سیاسی، بە شێوەیەکی گشتی وەک کارێکی کۆتایی پێهاتوو کە قابیلی دەمەتەقێ نەبێ خستە ناو بەرنامەی خۆیەوە، خراپەیەکی زۆر زۆری لەگەڵ خۆی و جیهاندا کرد. تەنانەت جێگیربوونی واتای شۆڕش لە قاڵبی بشێوی و قوربانیدان و سووتاندندا وای لە خەڵکی شۆڕشگێڕ کرد بە لایەوە، ئەگەر شۆڕش ئەوانەی تێدا نەبێ شۆڕشی ڕاستەقینە نییە بەڵکو کاری چاکسازییە و لە شێوازی لیبرالی بۆرژوا دەوەشێتەوە کە بە زۆر شێوە لێهەڵگەڕانەوەی ئاسانە، لە کاتێکدا شۆڕش لە دەستی دێ هەرچی بە خەیاڵدا دێ ئەنجامی بدا چەند توندوتیژ و پڕزوڵمیش بێ و چەند بێبەر و بێبەرهەمیش بێ و چەند دژی بەرژەوەندی و ویژدان بێ و چەند بەرەو ئەوەش بچێ کە خودی شۆڕشەکە هەڵتەکێنێ.

عەقڵەکان پڕ بوون لە ڕق بەرانبەر «بەرخۆری» و کاوێژکردنەوەی ئەو ڕقە بە درێژایی زەمان تا ئاستی شەیدابوون بە هەڵکێشانی لە ڕیشەوە، وەک ئەوەی پەتایەکی ترسناکی لەو جۆرە بێ کە بڵاو دەبێتەوە، تا وای لێ هات لەوە تێپەڕی گرنگی بە کوشتنی میکرۆبی نەخۆشەکان بدرێ بە خودی نەخۆشەکەوە ئەوجا ئێستایەکی پەرەسەندوو کە هی خۆی نییە یەکسان دەبێ لەگەڵ ئەو وێرانییەی خۆی کە لە سەرکێشییەکدا ئەنجامی داوە و ئامانجی سەرکەوتن بووە بە سەر «بەرخۆری»دا ئەوەش بە نیازی بەدەستهێنانی ئێستایەکی باشتر و باسی ئەوەش ناکەین کە پاشەڕۆژ ئەنجامی پێچەوانەی چاوەڕوانکراوی دا بە دەستەوە، چونکە گرنگ ئەوە بوو هەموو شتێ لە ڕوانگەی توندوتیژی شۆڕشگێڕانەوە ئەنجام بدرێ..

قسەکردن لە سەر ئەم بابەتە تا ئاستی بێکۆتایی درێژ دەبێتەوە و بەڵگەی ڕاستییەکەی لەوە زۆرترن بژمێردرێن، بۆیە بە سەریاندا تێدەپەڕم بۆ ئەوەی بڵێم بچووککردنەوەی کارەساتی دڵتەزێنی ڕابردوو کە لە کاری سیاسی ناواقعییەوە سەریان هەڵداوە، لەوانەش کاری شۆڕشگێڕانە، خۆی لە خۆیدا بەرەو ئەوە دەچێ کارەساتی داهاتوو لە کاری ناواقعیدا بە بچووک بزاندرێ: دەبێ لەوەدا دەستی خۆبەدەستەوەدان بەرز بکەینەوە کە پشتگوێخستنی بەرژەوەندی و بۆچوون و هەڵبژاردنی خەڵک بەرانبەر ئەوەی سەرکردەکان هەڵیدەبژێرن، تەنانەت ئەگەر پێغەمبەرانیش بن، شتێکی ڕەتکراوە و تۆمەتبارکراو و شێواو و عەیبدارە، چونکە خەڵک مافی خۆیانە تەنانەت ئەگەر بەختەوەری و پێشکەوتنیش بێ، ڕەتی بکەنەوە (ئەمەش دانانێکی جەدەلییانەیە چونکە خەڵک ئەوانە ڕەت ناکەنەوە) ئیتر چۆن مافی ئەوەیان نابێ وێرانکاری ئەنجام و توندوتیژی بێلزووم ڕەت بکەنەوە لە کاتێکدا شۆڕشگێڕ بۆ وێرانکردنی دنیا بە سەر دانیشتوانیدا، بە هەقی ڕەها چەکدارە؟

هاوسەنگکردنی ئەو ئازارانەی گەلی سۆڤیەتی لە ماوەی دەیان ساڵدا چەشتوویەتی دەبێتە بەڵگەنەویستی سەرەکی کە دەربڕینی نارەزاییە بەرانبەر شێوازی بەدەستهێنانی ئەو پێشکەوتنەی کە لە گوتارەکەی سەرۆک گورباشۆڤدا باس کراوە و بەڵگەنەویستی لاوەکییە بۆ پێدانی ئازادی تەواو بە گەلی سۆڤیەتی تا هەڵبژاردنی ئازادانەی خۆی بەکار بێنێ بۆ هەرچییەکی بە بەرژەوەندی خۆی دەزانێ. پێش سێزدە سەدە ئایەتێکی قورئان کە ڕووی لە موحەمەدی پێغەمبەرە دەڵێ «لست علیهم بمسیطر - دەستت بە سەریاندا ناڕوا» واتە دەستی بە سەر یارانی باوەڕداری خۆیدا ناڕوا، ئیتر چۆن شۆڕشگێڕ ئەو مافە بە خۆی دەدا دەستی بە سەر خەڵکانێکدا بڕوا کە نە یارانی ئەون، نە باوەڕدار بە باوەڕی ئەو؟ شۆڕشگێڕ، دوای سێزدە سەدە لە پەیدابوونی حیکمەتێک کە لە وڵاتێکی وشک و برینگدا، کە کەرەسەی ڕۆشنبیری تەنانەت بۆ ئاستی سەردەمی خۆشی تێدا نەبووە، ئەوجا ئەوە دەکا.

دوای ئەو قسە هەڵبژاردەیەی سەرەوە، سەرۆک گورباشۆڤ لە باسی ئەو پێشکەوتنەدا کە لە وڵاتەکەیدا پەیدا بووە و چەندین بەربەستی هەمەجۆری لە پێش بووە، دەڵێ:

*«بەڵام بە سووربوونەوە لە سەر ڕێڕەوی خۆمان بەردەوام بووین و هەرگیز بیرمان لەوە نەکردەوە بەرەودوا بگەڕێینەوە یا دەستبەرداری ئەو خاکە بین کە بە دەستمان هێنا یا هەڵبژاردنمان بۆ سۆسیالیزم بخەینە ژێر پرسیارەوە».*

هەڵوێستم بەرانبەر ئەم قسەیە هەڵوێستێکی زەحمەتە، چونکە وەختە بڵێم لەگەڵ سەرلەبەریدا بە ڕەهایی ناتەبام، ئەگەر بشێ ناتەبایی لە هەر شتێکدا بگاتە ئاستی ڕەهایی، چونکە:

- یەکەم: گەلانی سۆڤیەتی لە مێژووی ڕابردووی خۆیاندا، پێش بنیاتنانەوە چ هەڵبژاردنیان نەبوو تا بتوانن لە سەر ڕێڕەوی خۆیان، بە *سووربوونەوە* بەردەوام بن یا بەردەوام نەبن، چونکە جگە لە کڕبوون و گوێڕایەڵی هەڵبژاردنی تری نەبوو.
- دووەم: گەلانی سۆڤیەتی نەیاندەتوانی جیا لە بیرکردنەوەی سەرکردەکان بیر بکەنەوە تا بڵێین بیریان لە گەڕانەوە نەکردۆتەوە: کەسێکیش نەتوانێ تەنانەت بیریش بکاتەوە، بەڵگەنەویستە کە بیر لە گەڕانەوە یا بەرەوپێشچوون یا بێدەنگبوون ناکاتەوە: کەسی وا بە فەرمانی کەسە باڵاکان پاڵ نراون.
- سێیەم: گەلانی سۆڤیەت زەوییان بۆ خۆیان دەستنەکەوت تا بتوانن دەستی لێ هەڵگرن. زەویش لە قسەکانی سەرۆک گورباشۆڤدا شتێکی ڕەمزییە و مەبەست لێی مافی بەدەستهاتوو و پێشکەوتنی ئەنجامدراوە. بەڵام ئەوەی جێی داخ و کەسەر بێ ئەوەیە وەرزێری سۆڤیەتی چ زەوییەکی ڕاستەقینەی وەرنەگرتووە تا بۆ خۆی بیچێنێ ئیتر ئەو زەوییە مەجازییە کوانێ؟
- چوارەم: گەلانی سۆڤیەتی مافی هەڵبژاردنی سۆسیالیزمیان نەبووە و ئێستاش نیانە تا بیخاتە ژێر پرسیارەوە یان نەیخا.

لە بەشی یەکەمی ئەم کتێبەدا بەشێکمان لە قسەکانی سەرۆک گورباشۆڤ گواستەوە، کە تیایدا قسەی ڕوون ئاڕاستەی گەلی سۆڤیەتی دەکا کە جگە لە سۆسیالیزم هەڵبژاردنێکی تری نییە، جا ئەگەر ئەوە لە سەردەمی پەرەسترۆیکا و گلاسنوستدا بەشی هەڵبژاردنی بێ، دەبێ لە سەردەمی نەبوونی دەرفەتی هەڵبژاردن، لە سەردەمی ستالین و دواتردا چۆن بووبێ؟

دوای گواستنەوەی ئەو قسەیەی سەرەوە لە سەرەتای لاپەڕە ٤٠ی کتێبی پەرەسترۆیکا، ئەوەی لە لاپەڕە ٤٠ و نیوەی یەکەمی لاپەڕە ٤١ ماوەتەوە باسی ئەو ناڕەحەتییانەیە کە ڕووبەڕووی ڕەوتی سۆڤیەتی بوونەتەوە بەرەو سۆسیالیزم و پیشەسازی قورس (لەگەڵ ئەمەشدا نیم چونکە پیشەسازی ڕووسیا سفر نەبوو) نووسەر لە نیوەی لاپەڕە ٤١ دا دەڵێ:

*«باوباپیرانمان بە سەر هەموو بەربەستێکی بەردەمی خۆیاندا زاڵ دەبوون و لە پەرەسەندن و بەهێزبوونی کۆمەڵگەدا بەشدار بوون و لە هەمان کاتیشدا دەبوو سەرجەمی پاشەڕۆژیان ئازاد بکەن».*

ئەو زاڵبوونە بە سەر تەنگوچەڵەمەدا کە بۆ ڕووسیا جێی دەستخۆشییە، بە پێی تێگەیشتنی ڕاست لە شارستانەتی، هەرگیز بەرهەمی دەستی باوباپیران نەبووە چونکە ئەو باوباپیرانە شتێکیان دروست نەکرد کە دەبوو دروستی بکەن، ئەوەش ئازادکردنی خۆیان بوو لە دواکەوتنی زۆرداران دەنا کاری سوغرە و ئیعدامی دەستەجەمعی و بەندکردن و ئاوارەبوونیان ڕەت دەکردەوە. جا دەکرێ بڵێین ئەوان ئەو کارەساتانەیان بۆ خۆیان دروست کرد بۆ ئەوەی بتوانین بڵێین پیشەسازی قورسیان دروست کردووە؟ ئەگەر زۆردارانی سەردەمی ئەو باوباپیرانە ئاڕاستەیانی بەرەو جێیەک ببردایە پیشەسازی قورسی تێدا نەبوایە چۆن دەبوو؟

دوای ئەوە نووسەر دەپرسێ: «ئاخۆ پیشەسازی پێویست بوو؟» لەگەڵ نووسەردا دەڵێم پیشەسازی و بە مەکینەکردن و هەموو دیاردەیەکی شارستانەتیی نوێ لە هەموو بوارێکدا پێویست و گرنگ بوو بەڵام لەگەڵ زۆرداری و پۆلیسی نهێنی و دەسەڵاتی زۆردار و پاکتاوی خوێناویدا نا. لە بواری کاردا دەرکەوت کە ئەو پیشەسازییە بە شێوەی زۆرداری، لە

سەردەمی ستالیندا ڕۆژگاری گەلی ڕووسیای خوارد و لە ڕۆژگاری پەرەسترۆیکاشدا، ژیانی لێخن کرد و دوای ئەوەش ڕێڕەوی ژیانی گەلی سۆڤیەتی ئاڵۆز بوو و ڕقی لە واقعی خۆی بزواند و نیگای ئاراستەی حەزی ژیانێک کرد کە قەت بۆی نەلوابوو و هەروەها بۆ ئازادییەک کە لە سەرەتای شۆڕشەوە لێی زەوت کرابوو. ئەگەر هەر مرۆڤێک وای بە خەیاڵدا بێ کە پێشکەوتنی گەلی ڕووسی بە قامچی نەبوایە بەدی نەدەهات، باشتر بوو ئەوەش بڵێ بەرپابوونی شۆڕشی ئازادیخوازی گەلێکی وەک گەلی ڕووسیش بە قامچی نەبوایە بەدی نەدەهات و ئەو کەسەش بەوە لەگەڵ خۆیدا لۆژیکانەتر دەبوو بە مەرجێک ئەوەی لە جنێودان بە ستالین و ستالینێتیدا باوە لە ئەدەبی سیاسی بسڕێتەوە، چونکە بە پێویستبوونی قامچی بۆ بەرپابوونی شۆڕش و بەدیهاتنی پێشکەوتن، بوونی ستالینیش بە هەموو زۆرداری و توندوتیژی و گوێنەدانی بە مرۆڤایەتی مرۆڤیشەوە بە پێویست دەزانێ.

نووسەر لەگەڵ ژماردنی پێداویستییەکانی ساختاندندا، لە کۆتایی لاپەڕە ٤١دا ئەمە دەڵێ:

*«لە ١٩٣٣وە، فاشیزم بە خێرایی دەستی بە گەشەکردن کرد. ئەگەر یەکێتی سۆڤیەتی پێشی بە ئامێرە جەنگییەکەی هیتلەر نەگرتبا، دەشیا ئێستا ئەم جیهانە لە کوێ بێ؟»*

بە دڵنیاییەکی زۆرەوە دەڵێم کە گەورەترین هۆکاری ئەو هێرشەی ساڵی ١٩٤١ کە هیتلەر بۆ سەر ڕووسیا کردی، دەستکراوەیی سوپای ئەڵمانیا بوو لە یەک بەرەوە، ئەوەش دوای ڕێکەوتنەکەی نێوان ستالین و هیتلەر، لە ساڵی ١٩٣٩دا کە وای کرد لە سەرەتاوە دەرگا بۆ دەستپێکردنی جەنگ بکرێتەوە و ئەڵمانیا بتوانێ هەموو فەرەنسا و ئەوروپا، جگە لە

ڕووسیا، داگیر بکا، ئەوجا کە لە ڕۆژاوای پشتەوەی خۆی دڵنیا بوو، بە لایەوە ئاسان بوو سوپاکەی بەرەو ڕووسیا ئاڕاستە بکا. پێویستە شتێکی تریش بخرێتە سەر باسی جەنگەکە کە ناکرێ پشتگوێ بخرێ، ئەوەش جێی دەمەتەقێ نییە کە ئامێری پیشەسازی زەبەلاحی وڵاتە یەکگرتووەکان نەبوایە کە کەرەسەی جەنگی دابین دەکرد، هیچ هێزێک نەبوو بەرەو کۆتاییەکی سەرکەوتوو، ڕووبەڕووی ئەڵمانیا ببێتەوە. هەر ئەو ساڵەی سوپای هیتلەر هێرشی کردە سەر ڕووسیای سۆڤیەتی، ئەمەریکاش هاتە ناو جەنگەکەوە و هەموو توانای خۆی بۆ بەرهەمهێنانی کەرەسەی جەنگ خستە گەڕ تا دیتمان گەیشتە ئەوەی ١٨٠ هەزار فڕۆکەی جەنگی لە یەک ساڵدا بەرهەم بێنێ. جگە لەوەش، ژاپۆن لە هێرشکردنە سەر یەکێتی سۆڤیەت بەشدار نەبوو ئەوەش بە هۆی ئامادەیی بەردەوامی ئەمەریکا وەک هێزێکی زەبەلاح کە پێشی بە ئارەزووەکانی دەگرت.

پێویستە ئەوەش بڵێین ئەگەر هاوکارییە ڕاستەوخۆکانی ئەمەریکا بۆ تێچوونی جەنگی سۆڤیەتی لە سەر بنەمای «خواستنەوە و بەکرێدان»، تا ئاستی پێداویستییەکانی جەنگیش نەبووبێ، سەرقاڵکردنی ژاپۆن و ئەڵمانیا بە هێزی زەبەلاحیانەوە، پشتگیرییەکی زۆر گەورە و ڕاستەوخۆ بوو بۆ سوپای سۆڤیەتی جگە لە ڕۆڵی سوپای بەریتانیا لە باکووری ئەفریقیا و ئیتالیا کە دەبێ حیسابی بۆ بکرێ، ئەوجا لە فەرەنسا دوای ئەوەی وەک دۆست داگیریان کرد.

هەڵوێستی دوژمنکارانەی دەوڵەتە ڕۆژاواییەکان بەرانبەر ئەڵمانیا، لە یەکەم ڕۆژی جەنگی دووەمەوە نە ناوبڕی تێکەوت نە لاوازی، لە کاتێکدا ڕووسیای ستالین لەگەڵ ئەڵمانیادا خاکی پۆلۆنیایان لە نێوان خۆیاندا دابەش کرد و سێ دەوڵەتە بچکۆلەکانی بەڵتیکیشی قووت دابوو. ئەم

هەڵوێستەش یەکلاکەرەوە بوو بۆ ئەوەی دواتر، ڕووسیا بتوانێ بەرەنگاری هێرشی داگیرکارانەی ئەڵمانیا ببێتەوە و ویژدان، هەروەها بەرژەوەندیش وا دەخوازێ کە مافی هەموو هۆکارێک لە هۆکارەکانی سەرکەوتن بە سەر ئەڵمانیا و ژاپۆندا وەک خۆی بدرێ بە تایبەتی لە سەردەمی گلاستنوسدا کە سروشتی وایە حیساب و ڕاستییەکان ئاشکرا بکا. ئەوجا گەورەکردنەوەی ڕۆڵی دەستتێوەردانی ڕۆژاوا لە کاروباری ناوخۆییتان لە سەروبەندی بەرپابوونی شۆڕش و کشانەوەی ڕووسیا لە جەنگ، دەکرێ وەک هاوسەنگی تەبایی جیهانی سەیر بکرێ ئەوەش بە باسکردنی پەیوەندی ئەرێنی نێوانیان و داواش ناکەم بە زیادکردنی شتی وا کە ڕوویان نەدابێ، ئەو پەیوەندییانە گەورە بکەمەوە، وەک لە گەورەکردنەوەی لایەنی خراپەدا دەکرێ کە دەکاتەوە گەورەکردنەوەی چاکەی خۆ و سڕینەوەی چاکەی نەیار.

لە کۆتایی لاپەڕە ٤٤دا و دوای باسکردنی زۆر لایەنی پرشنگداری تاقیکردنەوەی شۆڕشگێڕانە و سۆسیالیزم کە هەموویان هی ئەوەن قسەیان لە سەر بکرێ، کتێبی پەرەسترۆیکا دەڵێ:

*«لە هەر پانزە هاونیشتیمانی کە ئێستا لە یەکێتی سۆڤیەتدا دەژین، چواردەیان دوای شۆڕش هاتوونەتە دنیاوە: هێشتاش خەڵک هەن بۆ ئەوە هانمان دەدەن کە دەست لە سۆسیالیزم هەڵگرین. جا چی پاڵ بە گەلی سۆڤیەتەوە دەنێ، کە لە سایەی سۆسیالیزمدا زیادی کردووە و بەهێز بووە، دەست لەو سستەمە هەڵگرێ؟»*

من یەکێکم لەو کەسانەی ئەو مافە بە خۆیان ڕەوا نابینن داوا لە خەڵکی بکەن دەستبەرداری باوەڕی خۆیان بن و هەر ئەوەش وام لێ دەکا بەرەو ئەوە نەچم یەکێکیان ڕەت بکەمەوە و ئەوی تریان قەبووڵ بکەم. هەر

ئەوەش هۆکارە بۆ ئەوەی بڵێم و بیڵێمەوە کە حکوومەت و حیزب و ئایدۆلۆژیا و تاک، مافی ئەوەیان نییە خەڵک ناچار بکەن شتێکیان خۆش بوێ کە خۆشیان ناوێ. ئەگەر گەلی سۆڤیەتی، بە گشتی، بیەوێ لە سەر سۆسیالیزم بەردەوام بێ، دەوڵەتە سۆڤیەتییەکان ئەو مافەیان نییە بۆ شتێکی تر ناچاریان بکەن و ئەگەر شتێکی جیاوازیشیان بوێ و ئەو ئارەزووەیان خستە ڕوو کە دەست لە شێوەژیانی ڕابردوو هەڵگرن، پێویستە ڕێزی ئەو ئارەزووە بگیرێ، جا چی دەبێ با ببێ.

ئەگەر گلاسنوست لە سەر ئازادی ڕا دەربڕین بەند بێ مەودای پیادەکردنی بۆچوونەکان نەبێ، ئیتر لە بنەڕەتدا خاڵی دەستپێکردنی «بنیاتنانەوە» نابێ، چونکە کاتێ ڕای بڵاوکراوەی خاوەن ڕایان لەو بڵاوکراوانەدا دەخوێنمەوە کە لەم ڕۆژگارانەدا لە یەکێتی سۆڤیەتەوە پێم دەگەن، ئارەزوویەکی سووتێنەرە بۆ دەربازبوون لە نەریتییەکانی ڕابردوو بە خۆی و شێوازی هەڵسوکەوتییەوە. زۆر دەوڵەتی وەک هەنگاریا و پۆڵۆنیا و هی دی، ئارەزووی خۆیان دەربڕی و جێبەجێشیان کرد. ڕووسیاش بە دانپێدانانی بەو گۆڕانکارییانەدا، کارێکی چاکی کرد و ماوەتەوە ئەوەی شتێکی ئاوها بۆ گەلی ڕووسیاش بکا و لەوەیە بیەوێ لە سەر سستەمی کۆن بەردەوام بێ یا بیەوێ چاکسازی تێدا بکا یا بیگۆڕێ، لە هەموو ئەوانەشدا ئازادە بەڵام بۆی نییە ئیرادەی خۆی بە سەر گەلێکی تردا بسەپێنێ جا با مۆڵداڤیاش بێ... لە ڕووی یەکەمایەتییەوە، حکوومەتی سۆڤیەتی بۆی نییە دەست لە هەڵبژاردەی گەلێکی تری سۆڤیەتی وەربدا بەو بیانووەی لەو دەستتێوەردانەدا، لە کاتی شۆڕشەوە نوێنەری هەموو گەلە سۆڤیەتییەکانە، چونکە ئەو بیانووە بە درێژایی مێژوو، ئەو هێزە گەورانەی کە دەستیان بە سەر چارەنووسی گەلاندا گرتووە، بە دەستیانەوەیە.

کتێبەکە بەردەوام دەبێ و دەڵێ:

*«ئێمە هەوڵێکی ئەوتۆمان بۆ پەرەسەندن و پشتگیری سۆسیالیزم نەداوە. لەو باوەڕەدام کەمترین ئاستی تواناکانی سستەمە نوێیەکە ئەوەندەیە کە هەتا ئێستا سوودی لێ بیندراوە».*

ڕەنگە دەمەتەقێ لە سەر ڕێکهاتنەوەی ئەو «کەمترین ئاست»ـە لەگەڵ حەقیقەتی شتەکاندا بێ ئەنجام بێ ئەوەش لەبەر ئەوەی «ئاستێکی تر» بۆ پێشکەوتن نەبووە تا لەگەڵ ئەو کەمترین ئاستەدا بەراوردی بکەین و پێ دەچێ ئەو کێشانەی لە بەردەم پەرۆسترۆیکادا هەن و لە ئەنجامی خۆخواردنەوەی دوور و درێژ و لەدەستدانی ئیرادە و دەسەڵاتی ئیرادەی سەرەوەتر لە ژیانی گەلی سۆڤیەتیدا، لەم ڕۆژگارەدا نەختێ ئەو کەمترین ئاستەی هێنابێتە خوارەوە، ئەوەش بیانوو بە بەردبووەکان دەدا بۆ ئەوەی هێرشی پێچەوانە بکەن بۆ سەر بەرنامە نوێیەکە ئەگەرچی سەرنەکەوتنەکانی ئەمڕۆ بەرهەمی شکستە کۆنەکانیشە و داختنەوەی قەپاغی ئەو مەنجەڵەی کە دەکوڵێ دەبێتە بەربەستی پەرتبوونی هەڵمەکەی دەبێتە هۆی کەڵەکەبوونی خۆخواردنەوەی زیاتر کە فشار ئەنجام دێنێ و پێشبینی ئەم دوو ئەنجامەی لێ دەکرێ:

- هێزی ئەو تەقینەوەیەی کە بەڕێوەیە و هێزەکەی لەگەڵ درێژبوونەوەی کاتەکەدا زیاد دەکا.
- ئەو دواکەوتنەی کە لە سەردەمێکدا ڕوو دەدا، زیادبوونی خێرایی پێشکەوتنی زۆر لە سەرەتای ئەم سەدەیە لەپێشترە و یەک ملیارد بیانوو چارەسەری ناکا.

نەخێر نابینم چ سوودێک لەم دەمەتەقێیەدا هەبێ بەڵام بە هیچ جۆرێ نابێ لە بیری بکەین گەلی سۆڤیەتی چ نرخێکی داوە تا ئەو ئاستە هەرە کەمەی پێشکەوتن بە دەست بێنێ، ئەوەش پێشکەوتنێکە، ئەگەر لەگەڵ کەمترین ئاستی پێشکەوتنی ڕۆیشتنی ئاسایی بێ شریقەی قامچی و گەرماوی خوێن پێوانە بکرێ، بە دڵنیاییەوە دەبێتە دواکەوتن بە تایبەتی ئەگەر تەماشای ئەو هەموو خێروبێرەی دنیا، بە زەوی و ئاسمان و وزەی کارەوە بکەین کە نیشتیمانی سۆڤیەتی هەیەتی. ڕێ بە خۆم دەدەم بڵێم بەندکراوانی بەندیخانە بۆیان نییە مەودای نیو سەعات وەرزشی بەیانیان لە مەیدانی بەندیخانەکەدا بە کەمترین ئاست یا بەرزترین ئاستی بەختەوەری بزانن مەگەر «بەختەوەری!»ی بەندیخانە پێوەر بێ دەنا بە پێوانە لەگەڵ بارودۆخی ئازادەکاندا بەشێکە لە بەندکردن و بێبەشکردن و خەم! هەر لوقمەنانێک کە بەندییەکی حوکمدراو بە زۆرداری ستالین، قووتی دەدا کەمترین ئاستی ژەهر و گوژاڵکە بە پێوانە لەگەڵ ئازاری ئەوانەدا چاویان دەرهێندرێ و پەراسوویان دەشکێ و بە قەنارەوە دەکرێن.

ئەوەی لە لاپەڕە ٤٥ی کتێبەکە ماوەتەوە، بۆ بەرگریکردن لە شۆڕش و دەستکەوتەکانی و سۆسیالیزم وەک ئامانجێکی پێویستی بێ ئەملاوئەولا، دەمەتەقێ لە سەر بیر و بیری پێچەوانە دەکا. هەمان مەبەست لە لاپەڕەکانی تری کتێبەکەدا بەرچاوە و بە باوەڕی من ئەوەش بۆ دوو شتێ جێگیر دەگەڕێتەوە: یەکەمیان ئەوەیە کە بەرپرسی یەکەمی دەوڵەتی سۆڤیەت و شۆڕشی بەلشەڤی و بزووتنەوەی ڕاستکردنەوە، جگە لەم ڕێیە مامناوەندییە ڕێیەکی تری نییە بۆ بەردەوامبوون بیگرێتە بەر. ئەگەر وا دانێین باوەڕی بە باشی شۆڕشی ١٩١٧ و شۆڕشی بەچکە، شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە دەست دابێ، ئەگەر ڕایبگەیەنێ، ئەو بناغەیە هەڵدەتەکێنێ کە لە سەری وەستاوە. ئەو میقدارە گونجاوەی بیروباوەڕ

کە بە کۆمەڵگەی سۆڤیەتیدا بڵاو بۆتەوە، زۆری نەما هەموو شتێ ژێر و ژوور بکا و ببێتە هۆکاری ڕەهابوونی هەزاران هەزار کەس لەوانەی هەر خۆیان دەخۆنەوە، ئەی دەبێ ڕاگەیاندنی ئیفلاس چی بقەومێنێ!!

دووەمیان ئەوەیە ئەم کتێبە لەگەڵ یەکەم دەنگهەڵبڕینی تازە بۆ ڕاستکردنەوە و ڕۆژگاری مزگێنییەکی بەرچاوڕووندا بڵاو بووەوە و هێشتا مەوداکە ئەوەندە بەرفرەوان نەببوو تا ئەنجامەکەی، مەگەر لە ئاستێکی زۆر کەمدا لە سروشتی سستەمێکدا دەرکەوێ کە ماوەی دەوروبەری حەفتا ساڵ خۆی سەپاندبوو و سەرۆک گورباشۆڤیش لە هەندێ لە قسەکانیدا، گلەیی لەو ئاستە کەمە هەیە. بەڵام باوەڕ ناکەم دوای دەرکەوتنی مەیلی توندی لایەنگری لە هەموو شوێنێکی نیشتیمانی سۆڤیەتیدا تا ئەوەی گەلە ڕۆژهەڵاتییەکانی ئەوروپا ڕەتکردنەوەی کۆمۆنیزمیان ڕاگەیاند، دڵڕاگرتنی نەفس و پەنابردن بۆ بیانوو و شیکردنەوە بۆ لێکدانەوەی ئەو لێشاوەی کە لە دژی مارکسیزم لینینیزم هەموو شتێک ڕادەماڵێ، سیاسەتێکی سەرکەوتوو بێ یا باوەڕی پێ بهێندرێ یا بتوانێ تووڕەیی زۆربەی هەرە زۆری گەلانی سستەمەکەی سۆڤیەتی مارکسی هەڵمژێ. ئەوەی لە بەردەوامی ئەم ڕێبازە چاوەڕوانی دەکەم بەرفرەوانبوونی بۆشاییە لە نێوان خاوەنەکانی پەرەسترۆیکا و گەلەکانیان و ئەوجاش دوو چارەسەری کێشەکە نەبێ، هیچ نامێنێتەوە: یا دەبێ خاوەنەکانی «بونیادنانەوە» بە گەڕانەوەی یەکجاری بۆ سەر هێڵی بەبەردبووەکان و بەگژداچوونەوەی ڕۆحی ئازادیخوازانەی نوێ، دەست لە هەوڵی ڕاستکردنەوە هەڵگرن و بیخەنە ناو قومقومە کۆنەکەی خۆیەوە، یا لافاوەکە هەستێت و هەرچی دێتە پێشی، هەر پلەوپایە و سروشتێکی هەبێ ڕایماڵێ و هیچ یەکێ لەو دوو حاڵە، بە تایبەتی بە دڵی نیەتپاکان و چاکەخوازانی سۆڤیەتی و ڕۆژهەڵاتی ئەوروپایی نییە و بە گشتیش بە دڵی مرۆڤایەتی نییە، چونکە ڕێگەی ئاشتی بە کۆبوونەوەی

هەڵگرانی پەیامە تازەکە و سەرجەمی خەڵکەکە نەبێ لە سەر یەک بەرنامە بەدی نایێ. بەڵام گردبوونەوەی دەسەڵات و گەل لە یەک بەرنامەدا هەر قسەیەکی شیرین و بە شانداکوتان و تەوقەکردنی گەرمی سەرکردە و بنکردە نییە، ڕەهاکردنی ئازادانەی گردبوونەوەش نییە تا بۆ خۆپیشاندان قەتارە بکەن و دروشم بەرز بکەنەوە، چونکە هەموو ئەوانە بایی ئەو مافەن کە بە خانمی ماڵەوە دەدرێ تا بۆ چێشتلێنانێک بچێتە مەتبەخەوە و ئەگەر ڕۆن و خوێ و برنج و گۆشت و شتی لەو بابەتانەی تێدا نەبن، نە خواردن لێ دەندرێ نە هیچ. پەرۆشیش بۆ دیموکراسی خۆی لە خۆیدا چ کێشەیەک چارەسەر ناکا و چ پەڕپەڕە و جەڕێک ناسووڕێنێ و بۆ ئەوەی ئازادی ڕا دەربڕین ببێتە سیمای سیاسی دیموکراسی تێکەڵ و پێکەڵ لەگەڵ بەرهەمهێنان و دابەشکردن و سەرفکردندا کە لایەنی ئابوورییەتی، دەبێ مەرجی تەواوکەر و هاوئاواز هەبێ خەسڵەتی تەواوکەر و هاوئاهەنگ هەبێ کە دوای دەمەتەقێکردنمان لە سەر ئەو بڕگانەی کە دواتر لە کتێبەکەدا دێن، بە کورتی بە سەر هەموویاندا دەچینەوە:

ناوەڕاستی لاپەڕە ٤٥ چوار دێڕی لە پێداهەڵدانی سۆسیالیزمی سۆڤیەتدا تێدایە، کە بەم دەربڕینە کۆتایی دێ: «ئایدۆلۆژیای ئێمە خۆی لە خۆیدا و لە سروشتدا گردەبڕ و شۆڕشگێڕانەیە». بە گوێرەی زانیاری من و کەرەسەی تاقیکاریم، هیچ شتێ وەک ئەم شۆڕشگێڕی و «حەماسەت!»ـەی ئایدۆلۆژیا کوشندە نییە چونکە لەبەر ئەوەی شۆڕشگێڕانەیە قومێ وشیارکەرەوە قەبووڵ ناکا لە دەرەوەی سنووری شۆڕشگێڕییەوە بێ... وا لە پێویستی و بەڵگەنەویستەکان دەکا لووتکەی بزاوتن و پێشکەوتن بن، لە کاتێکدا گەورەترین بەربەستن لە بەردەمیاندا.. سەپاندنی جەدەلی وەهای بە هەڵەدا دەبا کە دەرگای هیواو و نەجاتی مرۆڤایەتی بێ و لە سەر لەناوبردن و دەستبەسەرداگرتن و

بەندکردن و مرۆپەرستی و دابەشکردنی قسەی بۆشیش بەردەوام دەبێ. لەبەر ئەوەشی گردەبڕە، هەموو دەست و زمانێک دەبڕێ ئەگەر لە دەرەوەی سنووری شۆڕشگێڕی و چینایەتی و واتاکانی بەرخۆری و کۆنەپەرستیدا ببزوێن. ئەوەندەی لە ناو تەمی ئایدۆلۆژیا و سەلامەتی شێوازی و دووری لە لادەرانەوە نقوم دەبێ، ئەوەندە خەریکی شێوازی پێشخستنی بەرهەمی تەماتە نابێ... لەبەر ئەوەی گردەبڕە، بە مایکرۆسکۆپ بە دوای ڕەگی هەڵگەڕانەوە و لادانی ناخی کرێکار و وەرزێر و ڕێبەر و مامۆستای زانکۆ و سەرکردە سەربازییەکاندا دەگەڕێ!! لەبەر ئەوەشی گردەبڕە بەرانبەر هەر لۆژیکێکی دروست کە لە هەڵەی گردەبڕ و شۆڕشگێڕانە ئاگاداری بکاتەوە گوێ و چاوی خۆی دەگرێ. چ لە تیۆری و چ لە پراکتیکدا.

گردەبڕی و شۆڕشگێڕی بە تیشکی خۆر ناچن کاتێ دەردەکەوێ بە بێ هەڵە و پەڵە دنیا ڕووناک دەکاتەوە و وەک هاتنی چوار وەرزەکەی ساڵیش نییە کە پێویستیان بە کەس نییە کاتی هاتن و ڕیزکردنیان دابین بکا. گردەبڕی و شۆڕشگێڕی زاراوەی ناڕوونن بەڵام زەبەلاحن و لە ڕاستیدا خەڵکانێک پەیڕەویان دەکا کە پڕن لە گرێکوێرە و نەزانین و ترس و بەهەڵەداچوون، ئەدەبی شۆڕشگێڕیش بەرەو خراپترین وێرانکاری کۆمەڵگە پاڵیان دەنێ! بزرکردنی ڕەواییش! لایەنگری ناڕەواییش! دەبێ کرێکار و وەرزێر و ئەندامی کۆمیتە سۆڤیەتییەکان کە نەخوێندەوار و نیمچەخوێندەوارن، تێگەیشتنیان بۆ تیۆری و خەسڵەتە شۆڕشگێڕییەکەی و گردەبڕی لە چارەسەردا چی بێ، جگە لەوەی بە سەرکوتکردنی چەوسێنەری چینی کرێکار و وەلاتانی بەربەستی بەر پێشکەوتن و هەڵوەشاندنەوەی ڕایەڵی چینی چەوسێنەری بزانن، هەموو ئەوانەش هەمان شتیان دەوێ کە بەلاداخستن و شۆڕشگێڕییە لە لەناوبردن و ڕووتاندنەوە و گرتن و ماڵوێرانکردن.

بەڵام ئەم باسە لەو کاتەدا ڕوونتر دەبێتەوە کە قسە لە سەر بڕگەکانی دواتری ئەم کتێبە دەکرێ. لە سەرەتای لاپەڕە ۴۶دا، نووسەر دەپرسێ بۆچی ئەو هەموو شتە ڕوویان دا تا پەرەسترۆیکا پێویست بێ؟ ئەی بۆچی دوا کەوتن؟ بۆچی شێوازی کۆنی کار بەردەوام بوو؟ چۆن توندڕەوی لە بیروباوەڕدا ڕووی دا؟ یەکسەر لە دوای ئەوانەدا دەڵێ کە هەموویان داوای لێکدانەوە دەکەن، ئەوجا دەڵێ حیزب و کۆمەڵگە هەستیان بەوە کرد کە نەرێنی گەشە دەکا و ئاگایی پێویستی بە گۆڕانکاری هەیە و پتر لە جارێک خۆی ڕوون کردۆتەوە بەڵام گۆڕان بەردەوام نەبوو و لە بن تەوژمی کەلەپووری ڕابردوو ناجێگیر بوو. باسی دوو هەوڵی جددی دەکا کە یەکێکیان ساڵی ۱۹۵۶ بووە (بە دەستپێشخەری نیکیتا خرۆشۆڤ کە ئابڕووی ستالینپەرستی و لایەنە نەرێنییەکانی برد) بەڵام بە تەواوەتی نەقۆزرایەوە ئەوەش بەهۆی ئەو شێوازەی کە سەرکردەکانی سەردەمی خرۆشۆڤ بە سەرپێیی دایانڕشت و بەڵێن و تەماحی بێ بنەمایان دا... هەوڵی دووەم لە کۆبوونەوەی ساڵی ۱۹۶۴ی لیژنەی مەرکەزیدا بوو (کە خرۆشۆفی لە جێی خۆی هەڵکەند) بەڵام وەک ئەوەی پێش خۆی نەرم بوو ئەگەرچی بە شێوەیەکی کاتی هەندێ ئەنجامیشیان هەبوو... دەشڵێ کەشوهەوای لەخۆڕازیبوونی دوای گۆڕینی سەرکردایەتی (مەبەستی گۆڕینی سەرکردایەتییەکەی خرۆشۆڤە)، بووە هۆی داوەستان و بەربەستی پێشکەوتن... لەوانەشەوە بەم ئەنجامە دەگا:

- یەکەم: سۆسیالیزم، بۆ چارەسەرکردنی ئاڵۆزترین کێشەی پێشکەوتن توانایەکی زەبەلاحی هەیە، بەڵام هیچ بەڵگەیەک لە سەر ئەوە بە دەستەوە نادا، بەڵکو هەر بەوە واز دێنێ باوەڕی خۆی و براکانی بەیان بکا و هەست بەوەش دەکا باشترکردنی سۆسیالیزم

کارێکی خۆبەخۆ نییە بەڵکو پێویستی بە گرنگیپێدانی زۆر گەورە و شیکردنەوەی ڕاستگۆیانە و ڕەتکردنەوەی بەسەرچوو هەیە.

- دووەمیش: کە گرنگترە، پێویستی پشتبەستنە بە دەستپێکردنی جەماوەر و بەشداربوونی چالاکانەیەتی لە ئەنجامدانی چاکسازی لە لایەن بەرفرەوانترین بەشەکانی دانیشتوانەوە...

لێرەشدا لە سێیەکی یەکەمی لاپەڕە ۴۸ دەگەیەنە سەردێڕێکی تازە کە ئەمەیە: «پەرەسترۆیکا چی فێر کردین؟». لێرەدا لە سەر باسی مەسەلەکان، بە بێ شیکردنەوە بەردەوام دەبێ و تا لاپەڕە ۵۴ی پێ دەگرێتەوە و دەکرێ گرنگترین خاڵی ئەو لاپەڕانە ئاوها کورت بکەینەوە:

- کۆمەڵگەی سۆسیالیزم شتێکی چەقبەستوو نییە تا هەتاهەتا خۆی لەگەڵ شێوازی بڕیاردا بگونجێنێ چونکە تێگەیشتنی بەردەوام پەرە دەسێنێ و بە حیسابکردنی شارەزایی مێژوو و پراکتێکی سەردەم، دەوڵەمەند دەکرێ.

- بە بەردەوامی لەگەڵ پەرەسترۆیکادا، لە هەڵوێستی داهێنەرانەی لینین فێر بووین و ئێستاش فێر دەبین.. بەرنامە زانستییەکانی بەکار دێنین و بەرهەمەکانی دەخوێنینەوە، بە تایبەتی ئەوانەی دوایین.

- لایەنی کلاسیکی مارکسیزم لینینیزم، خەسڵەتی جەوهەری سۆسیالیزمی پێشکەش کردین بەڵام شێوەی وردەکارییەکەی نەداینێ. باسی سەردەمەکانیشی کرد بەڵام دەبێ هەست بە پێداویستی ئەم سەردەمە بکەین.

- سەردەمی تازە بەرەوڕووی ئەوەمان دەکاتەوە کە بە مەسەلە تیۆرییەکان و ئەو بیرانەدا بچینەوە کە لە سەر سۆسیالیزم بنیات

نراون و ئەوجا بە پیرۆز زاندران، ئەوەش بە پشتبەستن بە کەلەپووری لینین.

- لە ڕابردوودا بارودۆخ پاڵی ناین بۆ ئەوەی شێوە و شێوازەکانی سۆسیالیزم قەبووڵ بکەین، ئەوجا بە پیرۆزی بزانین و بیگۆڕین بۆ باوەڕی وشک، ئەوجا ئەو وێنە نەزۆکە سۆسیالیزمە مەرکەزییەی لێ کەوتەوە کە زیادەڕۆیی تێدا کرا و هونەری هەمەجۆری بەرژەوەندی مرۆڤ و کەمکردنەوەی چالاکی مرۆیی لێ پەیدا بوو... نموونە لە سەر ناخۆشی بارودۆخی سەردەمی جەنگ دەهێنێتەوە کە لە بەڕێوەبردندا بووە هۆی مەرکەزییەتی توندوتیژ و بناغەی دیموکراسیی لە سستەمی بەڕێوەبردندا، لە یەکێتی سۆڤیەت گچکە کردەوە.

- چۆنیەتی پەرەسەندنی ئەو دژەبەرانە بە چەند شتێک باس دەکا: یەکەمیان ئەوەیە یەکێتی سۆڤیەت بە تەنها بەرەنگاری هەموو جیهانی سەرمایەداری بووەوە و بۆ زاڵبوون بە سەر دواکەوتنی ئابووریدا [کە لە سستەمی قەیسەر و جەنگی جیهانی یەکەمەوە بۆی مابۆوە- م.م]، دەبوو لە هیچەوە پیشەسازی نوێ دابین بکا، بە پیشەسازی بەرگریشەوە، تا پارێزگاری لە توانا و سۆسیالیزمی هەڵبژاردەی خۆی بکا. لەبەر ئەوە، سستەمی بەڕێوەبردنی بواری ئابووری بە مەرکەزیەتێکی توند داخوازییەکانی دابین دەکرد و بە گردەبڕی ئامانجەکانی دەستنیشان دەکرد و بودجەی بۆ دادەنا و لە ئەنجامدا بە ئامانجی خۆی گەیشت. بەڵام تەنها بارودۆخی دەوروبەر نەبووە هۆی پێویستی ئەو بەڕێوەبردنە چونکە پێشەکی هەڵە و بڕیاری کەسێنیش لە ئارادا بوون.

بەڕێوەبردن لە سییەکان و چلەکاندا، وردەوردە کەوتە ناتەبایی لەگەڵ خواست و بارودۆخی پێشکەوتندا و بووە بەربەستی پێش ڕەوتەکە و بووە پێچکەیەکی پێش پێگیراو و تەوژمی بیروباوەڕ بەرەو ئابوورییەکی ماندووی بردین کە تا ناوەڕاستی هەشتاکان بەردەوام بوو... ئیتر بنەمای دیموکراسی لە بەڕێوەبردندا بەرتەسک بووەوە و جێیەکی سنووردار نەبێ، بۆ بیری لینین لە خۆبەڕێوەبردنی جەماوەر و دابڕانی خاوەنداریێتیدا بۆ خاوەنە ڕاستەقینەکانیان، کە کرێکارانن، نەمایەوە... خوێنەوارە لێهاتووەکان، کە بە سۆسیالیزمەوە وابەستە بوون، نەیانتوانی سوودی تەواو لە توانا شاراوەکان لە سۆسیالیزمدا وەرگرن، بۆیە کرێکار و وەرزێر و ڕۆشنبیران نوێنەری بەردەوامیان لە ڕێکخراوەکانی دەسەڵات و بەڕێوەبردندا هەبوو بەڵام بۆ بڕیاری پەرەسەندنی ڕاستەقینە نەدەهێندران... بیرۆکرات، لە هەموو کاروبارەکاندا دەسەڵاتی یەکجار گەورەی بە دەست هێنا...

بیرۆکەکانی لینین لە دەسەڵات و خۆبەڕێوەبردن و گرێدانی بەرژەوەندی گشتی بە بەرژەوەندی تایبەتییەوە، نەیانتوانی جێبەجێ بکرێن و پەرە بسێنن... پەرەسترۆیکاش ئەرکی بۆ سیاسەت و بیری کۆمەڵایەتیی نوێ دانا ئەوەش بە سنووردارکردنی چەقبەستن و زاڵبوون بە سەر شوێنەواری بەرخۆری تیۆریدا بۆیە دەبوو گۆڕانکارییەکی تیژ لە بیری سیاسیدا بکرێ وەک کە لینین بە توانای هەستکردنی بە پێداویستی گۆڕانکاری لە کاتی گونجاو و پێویستی پێداچوونەوە بە هەڵسەنگاندنی هەڵسەنگاندن و چوونەوە بە سەر ڕێنمایی و دروشمە سیاسییەکاندا.

لە سەر ئەوەش نموونەیەک دێنێتەوە کە لینین دوای شۆڕشی شوباتی ١٩١٧ کاتێ لە نیسانی هەمانساڵدا بۆ ڕووسیا گەڕایەوە، لە داڕشتنی تەکتیکی حیزب و سۆڤیەت دوا نەکەوت بەڵکو ستراتیژێکی تازەی هێنا

که ئەوەش سۆسیالیزم بوو بۆ ئەوەی ئەو دەستکەوتانەی بە ڕووخانی قەیسەر بەدەست هاتن لەناو نەچن و ئەوەش جۆرێکی تازە بوو لەو بیرکردنەوە سیاسییەی کە سەرۆک گورباشۆڤ و هاوڕێکانی، لە کاتی جێبەجێکردنی پەرەسترۆیکادا فێری بوون. لینین دەیتوانی باوەڕ بە خەڵک بێنێ و باسی مەسەلەکان بکا و دوودڵەکان بە لای خۆیدا ڕاکێشێ و خۆشی دیتی هەندێ جار مەسەلەکە زەحمەتە و جارێ بە پەژارەوە نووسیبووی و ئاماژەی بەوە دابوو کە خەڵک لە شۆڕشدا چاوەڕوانی پشوودانیان دەکرد و ئەویش ئامادە نییە هیچ کاتێکی ناخۆش کە لەگەڵ خەڵکی بازاڕی و ساکاردا بە سەر دەبا، بە خودی ژیان بگۆڕێتەوە...

سەرۆک گورباشۆڤ دەڵێ کە خۆی و هاوڕێکانی، گرنگییەکی تایبەتییان بە بۆچوونی گشتی بۆ مەسەلە گشتییەکان داوە بە تایبەتی لە کۆبوونەوەی حوزەیرانی ١٩٧٧ی لیژنەی مەرکەزیدا، بۆ ئەوەی مەسەلەیەکی دیاریکراو ببەیتەوە، پێویست نییە شتەکان هەڵگێڕیتەوە ئەوجا دەست بە چاکسازی بکەیت. مەسەلەی تازەش هەن کە وەڵامی ئامادەکراومان بۆیان نییە و زانا کۆمەڵایەتییەکان هیچیان لە بارەیانەوە نەگوتوە و ئابووری سیاسی سۆسیالیزمیش بە هۆی ئەو واتا کۆنانەوە کە پێیانەوە وابەستەن لەگەڵ جەدەلی ژیاندا هاوشان نارِوا. ناشکرێ بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە بە بێ تیۆری شۆڕشگێڕانە هەبێ...

خستنەڕووی ئەو بۆچوونانەی نێوان لاپەڕە ٤٦ و ٥٤ی کتێبەکە بۆیە درێژەی کێشا تا وێنەیەکی ڕوونی ئەو باسانە لای خوێنەر دروست بێ کە قسەیان لە سەر دەکەم و ئەو باسانەی پێ تەواو بکەم کە پێشتر، بەر لەو پرسیارانەی کە پێش لاپەڕە ٤٦ هاتوون. بەڵام لەوەوە دەست پێ دەکەم کە هۆکاری تێکشکانی خرۆشۆڤ و سەرنەکەوتنی بریژنێڤ بەم شێوەیەی خوارەوە بخەمە ڕوو:

من پێم وایە ئەگەر ئەو چەقبەستنە زیادە و ئەو خۆ لە قاوغنانە نەبوونایە کە لە سەردەمی ستالین و لە هەندێ ڕووەوە لە یەکەم ڕۆژانی شۆڕشەوە تاقیکردنەوەی کۆمۆنزمیان گرتبۆوە، خرۆشۆڤ شکستی نەدەهێنا، ئەگەرچی خرۆشۆڤیش وەک هەر ئادەمیزادێکی تری سەر ئەم زەوییە کەموکورتی خۆی هەبوو، دیارترین کەموکورتیشی ئەوە بوو کە باو بوو هەندێ جار ڕەفتاری بازاڕیانە و شتی وەهای هەبوو کە هەر لە شێت دەوەشێتەوە، هەروەها بەهیچزانینی خەڵک و شت و ئەوەش هۆکاری ڕاستەقینەیە بۆ ناوریایی و بێدەنگکردنی نەیارانی بزووتنەوە ڕاستکردنەوەکەی و توانییان بە ئاسانی وەلای بنێن. ئەگەر کەموکورتییەکان تاکە هۆکاری ڕووخانی بن، خۆ ستالین کەموکورتییەکانی، سەدان جار لە هی ئەو زیاتر بوون و نەشڕووخا چونکە چنگە ئاسنینەکەی هەموو ئەوانەی تێکدەشکان و تێکشکاند، کە ورتەیەکی نارەزایی یا بەرهەڵستکاری لێوە هاتبا. ئەوەی جێی داخیشە ڕووخانی خرۆشۆڤ ڕاستکردنەوەکەی بۆ ماوەی بیست ساڵ پتر دواخست و ئەگەر بە کەموکورتی و خەسڵەتەکانی خۆیەوە لێگەڕابان مەسەلەکانی بە جۆرێ چارەسەر دەکرد کە لە دوارۆژدا پێویستی بە زەحمەتییەکانی پەرەسترۆیکا نەدەما. ئەمە لەو ڕووەوە ناڵێم وەک فاڵم گرتبێتەوە یا ڕمڵم لێ دابێ بەڵکو بە پێی لۆژیکی ڕووداوەکان و هەڵوێستەکانی سەردەمی خرۆشۆڤ و پێشتر و پاشتر.

دەستبردن بۆ شکاندنی پەیکەری ستالین و دەرهێنانی لە گۆڕ، زۆر لەوە زەحمەتتر بوون هەڵەیەکی بەرچاو ئاشکرا بکرێ و بە شتێ چارەسەر بکرێ کە لەگەڵ سروشتی مرۆڤدا یەک بگرێتەوە. بەڵام چاودێری شەیتانەکانی نەفسی بەد نەجاتدانی ملیۆنان ملیۆن کەسی تەنگپێهەڵچندراوی جیهانی سۆڤیەت لە بەرچاوڕوونی خرۆشۆڤ کاریگەرتر بوو. هەندێ هەڵە لە خواردنەوەی ژەهر ئاشکراترە و

چارەسەریش ڕێنەدانی خواردنەوەیەتی. مەسەلەی پەیدابوون و داڕووخانی خرۆشۆڤیش لەوە ڕوونترە درێژەی پێ بدرێ بۆیە جێی دێڵم و دەچمە سەر باسی بریژنێڤ.

بیستوومە و خوێندوومەتەوە کە بریژنێڤ کەسێکی توند و بێئەدەب بووە و پێچەوانەی لایەنە خراپەکانی خرۆشۆڤی تێدا نەبووە و توندی و زبرییەکەی لەگەڵ دڕندەییەکەیدا هاوئاهەنگ بوونە و لەگەڵ ڕۆحە ستالینییەکەیدا بەردەوامییان بەو دەسەڵاتەی داوە کە بۆ خۆڵەقاوغنان و بیرۆکراتی و پشتگوێخستنی جەماوەر و هاشاکردن لە ڕۆحی سەردەم بەکاری هێناوە. ئەگەر قسە لە سەر سەرنەکەوتنی خرۆشۆڤ بێ یا بە بەردبوونی بریژنێڤ، جەماوەری بەرفرەوان ئەوەندە دەستیان لە ڕەوتی ڕووداوەکاندا نەبووە باس بکرێ بەڵام بێگومان بەرژەوەندی ڕاستەقینەیان لە سەرکەوتنی خرۆشۆڤدا بووە و لە سەرکەوتنی بریژنێڤیشدا زەرەرمەندی ڕاستەقینە بوونە. ئەوەی لە تاقیکردنەوەی ڕابردوو، لە گۆشەنیگای پەرەسترۆیکاوە ئاماژەی پێ دەکرێ، بچووککردنەوەی ئەو بەرنامە و بۆچوون و باوەڕانەیە کە هەوساری ڕەوتەکە دەگۆڕن و بەرەو قاوغبەستن و پەرگیری و دەستبەردان لە سەپاندنی بۆچوون بە سەر جەماوەردا بە پێچەوانەی ئارەزووی خۆی، ئەوەش قسەیەکە دەچێتە خانەی وردبوونەوە لەو کورتکردنەوەیەی ناوەڕۆکی قسەی نێوان لاپەڕە ۴۶ و ۵۴.

لێرەدا یەکەم ئەرک ئەوەیە وەڵام ئەو پرسیارانە بدرێتەوە کە لە خودی کتێبەکەدا، لە سەرەتای لاپەڕە ۴۶دا هەن، ئەوانەش ئەمانەن:

- بۆچی هەموو ئەو شتانە ڕوویان دا کە وا دەکەن پەرەسترۆیکا پێویست بێ؟
- بۆچی پەرەسترۆیکا دوا کەوت؟

- بۆچی شێوازە کۆنەکان بەردەوام بوون؟
- توندوتیژی بیروباوەڕ چۆن ڕووی دا؟

ئەو پرسیارانە، ناوەڕۆکی ڕوونیان هەیە و دوور نییە وەڵامیان لە بەشی بڵاوکراوەی یەکەمی ئەم کتێبە و ئەوەی لەم بەشەدا کە تا ئێرە نووسراوە، هەبێ بەڵام بەدەستهێنانی وەڵامێکی گردەبڕ و جێی باوەڕ بۆ ئەو خاڵانە زەحمەتە لە بەشە پەرشوبڵاوەکانیەوە، کە سەرەتاکانی لە کۆتاییەکانیەوە دوورن بۆیە پێویستە بە گردکردنەوەی وەڵامەکان لە هەموو بەشەکانەوە یەک شێوە وەڵاممان هەبێ و قسە و بەڵگەی تازەشیان بخەینە سەر.

وەڵامی پرسیاری یەکەم، کە لە واقعی بارودۆخی شۆڕشی بەلشەڤییەوە وەرگیراوە، هێندەی بەڵگەنەویست ئاشکرایە: ئەگەر ڕێ هەبوایە ستالین بە ڕەهایی زۆرداری لەگەڵ دەوڵەتی سۆڤیەتدا بەکار بێنێ و بوونی سۆڤیەت وەک وڵات و حیزب و گەل بگرێتەوە، نزیکترین ئەنجام ئەوە دەبوو کە هەموو شتێ لە جێی خۆی دەوەستا، ئیتر لە مرۆڤەوە بگرە تا دەگاتە شتڵە باینجان: سوغرە و زۆرداری و زەلیلکردن، مرۆڤایەتی تاک و کۆ دەگوشن و بینا و ڕێگەوبان و کەناڵ پیشەسازی لێ دروست دەکەن تا تەڕایی لێ دەبڕێ و هیچ سوودێکی تر ناگەیەنێ و بە زیادکردنی چەوساندنەوە و توندکردنی چنگ، تۆپەڵی شەیتانۆکەی مردوو و توێکڵی وشک زیاد دەکا. ئەگەر وشکبوونی ڕەگی زندەوەران، کە بەشەریش بەشێکیانە، سروشتی ژیان بە توانای بەرهەمهێنانەوە ڕەتی بکاتەوە، زیادکردنی وزەی گوشین شیلەی لێ دەردەهێنێ تا لە ئەنجامدا دەبێتە جاروبار و دوایی دەبێتە دڵۆپەی لەبەرچوون. مادام زۆرداری بەردەوامیش پرۆسەی خەساندن و بێبەرکردنی تواناکانی خەڵک و

دەستپێشخەرییان بێ، هەر پێشوەخت بڕیاری داوە بە زەحمەت جێی گوشراوەکان پڕ بکاتەوە تا بەرهەمی بەردەوام بگاتە دەست ئەوانەی دایاندەدۆشن.

زۆرداریی شێتانەی نەخوێندەوارانەی نقومی جەهالەت، بە عادەت، لە زۆرداریيەک کەمتر توانای خەڵک لە بن دێنێ کە لە سەر ئایدۆلۆژیا و تیۆری پیرۆزکراو بنیات نرابێ و هەموو تەواوەتییەکی مرۆ لە خۆیدا ببینێتەوە و کڵێشە و قالبەکانی خۆی بە حوکمی هەمیشەیی دانێ و بە سەر پێداویستییەکانی سەردەمدا باز بدا. باوەڕێکی دیاریکراوی هیچ سەردەمێکمان نەدیوە خەسڵەتی تەواوەتی بە خۆی دابێ و توانیبێتی وەک خۆی لەگەڵ سەردەمەکان و حوکمەکانیدا، بە بێ لێکدانەوە و بیانوو و ڕێبزری بڕ بکا، ئەگەر ئەوانەی پێ نەکرابێ وەک بەربەستی جۆبارێکی لێ هاتووە کە پێش ڕەوتی ئاو بگرێ. باوەڕیش ناکەین هیچ باوەڕێکی ئاسمانی و زەمینی، وەک باوەڕی مارکسیزم لە بەر چاوی لایەنگرانیدا گەیشتبێتە ئەو ئاستی پیرۆزی و تەواوەتییە و کە بوو بە دەسەڵات و حکوومەتیش مەترسییەکەی زیادی کرد لە کاتێکدا باوەڕەکانی تر بە درێژایی مێژوو وەکو دەق مانەوە و خەڵک لە دەرەوەی دەسەڵاتەوە توێژینەوەیان لە سەر دەکا و لە سەریان دەنووسن و دەسەڵاتیش چی تێدا ببینێ لە بەرژەوەندی ئەودایە، جێبەجێی دەکا و ئەگەر لە شەرعە باوەکاندا دەستی نەکەوێ، لە یاساکانی دنیاوە ئەو دەقانە دێنێ کە سوودیان بۆی هەیە. بەڵام دەسەڵاتی کۆمۆنیزم ڕێی ئەوەی نەبوو چونکە هاوردنی یاسای تر وای دەگەیاند کە دەستی لە خۆی هەڵگرتووە و بەرەو بۆرژوازییەت گەڕاوەتەوە. هەموو یاسا ڕەچاوکراوەکانی دەوڵەتە ئاینییە ئاسمانییەکان تێکەڵن لە دەقی دینی و دنیایی کەچی شەرعی شیوعی بە درێژایی تەمەنی وەکو خۆی مایەوە، ئیتر چۆن دوای شەست ساڵ کەڵەکەبوونی گەندەڵی و کەمتەرخەمی، ڕاستکردنەوە نابێتە حەتمیەتی

پێویست؟ ئەو نەگبەتییە بەسە دەوڵەتی خاوەن زەوی و ئاو، دەیان ساڵ دانەوێڵە هاوردە بکا و بە هۆی پیرۆزیی «کۆڵخۆز»ەوە نەتوانێ شێوازی کشتوکاڵ بگۆڕێ!

هەموو کەموکورتی و چەقبەستن و شەختەبەستنێک، بە هەرچی لەناوبردن و بەندکردن و دوورخستنەوە و سوخرەیەکی وڵاتانی سۆڤیەتەوە، لە یەکەم پلە و دووەمدا، لە سروشتی سستەمەکەوە سەریان هەڵداوە کە لە سەرەتاوە لە سەر بیرۆکەی دکتاتۆرییەت دامەزراوە و ڕوودانیشیان خۆبەخۆ و بێ ئەوەی کەس نارەزاییەکی بیستراو بەرانبەری دەربڕێ، بەڵگەیەکی گردەبڕە بۆ ئەوەی کە ڕوونەدانی کەموکورتی و قاوغبەستنەوە جێی سەرسوڕمانن و پرسیاریان لە سەر پەیدا دەبێ! مەڕ بە تەماحی سەربڕین قەڵەو دەکرێ و ئەگەر سەرنەبڕدرێ دەبێتە جێی سەرسوڕمان، ئەوجا جێی سەرسوڕمانی گەورە ئەوە دەبێ کە مەڕ ناتوانێ لە شوانەکەی و خاوەنەکەی و قەسابەکەی و ئەوەی دەیخوا یاخی بێ و ئەگەر بە هۆی هێزێکی غەیبییەوە یاخیش بێ، چارەنووسی ترسناکتر دەبێ و دەکەوێتە بەر کەڵبەی دڕندە و دوور نییە ڕەگەزی ببڕێتەوە.

بەڵام یاخینەبوونی مرۆ لە بەندیوان و بکوژ و زۆردار جێی سەرسوڕمانێکی بێوەڵامە مەگەر لە واقیعدا بە دوایدا بگەڕێین کە تیایدا سەر بۆ بارودۆخێک شۆڕ دەکا کە زۆرترین سووکایەتی پێ دەکا و لێرەشدا مرۆڤی سۆڤیەتییە کە بەرەوڕووی قەیسەر ڕاپەڕی و ڕاپەڕینیش بەڵگەی هۆشیاری و ڕەتکردنەوەیە، ئەوجا تا ئاستی سنووری لەدەستدانی هەستی مرۆڤایەتی کەوتە بن دەسەڵاتی ستالینەوە: دژی ئەو قەیسەرە ڕاپەڕی کە بە پێی بۆچوونی خۆی، خەسڵەتی پیرۆزی نەبوو، ئەوجا ملی بۆ زۆردارێکی توندتر و دڕتر شۆڕ کرد کە پێی وا بوو وەک ئینجیلی پارێزەری شۆڕشگێڕی خەسڵەتی پیرۆزی هەیە و کاتێکیش

مرۆڤایەتییەکەی سیس هەڵگەڕا و بە دیتنی لەناوبردن و سەربڕین لە ماوەی دەیان ساڵدا، هەستیشی لە دەست دا و ئەوجا لاوازی کاریگەری لە بەرهەم و ڕێکخستندا بوو بە شتێکی حەتمی و ڕوون.

ستالین تاوانکارێکی ترسناک بوو، بەڵام هەڵگری تاوانگەلێک بوو کە خۆی داهێنەریان نەبوو چونکە ناواقعی تیۆری خۆی لە خۆیدا بەربەستێکی ترسناک بوو لە بەردەم بەرەوپێشچوون و هەتا ڕۆژی ئەمڕۆمان، ڕێنماییەکانی لینین لە ئاستی ئینجیلی دووەمدایە و ئەو میقدارە باشەی ئەو ڕێنماییانەش لە کەشوهەوایەکی نەگونجاودا لە بارێکدا هاندەری نەبێ، نەیدەتوانی کاریگەر بێ. بەڵام بۆ ئەوەی قسەکانمان نەبنە ڕێبزری، پێویستە ئەوەمان بیر بکەوێتەوە کە گوتم ستالین هەندێ لە تاوانەکانی غەیری خۆی هەڵگرت: ئەوەش لەوەدایە کە ستالین دەرفەتی ناواقعییەت و نەریتی لینینی قۆستەوە تا ئەوانە جێبەجێ بکا کە خۆی دەیویست نەک لە ڕووی پێویستییەوە:

کورتەی قسان ئەوەیە کە ئایدۆلۆژیای مارکسیزم لە ناو خۆیدا هەموو ئەو ڕێتێچوونانە هەڵدەگرێ بۆیە پەرەسترۆیکا پێویست بوو. قسەش لە سەر ئەم بابەتە کۆتایی نییە.

وەڵامی پرسیاری دووەمیش: «بۆچی پەرەسترۆیکا دوا کەوت؟» بە ساکارییەکی زۆرەوە ئەوەیە، دواکەوت چونکە تەوژمی دەمداخستن و بەبەردبوون و مەرکەزییەت و بیرۆکراتی زۆر بوون و توانییان خرۆشۆڤ لابەرن و بریژنێڤ بێنن، کە ستالینێکی بچکۆلە و ڕەمزی چەقبەستن بوو. دواکەوتنی لە دوای ستالیندا، ڕوونە و باس کراوە کە بە زەبری پێشپێگرتن بووە کە ئەوەش وەک ڕۆحی دکتاتۆری، دراوەتە پاڵ چینی کرێکاران و دکتاتۆریەتێکی زۆردارانەش نەبێ، نە هێزی کرێکاری تێدا بووە و نە ناکرێکار، چونکە ئەگەر لە دەستی کرێکار و زەحمەتکێشدا

بوایه چاوەڕوانی هیچ چاکە و پێشکەوتنێکی لێ نەدەکرا و تەنانەت چاوەڕوانی ئەوەش ناکرێ چینی کرێکاران بە شێوەیەکی گشتی بتوانی بەردەوامی بە دەسەڵات و ڕێکخستن و پێشکەوتن بدا چونکە ئەو چینە لە خەسڵەتدا ئەو توانایەی نییە وەکیلیش دابنێ بۆیە «دکتاتۆریەتی کرێکاران»، زاراوەیەکی بێواتایە و جۆرە پێکەنینێکە بە خۆ و بە خەڵکی تر.

سەیر لەوەدایە حیزبی شیوعی بە ناوی ئەو چینەوە ڕایدەگەیەنێ کە کرێکاران دەست لە دکتاتۆرییەت و سۆسیالیزمی زۆرداری هەڵناگرن و ئەوانە لە ڕێی وەکیلە خەیاڵییەکانیانەوە سەپێندراون. دکتاتۆریەتی سۆڤیەتی لە ڕێبازەکەیەدا تاقیکردنەوەیەکی بێوێنە بوو و ئەگەر هەموو لایەنە نەرێنیەکانی دکتاتۆرییەتی تێدا بوو، بەڵام لە شتی تایبەتیدا جیا بوو، کاتێ کە هات دروشمی وێرانکردنی بۆرژوا و ڕیسواکردنی هەموو سیاسەت و ئابووری باوی دنیای بە دەستەوە بوو، بە ئاگاییەوە یا بێئاگاییانە هەوێنی دابڕانی لە دنیا لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبوو و جگە لەوەی دوژمنایەتی هەموو شتێکی وابەستەی دەوڵەتە بۆرژواکان دەکرد، دەرگاشی لە ڕووی ئەوانەدا داخست کە لە دەوڵەتە «سوودخۆر» و «فرەچین»ـەکانەوە دەهاتن. کە دەشیگوت لە جیهان دابڕاون، لە سێیەکی قسەکەدا ڕاستیان دەکرد و لە دوولەسێشدا ناڕاست بوون چونکە بۆ دوژمنایەتی دنیای دەرەوە هات و خۆی بە ڕووی جیهانی دەرەوەدا داخست و ئەوانەش دوو لە سێیە ڕاستەکەیە و لە لایەن جیهانی دەرەوەش دوژمنایەتی دەکرا، ئەوەش سێیەکە ڕاستەکەیە.

میحنەتی دابڕانی لەوەش ڕوونترە چونکە بزاوتنی نیشتمانیانی خۆشی لە ناو وڵاتەکەدا سنووردار کردبوو و وڵاتی بە سەر هەندێ ناوچەدا دابەش کردبوو و هەندێکیان ڕووتێکردنیان لە لایەن هەموو وڵاتیانەوە یاساغ

بوو. یاساغکردن بزووتنەوەی جەستەی تێپەڕاند و گەیشتە ئەوەی بزووتنەوەی زانیاریش بگرێتەوە و هەر بیر و زانست و بۆچوونێک لەگەڵ مارکسیزمدا ناتەبا بوایە قەدەغە بوو و تەنانەت شتی دیاریکراو کە لە مارکسیزمدا قەبووڵ بوو، بە هۆی زیاد توندییەوە لە لایەن «دیکتاتۆرییەتی چینی ناکرێکارییەوە – دیکتاتۆری حیزب – مەکتەبی سیاسی – سکرتێری حیزب»ـەوە قەبووڵ نەدەبوو. ئەو دابڕانەی لە بارودۆخی یەکێتی سۆڤیەتدا بووە بەربەست لە بەردەمی پێشکەوتندا، خۆدابڕان بوو و دەیتوانی زۆر زۆر دەوامی هەبێ و بۆ ماوەیەکی زۆر زۆر پێشکەوتن ڕاگرێ و ئەگەر پێشکەوتنی خێرای جیهانی لە جیهانی «دزان و ڕێگران و خوێنمژە بۆرژوا ڕۆژاواییەکان!!!» و بەرفرەوانبوونی بواری بازرگانی و زۆربوونی کەرەسەی پەیوەندی و کاریگەرییە سەرسوڕهێنەرەکانی و مەزنی ئەنجامی تەکنیکی هەموو بوارەکان نەبوونایە، بۆی هەبوو و ڕێی تێدەچوو پەرەسترۆیکا تا ناوەڕاستی سەدەی داهاتوو دواکەوتبا.

هەندێ پاشماوەی بەهێزی «خۆتەریککرن» لە دەوڵەتی مارکسیدا هەتا ئێستاش، لە زۆر ڕووەوە کاری پێشگری خۆی دەکا لەوانە بواری گرنگ کە ئەگەر بوەستێ یا لەو لایەنانەدا کە پەیوەندیداریانە و بژێوی لێ وەردەگرن خێرایی کەم بێتەوە. بەڵاکە بەوە گەورەتر دەبێ ئەگەر خێرێکیش لە دەرەوە بێ، بە هۆی قورسی بازرگانییەوە لەگەڵ بێگانەدا و نەبوونی متمانە و داخستنی ڕێی تێپەڕاندن و ئاسانکاری بە ڕووی بێگانەدا، قەبووڵ ناکرێ و ڕەت دەکرێتەوە.

هەستێکی بەهێزم هەیە کە دەنگدانەوەی باسکردنی ئەوەی ئاشکرایە و بێ باسکردن ماوەتەوە زۆر بە سەر دەروونەوە گرانە و تەنانەت لە هەندێ ڕووەوە ئاستی ئاشکرایی بابەتەکە زیان بە بابەتەکە دەگەیەنێ،

لە ڕووی نموونەوە دەڵێم بەرەوڕووبوونەوەی سەپاندنی تیشکی ڕۆژ لە ناوەڕۆکدا ئەوە لەخۆ دەگرێ هەبوونی تیشکی خۆر جێی دەمەتەقێ و ڕەتکردنەوە و گومان بێ و ئەوەش بۆ شەو جۆرە سەرکەوتنێکە لە ڕووی «مسیبەتی قەومێک بۆ قەومێکی تر دەستکەوتە» چونکە گومان لە ڕۆژ و ڕووناکییەکەی لە کەمترین میقداریدا بێدەنگییەکی کاتییە بەرانبەر تاریکیی شەو. بۆ ئەم دیاردەیەش نموونەی زۆر لە واقعی ژیاندا هەیە و دەستدرێژیکەر هەوڵ دەدا ئەوەی دەستدرێژی کراوەتە سەر بکەوێتە هەڵوێستێکەوە بەرگری لە دادپەروەری مەسەلەکەی خۆی بکا و وا دەربخا ئەو شکاتلێکراوە و خاوەن مافیش کە بەرانبەر پارێزەر و شایەد دەکەوێتە قوژبنێکەوە، لە بەر چاوی بینەران لەوە لاوازتر دێتە بەر چاو کە بە شایەدەوە (با شایەدی درۆش بن) و بە بەڵگەوە (با دەستکردیش بن) وەستاوە و داوای ماف دەکا.

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا دەبێ بگوترێ پەرەسترۆیکای ئێستا، بە بێ گوێدان بە هەڵوێستی سەرکردەکانی، بۆ سەرکەوتن بە سەر بەبەردبواندا لە بزووتنەوەی چاکسازی سەردەمی خرۆشۆڤ بەهێزترە هۆکاریش ڕەوتی پێشکەوتنی مرۆییە لە هەموو ڕوویەکەوە و وای کردووە داوەستان و کەڵەکەبوونی دواکەوتن و خراپەکاری لە سەردەمی گورباشۆڤدا، بۆ ڕووسیا و جیهانە شۆڕشە بەلشەڤییەکەی، ببن بە شتێکی وێرانکەر و کوشندە. ئەوەش پشتگیرییەکی زۆر گەورەیە کە خرۆشۆڤ دەستی پێ نەگەیشت. کەواتە دواکەوتن ناوەڕۆکی دیکتاتۆریای پیرۆزە، مەبەستیشم دواکەوتنی پەرەسترۆیکایە و هەموو پیرۆزێکیش، ئەگەرچی مانگایەک یا بەردێک یا پەیکەرێکیش بێ، بۆی هەیە بەردەوام بێ تەنانەت دوای مردنی مانگاکە و تێکچوونی پەیکەر و بەردەکەش، لە جێیان دروست دەکەنەوە و بە جۆرێ چالاکی دەنوێنن لە چاککردنەوەی خانووی خۆیاندا وا نابن و بە کەمکردنەوەی مەسرەفی خۆیان لێی سەرف دەکەن. وای

لەو دەستخەڕۆییەی خەڵک لە پیرۆزکردنی شتێ کە شایستەی بەردەوامی نییە و وای لەو زەرەرەی بە هەوڵدانی دژی خۆیان دەیکەن!!

پێویست ناکا زیاتر درێژە بە وەڵامی پرسیاری دووەم بدەم.

پرسیاری سێیەمیش ئەوەیە بۆچی شێوازی کۆن لە کارکردندا بەردەوام بوو؟

ئەم پرسیارە شێوازێکی تری پرسیاری دووەمە و ئەوەی پەرەستڕۆیکای دوا خست ئەوە بوو کە بە شێوازی کۆن دەسەڵاتی بەردەوامی بە دەسەڵات دا. دەکرێ لێرەدا شتێ زیاد بکەم کە هەردوو پرسیارەکە بە قەدەر یەک دەگرێتەوە ئەوەیش ئەوەیە خەسڵەتی جیهانی بەپیرۆزکردنی مارکسیزم پشتگیرییەکی گەورە بوو بۆ دواکەوتنی شێوازی کە شۆڕشی تێدا بەرپا کرا و هەر گۆزەیەک بەلشەڤی لە ماڵی خۆیدا شکاندبێتی و هەر سەرشێتییەک سەرکردەکەی لە ڕەفتاردا ئەنجامی دابێ بە چەپڵە و پێداهەڵدان و گەورەکردنی، لە لایەن سەرجەمی چەپی دنیاوە پێشوازی لێ کراوە، ئیتر چۆن واز لە شتێ دەهێندرێ کە لە لایەکەوە ئامانجی تیۆرییەکە بێ و لە لای دووەمەوە بەرژەوەندی سەرکردەکان بێنێتە دی و لە لای سێیەمەوە جێی ڕەزامەندی سەرجەمی تێکۆشەران بێ و لە لای چوارەمیشەوە، لە ناوخۆی وڵاتدا کەس توانای دەربڕینی ناڕەزایەتی و ڕەتکردنەوەی نەبێ.

ئەوەی لەم ڕۆژگارەدا لەبەر چاوانە ئەوەیە، ئەو ڕاستییانەی لە بەردەم ڕاستکردنەوەدا بەربەستن هەتا ئێستاش ماون و کاری نەرێنانەی خۆیان دەکەن، بەڵام چی تر توانای ڕاگرتنی ڕاستکردنەوەیان نییە، دەکرێ لایەنێکی نەرێنی تریشی بخرێتە پاڵ ئەوەش تێپەڕبوونی سێ بەشی سەدەیەکە بە سەر ڕاهاتنی خەڵکدا لەگەڵ ڕێبازێکی دیاریکراودا و دوورکەوتنەوەیان لە هەر ڕێبازێکی تری ژیان و چالاکی وای کردووە

هەرچی دەکەن زەحمەتییەکی تێدایە وەک ئەوەی پیاوی چەپەوانە دەستەڕاستی بەکار بێنێ یا قەلوونکێش قەلوون بە جگەرە بگۆڕێ یا کەسێ ڕاهاتبێ بە لای ڕاستدا ئۆتۆمبیل باژوێ و کتوپڕ لێی بگۆڕن و بە لای چەپدا باژوێ، بگرە لەوەش زەحمەتترە وەک نەختێکی تر باسی دەکەین.

بەر لەوەی وەڵامی پرسیاری چوارەم بدەمەوە دەمەوێ شتێ بڵێم کە بە لای منەوە هی ئەوەیە گرنگی پێ بدرێ، ئەوەش ئەوەیە پەرەسترۆیکا و ئەو ئەنجامگیرییە ڕیشەییەی لە ڕووسیا و ئەورووپای ڕۆژهەڵات پێی گەیشت هەروەها لەو پەیوەندییەی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا کە بە خەیاڵدا نەدەهات دەرگا بۆ ئەوە دەکاتەوە بڵێین ئەو گرژی و پێکدادان و هەموو جۆرە ناتەباییەک چارەنووسێک نین نووسرابێتن و لە غەیبەوە بە سەر دنیادا دابەزیبێتن و تاکە یەک ڕێگای حەتمیش نییە کە بۆ حوکم و بەرژەوەندی هیچ جێی نەگرێتەوە بەڵکو زۆرینەی هەرە زۆری لە ئارەزووی نەفسی بەشەرەوە هاتووە کە لە ناو شەهوتی خۆدا غەرقە نەک لە ناو بەرژەوەندیدا.

ئەوەشی پێی وایە زانستی فرەوانی لە مێژوو و ئابووری و کۆمەڵایەتی هەیە، حەتمییەت بۆ دوای ڕووداوەکانی دەگێڕنەوە کە نە خۆبەخۆ ڕوویان داوە، نە بە پێی پێشخستنی بەرژەوەندی و شەڕی چینایەتی و دەستوورەکانی زێدەبایی، بەڵکو بە هاندانی نەفس و بزواندنی ئارەزوو و زۆرداری شەهوەت، ئیتر مەحاڵبوونی دەرکەوتنی پەرەسترۆیکا پێش دە ساڵ لە کوێیە؟ کامە بەرژەوەندی کەسی خۆبەخۆ و بێ کەسە دەسەڵاتدارەکانی تر بزووتنەوەی ڕاستکردنەوەی ڕاگرت؟ ئەی نەفرەتی مێژوویی ماتریالی ساڵی ١٩٧٩ حوکمی مەحاڵبوونی نزیکبوونەوەی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوای دا و لە ١٩٨٩دا کردی بە پێداویستی مێژوویی؟

سووربوونی کۆمۆنست لە سەر حەتمییەت بۆ ماوەی چل ساڵیی پەرەسەندنی ئەوروپای ڕۆژهەڵات، دوای بەهێزبوونی بازووی پەرەسترۆیکا لە ڕووسیای سۆڤیەتی و بوونی بە سکەیەک پەیوەندی سەرجەمی ڕۆژاوا و ڕووسیای بە سەردا ڕۆیشت، لە ماوەی دوو حەفتەدا بوو بە بڵقی سەر ئاو. کام پێداویستی و حەتمییەت وایان کرد شاوشیسکۆ و لایەنگرانی بەرەو ڕووی زۆرینەی گەلی ڕۆمانی بوەستن و پێشتریش وایان کردبوو شاوشیسکۆ سەدان ملیۆن دینار بۆ حیسابی خۆی، بنێرێتە بانکەکانی ڕۆژاوا کە لە دادگای مێژوو و بەرژەوەندی گەلاندا بە هەڵپەسێردراوی مایەوە! وا نییە؟ یا ڕوویەکی تریی هەیە؟ مێژوو بە دەستی ئەوانەوە ڕەفتاری لەگەڵدا دەکەن غەدرلێکراوە و بە هۆی ئەو هەمووەوە کە بە سەریدا دەدرێ و بە پێداویستی و خراپە دەژمێردرێ، بۆتە زبڵدان و قەسابخانەی قوربانیان و جێی سووتاندنی سامان و خەڵک... ئەوانە خودی نەفسەکانن نەک مێژوو و بەرژەوەندی کە بەرپرسە لە ڕوودانی خراپەکاری و لە هەموو کارێکی چاکەشدا دەستی هەیە.

پرسیاری چوارەمیش ئەوەیە کە چۆن و کەی چەقبەستنی باوەڕ ڕووی دا؟

بەوپەڕی ساکارییەوە، توندڕەوی باوەڕ یەکەم جار و بەر لە هەموو شتێک لە باوەڕکە خۆیەوە پەیدا بوو، چونکە باوەڕێکی توند بوو و بە سەر خۆیدا داخرابوو و خۆی پێ بەس بوو و لە هەر شتێکدا دوو بۆچوون هەڵبگرێ، دوژمنی غەیری خۆی بوو. بۆچوونی لە بارەی شتەکانەوە گردەبڕ بوو و بەرنامەی بۆ ژیان پێشکەوتن و پەرەپێدان بە شێوەی چندراو بوو و نە گۆڕینی قەبووڵ بوو نە شیکردنەوە مەگەر ئەوەندەی خۆی لە زیادکردندا

جێبەجێی کردبا و قالبی وایان بۆ دانابا تیایدا جێی بێتەوە. لینینیزم، دوای ئەوەی مڵکداری لابرد و مۆری شەیتانی بە خەسڵەتی بۆرژوادا دا، ئیتر لە هەر شتێکدا پەیوەندی بە مرۆڤەوە بێ، بە تەواوەتی مەیدانە بۆ خۆی چۆڵ کرد و هەموو باوەڕێکی سیاسی و ناسیاسی کە لەگەڵیدا نەگونجێ تاوانبار کرد و ڕادەی تاوانبارکردنەکەش بە گوێرەی دووری و نزیکییەوە بوو لە لینینیزم، جا لە بواری کار بووبێ یا بیر یا ناخ، ناتەبایی ڕەهای نێوان لینینیزم و نالینینیزم لە دەستکردی لینین خۆی بوو. دابڕانی هەر باوەڕێک کە خۆی پێ تەواو و بێکەلێنە، ئەنجامی ڕاستەوخۆی دابڕانێتی لە باوەڕەکانی دەوروبەری و ناو ماڵی خۆی بێ ئەوەی پێویست بووبێ کەسی لێ دوور بکەونەوە و ئەوەش ڕاستییەکە لەگەڵ هەموو باوەڕێکدا دەگونجێ بەڵام شوێنەواری دابڕان لە لینینیزمدا بە ئاشکراتر و بەهێزترە، چونکە لە ڕاستییەکی ڕەهادا تەنها باوەڕێکی تیۆری نییە، بەڵکو دەستوور و یاسا و بەرهەم و سیاسەت و ڕەوشت و ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەوانی و هەموو شتێکە بۆ گەلێک کردبیەتیە ڕێبازی خۆی. بە هەمەلایەنە ڕەهاکەیەوە لە ململانێی باوەڕی دەرەوەی خۆی بە ناچاری و حەتمی بە تەواوەتی دادەبڕێ چونکە لە باوەڕدا بە هەموو شتێک کە قابیلی دەمەتەقێ بێ و پەیوەندی بە کاروباری بەشەرەوە هەبێ تەنهایە و بگرە لێی دەوەشێتەوە بەربەرەکانی زانستە سروشتی و تاقیکارییەکانیش، یا هەندێ لایەنیان بکا ئەگەر بە پێچەوانەی دەق و بۆچوونەکانی خۆی بن، وەک لایەنگرانی لە تاوانبارکردنی دەروونناسیدا، لە سەرەتای دەرکەوتنیدا کردیان.

ئەو ئەنجامەی کە لە بارێکی وادا دەمەتەقێ هەڵناگرێ ئەوەیە سۆسیالیزمەکەی لینین لە ڕووی فکر و پراکتیکەوە لە هەر شتێکدا تیۆری غەیری خۆی باشی پێکابێ، لە هەڵەی گەورەوە نزیک دەبێ چونکە بەڵگەنەویستانە ڕەتی دەکاتەوە و بەڵگەنەویستانەش هەرەس دێنێ. بۆ

لینین زەحمەت بوو لەگەڵ ئەوانەدا کە لە ڕووی باوەڕەوە لێوەی نزیک بوون ئارام بێ و ناودار و گەورەکانیانی بە هەڵگەڕاوە و خزمەکاری بۆرژوا و ئیمپریالیزم و خائینانی پرۆلیتار و... و... ناوزەد کرد ئەگەرچی مەودای نێوانیشیان لەو ناتەباییە کورتر و ئاسانتر بوو کە لە نێوان خۆی و ڕۆژاواییەکاندا بوو. ئەی سروشتی تیۆرییەکە ئەوە نییە بە ڕووی مەسیحی و موسوڵمان و لیبراڵ و خوازیاری لێکحاڵیبوونی نێوان مرۆڤەکاندا داخرێ؟

تیۆری، جا هەر تیۆرییەک بێ، ئەگەر پێخۆری هەر لە خۆی بێ و ڕێی جۆگەلەی دەرەوە ببرێ تا پێخۆری جیاوازی بۆ بێنن، بە ناچاری تووشی پیربوون دەبێ. بەڵام مارکسی – لینینی کە خۆی بە تەواو و کامڵ و بێکەلێن دەزانێ، ئەوە شتێکە بە ئاسانی ئاشکرا دەبێ چونکە یەک بۆشایی لە نێوان مرۆڤی ئەشکەوت و مرۆڤی دواپلەی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی، کە کۆمۆنیزمە، ناهێڵێ بێ ئەوەی بە تەواوەتی بە بەڵگە و بۆچوونی ماتریالیی سەردەمە مێژووییەکان پڕی بکاتەوە و بە لای خۆیەوە سۆسیالیزمیی زانستی ماتریالییە و بەو دوو خەسڵەتە گردەبڕە، «کەماڵ»ی بە دەست هێنا. کاتێکیش ئەو قسەیە دەبەخشێ کە شتی نوێ لە پەرەسەندندا پەیدا دەبێ، بە وریاییەوە ئەوە دەکا تا لە سەر ناوەڕۆکی تیۆرییەکە و خەسڵەتە ئەبەدییەکەی بەردەوامێتی بێ کاریگەری بێ ئەوەش بەوەی ئەو توانایەی پێ داوە چارەسەری گردەبڕی هەر کێشەیەکی تازە بکا لە هەر کات و شوێنێکدا بێ. مارکسیزم – لینینیزم خۆی بە جۆرێ دارِشتووە «شێوە و ناوەڕۆک»ی کۆمەڵگەی ئادەمزاد بێ لە سەردەمی کۆمۆنیزمی سەرەتاییەوە تا سەردەمی کۆمۆنیزمی زانستی مێژوویی کە کۆتایی زنجیرەی سەردەمەکانە و تا کۆتایی زەمانی مێژوویی بەردەوام دەبێ.

ئەم ئاوازە هەتا ڕۆژی ئەمڕۆمان لێدەدرێتەوە و لە کتێبی پەرەسترۆیکاش دەنگدانەوەی هەیە لەگەڵ ئەو سەرنجەدا کە ناچار ماوە دان بەوەدا بنێ کە دەکرێ شیوعی لەگەڵ سستەمە ناشیوعییەکاندا پێکەوە بژێن و ئەوەش داننانێکە لە بنەڕەتدا لە بێتوانایی خۆبەزلزانینەوە هاتووە نەک درککردن بە ڕاستی باوەڕەکانی تر یا داننان بە ڕاستییاندا و ئەگەر ئەو بێتواناییە نەبوایە مەحاڵ بوو سەرۆک گورباشۆڤ و هاوڕێکانی لەوەدا ڕای خۆیان ئاشکرا بکەن کە بنیاتنانەوە پێویستە، خۆبەزلزانینیش خەسڵەتی هەموو باوەڕێکە کە باوەڕی تەنها بە خۆی هەیە و ڕێگەی تری نییە بیگرێتە بەر تا بێتوانایی تەواو، دایدەنیشێنێ و دەست لە سووربوون و لاملی بەردەدا، ئەو کاتەش بۆ نشوستەکانی لە پێشبینییە بە گرمەگرم و زەویلەرزێنەکانی، بیانووی خۆپەڕاندنەوە نەبڕاوە: سروشتی مارکسی – لینینی ئەوەیە زیادەڕۆیی لە «کەماڵ» و پاکی و بەردەوامی خۆیدا دەکا بە بەراورد لەگەڵ باوەڕە دنیاییەکانی تردا:

- لە ڕووی زەمانەوە، لە یەکەم پەیدابوونی مرۆڤەوە دەگرێتەوە تا دوابوونی.
- لە ڕووی چێوە، سەرجەمی سەرزەوی دەگرێتەوە.
- لە ڕووی مرۆییەوە، هەموو مرۆی سەر زەوی دەگرێتەوە.

بەڵام باوەڕەکانی تر، لە هەر سێ خاڵە باسکراوەکەدا سنووردارن. باوەڕی قەومی و ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی، هەندێ خەڵک لە هەندێ ناوچە بۆ هەندێ ماوەی دیاریکراو دەگرنەوە. باوەڕی فەلسەفیش لە ڕووی زانستی و لۆژیکییەوە سەرقاڵی ئەو خاڵانە دەبێ و بە دەگمەن چارەسەری حازربەدەست بۆ جێبەجێکردن پێشکەش دەکا و ئەگەر

ئەوەش بکا هەوڵ نادا کەرەسەیەکی هەبێ بە زۆر بە سەر خەڵکیدا بسەپێنێ. زانست و فەلسەفە و هونەر لە سروشتیاندا زانیاری بێلایەنن تا ڕۆژێکی هەڵگرەکانیان بەرەو بیرۆکەیەکی بەرژەوەند لادەدەن کە لایەنگر و عەسکەری هەبێ. دابڕان یا خۆدابڕاندنیش بە قەدەر هەبوونی ڕاستی بەسوود لە باوەڕە باوەکاندا زەرەرە چونکە بێبەشبوونە لەو ڕاستییانە. جا پرسیاری «چۆن توندڕەوی باوەڕ ڕووی دا؟» پێویستە بۆ شێوازێکی تر بگۆڕێ ئەوەش ئەمەیە: چۆن شوێنەواری توندڕەوی باوەڕ ماوەی دەیان ساڵ دوا کەوت؟ پێم وابێ وەڵامی ئەوەشمان دایەوە.

دوای ئەوەی بە وەڵامی دوورودرێژ بە سەر چوار پرسیارەکەدا تێپەڕین، دێینە سەر ئەو لاپەڕانەی کە نووسەری کتێبی پەرەسترۆیکا تیایاندا هەوڵی داوە پەردە لابەرێ و ئەوەش بە تەواوەتی لەگەڵ بۆچوونەکانی مندا جیاوازە. زۆر مەسەلەی تێدان کە پێویستییان بە وردبوونەوەی تایبەتی هەیە بەڵام من بە هەندێکیان، کە پێم وایە گرنگییەکی ڕێژەییان هەیە دەستبەردار دەبم:

لەوانە، ئەوەی کە دەڵێ سۆسیالیزم توانای زەبەلاحی بۆ چارەسەری کێشە هەرە گەورەکان پێیە. بە باوەڕی من تواناکانی سۆسیالیزمی زۆرداری کە لە سەرەوەڕا سەپاوە، خەسڵەتی تایبەتی هەیە لەوانەش دوویان بنەڕەتین:

یەکەم، توانای بنەڕەتی و دیار و کاریگەر لەم سۆسیالیزمەدا ئەوەیە کە سستەمێکی گۆڕی کە هەبوو، ئەوەش کارێکی هاوبەشە لە نێوان خۆی و کوودەتا و داگیرکردن لە لایەن بێگانەوە. ئەگەر گەیشتە دەسەڵات و دەستی کرد بە جێبەجێکردنی بەرنامەکانی خۆی، قووڵی و بێتوانایی خۆی لە هەر شتێکی تازەدا کە پێشتر شارەزایی تێدا نەبێ، دەردەکەون. ئاستی ڕەسەنایەتی و پێویستی و حەتمیەتی ئەوەیە تیۆری شۆڕشگێڕی پێی وابوو بەشێکە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و بە دەستی دوژمنانی

پێشکەوتن سنوردار کراوە و خنکاوە و ئەوەش بۆچوونێکی تۆباوی خەیاڵییە و لە ڕاستییەوە دوورە. سەرنجی ورد دەبینێ جیاوازی گردەبڕ لە نێوان سۆسیالیزمی مارکسی لینینی و سۆسیالیزمی تۆباوی «زۆرداری و دکتاتۆرییە» و دەکرا هەموو بیرۆکە تۆباوییەکان جێبەجێ بکرێن ئەگەر ستالین بە لای جێبەجێکردنیاندا لایدابا.

توانا تیۆرییەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر کە بە خەیاڵدا دێن جگە لەوەی لە واقیعدا لەوە زەحمەتتر جێبەجێ دەکران کە لە سەر کاغەز و بە خەیاڵ دیار بوون، بە خۆداخستنیش بە ڕووی هەموو بەرنامە و بۆچوونی دەرەوەی خۆی ئەو حوکمەی بە سەر خۆیدا دا کە بە نەزۆکی بمێنێ چونکە خۆی لە هەموو ئەو دەستکەوتە شارستانەتییە بێبەش کرد کە وڵاتێکی ڕووتی وەک سوید و نەرویجی گەیاندە ئاستی پێشکەوتن و تێروتەسەلی و ئاسوودەیی وا کە هیچ حاڵگرتوویەکی عاشقی تیۆرییەکانی خەباتی چینایەتی و (نقض النقض - ڕەتکردنەوەی ڕەتکراوە) و ناتەبایی و شەڕەقۆچ و خەونیان پێوە نابینێ و جوانییەکەی بەوەش زیاد دەکا کە نەخش و نیگاری خوێنی لەناوبردن نەیڕازاندۆتەوە..

دووەمیش لە سروشتی «زۆرداری دیکتاتۆری»یە کە ڕێ دەدا هەرچییەک بڵێیت و هەرچی داوا بکەیت و هەرچییەکی فەرز بکەیت ئەوەش خەسڵەتی هاوبەشی سەرجەمی دکتاتۆرەکانە بە گشتی و لێشیدەوەشێتەوە هەندێ دەستکەوتی خێرا پێشکەش بکا یا ڕووپۆشی درەوشاوە ڕاگرێ لە سەر حیسابی بەرژەوەندی بەردەوام و بە نرخی پشتشکێنی ئازادی و کەرامەتی مرۆڤ و پێشکەوتن لە پاشەڕۆژدا...

جگە لەو دوو خەسڵەتە هیچ نیشانەیەکی جیاکەرەوە بۆ سۆسیالیزمی زۆرداری نابینین کە بە تەنها ڕێڕەوی کراوە بەرەو جیهانی چارەسەر خۆش بکا. دەمەوێ وێنەکە بە قسەیەک یا بە دووبارە کردنەوەی

قسەیەک ڕوونتر بکەمەوە کە سۆسیالیزمی لینینی مارکسی بە سەر هەموو واقیعدا دەچەسپێ بە مرۆڤ و گیاندار و کات و شوێنیەوە و بە مادده و مەعنەوییەوە و بە چاوەڕوانکراو و چاوەڕواننەکراو و مەیلەوەوە و لە هەموو ڕوویەک و بۆچوونێکەوە و هیچ دەرفەتێک بۆ دەرچوونی تاک بۆ ناو شتێک یا بیر یا باوەڕ کە لەگەڵ ویژدانیدا یەک بێتەوە و لەگەڵ بڕیارەکانی فەلسەفەی سەپاو ڕێک نایەتەوە، ناهێڵێتەوە و ئەوەش دکتاتۆری ڕەها و سۆسیالیزمی نامارکسی و هیچ بیرۆکەیەکی دنیایی تر شان نادەنە بەری.

توانای پەرەپێدان و نوێبوونەوە لە سۆسیالیزمی مارکسیدا بە قەدەر سنووری قەفەزی سۆسیالیزم سنووردارە و سنوورەکانی بە دەوری کۆمەڵگەی سۆڤیەتییەوە کێشراوە و دیتمان دیواری بەرلین و دەروازەی «براندنبێرگ» (وا بزانم ناوەکەی ئاوهایە) بەرجەستەکردنی زەلیلی و سەرشۆڕی و خوێناوی بیرۆکەی داخستن و دوژمنایەتی کرانەوە و ڕەتکردنەوەی جیهانی ئاسایی کە تیایدا سەرگەرمکەران و بە بۆرژوابووان و بەرەڵاکان بە هەوەسی خۆیان دەکەن.

ئەو مەسەلانەی شایستەی وردبوونەوەن، ئەوەیە کە دوای قسەکەی پێشتردا لە بارەی سۆسیالیزمەوە دەیڵێ: پشتبەستن بە دەستپێشخەری جەماوەر و بەشداربوونی چالاکانە لە جێبەجێکردنی چاکسازی لە لایەن بەشێکی بەرفرەوانی دانیشتوانەوە.

ڕەنگە خەمساردی و بێتوانایی من بێ کە لە حیکمەتی ئەو دروشمەی جۆرێکە لە پێشکەوتنەوەی ڕووداو و دەستەمۆکردنی داهاتوو وا تێبگەم کە لە ژێر بڕیاری پێشەکیدایە، چونکە دەستپێشخەری جەماوەری لەگەڵ ئەوەشدا ئاواتێکی شیرین و خۆش و بەرزە بەڵام وەک هەر شتێکی تر لە ئەنجامی پێشکەوتن و شارەزایی و ڕێکخستنی دوورودرێژەوە ڕێی

گەشەکردن و پەرەسەندنیشی هەیە و ڕێی شکستیشی هەیە و لە پێگەیشتنی گەنم و جۆ لە ماوەی چەند مانگێکدا و هاتنە بەرهەمی ڕەز لە سێ ساڵ یا زیاتردا زەحمەتترە، ئەوجا دەستپێشخەری جەماوەر بواری زۆرە و لە سەر بەشداریکردنی جەماوەر وەستاوە و ئەگەر بمانەوێ پێشی جەماوەر بەرەڵا بێ لێکچوونی بیر و دیدی تاکەکانی دەوێ و بەشداربوونیان لە هەموو بوارەکاندا پێویستە. ئەگەر داناییمان لە برِکردنی شتەکاندا دیت پێویستە خەڵکەکەش برِ بکرێ تا هەر برِە و کاری تایبەتی خۆی ئەنجام بدا.

ڕەنگە مەبەستی کتێبەکە لەم قسەیە ئەوە بێ هەر کۆمەڵە خەڵکێک دەست بەو کارە دیاریکراوە بکەن کە شارەزاییان لێی هەیە نەک نیسکدوور خۆی لە شێوەی پێڵاو و مۆدێلی ئۆتۆمبیل و پرۆژەکانی ئاسمانگەڕی هەڵقورتێنێ. لە ڕاستیدا، کاریگەری ئەو دروشمە تەنها ناو و ئاماژەیە چونکە لەوەدا قەتیس ماوە «سۆسیالیزم» کە لە ڕووی ناوەوە لە تاکەکەسی جیا دەبێتەوە تێگەیشتنی جەماوەرییە. ئاشکراشە زەنگی جەماوەری لە زەنگی تاکەکەسی لە گوێچکەدا خۆشترە و بۆ تازەکارەکان کە تاقیکردنەوەیان لەگەڵ سۆسیالیزمی سەپاودا نییە، سەرنجراکێشترە.

دەستپێشخەری جەماوەری لە کارێکدا کە تاکەکەس یا چەند کەسێک ئەنجامی بدەن، هەر لە بنەڕەتدا بوونی نییە و بەرانبەر ئەوەش دەستپێشخەری تاکەکەسی لە سۆسیالیزمی سەپاودا بوونی نییە و شوفێری تەکسی و بۆیاغچی بۆچوونیان لە چۆنیەتی و مەودای کار و شێوەی ڕاپەڕاندنیدا نییە. ئەگەر وا دانێین شۆفێری تەکسی بایی ئەوە لێهاتوو بوو گۆڕانکاری چاک لە تایەی ئۆتۆمبیلدا بکا، ئایە بە تەنها ئەوەی پێ دەکرێ؟ نەء و هەزار جار نەء! ئەی دەتوانێ لایەنە چاکەکانی داهێنانەکەی لە بیرۆکراتەکان بگەیەنێ و ئەی کێ گوێی لێ دەگرێ و

کێ ڕێی دەدا؟ ڕەنگە بەرژەوەندی لە بێدەنگیدا بێ چونکە دۆزینەوەی هەڵە لە لاستیکی تایە دەبێتە بوختان و دووزمانی لە دژی خەڵکانی لە خۆی گەورەتر و دەسەڵاتدارتر و لێهاتووتر لە پیرۆزیدا!

ئەوجا ئەو دەستپێشخەرییە جەماوەرییە لە سۆسیالیزمی سەپاودا بە پێوان لەگەڵ هاوشێوەی خۆی لەو وڵاتانەدا کە ئابوورییان ئازادە (ئابووری بەرهەمخۆری!) لە بەر زۆر هۆکار لار و دواکەوتووە:

- ئا. دەستپێشخەری، بە کاریگەری تەواوەوە لە وڵاتە بۆرژواکاندا، لە هەر شوێنێکدا ژمارەی کرێکاران لە کارگە و کێڵگە و کارمەندە پیشەییە جیاوازەکان، ئەوەندە هەبن ببن بە جەماوەر، لە بەر ئەم هۆیانەی خوارەوە هەیە:

  - زۆربەی کارگە و پرۆژەکان هی تاکەکەس و کۆمپانیان و خەڵکی سەر بە حکوومەت کە ستەم و یاسا و ڕاگەیاندن و شتی مەترسیداری وەک ئەوانەی لە پشتەوە بێ و لە وڵاتە دیموکراسییەکاندا نهێنی نین کاریان تێدا نەدەکرد تا جێی گومان و مەترسی بن، لە پرۆژەی تایبەتیدا بوونیان نییە.

  - ئازادی ڕا دەربڕین، وەک لە مەترسیدارترین مەسەلەی سیاسیدا مافێکی سەپاوە، لە کاریشدا هەر وایە و نقابە پشت و لایەنگری ئەندامی خۆیەتی جا لە بەرەوڕووبوونەوەی خاوەنکار بێ یا حکوومەت، ئەوەش پێچەوانەی نقابە لە سۆسیالیزمی سەپاودا کە تیایدا کەرەسەیەکی حکوومەتە بۆ دەستبەسەرداگرتنی جەماوەر و ئاڕاستەکردنی بە جێیەکدا کە خۆی دەیەوێ و بەو شێوەیەش کە خۆی دەیەوێ.

- کرێکاران، سوودمەندی ڕاستەوخۆن لە چاکترکردن و ڕاستکردنەوەدا جا لە زیادکردنی پشوو بێ یا کەمکردنەوەی ماندووبوون یا دەستکەوتی ماددی.

- ب. دەستپێشخەری لە سەر شێوەی دەستەجەمعی یا تاکەکەسی، لە سستەمە دیموکراسییەکاندا، وەک خۆی، وەک بەشێکی مرۆڤ دەمێنێتەوە و لەگەڵ گەشەکردنی شارستانەتیدا گەشە دەکا ئەگەر بەربەستێک پێشی نەگرێ، وەک لە سۆسیالیزمی زۆرداری و توندوتیژیدا هەیە ئەوەش بە لابردنی خاوەندارێتی و تواندنەوەی ئیرادەی تاک لە بەڕێوەبردنی دەسەڵاتدا و ئاماژەدانی بەردەوام بە پیرۆزی تیۆری.

- ج. دەستپێشخەری لە وڵاتانی وەکو نەمسا و سوید و فەرەنسا لە کەشوهەوایەکی ڕەها و هەڵبژاردنی ئازادانەدا دەکرێ و گوێ بە ڕێنمایی ڕەسمی و ئیزنخواستن و خۆبواردن لە بێزارکردنی دەسەڵات. زۆر جار ئازادی بەرفرەوانی ڕێپێدراو لە وڵاتە دیموکراسییەکاندا دەبێتە هۆی تێکچوونی هەندێ بەرژەوەندی بەڵام بیانووی تێکچوونەکە پارێزگاریکردنە لە بنەمای ئازادی کە کەرامەتی مرۆڤە و ئازیزترین پێکهاتەکانییەتی. کەشوهەوای خۆشی ڕەهایی گشتی گەورەترین زامنە بۆ دەستپێشخەری تەندروست و کاریگەرییەکانی چونکە وەک خواردن خواردنەوە کە پێویستیان بە هاندان و ڕاهێنان نییە بۆ ڕاهاتن لەگەڵ مەترسیدا، دەبێتە ڕەفتاری ئاسایی.

- د- لە سەر ئەو کەشوهەوا خۆشەوە، مافی دەستپێشخەری و داوای مافی کرێکار و ناکرێکار بە یاسای جێگیر پارێزراوە، وەک مافی

مانگرتن و خۆپیشاندان و هەبوونی کەرەسەی ڕاگەیاندن. کرێکاری ڕۆژانە، بەو حیسابەی مانگرتنەکەی و خۆپیشاندانەکەی یاسایین، لەو یاسایانە سوودمەند دەبێ چونکە کرێی خۆی وەردەگرێ. جگە لەوانە، لەو جۆرە وڵاتانەدا دادگا دەسەڵاتی ڕەهای هەیە و خاوەن ماف، چ وەزیر بێ و چ فەڕاش بێ و چ ... پەنای بۆ دەبا لە کاتێکدا دادگا لە هەر پلەیەکدا بێ و لە ئاستی هەر دەزگایەکی جەستەی دەوڵەتدا بێ، لە وڵاتێکی وەکو یەکێتی سۆڤیەتدا هیچ سەربەخۆییەکی نییە و چۆنی بوێ وای بەکار دێنێ (لە پەیامە ناوبراوەکەمدا: «بۆ گورباشۆڤی مەزن لەگەڵ سڵاو و ئاواتخوازیدا»، کە ساڵی ١٩٨٨ بڵاو کراوەتەوە ئاماژەم بەوە کردووە و پشتم بە قسەیەکی سەرۆکی دادگای سۆڤیەت بەستووە کە لە هەندێ ڕۆژنامەی مۆسکۆ، لە سەردەمی پەرەسترۆیکا و گلاستنوستدا بڵاو کراوەتەوە و ئەوەی کە دەیڵێ بە ڕاشکاوی وا دەگەیەنێ کە دادگای سۆڤیەتی هیچ ئازادییەکی نییە و هیچ دڵنیاییەک بۆ ئازادی یاسایی هاونیشتیمانی بەرانبەر دەسەڵات نییە). ئازادی تاکەکەسی لە سستەمی دیکتاتۆریدا گەورەترین دوژمنە کە ڕاودەندرێ و لەناودەبرێ و دەهەنجێندرێ، ئەوەش بۆ سستەمێک کە بەو بیانووەی پارێزگاری لە بەرژەوەندی کرێکاران دەکا و کارەکانی خۆی بە پیرۆز دەزانێ، ئاسانتر دەبێ.

دەگەینە ئەو خاڵانەی کە لە بابەتی «پەرەسترۆیکا چی فێر کردین» بە دەستمان هێناون.

یەکەمی ئەو خاڵانە ئەو بۆچوونەیە کە کۆمەڵگەی سۆسیالیزم شتێکی بەستەڵەک نییە تا بۆ هەمیشە خۆگونجاندنی لەگەڵدا بوێ، چونکە بۆچوونەکانی پەرە دەسێنن و بە حیسابکردنی تاقیکردنەوەی مێژوویی و بارودۆخی خۆیی دەوڵەمەند دەکرێ...

پێشتر لە قسەکانمدا وەڵامی ئەو سەرنجانەم داوەتەوە و لێرەشدا ڕۆشنتری دەکەمەوە و ئەوەش بێسوود نییە و دەڵێم گەشە کردنی بیری چێوەدراوی سنووربەندی پیرۆزێنراو لە باشترین باریدا، وەک هەر خواپەرستییەک کە ناکرێ هەرگیز لێی دەرکەوی چونکە کوفر و خوانەناسینە، لە ناو قاوغی خۆیدا قەتیس دەمێنێ. سۆسیالیزمی مارکسی لینینیش بە سووربوون و گردەبڕی ڕەتی دەکاتەوە لاداتە سەر بەرنامەیەکی تر کە ڕەنگە باشتر بێ و بۆ مرۆڤیش سوودی زیاتر بێ چونکە ئەوە مردنیەتی و لەوەشدا قسوور ناکا کە ڕایبگەیەنێ خۆی ناخاتە باری بەراوردکارییەوە لەگەڵ باوەڕی تردا و هەر وەک خۆی لەگەڵ باوەڕە ڕەها و گردەبڕەکانی خۆی و بۆچوونی خۆیدا دەژێ یا بە دڵنیاییەوە دەمرێ، کە کۆتایی گردەبڕی پەرەسەندنی مێژووە. وەکو گەمەی شەترەنجە کە خۆی وزە بە خۆی دەدا و گەمە بە ئالەتە دیاریکراوەکانی خۆی لە سەر تەختەی سنوورداری خۆیدا، بە لێهاتوویی دەکا بەڵام نەزۆکیشە. تاقیکردنەوەی ماوەی حەفتا ساڵی، لایەنگری ئەم بۆچوونەیە و لەگەڵ خۆی و مژدەکانی و دیکتاتۆرییەکەی و بۆچوونە بەردەوام و ئەبەدییەکانیدا، کە غەیری خۆی ڕەت دەکاتەوە، لۆژیکانەیە. بەڵام ئەگەر بە هۆی پێویستی و ویستی بارودۆخ لە بیری دەرەوەی خۆیەوە خۆراکی پێ بدرێ، لەگەڵ ئەوەشدا کە لە چەقبەستنی تەواوەتی باشترە بەڵام بە قەدەر ئەو هاوردەیە ئیفلاسی تیۆرییەکە دەگەیەنێ و دیسان بە پیرۆزکردنەوەی تیۆرییەکە و ڕابوون لە دژی دووڕەگی خوازراو، دەچێتەوە خانەی قاڵببەستنەوە تا ئەوەی ئەگەر پێویستی وای خواست

دیسان لە دەرەوەڕا بیرۆکە بخوازێتەوە، ئەنجامی کۆتایی ئەوە دەبێ تیۆرییەکە لە ناوەڕۆکی ڕەسەنی خۆی، چ لە ڕووی تیۆرییەوە و چ لە ڕووی پراکتیکەوە بەتاڵ بێتەوە و ئەوەش پرۆسەیەکی درێژخایەنە و تووشی شکست وا دەبێ کە پێویست نین، جگە لە شەرمکردن لە ڕاگەیاندنی ئیفلاسی کۆتایی. مەبەست لە وشەی ئیفلاسیش بەرزکردنەوەی جیاوازییە لە نێوان بۆچوونی سۆسیالیزمی مارکسیی بە گرمەگرم و هاتوهاوار لە لایەک و ئەنجامی چاوەڕوانکراو، بگرە زیاتر ڕێتێچووی ئامانجەکانی کە تووشی سامانەکەی بێ.

دووەمی ئەو خاڵانە ئەوەیە کە لە هەڵوێستی داهێنەرانەی لینینەوە فێربوونە و ئێستاش فێر دەبن... پێشتر لەوەدا ڕای خۆمم گوت کە پێویستە دەست لە ئێسکی مردووان، بۆ ئاسوودەیی هەمیشەیی خۆیان هەڵگرین و بە بیری تازەوە ڕوو بکەینە دنیا و شانبەشانی ڕۆحی سەردەم، کە لە شێوە و ناوەڕۆکدا بۆچوونی ئەو مەزنانەی تێپەڕاندووە و هەر هەندێ ڕێنمایی گشتییان ماوەتەوە کە نە زەرەریان لێ دەکەین نە پێویستیشن. پێم وابێ مافی ئەوەم ماوە بڵێم ئەرکمانە جێگای هەڵەی بۆچوونەکانی لینین و مارکس دەستنیشان بکەین کە بوونە هۆکاری شکست و هەناسەسواربوونی دوای کوشتار و جۆرەها تیرۆر و لەو بۆچوونانەش کۆمەڵێکیان بۆ هەموو کەس ئاشکران و هەر لە بنەڕەتەوە بۆ ئەوە نەدەشیان ببنە بەرنامەی ژیان و پەرەسەندن و هەموو قسەیەک کە لە قاڵبی کۆتاییدا جێگیر بووبێ و بە سەر پاشەڕۆژدا بسەپێ، هەر لە سروشتدا دوژمنی پێشکەوتنە مەگەر وەحی خوای گەورە بێ. بەڵام دەبێ ئەوەش بڵێین کە بەهێزترین لایەنی ئەو قسانە سووربوونی بوێرانە و ئاشکرایە لە سەر ئەوەی کە ڕاستییەکی مێژوویی ڕەهایە چونکە لایەنگرانی یەکێ لە باوەڕەکان بە قەدەر ئازایەتییەکەی و باوەڕ بەخۆبوونەکەی و زۆری بەڵێنەکانی، لەگەڵ ناشرینکردنی غەیری خۆی

و ناوزڕاندنی تا ئاستی ئابڕووبردن، لەگەڵیدایە چونکە، بە داخەوە، ئەوە میزاجی خەڵکی ئاساییە. ئەگەر زیاتر ورد بینەوە دەبینین زۆرترین کەس کە ئامادەی قوربانیدانن هەڵگری باوەڕی نەترسی خەیاڵین کە گوێ بە ڕۆح و سامانی خەڵکی نادا چونکە قوربانیدان بەشێکە لە باوەڕەکە، وەک کە دەستنوێژ دەرگایە بۆ نوێژکردن...

سێیەمی ئەو خاڵانە ئەوەیە کە مارکسی لینینی پێناسەی خەسڵەتە جەوهەرییەکانی سۆسیالیزمی کردووە بەڵام شێوەیەکی وردی لێ نیشان نەداوە، باسی سەردەمەکانیشی کردووە بەڵام پێویستە هەست بە پێداویستییەکانی ئەم سەردەمەش بکرێ!!

لینین حەوت ساڵی سەرەتای شۆڕش ژیا، بەڵام تەمەنێکی زۆری بۆ دامەزراندنی فکری و ڕۆشنبیری گوزەراند کە تێکەڵی خەباتی مەیدانی بوو. ئەو لە بارێکدا بوو دەیتوانی باشترینی ئەوەی هەیەتی پێشکەشی بکات و کردیشی... بەڵام ئەوەی کە نەیکرد ئەوە بوو کە نەمایەوە بۆ ئەو کاتەی ئاستی تۆباوی و خەیاڵی ئەو سۆسیالیزمە بە ڕوونی ببینێ کە لە سەرەوەڕا سەپێندرابوو. ئەگەر بیدیبا، بە پێی بۆچوونی من، دەستی بە چارەسەرکردنی دەکرد و چارەسەریش هەڵە بە هەڵە نەدەبوو بەڵکو ڕەتکردنەوەی دەبوو جا جێگای لە هەر کوێیەکی باوەڕەکە بوایە. بەڵام مارکس هەوڵی خۆی چۆڕبڕ کرد بۆ ئەوەی بە جۆرێ تیۆرییەکەی دارێژێ، بەردەوامی مێژوویی بۆ دابین بکا و بە باوەڕی خۆی لە بەرژەوەندی زەحمەتکێشاندا بێ.

لە سەر دەستی ئەم دوو ئەندازیارە، هەردوو سەری شوورەی ئایدۆلۆژی و پراکتیکی دەوری کۆمەڵگە و مێژوو گەیەندرانەوە یەکتر بەڵام وردەکارییەکان گرنگییان پێ نەدرا بەڵام لە بینای تیۆری و پراکتیکیی مارکسی لینینیدا وردەواڵەی کەرەسە و شێوازی دیاریکراوی ناو شوورە

ناوبراوەکەن و ناکرێ لە دەرەوەی ئەرشیڤی ڕەسمییەوە، کەرەسەی هاوردەکراو بن. ئەوانیش وەک گەمەی شەترەنج چاوبەستەکی و فیڵەکانی ناژمێردرێن و هەمووشیان لە بنەماکانی خودی شەترنج و ئالەتە سنووردارەکانیەوە دێن و هیچی دی. بنەماکانی دۆمینە و وەرەقێن، نەک هەر تیایدا دەست نادەن، بگرە ڕێگەشیان نابێ. لێهاتوویی ئەو دوو ئەندازیارە مەزنە گەیشتنە ئاستێک هۆش و وەهمی قوتابیانی خۆیان خەتم کرد تا ئەوەی پەرەسترۆیکاش دوای مردنی دووەمیان بە شەست ساڵ زیاتر خۆی لە بەندیخانەیاندا دەبینێتەوە و ئەوەی من دەیبینم ئەوەیە کەموکورتی لە تیۆرییەکەدا هەیە نەک لە لێکدانەوەی هەڵگرانی بیرەکە. مارکسی لینینی وەک هەر باوەڕێکی تر پشت بە خۆی دەبەستێ و هەوادارانی خۆی بە بازنەی بۆشدا دەخولێنێتەوە چونکە خۆی بازنەیەکی خڕە و سەری وێکهاتۆتەوە و داخراوە و جێی هیچ سەرچاوەیەکی فکری و پراکتیکی نارڕێتە ناویەوە (چونکە بیر و پراکتیک تیایدا هەر یەکە) و لە دەرەوەی بازنە داخراوەکەشدا بە ڕووی ڕووبەری دنیادا کراوەتەوە و هەر ئێستا و ڕاستەوخۆ ڕاستی ئەوە لە خاڵی چوارەمدا دەبینین کە دەڵێ:

*«ئەم سەردەمە نوێیە بەرەوڕووی ئەوەمان دەکاتەوە کە بە مەسەلە تیۆرییەکان و بیرە سەپاوەکانی سەر سۆسیالیزمدا بچینەوە بە کەلەپووری لینینیش پشتئەستوور بین».*

ئەوەتا دیسان لینین لە چارەسەرەکانی سەرۆک گورباشۆڤدا، وەک چارەنووسی دیاریکراو دەرکەوتەوە لە کاتێکدا لە هەوڵی دۆزینەوەی دەرفەتێکە بۆ چارەسەری قەیرانە چەندسەرەکانی وڵاتەکەی و بە تیۆری لینین تیۆری لینین چارەسەر دەکا و شاعیرێکی عارەب پێش هەزار ساڵ بە هەمان ئەنجام گەیشتووە کاتێ دەڵێ:

«وداوني بالتي كانت هي الداء»

«چارەم بکە، بەوەی کە خۆی دەردەکەیە»

پێشتر ئەوەم خستە ڕوو کە زەمان لینین و مارکسی جێهێشتووە ئەگەر کوڕی سەردەمی خۆشیان بووبن و لە پێداویستییەکانی تێگەیشتبن، ئەگەرچی باوەڕیش ناکەم وا بووبێ و واقعیش ئەوەی قەبووڵ نییە، چونکە بیری گردەبڕ لە ماکی سروشت و خەسڵەتی مرۆڤ و پاڵنەری بەرژەوەندیدا ڕەت دەکرێتەوە و قورسترین باری سەر شانی قوتابیانی ئەو ڕێبازە لە هەوڵی ئەبەدییاندا بۆ بیانووهێنانەوە و پینەوپەڕۆ بووە بەڵام «هەڵدڕاو لە پینەکە گەورەتر بوو» کە هەر لە سەرەتاوە گەورە بووە.

ئەم بڕگەیە، یا خاڵی چوارەم جێ دەهێڵین چونکە لە لاپەڕەکانی پێشتریشدا بەسەرمان کردەوە و دەچینە سەر خاڵی پێنجەمی ئەنجامەکەی «پەرەسترۆیکا چی فێر کردین؟» کە دەڵێ: «لە ڕابردوودا، بارودۆخ پاڵی ناین بۆ ئەوەی شێوە و شێوازی بینای سۆسیالیزم قەبووڵ بکەین، ئەوجا بە پیرۆز تەماشا کرا و بوو بە باوەڕێکی وشک و شێوەی چەوساندنەوەی سۆسیالیزم ڕووی دا»... تا دواقسەی ڕیزکراو لە شوێنی خۆیدا، خوێنەر دەتوانێ بۆی بگەڕێتەوە.

هەموو ئەو بیانووانەی لە کتێبەکەدا بۆ لێکدانەوەی ڕوودانی بە بەردبوون و بیرۆکراتی لە شێوازی سۆسیالیزمی مارکسی لینینی، خۆی لە خۆیدا هیچ مەترسییەکی تێدا نییە ئەگەر پیرۆزی خۆی لەوەوە بە دەست نەهێنێ کە کار و بڕیار و لێکدانەوەی ئەوانەیە کە بۆ هێشتنەوەی شۆڕش و سۆسیالیزم دەستپاکن و هیچ دەوڵەتێکیش نییە بە بارودۆخی ناچاری وادا تێپەڕ نەبووبێ ڕەفتاری کاتیی بە سەردا نەسەپاندبێ و بارودۆخی

ناچاریش لاکەوتبێ، لە زۆر باردا ڕەفتارە کاتییەکانیش خۆبەخۆ نەماون بەڵام پەیوەستبوونی ڕەفتاری کاتی بە برِگەیەکی لاوازی ئینجیلی شۆڕشەکەوە مەترسییەکی وای دەداتێ کە لە مەترسیی پارچەیەکی ئەرکەلۆژی زیاترە کە لە نێوان خاشاک و خۆڵدا دەدۆزرێتەوە:

لەو شتانەی کە خوێندوومەتەوە، خوێندمەوە سەرۆک ماو تسی تۆنگ لە شوێنێکی کەناری ڕۆژهەڵاتی چین مەلەی کردووە و ئیتر ئەو شوێنە بۆتە میحراب و هەوادارانی جادووی ماو بە زگەخشکە بۆی چوونە... مەستبوون بە پیرۆزییەکانی تیۆرییە شۆڕشگێڕەکان لێی دەوەشێتەوە وا لە مەستان بکا باوەڕ بە هەموو کەرامات و پێغەمبەرایەتییەک بکەن کە دەدرێنە پاڵ سەرکردەکەیان، دوای ئەوەی هەموو تەمەنیان، هەر لە بنەماوە، لە ئینکارکردنی کەرامات و پێغەمبەرایەتی بە سەر بردووە. ئێمە دەزانین کە دەسەڵاتداران بە گشتی مەیلی ئەوەیان هەیە کاریگەر و بێوێنە بن، بەڵام بۆ دەسەڵاتدارێک کە کتێبی پیرۆزی پێ بێ و حوکمی پێ بکا، جێبەجێکردنی ئاسانترە.

ئەو برِگەیەی لە بارەی بچووکبوونەوەی بناغەی دیموکراسییەوە لە بریاری خۆبەخۆی ڕێنماییەکانی لینین بە هۆی ئەو بیرۆکراتییەوە کە لە بارودۆخی نائاساییەوە سەری هەڵدا دەڵێ ڕۆشنبیرە لێهاتووەکان نەیانتوانی سوودی تەواو لە تواناکانی سۆسیالیزم وەرگرن ئەوجا دەڵێ کرێکاران و وەرزێران و ڕۆشنبیران هەمیشە لە دامەزراوەکانی دەسەڵات و بەڕێوەبردندا نوێنەریان بووە بەڵام بەردەوام نەهێندراونەتە شوێنی بریاردان بۆ پەرەسەندنی ڕاستەقینە. ئەم برِگەیە دوو حەقیقەتی ترسناکی وەک ناوەڕۆک تێدان بەڵام ناڕاستەوخۆ و ئاماژە پێنەدراون، قسەیان لە سەر دەکەم و بەوە (و بە شتێ کە دواتر لە سەر قسەیەکی لە بارەی پێداچوونەوەی گرنگی مێژووەوە) کۆتایی بەو دەمەتەقێیە دێنم

که لە بارەی بیرۆکەکانی بن سەرەناوی «چی پاڵی ناین دەست بە پەرەسترۆیکا بکەین؟» باس کراون.

یەکێ لەو دوو حەقیقەتە لەوەدا چڕ بۆتەوە کە ڕۆشنبیرە لێهاتووەکان نەیانتوانیوە سوودی تەواو لە ناوەڕۆکی سۆسیالیزم ببینن. حەقیقەتی دووەمیش لە نوێنەرایەتیکردنی کرێکار و وەرزێر و ڕۆشنبیرە لە پێکهاتەکانی دەسەڵات و بەڕێوەبردن... بە حەقیقەتی دووەم دەست پێ دەکەم چونکە یەکەم، دووەم و شتی تریشی تێدایە و هەقی ئەوەی نییە بخرێتە پێشەوە:

نوێنەرایەتیکردنی کرێکار و وەرزێر و ڕۆشنبیر لە هەیکەلی بەڕێوەبردن و دەسەڵاتدا، وەک من بۆی دەچم، لە سروشتی حکوومەت و دەوڵەتێکە جگە لەو سێ جۆرە بەشەرە جۆری تری تێدا نەبێ و ئەو نوێنەرایەتییە ئەنجامی ئەوەیە کە هەیە مەگەر فەرمانبەرانی کرێگرتە بە جۆری چوارەم دابنێین و جێیەکی خۆشکراوی لە دەرەوەی ئەو سێ جۆرە و لە کۆمەڵگەی بێچیندا بۆ نەدۆزینەوە و ئەوەش دوورە و لە کتێبەکەشدا هیچ باس و خواسێکی لە سەر نییە. بوونی ئەو سێ بابەتە لە دەسەڵات و بەڕێوەبردندا و لە دەرەوەی بازنەی خۆی، یەکێکە لە دیاردە نەرێنییەکان کە پێ دەچێ بە سۆسیالیزمی سەپاوەوە لکا بێت چونکە «ڕۆشنبیر» کە زیرەکترینی ئەو سێیەیە (کرێکار و وەرزێر و ڕۆشنبیر) هیچ کاریگەرییەکی ڕێکخراوەیی لە پێشکەشکردن و ڕوونکردنەوە یا خەسڵەتێکی تری چاکی لە دەسەڵات و بەڕێوەبردندا نییە و لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە لە فەرمانبەری ڕەسمی باشترە و لە ڕووی شارەزایی کاروبارەوە لە دوایەوە دێ چونکە بە لای کەمەوە فەرمانبەر جێبەجێ دەکا جا ئەنجامەکە باش بێ یا خراپ. جگە لەوەش، قسەی ڕۆشنبیر و فەرمانبەری نەشارەزا لە کاروباری بازاڕ و پێداویستی خەڵک و

پێداویستییەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵ و خزمەتگوزاریدا، فەرمانبەرەکە نیوە شەلەلە و ڕۆشنبیرەکەش، شەلەلی تەواو و جێی شانازیش نییە! ئیتر باری وەرزێری نەخوێندوو و کرێکاری نیمچەخوێندەوار بێنە بەر چاو کە لە لیژنەیەکدا بەشدارن باسی بارودۆخی بەربەستی «دەنیپەر» یا ئاسمانگەڕ یا پێداویستییەکانی زانکۆیەکی سیبریا یا ڕێکخستنی بازرگانی لەگەڵ کۆنگۆ یا هەڵسەنگاندنی گونجاوترین باج یا گومرکی سەر کەرەسە و پیشە یا... یا... دەکا.

دابەشکردنی کۆمەڵگە بە سەر دەستە و توێژ و چین و جۆردا بە شێوەی هەڕەمەکی کە لە سۆسیالیزمی سەپاودا باوە خۆی لە خۆیدا، بە پەیداکردنی کەرەسەی دووبەرەکی و بیانووی گومان و هۆکاری دوژمنایەتی بە شێوەی تیژ و سەپاو و حەتمی کە لە لینینیزم مارکسیزمدا نەبووە، نەزۆکیی کۆمەڵایەتییە. گەورەکردنەوەی جیاوازی چینایەتی لە سۆسیالیزمی سۆڤیەتیدا بارودۆخێکی وای سەپاند کە زەرەری گەورەی بە بەرژەوەندی ڕاستەقینەی سەرجەمی خەڵک گەیاند چونکە لەو میوە خۆشانە بێبەش کران کە خەڵک لە تەنیشت سۆڤیەتەوە بە تەبایی دەیرِنین و لە لایەکەوە تەبایی چینایەتی و هاوکاری و لێکحاڵیبوون لە هەموو ناتەباییەکدا چاودێریان بوون و لە لایەکی ترەوە خەمی گەورەی بێ سنووریان بۆ گومانکردن لە هەبوونی هەوێنی چینایەتی و سەرمایەداری ناو سۆسیالیزمی جیهانی دانا و چاودێریکردنی بوو بە ئەرک و لەگەڵ دەرکەوتنیدا بە سەریدا زاڵ دەبوون. لەوانەیە خەڵک بە ڕێکەوتن یا گفتوگۆ لە کارەساتی جەنگ دەرباز ببن بەڵام دەربازبوون لە تارمایی سەرمایەداری و گومانی بۆرژوابوون و لادان و هەڵگەڕانەوە نییە. شتی وا لە ڕۆژانی ستالین و لەناوبردنە مرۆییەکانی هاودەمیدا و لە ڕووسیا، بە زۆری ڕووی دا و زۆری نەما هەستی مرۆیی لە زندووەکانیشدا بکوژێ. قسەش لە سەر ئەم بابەتە تەواو نابێ...

حەقیقەتی دووەم کە لەوەوە ئەنجامگیری کراوە کە ڕۆشنبیرە لێهاتووەکان نەیانتوانیوە سوودی تەواو لە سۆسیالیزم ببینن و قسەکردنیش لە سەر ئەمەش جەختکردنەوەیە لە سەر ئەوەی سۆسیالیزم ڕێگایەکی ئاسایی ژیانی کۆمەڵایەتی نییە بەڵکو بابەتێکە لەو بابەتانەی کە سەربەخۆ، وەک بیرکاری و فەلەک و جومناستیک دەخوێندرێ و ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە لە دەرەوەڕا بە سەر کۆمەڵگەدا دەسەپێ ئەوەش وەک زیادکردنی شتێک بۆ شتێکی کە هەیە یا فەرزکردنی شتێک بە سەریدا وەک پێداویستی حەتمی کە خۆلێلادانی بۆ نییە، وەک ڕۆژوو و نوێژ و حەج و هەموو ئەو پێویستییە حەتمییانە لە مرۆڤیان دەوێ ژیانی خۆی بە جۆرێ بگۆڕێ لەگەڵیاندا هەڵبکا – واتە پێویستییەکان – و هەر شتێکیش کە دڵ دەیەوێ وەلابنرێ کە ئەو پێداویستییانە ڕەتی دەکەنەوە، بەڵام ئاینەکان تۆڵەی وازهێنانی خەڵک لە ئارەزووەکان بە بەهەشتی ئەو دنیا دەکەنەوە. بەڵام سۆسیالیزمی سەپێندراو نە لە دنیا تۆڵە بۆ کەس دەکاتەوە نە لە قیامەت، مەگەر بە قەدەر توانای خۆی با ئەوەش بایی بژی و نەمر بێ.

خەڵکانی کرێکار و پیشەوەر و سەنعەتکار و وەرزێرمان دیوە ڕووی پێشکەوتنی شێوەی ژیانیان بە پێی خستنە بازاڕ و خواست (العرض و الطلب) و ئەنجامەکانی ئاڵوویر و ئاسانکاری تەکنیک و ئامێری نوێ و شێوازەکانی سەرنجڕاکێشان و جوانکاری دەرخستووە و بە دەگمەن لەو بوارانەدا شکستیان هێناوە و ئەگەر بەرەو ڕووی نەرێنی وا ببنەوە لە ئەرێنی زیاتر بن، دەست لەو پیشەیە هەڵدەگرن و یەکێکی تر هەڵدەبژێرن و هیچیشیان بە کتێبێکی دیاریکراودا نەچۆتەوە جۆرە کەرەسەیەکی تر و پڕوپاگەندە و... و... یان بە زۆر بە سەردا بسەپێنێ و نەشیانپرسیوە ئاخۆ کارەکەی بۆتە هۆی بێزارکردنی تیۆرییەکی ئابووری یا سیاسەت یا مجێزی کەس یا سەرۆکی نیقابە و ئەوانەی سەرەوەی ئەو لە بەرپرسان و دەسەڵاتداران تووڕە دەکا، پەناش بۆ خێرێک لە

داهێندراوە نوێیەکان دەبەن کە دەستیان پێی دەگا و خورپەشیان بە دڵدا نایێ ئاخۆ دژی حوکمێکی فەلسەفەی چینایەتی و ناچینایەتی یا یەکێ لەو حیکمەتانەی کە زانایەک گەورە و پیرۆزی سەرکردە و پێشڕەو گوتوویەتی وەستاونەتەوە یان نا و لە چالاکییەکانیشیاندا چاوەڕێی ئیزنی ئایدۆلۆژی ناکەن کە مەزنێکی پایەدار و فەیلەسوفی لێقەومانی تیۆری و کارەساتی ڕۆشنبیری پێی دەبەخشێ.

جا جیاوازی نێوان کاری ئازاد و کاری شۆڕشگێڕانەی سۆسیالستیی بەرنامەڕێژکراوی ئەندازەدار، وەک جیاوازی ڕێکردنی خەڵکە بە ئازادی بە شەقامێکدا و «ڕۆیشتنی مراوی»یە کە لە داهێنانی نازییەکانە لە کاتی ڕاهێناندا. جگە لەوەش «ڕۆشنبیر»ی ئەم جیهانە فرەوانە لە جیهانی ڕۆشنبیریدا بە شێوەیەکی گشتی سەرقاڵی ڕۆشنبیرییە بە تایبەتیش مەودای شارەزایی خۆی و بە شێوەیەکی گشتیش، مەگەر بە دەگمەن، دەنا هەمووی باسی فکرین و پەیوەندییان بە کار و تاقیکارییەوە هەیە. گەورەترین مەترسی لە سەر هەر بابەتێک، ئەوەیە کەسێک لە دەرەوەی بابەتەوە و بە بێ هیچ شارەزاییەک بێت و ڕای خۆی لە کارەکانی و شێوەی هەڵسووڕاندنی و شێوازی پەرەسەندنی دەربڕێ و ڕۆشنبیری سۆسیالست کە شارەزای مێژوو و ئەرکەلۆژی بێ و بۆ نموونە، بکرێتە ئەندامی لیژنەی پەرەپێدانی جۆرە ڕەگەزێکی کۆتر یا ئامادەکردنی حەوزی بەخێوکردنی ماسی یا لێکۆڵینەوە لە سەر ڤایرۆسی «ئایدز»، دەبێ چی پێ بکرێ؟ ئەدی وەرزێر و کرێکار کە لە هەموو لیژنەیەکدا نوێنەرن، بەڵکو تا زووە دەڵێم: ڕەنگە لەو لیژنانەدا کە پەیوەندییان بە پیشەسازی و کشتوکاڵەوە هەیە چاوپۆشییان لێ بکرێ!!

دەمەوێ بە ڕوونکردنەوە نموونەیەک بهێنمەوە کە لە زۆر بۆنەدا بۆی گەڕاومەتەوە، مەبەستم زەرەری تیۆری وادانانە لە کاری بەرهەمهێندا:

چۆلەکە، لەگەڵ گزنگدا لە هێلانە دەردەکەوێ و بۆ پەیداکردنی خۆراک بۆ خۆی و بێچوەکانی دەوان[3] دەدا. ئەگەر هەر بە شەوان و بۆ پشوودان لە هێلانەدا بمێنێ، خۆی و بێچوەکانی لە بارودۆخی تێریدا دەژین. ئەگەر بە شێوەیەک لە شێوەکان فێری بنەماکانی سۆسیالیزم، لە ڕاو و کۆکردنەوە و قووتدان بکرێ، بەر لەوەی گرێی تێکەڵوپێکەڵی تیۆری و کامە بۆرژوازیانە و حەرامە و کامە خاوێن و حەڵاڵە و کەی فیتووی ئیزنخوازی خواردن لێ دەدرێ و کەنگێ فیتووی لێبوونەوەی خواردن لێ دەدرێ، لە برساندا دەمرێ... ئەی لە کام جۆگە ئاو بخواتەوە و لە سەر کام چڵ بنیشێتەوە و بە لای چەپدا بفڕێ یا ڕاست!!

مەسەلەی کۆمیتەکان یەکێکە لە گەورەترین هۆکاری پاشکەوتن و بێتوانایی لە بنیاتنانی سۆسیالیزمی سەپاودا و چاوەڕوانی هیچ چاکەیەک لە بوونی ناکرێ مەگەر بەوەی کە جڵەوی دەستی دەسەڵاتە و کۆمەڵگەی پێ ڕادەگرێ. کۆمیتەمان تەنانەت لەو وڵاتانەشدا دیت کە بازاڕی ئازادیان هەیە، ڕێیەکی خاوە و درەنگ ئەنجام دەدرێ بەڵام شەڕەکەی سووکترە چونکە لە ناو بازنەی ڕەسمیدا قەتیس کراوە کە لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا ڕووبەرێکی بەرتەسکی لە بواریدا هەیە ئەگەر لەگەڵ ڕووبەری کاری ئازاددا بەراورد بکرێ چونکە کۆمیتە بۆ پێویستی نەبێ پێکناهێندرێ و بە دەقێکی ئینجیل کرێکار و وەرزێر و ڕۆشنبیرانیشی تێنائاخنرێ، ئەگەر پێکیشبهێندرێ ئەو کەسانەی تیایدا دەبنە نوێنەر لە مەسەلە باسکراوەکاندا شارەزان، لەگەڵ ئەوەشدا قسەیەکیان لە بارەوە بڵاو کراوەتەوە کە دەڵێ ئەگەر بتەوێ پرۆژەیەک بکوژیت باشترین ڕێگا ئەوەیە کۆمیتەیەکی بۆ پێکبهێنیت...

---

[3] - دەوان : هەوڵ و کۆشش. وەرگێڕ.

ئەو خاڵانەی لاپەڕە ۴۶ تا ۵۴ی کتێبەکە کە دەیانەوێ قسەیان لە سەر بکرێ ئەوەندە زۆرن ئەگەر بمانەوێ مافی تەواویان بدرێ، ئەم کتێبە بەش ناکا بۆیە بە ناچاری دەستیان لێ هەڵدەگرم و بەوەندە دەستبەردار دەبم بۆچوونی کۆتایی لە سەر کاردانەوەی پەنابردن بۆ کۆمیتە دەربڕم و بگەڕێمەوە بۆ ئەرشیڤی شۆڕشگێڕی و پەنابردن بۆ حیکمەتی لینین و فەلسەفەی مارکس بۆ ئاشکراکردنی دینامیکی سۆسیالیزم و ناوەڕۆکە دەوڵەمەندەکەی، جا دەڵێم: سۆسیالیزمی ڕاستەقینە کە لە هەناوی پەرەسەندنی ئاسایی بەردەبێتەوە خۆی لە خۆیدا بەشی ئەوە دەکا پێشکەوتنی بێمەرج بێنێتە دی چونکە خۆی بەرهەمی پێشکەوتنی حەتمی و پێویستە و نە دەستی لێ بەر دەدرێ نە بەربەستیشی لە پێش دادەندرێ و دەکرێ لە هەر وڵاتێکدا بە بێ داتاشین و ڕەتکردنەوە یا عاشقبوونی نوێبوونەوە بێتە دی و دەستپێشخەری تاک و خاوەندارێتیش ناکوژێ و بیرۆکەیەک کە هی خۆی نەبێ ڕەت ناکاتەوە و ئەگەر زۆرینەی خەڵک ویستیان بچنە سەر مەزەبێکی تری ئابووری، وەک ڕێگای ماڵی خۆیان ڕێگایان والایە و جێبەجێکردنیشی وەک داندانی مریشک و خواردنپێدانی پشیلەی دەستەمۆ ئاسانە و چ توندوتیژی و زۆرداریشی تێدا نییە و پێچەوانەی کوشتن و سووتاندن و بەندکردنی لایەنی بەرانبەرە و دژی سۆسیالیزمی سەپێندراوە.

پەنابردن بۆ کۆمیتە لە بەڕێوەبردن و دەسەڵاتدا، سووربوونە لە سەر شتێک کە لە بنەمادا نەدەبوو هەبێ و دیاردەیەکی بۆش و دواکەوتووی شۆڕشگێڕی و جەماوەرییە و شۆڕش بە بۆچوونی هەڵە و بە پاڵپشتی باوەڕبەخۆبوون و چ دەڵێ و چ دەکا، سەپاندوویەتی و ئەمڕۆ لە ناوەڕۆکی پەرەسترۆیکا، لابردن و هەڵوەشاندنەوە و حەرامکردنی ئەو کۆمیتانە لە هەموو شتێک پێویستترن و نە ڕۆشنبیر و نە فرەزانی و نە داهێنەری سەد بوار ئەوەی پێ دەکرێ کە سبووغچی و ئاسنگەر و دارتاشی

نەخوێندەوار پێیان دەکرێ. هەر کەسە و لە بواری کاری خۆیدا و ئەگەر فەیلەسووف دەست وەربداتە کاروباری ئەوانە، کاریان هیچ دەبێ و دەکەونە سەر ساجی عەلی. چەند سەیرە سبووغچییەک فرشەکەی بە لای ڕاستدا ڕاوەشێنێ و لە بەر خۆیەوە بڵێ لینین گوتی.. ئەوجا بە لای چەپدا ڕایوەشێنێ و بڵێ: بژی ئەوەی نەژیا و بە هیچ نەژیا… ئەوجا پێڵاوی سوور بە سبووغی ڕەش ڕەنگ بکا و بڵێ: مۆلۆتۆف ببوورە، بڕووخێ ئیستیعمار… لەوەش سەیرتر ئەوەیە مارکسیزم لە ڕووی فکرییەوە «خودا»ی ڕەت کردۆتەوە، کەچی قوتابییەکانی دێن و مارکس یا لینین یا ستالین یا کەسێکی تری بەردەوام ئامادە و خاوەنی پێغەمبەرایەتی تەواو و بۆچوونی ڕاست و شارەزای ڕابردوو و داهاتوو دادەنێن و هەر دەڵێی جێگرێکی پێویستی خولقێنەرە کە دوای ئینکارکردنی بۆشاییەکی جێ هێشتبێ.

کورتەی قسان لە سەر کۆمیتە داهێندراوەکان ئەوەیە کە ئافەتی سەردەمە و بە پێی تواناکەی لە دەستوەردان لە کاروبارێک کە هیچ شارەزای نییە، تێداچوونیش گەورەتر دەبێ، خراپترینی سەرلەبەری کۆمیتەکانیش ئەوانەن کە بە پێی باوەڕێکی پیرۆز بە سەر خەڵکدا سەپێندراون. ڕەنگیشە باشترین لایەنی ئەو کۆمیتانە ئەوە بێ کە دەبێتە دەرگای ڕزقی زیاتری ئەندامەکانی کە شایستەی یەک دانیق (دانیق – قورسایی هەشت دەنکە جۆ) نین و هەقە لە بری خەڵاتکردن سزا بدرێن!

ئەی سەرۆک گورباشۆف ئەو کۆمیتە شێرپەنجانە لە ڕۆشنایی ڕۆژانی خەڵک لابەرە و لابردنیان، خۆی لە خۆیدا دەبێتە پەرەسترۆیکایەکی سەربەخۆ ئەگەر لایەنە گرنگەکان ئەوانەیان تێدا نەمێنن.

هەرچیم گوت و هەرچیشم نەگوت لە دەیەکی ئەوە کەمترە کە دەبێ لە بارەی کۆمیتەکانەوە، لە ڕۆژی یەکەمیانەوە لە ساڵی ١٩١٧ تا ڕۆژی

ئەمرۆمان کە دوادوایی ۱۹۸۹یە بگوترێ (دوای چەند ڕۆژێک ڕاوەستان کە شاوشیسکۆیان تێدا ئیعدام کرد، یەکەم ڕۆژی ساڵی ۱۹۹۰ گەڕامەوە سەر ئەم نووسینە) لە چاو حەقیقەتێکەوە کە بە قەدەر گەورەیی ئەو گەلەی قسەی لە بارەوە دەکرێ، گەورەیە:

جا ئەو کۆمیتە ناوبراوانە لە پەرەسترۆیکا بە پێی سۆسیالیزمی سەپاو تەواو سەرکەوتوو بن یا تەواو شکستیان هێنابێ، ئەو کۆمیتانە هەبووبن یا نەبووبن مەسەلەی خۆگونجاندن لەگەڵ سەردەم و سروشتی شتەکان و بەشەرەکاندا وەک خۆی، وەک ئەرکێک دەمێنێ و پێویستە ئەوانە هۆشی کەسانی سەر بە پەرەسترۆیکا سەرقاڵ بکەن، چونکە تیۆرییەکە بەرتەسککردنەوەی هەر شتێ بوو چەخماخەی هەستی مرۆڤایەتی بۆ ئەوانە لێبدا کە بە سەر ئەو گەلانەدا هاتن کە شۆڕشی چینایەتییان تێدا بەردەوام بوو یا بەرەکەتەکەی بە سەریاندا سەپا، تا دیتمان خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا وەک ئەوەی یەک زەلام بن، بە جارێ لە دژی چینایەتی و حیزبی چینایەتی و کۆمیتەکانی و حکوومەتەکانی، لە یەکەم دەرفەتی دوای چل ساڵ ئازاری وەیل هەستانەوە و لەو کاردانەوە زەبەلاحەی شۆڕشەوە ئاشکرا بوو کە بە سەر حکوومەت و یاسا و هەر شتێکیاندا هێنا کە پەیوەندی پێیانەوە بوو، ئیتر بێسوودە نووسەر بەڵگەی زەقی ڕەتکردنەوەی خودی کرێکاران لە دەوڵەتە کۆمۆنستییەکانەوە بێنێتەوە کە بە زۆرداری بە سەر گەلاندا سەپاون و ئەوەش شتێکە دوو کەسی ژیری بەویژدانی لە سەر ناتەبا نابن چونکە نیشانەکەی گردەبڕە و هاشالێکردنی لادان یا بەدکارییەکی شاراوەیە.

من وای بۆ دەچم هێزی ڕووداوەکان و ڕوونی ئاڕاستەکان و هاواری ئاواتەکان لە جیهانی کۆمۆنستی ئەوروپاوە، بە هەموویان ڕێیان لە بەردەم لایەنگرانی پەرەسترۆیکەدا خۆش کرد بۆ ئەوەی گەورەترین چاکەکاری

و چاککردنەوە و ڕاستکردنەوە کە بشێ، ئەنجام بدا تا ئەو ئاستەی لە سۆسیالیزمی لینینیدا جێی دەبێتەوە، بگرە لە سەر ئەوەشەوە وای دادەنێم کە لە دەوڵەتی سۆڤیەتیشدا دەرگای بە ڕووی هەموو دنیادا کردەوە و پێیدا بە بێ پاسپۆرت و مۆری چوونەژوورەوە و دەرچوون، دێن و دەچن...

ئەو بۆچوونە و هی تری وام هەیە کە بە خەیاڵی کراوەی پەرەسترۆیکاییدا دێ لە کاتی نەمانی یەکجارەکی بیرۆکراتی و عەقڵی داخراودا و هەموو ئەوانەش بایی یەک مسقالەزەڕە سوودی بۆ پێشخستنی کۆمەڵگە و زیادبوونی بەرهەم و فریاکەوتنی سەردەم نییە چونکە بە هەموویان لەوە تێپەڕ ناکەن مافی هاوارکردن و گردبوونەوە و جیابوونەوە و قسەی خۆش و نەفرەتکردن لە ڕابردوو و ڕقبوونەوە لە حکوومەت و کفرکردن بە ڕابردوو بە خەڵک دەدەن... هەڵکردن لەگەڵ سەردەمدا، واتە ژیان و بوون بە پێی بۆچوون و شێواز و پێویستییەکانی و ڕێگا ئاواڵە و خۆشکراوەکانی بۆ پێدا ڕۆیشتنی سەردەم.

دەوڵەتە پێشکەوتووەکان بۆیە پێشکەوتوون، لە سەردەمی خۆیاندا دەژین نەک لەبەر ئەوەی خۆپیشاندان ساز دەکەن و دروشم بەرز دەکەنەوە نەفرەت لە کائینات دەکەن چونکە ئەوانە شەرمهێنەر و ڕەتکراوەن و جێیان لە لایان نابێتەوە: پەرەسترۆیکای ڕاستەقینە ئەوەیە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی کەشوهەوایەکی کۆمەڵایەتی سیاسی ئابووری، لە ڕووی دەروونی و هۆش و زانستی و ڕەفتارەوە بە شێوەیەک فەراهەم بکا کە بە لای کەمەوە سەلامەت و هاوسەنگ بێ ئەوەش بە هاوکاریکردنی ئەو خەسڵەتە باسکراوانە بە هاوئاوازی و بێ هەڵچوون و هەناسەبڕکێ و ڕازاندنەوەی، تا ڕادەیەک وەک بەشەکانی جەستەی زندوو کە خۆبەخۆ و بێ ئەوەی خاوەنەکەی هەستی پێ بکا هاوکارن و نە پێی شەرمەزارە تا بیشارێتەوە و نە شانازییان پێوە دەکا تا میهرەجانیان بۆ ساز بکا.

ئەوە سروشتی ژیانی شارستانەتییە و پۆلیس و دادگا و شکاتلێکراو و شکاتکەر و تەماشاکەران بۆ سەلامەتی بڕیاری حوکم تیایدا لێک نزیک دەبن، باغەوان و خاوەنباغ و بەرپرسی ئاودێری و بەڕێوەبەرایەتییە کشتوکاڵییەکان و بازرگانانی بنەتۆو و تەمێکەر و پاچبەدەست و قوتابخانەی کشتوکاڵی و زاناکانیان و هەموو ئەوانەی پەیوەندییان بەو پرۆژەیەوە هەیە، کار بۆ سەرکەوتنی دەکەن تا سوودی لێ ببینن...

پێویستە دەرگای بەرژەوەندی ڕەسمی و ناڕەسمی لە بەردەم دانیشتواندا بە بێ ترس و دوودڵی و چاوەڕوانی بەرتیل، بە بێ دوودڵی لە نیەتی دادوەر و قازی و پۆلیس و ڕێنماییکەری کۆمەڵایەتی و سەرکردەی سوپا و بێ بوونی دەزگای نهێنیی زۆردار و زاڵم کە وا بوە لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا لە پلەی یەکەمەوە تا دەیەم دژی خەڵکی وڵاتەکەن، ئەوجا دژی ئەو بێگانانەی خراپەی وڵات و خەڵکەکەیان دەوێ...

پێویستە هەموو بەربەستێک لە بەردەم هەوڵی تاکەکەسی و داهێنانی بە کۆمەڵ یا تێکەڵی تاک و کۆ و ڕەسمی و ناڕەسمی وەلا بندرێ.. هەر دەبێ ڕێزی خاوەنداریێتی و هەڵبژاردەی تاک لە هەموو بوارەکاندا و لە سنووری یاسایەکدا کە گەل لە ڕێی هەڵبژاردنێکی خاوێنی نوێنەریانەوە دایدەنێ، بگیرێ... هەر دەبێ حکوومەت بە بێ دواکەوتن و بیانوو و خۆسستکردن و بیانووی بۆش لە ژێر فەرمانی گەلدا بێ: ڕۆژنامەوانی و دامودەزگای ڕاگەیاندن و حیزب، هەموویان کەرەسەی ئامادەکراوی گوێڕایەڵی هەموو کەسن جا وەزیر بێ یا دارکەر یا سەرەککۆمار یا ئەو کارەکەرەی کە بە پێی ئەرکەکەی نەک بە زۆرداری، ژوورەکەی کۆشکی سەرۆکایەتی بۆ ڕێک دەخا...

بە کورتییەکەی، بیناکردن و دووبارە بیناکردنەوە کەشوهەوای شارستانەتی دیاریکراوی بۆ کار و ناوبانگ و ئازادی و هاوکاری لە هەموو

بواره ڕەسمی و ناڕەسمی دەوێ و تاک و کۆمەڵ وەک ئەوەی لە ماڵی خۆیاندا ڕەفتار بکەن بە بێ ترس و گومان و دوودڵی بەرانبەر نەزاندراو دەبزوێن و ئەگەر ئەو مەرجە ناوبراوانە کەم یا زۆر نەبن بەڵگەیە بۆ دامێنی پلەی شارستانەتی و هەستی جەماوەری بەرانبەر سوود و بێسوودی شتەکان لاواز دەبێ و ئەرکی ئاڕاستەکەران و پشتگرانی دەسەڵات دەبێتە گەشەپێدانی ئەو هەستە، ئەوەش نەک بە وەعزدادان و قسەی گەوهەرانەی ئەڵماسانە بەڵکو بە شێوازی عەمەلی لە ژیانی ڕۆژانەدا و ئەنجامەکەی چاکە و سوود و ئاسوودەیی هەموو کەس بێ.

کورتەی قسان ئەوەیە پەرەسترۆیکا لە کۆمەڵگەی سۆڤیەتدا، وەک دەوڵەتێکی مەزن و هێزی بزوێنەری مێژوو و یەکێ لە گۆشەکانی ئاشتی یا جەنگ لە ئاستی دنیادا بە ئامانجی خۆی ناگا ئەگەر ئەو کۆمەڵگەیە لە ناو وێرانەی تیۆری و قاوغی زاراوە و ڕێنمایی پیرۆزی بۆگەنبوو و یاسای دژی ڕۆحی مرۆڤ بە هەموو ئەو شکستانەی لە خەڵکدا خولقاندوونی و ئەو یاسایانەی لە سەرووی ئاسمانییەوەن و بەرەوڕووی بتپەرستی و زەلامپەرستی کردەوە و دەستی مەهارەتی بەست و لە چاوی بەئاگا و هۆشی کراوەی دابڕی و بۆ شەڕی چینایەتی نێوان خەڵک کە خۆیان بە بێ شەڕی ئەمسەر و ئەوسەری دنیا لە برساندا مردوون هانیدان... دەکرێ هەموو یا زۆرینەی ئەوانە لەم خالانەدا ڕیز بکەین:

1. دادگایەکی ئازاد دەستی بە سەر دەسەڵاتدار و بندەستەی دەسەڵاتدا بڕوات.
2. دیوانی یاسادانانی ئازاد کە بە بێ مەرج و مەرجکاری هەڵبژێردرابێ تا بە جۆرێ یاسا داڕێژێ بە دڵی سەرجەمی خەڵک بێ.

3. ڕۆژنامەوانییەکی ئازادی ناحکوومەتی و ناحیزبی، یا بە جۆرێکی تر، ڕۆژنامەوانییەکی ئازادی بێ مەرج و مەرجکاری، تیایدا حیزبی و ناحیزبی و حکوومەتی و ناحکوومەتی هاوسان بن.

4. دامودەزگای ڕاگەیاندن بۆ هەموو کەس، بە کرێ و مەرجەوە ئاواڵە بێت.

ئەگەر هەموو ئەوانە جێبەجێ کران، کاری ئازاد و بازرگانی ئازاد و سەفەری ئازاد و بیناکاری ئازاد و خاوەندارێتی ئازاد و حیزبایەتی ئازاد... هتد، دەبنە ئەنجامی بەدیهاتوو و لە سەر بیرۆکراتی و عەقڵی بە بەردبوو دەبێتە ئەرک کە لە ڕوومەتی خۆیان بدەن و گیرفانی خۆیان هەڵدڕن و ئەوەندە نەفرەت لە ئازادی بکەن تا قوڕگیان دەدڕێ.

دەرچوون لە قاوغی بەندیخانەی فەلسەفی و شۆڕشگێڕێتی بە پرۆسەیەکی تەواوی لەدایکبوونەوە نەبێ لە شۆڕشی بەلشەڤییەوە بۆ جیهانی دوای خوێن و هەڕەشە و ئاوارەبوون، نایەتە دی.

من ئەوە دەڵێم و کەس پێشبینی ئەوەی پێ نییە ئاخۆ ڕۆژانی داهاتووی جیهانی سۆڤیەتی چی لە هەناویدا حەشار داوە چونکە ڕووداوەکان خێران و بەرەوڕووبوونەوە قەبەن و هەموو هیوای مرۆڤایەتی بە سەرکەوتنی ئەو هەنگاوەوە بەستراوە کە ئەهلی پەرەسترۆیکا دەینێن. ڕەنگە ئەو میقدارە ئاشکرایەی لە سەرجەمی بابەتەکەدا ئەوە بێ کاری خێر پەلەکردنی تێدا باشە و باشترین چارەسەر لە سەرەتای نەخۆشییەوەیە.

ئەوەی لە باسەکە ماوەتەوە و قسە هەڵدەگرێ، وازی لێ دێنم و بەو قسانەی کە پێشتر کردوومن دەستبەردار دەبم، تەنها یەک دەربڕین هەڵدەبژێرم کە لە دێڕی پێش کۆتایی لاپەڕە ٥٣ دا هاتووە و دەڵێ:

«هەروەها دەبێ زانستی مێژووش لە ژێر دەسەڵاتی پێداچوونەوەی گرنگدا بێ».

جەنابی سەرۆک گورباشۆڤ بە هیچ دەربڕین و ئاماژەیەک نەیفەرمووە مەبەست لە زانستی مێژوو چییە و واتای پێداچوونەوەی گرنگ چییە و کێ پێدا بچێتەوە! دیاریکردنی ئەو خاڵانە:

1. زانستی مێژوو چییە
2. واتای پێداچوونەوەی گرنگ چییە
3. کێ پێداچوونەوە بکا

ڕوون بکرێتەوە ئاخۆ ئەنجامدانی ئەوانە لە بەر ڕۆشنایی لینینیزم مارکسیزم دەبێ و مارکسستەکان خۆیان ئەنجامی دەدەن، ئەگەر وابێ یەک کێشە دەمێنێتەوە ئەوەش دیاریکردنی واتا یا سنوور و گرنگی پێداچوونەوەکەیە. وا هزر دەکەم سەرۆک گورباشۆڤ مەبەستی ئەم ڕەوتەیان بێ چونکە ئەو کاتێ دەستی بە نووسینی پەرەسترۆیکا کرد، بارودۆخی ئاسان و ئاسوودەبەخشی نێوان سۆڤیەت و ڕۆژاوا نەگەیشتبووە ئەو نزیکایەتی و بێگەردییەی دەرفەت بۆ کۆبوونەوەی زانایانی مێژووی هەردوو بەرەی سۆڤیەت و ڕۆژاوا بڕەخسێنێ بۆ ئەوەی لە سەر یەک واتای دیاریکراوی مێژوو ڕێک بکەون، کە هەردوو لا پێی ڕازی بن.

لەم بارودۆخەی منیشدا کە توانای ئەوەم نییە پرسیار لە شارەزایانی سۆڤیەت بکەم، چارەیەکم نییە جگە لەوەی وەها دانێم مەبەستی لە قسەکەی ئەوەیە مارکسییەکان خۆیان لە بەر تیشکی مارکسی لینینی و تاقیکردنەوەی سۆسیالیزم کە حەفتا ساڵ یا نزیکەی حەفتا ساڵ پێش نووسینی پەرەسترۆیکا کاری پێکرا، بە مێژوودا بچنەوە. ئەگەر ئەوە

مەبەستی قسەکەی بێ دەمێنێتەوە ئەوەی بۆچوونەکەی وا لێکبدەینەوە کە دەیەوێ دەستکاری گرنگ لەو لێکدانەوەیە بکا کە مارکسیزم بۆ مێژوو هەیەتی یا مەبەستی ئەوەیە جێگیرکردنی سۆسیالیزم و بەهێزکردنی لە ڕێی بەهێزکردنی بنەما تیۆرییەکانیەوە بۆ مێژوو بکا بەو شێوەیە کە خۆیی لە توانا خودییەکانی تیۆری مارکسیدا دەیبینێ کە بە بۆچوونی لینین ئاو دراون بەو شێوەیەی بارودۆخی ئەمڕۆ وەک بژارکردن یا ڕوونکردنەوە یا فرەوانکردن یا دواخستن یا پێشخستن یا هەر ئەگەرێکی تر دەیخوازێ کە پێداویستی لە سنووری خودی مارکسی لینینیدا دەیسەپێنێ!

ئەوەی سەرۆک گورباشۆڤ داوای دەکا تەماوییە چونکە لە یەک لاوە دەرگای بۆ ڕەخنە و ڕوونی و نارەزایەتی ڕووخاندنی سۆسیالیزم و کۆتاییهاتنی دەسەلاتی کۆمۆنیزم لە هەموو ڕۆژهەلاتی ئەوروپا کردۆتەوە کراوەیی لە جیهانە سۆڤیەتەکەی خۆیدا گەیشتە ئاستێک چاوەڕوانی هەموو ئەنجامێکی لێ دەکرێ، لە گەڕانەوەی بە بەردبووەکانەوە دەست پێ بکە و بە چارەسەری مام ناوەندیدا تێپەڕە کە مانەوەی سۆسیالیزم و نوێکردنەوەی دەگرێتەوە تا دەگەیتە ئەوەی هەموو گەلان لە سستەمی سۆڤیەتیدا، لە هەرچی پێی دەڵێن مارکسی و شیوعی و سۆسیالیزمی سەپاو داماڵدرێ. لە لایەکەی ترەوە، دەبینین بە وابەستەبوون بە سستەمی سۆسیالیزمی سۆڤیەتییەوە پابەندە و بەو پێیەی لە زۆر شوێنی کتێبەکەیدا باس کراوە، ڕێ لە دزەکردنی شێوازی بۆرژوازی دەگرێ بچێتە جیهانەکەیەوە.

لە ڕووی پێویستییەوە، وام بە باش زانی قسەکەی لە ڕووی بەهێزترین ڕێتێچوونەوە لێکبدەمەوە ئەوەش ئەوەیە مەبەستی لە پێداچوونەوەی مێژوو لە بەر تیشکی مارکسیسم، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێتێچوونی «بەهێز»ی

تریش هەڵدەگرێ، ئەوە بێ مارکسیزم لە سەر پێی خۆی ڕاگرێ تا نەڕووخێ. دوای ئەم کورتە قسانە دەگەڕێمەوە سەری.

بەڵام «زانستی مێژوو»، بۆچوونی خۆمم لە سەری هەیە... پێویستە لە سەرەتاوە ئەوە بڵێم کە جیاوازییەکی زۆر گەورە لە نێوان زانیاری لە بارەی ڕووداوەکانی مێژووەوە، کە تەنانەت نەخوێندەواریش مەودای قسەکردنی تێدا هەیە، لەگەڵ تێگەیشتن لە زانستی مێژوودا هەیە، کە تیایدا قسەکردن تا کۆتاییەکی نادیار درێژە دەکێشێ. ئەی شتێک هەیە ناوی زانستی مێژوو بێ؟

ئەگەر شتێ هەبێ ناوی زانستی مێژوو بێ، بە ئاسانی وەرناگیرێ ئەگەرچی بە ئاسانیش ڕەت ناکرێتەوە چونکە سەرقاڵبوونی بە ڕووداو و دیاردە و شێوازی ڕابردووەوە بەشی ئەوەی زانیاری تەواومان لە سەری هەبێ یا بە لای کەمەوە ئەوەندە لە فەلەکناسییەکەی بزاندرێ کە بایی ئەوە بکا بڕیار لە سەری یا لە سەر شتی تری شاراوەی پێ بدرێ ئەوەش بەو حیسابەی کە کەون یەک ماددەیە و دەستوورە فەلەکی و بیرکاری و فیزیاییەکانی لە کات و شوێندا پەیڕەو دەکرێن و مێژووی زانراوی ڕووداوەکان و چ هۆکاری نزیکبوونەوەی هەستپێکراوی لێ دەخوازرێ و دیدی ئێستاش بە خۆی و هاندان و پێشگیرییەوە بخەرە سەری، بەشی ئەوە دەکەن بۆچوونیان لە سەر هەڵبچندرێ و لەگەڵ نەختێ زیادەڕۆییدا، ناوێ تیۆری لێ بندرێ، هۆکاریش ئەوەیە بوونەوەری زندوو، بە تایبەتی مرۆڤ، بە ئاسانی ناچێتە ژێر ڕکێفی دەستوورەوە، وەک ماددەی مردوو ڕادەستی ئەو یاسایانە دەبێ کە لە سەری پێکهێندراون و لە خۆشی پێکدێن. پاشەڕۆژێکیش کە لەمڕۆوە سەرهەڵدەدا پێشبینی شێوە و چۆنیەتی ناکرێ، وەک پێشبینی خولانەوەی زەوی و ڕوودانی مانگیران و خۆرگیرانی هەزاران ساڵی داهاتوو دەکرێ، لەگەڵ

سەرنجی جیاوازییەکی تردا کە ناکرێ پشتگوێ بخرێ ئەوەش ئەوەیە یاساکانی فەلەک و فیزیا، بەو پێیە هەموویان سەر بە سروشتن و لە ژێر ڕکێفی یەک موگناتیس و هێزی ڕاکێشاندان و هەردووکیان سەرچاوەی ئەو دەستوورانەن کە لە بارودۆخیان دەکەوێتەوە، یاسای ڕێژەیی بە سەریاندا زاڵە چونکە سروشت بە هەموو شێوە و خەسڵەت و یاسایەوە یەک شتی وابەستەیە لە کاتێکدا زانستی مێژوو و فەلسەفەکەی بە ڕەهایی لە ژێر ڕەفتاری تەواوی مرۆڤدان. ڕەفتار و بیر و باوەڕی مرۆڤ بەشێک نین لە سروشت تا کەوتنە ژێر ڕکیفی دەستوورەکانیەوە، وەک تیۆری ئەرخەمیدس یا هاوکێشەکەی ئەنیشتاین کە بە میقداری وزەی ناو ماددەوە وابەستەیە (بارست کەڕەت دووجای خێرایی)، دیاردەیەکی ماددی بن، جگە لەوەی حەتمیەتی پێویست لە ڕاستی تیۆری مێژوو و دەستوورەکانیدا نییە و ڕەنگە لە وڵاتی «س»دا ڕاست دەرچێ و لە وڵاتی «د»دا کورت بهێنێ...

مێژوو، بە باوەڕی من، زانستێکە، هەندێ مەرجی «زانستیبوونی شت» تێدەپەڕێنێ بەڵام لە پەیوەندیدا بە ڕابردوو و ئێستاوە «زانستی مەرجدار»ە بەڵام لە بارەی داهاتووەوە هەر «مەزەندە»یە و بە گشتگیری و سەرجەمییەوە لە مەزەندەدا ناپێکێ وەک کەسێکی بازرگانی پێست لە مەزەندەی داهاتووی کارەکەیدا لە ڕاستی نزیک دەبێتەوە چونکە «پێست» خەتێکە لە نێوان ملیۆنان خەت یا داوی تێکئاڵاوی ڕابردوو و ئێستا و داهاتووی مەیدانی مێژوو و هەموو ڕێتێچووەکانی دەرەوەی ڕەفتاری مرۆڤی دەخرێتە سەر کە بە هیچ جۆرێ ئاگای لێ نییە و چاوەڕوانی جۆری ڕەفتارەکەش ناکا.

ئایە لە توانای هیچ مێژووزانێکی سەر گۆی زەوی یا بۆشایی ئاسماندا بووە چاوەڕوانی مردنی جەمال عەبدولناسری کردبێ بۆ ئەوەی لاپەڕەی

ڕێباز و سیاسەتەکەی دابخاتەوە، ئەوجا ئەنوەر سادات بێت و هەموو ئەو ڕێباز و قسە و کارانە بگۆڕێ ئەگەرچی مردنیش یەکێ لە هەڵبژاردنەکان نییە و کاری ڕێکەوتە بەو حیسابەی ناچێتە ناو پێوانەی ئەو ڕێتێچوونانەوە کە لە تایەکی تەرازووی هۆکار و کاریگەردان..

قسەکردن لەم بابەتەش ئەوسەری ڕوون نییە و دەست لە درێژەپێدانی هەڵدەگرم و بە پێی هەستکردنم بە شتەکان دێمە سەر بۆچوونی سەرۆک گورباشۆڤ لەوەدا کە پێداچوونەوەی گرنگی مێژوو بە ئەرک دەزانێ و ڕوونم کردەوە کە ئەو پێداچوونەوەیە لە بەر ڕۆشنایی مارکسیزم دەبێ و لەوەوە و لە لۆژیکی پەرەسترۆیکاوە دیارە پێداچوونەوەکە بە پێی سەردەمە مارکسییەکان مێژوو بەرەو ئەوە دەبا کە لەوسەرەوە بگاتەوە سۆسیالیزم، ئیتر پێ ناچێ گوێ بە مێژوونووسە بۆرژواکان بدا ئاخۆ لە بارەی دنیاوە چی دەڵێن مەگەر بایی ئەوەی لەگەڵ مارکسیزم لینینیزمدا هاوتەریب بێ و ئەوەش وەک گرنگیدانی دراوسێ بە خاوێنی دراوسێکەی بایی ئەوەی کاریگەری لە سەر خۆی نەبێ، دەنا حەوت بەردیان لە دوا یا با عافیەتیان بێ... لەگەڵ ئەو سەرنجەشدا کە دوعای چاکەخوازی بۆ خەڵکی نەناس زۆر دەگمەنە.

گرتنەبەری ئەو ڕێیەی کە سەرۆک گورباشۆڤ ڕوونی نەکردۆتەوە زۆری بەربەست لە پێشدایە چونکە ڕێبوار ناچار دەبێ بەرەو ئەو ڕێتێچوونانەی تر باز بدا کە بە دوورم زانیوە ئامانجی سەرۆک گورباشوڤ بن لەوەی کە گوتی بە تایبەتی گەڕانەوە بۆ تاقیکارییەکانی ئابووری ئازاد بۆ هەڵسەنگاندنی ئابووری مارکسی کە شتێکە دەستی لێ بەرنادرێ چونکە بە دوو تیۆری جیاوازەوە بەشدارن لە یەک مەسەلەدا. ئەگەر بتەوێ ناڕاستیی زانستی فەلەکی کۆن بەتاڵ بکەیتەوە کە باسی جێگیربوونی زەوی لە چەقی کەوندا دەکا، دەبێ بە ناچاری پەنا بۆ

فەلەکناسی تازە بەریت یا ئەگەر بەراورد لە نێوان بۆچوونی نیوتن و بۆچوونی ئەنیشتاین لە مەسەلەی وزەی ڕاکێشاندا بکەیت، پێویستە ئەنجامی هەردوو بۆچوونەکە بخەیتە تاقیکارییەوە و ناکرێ یەک تیۆری بە پێوانەی قسەکانی خۆی هەڵسەنگێنیت: ئەگەر بەڵگەکانی تیۆری، هەر تیۆرییەک، بۆ خۆیان بەس بن بۆ شایەدیدان لە دژی، بارودۆخی خراپ دەبێ و ئەرکی قورس دەبێ و ئامانجیشی تاریک دەبێ. بەڵام ئەگەر بە پێی پێوانەی خۆی پێکابێتی، ئەوە شتێکە ڕێی تێ دەچێ بەڵام هیچ حیسابێکی بۆ ناکرێ، چونکە فەلەکیاتی کۆن بە پێی پێوەری خۆی ڕاستە، هەروەها هەموو فەلسەفە و باوەڕێکی دژبەیەک لە بانگەشەی خۆیاندا و بە پێی پێوەر و پێشینە و بۆچوونی خۆیان ڕاستن بە مەرجێ بە جۆرە ژیرییەک داڕێژرابێتن.

پێداچوونەوەی مێژوو بە عادەت، بۆ یەکێ لە دوو مەبەستە یا وێکڕا بۆ هەردووکیانە: یا بۆ ئەوەیە ئەو هەڵانە ڕاست بکرێنەوە کە مێژوونووسان و چاودێرانی ڕووداو تێیان کەوتوون و تێکەڵ بوونە و پاش و پێش کەوتوون. ئەوەش کارێکی ماسولکەییە و پێویستی بە وردپێوی نییە مەگەر لە بواری شوێنەوارناسی کۆندا بێ کە تێگەیشتن و ڕاستکردنەوەی پێویست بن ئەوجا توانا لە زمانە کۆنەکان و شارەزایی لە هونەری گەڕان و تاقیکاری کاربۆنی و... و ئەم جۆرە ڕاستکردنەوە یا «پێداچوونەوە»یە ئەگەر خەڵکی بێ لایەن، کە بەرژەوەندییان لە ڕووداوەکان و ڕاستییەکاندا نییە، گرنگ نەبێ، ئاخۆ سوودی بۆ سەرمایە دەبێ یا کرێکاران و ئایە لایەنی ئاینە یا خوانەناسی و پەیوەندی بە مافی ژنانەوە چییە یا چی نییە، ئەنجامی بدەن ئەنجامی ڕاستی دەبێ.

خاوەنی ئایدۆلۆژیا دوورترین کەسن لە کاری وەهاوە چونکە لەو چرکەساتەوە کە بۆ کارکردن دەچن، لە باسەکەدا لایەنن هەتا ئەو

کاتەی دەگەڕێنەوە ماڵی خۆیان. تەنانەت زانای مێژووناس کە بەرژەوەندییەکی تایبەتی تێدا نییە، ئەگەر ئەنجامی کارەکە لەگەڵ بۆچوونێکی پێشتری بڵاوکراوەی خۆیدا یەک نەگرێتەوە و بۆی لە بنی هەمبانە بدا، خۆشحاڵ نابێ. یان ئەگەر پێداچوونەوە بە مەبەستی ڕاستکردنەوە و چاککردنەوە بێ. ئەوەی ڕاستکردنەوەی هەواڵ بێ، لە زۆربەی بارەکاندا ئاساییە بەڵام ڕاستکردنەوەی بۆچوون یا ڕا و ئەنجامگیری بەرانبەر ڕووداوێک یا واتای دەقێک یا ڕاستکردنەوەی سستەم و یاسا و شتی لەو بابەتانە، بۆچوونی جیاوازی بێلایەن و خاوەن مەبەستی تایبەتی و لایەنگری باوەڕێکی دیاریکراو هەڵدەگرێ...

پێویستە قسەمان لێرەدا، لە بارەی کەسێکی لایەنگری باوەڕەوە بێ کە لێکۆڵینەوە لە سەر مێژوو دەکا چونکە بەو شێوەیە لە مەسەلەی پێداچوونەوەی مێژوودا، دەقاودەق لەگەڵ بۆچوونەکەی سەرۆک گورباشۆڤدا دەبێ: ئەو باوەڕدارەی ئەو پێداچوونەوەیە بە پێویست دەزانێ، ناڕێکییەک لە بارودۆخەکەدا دەبینێ کە چاوەڕوانی نەدەکرد ئەنجامی تاقیکاری تیۆرییەک کە باوەڕی پێی هەبووە، ئاوها بێ. لەم هەڵوێستەشدا دوو ڕێگای لەبەرە تا بیانگرێتە بەر:

- ڕێگەی یەکەم سەرکەوتنە لە ئێستاوە بەرەو ڕابردوو بۆ ئەوەی بە دوای سەرچاوەی هەڵە و چەوتییەکەدا بگەڕێ یا بیدۆزێتەوە، ئەوەش بە هەڵکردنی داوی کۆلارەی کاغەز دەچێ کە بە گرێ و شوێنە ئاڵۆسکاوەکانیدا ڕەت بیت تا دەگەیتە کۆلارەکە. ئەم ڕێگایە دوو بۆچوونی جیاواز هەڵدەگرێ و لەوەیە باوەڕی بە ڕاستی بنەمای تیۆرییەکە هەبێ و پێی وابێ هەڵە کەوتۆتە بواری پراکتیکەوە و بەوەش بە دوای ئەو سەردەمەدا دەگەڕێ کە هەڵەکەی تێکەوتووە. لەوانەشە باوەڕی وا بێ کە هەڵە لە

خودی تیۆرییەکەدا هەیە و بە هەمان ڕێگەدا بۆ شوێنی هەڵەی ناو تیۆرییەکە بگەڕێتەوە.

- ڕێگەی دووەم، لە سەرەتاوە، وردبوونەوەیە لە دەقی تیۆرییەکە بۆ ئەوەی ئەو شوێنە بدۆزرێتەوە کە ڕێی تێ دەچێ هەڵەی لێوە کرابێ، واتە ڕێی تێ دەچێ تیۆرییەکە خۆی هەڵەی تێدا هەبێ. هەردوو ڕێگاکەش درێژە و فرەوانبوونەوەی وایان هەیە، کە ڕەنگە لە خودی ئەو هەڵەیە گەورەتر بن کە ڕاستکردنەوەیان پێویستە چونکە ناتەبایی توند و جیاوازی گەورە لە بۆچووندا دەخەنەوە بەڵام با وا دانێین کۆکبوون لە سەر پێداچوونەوەی مێژوو لە سەردەمی گلاسنوستدا وا دەکا مەترسی لەو بابەتانەی کە باس کران دوور بخاتەوە...

لە بارەی ئەو دوو ڕێگایەوە کە باس کران و هەر ڕێگایەکی تر کە ڕێی تێ دەچێ بۆ ئەنجامگیری زانستانەی پێداچوونەوە بگیرێتە بەر، دەڵێم: دەبێ چی لە پێداچوونەوەی مێژوویەک چاوەڕوان بکرێ کە هەڵڕژابێتە ناو دڵی سەردەمە زانراوەکانەوە و بە توندی سەردەمێکی بە یەکێکی ترەوە شەتەک دابێ و بە حەتمییەتی مێژوو حیساب کرابێ کە دەبێ مرۆڤ یەک بە دوای یەکدا بیانبڕێ تا بگاتە کۆتایی کە کۆتایی تری بە دوودا نایێ کە سەردەمی کۆمۆنیزمە کە لە ڕووی تیۆرییەوە لە سەر «هەر کەسە و بە پێی توانای خۆی و هەر کەسە و بە پێی پێداویستی خۆی» بنیات نراوە و خواش ئەو خەڵکە لە ململانێ بپارێزێ و ئیتر نە چینی باڵا و نە هی دامێن و نە جیاوازی کۆمەڵایەتی نێوان ئاغا و هەژار دەتوانێ خەڵک بترسێنێ نە هیچ هۆکارێکی تری جیاوازی.

دەمێکە لە ڕێی لۆژیکەوە دەزانم و لە تەلەڤزیۆنەوە دەبینم و دەبیستم ئەو خۆشباوەڕییە تیۆرییە چەند دوورە لە بەدیهاتنێکەوە بە زۆرداری و سوغرە و هەناسەبڕین بێ بەڵام خۆم بە خاوەنی ئەو ڕاستییە ناکەم و هەر بۆ قسان وا دادەنێم مارکسیزم بە تەنها یا مارکسیزم لینینیزم دەتوانێ بەشەر بگەیەنێتە سەر ڕۆخی بەهەشت و خۆشیی هەمیشەیی، شکستیش بە هۆی هەڵەی جێبەجێکردن و نییەتخراپی ئەم و ئەوەوە و بەربەستدانانی شەیتانانەی دەوڵەتە ڕۆژاواییەکانەوە بووە، ئەی هەر لە بنەڕەتدا چ پێویست بە پێداچوونەوەی مێژووە دەکا و بۆچی هەوڵەکان بۆ دۆزینەوەی شوێنی هەڵە و گەندەڵی ئەو دەقانە نەخرێنە کار کە بیری شۆڕشگێڕی و ئابڕووبردنی لادەرانیان تێ ڕژا، چونکە چوونەوە بە مێژوودا بەرەوڕووی خودی تیۆرییەکە دەبێتەوە چونکە مارکسیزم تیۆرییەکی هێنا و ناومان لێ نا، یا ناوی بەرهەمەکەیمان نا «سۆسیالیزمی زانستی» و دارشتنەکەشی گشت کەونی گرتەوە و جەدەلییەتی خۆی بە سەر خودی سروشتیشدا سەپاند ئیتر ئەو مێژووە چییە لە تەوقی مارکسی دەرچووە تا پێیدا بچینەوە لە کاتێکدا مارکسیزم لە سەرجەمدا خۆی مێژووە و لێکدانەوە یا تیۆری یا داهێنانێکی ماددی سەپێندراوی هێنا کە هەموو جیهانی گرتەوە ئەوجا مرۆڤی لە ڕابردوو و ئێستا و داهاتوودا، بە مێژوو و کۆمەڵایەتی و زانست و کار و نەزانی و شتی ترەوە لەخۆ گرت بۆیە مێژوویەکە جێی هەموو مێژووەکان و ڕەتکردنەوەیانی تێدا دەبێتەوە و لە کۆتایی سەدەی ڕابردووەوە، وەک چرایەکی زەبەلاح ڕاست بۆتەوە و ڕۆشناییەکەی موژدەی دەربازبوون بە چەوساوەکان دەدا و هەزاران بلیمەت و نیوە بلیمەتی لایەنی چەپ خۆ بە قوربانیان دەکەن و خۆپیشاندان و گرژی و یاخیبوون و مانگرتن و شۆڕش و جەنگ بەرپا کران و بە شێوەیەک شوێنەواری خۆی لە سەر سەردەمەکە جێهێشت باوەڕ ناکەم پارچە زەوییەک مابێ داغمەی ئەوی پێوە نەبێ و ئاوازی

به پیرۆزکردن بەردەوام بوو ئەگەرچی دوای شەیتانتبازی ستالین نەختێ خاویش بووەوە بەڵام ئەوە کاریگەری لە سەر مەترسییەکانی نەبوو بەڵکو زۆر گرژی و ئاڵۆزی توندوتیژ دوای سەردەمی ستالین بە ناوی مارکسییەوە گەیشتنە دەسەڵات و هەتا ڕۆژی ئەمڕۆ لە لای زۆر کەس بە پیرۆزی لێی دەڕواندرێ و ڕقیان لە پەرەسترۆیکایە بەو حیسابەی بە بۆچوونی ئەوان لە بنەماکانی مارکسیزم کە لە سەر شۆڕشی ڕاستەقینە هەڵچندراوە، لایداوە و تەنانەت سەرۆک گورباشۆڤ خۆشی لە کتێبەکەیدا هاوبەستەگی چارەنووسسازی خۆی پێوە ڕادەگەیەنێ.

ئیتر ئەو کەموکورتییە لەو مێژووەدا چییە کە مارکس دایڕشت و لینین تەواوی کرد؟ ئەی جیاوازی نێوان ئەو هەڵە دەستنیشانکراوەی مێژوو و هەڵەی خودی مارکسی لینینی چییە؟ وەڵامی ئەو پرسیارانە لای من نین مەگەر ئاگاداری ئەو هەڵەیەی ناو تیۆرییەکە بێ و بارودۆخ ڕێی نەدا ئاشکرای بکا بۆیە خۆی بە ڕووکەشی «پێداچوونەوەی مێژوو»ەوە گرتووە تا بگاتە چارەسەری ئەو کەموکورتییانە بێ ئەوەی پروشکی ڕەخنەی ناپێویستی بەر بکەوێ.

بەڵام بابەتەکە بە هەموو ڕێتێچوونەکانەوە جێدەهێڵم و قسەیەک لە بارەی مەترسی و نامەترسی چوونەوەی گشتی بە مێژوودا دەکەم کە سەرۆک گورباشۆڤ مەبەستێتی، ئەوجا بە دەم قسانەوە بە ئەنجامی تریش دەگەین.

زیادەڕۆییەک لە ڕێژەی مەترسی چوونەوە بە مێژوودا کراوە، وەک ئەوەی تێگەیشتنی بەو شێوەیە کە خەڵکی سەردەمی خۆی تێیگەیشتوون و پێداچوونەوەی بۆ دەکرێ، پێیدا دەچینەوە کەمایەتی و نەفامی و کەمتەرخەمییە و لایەقی خەڵکی ئەم سەردمە نییە کە شەیدای ڕێژەکارین، با واز لە سەردەمی ئەسکەندەری مەکەدۆنی و ڕووداوەکانی

و کەسەکانی بێنن بە ئارەزووی خۆیان و بێ سەرکردەی فکری ڕۆژگاری ئێمە بجوولێن و هەر دەبێ هۆکاری لۆژیکی زانستی مێژوو لەم سەردەمە پەیدا بکەین و ڕۆژگاری دارای ئەخمینی هاوسەردەمی ئەسکەندەر هەڵکەنین و بەرگێکی وایان لەبەر بکەین بە کەڵکی هەموو بۆنەیەک بێ و وەڵامی هەموو پرسیارێک بداتەوە و هەموو چاوداگرتن و لاقرتێیەک برەوێنێتەوە. چی دی کەسایەتی ئەسکەندەر و دارا و هەندێ کەسی لوتکەی دەسەڵات بۆ باسکردنی ڕەفتاری ئەسکەندەر بەس نییە و دەبێ ئەو ناکۆکییە لاچێت کە لە نێوان ئارەزووی ئاوەدانکردنەوەی و داگیرکارییەکەیدا هەبووە چونکە زانست و لۆژیک و پێویستی بارودۆخ ڕێی نادەن لە یەک کاتدا هەم ئاوەدانکەر بێ هەم وێرانکار.

بە ڕاستی سەیرە مێژوونووس و فەیلەسووف وەها بە هەڵەدا بچن گوایە ئەوان لە ئەسکەندەر خۆی، شارەزاتری دەروون و ویست و هۆکاری ڕەفتارەکانی ئەسکەندەرن، لە کاتێکدا فەیلەسووف و مێژوونووس شاخ دەکەن ئەگەر پێیان بڵێی فڵانە دەروونناس لە خۆتان شارەزاتری ڕەفتار و هەندێ بۆچوونی نابەجێن کە دەریدەبڕن و ئەنجامی دەدەن. لەوەش سەیرتر ئەوەیە مێژوونووس و فەیلەسووف بەوە ڕازی بێ، لە لایەکەوە باسی عەلمانییەت بکا و دژی تاکپەرستی بێ، لە لایەکی ترەوە ماو و ستالین و لینین بپەرستێ و ڕازیش نەبێ ئەسکەندەر لە لایەکەوە شار و کتێبخانە دروست بکا و لە لایەکی ترەوە خۆی بخاتە مەترسی شەڕ و داگیرکارییەوە.

بە هەرحاڵ پەنا بۆ بۆچوونی ئەو زانا مێژووییانە نابەین ئەگەر بۆچوون و کرداریان هاوشان نەبن چونکە ڕەنگە لە حوکمداندا بە سەر خەڵکدا بیپێکن و مەبەستیشم لەو نموونەیەی سەرەوە هەر ئەوەیە سەرنجی خوێنەر بۆ ئەوە ڕاکێشم کە زانا و فەیلەسووف و خاوەن تیۆریش وەک

ئێمە مرۆڤن ڕەنگە شتێک بکەن کە باوەڕیان پێی نییە و خەمم بوو ئاماژە بەوە بکەم کاتێ بۆچوون و کرداری سەرکردەکانی هەزاران ساڵ پێش ئێستا یەک ناگرنەوە، چ لێکدانەوەیەک هەڵدەگرێ بێ ئەوەی ئەوان پێویستیان بێ چرای ئەم سەردەمەیان بدەینێ یا ئێمە لە سەردەمی عەلمانیدا پێویستمان بێ ئەوەیان بۆ بکەین تا لە گۆڕەکانیاندا لە دووفاقەیی بارودۆخی خۆیان تێبگەن.

بەر لەوەی دەوام بە قسەکردن لە سەر مێژوو بدەم، پێویستە ڕستەیەکی بەرپەرچدانەوە بڵێم: خوێنەر لەگەڵ مندا ئەوە نابینێ کە خودی ئێستا، کە ڕوونتر دیارە و ڕاستەوخۆتر بە بەرژەوەندی خەڵکەوە پەیوەستە و تێگەیشتنی گرنگە، پێویستی بە پێداچوونەوە هەیە تا بەڵکو لێحاڵیبوونی قووڵ و ئاشکراکردنی هۆکاری ناتەبایی و پێویستی بە لێکحاڵیبوون لە ناوەڕۆکدا، هەنگاوی حکوومەتەکان و گەلان بەرەو ڕێگای ئاشتەوایی بەرێت تا ترسی ئەتۆم تاکە کەرەسەی یەکلاکەرەوە نەبێ بۆ ئاشتی، چونکە ئەوە ئاشتی بە یەک هۆکارەوە دەبەستێ و ئەگەر ئەوەش بە ڕێککەوتنێک وەلا بندرێ و چەکی قڕکردن نەهێڵدرێ، هۆکاری بەهێزی حیسابێۆکراوی ترمان، لە «دوای پێداچوونەوەی ئێستا» نامێنێ ڕێ لە جەنگی گەورە و بچووک بگرێ. جگە لەوەش خۆلادان لە وێرانکاری ئەگەرچی گرنگییەکەی بە ئاسانی پێشبینی ناکرێ بۆ ئاسایش و ئارامی و مانەوەی ڕەگەزی مرۆ، بەشی ئەوەش ناکا تا بڵێین لە ئاسمانەوە گەزۆ و خۆشیمان بە سەردا دەبارێن چونکە ڕێگری لە جەنگ قەدەغەکردنێکی تەواوە و بە بارودۆخی برسییەک یا نەخۆشێک یا سەرمابردەیەک دەچێ ئەگەر نەشیکوژیت برسێتی یا نەخۆشی یا سەرما لەناوی دەبا. لەم جیهانەدا سەدان ملیۆن بەشەر هەیە بە هۆی کێشەی ژیان و نەبوونی ئاسایشەوە، ئەوەندە گوێ بە بەرپابوونی جەنگ نادەن.

پێداچوونەوەی ئێستا و بانگاشەبۆکردنی، کارێکی ئاسان و بەسوود و بە ڕاستی پێویستە بەڵام چۆن ئەنجام دەدرێ؟ بۆچوون لە بارەی هەڵسەنگاندنی بەرژەوەندییەوە چییە؟ ئەگەر جیهان بە سەر هەزار دەستەی بیرکردنەوە و باوەڕ و ڕێبازدا دابەش بووبێ و زۆریشیان بەرانبەر نەیار و دراوسێ و عەشرەتی تردا لە شەڕدا بن، چۆن گوێ لە دەنگی من و غەیری من دەگرن تا واز لە شتێ بێنن کە تێی هاوێژراون وەک من بۆ ناو نووسین هاوێژراوم و تۆ بۆ بیناکردنی پەرستگە یا نەخۆشخانە یا بۆ کڕینی ئۆتۆمبیل پاڵ نراوی؟ منیش لەگەڵ خەڵکی تردا دەڵێم ڕێکەوتن لە سەر شتێ لە بەرژەوەندی هەمووواندا بێ ڕێی تێ دەچێ و لە ڕاستیشدا لە زۆر بارودۆخدا بە بێ مامۆستا کە خەڵک فێری ڕەوشتی بەرز بکا بەڵام «دید»ی تایبەتی هەر دەستەیەک مەودایەکی زۆری بۆ یەکتر سەربڕین و شەڕەقۆچ داناوە کە لێکحاڵیبوون تیایاندا بەردەست نییە:

بنیاتنانی پەرستگەیەکی هندی بە لای مزگەوتێکی موسوڵمانانەوە بووە هۆی ڕشتنی خوێنێکی زۆر! چەکی کۆمەڵکوژی نائەتۆمی بازاڕی ئازاد و ڕەشی تەنیوەتەوە! سووربوونی «شاوشیسکو» لە سەر چەوساندنەوە و تاڵانکردنی ڕۆمانیا بووە هۆی لە دەستدانی ژیانی هەزاران کەس و وێرانکردنی بیناسازی! کێشەی جەنەراڵ «نۆریێگا» ژیانی خەڵکی وڵاتەکەی خۆی، بۆ ماوەیەک کە کەم نەبوو، کردە دۆزەخ.

پێداچوونەوەی ئێستا ئەگەرچی پێویست و ترسناکە و ئەگەرچی دیاردەکانی ڕوونیشن، بەڵام شتێکە هێشتا پێنەگەیوە، جگە لەوەی کە ئەرکی ئەم نووسینەش نییە و تەوژمیش قەبووڵ ناکا تا کات و نووسینی من لەخۆی بگرن. هەر بۆ ئەوەش ئاماژەم پێی داوە تا سەرنج بۆ نموونەیەکی بەردەست ڕاکێشم کە دەشێ «پێداچوونەوەی مێژوو»ی

پێ پێوانە بکرێ و لە بواری ئاسانی و زەحمەتی ڕێتێچوونی جێبەجێکردندا، وێنەیەکی نزیک لە ڕاستییەوە پێک بهێندرێ.

لێرەوە دەڵێم ئەگەر پێداچوونەوەی ئێستا بە هۆیی زۆری لایەنە هاوپەیمانەکان زەحمەتی دەستهەڵگرتن لە خاڵی ناکۆک و زەحمەتی داڕشتنی شێوەی لێکحاڵیبوون لە هەزاران مەسەلەدا مەیلەو مەحاڵ بێ، لە بەر تیشکی ئەم مەسەلانەدا، هەڵوێستمان بەرانبەر پێداچوونەوەی مێژوو چۆن دەبێ:

یەکەم- «پێویستی چوونەوە بە مێژوودا» ناگاتە یەک لە سەدی پێویستی «چوونەوە بە ئێستادا»، چونکە ئەوپەڕی گرنگی حاڵیبوون لە مێژوو ئەوەیە بە زندەوەرانی ئێستا و داهاتوو گرنگ بێ و ئەوپەڕی پێداهەڵدانی ئەوەیە بە جێگرەوەیەکی ڕۆشنی دیمەنی تابلۆیەک بێ تا لێوارەکانی دەوری تێکەڵی خەتەکانی نەبن. لە ڕاستیدا، ئەو ئاسانییە ڕێژەییەی «پێداچوونەوەی مێژوو» بە پێوانە لەگەڵ «پێداچوونەوەی ئێستا» لەوەوە دێ کە پێداچوونەوەی مێژوو مەترسی کەمترە و باسی ڕووداو و خەڵکانێک دەکا کە تێپەڕیون و لە باوەڕێک دەدوێ کە ماوەتەوە یا ئەنجامگیر بووە، نەک نەوت بێ و بفرۆشرێ و بازرگانی بێ و ململانی بکرێ و ناوچەی دەسەڵات بێ و دابەش بکرێ.. کەمی مەترسی بە پێداچوونەوەی مێژوودا خۆی هۆکارە کە کەم کەس ڕووی تێ بکەن و ئەرکی جێبەجێکردنی لە ئەستۆ بگرن: تا ڕادەیەک ئاسانە چونکە مەترسیدار نییە.. هەروەها گرنگیشە چونکە مەترسیدار نییە.

دووەم- ئەگەر پێداچوونەوەی ئێستا لایەنی ڕەسمی، وەک پێویست لە ئەستۆی بگرن، ئەوەش وەک نوێنەرایەتی ڕەسمی هەر وڵاتێک لە سەفارەتخانەکان و نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێککەوتنە نێودەوڵەتەکاندا، پێداچوونەوەی مێژوو هەر بە سروشت ڕەت دەکاتەوە حکوومەتی

دەسەڵاتدار دەستی بە سەردا بگرێ چونکە ئەو لایەنە ڕۆشنبیری زانستی مێژوویيە نییە بۆ ئەوە هەڵبژێردرابێ کارێ ئەنجام بدا لە سەرەوەی زانیاری خۆی بێ چونکە لە ڕووی ڕوونی و بابەت و جێگرتنەوەوە ڕابردوو ئێستا نییە بۆیە دەبێ کەسانێکی تێدا بەشدار بن مەسەلەیەکیان لە بابەتەکەدا هەبێ و بەرگری لێ بکەن و ئەنجامیش ئەوە دەبێ خەڵکانێکی ئەوەندە زۆر بەشداری تێدا دەکەن کە نە لە تەختان جێیان دەبێتەوە نە لە دۆڵان و بە زمانی نەزاندراو لە سەر بابەتی نەناسراویش ناتوانن پێک بێن. ئەگەر تەنها بە مێژوونووسان و خەڵکانی خاوەن بۆچوونی وەک ئەوان و شارەزایان لە کاروباری بەشەر دەستبەردار بین و نوێنەر و پەیوەندیداریش بخەینە تەکیان، کە کەمترین شتە و ئەوپەڕی هەوڵی بەرچاوە، زۆر کێشە دروست دەبن و لە گۆشەنیگای ئەم نووسینەوە دوانیان گرنگن:

- زەحمەتی ڕێکەوتنی ئەو لایەنانە لە سەر نیشانەکردنی کێشەکان و چارەسەرکردنیان و بژارکردنی ڕاست لە هەڵە و جیاکردنەوەی زاڵم و زوڵملێکراو داگیرکەر و داگیرکراو و زۆردار و زۆرلێکراو چونکە ئەوەی لە واقیعدا دیارە نیشتیمانپەروەری گەلێکی دیاریکراو لە گۆشەنیگای گەلێکی ترەوە کە کێشەی لەگەڵدا هەیە، خیانەتکارە و ئیتر ئاوها...
- دووەمیشیان، ئەگەر وا دانێین لە سەر شێوازێک پێکهاتن کە هەردوو لا ڕازی بن، دەبێ بە زۆر بە سەر سەرجەمی خەڵکدا بیسەپێنن چونکە بەشدارییان لە دارشتنی نەکردووە و لەگەڵ ڕا و باوەڕ و بەرژەوەندییاندا هاوڕا نابن (ئێستا شێوازێکی بچکۆلەکراوەی ئەو کێشەیە لە بولگاریا هەیە و جەماوەری

بولگاریا ڕازی نین کێشەی تورکەکان بەو شێوەیە چارەسەر بکرێ کە حکوومەتە تازەکەیان دایناوە).

دوای ئەو ماوە درێژە لە باسی پێداچوونەوەی مێژوو و هەڵگێڕانەوەی بە سەر ڕووە جیاوازەکانیدا، باوەڕ بە خۆم دێنم لە بەر تیشکی کتێبی پەرەسترۆیکاش باسی بابەتەکانی بکەم بەو حیسابەی واتای دەمەتەقێکردنی مێژوو و زانستی مێژوو دەدا کە هەر لە لایەن مارکسییە ڕووسەکان خۆیانەوە ڕژاوەتە ناو هەیکەلی لێکدانەوەی مارکسی: مێژوونووسە بەلشەڤییەکان بە گشتی، بە هەموو مێژوودا دەچنەوە، بە تایبەتی ئەو بەشەی کە ژیانی مارکسی تێدا بووە، دوابەشیش کە تاقیکردنەوەی سۆسیالیزم لە خۆ دەگرێ، بە تایبەتی لە ١٩١٧ەوە... بایی دەمەتەقێ دان بەوەدا دەنێم کە ئەوە لۆژیکانەیە و لەگەڵ دیدی کۆمۆنیزمدا دژەبەر نییە کە دەڵێ مارکسیزم لەوپەڕی تەندروستیدایە و خۆی و زانستی مێژوو یەک شتن و چی لە مارکسیزمدایە لەویشدایە:

- ئەرێ دەروازە بۆ هەوڵی گەڕان بە دوای هەڵەدا لە شتێکدا هیچ هەڵەی نییە، لە کوێیە؟
- ئەی چۆن جێگرەوەیەکی باش بۆ خاڵێکی خراپی مارکسیزم پەیدا بکەین ئەگەر هەر لە سەرەتاوە گەڕان بە دوای جێگرەوەدا لە دەرەوە دوورەدەست بێ؟

ئەم پرسیارە ناچارییە و بە پێی لۆژیکی مارکسییەکان ڕەت کراوەتەوە چونکە باوەڕیان بە تەواوی مارکسیزم هەیە و داواکردنی جێگرەوەی ڕاست بۆ چارەسەری کەموکورتییەکە ئەوە دەگەیەنێ هەندێ بەشی تیۆرییەکە لەگەڵ هەندێکیدا ناتەبایە. ئیتر با پشت بە ئاسانکاری

ببەستین و بڵێین بەرفرەوانی ڕێتێچوونی لێکدانەوەی دەق هەیە تا دەگەینە «جێگرەوە» بێ ئەوەی یەکگرتوویی تیۆرییەکە بشێوێنێ، ئەنجام چ دەبێ؟

مارکسی لینینی ڕێکەوتنی بەندرێژکراوی ڕوونی نێوان دوو دەوڵەت نییە هەندێکی ئاشکرا و ڕاگەیەندراو بێ و هی تری نهێنی بێ و جارێ پەردەپۆش بێ: ناوەڕۆکی دەقەکە مەجاز و پەنا و کینایە و بەکارهێنانی وای تێدا نییە تا دەقەکە بە ئاراستەیکدا بەرێت کە واتاکەی نایگرێتەوە تا ئەنجامێکی جێگر بەرەو ڕێبازی سۆسیالیزم یا کۆمۆنیزم ببیا کە لە شێوە بەلشەڤییەکەی باشتر بێ. ئەگەر ڕێگەی فرەوانبوونم لە بەڵگەهێنانەوە هەبێ دەڵێم ئەگەر لینین شۆڕشی ١٩١٧ی بەرەو سۆسیالیزمی مارکسی لانەدایە زەحمەتترین شت ئەوە دەبوو ڕێبازی مارکسیزم لە هیچ وڵاتێکی دنیادا سەرکەوتوو بێ چونکە مارکسیزم لەو وڵاتانەدا کە چاوەڕوان دەکرا سەرکەوتنیان تێدا بە دەست بێنێ و لانکە مێژوویی چاوەڕوانکراوی لەدایکبوونی دەوڵەتی پرۆلیتار بوون، گەورەترین شکستی بە دەست هێنا و هەتا ئەمڕۆش تەنها لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا سەرکەوتنی بە دەست هێناوە ئەوەش بە نرخێکی زۆر گران و شکستێکی زۆر گەورەوە و هیچ وڵاتێکیش شۆڕشی کۆمۆنستی تێدا لە سەر کەلاوەی ئیستیعمار بەرپا بووبێ نەحەساوەتەوە و هیچ بەرژەوەندییەکیشی بە دەست نەهێناوە بایی ئەو خوێنە بێ کە لە پێناویدا ڕژاوە، ئەوجا ئەو چەقبەستن و لەدەستدانی هیوا و نەمانی ماف و دەسەڵاتی زۆرداری. ئەوجا هەڵگەڕانەوەی گەلێری پرۆلیتاری بەرانبەر سستەمی کۆمۆنیزم لە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا ڕووی دا و بە ئاشکرا و بەڵگەی گردەبڕەوە ئیفلاسی کۆمۆنیزمی ڕایگەیاند مەگەر زۆرداری و تیرۆر پشتگیری بووبن (بەڵام لەو باوەڕەدام گەیشتن بە سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم، لە دواییدا، لە ڕێگەی پەرەسەندنی ئاساییەوە ببێ کاتێ نە داتاشینی تێدا بێ نە توندوتیژی و

نه بانگاشەی دیکتاتۆری پرۆلیتاری یا ئامانجی سەپاوی پێشینە... ڕەنگە کۆمۆنیزمی نامارکسی ببینین لە سوید و دانمارک، بۆ نموونە، پێبگات).

دەرکەوتنی نارەحەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕەوشتی و ئایدۆلۆژی لە ڕووسیا تا ئەو ئاستەی گلاسنوست و پەرەسترۆیکا وابەستە بن، ئەوە خۆ بەخۆ بۆ ئەوە بەس بوو لە سەر ئاستی جیهان باوەڕ بهێندرێ کە بە بێ بۆچوونی مارکس و لینین بە دوای چارەسەردا بگەڕێن و پێشتریش حیزبە کۆمۆنستە ڕۆژاواییەکان لە بەرنامەی خۆیاندا دەستیان لە زۆر بنەمای گرنگی مارکسیزم بەردابوو و لە بەرانبەریشدا زۆر بنەمای گرنگی بۆرژوایان قەبووڵ کردبوو. ئەوەی من دەیبینم و پێم وانییە لە کەس شاراوە بێ ئەوەیە پێداچوونەوەی مارکسی لینینی بۆ ڕاستکردنەوەی ڕێڕەوە سۆسیالیزمەکەی هەوڵێکی بێ بەرهەمە، هەر لەبەر ئەوە نا کە بەرنامەکە لە بنەڕەتەوە هی جێبەجێ کردن نییە و مێژوو بەو شێوەیە تێنەپەڕیوە کە ماتریالیزمی مێژوو دایناوە، ئیتر با ڕاستکردنەوە و ئەو چارەسەرەی لێی وەردەگیرێ شتێ بێ بشێ بەڵکو لەبەر شتێکی زۆر بەهێزتر، بە باوەڕی من، ئەو پێشکەوتنەی لە ئەنجامی پێداچوونەوە و ڕاستکردنەوەوە چاوەڕوان دەکرێ، لە کۆمۆنیزم و ئابووری ئازادی ئاڕاستەکراودا نەکردەیە مەگەر بە مەرجێکی زۆر دژوار و گرنگ.

ئەگەر بکرێ مەسەلەیەکی بیرکاری (أ+أ/٢ =٥أ/٢) لە سەر کاغەز بگۆڕینە سەر شێوازی (أ+أ/٢ =٣أ/٢) بێ ئەوەی ئەوەندە خۆمان ماندوو بکەین یەک کالۆری گەرمی بە خەرج بدەین، ئیتر ساکارترین هەڵەی بواری کار بە هەوڵێکی کەمتر یا زیاتر لە ماوەیەکی کەمتر یا درێژتردا و بە پێی بۆچوونی قووڵ و ورد یا کەمتر قووڵ ئەنجام دەدرێ و بە پێی گرنگی ئەو بابەتەش کە قەولە هەڵەی ڕاست بکرێتەوە یا بە شتێکی

گونجاوتر بگۆڕدرێ، هەوڵەکە قورستر دەبێ ئەوەش بە پێی ئاڵۆزی و تێکئاڵۆسکانی و پشتبەستنی بە شتی بەردەستی خەڵک یا شتی خەڵک.

لە درێژەپێدان دەوەستم و دەپرسم ئاخۆ مارکسی لینینی و هەرچی فەلسەفەیەکی تیۆری کە لە بواری هەبوونی تەکنیکدا باوەڕ بە ڕاستییەکەی دەکرێ، لە کەشوهەوای خۆی دەرچێ و بە لایەنێکەوە وابەستە بکرێ کە ڕێی نەدا، چی لە دەست دێ؟ ئەوەی ئەوەندە ئاشکرایە کە تیایدا چاو بە هەڵەدا ناچێ، ئەوەیە بە قەدەر هەڵکشانی ئاست و ناوەڕۆکی ژیانی کۆمەڵایەتی و بژێوی و عەمەلی... هتد پەیداکردنی بەردەوامی و بەڕێوەبردنی زەحمەتتر دەبێ و ئەو پارە و هەوڵەی بۆ سەفەر بە عارەبانەی دوای ئەسپ پێویستن زۆر لەو سەفەرە کەمتری دەوێ کە بە قەتار و ئۆتۆمبیل و فڕۆک دەکرێ و سەفەر بە گەڕۆکی بۆشاییەکانی ئاسمانیش دەبێتە دوورەدەست... گەرمکردنەوەش بە داری دارستانی سەردەمە تێپەڕیوەکان، ئەگەر لەگەڵ وزەی ناوکیدا بەراورد بکرێ، دەبێتە سەیران و ئیتر هەموو بوارەکانی ژیان بەو جۆرەیە. ئەوەشی کە دەبێ ئاگاداری بین ئەوەیە ئەنجامی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی دواکەوتن لە ڕەوتی شارستانەتی و زانست لەم سەردەمە و سەردەمە داهاتووەکاندا، جیاوازە لە ئەنجامی دواکەوتنی دوو سەد ساڵ بەر لە ئێستامان چونکە هەڕەتی کەرەسەی نزیککردنەوەی مەوداکان و کات و پەیوەستبوونی بەرژەوەندی بە یەکەوە لەگەڵ دووری وڵاتان لە یەکترەوە وایانا کردووە دواکەوتن واتای «لەناوچوون، تەفروتونابوون، مردن...» بگەیەنێ.

ئایە میللەتێ کەرەسەی فڕینی نەبێ، دەتوانێ بە سواری هێستر و حوشتر نوێنەری حکوومەت بنێرێ بۆ ئەمسەر و ئەوسەری دنیا؟... شتەکانی تریش بە پێوانەی هێسترە لەگەڵ ئۆتۆمبیل و فڕۆکدا.. ژیانیش بە گشتی

له یەکێکیانەوە بۆ ئەوی دی لە هەڵپەدایە و ئەگەر مەودای نێوان دواکەوتوو و خۆشڕەوتەکان زۆر بێ، ئیتر دەستیان لێ بشۆ. بۆ زانیاری زیاتریش دەڵێم چی دی بۆ ئەم گەل و ئەوی دی سوودی نییە فارگۆن دروست بکا یا تەلەڤزیۆن بەڵکە دەبێ شتی نایاب بە پارەی هەرزان دروست بکا و بە ئاسانیش بخرێتە کار تا کڕیاری هەبێ. وای لێ هاتووە مەرجی قورس مەترسی گەورە بۆ ئەوە هەیە لەگەڵ سەردەمدا دەربەریت و ئامێری سەرسوڕهێنەری پزشکی بە بڕینی کارەبا کەڵکی نامێنێ و ئەگەر وەستانی دووپات بووەوە یا پزیشکێک لە بەکارهێنانیدا دواکەوت، ئیدی کارەسات دەقەومێ جا دواکەوتنەکەی بە هۆی جەنجاڵی ڕێوبانەوە بێ یا تەمبەڵیی خۆی یا بە فەرمانێکی شێتانەی سەرەوە.

وای لێ هاتووە هەڵسوکەوت لەگەڵ سەردەمدا مەرجی قورس و مەترسی گەورەی لەگەڵدایە و دوور نییە هەڵەیەکی هونەری بچکۆلە کارەساتی شەرنۆبڵ یا تەقینەوەی کەشتییە ئاسمانییەکەی پاری ئەمەریکای لێ بکەوێتەوە. دوێنێ، (ئێستا کە ئەمە دەنووسم ١٩٩٠/١١/٥)ە هەڵەیەکی بچکۆلەی کرێکارێکی هندی لە پەیوەستکردنی ئاسنەڕێی شارێکی هنددا بووە هۆی پێکدادانی قەتارێکی خێرا لەگەڵ یەکێکی تردا و ئەنجامەکەی بووە کارەساتی نەتەوەیی.

هیچ میللەتێک بە سەرچاوەی کەرەسەی خاوی وزە و کارەباوە دڵی بە تاڤگەی ئاو خۆش نابێ ئەگەر بە لای کەمەوە دوو مەرجی شارستانەتی تێدا نەبن، ئەوانەش، یەکەم توانای هەناردەکردنی «خاو» یا بە «شێوەی دەستکرد». دووەم، توانای ڕەفتاری باش لەگەڵ داهاتەکەیدا. چەند سەرمەست لەم جیهانەدا هەموو هێز و پارەیان هەبوو و کردیاننە هۆکار بۆ تێداچوونی گەلی خۆیان ئەوەش بە شەڕخوازی و دەستوەردان لە

کارێ کە پەیوەندی پێوە نەبووە و خەرجکرنی پارە لە شتی وادا کە قێز دەبزوێنێ.

بە کورتییەکەی ئەم سەردەمە سەردەمی گێژوویژ نییە جا هەژار بن یا دەوڵەمەند و بەرنامەی نارێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و گشت لایەنە گرنگەکانی ماددی و مەعنەوی بەشێکن لە گێژوویژی. ئیتر با خوێنەر لە هەموو ڕووەکانەوە بیر لە پێداویستییەکانی شارستانەتی سەردەم بکاتەوە و زیادبوونی بێبەرنامە و ترسناکی ژمارەی دانیشتوانیش بخاتە حیسابەوە و سەرجەمی دیمەنەکە ترسهێنەرە و جیاوازییەکە ئەوەندە مەودا ناهێڵێ بۆ تێربوونی هەوەسی هەوەسبازانی بیر تا شێتێتی خۆی پراکتیزە بکا و مەودای عاشقی باوەڕ و تیۆری و نەریت و ڕەوشتی کۆمەڵایەتی نادا پێچەوانەی بیرۆکەی هۆکاری دارمانی لایەن یا پەیوەندی تایبەتی بووژانەوە و ئێستاش بە لامەوە سەیرە ئەوانەی نارەزایی بەرانبەر حکوومەت و بەرپرسان بۆ ئەوە دەردەبرن کە پارەی زۆریان بۆ شتگەلێ خەرج کردووە چ سوودێکیان نییە و زەرەری زۆرترە بەرانبەر سەرفکردنی توانای پرووکێنەر بۆ دروستکردنی شتی وا کە نەبوونیان لە بوونیان قازانجترە و بەردەوامبوونیشی کات و ماڵ و خەیاڵ دەخوا... وامان لێ هاتووە بەرەوڕووی بارودۆخی وەها دەبینەوە هەموو مانگێک خراپتر دەبێ و وای لە خەڵک دەوێ لە یەک ڕێڕەوی کۆمەڵایەتیدا بە هەموو لایەنەکانیەوە بە جۆرێ بەشدار بن، لەو ئاستەدا بن ڕووبەڕووی یەخەگیری سەردەم و پاشەڕۆژ ببنەوە و شایستەی خاوەن بۆچوونی ڕاست و بیری پێگەیشتوو و دیدی ڕوون بێ و بە تەواوەتی لەوانەوە دوور بێ کە وابەستەیی پێشینەیان بە بیری کۆتایی و ڕێبازی ئەبەدی هەیە کە خۆی لەوە پێ بەرزترە گۆڕانکاری بکا و ئەوەش وەک ئەو گیاندارانە دەبێ کە ڕەفتاری یەک ملیۆن ساڵی پێشتریان، ئێستایان دووبارە دەکەنەوە.

لەوەی باس کرا و لە هەر قسەیەکی تر کە دەیەوێ بە حەقیقەت بگا دەڵێین: پێویستی پێشکەوتن و ئەرکی چارەسەرکردنی کێشە ڕێگە نادەن هۆکاری ڕاستکردنەوە و تەواوکردن لە دەقی ئایدۆلۆژیا دەربێنین پلەی پیرۆزی لە دڵاندا هەرچەندیش بێ. ئەوەندەی پەیوەندی بە ئاماژەی سەرۆک گورباشۆڤەوە هەیە کە دەیەوێ مێژوو بخاتە ژێر دەسەڵاتی پێداچوونەوەیەکی گرنگەوە، تاکە بیانوو بۆ ئەو پێداچوونەوەیە ئەوەیە ئامانجی ئەوە بێ بۆچوونی لینینی مارکسی بخاتە پاڵ ئەو تاقیکردنەوەیەی کە لە دەوڵەتی سۆڤیەت و بەراوردکردنی لەگەڵ ئەوانەی کە بە بێ زۆرداری و سەپاندن ئەنجامیان داوە و (تیۆرییەکەش بە باڵای خۆی نەگیرێ) بۆ ئەوەی بەربەست تۆقاندنەکانی لەکۆڵ ببنەوە و دەکرێ ڕێیەکی تر، لە جۆری ئەوەی میللەتە پێشکەوتووەکان بە بێ بەربەست و هەڕەشە و بەندکردن گرتیانە بەر… هەر دەبێ ڕێ بە سەرجەمی خەڵک بدرێ توانای داهێنان و بەرهەمهێنی خۆیان بە دەروونی کراوەوە و باوەڕی تەواوەوە بەوەی کە ئەنجامی دەدەن هەڵبژاردەی خۆیانە بخەنە کار، ئەوەش بە تەواوەتی پێچەوانەی بیر و شێوازی کۆتایی و ڕەهایە کە جێگای لە مۆزەخانەدایە. دەربازبوونیش لە بیری بەپیرۆزکراو دەرچوونە لە بەندیخانەی «سووڕانەوە بە دەوری خۆدا» لە بازنەیەکدا کە کۆتاییەکەی بە سەرەتاکەیەوە گرێ درابێ و خۆی لە خۆی بترسێ و ئەوە یەکەم هەنگاوی ڕاستە بەو ڕێیەدا کە دەتگەیەنێتە ئامانج و قەتیش ئەوە ناگەیەنێ یەک پارووت بۆ پاشەکەوت بکا یا یەک قۆپچەی پساوی کراسێک بگێڕێتەوە و چۆن ماوەی سەد ساڵ باوەڕ وا بوو کە سۆسیالیزم خەڵک لە هەژاری و نەخوێندەواری دەرباز دەکا و ئەوەش ڕاست نەبوو و لە خەیاڵی تیۆرییانەوە بوو، بە هەمان شێوەش باوەڕهێنان بەوەی هەر گۆڕینی ڕێڕەوەکە بەرەو کۆششی ئازادی دەرەوەی تەنگەبەرەکانی سۆسیالیزمی مارکسی، چاوەڕوانی تێری و ئاسوودەیی و ئەمانی لێ

دەکرێ، مۆرفینێکی تازەیە و تەمبەڵە لاخۆرەکان، ئەوانەی خەیاڵی تۆباوی ڕەنگاوڕەنگیان هەیە دەیجوون.

پێشکەوتنی شارستانەتی ڕاستەقینە کە خۆراک و پۆشاک و کونجی حەوانەوە دابین بکا و بەردەوامی بە گەشەسەندنی بەرەوپێش و بەرەو باشتر بدا پێک نایێ مەگەر هەموو لایەنەکانی ژیان و لایەنە کۆمەڵایەتییەکان و بواری چالاکییەکانی بگرێتەوە. ئەوە بەش ناکا لە یاسا و دەستووردا ڕابگەیەندرێ کە خەڵک لە هەڵبژاردنی خۆیاندا ئازادن بەڵکو دەبێ لە هەموو بەربەستێک پاک بکرێنەوە و بە هەموو هاندەرێک چەکدار بن و هەموو پێویستییەکانی پێشکەوتنیان لە بەردەست بێ:

- دەزگاکانی ترساندن و تۆقاندن بخرێنە چەندین چینیی ژێر زەوییەوە و خەیاڵیان لە خەون و بیرۆکە پاک بکرێتەوە...
- دادگای بەتوانای پاک و ئازاد چەتری یاسای دادپەروەرانە بە سەر حاکم و حوکمدراودا هەڵبدا، بە یەکسانییەکی ڕاستەقینە بۆ ئەوەی باوەڕ بە ڕەوتی داد وەک لێدانی دڵ کە مرۆ هەوڵی تایبەتی بۆ نادا و بەرنامەی تایبەتی بۆ دانانێ...
- دەزگای بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن ڕیکلام وەک هەبوونی ڕووناکی و هەوا لە بەر دەستی هەمواندا بێ...
- بیرۆکراتی، ئەگەر نەیویست بە ئارەزووی خۆی بمرێ، دەبێ لە گۆڕ بندرێ...
- هەر پێویستییەک بۆ هەر هەوڵێک کە خەڵک بۆ ئاڵوگۆڕی ئازادانەی لە شێوەی وڵاتە پێشکەوتووەکان دەیانەوێ، لە ئاستی ناوخۆ یا ئاڵوویێر لەگەڵ دەرەوەدا، دەبێ دابین بکرێ.

کورتەی قسان ئەوەیە کە دەبێ کەشوهەوایەکی دیموکراتییانەی سیاسی و ئابووری وا خۆش بکرێ لە هەموو ڕوویەکەوە لە دنیای دەوروبەری مارکسی بچێ ئەوجا پێداچوونەوەی مێژوو واتایەکی تەواو جیاوازی لەگەڵ گوتەکەی سەرۆک گورباشۆڤدا دەبێ و پێداچوونەوەش دەبێتە کاری تاک و کۆمیتە و لایەنی پەیوەندیدار و بواری مارکسی و نامارکسیش دەگرێتەوە و هەرا لەگەڵ هەڵگرانی ئایدۆلۆژیادا بەرپا دەبێ جا ئەگەر فەرمانبەری دەوڵەت بن یا تاکی هەڵگری ئایدۆلۆژیای باو یا ناباو. ڕەنگیشە ناتەبایی لە نێوان مێژوونووسان و خەڵکی ئاساییدا دروست بێ و هیچ مەترسیش لە ئارادا نەبێ چونکە هیچ بیر و بۆچوونێک بە زۆر ناسەپێندرێ…

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ماوەتەوە ئەوەی بڵێین کە ڕێیەکە بە گوڵ و پونگە ڕانەخراوە و قەیران و شکست و تەنگوچەڵەمە چاوەڕوانکراون و تەنانەت لە سستەمی جێگرەوەی سۆسیالیزمی مارکسیدا مەیلەو حەتمین و دوا گۆڕینی سستەمەکە لەو وڵاتانە چاوەڕانکراوترن لە کەلەپووری پیرۆز ڕەهان و ئەو ئاڵۆزیانەیان نییە بەڵام ڕۆیشتن بەو ڕێگەیەدا جێگرەوەی نییە چونکە سووربوون لە سەر ڕێڕەوە کۆنەکە مەترسییەکی مێژووییە و ئەنجامی باش نابێ و کەس ئاستی مەترسییەکانی لە ناوخۆ و پەیوەندییەکانی دەرەوە پێ پێشبینی ناکرێ و مەسەلەی ئارامی و پێکەوەژیان و هاوکاری لە زاڵبووندان بە سەر قەیرانە مرۆییەکاندا. ئەگەرچی ئارەزووی سەرکەوتن و سەرمایەگوزاری و ململانێ لە سەر داهات ناهاوسەنگ بن و سەپاندنی پەرەسەندن بە سەر ئەم دەوڵەت یا ئەو دەوڵەتدا وەک یەک نەبن و شتێ بێ لە چەشنی (ئەو شەڕەی ناتوانی خۆتی لێ لادەیت) و وەلانانی و هێنانی شتێ لە چاکەی هەموو گەلاندا بێ بەرزترین ئامانجە ڕووبەڕووی مرۆڤ بووبێتەوە، ئەو شەڕە لە بارێکدایە دەشێ بە سەریدا زاڵ بیت ئەوەش لە ئەنجامی

بڵاوبوونەوەی دیموکراتی و ڕاگۆڕینەوەی ئازادانە و بەهێزبوونی باسکی نیەتباشان و بیرڕۆشنە واقعییەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەزار جار لە شوێنەواری ئەو حوکمانە باشترە کە دەسەپێنن و تەرخان دەکەن و دەسەڵاتی کەم بە باوەڕی شرٍ و ڕەفتاری ترسهێنەرەوە بۆ سەر چارەنووسی خەڵکی پیرۆز دەکەن و دەرچوونی بەندکراو زیاتر هیوای ڕاستبوونەوەی پێ دەکرێ لەوەی لە بەندیخانەدا بمێنێ و لە ژێر ئارەزوو و عەقڵی بەندیواندا بێ: ڕێتێچوونی خراپە لە ئازادی هەڵبژاردندا هەرچەندێ بێ بۆ ئێمە شەرەفمەندانەتر بە ئازادی هەڵە بکەین لەوەی لە کاری ڕاستدا کۆیلە بین.

بە هەرحاڵ، مرۆ بە پێی سروشتی بەرەو ڕەتکردنەوەی زۆرداری دەچێ و خاوەنی تیۆریی توندڕەوانە هەر بیانوو و لێکدانەوەیەک بۆ داخستنی دەرگای قەفەز بە سەر جەماوەردا بێنێتەوە، فێڵی شەیتانی و وەهمی نەخۆشە و لە سەرووی لستی خراپەدا سێ ئەنجامی بنەڕەتی هەیە:

- ئەنجامی یەکەم، لەدەستدانی مرۆڤایەتییە بە لەدەستدانی مەرجی مرۆڤایەتی کە ئازادی هەڵبژاردنە.
- ئەنجامی دووەم ئەوەیە شەیتانەکانی زۆرداری دەست بە سەر خێروبێری ژیاندا دەگرن. ئەگەر خێروبێر بە هەدەر چوو یا بە سووتان چوو، کاریگەری لە سەر کەرامەتی مرۆ لەوە کەمترە بەرەڵاکانی بنەبانی دۆزەخ کە بەرەو لووتکەی دەسەڵات و داهات هەڵکشاون لە سەری بلەوەڕێن.
- ئەنجامی سێیەم، درێژبوونەوەی تەمەنی سەرشۆڕی و زەوتکردن و شکستە و بەردەوامی قوربانیدانی زۆرە کە چەندین سەدەیە لێی تێر بووین.

ئێستاش لە سەرەتای لاپەڕە ٥٤ی کتێبەکەدا دەگەینە ناونیشانێکی نوێ: «پەرەسترۆیکا شۆڕشە».

پێشتر لە بارەی ئەم بابەتەوە قسەم کردووە کە پەرەسترۆیکا شۆڕش نییە بەڵکو «دەربوونی دوومەڵ»ێکە لەو چڵکەی تیایدا کۆبۆتەوە و ئەو مەترسییەشم خستۆتە ڕوو ئەگەر سەران و کاربەدەستانی دەوڵەتی سۆڤیەتی بەوە ڕازی بن بۆ ئەرشیڤی فکری شۆڕشگێڕی بگەڕێنەوە تا بە ئامانجی شۆڕشگێڕانە بگەن و هەر بە دەرد چارەسەری دەردەکە بکەن.

باسکردنی ئەو ناونیشانە تازەیەش دەوری حەوت لاپەڕە درێژە دەکێشێ و دەگاتە سەرەتای لاپەڕە ٦١ی کتێبەکە و بۆ شەرعییەتدان بە شۆڕش لە ناو شۆڕشدا، نەک «شۆڕش لە سەرەوەڕا»، هەوڵی جددی لەخۆ دەگرێ. قسەیەکی لینین بە بەڵگە دەهێنێتەوە کە دەشێ شۆڕش خۆی دووبارە بکاتەوە و هەندێ لە قسەکان، قسەکانی لینین، هەڵدەبژێرێ و دەڵێ شۆڕشی فەرەنسی سێ شۆڕشی تری پێویست بوو (١٨٣٠، ١٨٤٨، ١٨٧١) بۆ ئەوەی بە ئامانجی خۆی بگا و شۆڕشی کرۆمۆیل لە ١٦٤٩دا، شۆڕشی ١٦٨٨ – ١٦٨٩ – ئەوجا چاکسازی ١٨٣٢ی بە دوودا هاتن. لە ئەڵمانیاش دوو شۆڕشی بۆرژوازی دیموکراسی قەومان (١٨٤٨ ، ١٩١٨) و شەستەکانی سەدەی نۆزدە زۆر چاکسازی بە خۆیەوە دی کە بسمارک بە زەبری ئاگر و ئاسن سەپاندی. لەو بارەیەوە قسەیەکی لینین دێنێتە مەیدان:

*«بە هیچ جۆرێ لە مێژوودا ڕووی نەداوە ئەگەر شۆڕش هەبووبێ، شۆڕشگێڕان دوای سەرکەوتن چەکیان دانابێ و بە چەپکەگوڵینەی سەرکەوتن داکەوتبێتن».*

سەرۆک گورباشۆڤیش لە لای خۆیەوە دەڵێ:

*«ئیتر سۆسیالیزم کە داوای لێ دەکرێ گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی – سیاسی ڕۆشنبیری لەوە قووڵتر ئەنجام بدا کە لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا ئەنجام دەدرێ، ئایە بە چەندین سەردەمی شۆڕشگێڕیدا تێناپەڕێ بۆ ئەوەی توانا شاراوەکەی خۆی بناسێ و لە ئەنجامدا وەک پێکهاتەیەکی نوێی ڕیشەیی شکڵگیر بێ؟».*

ئەگەر لە قسەکەمدا بەرەوڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ بە ڕووی قسەی سەرۆک گورباشۆڤدا هەبێ، بە داوای لێبوردنەوە دەڵێم پێوانەکردنی پەرەسترۆیکا بەو نموونانە پێوانەکارییە بە جیاوازی بنەڕەتی گردەبڕەوە کە ڕێ لە بەراوردکاری دەگرێ چونکە ئەو نموونە باسکراوانە بۆ هەڵگێڕانەوەی دەسەڵاتێک بوو کە هەبوو نەک هەوڵدان بۆ ڕاستکردنەوەی ڕێڕەوەکەی وەک کە پەرەسترۆیکا دەیەوێ ئەنجامی بدا، بۆ ئەوەی درێژەی نەدەمێ شۆڕشی فەرەنسی تەنها بە نموونە دێنمەوە کە بە خۆبەدەستەوەدان کۆتایی هات و لەگەڵیدا گەلی فەرەنساش خۆی بە دەستی ناپلیۆنەوە دا و ئەوەش ئەو ئەنجامە بوو کە شۆڕش هەر لە سەرەتاوە دەیویست چونکە لویسی شانزهەمی نەکوشت تا عفریتی حەڤدەیەمی لێ پەیدا بوو. بەڵگەی تری ناعەقڵانیەتی شۆڕشی فەرەنسی ئەوە بوو جەماوەرەکەی بۆ ڕووخانی شۆڕش چەپڵەی لێدا و بۆ هەستانەوەی ناپلیۆن چەپڵەی لێدا و جەزبەگرتووانە دوای کەوتن و کاتێ ناپلیۆنیش ڕووخا چەپڵەیان بۆ ئەوەی دوای ئەو هات لێنەدا.

پەرەسترۆیکا لەوەدا بەختی هەیە کە بە شۆڕشی فەرەنسا ناچێت بەڵام ئەگەر لە سەر ئەوە سوور بێت ئیلهام لەو تیۆرییانە وەرگرێ کە بوون بە هۆی چەقبەستن، پێی دەچێ چونکە زۆرینەی جەماوەری ڕووسی یا گەلانی تری سۆڤیەتی ڕقیان لەو تیۆرییەیە چونکە ئەو یاسایە بوو کە لە

سێبەریدا ئازادییان لە دەست دابوو و ئەو بارودۆخە بوو کە ئازاری دەروونی و ڕۆحی بە خەڵک دەگەیشت و تیۆرییەکەش بە دەستی دەسەڵاتەوە کەرەسەی ناچارکردن بوو لە ماوەی دەیان ساڵدا (ئەم قسانەم لە سەر بەراوردکردنی پەرەسترۆیکا و شۆڕشی فەرەنسی، ئەو قسانەی پێشترم ڕەت ناکەنەوە کە لە لاپەڕە ١۴ی بەشی یەکەمی ئەم کتێبە هاتووە: «حەتمەیەتی هەستانی کۆمۆنیزم لە ڕووسیا، لە ساڵی ١٩١٧دا هۆکاری لەوە بەرپابوونی شۆڕشی (بۆرژوازی) فەرەنسی کەمتر بوو و ئەوە جیاوازی ئەو میقدارە حەتمییەتەی ئەو دوو شۆڕشە بوو... هتد» - ئەو قسانەی لەوێدا هەن بۆ بەراوردی شۆڕشی فەرەنسی و شۆڕشی بەلشەڤییە نەک شۆڕشی شوباتی ١٩١٧ بۆیە پێویستە لێی ئاگادار بین).

بەڵگەی ڕاستیی ئەم قسەیە لەوە زۆرترن لێیان تێربین ئیتر کاردانەوەی توندی جەماوەر بێ کە پەرەسترۆیکا و گلاستنوست لە ناو سەرجەمی خەڵکی حوکمدراو بە یاسای لینینی مارکسی وروژاندیان لەگەڵ تەوژمی زیاتر بۆ سەر ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا چونکە لە بنەڕەتدا خاوەنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر نین و حیزبە دەسەڵاتدارەکانیشیان لە ڕووی دەسەڵات و قووڵی ڕەگەوە وەک حیزبی بەلشەڤی نین و حکوومەتەکانیشیان بە درێژایی تەمەنیان دواکەوتەی بەڕێوەبەرایەتی مۆسکۆ بوونە و ئەو پارێزگارییەی پارتی کۆمۆنستی ڕووس و دەسەڵاتدارانی ڕووس بە گشتی بەرانبەر تۆمەتی بەکرێگیراوی و خیانەتکاری هەیانبووە ئەوان نەیانبووە جگە لەو جیاوازییە زۆرەی لە نێوان گەلانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا و زۆر لە گەلانی سۆڤیەتدا هەبووە.

هەر لە لاپەڕە ۵۴ و ئەو دە دێڕەدا کە کەوتوونەتە نێوان ئەو قسەیەوە کە پەرەسترۆیکا شۆڕشە و هێنانەوەی بەڵگە بۆ ئەوەی نموونەی

بەرپابوونی شۆڕش لە ناو شۆڕشدا هەیە، سووربوونێک لە سەر دوو شت هاتووە کە بە لامەوە گرنگن: یەکەمیان لە وردەکاری کۆبوونەوەی فرەوانی حیزبیی ١٩٨٧ وەرگیراوە گوایە پەرەسترۆیکا تەنها تەواوکەری ڕاستەوخۆی دەستکەوتەکانی ڕۆژگاری ١٩١٧ نییە بەڵکو بەردەوامی پەرەپێدانی بنەما فکرییەکانیشیێتی، تا بەم ڕستەیە کۆتایی دێنێ:

*«... دەبێ دینامیکییەکی نوێ بخەینە سەر تەوژمی شۆڕشی ئۆکتۆبەری مێژوویی و لە سەر هەموو ئەوانە بەردەوام بین کە لە کۆمەڵگەدا دەستی پێ کردووە».*

ئیددیعای دووەم لە عیبارەتێکی دوای ئەو قسەیە هاتووە و لە بەشی پێشەوەیدا ئەمەی تێدایە:

*«... شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە مێژووی هەزار ساڵەی دەوڵەتەکەماندا بە خاڵی وەرچەرخان دانانرێ و لە کاریگەریدا بۆ سەر پێشکەوتنی مرۆڤایەتی هیچ شتێکی پێ ناگا..».*

ئیددیعای یەکەم کە دەشێ لە زۆر دێڕی لاپەڕەکانی پێشەوەی پەرەسترۆیکا بیچنینەوە و من بە ئەرێنی یا نەرێنی ڕوونم کردۆتەوە، بە دارشتنێکی تر دەڵێم: چاکەی پەرەسترۆیکا و جوانییەکەی و ڕاکێشانی خەڵک بەرەو خۆی لە ناو ئۆردووی ڕۆژهەڵات و دەرەوەیدا لەوەوە هاتووە ڕێڕەوی بۆچوونی ئەو تیۆرییانە ببڕێ کە ناکرێ ڕاست بن چونکە بازدان بەرەو سۆسیالیزمی مارکسی لە ١٩١٧دا سەرکێشییەک بوو هەرگیز نەدەبوو سەرکەوتوو بێ ئەگەر لە سایەی بارودۆخی نائاسایی نەبوایە کە لە ئەنجامی شکستی سەربازی و هەڵوەشانەوەی دەسەڵات و تەشەنەکردنی بەرەڵایی و برسێتییەوە بوو و لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا چاوەڕوان نەدەکرا هیچ هەوڵێکی «سیاسی کۆمەڵایەتی» کە وەک بزووتنەوەی ئۆکتۆبەر تەمای سەرکەوتنی هەبێ، سەرکەوتوو بێ ئەگەر

جادووگەرێکی وەک لینین نەبوایە کە هێزی کەسیەتی و هێزی باوەڕپێهێنان و باوەڕهێنانی هەبوو و لەوەدا هاوکارییان کرد و قسەشی لە بەشە هەستیارەکەیدا لەگەڵ گوڵبژێری ئەو ڕۆشنبیرانە بوو کە شۆڕشی ١٩١٧یان ئەنجام دا نەک جەماوەری ڕووت و برسی کە ڕاوەستانیان بە تیۆرییەک کە تێینەدەگەیشتن ئاسان نەبوو مەگەر زەنگی خۆشئاوازی موڵکدارییان ببیستایە ئەوەش ڕێیەک بوو بەرەو بێسەروبەری و لەدەست دەرچوون نەک حیکمەت و یەکڕیزی. ئەگەر ئاوهاش بووبێ، دانانی دینامیکی نوێ لە سەر پێشڕەوایەتی شۆڕشی ئۆکتۆبەری مێژوویی و بەردەوامبوون لە سەر ئەوەی دەستی پێ کرد — بە باوەڕی من — زیادکردنی تاڵییە بۆ تامی تاڵ. هەر گوتنی بەردەوامی گەرموگوڕی شۆڕش بە بێ زیادکردنی (دینامیکی نوێ) ڕێڕەوەکە لە ترساندا شۆقەی ددانی دێ.

شۆڕش لە پەنای بەهێزترین بەهانەکانیدا کە بە خەیاڵدا دێ، کولانێکی کاتیی پێویستە بۆ وەلانانی دەسەلاتێکی زاڵم و بەرپاکردنی دەسەلاتێکی دادپەروەرانە و هیچی تر: مادام بارودۆخی دوای شۆڕش شێتی بە سەریدا زاڵ نەبوو چ واتایەک بۆ مانەوەی یەک سەعاتی حاڵەتی شۆڕشگێڕی نامێنێ و جگە لە گۆڕانکاری دەسەلات هیچ بارودۆخی سیاسی لە ئارادا نابێ هێندەی هەڵچوونی کەشوهەوای دواتر زەرەربەخش بێ و لە ئابووری و نائابووریدا بڕیار نییە ئەوەندە لە لۆژیکەوە دوور بێ وەک ئەوەی بە دەماری گرژ و هەناسەسواری و چاوی زەقەوە لە بارودۆخی شۆڕشدا دەرچێ بە تایبەتی بڕیاردەرانی ئەو بڕیارانە تێکەڵەیەکن لە نیمچەخوێندەوار و خوێندەواری بواری تیۆری و پێویستیان بە تاقیکردنەوەی ئەو حیزبیانە هەیە کە ئەوپەڕی توانا و لێهاتووییان توانای وروژاندن و هاتوهاوارە. زۆرمان لەو نموونانە دیوە کە کەسیان بە ئاسوودەیی نەگەیاند. شۆڕش حاڵەتێکی بەکوڵهاتنە و لە

زۆربەی بارەکاندا پێویستی بو نیشتنەوە و ئارامبوونەوە هەیە تا تۆڵەی ئەوە بۆ خەڵکی بکرێتەوە کە لە دەستیان داوە، وەک پەرتکردنی توانا و خەرجکردنی وزە و کات و دەرفەت.

لە بارەی ئیددیعای دووەمەوە گوایە شۆڕشی ١٩١٧ بە تایبەتی شۆڕشی ئۆکتۆبەرەکەی ئەوەندە کاریگەری لە سەر پێشکەوتنی مرۆڤایەتی بووە هیچی ناگاتێ، دەبێ جیاوازی لە نێوان کاریگەری سیاسی و کاریگەری کەلتووری بکرێ چونکە ئەو دووە یەک شت نین بەڵکو تا ئاستی دژبەریکردن ناتەبان و بە دەگمەنیش یەکانگیر دەبن. من هیچ سوودێک لەو ئەدەبی چەپە نابینم پشتیوانی ئەو هەڵچوونانە بکات کە لایەنگری گۆڕانکارین ئەگەر دوو مەرجی بنەڕەتی لەخۆ نەگرن:

- یەکەمیان پێویستی گۆڕانکاری بە هێز، هیچ بیانوویەکی نییە.
- دووەمیان هەبوونی بەرنامەی جێگرەوەی بەجێ و سەرکەوتنی جێی باوەڕە.

هیچ باشییەک لەوەدا نییە ڕێی خوێن و ئاسنی بۆ خۆش بکرێ چونکە شتی وا لە ڕاستیدا، نیشانەی ئیفلاسکردنە و جیاوازیش لە نێوان گۆڕانکاری بە پێی پێویستی واقیع و ئاشتیانە و ئاسانی و ئەو گۆڕانەی کە لە سەر شڵەژانی بەردەوامی ماسولکە دەوەستێ کە لە ناو قوڕاو و چاڵ و قۆرتدا پاڵ بە عارەبانەوە دەنێن و خوێن و عارەقە و فرمێسک دەردەدەن گەلێ زۆرە چونکە ئەمەیان برینکاری قەیسەرییە و ئەگەر زگپڕەکە بە ئینساف بێ و لە سەرەتاوە بیزانێ، دەشێ لە بەردەم زگپڕیدا ببێتە ڕێگر.

هیچ جۆرە دڵخۆشکەرییەک بۆ ئەو جەماوەرە نییە کە لە ئاگردانی گۆڕانکاریدا، بە بیانووی پەڕینەوە بۆ بەهەشت تەفروتونا دەبێ. ئەگەر

بیانووهێنانەوەی زیادەڕۆیی بۆ قوربانیانی یەکەم تەقینەوە بشێ، کە هەرگیز ناشێ، خۆ هەستەکان نەشێواون تا قوربانیدانی بەردەوامی بێکۆتایی بۆ بەردەوامی شۆڕش یا شۆڕشی بەردەوام قەبووڵ بکەن. کاریگەری شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە تیژکردنەوەی هەستی جیاوازی چینایەتی و جۆشدانی هەڵچوونی کۆمەڵایەتی بە شایەدیمانە تیۆرییە ورووژێنەرەکانیەوە، بە تایبەتی «تناقض – ناتەبایی» بیری لێ نەدەکرایەوە، بەڵام ئەوەی جێی داخە هیچ تاقیکردنەوەیەکی شۆڕشگێڕی نەهات بەو شێوەیە بێ کە چاوەڕوان دەکرا و زۆربەیان، ئەگەر نەڵێم هەموویان، کاتێ لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا هاتن، هاڕییان و نەیانتوانی سۆسیالیزم بەرپا بکەن بۆیە بشێوی و توندوتیژی و کوشتار بەرپا بوون تا لە ئەنجامدا لە ناو هەژاری و برسێتی و نەخۆشی مێژووییدا، کە لە ئەزەلەوە لەگەڵیدا ڕاهاتوون، دامرکانەوە و دروشمەکانیش لەگەڵ شنەبا و نووسینی گەرم و هاواری قوڕگی نووساودا بە بەردەوامی دەلەرانەوە، هەموو بەڵگەی گۆڕن بۆ مرۆڤ و بەڵێنە کوژراوەکان.

شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە لایەکی تریشەوە کاریگەری هەبوو ئەوەش لایەنی کێبڕکێی نێوان یەکێتی سۆڤیەت و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بوو لە سەردەمی جەنگی سارددا، ئەو وڵاتانەی لە بازنەی دەسەڵاتی ڕۆژاوادا بوون ئەوەیان قۆستەوە و کردیان بە چەکێک و بەرەوڕووی دەوڵەتە بۆرژواکاندا بەکاریان هێنا و ئەمەش زۆر هەڵدەگرێ و لەم کتێبەدا جێگای باسی نییە (وەک ڕۆڵی ئەمەریکا لە گۆڕینی شێوازی داگیرکردن بە شێوازێکی تر کە نەیارەکانی ناویان لێ نا ئیستیعماری نوێ...) و یەکێتی سۆڤیەتیش ئاگای لەوە بوو کاریگەری شەڕی سارد ململانێی نێوان هەردوو ئۆردووەکە بە سەریدا نەشکێتەوە بۆیە پاڵی بەو میللەتە نارووسانەوە نا کە لە سنووری دەسەڵاتیدا بوون داوای سەربەخۆیی بکەن تا ئەو ڕۆژەی پەرەسترۆیکا و گلاستنوست بوون بە پێداویستی سەردەم

و هەرچی زۆرداری و چەوسانەوەوە لە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا و زۆر لەو سستەمانەی سەر بە ڕووسیا بوون ئاشکرا بوون جگە لە ئاشکرابوونی لایەنە ناخۆشەکانی ڕووسیا خۆی و ڕقی خەڵکەکە لەو سستەمەی کە بە زۆر تیایدا لە سایەی مارکسی لینینیدا دەژیان و وایان لێ هات بۆ دەربازبوون داوای هاوکاری لە ئۆردووی بەرانبەر بکەن وەک چۆن گەلانی جیهانی سێیەم بۆ دەربازبوون لە بازرگانیکردنی ڕۆژاوا پەنایان بۆ سۆڤیەت دەبرد و هەموو کەس لە لێقەوماندا وەک یەکن لەگەڵ جیاوازی جۆری لێقەوماندا.

کاریگەری باشی هاوسەنگی نێوان ڕووسیا و ئەمەریکا لە ڕووبەڕووبوونەوەی جیهانی یەکەمدا بەرانبەر ڕۆژاوا لە سەرەتاوە زۆر دابەزی چونکە مارکسی لینینی کاریگەری لە سەر چینەکانی گەلانی جیهانی سێیەم زۆر و کوشندە بوو بۆ وەستانەوە بەرانبەر بە یەکتر و هەر ئەوە خۆی ئافەتێک بوو و سەری لە تێکۆشانی ئەو گەلانە شێواند و زۆر بەرهەمی خەباتی هاوبەشیانی لە بواری مافە دیموکراسییەکاندا بێئەنجام کرد کە دەسەڵات تیایاندا لە دەوڵەتە ئیستیعمارییەکانیش پتر دژایەتییان دەکرد بەڵگەش ئەوەیە سستەمی دەسەڵاتی هەندێ لەو دەوڵەتە سەربەخۆیانە لە دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی ڕۆژاوا دکتاتۆریتر بوو، ئەگەر پیاوێکی وەک سەعد زەغلوول یا غاندی یا نەهرۆ لە یەمەنی یەحیا حەمیدەددین یا ئێرانی ڕەزا شای پەهلەوی دەرکەوتبا، بەر لەوەی ورتەیەکی لێوە بێ لە ناو دەبرا. شۆڕش و چی تێکۆشانێک بۆ تێرکردنی خەڵک و ئازادکردنیان بەرپا دەبێ، لەبەر ئەوەی دروشمی درەوشاوە بەرز دەکەنەوە ڕێزی خەڵکەکە بە دەست ناهێنێ و پێداهەڵدانیشی بۆ بزاوتنی خەڵک کارا نابێ. جگە لەوانەش زۆری تر بۆ گوتن لە سەر لایەنی باش و خراپی هەر بزووتنەوەیەکی سیاسی هەیە گرنگی یا مەترسییەکەی هەرچییەک بێ و لەوەیە هەم گرنگ بێ و هەم

مەترسیدار (وەک بزووتنەوەکەی هیتلەر) یا لە هەمان کاتدا هەم پووچ و هەم بەکەڵکیش بێ... تا ڕێتێچوونەکانی تر. ئەگەر باسەکەمان لە مەیدانی مەترسیدا گەیشتە مەترسی مێژوویی پەرەسەندن باسی شۆڕشی شوبات یا ئۆکتۆبەری ١٩١٧ لە پێش هەموو ڕووداوەکان و ئەو شتانەوە دێ کە کاریگەرییان لە سەر پەرەسەندنی مرۆڤایەتی بووە من ڕایەکی تایبەتیم دەبێ و تیایدا دەڵێم:

هەر بانگەوازێکی سیاسی و موژدەبەری و ئەخلاقی، ئەگەر هەر قسە بێ و قسە و چالاکی نەبێ، خۆبەخۆ نابێتە پێشکەوتن – ئەگەر چاکەخواز بێ – ناشبێتە دواکەوتن – ئەگەر خراپەخواز بێ – بەڵکو دەرگایەکە چاک و خراپی پێدا تێدەپەڕێ و وەک دۆزینەوەی دەرمانی شیرپەنجە یا دۆزینەوەی یاسای فیزیایی یا بیرۆکەیەکی زیادکردنی بەرهەمی گەنم یا پاشەکەوتکردنی وزەی کرێکار یا ئاسانکردنی تێگەیشتنی تیۆری ڕێژەیی نییە... ئەو شتانە بە ئەنجامەکانیانەوە وابەستەن و جێیان لە ڕێتێچوون و تێنەچوونی وەک چاک یا خراپ، یا سەرکەوتن یا تێکشکاندا نییە. شۆڕشی ڕووسی یەکێکە لە کاروبارە سیاسییە – بەڵێناوییەکان و لە گۆشەی ئەنجامەکانیەوە تەماشا دەکرێ.

بە بۆچوونی من، پشتبەستنی لە مەسەلەی سۆسیالیزمدا بە دیکتاتۆریەتی چینی کرێکار شتێکی خەیاڵییە و مەودای جێبەجێکردنێکی ڕاستەوخۆی وای نییە لێکدانەوە و فێڵ هەڵنەگرێ، چونکە چینی کرێکار نە دەتوانێ ببێ بە دەسەڵاتدار نە ببێ بە دکتاتۆر نە دەتوانێ ببێ بە کادری پێشکەوتووی شارستانەتی بواری زانست و ئەدەب و هونەر و داهێنان و تەکنیک، مەگەر بە لێکدانەوەی ناڕاست لە دەرەوەی بازنەی پرۆلیتارەوە، لە لایەن وەکیلەکانیان لە دەسەڵات و حکوومەتەوە کە ئەوانیش هی دابڕاندن نین و بە زۆری زۆرداری بە سەر کرێکاراندا

سەپێندراون و ئەنجامەکەشی، دوای چل ساڵ دەبینین کە بە سەر ڕۆژهەڵاتی ئەوروپادا سەپێندرا. چینی کرێکار یەکەم لایەنن ڕەتی دەکەنەوە ئەوەش ڕەت دەکەنەوە کە سەپاندوویەتی و یەکەم داواکارن بۆ ئەوەی دیموکراسی جێی بگرێتەوە یا هێشتا دوای ئەوەی جەماوەر لە ڕۆمانیا بە دکتاتۆری کرد و ئەوەی هەموو چینەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا داوای دەکەن بۆ ڕیسواکردنی دکتاتۆرییەتی چین و ئەو داواکارییە قەومی و چینایەتی و دینییەی کە یەکێتی سۆڤیەت بە دەستیەوە دەناڵێنێ و لە هەموو جۆر و بابەتێکن کە لە ناو دەقی تیۆرییاندا حیسابیان هەبوو و لە پراکتیکدا بوون بە پاشماوەی سەردەمی تاریک و دەسەڵاتی دەرەبەگ و کەنیسە، پێویستیمان بە بەڵگە ماوە؟ بەڵام شوێنەواریان لە دەرەوەی شوێنی پەیڕەوکردن و ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا و بەڵتیک و وڵاتە ئیسلامییەکان و شوێنی تر کە کۆڵۆنیای قەیسەر بوون و دوایی بوون بە دەوڵەتە سۆڤیەتییەکان و بە ڕووسیا خۆیەوە لکان، ئەوە شوێنەوارێکە لە جەوهەردا نەرێنیتر و زیانبەخشترە.

ڕاستە حیزبی شیوعی لە هەندێ بەشی ئاسیا گەیشتە دەسەڵات (مەبەستم چین نییە کە باسێکی سەربەخۆی هەیە) و ئەفریقیا و ناوەڕاستی ئەمەریکا و باشوور بەڵام گەیشتنی پێچەوانەی بنەماکانی مارکس بوو و ئەنجامەکەشی لە زۆربەی هەرە زۆردا ملشکێن و هەڵگەڕانەوە بوو و هەندێکیان لە خوێنی خۆیاندا خنکان جگە لەوەی ئەو خەباتەیان زندەبەچاڵ کرد کە نیشتیمانی و دیموکراتی بوو و لە سەر هەوڵی هەموو خێرخوازان و ئاشتیخوازان هەڵچندرابوو. دوای ئەو بازدانەی پەرەسترۆیکا و گلاستنوستیش کەس نازانێ چارەنووس بەرەو کوێی دەبا چونکە لە دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتانە چاوەڕوان ناکرێ خۆ بە دەست بڕیاری مێژوو و واقیعەوە بدەن و لە کەری شەیتانی جەنگی چینایەتی و دژەبەرایەتی و زێدەبایی بێنە خوارێ مەگەر هەرای جەماوەر

پەیدا بێ و ئەو حکوومەتانە ڕامالێ وەک شاوشیسکۆی ڕامالی و ئەوەش کۆتاییەکە کەس پێی شەرەفمەند نییە و تەنانەت ئەوانەی خوازیاری دیموکراسیشن بە هۆی خوێن و وێرانکاری و ئاوارەبوونەوە پێی خۆشحاڵ نین!

نە کۆمۆنزم و نە هیچ ئایدۆلۆژیایەکی تر، خۆبەخۆ هۆکاری ڕاستەوخۆ نییە بۆ ئەوەی پێشکەوتن دابین بکا بەڵکو ئەوپەڕی ڕۆلی ئەو ئەگەر باش بێ، ئەوەیە کەشوهەوایەکی دیاریکراو بۆ کاری داهێنەرانە پەیدا بکا کە لەوە زیاتری تێ ناچێ کە شایستەیە و نە خوێنیشی تێدا دەڕژێ نە بینایەک بە هۆیەوە دەتەپێ... ئەوەی ڕاستی بێ، بە لامەوە تا ئاستی هەناسەسواری زەحمەتە دانی پێدا بنێم یا باوەڕ بهێنم کە تاقیکردنەوەی سۆڤیەتی، کە ئەو هەموو خوێن و کەرامەت و ئازادییەی تێدا بە هەدەر درا هەڵبژاردەیەکی باش بوو لە ناو چەندین هەڵبژاردەی بێکەڵکدا چونکە ئەمە لە دوو ڕووی گردەبڕەوە هەرەس دێنێ:

- یەکەمیان، ئەنجامی تاقیکردنەوەی سۆڤیەتی خۆی لە هەر جێیەک خرابێتە بواری پراکتیکەوە و ڕقی خەڵکی تا ئەوەی بە ئاشکرا داوای گۆڕینی بکەن و هەڵگەڕانەوەی گەلان و چینە کرێکارییەکان لە کۆمۆنیزم لە ڕۆژهەلاتی ئەوروپاش بخەرە سەری و جگە لەوەی دیدی من بۆ کاری مارکسیزم ئەوە نییە کە لە هۆشی باوەڕدارانیدا لە ولاتەکەی مندا هەیە، ئەوەش وەک هەر ئایدۆلۆژیایەکی تر کە باوەڕبەخۆبوون دەوری تەنیوە.
- ڕووی دووەم ئەو پێشکەوتنەیە کە لە هەموو بوارێکدا پێش پێشکەوتنی سۆڤیەتی داوەتەوە، بواری هیتاف و دروشمی لێ دەرچێ لە کاتێکدا لە ولاتانی تردا دەیەکی ئەو توانایە بۆ پێشکەوتنی سروشتی نییە کە لە سۆڤیەتدا هەیە.

نابێ ئەوەش لە بیر بکرێ کە شۆڕش و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی تر کە بانگاشەی پێشکەوتن دەکەن هەر لە سەرەتاوە «ئەنجام»ن نەک «هۆکار». هەر دەبێ شارستانەتی بە دەستی زانایان و هەڵگرانی تری مەشخەڵی ڕۆشنبیری پەرە بسێنێ بۆ ئەوەی ئەو بیرۆکانە لەدایک بن کە بانگهێشە بۆ پەرەسەندن دەکەن و کاری بۆ دەکەن: دوای لەدایکبوونی ئەو بیرۆکانە و کارکردنیان بۆ هاندانی خەڵک بەرەو بەدەستهێنانی ئەنجامیان ئیتر ڕۆڵی لەوەدا دەست پێ دەکا ببێ بە «هۆکار»ی ئەو ئەنجامگیرییەی کە دێتە ئاراوە: لەوەیە ئەنجام چاک بێ یا خراپ یا تێکەڵەی چاک و خراپ بە ڕێژەی جیاواز. ڕەنگە ببێ بە هۆکاری پەیدابوونی وێنەیەکی ڕوون بۆ ئەوەی دەیڵێم دۆزینەوەی سووڕانەوەی زەوی و پێشتریش، خڕیی زەوی و هاوکێشەکانی ڕاکێشانی و قسەکردن لە سەر ڕێژە هەر یەکە کاریگەرییەکی وای هەیە لە کاریگەری هەموو شۆڕشەکان و خەباتە سیاسییەکان و وەعزی کۆمەڵایەتی لە سەر پەرەسەندن زیاترە.

ئەوەی جێی سەرسوڕمانە دۆزینەوەی ئەمەریکا لە ئەنجامی سەفەری زەریاوە بوو لە ئەوروپاوە بەرەو ڕۆژاوا بە نیازی گەیشتن بە هند لە ڕۆژهەڵاتەوە بە پێی خڕیی گۆی زەوی. گاگارین لە یەکەم سەفەریدا بە بۆشایی ئاسماندا قەرزاری ئەنیشتاین بوو و ستالینیش کە چەکی ئەتۆمی بە دەست هێنا قەرزاری بوو چونکە یەکەم جار تیۆری ڕێژەیی دەرگای بۆ شەقکردنی ئەتۆم خۆش کرد. هاوکێشەی «وزە = قەبارە X دووجای خێرایی تیشک» کاریگەری یەکلاییکەرەوەی لە ئامانجی مرۆڤدا لە هەموو شۆڕشەکان وێکڕا زیاترە ئەگەر واش دانێین هەموو شۆڕشەکان ڕاپەڕینی ئەرێنین و چ خراپەیان تێدا نییە ئەوجا شۆڕش شەرەفی لەوە گەورەتری بەر ناکەوێ ببێتە خزمەکارێکی دیاریکراوی داهێنانێک دەنا چۆن لە ڕێی شۆڕشگێڕەکانیەوە بە سەر ڕاکێشانی زەوی و وردبوونەوە

له کاربۆن و دروستکردنی تیشکی لیزەر و بوونە جەستەییەکانی ناخی زەویدا زاڵ دەبێ؟ تەنانەت کام شۆڕشگێڕ دەتوانێ پێچکەیەک لە مەکۆوە بە عارەبانەوە قایم بکا؟

شۆڕش و تیۆرستەکانی و ئەوانەی ئەنجامی دەدەن و دواییش دەسەڵاتداران کە بە ناویەوە و بە ناوی کۆمەڵگەی حوکمدراوی پەراوێزی شارستانەتییەوە حوکم دەکەن کە لە باشترین حاڵەت و جوانترین وێنەیدا ناگاتە ئاستی باشی و جوانی «دەسەڵات» کە پەراوێزی پەرەسەندنی شارستانیی بێ خوێنڕشتن و وێرانکاری و شۆڕش و هیتافکێشانە. ناشرینترین شێوی گەمەکردن بە داهێنان ئەوەیە شۆڕش دەتوانێ بیانوو بۆ ئیعدامکردنی یا بەدناوکردنی یا تۆمەتبارکردنی یا ئاژاوتنی بە ئاڕاستەی پێچەوانەی ئاڕاستەی خۆیدا و بەگەڕخستنی لە هەر شتێکدا خۆی گەرەکی بێ بە بێ چاودێری و لێکۆڵینەوە، ستالین وای کرد و هەموو زاڵمێکی فەرمانڕەوا وا دەکا چونکە زانست هونەر و فەلسەفە و ئەدەب و هەموو شێوەیەکی جوانی و تەواوەتی شارستانەتی لە خزمەتی یەک ئارەزووی باڵادان کە بەتەنهاییەک ڕەفتار دەکا کە بە هی ڕەبولعالەمین دەچێ.

ئەوەی دیارە و نیگا هەڵەی تێدا ناکا ئەوەیە ئەو شۆڕشانەی لە سەر ئایدۆلۆژیایەک هەڵچندراون کە تەنها باوەڕی بە خۆی هەیە لە هەموو ئەنجامێکی زانستی یا بۆچوونی تیۆری بواری زانست کە لەگەڵ باوەڕە بنەڕەتییەکانیدا یەک نایەتەوە، بێزارە و ئەوەی لە مارکسیزم زانراوە ئەوەیە دوژمنایەتی زۆر بۆچوون و باوەڕی بواری مرۆڤایەتی دەکا چونکە لەگەڵ دەقەکانیدا ناتەبان. ئەوەش باش زانراوە کە مێژوو بە شێوەیەکی تایبەتی لە لایەن شیکردنەوەی مارکسیزمەوە دەستی بە سەردا گیراوە و لەوەشدا، ئەگەر هاشاش بکا، دەبێتە ماددیەتی ئامێرئاسا: ئەو

حەتمییەتەی بە باڵای ئەنجامی تیۆری سەردەمەکانی مێژوو بڕاوە خۆی ئامێرانەیە چونکە بۆ ئەوەی ئامێرەیی مێژوو ڕەت بکەیتەوە دەبێ لە حەتمییەت داببڕی کە خۆی لە ڕاستیدا هیچ شتێکی دیاریکراو ناسەپێنێ هۆکارەکەش ئەوپەڕی ڕوونە ئەوەش ئەوەیە خولقێنەری مێژوو مرۆڤە کە ئاژەڵێک نییە بە حوکمی غەریزەی نەگۆڕ ڕەفتار بکا و بێگیانیش نییە بە دەستووری ئەبەدی و ئەزەلی — ئەگەر ڕەفتار بکا — ڕەفتار بکا (لەگەڵ ئەو سەرنجەدا کە فیزیای نوێ - بە پێی دواخوێندنەوەکانم - باس لە ناحەتمییەتی ئەنجام دەکات) تا ڕەفتاری شتێ بێ پێشتر پێشبینی بکرێ. لایەنی مێژوویش لە شیکردنەوەکانی مارکس بە حەتمییەکانیەوە هەڵبژاردنی چارەنووسێک کە مرۆڤ خۆی پێی ڕازی بێ، بۆ مرۆڤ ناهێڵێتەوە چونکە ئەو سۆسیالیزمە حوکمی مێژوو وەک مزگێنی دەیدا، کە هێشتا دیلی ئەو حوکمەیە کە مارکس پێش پتر لە سەدەیەک و چل ساڵ داویەتی و پێناچێ تەنانەت بۆ پارێزگاریکردنی پەرەسترۆیکاش لە دەستیشی دەرباز بێ و تەنانەت «گلاستنوست»یش پەک دەخا چونکە باسکردنی ڕاستییەکان نابێ دەست بۆ بژاردەی سۆسیالستانە بەرێت.

ترسی زۆرم لەوە هەیە هەر بە پێوەری شیمانەی ڕوودانی شۆڕش لە نێو شۆڕشدا، پێویستبوونی سەرهەڵدانی پەرەسترۆیکایەکی دیکە پەیدا بێت بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤی سۆڤیەتی لە کاریگەریی ئەو تیۆرییانەی تا کۆتایی زەمان خۆیان بە سەر مرۆڤدا سەپاندووە و کردوویانەتە کۆیلەی خۆیان.

لە ناوەڕاستی لاپەڕە ٥٥یشدا دوو دێڕ و نیو لە قسەی لینین هەیە و دەڵێ:

*«ڕەنگە سۆسیالیزم هەوڵی تازە لە خۆ بگرێ. دەشکرێ هەر هەوڵێک بە تەنها و لە گۆشەیەکی تایبەتییەوە بێ. دەشکرێ هەر یەکەیان تایبەتمەندی خۆی هەبێ و لە هەموو وڵاتاندا جێبەجێ بکرێ».*

ئەگەر وەرگێڕانەکە ورد بێ، ئەو قسەیە خۆی ناخاتە ژێر هیچ بارێکەوە چونکە هەر لە سەرەتاوە، بە بەکارهێنانی «ڕەنگە» لە سەر ڕێتێچوون وەستاوە و ئەوەش بۆ گومان و دوودڵییە. ئەوجا دەڵێ «دەشکرێ» و ئەمەش ڕوودان و ڕوونەدان لە خۆ دەگرێ. لە کۆتاییشدا باسی جێبەجێ کردنی قسەکە لە سەر هەموو وڵاتان دەکا و ئەگەر ئەوەی دەیڵێ هیچی لە هیچ وڵاتێک نەهاتە دی بیانووەکەی لەوەدا ڕوونە کە هیچی بە شێوەی حەتمی جەزم نەکردووە بەڵکو ڕێتێچوونە و لەوەیە ڕوو بدا و لەوەشە ڕوو نەدات. خوێنەری ئازیز تۆش دەتوانی بە بێ ترس بڵێیت: «لەوانەیە باران و بەفر لە هەموو ڕۆژانی ساڵدا و بە درێژایی خولگەی قرژاڵ بباری»، ئەگەر نەباری لۆمە ناکرێیت چونکە بەفر و بارانبارینت داوەتە پاڵ ڕێتێچوون..

لەو باوەڕەدام لینینیش لەوەی کە گوتوویەتی حیسابی ئەوەی کردووە ڕووداوەکان بە شێوەیەک ڕووبدەن لە ڕەوتی پێداویستی تیۆرییەکە دەرچن بۆیە قسەکەی بە شێوەیەک دارشتووە لێکدانەوە بۆ گەشەکردنی چاوەڕواننەکراو هەڵگرێ بەو حیسابەی چاوەڕوانکراو بووە تەنانەت ئەگەر بشبێتە هۆی دەستبەردان لە کەم یا زۆری ناوەڕۆکی تیۆرییەکە و ئامانجەکانیشی لەخۆ بگرێ گوایە «ڕەنگە» و «لەوانەیە» دوو جار لە دەقەکەدا هاتوون. باوەڕیش ناکەم لینین خۆبەخشانە ڕوونکردنەوەی «هەوڵی تازە»ی لە «یەکلایەنە لە گۆشەی تایبەتەوە» و «خەسڵەتی تایبەتی»ی هەموو هەوڵێکی خستبێتە ئەستۆ چونکە ناونانی جۆری هەوڵ نابێ بگاتە ئەو ڕوونییەی سۆسیالیزم ببێ بە جێگرەوەی هەوڵی تاک

چونکە ئەمە دەبێتە هۆی لاوازی تیۆرییەکە. ئەگەر وا بوو ئەم گۆڕانکارییە پێویست بوو بیانوو لە پێش قسەی «هەوڵی نوێ»دا دیارە.

لە ڕاستیدا ئەگەر «هەوڵ»ـەکە لە ناوەڕۆکی تیۆرییەکە دەرهێندرابێ و لێکدانەوە بۆ واتاکەی کرابێ، شتێکی تازە نامێنێ چونکە خۆی وا دەبینێ بۆ خۆچاککردنەوە بۆ خۆی دەگەڕێتەوە و ئەوەش شتێکی نوێ نییە. لە بەر ئەوەی بە درێژایی سەدەکەن هەوڵی لەو چەشنە لە بیروباوەڕی جیادا دراوە و تەنانەت گەیشتۆتە ڕادەی هەڵگەڕانەوە بەڵام خاوەنەکانیان دانیان پێدا نەناوە کە هەڵگەڕانەوە بووبێ بەڵکو گوتوویانە تازەکردنەوە و ناسینی حەقیقەتی واتاکانە... لەگەڵ ئەوەشدا، هیوادارم پەرەسترۆیکا بگاتە ئاستێکی لێکدانەوە کە گۆڕانکاری هەموو بەشێکی تیۆرییەکە بێ لە دەست بە بەردبوون و تەنگەتیلەیی. لەو باوەڕەشدام عیللەتی مارکسیزم لینینیزم لە دەقاکانیدا لێکدانەوە و فرەوانکردنی بەڵگە و دەرمانکردنی بەشێکی بە بەشێکی تری، وەک لە برینکاری جوانکاریدا دەکرێ و لێرەی دادەبڕن و لەوێی دەدەن، بە کەڵک نایێ.

ئەو ئایدۆلۆژیایانەی نوقمی لەخۆڕازیبوونن، ئەگەر لە بنەمادا ڕاست و بەکەڵکیش بێ، لە پاشەڕۆژدا، کاتێ کاریگەرییەکان و پێداویستییەکان و ناوەڕۆکەکان دەگۆڕێن و دنیا دەبێتە دنیایەکی تر، دەبێتە توندترین ڕێگر لە بەردەم پێشکەوتندا. ئەنجامگیری سەیریش لە کاروباری مرۆڤدا ئەوەیە ئەو ڕیسەی ئەمرۆ بۆ پڕکردنەوەی پێویستی و بۆ بەرژەوەندی خۆی دەیرێسێ دوای تێپەڕبوونی ماوەیەک لێی هەڵدەگەڕێتەوە و دەبێتە کەلەپچەیی دەستی و پاوەنی پێی و مۆری سەر گوێچکە و چاوی، لە کاتێکدا تەونی جۆلاییکەرە هەر بە کەڵکە و هەتا سەر و تا کۆتایی ئەرکی خۆی ئەنجام دەدا، بەڵام بە سەرنجدان لەوەی کە سەردەمەکانی مرۆڤ لە ناو کۆمەڵگەدا لە سەردەمێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێ و کە تفەنگ

پەیدا بوو، ئیتر ڕم بۆ ڕاوکردن بە کەڵک نایێ و گاجووت لە سەردەمی مەکینەدا بۆ جووت نابێ و بیرۆکەی سەدەی ڕابردووش نابێتە دەرمانی دەردی سەدەی دواتر...

دوای ئەو دەربڕینەی سەرەوە، دەربڕینێکی تر دێ کە دەروازەیەکی هەیە بە ڕووی دیمەنێکی تری سۆسیالیزمی مارکسیدا دەکرێتەوە، دەڵێ:

*«تاقیکردنەوەی مێژوویی دەریخستووە کە کۆمەڵگەی سۆسیالستی لە دژی کەڵەکەبوونی ئاڕاستەی چەقبەستن و تەنانەت لە دژی قەیرانی کۆمەڵایەتی گەورەش پارێزراو نییە. لەو بارەدا، بە دیاریکراوی، بۆ چارەسەری قەیرانەکە یا بارودۆخی پێش قەیرانەکە. پێویست بە چارەسەری وا هەیە کە سروشتی شۆڕشگێڕانەی هەبێ. لێرەدا ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە سۆسیالیزم توانای گۆڕانکاری شۆڕشگێڕانەی هەیە چونکە لە سروشتدا دینامیکیە».*

دەربڕینەکە دەڵێ «تاقیکردنەوەی مێژوویی» دەریخستووە کە وەها و وەها، نەک ڕووناکییەکی کە لە تیۆرییەکەوە هەڵدەستێ دەریخستبێ، ئەوەش قسەیەکی ڕاستە بەڵام لەوەدا ڕوونتر ڕاستە کە بەڵێنی شیرینی خەیاڵی ئاشکرا بکا کە مرۆ دەگاتە پلەی سۆسیالیزم بۆ تێکشکاندنی ناتەبایی سروشت دەستی واڵا دەبێ چونکە بە شارەزایی و تاقیکردنەوەی تاڵی قورسی ماوەی حەفتا ساڵ دەرکەوت کە بەشەری تاک و بەشەری کۆمەڵگە ئامێرێک نییە بە شوشتن و چەورکردنی ئایدۆلۆژی ڕاست بێتەوە و حەیوانیش نییە لە سەر چەند بزاوتنێک ڕاهێندرابێ لە یاریگاکاندا ئەنجامیان بدا و ڕاهێنەرانیشیان نیوەخودا نین لە هەڵە و سەهو و سەرگەرمی و شتی لەو بابەتانە بەدەر بن. ئەگەر پیاوێک پێش پەنجا ساڵ یا سی ساڵ شتێکی وەهای بگوتبایە کافر دەکرا و ئابڕووی دەبرا بەو حیسابەی کرێگرتەی بۆرژوایە یا پیاوی ئیستیعمارە یا

دوژمنێکی چینایەتییە و بەرەوڕووی ڕاستییەکی مێژوویی جێگیری تیۆری و دەستکەوتەکانی ستالینی مەزن دەوەستێتەوە.

لە تەعبیرەکەدا ئاماژە بۆ ئەوەش کراوە کە ڕێی تێ دەچێ قەیرانی کۆمەڵایەتی و ئابووری ترسناک بقەومێ و ئێمەش ئەمەی بۆ زیاد دەکەین: و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و ڕەگەزی و هەموو جۆر و بابەتێکی چینایەتیش. شانازی نەبوونی قەیران لای مارکسییەکان لە کۆمەڵگەی سۆسیالستی سۆڤیەتدا بەردەوام بوو، لە هەندێ نووسینمدا لەو بارەیەوە چەند ساڵێک پێشتر گوتوومە کە قەیران لە نێوان بەشەرە ئازادەکاندا کە توانای ڕەتکردنەوە و دیاریکردنی هەڵبژاردەی خۆیان هەیە دەقەومێ بەڵام ئەوانەی ئازادییان لە دەست داوە لە برسانیشدا بمرن هیچ ناجووڵێنن. ئیتر با سەرنج بدەین کە جیاوازی جەوهەری لە نێوان قەیرانی وڵاتێکی سۆسیالستی تێکشکاو و قەیرانی وڵاتێکدا کە ئابوورییەکەی ئازادە هەیە. لە وڵاتە سۆسیالستییەکاندا قەدەغەکردن و ڕێگری و بەرپەرچدانەوە هۆکارن بۆ کورتهێنانی ماددی و خۆخوارنەوە ماوەی کورت یا درێژدا لە کاتێکدا ئیمکانی ڕەهایی لە هەموو ڕوویەکەوە و سنووردارنەکردنی چالاکی لە وڵاتە بۆرژواکاندا لە زۆر ڕووەوە هۆکاری قەیرانن و هەرە بەهێزەکانیشیان بە باوەڕی من، لە لایەکەوە نەبوونی ڕێژەی دیارە لە نێوان ئەوەی نەفس دەیەوێ و ئەوەی پێی ئەنجام دەدرێ، لە لایەکی تریشەوە لە نێوان ئەوەی دەخرێتە ڕوو یا دەکرێ بخرێتە ڕوو.

لە بەشێکی تەعبیرە وەرگیراوەکەی سەرەوە ئەم قسەیە هاتووە: «بە شێوەیەکی دیاریکراو، بۆ زاڵبوون بە سەر قەیراندا، پێویست بە هەندێ کارکردن هەیە کە سروشتی شۆڕشگێڕانەی تێدابێ» لە ڕاستیدا من لەو «سروشتی شۆڕشگێڕانە»یە بە گومانم چونکە دیاریکراو نییە و

خەسڵەتی نەزانراوە و دەرگای ڕێتێچوون بە ڕووی چارەسەری وادا دەکاتەوە کە بە بیردا نایێ. «خەسڵەتی واقعی» لەوە بە گونجاوتر دەزانم کە ئەمەش دیاریکراو نییە و خەسڵەتەکانی نەزاندراون بەڵام چارەسەری شانۆگەرییانەی لێ ناکەویتەوە و نابێتە دروشمی فەلسەفی و هیتافکێشانی ئایدۆلۆژی و پەناوپەسێوی تاریکی کۆڵانی تیۆری بۆ دۆزینەوەی دەرمانی جادوویی ناگەڕێ. جگە لەوەش نادرێتە پاڵ لایەنێک کە بە شۆڕشگێڕی و جەماوەری و خێرخوازی پیرۆز کرابێ و لە هۆکاری هۆکار و لێکدانەوەی لێکدانەوە و لەقاڵبدانی ئەمڕۆ بە قاڵبی دوێنێ و ئەندازەی داهاتوو بە پێوانەی ئەمڕۆدا غەرق بووبێ...

کۆتایی تەعبیرە گوازراوەکە لە قسەکانی سەرۆک گورباشۆڤدا دەڵێ:

*«سۆسیالیزم توانای گۆڕانکاری شۆڕشگێڕانەی هەیە چونکە لە سروشتیدا دینامیکییە».*

سستەمی سیاسی و تەنانەت دینیش نییە لە کاتی پێویستدا توانای گۆڕانکاری نەبێ. تەنانەت ئاینی ئیسلام ئیجتیهادی ئازادانەی تێدا زۆر بوو و بێ ئەوەی هێزی سیاسی یا دنیایی یا لە هیچ جێوە زۆرداری لە سەری هەبێ تەنانەت دەستەیەکی ئاینی ناسراو پەنایان بردە بەر دەسەڵات بۆ ئەوەی بڵێن قورئان دروست کراوە و پێش هەزار و سەد ساڵ ئیفلاسی کرد و مەزەبەکانی تر کە بێ ئەوەی پەنا بۆ دەوڵەت یا خەڵکی بەهێز بەرن و دەیانگوت قورئان دروسکراو نییە، بە نەمری و بەهێزی مانەوە و پەرەیان سەند.

ئەوەی بە شێوەیەکی گشتی جێی سەرنجە ئەوەیە ئایدۆلۆژیایەک تەنها باوەڕی بە خۆی هەبێ و پشت بە دەسەڵات ببەستێ بە ژوورێک دەچێ یەک دەرگای هەبێ و زادی ڕۆشنبیری ڕەسمی حکوومەتی پێدا دێتە ژوورەوە و یەک پەنجەرەی کراوەشی هەیە کە بە ئیزنی ڕەسمی

دەڕوانێتە دنیای بەرچاوان. سۆسیالیزمیش، یا تیۆری لینینی مارکسی لەم بابەتە کە یەک دەرگا و یەک پەنجەرەی هەیە و دینامیکیشی هەر لە خۆیدا سنووردارە، خەسڵەتی شۆڕشگێڕی لە ناوەڕۆکە زارەکییەکەیەوە نزیکە نەک زۆرداری و ناچاری نەک زۆری ئیجتیهاد و چارەسەر.

بە داخەوە کە قسەکەی سەرۆک گورباشۆف ئەوەندە خۆماندووکردنی تێدا نییە بەڵگە بۆ ئەو دینامیکییە بێنێتەوە و مێژووی سۆڤیەتی هیچ بەڵگەیەکی دینامیکی ڕاستەقینەی خۆیی بۆ سۆسیالیزمی مارکسی لینینی تێدا نییە مەگەر بە سوغرە و فەرمانی سەرەوە ئەوەش شێوازێکە لە دەستی جەنگیز خانی پێش پتر لە حەوت سەد ساڵ دەهات و تاکە مەرجیشی ئەوە دەبوو خەڵک و پارەی هەبا لە پرۆژەی هێزی تێکشکێنەردا بیانخاتە کار.

پێم خۆشە لە ڕووی ڕوونکردنەوەوە بڵێم وردبوونەوەم لە ڕستەی بە دوای یەکدا هاتوو بۆ سووربوونم نییە بۆ ئەوەی لە هەموو مەیدانێکدا ڕمی خۆمم هەبێ بەڵکو بۆ بەشداریکردنمە لە تیشکێک کە دەخرێتە سەر ئەوەی پێویستە بە پێی دید و بۆچوونی من ئاشکرا بکرێ چونکە هەموو ئەم نووسینە شتێ نییە جگە لەوەی قەرزدانەوەیەک بێ کە بەرانبەر «بنیاتنانەوە — پەرەسترۆیکا» لە ئەستۆمدایە و لە یەکەم ڕۆژیەوە خۆشم ویست و ملیۆنان خەڵکی تر کە چاکەی مرۆڤایەتییان دەوێ خۆشیانویست، جا ئەگەر ئەوە بەو شێوەیە نەکەم کە لە بەر چاوانە بێدەنگبوونم باشتر و جوانترە چونکە من و خەڵکانی تری بێ توانا و بێ هێز جگە لە بۆچوون و بیر هیچی ترمان نییە و یا دەبێ بە بێ دەنگبوون ئەوەش لە خەڵکی پەنهان بکەین یا دەبێ ڕاستگۆیانە و بە ڕوونی هەموو شتێ بڵێین و هیچ شتێ لە کتێبی پەرەسترۆیکا و ئەم نووسینە و نووسین و بۆچوونی تر نەهاتووە ئەگەر پەیوەندی بە ڕووداوەکانی داهاتووەوە نەبێ

و حەقیقەتەکەی بخاتە ڕوو جگە لە ڕووداوی ڕابردوو و ئەوەی لۆژیکی ڕەها حوکمی تێدا دەدا و مرۆڤایەتی چ زەرەرێ لەوە ناکا ئەگەر لە هەندێ ئەنجامگیریدا هەڵە بم و ئەگەر لە لایەنێکی بۆچوونەکانیشمدا ڕاستم پێکابێ بێسوود نییە، منیش چ لەمەیان و چ لەوەیاندا، لەو قسانەدا کە دەیانکەم وریای ئەوەم هەوڵی خۆم لەوەدا خەرج بکەم کە بەر لە بڵاوکردنەوەی بۆچوونی خۆم ڕاستییەکان بدۆزمەوە لە کاتێکدا دەوروبەرم پڕە لە پەلەکردن لە دەربڕینی بۆچوون بەرەو توندوتیژی بە چەندین شێوە و ئاستەوە. هەموو مەسەلەکانیش لەو شەرعە دەرناچن کە پەرەسترۆیکا و گلاستنوستی دەستەخوشکی دایانڕشتووە و ناوبانگی هەموو ئاسۆکانی گرتۆتەوە و لەو یەکەم بۆمبە ئەتۆمییەی ساڵی ١٩٤٥ زیاتر دەنگیان داوەتەوە کە یەکەم جار تەقێندرا.

لە کۆتایی لاپەڕە ٥٥ی کتێبی پەرەسترۆیکادا بۆچوونێک هاتووە کە ئەمە دەقەکەیەتی:

*«... پەرەسترۆیکا کارێکی شۆڕشگێڕانەیە چونکە لە پەرەپێدانی سۆسیالیزم و جێبەجێکردنی خەسڵەتە جەوهەرییەکانیدا بازدانێکە بەرەو پێشەوە».*

لە سەرەتاوە لە بارەیەوە دەڵێم کە وشەی سۆسیالیزم کە لەوێدا هاتووە سۆسیالیزمی مارکسی لینینی دەگەیەنێ نەک سۆسیالیزمی ڕەها چونکە نە سەرۆک گوباشۆف خۆی مەبەستی ئەو سۆسیالیزمەیە کە بە پێشکەوتنی ئاسایی بێ توندوتیژی و بێ سەرکردایەتی کۆمۆنیزم (بەلشەڤی) لە بۆرژواوە سەر هەڵدەدا نە سروشتی کتێبەکە ئەوەیە ئاماژە بە سۆسیالیزمێک بدا کە لە شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ سەری

هەڵنەدابێ، ئەوجا باسی شۆڕشگێڕی لە سەرەتای دەربڕینەکەدا هەموو گومانێک لە حەقیقەتی مەبەست دەڕەوێنێتەوە.

لە بارەی کۆتایی دەربڕینەکەشەوە کە دەڵێ «جێبەجێکردنی خەسڵەتە جەوهەرییەکان» کە ئاماژەی پێداهەڵدانی تێدایە چونکە دوای «شۆڕشگێڕی... بازدانی بەرەو پێش...» هاتووە لە ڕاستیدا، لە ڕێی پێشاندانی لایەنە نەرێنییەکانیەوە خەسڵەتە جەوهەرییەکانی خۆی دەرخستووە و ئەوەشی بە ڕێخۆشکردن بەرەو بەبەردبوون و بیرۆکراتی و دواکەوتنی لە ڕەوتی شارستانەتی کردوویەتی، پەرەسترۆیکا چاکەکاری و چاوتێری خۆی بەرانبەر مێژوو سەپاندووە ئەوەش بە لابردنی قەپاغی سەر چاوی ئەوانەی شەیدای مارکسی لینینین ئەگەرچی زۆر پەردەی بیانوو و هۆکاریشی لە سەر لایەنە نەرێتییەکانی لابردووە کە لە چاوی کەسانێک بزر نەدەبوون کە بە دووی ڕاستیدا بگەڕێن.

زەقترین بەڵگەی ڕاستی قسەی من پەستبوونی سستەمە مارکسییەکانی جیهان و کاردانەوەی توندڕەوانی چەپە دواکەوتووەکانی جیهانە کە مەیلیان بە لای توندوتیژیدا دەڕوا، بەرانبەر پەرەسترۆیکا و ئەوانەی بەرانبەر پەرەسترۆیکا و گورباشۆڤ و هاوڕێکانی زیاتر توندن، زیاتر بە تاریکایی فکردا ڕۆچوون و لە ناو تەم و گەردی پێش چاواندا و بە هەناسەبڕینی ئازادی و ڕاستی بەختیان لە ناوبانگ و درەوشانەوە زیاترە.

دوای ئاشکرابوونی لایەنی نەرێنی و کەموکوڕی زۆری بواری پراکتیک لە دەوڵەتی سۆڤیەتدا، ئەستێرەی ناوبانگی دەیان هەزار کەس لەوانەی غەفڵەتی سۆسیالیزمی سۆڤیەتیان دەگوتەوە هەرەسی هێنا و ئیتر ئەوانەی لە خلّتەی ستالین دروست ببوون و بە تیشکی پەرەسترۆیکا ئاشکرا بوون و دەیانزانی چ دەکەن تا ئەوەی خۆویستی و ئاسوودەیی مانەوە لە سەر باوەڕی بۆماوە بە سەریاندا زاڵ بوو و بەرەو ڕەتکردنەوەی پەرەسترۆیکا

(هەتا ئەم چرکەساتە) پاڵینان لە ناخ و قسەی ئاشکرای نەنووسراوی بڵاونەکراوەدا و بڵاونەکردنەوەی بۆچوونیشیان لە سەر پەرەسترۆیکا چ نەبوو وابەستەبوون نەبێ بەو شانازییانەوە کە بە هۆی لایەنگرییانەوە لە سۆسیالیزمی مارکسییەوە لەگەڵ ڕەوتی لایەنگرانی سیاسەتی سۆڤیەتدا، لە تاریکترین سالانیدا و بە سووکزانینی مرۆڤدا بە دەستیان هێنابوو.

ئەگەر ئەمڕۆ هەڵوێستی دژایەتی ئاشکرایان بەرانبەری هەبێ لە هەموو ڕوویەکەوە ئیفلاس دەکەن و بە بوونی گەندەڵیش لەوەی خۆیان بە فیدای دەکرد ئیفلاسیان کرد و دیسانیش ئیفلاس دەکەن ئەگەر بەرەنگاری ئەو سۆڤیەتە بکەن کە ڕەمزێکی بەرز و مامۆستای دیاری ئەو دەنگانە بوو کە پاڵیان پێوە دابوو و بەرەو ڕووی دنیا ڕاستیی بەرنامەی «لینین – مارکس»یان ڕادەگەیاند. خۆم پێ ناگیرێت و دەبێ بۆچوونی خۆم ئاشکرا بکەم، ئەوەش لە بەر دوو هۆ:

یەکەمیان سووربوونمە لە سەر سەلامەتی ڕەوتی پەرەسترۆیکا چونکە هیوای گەورە بە سەرکەوتنییەوە بەستراوە و تەنانەت بەرانبەر هەر بزووتنەوەیەکی توندوتیژی لە ناو ئۆردووی سۆسیالیزم ڕیسوا دەکەم ئەگەر باری سەر شانی هەڵمەتی پەرەسترۆیکا قورس بکا هەروەها هەر خەمساردییەک لە کارێک کە بتوانێ چالاکتری بکا و بیپارێزێ. ئەرکی جەماوەرە هەڵوێستی بەرانبەری وەک هەڵوێستی باوک بێ بەرانبەر بە کوڕی ئازیزی خۆی، بە تەکلیفی زۆر زوڵمی لێ نەکا و بەوەش پشتگوێی نەخا کە دەست لە ڕێنماییکردنی هەڵگرێ بۆ بەردەوامبوون. ئەرکی ئەهلی پەرەسترۆیکاش ئەوەیە لە لایەنگری جەماوەرەوە عەزمیان جەزم بکەن بۆ وەلانانی بەربەست. ئەگەرچی ئەوان لە من و خەڵکی وەک من باشتر دەزانن چی لە ناویاندا دەقەومێ بەڵام ڕەنگە لە هەق لانەدەم ئەگەر بڵێم تەماشاکەری دڵسۆز ئەگەر بەرچاوی ڕوون بێ و وانە لە

مێژوو و ڕووداوەکانیەوە فێر بووبێ بۆی هەیە بۆچوونێک دەربڕێ و بێلایەنییە برایانە دڵسۆزەکەی ببێتە ئاماژە بۆ شێوازی ڕاست و خاوێنی وا کە لە چاوی کەسی نقومبووی ناو بەرپرسیارەتی و دەورەدراو بە کێشەی بۆماوەیی ئەو کاتە بزر بێ بە تایبەتی ئەگەر بە ئایدۆلۆژیایەکی ناو چوارچێوەی سنووردارەوە وابەست بووبێ کە چرای سوور لە سەر هەموو ئاڕاستەیەک هەڵدەکا، یەک ئاڕەستەی دیاریکراو نەبێ، ڕابردووی نزیک و دووریش کەمی لەو نموونە دیارانە نییە کە دیدی ڕاستیان لە پایەداران بزر کردووە و بۆ بەرژەوەندی ڕێگای وایان گرتۆتە بەر جێی باوەڕ نەبن و ڕێی وایان بەرداوە کە لە دیدی چاودێری دڵسۆز نادیدە نەبووە.

هۆکاری دووەم ئەوەیە کە جیهان لە لێواری پێکهاتنی نێودەوڵەتیدایە کە مژدەی شکستی نیەتی شەڕانگێزی دیار ئاشتی و تەبایی پێیە و بە قەدەر بەربەستی بەردەم سۆڤیەت بۆ دەربازبوون لە بۆماوەی قورس و وێرانکەری ڕابردوو بەربەست لە پێش ڕەوتی مرۆڤایەتی بەرەو خەونی خۆش و برایەتی سەرانسەری یا بە لای کەمەوە هاوکاری سەرانسەری لە پێناوی بەرژەوەندی سەرجەمی مرۆڤدا هەیە. ئەگەرچی زۆرم لە بارەی ئەوانەوە دەبیست و دەخوێندەوە کە بەرژەوەندییان لەگەڵ ڕۆژاوا یا کۆنەپەرستی خۆجێیدا هەبوو و کەمییان لە حەماسی کۆنی سۆڤیەتدا بۆ هاوکارییان دەدیت منیش هەڵوێستی سۆڤیەت بەرانبەر مەسەلە سیاسییەکانی دەرەوەی سنووری خۆی لە سەردەمی پەرەسترۆیکادا دەبینم کە لە سیاسەتی جەنگی سارد و ململانێی ماڵوێرانکەری بەرەو وێرانکاری قورستر و ڕێکترە، بۆ ئەوەش سێ هۆکاری یەکلاییکەرەوە و دوانیان پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە بەرژەوەندی سۆڤیەتەوە هەیە:

1- سۆڤیەت تا ئاخرزەمان، لایەنی وابەستەی پەیمان نییە بۆ هاوکاریکردنی نەیارانی ڕۆژاوا و کۆنەپەرستی و وەکیلی موجاهیدەکان و شۆڕشگێڕانیش نییە بۆ دابینکردنی سەرکەوتنی هەوڵەکانیان. پێویستی حوکمی خۆی هەیە جا چ لە گۆڕەپانی سۆڤیەت بێ و چ لە گۆڕەپانی ئەو وڵاتانە بێ کە لە پێناوی مافی خۆیاندا دژایەتی ڕۆژاوا دەکەن و ئەی ئەگەر لەگەڵ ڕۆژاوادا لە سەر ئەو مافانە ڕێک بکەون لەو ململانێیەدا بە شانی سۆڤیەتەوە دەمێنن؟

2- ئەو نیعمەتەی ئاشتی جیهانی کە دێتە خەیاڵەوە شایستەی هەموو هەوڵێکە بیهێنێتە کایەوە. بەڵام با یەکێتی داهاتووی ئەوروپای ساڵی ١٩٩٢مان لەبیر بێ کە دەبێتە هێزی سێیەمی هاوشانی سۆڤیەت و ئەمەریکا ئەوەشی ڕێی تێ دەچێ ئەوەیە لە هەموو ململانێیەکی چارەنووسسازی نێوان ڕووسیا و ئەمەریکا، مەیلی بە لای ئەمەریکادا هەبێ و ئەگەر بارودۆخ ئارام و دوور لە تارمایی شەڕ بێ دەبێتە پاڵپشتی گەلانیی کەمهێز و با بە خەیاڵماندا نەیەت یەکێتییەکی نێوان چەندین دەوڵەت کە تیایاندا ڕای گشتیی بە لای چارەسەری بە ئینسافدا دەشکێتەوە، مەبەستی لە یەکێتی بەهێزکردنی توانایەتی بۆ تاڵان و ڕووتکردنەوە. زیاتر ڕێی تێ دەچێ بنەمای ئەو ئاراستەیە لەم سەردەمەی داهاتووی سەدەی تازەدا، بە شێوەیەکی گشتی لە سەر نیەتی چاکە بێ و ڕێککەوتنیش لە سەر توانای گەلان بێ بۆ هەڵبژاردنی ئەو لایەنەی هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکا نەک بازاڕێک دوو پاڵەوان بەڕێوەی بەرن.

3- بێ هیوایی ئەو تێکۆشەر و شۆڕشگێڕانە لە بێهیوایی ئەو گەلانە گەورەتر نییە کە سفرەیان، تەنانەت دوای گەیشتنیشیان بە دەسەڵات، لە بەرەکەتی ئەو گەلانە بەتاڵە و من لە گۆشەی ساکاری خۆمەوە بە قەدەر ئەو بێهیواییەی کە خۆیان بە گەلەکانی خۆیانیان بەخشیوە، ئەو بێهیواییەیان لە یەکێتی سۆڤیەت پێ دەبەخشم و ئەوەش لە کەم کەمترە و زۆر جار دادەبەزێتە خوار سفرەوە و ڕەنگە ئەنجامی هەندێ لەو ڕاپەڕینانە دوای سەرکەوتنیان، لە سەر شانی گەلانیان قورستر بووبێ لە ئەنجامی سەرنەکەوتنیان و ڕەحمەتیش لە کفندزی پێشوو...

دوای ئەو تەعبیرە کورتە باسکراوەی کتێبەکە ڕستەیەکی بەهێز لە بارەی پەلەکردن و ڕیسواکردنی تەمبەڵی و «دەرچوون لە زەلکاوی ململانێی کۆنەوارەتی» هاتووە و «ڕێگەی دزەکردن لە پەرەسەندنی چاکسازیدا بێسوودە»... «یەک ڕۆژمان بۆ پشوودان نییە»... «هەر دەبێ هەوڵمان دوو بەرانبەر بکەین و شێواز و چڕییەکەی بەهێز بکەین»... (حەوت دێڕی یەکەمی لاپەڕە ٥٦). هەموو ئەو ڕستانە پێویستیان بە شیکردنەوە و وردبوونەوە هەیە بەڵام بە هەندێ قسە لە سەر «ململانێی زەلکاوی کۆنەوارەتی» و بیرۆکەی دزەکردن لە پەرەسەندندا دەکەم.

ململانێی کۆنەوارەتی لە ئایدۆلۆژیای تاکگۆشەنیگادا باوە و هیچی تێدا ڕەها نییە و دنگە بنچینەییەکانی، کە ئایدۆلۆژیایان لە سەر هەڵچندراوە و خەڵک قوربانییان لە پێناویدا داوە تا جێی باوەڕی باوی تریان پێی پڕ کردەوە، هەر بە سروشتی خۆی دەیەوێ لە ژیانی خەڵکدا بەردەوام بێ و ئەوەش هەر لە بواری ئایندا دیاردەیەکی بەرچاو نییە بەڵکو لە هەموو

باوەڕێکی دنیاییشدا کە ئەو باوە گردەبڕەی بە خۆی هەیە کە تاجی چاکەکارییە و باوەڕێکی دنیاییمان نەدێ هێندەی مارکسیزم باسی تەواوەتی و نەمری خۆی کردبێ، لەبەر ئەوە جێی سەرسوڕمان نییە هیچ باوەڕێک لە وابەستەبوون بە خۆیەوە، لێی نزیک بووبێتەوە و ئاشکراشە تەنانەت پەرەسترۆیکاش بۆ ئەوەی ئەو واقیعە سۆسیالیزمە بگۆڕێ کە لێی کەوتۆتەوە، دەیەوێ پشت بە باوەڕە کۆنەکەدا ببەستێ.

ئەگەر بەرانبەر بە حەقیقەت بە ویژدان بین ئەگەر بۆ هەوڵی بەردەوامبوون لە سەر بەرنامە کۆنەکان سوودی سوودمەندە حیزبییە بە بەردبووەکان وەلا بنێین هەڵوێستیان بە پێی لۆژیک و ڕێکەوتن لەگەڵ نەفسدا، هەڵوێستیان هەمان هەڵوێستی بیروباوەڕ و ئایدۆلۆژیای گردەبڕ و یەکلاکەرەوە و حەتمییە کە لە درێژایی و پانایی ئەو دەقانەی ڕۆژانی سەرەتای مارکسەوە هاتووە تا دوارۆژەکانی لینین. ئەوەی قابیلی دەمەتەقێ نییە هێنانی شتی تازە یا دانان بە هاتنی شتی تازە، لە دوای حوکمی کۆتایی کە ئاگربەستیش قەبووڵ ناکا، پێچکردنەوەیە بە دەوری ئەو حوکمەدا یا قەبووڵکردنی شتی پێچەوانەیەتی و بەمەش نموونە دەهێنمەوە: لە ناوەڕاستی لاپەڕە ٥٩ی کتێبەکەدا قسەیەکی سەرۆک گورباشۆف لە بارەی پەرەسترۆیکاوە هاتووە گوایە «... شۆڕشگێڕانەیە... بنەڕەتییە... قابیلی ئاڵوویر نییە».

لە سەرەتای لاپەڕە ٥٨یش تێپەڕیوە کە لینین خۆشی بە پێی حوکمی ناچاری مەرجی «سووک و چەپەڵ» لە بریست لیتۆڤیسک قەبووڵ کرد. لە ڕاستیدا خوازیارانی نوێگەرایی لە ڕووسیای ئەمڕۆدا، وەک شوێنانی تر لە کۆن و لە ئێستادا داوای دەربازبوونیان دەکرد لە هەموو شتێکی کۆن کە دەبێتە بەربەست لە بەردەم ڕەوتەکەدا و دوور نییە ئەوەی داوایان دەکرد خۆدابڕینی تەواوەتی بووبێ لە هەموو شتێکی کۆن

وەک هەندێ لە ئەوروپاییە ڕۆژهەڵاتییەکان لە چڵساڵی ڕابردووی چنگی زۆرداری و بەبەردبوون خۆیان داماڵاند وەک کە هەندێکیان بە قەدەغەکردنی کۆمۆنیزم سڕینەوەی کۆمۆنیزم لە نووسینیاندا کردیان لە کاتێکدا حکوومەتی سەرۆک گورباشۆڤ سەرپەرشتی پرۆسەی داماڵینەکە یا شتێکی لەو بابەتە دەکا ئەوەش لە ژێر سەرەناوی سۆسیالیزم بیانووی وەها کە لە قسەی ئێرە و ئەوێی لینین و مارکس وەرگیراوە یا نەرمییەکیان بە هەندێ گوتە بەخشیەوە کە لە کاتی پەیدابوونیەوە وەک بەردی مەڕمەڕ ڕەق بووە و نە لار دەبێ و نە دەچەمێ. باوەڕ ناکەم کەسێکی بە ویژدان کە خەمی مرۆڤی بێ لەوەدا لۆمەی گورباشۆڤ بکا کە مەبەستێکی ڕانەگەیەندراو لە دەربڕینێکی ڕووندا حەشار دەدا بە مەرجێک بە ڕاستی بیەوێ بە سەر شێوازی چەقبەستوودا زاڵ بێ. پێویستیشمان بە زیرەکییەکی زیاد نییە بۆ ئەوەی بزانین چ وێستگەگەلێک دێنە پێش ڕەوتەکەی و هەر یەکەیان بۆ دەربازبوونی نرخێکی دەوێ ئەوەش فرەدانی قورسایی باری ڕابردووە ئەوەش لە ڕووی واتاوە نا بەڵکو لە ڕووی خۆگونجاندنەوە لەگەڵ لۆژیکی تێکەڵبوون لەگەڵ ژیانی نێودەوڵەتیدا بە ڕووە هەمەچەشنەکانیەوە، بەڵێندەری ڕۆژاوا سەبر و کاتی بۆ ئەوە نییە بەرانبەر شێوازی چەقبەستوو ڕاوەستێ تا بیانووی بۆ دەهێندرێتەوە یا قەبووڵ بکرێ یا بە سەریدا باز بدرێ چونکە وەک فەرمانبەرێکی حکوومەت نییە گرەو لە سەر بەرژەوەندییەک بکا کە خەزینەی گشتی دەیکاتە ئەرکی خۆی لە خاوی و کیسەڵئاساییدا بەڵکو لە پارەی خۆی سزا دەدرێ و لە ناو کوێرەڕێی تیۆری و بیانوودا ئیفلاس دەکا.

پەرەسترۆیکا بۆ هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ خەڵکدا لە شوێنی خۆیاندا هەندێ کات و ئازادی هەیە ئەگەرچی بە شێوەیەکیش بێ بە لای تەنگوچەڵەمەدا بە درێژایی ڕۆژەکان بشکێتەوە بە پێی لۆژیکی

پێویستیش بێ بۆ پۆشینی ڕۆحی سەردەم بەڵام لە پەیوەندیدا بە جیهانی دەرەوە کەمتر ئازادە و بە پێی ڕێژەی ڕاکێشان و پەیوەستبوون لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا، توانای لە ناوەوە لە دوو لاوە سارد دەبێ: یەکێکیان ململانێیە لەگەڵ ئەوانەدا کە تالبی چەقبەستن و ڕابردووپەرستن و ئاراستەکردنی جەماوەر بە ئاراستەی ڕاستدا بە بێ هەڵچوونێک کە ڕێی تێ بچێ ڕووداوی ناخۆشی لێ بکەوێتەوە. پرۆسەکەش ئاسان نییە و هەر بە هەڵوێستی تەنافبازێک دەچێ دارێکی درێژ لە ناوەڕاستەوە دەگرێ و بە سەر پەتێکدا دەڕوا کە بە دوو ستوونەوە قایم کراوە. ئەگەر ئەم سێ شتە ڕووبدا یا یەکێکیان ڕوو بدات دەبێتە مایەی پەژارە:

- یەکەم، کە گرنگەکەیانە، پەرەسترۆیکا لە ناوەوە لاواز بێ و دەستی بە سەر ڕەوتی ڕوودوەکاندا نەڕوا یا لەو ڕووەوە ڕەفتاری ڕاست لەگەڵ جیهانی دەوروبەریدا نەکا.
- دووەم توندی ڕۆژاوایە لە داواکاری شەرمهێنەر کە قەبووڵکردنی لە لایەن پەرەسترۆیکاوە، لە قەبووڵکردنی توندڕەوی زیاترە.
- سێیەمیش غافڵبوونی چەپی هاوسەنگ و توندڕەوە بەرانبەر ئەرکی پشتگیریکردنی پەرەسترۆیکا و ئاسانکردنی ئەرکەکانی جا لە ڕووی نەزانییەوە بێ یا نییەتخراپی یا چوونەڕیزی توندڕەوان.

بە هەرحاڵ، ئەمڕۆ بەدەستهێنانی جەماوەر، هەر وەک ئۆکتۆبەری ١٩١٧ بەردی گۆشەی هەر کارێکە کە پەرەسترۆیکا بیەوێ ئەنجامی بدا و هەر گۆڕانێکە کە بیەوێ بیهێنێتە کایەوە.

لە بارەی باسی بەشنەکردنی ڕێگەی چاکسازی یا پەرەسەندنەوە بۆ چارەسەرکردنی هەڵە و دواکەوتن، دەڵێم پەرەسەندن خۆی لە پیشانگەی پێداویستییەکاندا پێویستی بە چاکسازی و ڕاستکردنەوەی هەڵە نییە چونکە هەڵە بە گۆڕین نەبێ بۆ «ڕاست» واتە ڕاستکردنەوەی، ڕاست ناکرێتەوە چونکە پەرەسەندن لە کەشوهەوایەکدا ڕوو دەدا هەموو شتێ تیایدا لە بنەمادا بە ڕاستی گەشەی کردبێ و بنەما بە ڕاستی دامەزرابێ، باوەڕ ناکەین هیچ بنەمایەک کە پەرەسەندنی ڕۆژاوا لە سەری هەڵچندرابێ هەڵە بووبێ چونکە لە پێداویستی بارودۆخەوە پەیدا بووە و بە پێی تیۆرییەکی پیرۆز نەسەپێندراوە کە بۆ مرۆڤێک دابەزیبێ سەر لە ئابووری دەرنەکا و لە سەر کاغەز نەبێ نەزانێ بازاڕ و بازرگانیی دەرەوە و بانک چین، لە ڕووی بەراوردکارییەوە دەڵێم بەقاڵێک یا قەسابێک یا هیچ پیشەوەرێکی ئاساییم نەدیت بە هۆی نەهاتوویی یا نەشارەزاییەوە بەرژەوەندییەکەی تێکچووبێ چونکە ئەوانە خەڵکانێکن هەر بە چڵی تەڕی دارێک دەچن بە دەم باوی ئابوورییەوە بە لای ڕاست و چەپدا لار دەبنەوە و خەڵکانێک نین بە دەقی حیکمەت و فەلسەفەدا بچنەوە و لە تێگەیشتن و لێکدانەوەدا بکەونە هەڵەوە و لە ژیانمدا زانایەکم نەدیت بە هۆی زانستەکەیەوە لە بازرگانی لۆکە یا ئاژەڵدا سەرکەوتوو بووبێ و ڕەنگە لۆکەی بە پنچکەوە نەدیبێ و ئاژەڵی لە پشتیر یا لەوەڕگە یا لە ڕێی بازاڕدا بۆ فرۆشتن نەدیبێ.

چاککردنەوەی کەموکورتی و هەڵە و دواکەوتن بە برینکاری دەچێ و بەرگەی خێرایی و پەلەکردن و هاوشانبوونی واقیع لە ژێر سەردێڕی شێوازی شۆڕشگێڕی و کورتکردنەوەی کات ناگرێ چونکە ئەوەندەی بەسە بە چاوی شارەزا و لێهاتوو دۆزرابێتەوە و چارەسەریشی بە ڕێیەکی ڕاست و لێهاتوو بێ. سەرۆک گورباشۆف لە قسەکەیدا نە سروشتی «زەلکاوی ململانێی کۆنەوارەتی» ڕوون کردۆتەوە نە شێوازی

دەربازبوون و جۆری چارەسەرکردنی چونکە ڕوونکردنەوە بۆ ڕەتکردنەوەی ڕێبازی پەرەسەندن و چاکسازی دزەکردوو بەس نییە و لەو باسەدا، ئەوە نەبێ پەنا بۆ ئەنجامگیرییەک ببەم کە خۆی لە ڕوونی لاداوە بۆ ئەوەی لە باسکردنی شێوەی چارەسەری شۆڕشگێڕانەدا کە لە بازنەی سۆسیالیزمی مارکسی لینینی دەردەچێ شەرمەندە نەبێ و ڕای منیش لە سەری، واتە لە سەر چارەسەری شۆڕشگێڕانە ئەوەیە کە نە چارەسەرە و نە شۆڕشگێڕانەیە و نە نیمچەچارەسەریشە ئەگەر هەنگاوهەڵێنان و خێراڕۆیشتن بێ لە سەر ڕێگا کۆنەکەدا، ئەوە جگە لە تیژکردنەوەی چەقۆ کۆنەکە نەبێ بۆ سەربڕین بە ئاسانی هیچی تر نییە.

باوەڕ ناکەم جوانی سیاسەت لەوەدا بێ وا دانێین هەموو پراکتیککردنێکی سۆسیالیزم هەڵەی بواری باوەڕێک بووبێ کە هەمووی ڕاست بووبێ چونکە نەختێ ڕەهابوونی باوەڕ، نەختێ بەراوردکاری ڕووداوەکانی سۆڤیەت و ڕۆژهەڵاتی ئەوروپای لەگەڵ دەوڵەتە پێشکەوتووەکاندا لە ڕووی پێشکەوتنەوە بخرێتە سەر، بەشی ئەوە دەکا باوەڕ بێنین کە لایەنێکی گەورەی بێهیوایی لە ناواقعی سۆسیالیزمی زۆرداریەوەیە بە شێواز و حوکمەکانیەوە کە پێچەوانەی سروشتی خەڵکن و یەکێ لەو ڕاستییانەی کە دەمەتەقێ هەڵناگرن ئەوەیە «مرۆڤ لە سەر قەدەغەکراوەکان سوورە» ئەگەر قەدەغەکراو لەو شتە خۆشانەیش نەبێ کە دەخوازرێن، جا دەبێ ئەو خوازراوەنەی لە سەرەتای لستەکەوە بن، وەک ئازادی و هاندان و خاوەنداریتی، چۆن بێ، ئەگەر سەقەتییەکی هەستکردن و ئیفلیجییەکی ئیرادە لە دەروونداا نەبوایە، هەرچییەکیی لەگەڵ مرۆڤایەتی مرۆڤدا و بگرە لەگەڵ لایەنە حەیوانییەکەشیدا ناتەبا بوایە بە بێ دەمەتەقێ و ڕۆحی خۆبەزلزانین و نییەتی کۆیلایەتی فەرماندەوە نەدەکەوتە ژێر ڕکێفی فەرمانی سەرەوە ئەوجا وەرگرتنی

خەسڵەتی خیانەکاری و لادان و ڕۆحی ترۆتسکیانە کە لەگەڵ هەر لادانێکدا وەک فەرمانێکی کەهنووتی حیزبیدا دێ.

دکتاتۆرییەت، ئەی پایەدارانی بەڕێز، چەند دیمەن و بەرگ و سیما و دروشم و بەڵێنی خۆی بگۆڕێ پرۆسەی لێدەرکردنی کەرامەتی جەماوەر و سامانەکەیەتی و پرۆسەی کۆکردنەوەی ئەو کەرامەت و سامانەیە بۆ دەرەوەی دکتاتۆر ئەوجا هەڵگەڕاندنەوەی زەلالەتی ملیۆنان کەسە بۆ سەروەری دەستەی دەسەڵاتدار و واتایەکی تری نییە لەوە شیرینتر بێ. بە لامەوە سەیرە دکتاتۆر، کاتێ بە تەنها دەسەڵات دەگرێتە دەست، بیانووی ئەوە دێنێتەوە گوایە دەیەوێ کەرامەت و ئازادی و خۆشییەکانی خەڵک بپارێزێ و لەو دنیایە چاکە خەڵک نەبێ هیچی تری ناوێ و بە دڵنیاییەوە لە دنیا و قیامەتیشدا پێویستی بەو ماندووبوونە زیادە نییە و ئەگەر لە ماندووبوون و شەونخوونی خۆی لە پێناوی خەوی خۆشی خەڵکی ڕەشۆکیدا کەم بکاتەوە کەس لە دنیادا لۆمەی ناکا ئیتر حیزبێکی بەلشەڤی یا حیزبێکی هاوشێوەیی بۆ بە ڕوومەتی خۆیدا دەکێشێ و بەرۆک دادەدڕێ بۆ لەدەستدانی خەڵکی ساکاری چاک لە هاونیشتمانان بۆ ئەوەی ئازاد بن و شێوەی ژیان و سیاسەتی خۆیان هەڵبژێرن و ئەگەر بۆچوونێکی ئاشکرای خەڵک دەرکەوت بۆ گۆڕینی یاساکان و دروشمەکان کەس بیانووی نامێنێ ئەگەر بەو بیانووەی نوێبوونەوە و گۆڕانکاری زێدەبایی لای ئەمەریکییەکان و شەیتانەکانی دۆزەخ زیاد دەکا و بۆ شتڵی پەتاتە و کەوڵی ڕێوی و نەخشی تاوس زەرەرە یاسای کۆنیان لێ خستنە کار.

لە سەر هەڵبژاردەی خۆیان لێیانگەڕێن خوا جەزای ئێوە و جەزای هەموو دەسەڵاتدارێکی بەتوانا بداتەوە و بە ئیرادەی خۆی تەوقی قەدەغەکردن و ترساندنی چندراوی سەر جەستە و ڕۆح فرەوان بکا. دنیا ساکارانەتر

بگرن و کەمتر توند بن و دەمامکی سەر زاران و خەتمی سەر نازانم چی لابەرن و لێگەڕێن زمان قسان بە لالغاودا بجوێ و هەنگاوی خەڵکی لە هاتن و چوون و سەما و هەرایاندا فرەوان بکەن چونکە بە پێی باوەڕدارەکانتان خوایان هەیە و بە پێی خوانەناسەکانیشتان سروشتێک هەیە ئەوانیش و ئێوەشی بەرهەم هێناوە و هەمووتان، بالادەست و بێدەسەڵاتتان لە چنگی خوا یا دەستووری سروشتدا سێبەرێکن و لە ناودەچن و بیرەوەرین و جێی خۆتان دەگرن و دەگۆڕێن و پتر لە پەنجا ساڵ لەمەوبەر شاعیرێک لە نیوە بەیتێکدا گوتوویەتی: «ئەو خەڵکە دێڕی نووسران بەڵام بە ئاو». خەڵکی تریش لە پێش ئەودا بە سەدان ساڵ و لە دوای ئەودا بە دەیان ساڵ گوتوویانە با پەیوەندیتان بە شت و بە خەڵکەوە بە قەدەر ئەوە بێ ژیانێکی سنووردار بەرگەی عینادی و سووربوونی دەگرێ و باش بزانن ئەگەر مافی ژێردەستە و خاوەن مافەکانتان بدەن خۆی لە خۆیدا ئەرکێکی شەریفانە و چاکخوازییە و کەمبوونیشی لای سەرجەمی خەڵکەکە چەندین و چەندین جار لەوە زیاترە کە لە کاتێکدا بە تەنها بڕیاری هەستیار دەدەن، دەستی لێ هەڵدەگرن تەنانەت ئەگەر بشبێتە پارە و دراو لە گەنجینەکانتاندا.

لایەنی وەعزدانیی ئەم قسانەم وەلا بنێن و کاکڵەکەی وەرگرن چونکە سوودی بۆتان هەیە و دەکرا قسەیەکی وا سوودی بۆ پیاوێکی وەکو شاوشیسکۆ هەبێ ئەگەر گوێی لە قسەی حەق ڕاگرتایە... بە هەرحاڵ، ئەگەرچی دەزانم ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان جێبەجێکردنی ڕاستکردنەوە و بەردەوامبوون لە سەر شتێ کە دەبێ ڕاست بکرێتەوە زەحمەتە، بەڵام دەڵێم پرۆسەی پەرەسترۆیکا لە دەوڵەتی سۆڤیەتیدا و پرۆسەی ڕاستکردنەوە لە هەر دەوڵەتێکی تردا بە مکیاج و بارۆکە و مانیکۆر سەرکەوتوو نابێ و ڕۆڵی جوانکاری و نەخش و نیگار و دنەدان و هاندان هەر بە قەدەر ئازارشکێنی کاتی دەبێ کە دوو دژەبەری

یەکلاکەرەوەی تێدان: یەکەمیان ئەوەیە دەردەکە لە بەرەو خراپبوون بەردەوام دەبێ. دووەمیشیان ئەوەیە کاریگەری ئازارشکێن بە دووبارەکردنەوە بە یەکجاری نامێنێ و لە کۆتاییدا جگە لە جەماوەری تووڕەی دەستبراوی گەل هیچی تر نامێنێ، جا یا دەبێ بە ئاگر و ئاسن تووڕەییەکەی چارەسەر بکرێ یا دەبێ بە بێ فێڵ و چاوبەستەکی ڕای وەربگیرێ و پێم وایە کورتکردنەوەیی ڕێگا بەرەو ئازادی گشتی، لە هەموو ڕوویەکەوە بەسوودتر و سەلامەتتر و چاکترە و پێویست بە دواخستنی ناکا و بەرژەوەندیش لەوەدا نییە بە هێز پێشی بگیرێ چونکە خۆی دەسەپێنێ و پەرەسترۆیکا و گلاستنوست دەمی چراکەیان لابردووە و دێوەکە، ئەگەر هەمووشی دەرنەچووبێ، زۆری لێ هاتۆتە دەر و گێڕانەوەی بۆ شوێنی خۆی ئاسان نییە...

دوای ئەو قسانەی سەرەوە و لە ناوەڕاستی لاپەڕە ٥٦دا، دەکرێ هەندێ وردەسەرنجی گرنگ بچنینەوە، لەوانە:

1. دیارە ڕەفتارکردن بە شێوەی شۆڕشگێڕانە لە ناوەڕۆکدا گەرموگوڕی بێبەرنامەی تێدا نییە. ئەوەش قسەیەکی گران و جێی قەبووڵکردنە و پێویستە جێبەجێ بکرێ و ئەم بڕگەیەش لایەنگرێتی:
2. شۆڕش، یاسای سیاسەت حوکمی دەکا - ئەم بڕگەیە نەختێ ڕاستکردنەوەی بۆ قسەیەکی پێشتر تێدایە ئەوەش ئەمەیە: «یەک ڕۆژ کاتمان بۆ پشوودان نییە» و شێوەی پەرەسەندن و چاکسازی دزەکردوو سوودیان بۆ چارەسەر نییە. لە بڕگەی دواتردا ڕاستکردنەوەی زیاتر دەبینین:

3. پێویستە سەردەمەکانمان و خۆمان تێپەڕێنین.

ئەوەی لەوەوە بۆم دەردەکەوێ ئەوەیە سەرۆک گورباشۆڤ مەبەستی لە زاراوەی چالاککردن و پەلەکردن ئەوەیە دەسەڵاتی تەواو بەوانە بدا کە پەرەسترۆیکا ڕادەپەڕێنن هەرچی پێویستە ئەنجامی بدەن بێ ئەوەی بیرۆکراتی بتوانێ پەنجەیەکی نارەزایی بەرز بکاتەوە. ئەوجا مەبەستی لەو وشانەی داوای سەبرگرتن دەکەن ئەوەیە هەڵپەی جەماوەر بۆ داواکاری گردەبڕ کەم بکاتەوە و لەوەشدا بیانووی هەیە چونکە لە لایەکەوە بیرۆکراتی و لە لایەکی پێچەوانەشەوە پەلەکردن ئەو بەربەستانەن کە حیسابیان بۆ دەکرێ بەڵام بە هەر حاڵ دەبێ چەخماخەی حەماسی جەماوەر بەردەوام بێ چونکە بە بێ ئەوە لە نووچدان پارێزراو نابێ و بەرپابوونی دیموکراسی مسۆگەر نابێ. ڕێی تێ دەچێ چاکخوازەکانی لووتکەیی هەرەمەکە ماندوو بن یا بترسێن یا کۆڵ بدەن بەڵام جەماوەر لە داواکردنی ئازادی ماندوو نابێ چونکە بەشێکە لە ژیانیان و ئەگەر بۆ مەسەلەی غەیری خۆیان بێ بە هۆی درێژەکێشانی بەخشش و هەوڵ و تەکلیفەوە ماندوو دەبن.

دوای ئەوە بڕگەیەکی گرنگی تر دێ کە ئەمەیە:

4. «بە پێی تیۆری ئێمە شۆڕش واتە بیناکردن بەڵام بەردەوامیش وێرانکردن لەخۆ دەگرێ.. وێرانکردنی هەرچی کۆن و وەستاوە و بۆتە ڕێگر لە بەردەم پێشکەوتنی خێرادا. بە بێ وێرانکردن ئەو شوێنە پاک نابێتەوە کە بینای نوێی لە سەر دەکرێ. ئێستا ئەرکەکە ئەوەیە بناغەی پێشکەوتن بەرەو سنووری بابەتانەی نوێ بخولقێنین».

ئەم دەربڕینە زۆر شتی تێدایە گرنگترین لایەنەکانی پەرەسترۆیکا و ئەو ئەرکانەی لە خۆ گرتووە کە لە ناو زۆر کێشەدا کردوویەتیە ئەرکی خۆی و هەندێکیان زۆر جێی مەترسین و دوانیان لە هەموان مەترسیدارترن:

1- یەکەم: وێرانکردنی هەرچی کۆن و وەستاوە و بۆتە ڕێگری بەردەم پێشکەوتن، بە بێ وێرانکردن ئەو شوێنە پاک نابێتەوە کە بینای نوێی لە سەر دەکرێ.

2- دووەم: خولقاندنی بناغەی نوێ بۆ پێشکەوتن، بەرەو سنووری بابەتانەی نوێ.

تا ئاستێکی زۆر، سەرلێشێوانی پەرەسترۆیکا لێرەدایە. لە سەر وێرانکردنی کۆن سوورە تا بینای تازە ساز بکا. بە دوای خولقاندنی بناغەی نوێدا بۆ بابەتی نوێ دەگەڕێ. (ئەو دەربڕینە پێش بڕگەکانی تری دوای بەندی ۴ کەوتۆتەوە بەڵام هەر بە ئانقەست دابەزیوەتە دوای ئەو بەندانە چونکە لە وردبوونەوەکەی مندا ئەوە جێیەتی). کەواتە مەسەلەکە بەوپەڕی ساکارییەوە ئەمەیە «وێرانکردنی کۆن و بیناکردنی تازە لە جێیدا لە سەر جۆرە بناغەیەکی تازە». من، ئەگەرچی لە خۆمی قەبووڵ ناکەم ئەوەندە لە قسەکانی سەرۆک گورباشۆڤ بار بکەم کە بەرگەی نەگرێ بەڵام واتایەکیش نادەمە پاڵی لە ناوەڕاستی واتاکەی خۆی کەمتر بێ دەنا بەرانبەر خۆی و بەرانبەر خوێنەر و بەرانبەر ئاستی تێگەیشتنم لە واتای قسە کەمتەرخەم دەبم.

واتای بیناکردن ئاشکرایە، هەروەها وێرانکردنیش. پەیوەندی بیناکردن بە وێرانکردنەوە شتێ نییە لە چاو بزر بێ. ڕنینی سواخی کۆن نییە بۆ سواخی تازە، بەڵکو وێرانکردنی کۆنە... وێرانکردنی خودی دیوارەکەیە.

له بەر دوو هۆکاریش نابێ وا لێک بدرێتەوە کە وێرانکردنی خەڵکانی بیرۆکراتە، یەکەمیان ئەوەیە جێی بەتاڵی ئەوان بە کەسانی تر پڕ دەکرێتەوە. دووەمیش بیرۆکراتی نوێنەری فەلسەفەیەکی بۆماوەیە. ئەگەر خۆمان بە هەڵەدا نەبەین، نزیکترین وێنەی پراکتیککردنی تیۆری بە پێی مێژووی پەیدابوونی بە پێی پێوانەی خودی تیۆرییەکە ڕاسترینە چونکە باوەڕ ناکرێ هاودەمانی مەسیح لە قەشەکانی ڕۆژگاری مارتن لۆتەر کەمتر شارەزای مەسیحییەت بن، ئەوانیش وەک خەلیفەکانی لینین بە پێوانە لەگەڵ ئەو نەوەیەی بە دوایاندا دێ.

تاکە جیاوازی لە نێوان ئەوەی سەرۆک گورباشۆڤ دەیڵێ و ئەوەی من دەیڵێم ئەوەیە قسەی من ئەوپەڕی وابەستەبوون پێیەوە دەنگی ویژدانە کە هاوار دەکا بۆ ئەوەی ڕاستگۆیانە و دەستپاکانە باوەڕی خۆی ڕوون بکاتەوە، لە کاتێکدا سەرۆکی دەوڵەتی سۆڤیەتی خۆی وا دەبینێ بە زۆر حیسابی ورد و گرنگ و هەستیاری نێودەوڵەتی و نیشتیمانی و ناوچەیی و حیزبی و ئایدۆلۆژییەوە، بە ڕەهەندی مێژوویی و ئێستا و دوارۆژەوە وابەستەیە. بەڵام من لە ئاواتخوازی سەرکەوتنی هەوڵەکانیدا، بە گەرمی لەگەڵیدا یەک دەگرمەوە چونکە منیش بە دەست میحنەتی تووشبوونی هەموو دنیاوە بە مارکسیزمەوە دەناڵێنم و تەنانەت تێشیدا دەژێم جا ئەوانەی باوەڕیان پێی هەبێ یا ئەوانەی پێیان وابووە هەندێ نارەحەتی سەرەڕێی تێکۆشان لادەبا و باوەڕیان پێی هێناوە یا ئەوانەی بە هۆی بەرژەوەندییەوە یا بە هۆی باوەڕەوە ململانێیان کردووە و منیش باوەڕم بە بنەما فەلسەفییەکەی نەهێناوە چونکە پێچەوانەی ئەو شتە ئاشکرایانە بوونە کە بە بەر چاومەوە بوونە جگە لەوەی لە پراکتیککردنی جیاکردنەوەی چینی کرێکار لە کۆی مرۆڤایەتی ڕێبڕینەوە لە لێکحاڵیبووندا بۆ ماوەی ئازادی تاکەکەسی، لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی مرۆڤدا یەک ناگرێتەوە تا تاکەکان و کۆمەڵ بەرهەمی چالاکی

داهێنەرانەی خۆیان بە دەست بێنن ئیتر هەر کەسە و بە گوێرەی ئەوەی پێشکەشی کردووە، بە هەڵسەنگاندنێکی وا دروستکراو نەبێ یا بەربەرەکانی نەکرابێ و دوور بێ لە هەموو کەرەسەیەکی ترساندن بە فەلسەفەکراو و دکتاتۆری تەنزیر بۆکراو و دەستگرتنی شیکراوەی بەرژەوەندی دروستکراو بە سەر ئازادیدا. لە کۆتاییەکانی چلەکانەوە، لە نێوان خۆم و خۆمدا هەستم کرد زۆر لە شتە (فەرزکراوەکان)ی ئابووری و مێژوو کە مارکسیزم لە ڕاستییان ببۆوە و یەکەمیان سەردەمە مێژووییەکان بوو ئەوجا خەباتی چینایەتی مێژوویی و باسی ناتەبایی شتی لەو بابەتانە... بە شێوەیەکی ڕوونتر بێئەنجامی ئەو قوربانیدانانەم بۆ دەرکەوت کە گەنجەکانمان بۆ بەدیهێنانی دەسەڵاتی کۆمۆنیزم لە ناو میللەتێکدا دەیبەخشن کە نە کیانی سەربەخۆی هەیە نە ئابوورییەکی بە واتای سەردەم هەیە و لە لایەکەوە لە ناوخۆدا لە دواکەوتوویی سێ هەزار ساڵ لەمەپێش دەژێ و لە لایەکی ترەوە بارودۆخی نێودەوڵەتی ڕێی یاخیبوونی نادا جگە لەوەی زاڵبوون بە سەریدا مەحاڵە، بۆیە ئەنجامەکە دوانن:

- یەکەم: لاوان بە هۆی جیاوازی ئایدۆلۆژیاوە لە سەر ئەوەی خەباتی چینایەتی بکەن یا نەتەوایەتی، دەبنە چەندین بەشی دژ بەیەک.
- دووەم: ئەو ئامانجەی کە ڕێی تێ دەچێ بە دەست بێ، دەبێ بە مەحاڵ چونکە هەوڵەکان بۆ ئایدۆلۆژیا جیاوازەکان بە خەرج دەدرێن و ئیتر هەوڵەکان بە تەواوەتی لە دەست دەچن.

ئەوجا بۆ ماوەییەکی هاری دەروێشایەتی سیاسی و حاڵلێهاتنی بۆشی فەلسەفی لە چاویەوە هیچ نییە کە ئەوەی پێی دەڵێن کۆرپەیی چەپایەتی و ئێستاش هۆشی ونبووی خەڵکی بە خەیاڵە پووچەکانی سەرقاڵ کردووە

و بەرەو ڕقبوونە لەو نوێگەرییەی دەبا کە پەرەسترۆیکا و گلاستنوست ئاڵاکەیان هەڵگرتووە و ئێستاش مەشخەڵەکەی بە بازووی عاشقانی خەباتی چینایەتی بەرز ڕاگیراوە و لە ڕۆحی سەردەم و هەموو سەردەمێک دابڕاون کە هەڵوێستی غەریبیان تێدابێ.

هەڵوێستی ئەو کەسانەی لە برساندا و لەبەر هەژاری بە زەحمەت نەبێ خۆیان لە سەر پێی ڕاناگرن چەند سەیرە و چەند لە کەمترین تروسکایی درۆزنانەوە دوورە کاتێ بۆ چارەسەری کێشەی جیهان پڕوپاگەندە بۆ ئومەمییەت و ڕاستکردنەوەی ڕەوتەکەی بۆ پێش گورباشۆڤ دەکەن. بە بانگەوازێک ئەوە دەکەن کەس لە وڵاتێکی وێرانی ناو چەند کیلۆمەترێکی چوارگۆشە نایبیستێ و کات و شوێن هەستی پێ ناکەن و داوای شتێ دەکەن کە خۆی لە خۆیدا مەحاڵە. بە دەست ئەو حاڵەوە ناڵاندم و دەناڵێنم تا بێزار بووم و لە سەرەتای پەنجاکانەوە (بەر لە چل ساڵ) لایەکی بۆچوونی خۆم بۆ خەڵکی ڕوون کردەوە کە پێویستە مارکسیزم لە جەوهەردا ڕاست بکرێتەوە تا لەگەڵ سروشتی خەڵکدا ڕێک بێتەوە و ڕای خۆشم لە بارەی ستالینەوە ڕوون کردەوە و لە بارەیەوە گوتم کۆمۆنیزم بەخۆشی بەرگەی ناگرێ... تا کۆتایی ئەوەی گوتم. ئەوجا لە ١٩٦٠ەوە نووسیم.. من مرۆڤێکم لە گۆشە مرۆڤایەتییەکەمەوە بۆ ئەوە هەڵبژێردراوم بە قەدەر گورباشۆڤ خۆی بۆ سەرکەوتنی ڕێبازەکەی سوور بم ئیتر سەیر نییە حەماسی ڕاستەقینەم هەڵچێ و خاڵ لە سەر پیت دانێم و بە دوای بۆچوونەکانی کتێبی «پەرەسترۆیکا» بکەوم بەو حیسابەی کە دەبینم شایستەی شەرحکردن یا ڕاستکردنەوە یا بەرهەڵستیکردنە و پشت دێڕەکانی دەخوێنمەوە و لە بارەیەوە چی ئەرکە دەیڵێم.

لەوانەیە بێدەنگبوونم لەم بارودۆخەدا بچێتە خانەی کەمتەرخەمی و زوڵمکردنەوە لە خۆم، چونکە من خۆم بە بێ ئەوەی پێویستم بە دەستگرتن بێ بە سەرنەکەوتنی پەرەسترۆیکا دەکەومە ژێر کاریگەری نەرێنییەوە و بە سەرکەوتنیشی کاریگەری ئەرێنم دێتە سەر، چونکە بە گەیشتنی پەرەسترۆیکا بە ئامانجەکانی، بەو ئارامییەی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بە دەستی دێنێ و بە گچکەکردنەوەی بازنەی پاڵەوانبازی لە سیاسەتی حیزبایەتیدا، خەڵکی دەوروبەرم بە تایبەتی توندڕەوەکان بارودۆخیان ئارام دەبێ و گەرموگوڕییان دادەمرکێ. ئەوەشی هەستیاریم لە مەسەلەکە گشتییەکاندا زیاد دەکا ئەوەیە هەر بە سروشت شتە نالۆژیکییەکان ڕەت دەکەمەوە ئەگەر لەتە قامیشێکیش بێ و بە نارێکی لە هێلانەیەکی سەر دارێکەوە دەرچووبێ کە بە قەدەر نارێکی دیمەنەکە زەوقم دەشێوێنێ و ئیتر لە ڕادەی نارەزاییم لە درێژبوونەوەی گفتوگۆ و دەمەتەقێی نێوان لایەنە ناتەباکان مەپرسە کە پێویستیان بە لێکحاڵیبوونەوە لە سەر شتێ لە ناتەبایی زەرەر دەکەن کە چارەکی ئەو مەسرەفە ناهێنێ لە ململانێدا سەرفی دەکەن.

من لە ماوەی یەک سەعاتدا بەو مەرجانە ڕازی دەبم کە دوو لایەنی گفتوگۆ دوای ساڵێک یا زیاتر لە ڕۆحکێشانی کۆبوونەوە و دابڕان و پێکگەیشتنەوە، ئەوجا لە سەریان ڕازی دەبن. هەڵوێستی دیگۆل لە چارەسەرکردنی کێشەی جەزائیردا چەند جوان، مەزن و بەرز بوو!! ناشڵێم دابەزییە ئاستی قەبووڵکردنی بڕیاری مێژوو بەڵکو بۆ ئەو ئاستە وەک مەزنێک بەرز بووەوە و گەلەکەی حەساندەوە و گرێکوێرەیەکی چەند داوی کردەوە و سوودی بە ئەوروپا و ئەفریقیا و بەردەوامی عارەبی لە ڕۆژهەڵاتی ناوینیش گەیاند و فەرەنسا خۆشی وەک لایەنێکی سەربەرزتر و ئاسوودەتر و لە ڕووی دارابییەوە بەهێزتر لێی دەرچوو. خۆبەزلزانین لە واقیعدا و خۆی لە خۆیدا خەسڵەتێکی خراپە و لە

خەسڵەتی ئاساییەوە دوورە ئەگەر دوای زەحمەتییەکی زۆر و مەسرەفێکی زۆر سەرکەوتووش بێ، تەنانەت لە هەموو حاڵەتێکدا خراپ و بێعەقڵییە چونکە سەرکەوتن بە سەر حوکمی واقیعدا بە شتێکی پێچەوانە لە سەرکەوتنێکی کاتی زیاتر نییە و وەک باڵۆنی پفدراو لە سەرووی بەرگەگرتندا دەتەقێتەوە!

جگە لەوەش، دەپرسین ئاخۆ دەوڵەتێک لە ڕووی تواناوە چەند مەزنیش بێ چەند جار دەتوانێ زاڵ بێ و لە سەر زاڵبوون بەردەوام بێ و ئەنجامی ئەم ماندووبوونە بەردەوامە لە بوارە جیاوازەکاندا کە زۆربەیان بێ قازانجی ماددین چەندە و حیکمەتی ئاسمانی لەوەدا چییە دەستبەرداری ئەو بەرژەوەندییانە بیت کە لە بازرگانی نێودەوڵەتیدا زۆر لایەن دەیهێنن و دەیبەن تا بە سەرکوتکردنی جەماوەری ناوخۆی وڵات و ئەنجامەکەیەوە سەرقاڵ بیت، کە پەشێوی بارودۆخ و لەدەستدانی پارە و نەمانی ئەمان و دڵنیایی و ئارامییە، ئەوجا لە ناو بازنەیەکدا کە سەرەتای بە کۆتاییەوە بەندە هەتا ڕۆژی قیامەت بسووڕێتەوە و زاڵبوون و نەفرەت کۆتاییەکی ئاسوودەبەخشیان بۆ سەرکەوتوو نییە و هەر دەبێ هەتا مردن خۆی بکاتە پۆلیسی هاتوچۆی مەیدانی تێکشکان و زاڵبوون بۆ تێپەڕاندن بەرەو بەندیخانە و لە بەندیخانە خراپتر. گومانم نییە کە بارودۆخ لە یەکێتی سۆڤیەتدا گەیشتۆتە ئاستێکی گۆڕانکاری و هەڵدانەوەی لاپەڕە کە بە ئاسانی یا بە زەحمەتییەکی ئەوتۆ بەرگەی بگیرێ پێشی ناگیرێ و یا دەبێ بە دەنگی داخوازی جەماوەرەوە بچن یا بە دەستتێوەردانی سوپا و بەبەردبوونەوە لاپەڕەی پەرەسترۆیکا بە توندوتیژی تا ماوەیەک داخەنەوە... ئەوەش کۆتاییەکە تەکلیفی لە سەردەمی ستالین قورستر دەبێ چونکە پشکوتنی هیوا هەستی گشتی بە نزیکبوونەوەی دەربازبوون تیژ کردووە و ئەگەر ئەو هیوایە نەیەتە دی

وەک ئەو بەندییەی لێ دێ مزگێنی ئازادکردنی پێ درابێ و کاتێ دەگاتە بەر دەروازەکە، بە زۆر بیگێڕنەوە ناو بەندیخانە.

ئەوەی لە لاپەڕە ٥٦ ماوەتەوە تا نیوەی لاپەڕە ٥٧ لە سەر ئەوە بەردەوام دەبێ کە پێویستە بە هێز، بەرەو ڕووی هەر هەوڵێک ببنەوە کە دەیەوێ لە بە هۆی عەقڵە بەبەردبووەکانەوە ببێتە بەربەست و باسی زەحمەتییە چاوەڕوانکراوەکانیش لە بەردەم شتی وەک پەرەسترۆیکاش دەکا تا دەگاتە جۆرەها بەربەستی تر کە هەندێکیان ئانقەستن و هەندێکیان لە «ڕەفتارنەکردن و خەمساردی و تەمبەڵی و هەستنەکردن بە بەرپرسیارەتی و خراپ بەڕێوەبردن...»ـەوە سەریان هەڵداوە و هەمووشیان بە بەرهەڵستکاری بنیاتنانەوە دادەندرێن.

لە ناوەڕاستی لاپەڕە ٥٧یشدا بڕگەیەکی نوێ دەست پێدەکا و شایستەی ئەوەیە قسەی لە سەر بکەین، کە دەڵێ:

*«یەکێ لە نیشانەکانی هەر سەردەمێکی شۆڕش ناتەباییەکی ڕوونی کەم یا زۆرە لە نێوان بەرژەوەندی ئەو کۆمەڵگەیەدا کە ڕێبەرەکانی خەریکی ئامادەکارین بۆ گۆڕانکاری و بەرژەوەندی دەمودەستی گرنگی خەڵکەکە. پەرەسترۆیکاش بە توندی لەوانە دەدا کە لە سەر شێوازی کۆنی کار ڕاهاتوون... ڕەنگە ئەرک بێ بە سەر هەموو کەسێکەوە لە سەرەتای پەرەسترۆیکادا قوربانی بدا، بەڵام دەبێ هەندێ کەس بە خواستی خۆیان دەستبەرداری ئەو دەستکەوتانە بن کە شایستەیان نین...»*

هەموو ئەوانە قسەی بەجێن و هەر بەشێکیان شوێن و بارودۆخی گونجاوی خۆی هەیە و ئەگەر تووشی بارودۆخ و شوێنی خۆی بوو دەبێ

ڕەچاو بکرێ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مەسەلەکە وردەکاری خۆی هەیە و نابێ لە بیر بکرێ:

لە سەرەتاوە، بۆ ئەوەی لە دەمەتەقێ دوور بکەوینەوە، دەڵێم ئەگەر خەسڵەتی شۆڕشگێڕێتی پەرەسترۆیکامان قەبووڵ کرد دەبێ شوێنەکەی، بە یەکێ لە دوو جۆری شۆڕش دەستنیشان بکەین بۆ ئەوەی سەرچاوەی ئەو قسەیەی نووسەر قەبووڵ بکەین لە مەسەلەی دەستبەردان لە بەرژەوەندی دەمودەستی خەڵکی بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندی گرنگی کۆمەڵگە و هەڵوێست بەرانبەر ئەرکی قوربانیدانی خەڵک لە سەرەتای پەرەسترۆیکادا. ئەوەشی زیاتر و بە گشتی لەبەر چاوە، ئەگەر نەڵێم لە هەموو بارەکاندا، ئەو شۆڕشانەی لە سەردەمی تێری و ئاسوودەییدا بەرپا دەکرێ، خۆی ئاستی ژیانی خەڵکی دادەگرێ و ئەوەش ئەنجامێکە خۆلێلادان هەڵناگرێ چونکە هەموو کاروبارەکان تێکەڵ دەبن و هاوسەنگییەکان تێکدەچن و بارودۆخەکان، لە هەموو بزووتنەوەیەکی توندوتیژدا دەشێوێن، بە تایبەتی ئەگەر لە کۆمەڵگەیەکی تێروتەسەلدا ڕوو بدات و ببێتە هۆکاری وەستاندنی ژمارەیەکی زەبەلاحی بەرهەمهێنیی تێروتەسەل لە بەرهەمهێنان و چالاکی بە شێوەیەکی گشتی تا بارودۆخەکە هێور دەبێتەوە و خەڵکەکە دڵنیا دەبنەوە و ئاو ڕێڕەوی خۆی دەگرێ. مەودای ئەوەم هەیە بۆ ڕوونکردنەوە وا دانێم بۆ ماوەیەکی کاتی لە ڕۆژانی جەژن و میهرەجاندا بەرهەمهێنان دەوەستێ ئەگەرچی بێ توندوتیژی و ترسیشە، نموونەی بەرتەسکتریش هەیە هەردوو خێزانی بووک و زاوا، لە کۆمەڵگەی عەشیرەتی یا نیمچە عەشیرەتیدا، لە ئاهەنگی زەماوەنددا چەند ڕۆژێکی لە سەریەک بە مێوانەوە سەرقاڵ دەبن...

بەڵام شۆڕش ئەگەر لە وڵاتێکی ماندوودا بەرپا بکرێ و نەختێ زەبتوڕەبتی هەبێ و سەرکردەکانی باش بن، دەکرێ لە ڕۆژانی سەرەتای شۆڕشەوە هەندێ پۆشاک و خۆراک بۆ ڕووت و برسییەکان دابین بکا چونکە ئەوەی لە بازاڕ و کۆگاکاندا هەیە دەتوانێ دڵخۆشکەرییەکی درۆزنانەی وا پەیدا بکا کە بۆ ڕاگەیاندن و خۆهەڵکێشان بشێ گوایە خەڵکی بە ئاوات گەیشتوون، تا ماوەیەک کە ڕەنگە بەش بکا یا نەیکا بۆ ئەو کاتەی چارەسەری هەمیشەیی دەکەن.

لە وردەکارییەکانی پەرەسترۆیکاوە ئاشکرایە کە، ئەگەر شۆڕش بێ یا ڕاستکردنەوە، لە کاتی تێری و پۆشتەییدا نەهاتووە بۆیە چاوەڕوان دەکرا ئاسوودەیی و هەبوون فەراهەم بکا بە تایبەتی بنەمای پیشەسازی بە هەیکەلی ماددی خۆیەوە هەیە و پرۆژە وەرزێرییەکانیش هەیە و بە دەستی بە بەردبووەکانەوەیە بۆیە ئەنجامی نەرێنی ڕوون لە (ناتەباییەکی ئاشکرا لە نێوان بەرژەوەندییە گرنگەکانی کۆمەڵگە و بەرژەوەندی دەمودەستی ڕۆژانەی خەڵک) لە لایەن ئەرکی قوربانیدانی خەڵکیشەوە لە ڕۆژانی سەرەتای پەرەسترۆیکاشەوە سەرچاوەی بۆ یەکێ لە دوو هۆکار یا یەکێکیان دەگەڕێتەوە:

یەکەمیان ئەوەیە ڕێی تێ دەچێ ئەوانەی پەرەسترۆیکا بەرپا دەکەن ئەو وریاییە تەواوەیان نەبووبێ بەرەوڕووی کەمبوونی بەرژەوەندی و کەمبوونی چالاکی بەرهەمهێن ببنەوە و پێیان وابووە نیشانەی دەربازبوون بە ڕاگەیاندنی پەرەسترۆیکا و گلاستنوست بەسە بۆ ئەوەی حەماسی جەماوەر زیاد بکا و بەرەو پێشکەوتن، پاڵ بە چەرخی وەستاوی کۆمەڵگەوە بنێ.

هۆکاری دووەمیش ئەوەیە دەرپەڕاندنی وزەی شاراوەی ناو چرا سیحرییەکەی بە بەردبوون لە سەرەوەی سەبری دەنگبڕاوەکانەوەیە بۆ تۆڵەسەندنەوە لە کات و شوێن.

لە کێشەوبەرەی ڕەگەزی ئەوە دەرکەوت کە چارەسەری بەزۆرسەپاو کە لە ڕووکەشی حوکمەکانی تیۆری مارکسی لینینییەوە وەرگیراو جگە لە بۆیاغێکی چاوخەڵەتێنی ڕووکەشێک کە بە ترس و تۆقاندن ئامادە کرابوو هیچی تر نەبوو. ئەو کاردانەوەیە کە لە نێوان ئازەرییەکان و ئەرمەندا سەری هەڵدا، لە کاردانەوەی ئێرلەندییە کاتۆلیکەکان بەرانبەر ئەو دەسەڵاتەی لە ئێرلەندەی باشوور، کە ئینگلیز پاریزگاری لێ دەکرد توندڕەوتر بوو، ئەوەش وانەیەکی بەئازار بوو بۆ ئەنجامی ساختەکردنی سۆز لە ڕێی ئایدۆلۆژیا و فەلسەفەوە چونکە تیۆریزەکەرانی لێهاتوو کە زۆربەی هەرەزۆری هۆکاری نێوان خەڵکە ساکارەکان بۆ «زێدەبایی» دەگێڕنەوە کە لە خوێنیان مژراوە و چۆتە گیرفانی بەرهەمخۆرەکانەوە و ئەوەندەیان تێدا نەبوو دان بە هۆکاری تردی نامادديدا بنێن کە سەرچاوەی بۆ دەروون دەگەڕێتەوە و لاواز لە دژی لاواز و کرێکار لە دژی وەرزێر و وەرزێر لە دژی دەرۆزەکەر هان دەدا و لە گۆشەنیگای ئەو لێهاتوانەوە ئەوە بەسە دەرمانی چارەسەری هەموو دەردێکیان لە سەر شێوەی چارەسەری ڕیشەیی بە سۆسیالیزمی لینینی مارکسی دیاری کردووە و دوایی بە تاقیکردنەوە دەرکەوت کە دەرمانەکە خۆی پێویستی بە دەرمانی پێچەوانە هەیە.

ئەو دڵسۆزانی پەرەسترۆیکا کە هیچیان پێ ناکرێ ئاواتخواستنی چاکە و ڕا دەربڕین نەبێ بۆ ڕوونکردنەوەی ڕێگاکەی (بەو حیسابەی ڕایەکەیان دەگاتە بەر دیدی ئەوانە پەرەسترۆیکا ئەنجام دەدەن و ئەوەش حیسابێکی دوورە) ترسی ئەوەیان هەیە بشێوییەکان گەورە ببنەوە و

هەڵوەشانەوە بڵاو بێتەوە و بەرپرسیارەتی سووک بکرێ و ئەوەش گەڕانەوەی بەبەردبوون بە ئاگا بێنێتەوە و ئەوەش ببێتە هۆکاری پەکخستنی خۆجێیی سەرنجڕاکێشی پەرەسترۆیکا بۆ خۆپارێزی لە وەستانی یەکجارەکی و دوورخستنەوەی ڕێتێچوونی خراپتر.

قسەی وەهام لە خەڵکانێک بیستووە کە پەرەسترۆیکایان خۆش دەوێ و لایەنگرین، بەرانبەر بە دیمەنەکان تەم دەکەویتە سەر دیدەیان چونکە ئاواتی گەورەیان بەو بازدانە هەیە کە بەرەو گۆڕانکاری بنیاتنانەوە دراوە تا ئەوەی لەوە دڵنیا بوون کە ڕێگاکەی بە گوڵ و سەوزەگیا ڕاخراوە و هیچ حیسابێکی ترسناک بۆ ڕێتێچوونی تێکشکان ناکەن و بە لایانەوە داخستنی لاپەڕەی ستالینیزم بریجنێڤی و هەڵچوونی شەپۆلی بەهێز بۆ لافاوی گەورە بەسە و ئەو دڵپاکانە لەو بابەتەن کە پێشوازی لە باش دەکەن و بە خراپ گرژ دەبن بێ ئەوەی کاریگەری خۆیان لە لایەنگری بەرهەمدار یا بەرهەڵستکاری بەرهەمداری دەستەجەمعییان هەبێ و دەبینی لە ژیانی ڕۆژانەشیاندا بە ئاماژەی ڕووکەشی شتەکان دەکەونە جووڵە و ئەگەر باران نەبارێ یا ئاسمان لە دەمەدەمی بارانباریندا نەبێ پاڵتۆی باران لەبەر ناکەن. ئەگەرچی لە کاروباری خۆمدا لەگەڵ خۆمدا ئاسانکارم بەڵام بۆ ئەوەی پەیوەندی بە بەرژەوەندی خەڵکی ترەوە هەبێ، بە تایبەتیی بەرژەوەندی گشتی، لە هەر چییەکی دەیڵێم یا دەیکەم زۆر سڵم و ئەگەرچی هێزی جێبەجێکردنیشم نییە بەڵام لە بڵاوکردنەوەی بۆچوونی خۆمدا وریام و هیچ ناڵێم ئەگەر ئەنجامگیری تەواوم نەبێ.

لەوەیدا کە لێرە دەیڵێم هیچ گومانێک لە نائاگایی سەرەتاکان ناخەمە ڕوو ئەگەر بۆ ئەوە نەبێ بڵێم سەرنەکەوتنی پەرەسترۆیکا دەبێتە چ خەسارەتێکی گەردوونی مسۆگەر لە ڕاستیش لانادەم ئەگەر بڵێم

چارەنووسی مرۆڤ لەم ڕۆژگارەماندا لە سەر دوو مەسەلەی ترسناک وەستاوە:

- یەکەمیان چارەنووسی پەرەسترۆیکایە و بە دڵنیاییەوە سەرکەوتنی تێپەڕبوونە بە سەر بەربەستێکی زۆر زۆر گەورەی بەردەم ئاشتی و تەباییدا و کردنەوەی دەرگایەکی زۆر زۆر گەورەشە لە بەردەم هیوای چاکەی جیهانی، سەرنەکەوتنیشی ڕێی تێ دەچێ شتێ بێ وەک سەردەمی سەهۆڵبەندان کە سەهۆڵ ڕووی گۆی زەوی داپۆشیبوو و هەموو هەوڵێکی چاکە و بیرێکی ڕووناک لە ناو قۆزاخەکدا قەتیس مابوو و ماوەیەکی زۆر کەس ئاگای لێ نامێنێ و دەساڵ ژیانی سەردەم بە چەقبەستویی بە قەدەر دە هەزار ساڵ تێپەڕبوونی سەردەمی بەستەڵەکی پێش نیو ملیۆن ساڵ مەترسی هەیە و ئەگەر چەقبەستن خۆی ببەزێنێ و ببێ بە دابڕان و شەڕی سارد پێشبینینی ئەنجام و کارەساتەکانی ناکرێ.
- مەسەلەی دووەم کۆگای چەکی ناوکی کۆمەڵکراو و دەرچوونی بەرهەمهێنانیەتی لە دەستی دەوڵەتان. ئەوەی سەیرە خەڵکی هەست بە مەترسییە تەواوەکەی و چارەکە تەواوەکەشی ناکەن و وەک گەمەی سەرگرمکردنی گەورەساڵان لە پیشاندانی ماسولکەی پاڵەواناندا تەماشای دەکەن.

من لەوە دڵنیام کە هۆکاری ئەوەی ئەهلی پەرەسترۆیکا ڕێگەی ئارامیان گرتووە و دڵیان بەرانبەر ئەوەی چەند ساڵێک لەوەبەر حەرام بووە گەورەیە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ترسی ڕاستەقینەیان لەو دۆزەخە هەیە کە لە قوتیلەی جادوویی بۆمبا ئەتۆمییەکاندا سەرمۆر کراوە و ئەگەر دەم بکاتەوە مرۆڤایەتی، وەک پەپوولەی ناو ئاگری دارستان، لە دۆزەخی

خۆیدا هەڵدەپڕووکێ. ڕاستە چارەسەری چەقبەستن بۆ ئێستا و پاشەڕۆژی گەلەکەیان شتێکی پێویستە بەڵام سووربوون لە سەر ترسی ئەتۆمیش دەتوانێ مەسەلەی چەقبەستن پەردەپۆش بکا.

ئەگەر ئەهلی پەرەسترۆیکا دڵنیا بن لەوەی چارەسەری چەکی ئەتۆمی بە زندووبوونەوەی ستالینیزمێکی نوێ نەبێ ناکرێ تا ئەمەریکا ناچار بێ بۆ چوونە سەر خەتی داماڵاندنی چەکی ئەتۆمی، لە دەستیان دەهات بیکەن. ئەگەر منیش لە جێی ئەوان بوایەم، بەو حیسابەی ئەوان ئەوە ناکەن، دەمکرد چونکە ئەو بەڵایە هەموو مەترسییەکی تر بە مەودای فەلەکی جێ دەهێڵێ.

ئەگەر ترسی ئەتۆمی نەبوایە کە هەموو کارەساتێک لە چاویەوە ئاسانە، پەرەسترۆیکا یا هەر پرۆسەیەکی ڕاستکردنەوەی تر هەر دەبوو ڕۆژێ لە ڕۆژان بێتە کایەوە بەڵام بەو خێرایی و پەرۆشییەوە نا کە گورباشۆڤ و هاوڕێکانی دەستیان پێ کرد. گومانیش لەوەدا نییە کە ڕێکەوتنی تەواو لە بارەی چەکی ئەتۆمییەوە بە بێ دڵنیایی لە نیەتپاکی «ئۆردووی بەرانبەر» ناکرێ و ئەگەر ڕووسیاش وەک قەڵایەکی داخراو بەرانبەر هەرچییەکی ڕۆژاوایە بمێنێتەوە دڵنیایی نابێ و هەر دەبێ و هەر دەبێ کرانەوە و دەرخستنی نهێنی و لابردنی پەردە لە هەردوو لاوە دەست پێ بکا.

ترسی ئەتۆمی خۆی لە خۆیدا، لە بەر دیدی من و دیدی هەر مرۆڤێک لە ڕاستییەکان وردبێتەوە، گەورەترین هۆکارە بۆ ئەوەی ڕووسیا بەو ئاسانییە دەستبەرداری دەسەڵاتی خۆی بێ لە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا و سوپا لە وڵاتی دراوسێ، ئەفغانستان بکێشێنێتەوە و ئەگەر لێکحاڵیبوونی ڕۆژاوا لەگەڵیدا نەبوایە کە ژیانی بێ هەڕەشەی ئەتۆمی و جەنگی ماڵوێرانکەری وابەستەی ئەو هەنگاوە گەورەیە بە سەر بەرن، باشتر وا دەبوو لە

ڕێکەوتنی ڕوون و ئاشکرادا لە بواری شەڕ و ئاشتیدا لە خۆی دڵنیا بێ و لە هەمان کاتێدا پارێزگاری لە دەسەڵات و پایەی خۆی، لە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا بکا چونکە نییەتپاکی، ئەگەر هەبێ، کاریگەری لە بواری بەرینتردا دەبێ ئەگەر لە ڕووبەری گەورە و ناو خەڵکی زۆردا تەشەنە بکا.

لەوە دڵنیام ئەگەر پەرەسترۆیکا سەرکەوتوو بێ، زۆر نابا ئەو ڕۆژە دێ هەوڵی دەوڵەتە گەورەکان و پەراوێزەکانیان، کە ئەو دەوڵەتانەن گرنگییان کەمترە تێکەڵ دەبن و سنووری یەکجارەکی یا مەیلەو یەکجارەکی بۆ زۆرداری و داگیرکاری و تیرۆری بەربەست لە بەردەم ڕەوتی مرۆڤایەتی و شکاندنی کەرامەتی و بکوژی بەرژەوەندی دادەنێن ئەوەش لە چوارچێوەیی شەرعییەتی بڕیاری کۆمیتەی ئاسایش یا نەتەوە یەکگرتووەکاندا یا ڕێکخراوێکی تازەی داهێندراودا کە دەسەڵاتی هەبێ و سەرنجی ئەوەش هەیە کە هۆکاری هاندەر و هۆکاری بەربەست لە ئارادا هەن، هاندەرەکە هەڵوێستی یەکێتی سۆڤیەتە کە لە پەرەسترۆیکاوە سەرچاوە دەگرێ کە لە ئاستی نێودەوڵەتی و ناوخۆییدا ئانجامی ڕوونە. هۆکاری بەربەستیش توندوتیژی چینە لە ڕەوتی پێچەوانەی سەردەم لە دوای کوشتارەکەی لایەنگرانی ئازادی لە گۆڕەپانەکانی پەکین و ئەوەشی مەترسییەکە زیاد دەکا ئەوەیە لە هەموو بڕیارەکانی کۆمیتەی ئاسایشدا مافی ڤیتۆی هەیە.

هێشتا کات بۆ قسەکردن لە سەر ئەو بابەتە بە دەمیەوە هەیە بەڵام قسان قسان ڕادەکێشن. ئەگەر ڕۆژاوا و سۆڤیەت پێکبێن، باوەڕ ناکەم چینیش بتوانێ لە سەر ڕەوتی ناسەردەمیانەی خۆی بەردەوام بێ بە تایبەتی دوای پێکهاتنی یەکێتی ئەوروپا کە لە ماوەی سێ ساڵدا وەک بەرزێک بە لای دوو بەرزەوە ڕاست دەبێتەوە.

له سەرجەمی ئەم بۆچوونانەوە کە لە سەر هەندێ ڕاستی و بەرژەوەندی وەستاون دەگەمە ئەو باوەڕەی کە بەردەوامی پەرەسترۆیکا، لەگەڵ ئەوەشدا مەتری ناوچەیی و ناوخۆیی بەرفراوانی سۆڤیەتیشی لە سەر بێ، خواستێکی مرۆڤایەتی گشتییە بەر لەوەی شانۆیەک بێ و جەماوەری تووڕەی بە هاتوهاوار وەرزشی ماسولکەی خۆی تێدا بکات یا هەستە شاراوەکانی تێدا بەتاڵ بکاتەوە چونکە ئەگەر ڕۆڵی مێژوویی پیرۆزی خۆی زانی و لە ئاستی ڕووداوەکان و پێداویستی بەرژەوەندییە باڵاکانی مرۆڤایەتی و خۆیدا بێ بۆ بەدیهێنانی ئامانجە نزیک و دوورەکانی، بە ڕەهایی لەو بەربەستانە دوور دەکەوێتەوە کە دێنە پێش پەرەسترۆیکا بۆ ئەوەی بیانووی ئەو کەسانە نەمێنێ کە بە دوای بیانوودا دەگەڕێن بۆ لەباربردنی، ئەمە لە لایەکەوە و لە لایەکی تریشەوە چاوەچاوی ئەوەیە لە بەرنامەی پەرەسترۆکا و کرانەوە لابدا.

ئێستا مەسەلەی زۆر گەورە لە تای تەرازوودان و سەیروسەمەرەش ئەوەیە پەتی تەرازووەکە بە دەستی ئەو جەماوەرە هەڵچووەی جیهانی سۆڤیەتەوەیە و پێشی نازانێ. سەیروسەمەرەی تریش ئەوەیە ئەو جەماوەرە پێویستی بە لینینێکی تازەیە تا هەنگاوەکانی و قسەکانی بۆ ڕێک بخا. سەیروسەمەرەی سێیەم ئەوەیە کە خودی گورباشۆڤ ناتوانێ لە ناو جەماوەردا ڕۆڵی لینین ببینێ چونکە کەسێکی حکوومەت لە لووتکەدایە و خەڵکانی سەر شەقامەکان لێی سڵن و تەنانەت لینینیش دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر کاریگەری خۆی لە دەست دا.

لایەنی دەروونی کە کوڵان و هەڵچوون نیشانەی بوون، هاوکاری سەرکەوتنی لینین بوون لە ئۆکتۆبەری ١٩١٧دا. ئەمڕۆ ئەو لایەنە دەروونییە، یەکێکە لە بەربەستە مەترسیدارەکانی ڕێگاکەی گورباشۆڤ.

ئەو هەڵەیە چەند گەورەیە کەسێ دەروونی مرۆڤ تێپەڕێنێ و مێژوو بە ماددەی مردوو لێکبداتەوە.

ئێمە لە واقعی مەترسیدار و هەڵچووی سەردەمێکدا دەژێین لە هەموو مرۆڤێکی هۆشیاری دەوێ بە لای ئاشتی ڕاستەقینەی گشتیدا لابدات لە سەر نزیکبوونەوە و لێکحاڵیبوونی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوادا وەستابێ (یا دەبێ لە سەریان بوەستێ) تا ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوای وا نامێنن لێک جیاواز بن، نەک ئاشتییەکەی ستالین کە لە سەر دابەشکردنی دنیا بە سەر دنیای شەڕ و دنیای ئاشتیدا وەستابوو و ستالینیش خۆی کۆتری ئاشتی و بەرخی نەرمونۆڵ و مەلایەکەتی پاکژ و ڕەنگەکانی کۆڵکەزێڕینە بێ...

ئەگەر شێوازی فکری و سیاسی و مێژوویی باوی دانپێدانراو وەک بەرنامەی ڕەفتار نەتوانی ئاشتی فەراهەم بکا، با کۆسمۆپۆلیتی لە گۆڕەکەی ڕاست بێتەوە و ئەو هەنگاوانەی خۆی بنێ کە ناحەزانی ناشیرینیان کرد، تا شەڕ ڕاگرێ. ئەگەر کۆسمۆپۆلیتیش شکستی هێنا با ئەناکیزم Anarchism (واتای «بێ حکوومەتی» دەدا و لە ناو نووسینی عارەبیدا وەک «فوضوي» بڵاو بووەوە) ئاڵاکانی بەرز بکاتەوە و حکوومەتەکان تێک بدا ئەگەر ناتوانن جەنگێ ڕاگرن سستەمەکان تێک بدا و ژیان لە ئەشکەوتی سەرەتاییدا لەوە باشترە بە نوێترین مۆدێلی زانستی لەناو ببرێین.

یەکێ لەو دەربڕینانەی کە بەڵگەن بۆ تەنگوچەڵەمەی پێش پەرەسترۆیکا، دەربڕینێکی لاپەڕە ٥٧ ـە لە باسی ئەگەری سەرنەکەوتنی پەرەسترۆیکادا دەگەڕێمەوە سەری ئەوەیە کە دەڵێ:

*«لەگەڵ زیادبوونی هەوڵی پەرەسترۆیکادا کەشوهەوای نائارامی کۆمەڵگا زیادی کردووە. گوێمان لە خەڵکانێکیش بووە دەڵێن: ئایە*

*هەر لە بنەڕەتەوە شتێ هەبوو ببێ بە هۆکاری دەستپێکردنی هەموو ئەمانە».*

دوای یەک دێڕی تریش دەڵێ:

*«هەندێ کەس تەنانەت بە زاراوەی چاکسازیش دەلەرزن لە کاتێکدا لینین لەو وشەیە نەدەترسا بەڵکو خودی بەلشەڤییەکانیشی فێری ئەوە کرد کە لە کاتی پێویستدا کار بۆ چاکسازی بکەن...».*

ئەوە قسەی دوو ساڵ زیاتر پێش ئێستا بوو و لەو ماوەیەدا کێشەکان بە ڕێژەی هەندەسی زیادیان کرد و بێگومان ئەو دەنگدانەوەیەی لە بارەی ترس و دڵەڕاوکێوە دەیبیستین شانبەشانی پاشەکشەی ئابوورییە کە هیچ دەنگدانەوەیەکی لە بارەوە نابیستین وەک بۆ بشێوێنی دەیبیستین.

لێرەدا بە ئەرکی خۆمی دەزانم ئاماژە بە شتێ بکەم کە ناکرێ بازی بە سەردا بدرێ ئەوەش گەڕانەوەی سەرۆک گورباشۆڤە بۆ یەکێ لە قسەکانی لینین لە بارەی نەترسانەوە لە وشەی «چاکسازی» و خۆم پێ ڕاگیر ناکرێ ئەگەر نەڵێم یەکێ لە هۆکارەکانی بشێوی و زیادبوونی بشێوی، وابەستەبوونە بە کەلەپووری ڕابردووەوە بۆ چارەسەری کێشەکان لەگەڵ ئەوەشدا کە خەڵکی سۆڤیەت ئەوە دەزانن و باوەڕیان هەیە کە ئەو کەلەپوورە هەر خۆی گەورەترین هۆکار بووە بۆ کەڵەکەبوونی ئەو کێشانەی کە بە دەستیانەوە دەتلێنەوە.

ڕازیکردنی توندڕەو و داخلەدڵان لە هەوڵەکانی ڕاستکردنەوە و نوێبوونەوە بە گوتەکانی لینین و بیرۆکەی مارکس، جگە لەوەی بۆ خۆلادان لە غەزەبیان سوودی نییە، گومانیش لای جەماوەر لە چارەسەرێک دروست دەکا، کە لە سەر بنەمای تیۆرییەک وەستابێ، ماوەی دەیان ساڵی قورسی سۆسیالیزمی زۆرەملێ لێی تێرن.

له دوادێڕەکانی لاپەڕە ٥٧ بە پێچەوانەی نیوەی یەکەمی لاپەڕە ٥٨ نووسەر باسی ڕێکەوتننامەی «بریێست» دەکا کە بە سەر لینیندا سەپا تا لەگەڵ ئەڵمانیادا ساڵی ١٩١٨ مۆری بکا لە دژی هەندێ بەرهەڵستکاران کە ئەندامی لیژنەی مەرکەزی بوون و تیایدا هاتووە کە لینین ڕەچاوی بەرژەوەندی چینی کرێکارانی کردووە، ئەگەرچی مەرجی زەلیلانەشی تێدا بوو و چۆن مەسەلەی «بەرژەوەندی» هەمیشە بابەتی سەرەکی سیاسەتی حیزب بوو. خۆبەدەستەوەدانی لینین بەرانبەر ئەمری واقیعی لاواز کە ساڵی ١٩١٨ ڕووسیای پێدا تێدەپەڕی نموونەی واقعیبوونی لینینە بە پێی دیدی خۆی بەرانبەر بارودۆخ بەڵام بابەتەکە دوو لایەنی گرنگی هەیە کە دەبێ ئاوڕیان لێ بدرێتەوە:

- یەکێکیان ئەوەیە کە هەندێ ئەندامی لیژنەی مەرکەزی بەرانبەر ئەو زەلیلییە ناڕازی بوون کە لە بەڵێننامەکەدا هەبوو (ئەو بیانوانەشیان کە لە کتێبەکەدا هاتوون ئەوەیە کرێکارانیش پێیان وابووە بەرپەرچی ئەڵمانە داگیرکەرەکان بدرێتەوە) ئەو پێویستیانەی کە لینین بە دەنگیانەوە چوو ئەوەندە توند نەبوون هەڵبژاردن لە بەردەمیدا نەهێڵن بە تایبەتی ئەڵمانەکان دوای سێ ساڵی جەنگ کە ماندوویان کردبوون و هێزیانی لێ بڕیبوو، لە دوو بەرەوە لانەدرابوون و بە بوونی هێزی زەبەلاحی حەساوەی ئەمەریکاش کە تازە شانبەشانی سوێندخۆران چووبووە شەڕەوە، دوژمنی ئەڵمان بوو. بەڵام وا پێ دەچێ لینین لایەنی باشترینی هەڵبژاردەکانی بۆ دەوڵەتەکەی خۆی پەسەند بووبێ لەگەڵ ئەو سەرنجەدا کە هێزیی ئەڵمانیا لە بەرەی ڕۆژهەڵات بە دەستکراوەیی مایەوە بۆ ماندووکردنی سوێندخۆران و خۆی. ئەرکی لە سەر نەما ئەوەش بە سوودی ڕووسیا شکایەوە کە دوژمنە ڕاستەوخۆکەی (ئەڵمانیا) بە پلەی

یەکەم و ناڕاستەوخۆکان لە بەرەی ڕۆژاوای دوور، بەو حیسابەی دوژمنی بیروباوەڕ بوون.

- لایەنی دووەم ئەوەیە لە هەرەسهێنانی ڕاستەقینەی هێزی جەنگی ئەڵمانیا حاڵی نەدەبوو کە زۆری نەبرد خۆی بە دەستەوە دا و ساڵی ١٩١٨ دانی بە دۆڕاندنی خۆیدا نا کە هەمان ئەو ساڵە بوو ڕووسیا زەلیلی برێست لیتۆفسکی قەبووڵ کرد و ئەگەر لێکدانەوەی ڕاستی هەبوایە بەرگەی چەند مانگێکی شەڕی دەگرت و لە لایەکەوە کەرامەتی خۆی پێ دەپاراست و ئەو خەسارەتەشی تووش نەدەبوو بە هۆی قەبووڵکردنی داگیرکاری خاکی ڕووسیاوە بە پەنجا ملیۆن مرۆڤەوە، لە لایەن ئەڵمانیاوە تووشی بوو، بە پێی ئەو زانیارییانەی کە لە کتێبەکەدا هاتوون و ئەو ژمارەیەش بۆ ئەو دەمە لە سێیەکی دانیشتوانی ڕووسیا زیاتر بوو.

ڕاستە لینین ئەو ڕێکەوتنەی لە ١٣ی کانوونی یەکەم – ١٩١٨ هەڵوەشاندەوە بەڵام لەمەدا قەرزاری سەرکەوتنی هاوپەیمانان بوو و بە پێچەوانەی هەڵسەنگاندنی خۆی بوو گوایە ڕێ بە ئەڵمانیا بدرێ خۆی و دوژمنانی تری ڕووسیا لە یەک بەرەی شەڕدا ماندووتر بکا. بۆمان هەیە بە لۆژکی شتەکان حوکم بدەین کە ئەو ئاسوودەییەی ڕووسیا بە ئیمزاکردنی ڕێکەوتننامەی سەرشۆڕی بۆ ماوەیەکی کەم بە دەستی هێنا، ئەوەی لە دەست دا وەک لایەنێکی سەرکەوتووی جەنگ لە سەر مێزی گفتوگۆ بەرانبەر ئەڵمانیا دانیشێ. جگە لەوەش، بە کشانەوەی لە جەنگەکە مەودای ئەوەی بە ڕۆژاوا دا لە جەنگە ناوخۆییەکاندا دەست وەرداتە کاروباری ناوخۆ و ڕێی ئەوەشی خۆش کرد ڕووسیا بۆ ماوەی چەندین ساڵ دابڕێ و لە پەیوەندییەکانیدا بە جیهانەوە ناکۆکی هەبێ

و ئەوەش تا بەرپابوونی دووەم جەنگ و هێرشی ئەڵمانیا بۆ سەر ڕووسیا لە ١٩٤١دا درێژەی کێشا. ئەوەی چاوەڕوان دەکرا ڕووی دا و لینین بە توندی بەرگری لە هەڵوێستی خۆی، بە ئەنجامە ناخۆشەکانیەوە کرد بەڵام بێگومان بە هێزێکی توندتر و دڵێکی خۆشترەوە بەرگری دەکرد ئەگەر هەڵبژاردەکەی تری بکردایە ئەوەش مانەوەی ڕووسیا بوو وەک شەریکەبەشی تێکۆشانی ئەوانی دی لە دژی دکتاتۆرییەتی ئەڵمانیا و بەری بەشداریکردنی بە بێ گرژی لە پەیوەندییەکانی دەرەوەدا و بە بێ دابڕان دەڕنی. ئەوجا باسی حەتمیەتی مێژوو لەوەدا دەکرا کە ڕووسیا ڕەتی کردۆتەوە ڕێکەوتن لەگەڵ ئەڵمانیادا بکا. یەکەم، ئەوانە ڕەنگدانەوەن و چار نییە، دووەمیش مافی خۆمانە و سێیەمیش تیشک دەخاتە سەر هەندێ لایەن و چوارەمیش لە چوارچێوەی پەرەسترۆیکا دەرنەچووە و جگە لە دەبڕینی بۆچوون چیمان هەیە بیخەینە سەر سفرەی سەفەری ژیانیی هەر مرۆڤێک!

لاپەڕە ٥٩ لە سەر پلەوپایەی پەرەسترۆیکا و بەدەنگەوەچوونی کرێکاران تا دەستبەران لەو مافانەی شایستەیی نین بەردەوام دەبێ کاتێ دەڵێن: «جێی شەرمە شتێ بە دەست بێنین هی ئێمە نییە» و لە پێداهەڵداندا قسەی لەوێدا دەوەستێ کە دەڵێ:

*«... چینی کرێکارانی سۆڤیەت بە گشتی، بە تەواوەتی لایەنگری بنیاتنانەوەن و ئامادەن پەرەی پێ بدەن و وەک چینی پێشڕەوی کۆمەڵگەی سۆسیالیزم ئەرکی خۆی بەجێ بگەیەنێ».*

چینی کرێکارانی ڕووسی هاندەر و لایەنگری پەرەسترۆیکا بێ و دەستبەرداری سوودێک بێ کە شایستەی نەبێ، هاندەر و بەرچاوڕوونییە و مژدەی لایەنگرییە و پێویست بە نرخاندنی بەرز و دەستخۆشی دەکا،

بەڵام چینی کرێکارانی ڕووس چینی پێشڕەوی کۆمەڵگەی سۆسیالیزم بێ، دوو سەرنجم لە سەری هەن:

یەکەمیان، ناوهێنانی «چین» لە کۆمەڵگەی «بێچین»دا شتێکە لەگەڵ ناوەڕۆکی ناچینیدا یەک ناگرێتەوە یا واقیعەکە شتێکی تر دەگێڕێتەوە و خەڵکانێک هەن لە کارگە و کان و کێڵگەدا کار دەکەن و جیاوازن لەگەڵ ئەوانەی لە بەڕێوەبەرایەتییەکان و زانکۆکان و بوارە جیاوازەکانی هونەردا کاری ناماسولکەیی دەکەن و لە کرێکارە ماندووەکان جیادەکرێنەوە؟ دیارە هێشتنەوەی زاراوەی «چینایەتی» و دابڕانی بە سەر کرێکاراندا ئامانجی ئەوەیە ڕووی خۆش پیشانی «ڕەنجدەران» بدرێ ئەوەش بەو کرێ بەلاشەی کە نارەنجدەری لێ بێبەش دەکرێ.

من بێ ئەوەی خۆم وەک خاوەن مافێک دانابێ بۆ ئەوەی پێناسە بۆ ئەو دەستە خەڵکانەی کۆمەڵگە دەربکەم کە لە بوارە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی سۆڤیەتیدا کار دەکەن تا بیکەمە بیانوو بۆ ڕەخنەگرتن لەوەی دەمەوێ لە درێژەی تاقیکردنەوەی سۆسیالیزمی مارکسیدا ڕەخنەی لێ بگرم، مەودایەکی بەرینی پراکتیزەکردنی سۆسیالیزم لە بەر دەستە بۆ ئەوەی قسەی لە سەر بکەم و هەندێ جار بەرهەڵستکار بم و هەندێ جار نارەزایی دەربڕم، چونکە جیاوازی لە نێوان خەڵکی کۆمەڵگەی سۆڤیەتیدا بە ڕوونی بەرچاوە و کەس ڕێی ڕەخنەگرتنی لێی نەبوو ئەگەر جیاوازییەکە دروستکراو نەبێ و بیانووی بۆ نەدۆزرێتەوە و پێویست ناکا درەوشانەوەی ئەندازیاری و دەرمانسازی زانست و هونەرەکانی دی نقوم بکرێن بۆ ئەوەی کاری ئاسایی کە درەوشانەوەی نییە بدرەوشێتەوە بۆ ئەوەی کرێی سەرەوەی مافی خۆی پێ بدرێ و کە لایەنگرییەکی ڕوون و بەرتیلێکی بێهۆیە و یەکەم جار دڵی تیۆرییەکەی پێ خۆش دەکەن

ئەوجا چینی کرێکاران بە پلەی دووەم ئەوەش بۆ بزرکردنی هەموو کەس کە داس و چەکوشی پێ نییە.

سەرنجی دووەمیش زاڵکردنی «پێشڕەو»ە بە سەر چینی کرێکاردا کە لە واقعی خۆیدا ناتوانێ ببێ بە پێشڕەو و باوەڕیش ناکەم بە ڕاستی بیر لەوە بکاتەوە، لە سەردەمی کەرتکردنی ئەتۆم و گەشتی ئاسمانەکاندا، ببێ بە پێشڕەو، مەگەر هەر لە سەر کاغەز و بە فەرمانی سەرەوە. سەیر و جێی سەرسوڕمانە وەرزێرێک لە نهێنی ئەو مەکینەیە تێنەگا کە زەوی پێ دەکێڵێ و ئەگەر سەقەت بوو نەزانی چاکی بکاتەوە و لە دەرهێنان و پاڵاوتنی بەنزین سەرسام بێ و ئەو ڕێگە جادووانە لە سەریدا نەبن کە تۆوی پێ چاکتر دەکرێ و لە «ژەنگ» و پەتا دەپارێزرێ، خۆی وەک پێشڕەو ببینێتەوە و لە پێشەوەی پلەکانی کۆمەڵگا و توانا داهێنەرەکانی زانا و هونەرکار و لێهاتووی سیحربازەوە بێ کە هەموو پێشەکانیان داهێناوە و دەریانهێناوە و چاکیان کردووە... دوای ئەو ماوە ماندووکەرە لە کاری چەقی پێشڕەوایەتی داهێنەرانە ڕێی نەدرێ پارچە زەوییەک و نیو مەکینەی جووت و درەوی هەبێ!!

گاڵتەکردنی تیۆری بە بەرژەوەندی و ڕاستییەکان و عەقڵ چەند قورسە... ئێمە لە کوێ ئەو دیمەنە سەرسوڕهێنەرە لە کوێ! یا دەبێ لە هۆڵی ئەو جۆرە شانۆگەرییەدا بین کە پێی دەڵێن Pantomime. ئەگەر ڕێ هەبێ جیاکردنەوەی خەڵکی بە پێی پلەی لێهاتوویی و زۆری شارەزایی و داهێنان هەڵبوەشێتەوە، چۆن مرۆڤێکی بێبەش لە هەموو ئەو خەسڵەتانە دەخرێتە خانەی پێشڕەوایەتییەوە؟ ئەی حیکمەت لە بزواندنی بەخیلی و ڕق و وێرانکردنی باوەڕ بە دادپەروەری لە ناخی ئەو خەڵکەدا چییە کە پێشڕەوایەتی نایانگرێتەوە؟ لە کرێی شایستە و ڕێزی پێویستی مرۆڤایەتی و دابینکردنی ئێستا و پاشەڕۆژی کارگەران و ڕەنجدەرانی

کرێگرتە بە ئینساف بیت، جیاوازییەکی گەلێ زۆری هەیە لەگەڵ ئەوەدا لە ختوخۆڕایی چەندین پلە بۆ سەرەوەی خۆی بەرزی بکەیتەوە!

ئەوەی لە بەڕێوەچوونی کاروباردا لە دەوڵەتی سۆڤیەتدا دەیزانین ئەوەیە، ئەوەی ڕەنجدەر لەو نازناو و پێداهەڵدانانە دەستی کەوتووە تەنها زیادکردنی کرێی ڕۆژانەیە و هیچ یەکێ لەو مافانەی پێ نادرێ کە ڕەنجدەرێکی وەک خۆی لە سویسرا یا لوکسەمبۆرگ هەیەتی، وەک پێکهێنانی نقابەی ئازاد یا دەربڕینی نارەزایی بەرانبەر بڕیارێک پەیوەندی بە ژیانی خۆی و خەڵکەوە هەبێ یا دەستوەردان لە سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوە یا خۆپیشاندان بە دەربڕینی بۆچوونی خۆیان..

ئاواتەخوازم ئەو ڕۆژە نزیک بێتەوە دەست لەو کارە ماسولکەییە هەڵگیرێ کە ڕەنجدەر ئەنجامی دەدا تا بزانین بۆ بەردەوامبوون لە سەر بەرزکردنەوەی دروشمە کۆنەکان و نرخاندنی بەرزی ڕۆڵی پێشڕەوایەتی چینی کرێکاران، کە سەردەمیان بە سەر دەچێ، چۆن فێڵ لە واقیع دەکرێ! ڕۆحی سەردەم و بەرژەوەندی مرۆڤ زۆر لە هەڵکەندنی خەندقی ئایدۆلۆژی و فەلسەفی پیرۆزی نێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵگەوە دوورن و چ سووکایەتی گەورەیە ئەگەر پێش بە دەستەی بەئاگا و هەستکردوو بە خۆرگیران و مانگیران بگیرێ!

ڕەنگە بگوترێ ئەو خەندەقانە لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا مەترسیدارتر و ئاشکراترن لەوەی کە لە کۆمەڵگەی سۆسیالیزمی سۆڤیەتدا هەیە و جیاوازی داهاتی خەڵک زیاتر و کاریگەرترە لە بەرزکردنەوەی پلەوپایەی کۆمەڵایەتیدا، منیش دەڵێم هیچ بەویژدانێک پێشوازی لە جیاوازی ناپێویست ناکا و هیچ هۆشمەندێکیش بە بانگهێشەی نزیکبوونەوەی مەودای نێوان توێژ و توێژاڵ و دەستە و چینەکان خۆی هەڵناکێشێ و مەودای گەورە بەو ئاڕاستەیەدا بڕاوە تا

بارودۆخ لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا گەیشتۆتە ئەوەی کۆمەڵگە لە نەهێشتنی جیاوازیدا ببێ بە کۆمەڵگەی نموونەیی «بەهای کۆمەڵایەتی یاسایی) تاکەکان.

بەڵام ئەو جیاوازییەی لە واقعی ژیاندا هەیە هەندێکی لە سروشتی کۆمەڵگە خۆیەتی و بە ئارەزووی ڕەها لاناکەوێ و بۆ ئەوەی سەرەکوەزیران و فەڕاشی بەر دەرگاکەی یەکسان بن پێویستە مەودایەکی وەها بۆ نەهێشتنی ئەو جیاوازییە ببڕدرێ ئەوسەری دیار نەبێ تا دەگاتە ئەوەی سەرەکوەزیران پێویستی بە فەڕاش یا چاودێری بەر دەرگا نەمێنێ.

هیچ حیکمەت و بەرژەوەندییەک لەوەدا نییە یەکسانییەک دابهێندرێ چ بنەمایەکی نەبێ و ئەوە بە زەرەر بە سەر ئەو کۆمەڵگەیەدا دەشکێتەوە کە دایهێناوە. مەترسی بوونی یاسایەک کە دان بەو جیاوازییەدا بنێ وەک لە ڕابردوویەکی نزیکدا هەبوو و ئێستاش لە هەندێ گۆشە یا وڵاتاندا بە ئاشکرا یا شاراوە هەیە کە تیشکیان بەر ناکەوێ. ناشکرێ ڕۆڵی جیهان وەلا بنرێ و ناکرێ لە تاقیگە و کەرەسەی لێکۆڵینەوە و جێیەکی ئاسوودە بۆ وردبوونەوە جیا بکرێتەوە و هەر دەبێ مەرجەکانی کارەکەی بۆ دابین بکرێ تا لە کار و دۆزینەوە و داهێناندا کاریگەر بێ.

هەتا ئێستاش ئیمکان نییە ڕۆڵی کرێکار و وەرزێر نادیدە بکرێ و هەر دەبێ هەبن بەڵام وڵاتێکی شارستانی نییە بە سەر کەسیدا بسەپێنێ تا ببێتە ڕەنجدەر و مافی کەسیش لەبەر ئەوە کەم نەکراوەتەوە چونکە ڕەنجدەرە و کەس دەستدرێژی نەکردۆتە سەر کەسایەتی لەبەر ئەوەی ڕەنجدەرە، یەکێ لەو شتانەی بە بەرفرەوانی زانراوە ئەوەیە کرێکار لە وڵاتە بۆرژوا پێشکەوتووەکاندا تا ئەوەی هەندێ جار دەگاتە ئاستی زێدەڕۆیی مافیان هەیە و پارێزگارییان لێ دەکرێ تا ئەو ئاستەی دەتوانن

به خۆپیشاندان و مانگرتن ئابووری وڵاتەکەیان تێکبدەن، لەگەڵ ئەوەشدا بەشێکی زۆر یا هەموو کرێی خۆشیان وەردەگرن.

لە ناو کتێبەکەدا و لە لاپەڕە ٥٨ و ٥٩ باسی سستەمی «پشکنینی جۆری حکوومەتی» هەیە و لە پەراوێزی ١٥ی لاپەڕە ٥٨دا ئاوها باسی کراوە:

*«سستەمی چاودێری لە سەر چۆنیەتی بەرهەم بە بەڕێوەبەرایەتی دەزگاکانەوە وابەستە نییە و ئەم سستەمە لە سەرەتای کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٨٧ پەیدا بووە»...*

نازانم لە ماوەی ئەو سێ ساڵەی تێپەڕیون ئەم سستەمە چەند سوودی بووە بەڵام وەک من و خەڵکی تر شارەزای کۆمیتەی لەو چەشنەی ئابوورین کە لە سەرەوە سەپێندرابێ و دوور بێ لە شارەزایی کەرەسەی بوون و خوازراوی بازاڕ هەڵوێستی کڕیارەوە، بەو جۆرە کارە ئاسوودە نیم مەگەر هیچ ڕێیەکی تر نەبێ هەڵسەنگاندنی چاک یا خراپی بەرهەمی پێ بکرێ و لیژنەی حکوومەت لە بارودۆخی ئاساییدا خەسڵەتی پەلەنەکردنی هەیە ئەگەر بەراورد بکرێ لەگەڵ کاری تاکەکەسی یا کاری ئازاددا بەراورد بکرێ جگە لەوەی لە لایەکەوە شارەزیی کەمی هەیە و لە لایەکی ترەوە حەماسەتی کەم تێدایە هۆکاریش نەبوونی پەیوەندییە لە نێوان ئەندامانی لیژنەکە و بابەتەکە کە تاقیکردنەوەی لە سەر دەکرێ، هەروەها بەرژەوەندییان بە بەرژەوەندی کڕیارەکانەوە وابەستە نییە وەک بەرژەوەندی بەرهەمهێن پێیانەوە وابەستەیە و ئەگەر کەرەسەکە خراپ بێ، بەرهەمهێنەکەی ئیفلاس بکا.

جگە لەمەش و لەوەش، لیژنەی چاودێری سەر جۆری بەرهەم کاتێ کاری خۆی ئەنجام دەدا، کەرەسەکە بەرهەم هێندراوە و ئەو مەسرەفەی لە کار و پارە تێ چووە کە تێی چووە و ئەوپەڕی ئەرکی ئەوە دەبێ کە ڕای خۆی لە جۆری کەرەسەکە بڵێ جا چاک یا خراپ، جگە لەوەش

به هیچ جۆرێ ناتوانێ ئەو زەرەرە بۆ دەوڵەت و خەڵک بکاتەوە ئەگەر خراپ یا بێکەڵک بێ چونکە شارەزا نییە تا لە کارگەدا ڕێنمایی کرێکاران بۆ چۆنیەتی بەرهەمهێنان بکا و لە یەک پیشە و یەک کارگەشدا تایبەتمەندی نییە تا بە درێژایی ساڵ چاودێری بەرهەمەکان بکا.

ناتوانم قەبارەی خراپی پرۆسەکە و ئەرکەکانی و زەحمەتییەکانی بهێنمە بەر زەین ئەگەر لە درێژایی دەوڵەتی سۆڤیەتدا کۆمیتە لە هەموو بوارێکدا دابندرێ، بە کشتوکاڵ و پیشەسازی و خزمەتگوزاری بەرید و گەیاندن و ئوتێل و ڕێکخراوەیی... هەتا دواییەوە، لە لەوەڕاندنی بزنەوە لە قرغیز تا فڕۆکەی مێگ و کەشتییە ئاسمانییەکان... لە هەندێ فیلمی سۆڤیەتیدا گەندەڵکاریی بازاڕی ڕەشمان دیوە کە زۆر لایەنی ڕەسمی دەستیان لە قوڕاوەکەیدا بووە و سەرۆک گۆرباشۆڤ خۆی قسەی ڕوونی لە بارەی هەندێ فەرمانبەر و حیزبی گەورەوە هەیە کە کاری گوماناوی وا ئەنجام دەدەن کە دەگاتە ئاستی کوشتن، ئیتر ئاستی ئەو کۆمیتە ناوبراوانە لەو زەریا بە پێچوپەنایەدا چۆن دەبێ کە بە بەرینایی و ئاڵۆزی لوولە خوێنەکان و دەزگای لەمفی جەستەی زندوون و لە هەموو پلەکانی بەرهەمهێناندا هەن بە تایبەتی لە کشتوکاڵدا لە کاتی چاندنی شتڵەوە بگرە تا دەگاتە ئەوەی بەرهەمەکە دەگاتە پیشانگەی خێروخۆشی بازاڕ..

کۆی پرۆسەکە زەبەلاح و ناسەرکەوتوو و وێرانکەر و بەفیڕۆدەری پارە و کۆششە و لە ئەنجامدا تەنها گرێیەکی ترە و دەخرێتە سەر ئەو گرێیانەی تر کە پێویستە بکرێنەوە. بەرهەم هەر دەبێ خۆی چاودێر بێ بە دیار خۆیەوە، هەروەها خزمەتگوزاری و لایەنەکانی تری کۆمەڵگە و ئەوەش ناکرێ مەگەر بەوەی ئەرکی بەرهەم خزمەتگوزاری بخرێتە سەر بەرهەمهێن و خزمەتگوزار، واتە کەرەسەی بەرهەم و هۆکاری ڕزقی ببنە موڵکی خۆی. ئەوە تاکە ڕێگایە کە سەرکەوتنی مسۆگەرە و

هەر لەبەر ئەوە لە لایەن ڕێبازی سۆسیالیزمەوە ڕەت کراوەتەوە مارکس گوتوویەتی و لینین دووپاتی کردۆتەوە و دەرویشە حیزبییە گۆشەگیر و بیرۆکراتەکان کە پێیان خۆشە بە جۆرێ مرۆڤ لە قاڵب بدەن بە کەڵکی مێژووی خەباتی چینایەتی بێ.

بە هەر حاڵ، دەوڵەتی سۆڤیەتی چاوەڕوانی فەتوای من ناکا بۆ ئەوەی دەست لە دروشمە مێژووییەکان هەڵگرێ و ئەو دروشمانەش چاوەڕوانی تاقیکردنەوەی تر ناکەن بۆ ئەوەی بێکەڵکی خۆیان بسەلمێنن یا بیسەلمێنن هەر لە بنەڕەتدا بابەتێکن. من ئەمە لە ١٩٩٠/١/١٦ دەنووسم و دەنگوباسی تێکهەڵقژانی خوێناوی لە نێوان ئازەر و ئەرمەن دنیای پڕ کردووە و دەیان کوژراوی لێ کەوتۆتەوە و کێشەکە تەشەنەی کردووە تا ئەوەی سوپای ڕووسیا دەستی تێ وەرداوە و ئەوەش بەڵگەیەکی ڕوونە بۆ ئەوەی چارەسەری کێشەی نەتەوایەتی و ئاینی لە ڕێی ئابووری و چینایەتییەوە شکست دێنێ و دەڵێم لەگەڵ گەرمترین ئاوات و دڵسۆزانەترین ئاواتدا بۆ ڕەوینەوەی هەورەکە بە ئاسوودەیی، کاریگەری چاودێری لە سەر جۆری بەرهەم لەو چارەسەرە چاوخەڵەتێنە باشتر نییە کە بۆ ناگۆرنۆ قەرەباغ و هەموو کێشەیەکی تر کرا کە جگە لە زۆرەملێ، چارەسەری تری ڕاستیان نەبووە.

بۆ ئەوەیشی لە پەراوێزی ١٥دا نووسراوە تاقیکردنەوە هەتا ڕۆژی نووسینی پەراوێزەکە لە ناوەڕاستی ١٩٨٨ لە ١٥٠٠ دەزگای پیشەسازیدا کراوە و نازانین دوای یەک ساڵ و نیو لە جێبەجێکردنی سەرکەوتن و شکستی لە واقیعدا تا چ ئاستێک بووە بەڵام لە بواری قسەی ڕەسمیدا بە ڕێژەیەکی زۆر سەرکەوتوو بووە و بە گوێرەی هەڵسەنگاندنی منیش باوەڕ ناکەم سەرکەوتنی لەگەڵدا بێ و لەوەشە موعجیزە بقەومێ و من بەهەڵەدا چووبم.

دوای قسەیەکی گردەبڕ لە ناوەڕاستی لاپەڕە ٥٩دا پەرەستڕۆیکا شۆڕشە و هەر دەبێ هەتا کۆتایی لە سەر کارکردن و بەدیهێنانی پێشکەوتن هەموو ڕۆژێ بەردەوام بین و سیاسەت لە هەموو کارێکی شۆڕشگێڕیدا، بە پەرەستڕۆیکاشەوە گرنگترین شتە و بە پەرەپێدانی دیموکراسی ڕاستەقینە و بەرفرەوان و خەباتی بێ وچانی دژی ڕۆتین و یاساشکێنی و بە بەشداریکردنی چالاکانەی جەماوەر لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتدا یەکەمایەتی پێ دەدەین و هەموو ئەوانەش، کە مەسەلەی دەسەڵاتن، لە هەموو شۆڕشێکدا بە مەسەلە بنەڕەتییەکەوە وابەستەن.

دوای هەموو ئەوانە و لە سەری دێڕێکی نوێی کۆتایی لاپەڕەکەدا دەڵێ:

*«دەسەڵاتی سۆڤیەتیش ناگۆڕین و لە باوەڕە بنەماکانی لانادەین بەڵام دانی پێدا دەنێین کە پێویستمان بە گۆڕانکاری وا هەیە سۆسیالیزم بەهێز بکا و لە ڕووی سیاسییەوە واتای هەبێ و مافی ئەوەشمان هەیە بە جۆرێ باسی هەنگاوەکانمان بکەین کە بەرنامەی گۆڕانکارییە لە سستەمی سیاسیماندا و لە پێناوی پەرەسەندنی دیموکراسی بەربڵاویشدایە».*

تێگەیشتن لە چۆنیەتی تێکەڵکردنی هێشتنەوەی دەسەڵاتی سۆڤیەتی و بەرنامەیەک بۆ گۆڕانکاری لە سستەمی سیاسیدا لە سەر بنەمای دیموکراسی بەرفرەوان هەڵچندرابێ ئاسان نییە و ئاخۆ جیاوازی لە نێوان دەسەڵاتی سۆڤیەتی و سستەمی سیاسیدا هەیە؟ ئەی دەسەڵاتی سۆڤیەت خۆی بڕیاری گۆڕانکاری سستەمی سیاسی داوە؟ ئەگەر دەستکاری دەسەڵاتی سۆڤیەتی و حیزبی نەکرێ گۆڕانکاری چۆن دەکرێ؟ ئەی ئەگەر دەرگای گۆڕینی دەسەڵات داخرابێ فرەهەڵبژاران قەدەغە بێ و خاوەنداریێتی بۆ تاک حەرام بێ، دیموکراسی بەرفرەوان چ دەگەیەنێ؟

چەند هەوڵ بدەم لە پێک گەیشتنی ئەو ئامانجە لێکدوورانە تێبگەم بە ئەنجامێکی وا ناگەم دڵم داکەوێ مەگەر ئەوەی باسکردنی لە کتێبەکەدا ڕاگەیاندنی ئەوە بێ کە دەستەی پەرەسترۆیکا دەسەڵاتی ئەوەیان بەخۆیان دابێ چی بە پێویست و چاک دەزانن ئەوە بکەن و ئەوەش ئەوەندەی پەیوەندی بە بێدەنگکردنی گۆشەگیرەکانەوە هەیە زۆر لە جێی خۆیدایە و ئەوەندەشی بۆ بێدەنگکردنی خاوەن داواکاری گۆڕانەوە هەیە، دیسان پێویستە بە مەرجێ بەرەو بێدەنگکرنی ئەو ڕاپەڕینە نەچێ کە پەرەسترۆیکا دەستی پێ کردووە چونکە مادام سەرۆک گورباشۆڤ و ئەوانەی لەگەڵیدان باوەڕیان بە گۆڕان هەیە، لە سەری سوورن لایەنگری جەماوەریان هەبێ بۆ ئەوان گەورەترین و بەهێزترین دڵنیاییە بۆ ئەوەی بە سەر بەربەستەکاندا سەرکەون و زەحمەتییەکان ئاسان بکەن، چونکە ئەرکەکە قورسە و درێژخایەنە و ئەنجامی قورسە و لایەنی ڕێتێچوون و ڕووەکانی زۆرن. سەرنجەکانی منیش وەک خۆیان دەمێننەوە... جێپەنجە لە سەر کاغەز.

لە ناوەڕاستی لاپەڕە ٦٠دا و دوای چەند دێڕێک لە باسی پێداویستی بۆ سەرکەوتنی پەرەسترۆیکا ئەم داڕشتنە وەک بەرهەمی واتای چەند دێڕێکی پێش خۆی دێ و دەڵێ:

*«جارێکی تریش واتای ڕاستەقینەی سۆسیالیزم بووەوە بە پێشەکی بەو حیسابە، لە پلەی یەکەمدا بزووتنەوەیەکی سیاسی ئایدۆلۆژی جەماوەرییە، بزووتنەوەی بناغەیە و لە بنەڕەتدا، هێزی خۆی لە وشیاری و چالاکی مرۆڤ وەردەگرێ».*

لێرەدا سەرنجێکی گرنگ هەیە کە پێش سەرنجی تر دەکەوێتەوە ئەوەش ئەوەیە ئەو سۆسیالیزمەی سەرۆک گورباشۆڤ باسی کردووە کە

«سیاسەت و ئایدۆلۆژیا»یە ئەو سۆسیالیزمە پەیڕەوکراوەی دەوڵەتی سۆڤیەتە و بە ڕاستی ئەوەیە کە دەیڵێ «سیاسەت و ئایدۆلۆژیا»یە بە یەکەم و چوارەم و حەوتەم پلە ئەوجا جێبەجێکردن دێ بە پێی ئەو بیر و باوەڕانەی لە هۆشی سەرانی شۆڕشدا خەتم بوونە بێ گوێدانە واقیع و باری ئابووری و پێویستییەکانی خەڵکی و لە سەر ئەو شتانە پێویستە خۆیان لەگەڵ ئامانجەکانی سیاسەت و ئایدۆلۆژیادا بگونجێنن نەک بە پێی سروشتی خۆیان، ئەگەر ئەوەش نەکەن پێویستە بە پێی دەرمانی سیاسی چارەسەر بکرێن، ئەوەش تەمێ و ڕێنماییە لە پلەی چوارەمدا و چەوساندنەوە و تۆقاندنە لە پلەی یەکەم و دووەم و سێیەمدا...

سۆسیالیزمی ڕاستەقینەش، ئەگەر لە گەشەکردنی ڕاست و دروستەوە سەری هەڵدابێ و بە دەنگی لۆژیکی گۆڕانکاری و پەرەسەندنی ڕاستییەوە – نەک دەستکرد- هاتبێ زۆر لە بیری ڕەها و ئەو سیاسەتە ڕەهایەوە دوورە و وەک دووری خواپەرستی لە پێداویستییەکانی پەروەردەی ماسی و دروستکردنی دۆشاو و چاککردنی ڕێگاوبان، لەو ڕاستییە ئاشکرایانەشەوە بەم ئەنجامانە دەگەین:

1- لە خەسڵەتی ڕەهای سۆسیالیزمی مارکسی لینینییەوە، بە حیساب وەک سەپاندنی یۆگا و ژماردنی ئەستێرەکان، لە سەرەتاوە جێبەجێکردنی ئاسانە چونکە بنەمایەکی ئابووری پێشکەوتوو و مەرجی شارستانەتی هاولفی خۆی ناوێ مەگەر دوای پێشکەوتنێکی زۆری هەمەلایەنە. هەر زووش ماندووبوون، وەک ماندوبوون لە یۆگا و لە ژماردنی ئەستێرە، دەردەکەوێ چونکە هەموو ئەوانە بە سەر مرۆڤدا دەسەپێندرێ. مادام یۆگا و ژماردنی ئەستێرە بە نهێنی دەکرێن، دەشێ تەمبەڵییان تێدا بکرێ وەک چۆن لە سۆسیالیزمی ئایدۆلۆژیدا

دەشێ بە هیتافکێشان و بیانووهێنانەوە و فێڵی حیساب و ژمارەی خەیاڵی و درۆی بێ بنەما شکستەکانی داپۆشرێن و کاری درۆزنان و داهێنەرانی سەرلێشێوان بە بێ کار و شێواز و هیچ شتێ شکست دێنێ. ئەوانەشی دەیانپارێزن و بەرگرییان لێ دەکەن قارەمانانی وەک خۆیانن لە سەرکردایەتیدا و عەرشی خۆیان بە خەیاڵی بۆش و ڕێبزری شێتانە پیکهێناوە و دەڵێی نەدەکرا لەوەی بوو چاکتر بێ.

2- لە خەسڵەتی ڕەهای سۆسیالیزمی سۆڤیەتەوە «مارکسی لینینی» خەرمانەی پیرۆزی و بەردەوامی سەر هەڵدەدا: لەبەر ئەوەی بەرهەمی شۆڕشێکە لە ڕۆژی یەکەمەوە بە پیرۆز زانراوە لە یەکەم چرکەی جێبەجێکردنەوە پیرۆز دەبێ و چەند بە هۆی بێتوانایی خۆیەوە پەکی بکەوێ، دەکرێ، تەنانەت دەبێ هۆکار بخرێتە ئەستۆی ئیمپریالیزم و ئەو هێزانەی لە بەردەمیدا بەربەستن. مادام بە سیاسەتیشەوە وابەستەیە و سیاسەتیش بەردەوامە کۆتایی نییە و کۆتایی سۆسیالیزمی ڕەهاش دیار نییە و چۆن بە سیاسەت و ئایدۆلۆژیا دەستی پێ کردووە، ئاوهاش بە سیاسەت و ئایدۆلۆژیا کۆتایی دێ. واتە هەر سێکیان پێکەوە دەژین و پێکەوە دەمردن.. لە ڕۆژی ئەمڕۆدا لە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپادا دەبینین بە جارێ خۆیان لە سۆسیالیزم و ئایدۆلۆژیا و ئەو سیاسەتەی لە سەریان هەڵچندراوە دادەماڵێنن و هەندێکیان ئێستا بۆ خۆداماڵاندن، وەک چۆن ماری بەهار لە گەشەکردنی تازەیدا کەوڵەکەی دادەماڵێنێ، ئەوانیش بۆ خۆداماڵاندن خەریکی خۆ گەوزاندنن...

3- له ڕووی واتای ناتەباییشەوە دەبینین ئەو سۆسیالیزمەی له پەرەسەندنی ساغڵەم و پێویستی تازەی دوور له دروشم و هیتافی ئایدۆلۆژی و پیرۆزی و قسەی بۆشی لەو جۆرانه کەوتۆتەوە وەک برسێتیی نیوەڕوانان له خۆڕا دێ و وەک نیوەڕۆژە و شێو بە بێ ڕێوڕەسم ئەنجام دەدرێ و وەک چۆن منداڵ له ئاوس دەکەوێتەوە، یاسای لێ دەکەوێتەوە و یاساکانیش بە پێی کات، وەک مردنی دایک و کۆرپە له کاتی خۆیاندا دەمردن و پەیدابوون و گەشەسەندن و لەناوچوونیان جێی سەرسوڕمان نین و پرۆسەی قارەمانێتی نییە و نیشانەی ئازایەتی له وەرز و میهرەجان و کەرنەڤاڵدا بە بەرۆکەوە ناکرێ.

دەکرێ له هەموو ئەوەی تێپەڕی، بەو ئەنجامە بگەین کە گەیشتن بە کۆمۆنیزمی ڕاستەقینە له ڕێی سۆسیالیزمی لینینی مارکسییەوە مەحاڵە مەگەر بە پڕوپاگەندە، له سۆسیالیزمی بۆرژوازیشدا چ له واقیعدا و چ بە پڕوپاگەندە ڕێی تێ دەچێ. له بیرمە له گۆڤاری ژووری بازرگانیی بەغدا ساڵی ١٩٦٠ گوتاری سیاسی ئابووریم دەنووسی و له یەکێکیاندا له بارەی سەرمایەوە شتێکم نووسیبوو و ئەو قسەیەم ڕەت کردبۆوە گوایە سەرمایە ترسنۆکە و ڕوونم کردبۆوە کە سەرمایە ئەگەر لۆژیکانە و ساغ بێ له هەموو شتێ بوێرترە و ترسنۆک نییە بەڵام سەرشێتیش نییە و هەر سەرمایە ڕێگای ئاوریشمی نێوان چین و ئەورووپای دەبڕی نەک چالاکییەکانی تری مرۆڤ تا ئەوەی غەزای هەموو غەزووکارانی وەک هانیباڵ و ئەسکەندری مەکەدۆنی و ناپلیۆن و پەلەوەرە ڕەوکەرەکانی تێپەڕاند...

سەرمایە لە ڕۆژی ئەمڕۆشماندا هەر خۆی قارەمانی ڕێگای ئاوریشمە و خۆراکی بێ هاتوهاواری کۆمۆنیزمە ئەگەر بەرژەوەندی یا پێداویستی ژیان بخوازێ بەڵام لەوەدا، لە سێبەری شەڕفرۆشان و خۆبەقارەمانزاناندا قوربانی نادا و ڕێوڕەسمی ئاینی بەجێ ناگەیەنێ.

لە نۆ دێڕی کۆتایی لاپەڕە ٦٠دا قسەی جوان لە ڕستەی کورتی گردەبڕی بە دوای یەکدا لە باسی پەرەسترۆیکادا هاتووە وەکو:

- *«هیچ شتێک هاوشێوەی شۆڕش نییە و دەبێ چالاکی ڕۆژانەی ئێمەش وەک شۆڕش هیچ شتێ هاوشێوەی نەبێ».*
- *«پەرەسترۆیکا پێویستی بە سەرکردەی حیزبی وا هەیە زۆر لە لینین بچن».*
- *«ماستاوچێتی و خۆبەزلزانین و قۆرخکردنی فەرمانبەران لەگەڵ ئەم ڕێبازەدا یەک نایەتەوە».*
- *«ئازایەتی و ئاستی بەرزی ئایدۆلۆژی و پاکژی لە ڕووی مەعنەوییەوە»...*

هەموو ئەوانە جوان و بەرزن بەڵام چۆن دەستووری کاری ئاسایی ڕۆژانە ماندووبوون و بێزاری و بێتاقەتی نایگرنەوە چونکە هەموو ئەوانە لە بەردەوامی حەماسی ناخەوە سەرچاوە دەگرن و ئەوەش هەستی خۆبەخۆیە و بە پارووی ژیانەوە وابەستە نییە وەک پارووی ژیان لە کاری تاکەکەسیدا بە توندی بە چالاکی تاکەکەسەوە وابەستەیە بێ ئەوەی ڕۆژانە بەها و ئەخلاق و غیرەت بخرێنە ڕوو، بێ گوێدانە ئەوەی ئاخۆ تاکەکانی تر لەو خەسڵەتانەدا چ کارەن چونکە هەڵە لە کارەکانیاندا بە سەر کەسی تردا ناشکێتەوە مەگەر تا ئەو ئاستەی جێی سەرنج نەبێ

بە پێوانە لەگەڵ حەماسی تاکەکەسدا لە کاری دەستەجەمعی سۆسیالیزم کە تیایدا ئەگەر حەماسی خەڵک سارد بێ بەکەڵک نامێنێ، ئەمە جگە لەوەی حەماسی هەموو ئەوانی تر لە یەک پرۆژەی سۆسیالستیدا سوودی نابێ ئەگەر بەڕێوەبەران و ئاڕاستەکەرە سەرکردەکان لە ئاستی بەرزەوە تەمبەڵی بکەن چونکە سۆسیالیزم چندراوێکی تێکئالاوی پلەپلەیە و داوەکانی تێکدەئاڵێن و پێکەوە گرێ دەدرێن و هەر یەکە و لە سەر ئەوی تر دەوەستێ و پێکهاتەیەکی بەرتەسک پێکدەهێنن و هەر بۆ پێهاتە ڕەسمییەکان دەشێ و بازاڕی ئازاد یا ڕێکخراوی ئەهلی لە ئارادا نین تا ئەگەر پایە بەرزەکانی بینای سۆسیالیزم توانای نەما یا تەمبەڵی کرد یا یاخی بوو یا لووتبەرزی کرد پەنایان بۆ ببرێ.

موسیبەتی موسیبەتەکانیش لە هەبوونی دەسەڵاتی حیزبی و سەرچاوە ئایدۆلۆژییەکاندا دەمێنێتەوە بێ ئەوەی لایەنێک دادوەر لە ئارادا هەبێ تا ببێتە نێوبژیوان و توانای پەیوەندیکردنی ڕاستەوخۆش بە دەرەوە مەیلەو نەبووە (بۆ پڕکردنەوەی زەرەری ناوخۆ).

هەموو ئەوانەش لە بەشێکی بچووکی کۆی بەربەست و ڕێگر و خنکاندن و ئیفلیجی بەڕێوەبردن و چالاکی ئەو سستەمانە زیاتر نین کە خەسڵەتی هەرەمییان هەیە و توانا و کاریگەری و ئیرادەیان کاتێ بەرەو بنکە دادەبەزێ کەم دەبێتەوە.

ئەگەر وا دابنێین ئیرادەی چاک و ڕوونی چاکەخوازانی سەرکردەی ڕێبەر خۆبەخۆ و خۆبەخشانە لە باشترین حاڵدایە و شتی وەهاش بە دەگمەن نەبێ ڕێکناکەوێ بەڵام ئێمە بۆ خۆپارێزی لە دەمەتەقێ وا دادەنێین هەیە بەڵام ئیرادەی چاکەخواز بە بێ شارەزایی چ سوودێکی هەیە؟ ئەی شارەزایی چۆن لە ملیۆنێک لاوە دێت لە یەک سەرکردایەتی باڵادا کۆ دەبێتەوە؟ تەنها خوا خەسڵەتی شارەزایی لە

هەموو شتێک و پاکژی ڕەهای هەیە و ئەگەر وا دابنێین لە سەرکردایەتی باڵای سۆسیالیزمیشدا هەن ئەوجا پێویستی بە توانای تەواو و دەمودەست هەیە بۆ کاریگەری و جێبەجێکردن بۆ ئەوەی لە ماوەی چەند دەقیقەیەکدا کاری لە سەر چەوتییەک هەبێ کە لە فلادیفستۆک یا بازنەی تەوەری زەویدا هەبێ...

مەحاڵی یەک بە دوای یەکدا ناقرگەی یەکتریان گرتووە و هەموویان دەگوشرێن و تەڕایی خوێنبەر و خوێنهێن و ڕەگی تر و گۆشتی یەکتر، بە بێ هۆکار و پێویستی و بە پێچەوانەی بەرژەوەندی بەشەر چۆڕبڕ دەکەن تا ڕۆژێکی شارستانەتی بەرەو باڵا دەچێ و دەگاتە ئاستێک ویست و ئیرادە و چالاکی دەست لە وەعز و وەعزدەران و فەرمانی یاساکان و بزوێنەری بەرژەوەندی کەسی بەردەدەن و بۆ دابینکردنی تێروتەسەلی دەست بە ڕەفتاری چاک و کاریگەر دەکەن. لەو کاتەشدا، بەر لە هەموو شتێک پێویست بە سستەمی سۆسیالیزمی مارکسی لینینی نامێنێ کە پەرژین دروست بکا و شوورە بنیات بنێ و نیشانەی ڕێگاوبان بۆ بزربووان دانێ و تەمبەڵەکان هان بدا.

مەسەلەکە بە هەر ڕوویەکی جیاوازیدا هەڵگێڕدرێتەوە لەوە دەرناچێ دەسەڵاتی حیزبی و ئایدۆلۆژی و ئامانجی دیاریکراو و دەستهەڵگرتن لە جێگری مرۆیی بە هەست و نەست لە لایەن خواوە لاکەوێ و چاودێر و پشکنەر و وەکیل جێی مەلایەکەتە لە خواوە نزیکەکان بگرنەوە و شەیتانی «ئابووری ئازاد»-یش دەر بکەن لە بەهەشتی پاکان: کرێکار و وەرزێر و ڕۆشنبیرانی بواری مارکس و لینین.

دوای ئەم ماوە درێژە ماندووکەرەی کە کورتم کردۆتەوە، جێی سەرسوڕمانە، سەرەقەڵەمی زۆرم لێ لابردووە و قسەم لە سەریان نەکردووە و بۆچوون و سەرنج و ڕەخنەی بێسنوورم لە توێی ویژداندا

حەپس کردووە، دەگەینە سەردێڕێکی تازەی سەرەتای لاپەڕە ٦١ کە ئەمە دەقەکەیەتی: «شۆڕش لە سەرەوە - حیزب و پەرەسترۆیکا».

لەو پێنج لاپەڕەیەی کە بۆ شەرحی ئەو سەردێڕەی کتێبەکەی سەرۆک گورباشۆڤ تەرخان کراون سەرەقەڵەمی یەکجار زۆر هاتوون، کە هەندێکیان چارەکە دێڕێکە و هەندێکیان چەند دێڕێک و ڕەنگیشە وشەیەک کە خۆی پێویستی بە سەرەقەڵەمی سەربەخۆی لەسەروەستان هەبێ. لە واتای ڕستەکانیشەوە ئاشکرایە قسەکان لە کاتێکدا کراون سەرەتای ناخۆشییەکان سەریان هەڵداوە بەڵام گەورە نەبوونە.

زیاترین گومانم ئەوەیە، ئەوەی لە نیەتپاکی بەرانبەر سۆسیالیزمی زانستی و لێهاتووی لینین و دانایی مارکس ماوەتەوە کاری سەرۆک گورباشۆڤی ئاسان کردووە بەدوورخستنی جیابوونەوەی خەڵک و سۆسیالیزم و جێبەجێکردنەکانی، لەگەڵ زیادبوونی ناتەبایی لە سەر «ڕەگەز» بە شێوەیەک، ئەگەر تارمایی زەبەلاحی سۆڤیەت وەک زلهێزێکی دانپێدانراو و خاوەن دەسەڵاتی یاسایی نەبوایە، گومان دەکەوتە سەر چارەسەر لە سەر بنەمای چیانەتی و دەرمانی «ناتەبایی»... سۆز، بەرانبەر خوای قەدەغەکراو و پەرستگەی داخراو و ڕێوڕەسمی نامادەی بەئاگا بێتەوە، تا دەگاتە ئەوەی حیزب قەدەغە بکرێ و کۆمۆنیزم هەڵبوەشێتەوە و کەلەپووری حەفتا ساڵی ڕابردوو بسڕێتەوە، بە تایبەتی لە کۆمارەکانی ڕۆژهەڵات و باشوور و بەڵتیکدا.

پێکهاتنی گەلان لە سەر ڕقبوونەوە لەو ستەمەی بە سەریاندا سەپاوە گوایە حەتمیەتی مێژوو و پێویستی گەشەکردن و ڕێبازی پێگەیشتنە و ئەوەش بخەری سەریان دەسەڵاتی باڵا و سەرچاوەی یەکەم و ژیانبەخشی، ڕووسیا بەلشەڤی، ڕێگر بێ لەوەی لە چەقبەستن دەربهێندرێ و دەردی چارەسەر بکرێ، بەڵگەی ئەوەیە ئەوەی تووشی

بووە پەتایەکی کاتی و لاوازییەکی ڕێڕەوی نییە تا سستەمەکە، وەک جەستەی زندوو کە بەرانبەر میکرۆبی دزەکردوو لە ناکاو چالاک دەبێ، ئەویش بە کەرەسەی بەرگری خۆی چاک بێتەوە. لە هەموو مێژوودا بە دەگمەن بووە باوەڕێک لە ماوەیەکی پێوانەیی کورتدا هەرەسی هێنابێ یا دیوارێک لە خۆوە ڕووخابێ، وەک ئەوەی دیتمان «سۆسیالیزمی زانستی» بە سەریدا هات و وەک ئەوەی خۆی نەخۆشییە کاتییەکە و میکرۆبە دزەکردووەکە بێ، بەرەو لەناچوون لار بووەوە ئەگەرچی دەسەڵاتداری بکوژ و ببڕ لەو وڵاتانەدا کە خەریکە لێیان دەبێتەوە خۆی بوو.

خۆ «مانەوی» و لە پێش ئەویشدا «مەزدەکی» و ئەوجا «نازی»، خۆیان نەمانیان بۆ خۆیان هەڵنەبژارد، بەڵکو دیتمان نازییەکان بۆ مانەوە، بە یەکگرتوویی بە گژ ئەو مەحاڵانەدا چوونەوە کە دەورەیان دابوون هەتا لە ڕێی داگیرکردنەوە هەرەسیان هێنا و یەک سەرکردەشیان بە دەستی گەلی ئەڵمان ئەوەی بە سەردا نەهات کە بە سەر زۆربەی سەرکردە سۆسیالستە زانستیەکاندا هات، کاتێ لە ڕێی جەماوەرەوە ڕووخان و هەندێکیان ئیعدام کران.

ئەمڕۆ ئەوانە بە مۆسۆلینی دەچن لەگەڵ ئەو جیاوازییەی هێزی سوپای ئەمەریکا و بەریتانیا لە ئیتالیا، ساڵی ۱۹۴۳ و دواتر، بۆ جەماوەری ئیتالی کە ڕقیان لە فاشییەکان هەڵگرتبوو هاندەر بوو بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپادا، بە بەر چاوی لەشکری بەهێزی ڕووسەوە، گەلان ئەو دەسەڵاتانەی وڵاتی خۆیان ڕووت دەکەنەوە کە بە سەریاندا سەپاون و دەسەڵاتداران ڕیسوا دەکەن و سوپای ڕووسیش ئەوەی دەیبینێ پێی خۆش نییە بەڵام ئەو بێدەنگییەی پەرەسترۆیکا بە سەریدا داوە، ناچاری کردووە خۆی تێهەڵنەقورتێنێ.

ئەوەشی لە کۆمارە سۆڤیەتییەکاندا ڕوو دەدا، جگە لە ڕووسیا خۆی و ئۆکراینا، لەوە کەمتر دیار و بە مەغزایە کە لە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپادا ڕوو دەدا و ئەوەندە بەسە چەند ڕۆژێ پێشتر بیستمان «مەنگۆلیای شەعبی» لە دژی «شەعبیەت» چۆتە ململانێوە و داوا دەکات وازی لێ بێنن بۆ ئەوەی چی دەوێ وا بکا...

من کە لە ماڵی خۆم گۆشەگیرم و بە هەستێکی قووڵەوە تەماشای کارەساتە مرۆییەکانی دەوروبەر و دوورەکان دەکەم، ئەوەی بە ڕاستی دڵی خۆش کردم، ڕاگەیاندنێکی دوو ڕۆژ پێش ئێستا (٢٠/١٩-١-١٩٩٠)ی سەرۆک گورباشۆڤ بوو کە دوای پەرەسەندنی کێشەی نێوان ئازەرییەکان و ئەرمەن بوو، لە بارەی گۆڕینی پەیوەندی نێوان ڕووسیای سۆڤیەتی بە دەوڵەتانی تری سۆڤیەتەوە ئەوەش لە ڕێگای پێدانی مافی هەڵبژاردنی هەرچییەکی بە باشی دەزانن نەک بە زیادکردنی هێزی چنگی مەرکەزەوە. ئەوەشی واتای قووڵی خۆی هەیە دوژمنایەتی موسوڵمانە ئازەرەکان بەرانبەر ئەرمەنە مەسیحییەکان ئەو داوایەی بە دوادا هات کە سنووری نێوان خۆیان ئەو ئازەریانەی فارسەکان دەسەڵاتیان بە سەریاندا هەیە لاببرێ تا ڕێ بۆ یەکگرتن خۆش بکەن، لە کاتێکدا ئەو ئەڵمانانەی لە سویسرا دەژین بەرەو ئەوە نەچوون لەگەڵ ئەڵمانیای هیتلەردا، کە لەوپەڕی دەسەڵاتیشدا بوو، یەک بگرن، ئەڵمانیاش بە خێراییەکی مەیلەو خەیاڵی دەستی بە سەر دەوروبەری خۆیدا دەگرت، لەگەڵ سەرنجدانی جیاوازی شارستانەتی نێوان سویسرا و ئازربایجانی سۆڤیەتدا. ئەوە جۆری هەستی باوی ئەو دوو گەلەیە هەر یەکە و لە بارودۆخێکدا کە حوکمی دەکا.

لە کاتێکی زوودا نووسیومە مرۆڤ لە شتێ هەڵدەگەڕێتەوە کە ڕقی لێیەتی و پێچەوانەکەی هەڵدەبژێرێ و بێلایەنی ناکا چونکە لە دەست

ئاگر بەرەو ئاو ڕادەکا و لە لێوارێکی سەربان دەگەڕێتەوە و لە لێوارەکەی ترەوە بەردەبێتەوە خوارێ و دوژمنایەتی هاوڕێی خۆی دەکا و دەچێتە پەنای دوژمن و ئیتر بەو شێوەیە. ئەوەی سروشتی مرۆڤ یا سروشتی شتەکانە ئەوەیە کە بە گوێرەی توانا خۆی ڕادەگەیەنێ ئەگەرچی هەوڵی زۆریش بۆ داپۆشین یا ڕێبزری یا گۆڕینی واتاکەشی بدرێ و بە زۆرداری یا ڕاهێنانی درێژخایەن یا تەڵقین و ڕاهێنان نەبێ، بە تەواوەتی بزر ناکرێ.

بۆ دەمەتەقێش لەگەڵ سەرۆک گورباشۆڤدا لە سەر «شۆڕش لە سەرەوە» ڕا دەربڕینی کە پەرەسترۆیکا شۆڕشێکە لە بناغەوە ئەگەرچی سەرەتاکەی لە سەرکردایەتییەوە بەرپا بوو و بۆ ئەوەش بەڵگە و قسەی لۆژیکانە دەهێنێتەوە. ئەوەی من بە بێلایەنی تەواوەوە دەیبینم ئەوەیە «شۆڕش لە سەرەوە» شتێکی ناحەز نییە تا هاشالێکردن هەڵبگرێ هەر لەبەر ئەوەی جەماوەر پێی هەڵنەستاوە.

ئەگەر بگونجێ شۆڕش لە سەرەوەڕا بکرێ و توندوتیژی و خوێنڕێژی و وێرانکاری و توندڕەوی تێدا نەبن بۆ ئەوەی چەوتی ڕاستبکرێتەوە و گەندەڵی نەهێڵدرێ و لە ڕێی دەزگای ڕەسمی و شەرعییەوە کە بە بێ هاتوهاوار و خۆپیشاندان ئەرکی خۆی بەجێ بگەیەنێ، ماف بە خاوەنماف بگا و ئەگەر کرا ئەم ئەنجامە باشانە بەردەوام بن و بەرەو ڕووی بەدنیازی و پیلانگێڕی و ڕێکخەرانی وێرانکاری و بەرەڵایی، سەد جار و هەزار جار بەرپابوونی لە شۆڕشی جەماوەری باشترە کە زۆربەی جار خراپەکاری و بەدکاری و کارەساتی وای لێ دەکەوێتەوە مرۆڤایەتی قێزی لێ دەبێتەوە و هەمیشەش بێ شارەزاییە لە بەڕێوەبردن و بەردەوامیدان بە بەرژەوەندی تەنانەت بە ڕوونی جیاوازی لە نێوان بەرژەوەند و نابەرژەوەند ناکا و لێی دەوەشێتەوە دووی توندڕەوترین و ماڵوێرانکەرترین دروشم بکەوێ چونکە ئەو شۆڕشە یا زۆرینەی ئەوانەی

ئەنجامیان داوە بەرەو ترووسکایی شتەکان دەچن نەک جەوهەریان و پاڵەوانبازی و کاری دۆن کیشۆتانە و هەڵوێستی شانۆگەری بەتاڵ و دەنگدانەوەی وەک تەپڵیان پێ پیرۆزە و کەمتر گوێ بە قسەی عاقڵانە و تەگبیری زانایانە و دەستهەڵگرتن لە وێرانکاری دەدەن.

بە چاوی خۆمان دەبینین چۆن پەرەسترۆیکا خۆی، بە هەر خەسڵەتێک بێ، ئەوەندەی بە دەستی جەماوەرەوە دەناڵێنێ بە دەست نەیارانەوە ناناڵێنێ. هەتا دەسەڵاتێکی کراوە هەبێ و چاکەی گەرەک بێ و بەرهەڵستی خراپە بکا، جەماوەر بە رێڕەوی وادا دەڕۆن بە خراپە بە سەر پەرەسترۆیکا و خودی جەماوەردا دەشکێتەوە.

ڕاستە کاردانەوە بەرانبەر متبوون بەرەو شتی بێسوود و ناخۆشی دەبا بەڵام ئەوەش ڕاستە ئەو ڕەفتارە تاکە هەڵبژاردە نییە و دەکرێ بە نەختێ خۆڕاگری و زاڵکردنی بەرژەوەندی بە سەر مەترسیدارییەکی مامناوەندێ هەڵبژێرێ و هەم توانا بەوانە ببەخشن کە پەرەسترۆکا ئەنجام دەدەن بۆ ئەوەی پەیڕەوی ڕاگەیەندراوی خۆیان جێبەجێ بکەن هەم ئاگادار بن پەنابردن بۆ سستی چی لێ دەکەوێتەوە. ساڵی ١٩٧٧ باسێکم نووسی و ساڵی ١٩٨٨ لە کاتی دەمەتەقێکردن لە سەر هەندێ وردەکاری شۆڕشی فەرەنسا و هەڵسەنگاندنی بۆچوونی هەندێ لە گەورە سۆسیالستەکان لە سەری بڵاو کرایەوە و یەکێ لە بۆچوونەکان هی ئینگلس بوو (لە کتێبەکەیدا: «دژی دوهرینگ» گوتوویەتی شۆڕشی فەرەنسا کرێی زاوایەتی لە دەرەبەگ سەندەوە و دای بە بۆرژوا، هەروەها قسەی سۆسیالستی ئیتالی لابریۆلا کە دەڵێ بە هۆی نەفامییەوە، لە جێبەجێکردنی دروشمە بریقەدارەکانیدا شکستی هێنا و پلیخانۆفیش بۆ پێچەوانەی ئەوەی دەباتەوە و دەڵێ شۆڕشی فەرەنسا ئاگای لە پێویستییەکانی سەردەمی خۆی بوو و بە ئامانجەکانی خۆی گەیشت.

منیش نووسیم خەڵکانێکی کەم هەستیان بە پێویستییەکانی سەردەم و بەرژەوەندی جەماوەر دەکرد بەڵام نەیانتوانی لە سەر ڕووداوەکان کاریگەرییان هەبێ و ژمارەیەکی کەمی دەوروبەری ناپلیۆن و هیتلەر لە داگیرکردنی ڕووسیادا هەستیان بە هەڵەی بۆچوونەکانیان دەکرد و ئەوانەش ڕێنماییان دەکردن بەڵام ئەو دووە گوێیان لە کەس نەدەگرت. ئەوەشم گوت هەر سەردەمێک لەوانەی مرۆڤی پێدا تێپەڕیوە، مرۆ نەیتوانی درک بە کێشەکانی سەردەمی خۆی بکا و بۆ لێحاڵیبوونی، پێویستی بە سەردەمی دواتر بووە. تەنانەت لە داهێنانە زانستییەکان و دۆزینەوەکانیشدا خەڵکە هەرە لێهاتووەی سەردەمەکە بە وردبینی خۆیان تەمی بەر چاوی سەردەمی خۆیان سمیوە و لێی تێگەیشتوون و پێشبینی چۆنیەتی داهاتوویان کردووە و بە بێ ئەوەی چاوەڕوان بن قافڵەی سەرجەمی مرۆڤایەتی بەرەو ئاستی باڵا سەرکەوێ، کاریان بۆ کردووە.

بەڵگەنەویستانە دەزانم کە «ڕێژەیی» هی ئەوە نەبوو لە سەدەی حەڤدەدا بدۆزرێتەوە بەڵام ئەوەش دەزانم چەخماخەی بیری ئەنیشتاین پێش تواناکانی سەرەتای سەدەی بیستەم کەوتبۆوە و تواناکانی سەردەم لە بەر دەستی ئەو و خەڵکی تردا هەبوون. جا ڕێکەوت نییە و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی ئەو مافەی زەوت ناکا کە یەکێ لە ڕۆڵەکانی بە زەینی خۆی تەمی سەر گەورەترین نهێنی فیزیای بڕیوە.

زەحمەتییەکانی پەرەسترۆیکا ڕوون و لە بەر چاوی کراوەدان و زەرەری زیادەڕۆیی جەماوەر بۆ پەلەکردن و داواکاریش، لە هۆشی کراوە شاراوە نین و ئەگەر خەڵکەکەش وەک کەسە باڵاکان بە هەستی ساغەوە تێگەیشتبان ئەو کێشانەی لە کۆڵ دەبوونەوە کە بێگومان لە ڕێبڕینی پاشەڕۆژدا دێنە پێشی. ملیۆنان خەڵک جێی هەنگاوی خۆیان لێ دیار نییە و کەمێکی کەمیش هەیە ئەنجامی کاروبار لە دوای یەک ساڵ و

دوو ساڵدا له بەر چاویاندایه. مەرج نییه ئەمان و ئەوان له پلەی دواکەوتنی زەین یا پێشکەوتنیدا یەکسان بن چونکه تاکەکانی جەماوەر جیاوازییان هەیه، هەروەها تاکەکانی کەمه لێهاتووەکان.

به هۆی پەرۆشیمەوە بۆ سەلامەتی پەرەسترۆیکا، ڕێ به خۆم دەدەم بڵێم زیادەڕۆیی له کرانەوەی خەڵکی سەر به بنیاتنانەوە لەگەڵ جەماوەردا به قەدەر ئەوە بەدبینینی پاشەڕۆژە که بەرانبەر به چەقبەستووان و ناحەزانی ڕەوتەکه ئاسانکاری بکرێ. بگره ئەو بەدبینییه دەوڵەته ڕۆژاواییەکان و وڵاته یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش، له پلەی یەکەمدا دەگرێتەوە ئەگەر به ئانقەست دژایەتی سەرۆک گورباشۆڤ بکەن یا له ئاسانکاری بۆ ئەرکەکەی کەمتەرخەم بن چونکه بەرژەوەندییەکانی مرۆڤایەتی که خراونەته تای ئەو تەرازووەوە که گورباشۆڤ فریای کەوت و خۆی و هاوڕێکانی وەک قورسترین ئەرکی شارستانەتی و مێژووی که ڕووبەڕووی مرۆڤ بۆتەوە خستیانه ئەستۆ و بەرژەوەندی مرۆڤیش پێناسەی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژاوایی و نەوتی و ڕەگەزی و چینایەتی نییه و چارەنووسی مرۆڤ و بوون و مانەوەیەتی و دوور نییه وەک داینەسۆر و ماموس ببێ به لەناوچووان.

گورباشۆڤ به خۆ و به درککردنی قووڵ و فرەلایەنەوە له سەریەتی بۆ هەمیشه گرفتی چینایەتی و ئایدۆلۆژی و حیسابی دڵڕاگرتنی مردوو و باوەڕ تێپەڕێنێ: سەرنەکەوتنت، ئەی گورباشۆڤ، به هۆی نەمانی باوەڕی خەڵکەوە پێت لەبەر ئەوەی خۆت به قسه و بەرنامه و باوەڕی وەهاوە گرتووە که چی تر دەیەکی خەڵکی گەلەکەت بۆ خۆی ڕاناکێشێ لەدەستدانی ئەمانەتێکه لەوپەڕی ئەوپەڕی پیرۆزی و ئەوپەڕی ئەوپەڕی گرنگیدایه که بۆ کەسی سیاسەتمەداری پێش خۆت هەڵنەکەوتووە ئەو شەرەف و کەرامەتەی بەرکەوتبێ و باوەڕیش ناکەم بۆ کەس، تەنانەت

بۆ گورباشۆف خۆشی ئاسان بێ لەو ڕاستییە گەورەیە تێبگا و هەست بە ڕەهەند و مەبەستەکانی بکا: سروشتی بەشەر وایە هەڵسەنگاندنی بۆ شتێک یا نیعەمتێکی بەر دەستی کە بۆ ئارەزووی ئامادە بێ کەمبایەخ دەبێ و مەیلی بۆ شتی دوورەدەست زیاد دەکا و یەکێ لە قسەکانی کریشنا مینەن، وەزیری بەناوبانگی هندی، ئەوەیە کاتێ منداڵ بووە حەزی لەو جلانە بووە کە لە ڕەفە بەرزەکاندا بووە و دەستی پێیان نەگەیشتووە، بەڵام کە کەڵەگەتر بووە و دەستی پێیان گەیشتووە، حەزی لێیان نەماوە.

سەرۆک گورباشۆف لە بارەی مەترسی بارودۆخەکە و پێویستی ئاشتییەوە قسە و قسەگەلی یەکلاکەرەوەی کردووە کە لەوپەڕی گەورەیی و شەهامەتدا بوونە و لە پێداویستی ئەو قسانە و کەرەسەکانی ئەوەیە کەلەپووری شۆڕشگێڕی و ئایدۆلۆژی و هونەری و زانستی ببنە پێداویستییەکانی ئەو ئامانجە مەترسیدارەی کە مەترسی لە دوایەوە نییە و هەموو کەلەپوور و زانست و هونەر بەهایان نامێنێ ئەگەر لە پارێزگاریکردنی ئاسایشی مرۆڤ و زامنکردنی مانەوەی شکست بێنێ، ئەی ئەگەر بوو بە بەربەست لە بەردەم زامنکردنی ئاسیشیدا چی لێ دێ؟

ئەم قسەیە کە لە لایەن نووسەرێکی وەک منەوە ڕووی لە سەرۆک گورباشۆڤە و جگە لە نووکی قەڵەم هیچی ترم نییە سووککردنی باری ویژدانە لە قورسترین ئەرکی سەر شانی و جگە لەوەی کە گوتم چی هەیە بیڵێم لە مەترسیدارترین مەترسی لەناوچوون کە چاوی تێ بڕیوین. ئەمڕۆ سەرۆک گورباشۆڤ چارەنووسی هەمووومان و هەموویانی خستۆتە ئەستۆی خۆی و ڕووی نووسین و قسەشم کە لەوە، لەبەر ئەوەیە دەستی بەوە کردووە کە دوو ئەرک بخاتە ئەستۆ کە هەرووکیان تێکئالاو و

وابەستەی یەکترن: ئەرکی دەربازکردنی ئەو بەرژەوەندییانەی وڵاتەکەی کە دارماون و ئەرکی دەربازکردنی مرۆڤایەتی لە کارەساتی ئەتۆمی. لە ناو سنوورەکانی وڵاتەکەی خۆیدا ناتوانێ بارودۆخ رێک بخا ئەگەر لە سەلامەتی و ئاسایشی جیهان دڵنیا نەبێ و پێکەوەژیانی بێهەرەشە بەردەوام نەبێ، ناشتوانی رێگری لە کارەساتی ئەتۆمی بکا ئەگەر لە چارەسەرکردنی دەردەی کۆمەڵگاکەی خۆی سەرکەوتوو نەبێ.

رووی قسەم لە زەبەلاحەکەی تر، USA نییە چونکە ئەوان شتی هاوشانی پەرەسترۆیکایان نییە پەیوەندی راستەوخۆی بە بەرژەوەندی جیهانەوە بێ و بۆ گەیشتن بە ئاشتییەکی دادپەروەرانەی بەردەوام چارەسەر بۆ کێشەکانی سەردەم دابنێ ئەگەرچی لە رواڵەتیشدا بێ. جگە لەوەش، ئەمەریکا لای من یا لای کەسێکی تر یا کۆمەڵە خەڵکێک رەمز نییە و بە بەڵێنی فەلسەفی و ئایدۆلۆژی بۆ گەیشتن بە رێگەی دەربازبوون خۆی نەکردۆتە مەسیحی ئەم سەدەیە، وەک فەلسەفەی لینین مارکس لە پەیامی خۆیدا بۆ سەرجەمی کرێکاران و گەلان لە بەرنامەی راگەیەندراوی خۆیدا باسی کردووە و دڵی سەدان ملیۆن کەسی راکێشاوە، لەوانەش ژمارەیەک، کە کەم نییە، لە خەڵکی وڵاتی من و دراوسێ و عەشیرەتی من کە دوو نەوەیان بە تەواوی بە ناو با و درووێنەی وەهم و بیناسازی خەیاڵدا لێ پەرشوبڵاو بووەوە بەڵام لە ماوەی شەست ساڵدا کە رووداوەکانیم لە بیرە، تاکە یەک کەسم لەو گەلە نەدی کە من یەکێکیانم، سۆزێکی لە کار رەهاشی بۆ ئەمەریکا دەربڕیبێ.

ئەگەر قسەکانم نەشگەنە بەر گوێی سەرۆک گورباشۆڤ، با بیانووم بۆ ئاراستەکردنی قسان بەهێز و باوەڕهێنەر بن. نیەتی چاکەخوازی پێویستی بە بەڵگە نییە پشتئەستووری بکا یا دەستکەوتێ بەرگری لێ بکا. را دەربڕینیش مافێکی رەوایە بە تایبەتی لەو کارانەدا کە پەیوەندییان بە

چارەنووس و بەرژەوەندییەوە هەیە تا دەگاتە ئەوەی ئەگەر بۆچوونەکان تا ئەو ئاستە جیاواز بن کە ڕێی تێ بچێ ببێ بە زەرەر وەک ئەوەی لایەنی سۆزی نەشارەزا لە بەرژەوەندی زاڵ بێ، دەبێتە ئەرکێکی ئەخلاقی.

دەگەڕێینەوە سەر ڕەوتی کتێبەکە:

قسە لە سەرەتایەوە لە لاپەڕە ۱۶۱دا لە بارەی بوونی نموونەی مێژوویی لە سەر ئەوەی پێی دەڵێن «شۆڕش لە سەرەوە» کە نە ئینقلابە و نە شۆڕشی «کۆشک» بەردەوام دەبێ، بەڵکو گۆڕانکاری قووڵی شۆڕشگێڕانەیە کە بە دەستپێکردنی خودی دەسەڵات ئەنجام دراوە و گۆڕانکاری بابەتی بارودۆخ و ئارەزووی کۆمەڵایەتی خواستوویانە. دەشڵێ پەرەسترۆیکا لەو بابەتە نییە چونکە بە دەستپێشخەری پارتی کۆمۆنست و سەرکردەکانی ئەنجام دراوە و حیزب بە هەڵسەنگاندنی خۆی دەستی پێ کرد و سەرۆک گورباشۆڤ خۆی لە هاوینی ۱۹۸۶ و لە شاری خەبرۆفسک چالاکوانانی حیزبی ئاگادار کردەوە کە دەبێ لە مەکتەبی سیاسی و لیژنە ناوچەییەکانی خۆیانەوە دەست پێ بکەن و هاوکاری ئەوانە بکەن کە ناتوانن خۆیان ڕاست بکەنەوە و پێویستە ویژدانیان زندوو بێ چونکە لە نەبوونی ڕوونیدا، لەگەڵ جۆرەها ڕەفتاردا ڕاهاتوون... ئەوەش ماستاوچێتی خەڵک ناگەیەنێ و پێویستە گەڵ ڕاستییەکان بزانن و پێویست نییە ترس لە گەل هەبێ و ڕوونی خەسڵەتێکی سۆسیالیزمە.

نەختێ بە لای ئەم ڕستەیەوە دەوەستم:

لە سەر ئاستی کات و شوێن ئەوە زاندراوە کە شۆڕش بە زیادەڕۆییەکی وەرسکەرەوە بە شان و باڵی خۆیدا هەڵدەدا و ئەوەش بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە، یەکێکیان هێنانەوەی بیانووە بۆ ئەو گۆڕانکارییە کتوپڕەی کردوویانە و جۆرەها سنووربەزاندنی مەبەستی لەگەڵدا هاتووە، لە بارەی

ڕاستی دروشم و ئەنجامیانەوە کە بەڵێنی زۆریان داوە کە خێروخۆشی و ئازادی، لەگەڵ نان و قەیماغ و هەنگویندا فەراهەم بکەن. دووەمیشیان تێکەڵەیەکە لە داپۆشینی شکست و بەهیچکردنی قسەی بەرهەڵستکاران و ناچارکردنی خەڵک بۆ ئەوەی بەو واقیعە ڕازی بن.

سۆسیالیزمی لینینی مارکسی یەکێکە لە نموونە هەرە زەقەکانی ئەو بوارە و لە یەکەم هەنگاویدا پێویستی بە پاکانەکردنی بوونی خۆی هەیە چونکە لە دەنگداندا زۆرینەی دەنگی بە دەست نەهێناوە بەڵکو بە ئیدیعای ڕەها شەرعیەتی بەردەوامبوونی بە خۆی داوە و لەم گۆشەیەوە، بە درێژایی تەمەنی ناڕوون بووە و ئینکاری حەقیقەتی کردووە بۆ ئەوەی بە بوونەوە وابەستە بێ. سۆسیالیزم، ئەگەر لە سەر بنەمای بەرژەوەندی ڕاستەقینەی پەرەسەندوو بە سروشتی دروست بووبێ، دەبێ وەک هەر سستەمێکی تری ئابووری ڕوون بێ چونکە بە هۆی تەقینەوە و وێرانکردن و دابڕینەوە پەیدا نەبووە تا بە بیانووی پزیشکی برینکار بۆ کاری خۆی بهێنێتەوە و نەشبۆتە هۆکاری کەمی بەرهەم تا بە بیانووی بۆش بەرگری لە خۆی بکا. بۆ هەمیشەش خۆی بە سەر خەڵکدا ناسەپێنێ تا پەنا بۆ شێواناندن و ڕێبزری بەرێ.

نووسەر دوای ئەوە دەڵێ پەرەسترۆیکا لە لووتکەوە دەستی پێ کردووە و بەرەو بنکە چووە و پێناسەی شۆڕش لە سەرەوە نایگرێتەوە و قسەی ئاوهاش بە لای کەمەوە پێویستی بە کەمێ سڵکردنەوە هەیە. ڕاستە پەرەسترۆیکا کارێکی خۆبەخۆ نییە بەڵکو پرۆسەیەکی ئاڕاستەکراوە. بەڵام مەسەلەکە ڕوویەکی تریشی هەیە ئەوەش ئەوەیە دەستپێکردنی سەرەوە و بزووتنەوەی بنکەی یەک خست و تەعبیری لە بەرژەوەندییە سەرەکییە دوورمەوداکانی هەموو جەماوەر کرد و جەماوەریش بە

بەرنامەی خۆی زانی و وەک بە دەنگەوەچوونی بیرەکانی و وەک داننان بە بیرەکانی، بە حەماسەت و کاریگەرییەوە پشتگیری کرد.

لێرەدا هەڵوێستەیەکم هەیە تا بڵێم پێشتر لە شوێنانی بەشی یەکەم یا ئەم بەشەدا ڕای خۆم گوتووە کە پەرەسترۆیکا شۆڕش نییە. ماوەتەوە ئەوەی پێشوازیکردنی جەماوەر لێی شتێکی چاوەڕوانکراو، بەڵکە بەڵگەنەویستیشە چونکە لە لایەنگریکردنی لە هەر دەنگێک بۆ لەکۆڵکردنەوەی زنجیر چاوەڕوانکراو بوو و پێویست بەوە نەبوو بە ئامانج و بەرنامە و ڕێباز بەهێز بکرێ.

لە ڕەوتی ڕووداوەکان و سروشتیانەوە ئاشکرایە کە بەڵێنی هەر شۆڕشێک، کە نەتوانێ بەدییان بێنێ، لە لاوازییەوە دێ و سەرنەکەوتنیشی دەبێتە هۆکارێکی بەهێز بۆ توندڕەویی جەماور و ئەوەش دەچێتە سەر هۆکاری مەیلی جەماوەر بۆ ڕاپەڕین. لە جیاوازی بەڵێنی شۆڕشەکان و بەیاننامەی هاندان لە هەڵبژاردنی سەرمایەداریدا سەرنجی ئەوە دەدرێ پاڵێوراو ڕاگەیاندنی خۆی بە هەموو ئامانجەکانیەوە لە سەر ئەو بنەمایە پێشکەش دەکا کە بەرنامەی کارە نەک چەکێکی ئیمزاکراو بۆ جێبەجێکردن بە پێی حەتمییەتی مێژوو و ویژدانی نەتەوە. (لە قسەیەکی سەرۆک گورباشۆڤدا ئاماژەی ئەوە هەیە کە کەناڵی پاڵێوراوەکان بۆ هەڵبژاردن مامەحەمەیی کردووە) دووری پەیامی ڕاگەیاندنی هەڵبژاردنیش لە واقیعەوە، وەک ڕۆژنامەوانی و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و بەرنامەی خوێندن و ڕەفتاری بەرپرسەکان بە گوێرەی ئەو دواکەوتنە دەبێ کە وڵاتی هەڵبژاردنەکە تێیدایە...

ئەو پاڵێوراوەی دوای دەرچوونی لە هەڵبژاردندا درۆی لێ دەرکەوێ، بەوە سزای خۆیی وەردەگرێ لە هەڵبژاردنی دواتردا بێبەش دەکرێ بەڵام شۆڕش بەوپەڕی ئاسوودەیی لە سەر عەرشی خۆی دەمێنێ و

توانای خۆی لەوەدا تاقی دەکاتەوە چۆن بەڵێنەکانی لەبیر بباتەوە و ئەم جیهانە بێ ئەو شۆڕشگێڕانە نییە کە لە کاتی شکستدا دەنگیان لەو کاتە بەرزتر بووە کە شۆڕشیان کردووە. ئەوەی لە مەسەلەی پەرەسترۆیکا و بەدەنگەوەچوونی جەماوەر و هەندێ لەو ئەنجامانەی کە ئاسوودەییان تێدا نەبوو، سەر دەنێتە سەر زەین ئەوەیە جەماوەر باوەڕی زیاتریان بەوە بوو کە سۆسیالیزم توانای قایلکردنی زیاتر بوو و چاوەڕوانکراو بوو و ڕاستکردنەوە لەوە ئاسانتر بێ، زیاتر پشتیان بە ڕەفتاری ئەرێنی جەماوەر قایم بوو لەوەی لە واقیعدا دەرکەوت.

لاپەڕە ٦٢ و ٦٣ لە دەربڕینی ڕووەکانی لایەنگری گەل و پێوەلکانی لووتکە بە جەماوەرەوە لە ڕێڕەوی پەرەسترۆیکادا بەردەوام دەبێ تا لە سێ دێڕی کۆتایی و بەشی سێیەمی لاپەڕە ٦٤دا قسەیەک دەکا و پێشەکییەکەی ئەمەیە:

*«زۆر جار لە ڕۆژاوا دەڵێن پەرەسترۆیکا ڕووبەڕووی تەنگوچەڵەمە دەبێتەوە و ئەوەش نارەزایی جەماوەری کرێکارمان دەورووژێنێ».*

ئەوجا دەپرسێ: «دەتوانم لە وەڵامی ئەوەدا چی بڵێم؟». لە وەڵامدا دەڵێ: «دیارە کە تەنگوچەڵەمە دەبن...». باسی ئەوە دەکا کە دەبێ چی بکرێ ئەگەر تووڕەیی یا نارەزایی ڕەوای جەماوەر سەر هەڵبدا. دەڵێ کە دەبێ هۆکارەکە بزانین و حەماسی بەڕێوەبردن لە بارودۆخی وادا کەڵکی نییە و دەبێ فێر بین دەبێ چی بکەین بۆ ئەوەی شتی وا ڕوو نەدات. ئەگەر دەسەڵات کێشە تایبەتییەکانی خەڵکی پێ چارەسەر نەکرێ، هەوڵ دەدەن خۆیان چارەسەری بکەن. ئەگەر دەسەڵاتە باڵاکان خۆیان لە قسەی خەڵک نەبان بکەن کاری نائاسایی لە بنکەدا ڕوو دەدا و ئەوەش ئەنجامی ڕاستەوخۆی کەموکورتیمانە...

هۆکارێک نابینم بۆ نارەزایی یا توورەبوون لەو قسەیەی کە ڕۆژاوا لە بارەی پەیدابوونی تەنگوچەڵەمەی بەردەم پەرەسترۆیکاوە دەیکەن بە تایبەتی لە لایەن ئەوانەوە کە باوەڕیان بەو لینینی مارکسییە هەیە کە لە بەشێکی گرنگیدا گومانی لەوە هەیە کە سستەمی ڕۆژاوا توانای مانەوەی هەبێ. ئەگەر وا دابنێین هیچ نیەتخراپییەک لە هەڵوێستی ڕۆژاوادا نییە، ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی خۆیان لە وابەستەبووندا بە بارودۆخی گشتییەوە وایان لێ دەخوازێ هەڵسەنگاندن بۆ ڕێژەی سەرکەوتنی و شکستی پەرەسترۆیکا بکەن.

ئەگەر منیش خاوەنی سەرمایە بوایەم و موعامەلەم لەگەڵ سۆڤیەتدا هەبوایە، زۆر سەبرم دەگرت تا دڵنیا بم بۆچوونی شۆڕشگێڕی کۆن نامێنێ کە وای دادەنا سامان لای تاکەکان ماڵی دزراوە و هەقی دەستبەسەرداگرتنی هەیە و هاشاکردن لە ڕێکەوتننامەیەک کە لەگەڵ ئیمپریالییەکاندا کراوە، کارێکی شۆڕشگێڕانەی بەهادارە. ئەوانەی پەرەسترۆیکایان ئەنجام دا زۆر لە جێگیرە بێتواناکان و نەریتە شۆڕشگێڕانەکان و بۆچوونی زاڵبوونی مرۆڤیان جێهێشت و لەمەدا لەگەڵ خۆیاندا، ئەوجا لەگەڵ خەڵکی تردا بەوەفان چونکە قورساییەک لە سەر شانی دەوڵەت لادەبەن کە وێرانی دەکرد ئەوەش ئەوە بوو بۆ پەیوەندی لەگەڵ جیهان و خۆیاندا بە ناچاری ڕێیەکیان دەگرتە بەر بە ئانقەست بەربەستی لێ دادەندرا و بە دەرگاگەلێکدا دەچوون بە ئانقەست و بە مەبەست بزر دەکران بەڵام هێشتا پاشماوەی ئەو سروشتە دوای تەمەنێکی شەست و ئەوەندە ساڵە ئەوەندەی لە قساندا دەردەکەوێ لە کرداردا دەرناکەوێ، بە داخەوە، قسەش ئەوەندە کاریگەری لە سەر دەروون و هۆش هەیە شانبەشانی کاری گرنگ، یا زیاتریش دەڕوا و ڕەنگە قسەیەکی ڕاستەوڕاست بە نیەتپاکی بکرێ، شوێنەواری چاکە و پیاوەتی چەندین مانگ و ساڵ بسڕێتەوە. دیاریشە ئەوەی باوەڕی

جێگیری ئاینی یا دنیایی هەبێ لەو کەسە زیاتر بە وشە سەغڵەت دەبێ کە دنیایی سیاسی بێ ئایدۆلۆژیایە و ئەوەی بیری لێ دەکاتەوە بەرژەوەندییە و مادام بازاڕ سەلامەتە، ڕەخنەی بە لاوە گرنگ نییە. بەڵام هەڵگری ئایدۆلۆژیا بە ڕەخنەی بەهێز کە ئاڕاستەی باوەڕەکەی دەکرێ بە جۆرێ هەڵدەچێ لەوە زیاترە بە ئیفلاسکردنی بازرگانی ئیفلاس بکا.

ئەوانەی بە دنیاوە سەرقاڵن چەند جۆرێکن، ئەوانەی قسە کەمترین کاریگەری لە سەریان هەیە ئەوانەن بە بەرژەوەندی گەورەوە سەرقاڵن بۆیە چاوەڕوان دەکرێ پیاوی دەوڵەتێک کە بە ئایدۆلۆژیاوە وابەستە نەبێ، لە هەموو کەس کەمتر بکەوێتە ژێر کاریگەری قسەوە چونکە بە ئەرکەکەیەوە نوێنەرایەتی گەورەترین بەرژەوەندی لە وڵاتەکەیدا دەکا و لە لایەکی ترەوە، لە بەر ئەوەی، بە پێوانە لەگەڵ شتە تایبەتییەکانی خۆیدا، لە هەموو کەس زیاتر لە سیاسەتی گشتی ڕەهایە.

دەتوانین لەم گۆشەنیگایەوە بڵێین خەڵکی ئاسایی لە ڕۆژاوادا، لە سەرۆکی حکوومەتەکیان زیاتر بەرانبەر بە قسەی ناخۆش هەستیارن و مەترسی ئەوەش لەوەدایە کە مرۆڤی ئاسایی لە سستەمی بۆرژوازی پێشکەوتووی خاوەن پلەوپایە کاریگەری لە سەر وێناکردنی سیاسەت گەورەیە چونکە لەو سیاسەتانەدا ئەو دەبێتە سەرچاوە. ڕوونکردنەوە بە پێویست نازانم چونکە باسەکە لە بەر چاوانە.

بەم بۆنەیەوە لە بیرمە زۆر جارمان دەبیست حکوومەتە ڕۆژاواییەکان گلەیی ئەوەیان دەکرد کە بارودۆخی یەکێتی سۆڤیەت تەماوییە بە تایبەتی لە سیاسەتی دەرەوە و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا — بە دەربڕینێکی وردتر — مەترسیدارترین جۆری ناڕوونی ئەوەیە کە لە سەرکردایەتی دەوڵەت دەشاردرێتەوە و ڕای جیاواز لە سەر ئەو مەسەلانە هەیە کە سروشتی نێودەوڵەتییان هەیە چونکە دەوڵەتەکانی تر

مافی ئەوەیان هەیە ڕاسترین و سەلامەتترین ڕێگا بۆ هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتدا بزانێ بۆ ئەوەی لە بەر ڕۆشنایی ئاوێتەبوونی بیرەکانی سەرکردایەتی دەوڵەتدا وردبوونەوەی بۆ بکرێ.

ئەوەی من دەیبینم ئەوەیە بەرژەوەندی دەوڵەتی سۆڤیەت، بە تایبەتی بەرژەوەندی پەرەسترۆیکا لە دەرکەوتنی بۆچوونی ڕۆژاوادایە بەرانبەر بە وڵاتەکەتان، جەنابی سەرۆک گورباشۆڤ، نەک لە شاردنەوەیدا. ڕوونی شتەکان لە دەوڵەتە ڕۆژاواییەکاندا ڕێی بە دوژمنانی ڕۆژاوا دا لە ئاشکرابوونی «وەتەرگەیت» و «ئێرانگەیت» و هەندێ کاری ناهەمواری موخابەراتی ئەمەریکادا، کە هەموویان کەڕەتی دە کراون، چەپڵە و هەلهەلە لێبدەن و ئاهەنگ بگێڕن و هەمووشیان ئەوەندەی بەشێکی کەمی ئەو کارانە نین کە لە وڵاتی داپۆشراودا ڕوو دەدەن و منیش زۆر بەداخەوەم کە دەوڵەتە داخراو و داپۆشراوەکان شانازی دەکەن کە بەڵگەی لاوازیی شتی ناحەز و نایاساییان لە وڵاتێکی وەکو بەریتانیا یا فەرنسا یا ئەمەریکا هەیە و دەیکەنە بەڵگەی توانایی خۆیان لە داپۆشینی کەموکورتییەکان و داپۆشینیان چونکە بە قەدەر ئاشکرابوونی بارودۆخ لە وڵاتێک لە وڵاتاندا تەندروستی و هێز و باوەڕ ڕەگداکوتاوە و بە قەدەر داپۆشراویش گومانی داپۆشراو لە خۆی و گومانی خەڵک لێی زیاد دەبێ و ئەوەش بەڵگەنەویستە دەمەتەقێی ناوێ.

قسەی ڕۆژاواییەکانیش کە زەحمەتییەکانی پێش پەرەسترۆیکا نارەزایی جەماوەری ڕووس بە گشتی دەوروژێنێ، گوتەیەکی چاوەڕوانکراو و تەواوکەری قسەکانی سەرەتایانە چونکە نارەحەتی، تەنانەت لە ئاهەنگی مۆسیقاشدا جێی ڕقلێبوونەوەیە. ئەگەر کتێبەکە لە مەبەستی ئەو ڕۆژاواییانە لەو قسەیە بێدەنگیشە، ئەوەی لە سروشتە ئاگادارکردنەوەکەیەوە ئەنجامگیری دەکەم، جۆرێکە لە کردنەوەی دەرگا

بەرەو نزیکبوونەوە نەک دوورکەوتنەوە و ئەگەر خاوەنی قسەکە مەبەستی خراپ و فێڵی هەبوایە خۆبەخشانە چاوی کەسێکی نەدەکردەوە کە پێویست بێ هەڵبخەڵەتێندرێ و بە ڕێتێچوونی ناخۆشەوە، دەبێ لە بەرانبەریدا وریای خۆیان بن. سەرۆک گورباشۆڤ، لە دوا سێ دێڕی لاپەڕە ٦٤ و سێ چارەکی لاپەڕە ٦٥دا قسەیەکی هەیە دەڵێ جیمی کارتەر ئەو هاوینە (ئەو هاوینەی پەرەسترۆیکای نووسیوە) لێی پرسیوە:

*«تۆ دڵنیایت هەوڵەکانت بۆ چاکسازی ئابووری و سیاسی لە یەکێتی سۆڤیەتدا سەرکەوتوو دەبن؟».*

لە شێوازی قسەی ڕۆژاواییەکاندا ئەوە لە پرسیارەکەدا هەیە کە تەنگوچەڵەمە بۆ پەرەسترۆیکا پەیدا بووە و گومانی جیمی کارتەری لێ بەدی دەکرێ لە ئاسانی سەرکەوتنەکەی بە قەدەر دەستپێکردنی ئەوانەی ئەنجامی دەدەن، گومانە لە سەرکەوتنی ڕەها. وەڵامی سەرۆک گورباشۆڤ بۆ پرسیارەکەی جیمی کارتەری سەرۆکی پێشوو، لەگەڵ گیانی دەستپێشخەریدا لۆژیکانە دێ چونکە ئەگەر هیوای بەرپاکەرانی بە سەرکەوتن نەبوایە دەستیان پێ نەدەکرد و لە وەڵامەکەدا لایەنە زەحمەتییەکان و هۆکاری سەرکەوتن بە سەریاندا، دەڵێی لە دەقی تۆمارکراو وەرگیراوە نەک دارشتنێکی تازەی لەسەرخۆ چونکە خەسڵەتی قسەکردن و دەمەتەقێی پێوە دیارە و ئەوەش دەبێتە پشکێکی ئەرێنی بۆی بەوەی خۆی لەوە بالاتر گرتووە لەوەی ڕێکخستنێک بکا کە لە بنەڕەتدا نەبووە. لە سەرەتای دووەم بەشی سێ بەشەکەی قسەکەیدا بە جیمی کارتەر دەڵێ:

*«ڕۆژاوا یەکسەر دەستی بە باسکردنی بەرهەڵستکارێکی نۆباو کرد بەڵام ئەوە مەترسی نییە. دەستمان بە بنیاتنانەوەیەکی گرنگ کردووە... هەڵوێستی خۆمان دادەرێژینەوە.. تا ڕادەیەکی زۆر*

*کەشوهەوای کۆمەڵگاکەمان دەگۆڕین.. بزووتنەوەی کۆمەڵگا کەوتە گەڕ.. بشتگیرییەکی مەزنمان لێ دەکرێ.. تاقیکردنەوەی یەکەم دوو ساڵمان هەیە.. لە سەر ئەو ڕێگەیە بەردەوام دەبین ئەگەر زەحمەتییەکان هەرچەندە بن.. لە ماوەیەکی کورتدا بە هەندێ ئامانج دەگەین..» هتد.*

هەموو ئەو بڕگانە شایستەی دەمەتەقێن بەڵام هەر درێژ دەبێتەوە و درێژ دەبێتەوە بۆیە بە باسکردنی یەک بڕگە دەست هەڵدەگرم ئەوەش ئەوەیە کە ڕۆژاوا یەکسەر دەستی بە باسکردنی بەرهەڵستکارێکی نۆباو کرد. من نازانم مەبەست لە زاراوەی بەرهەڵستکار و پێناسەی بەرهەڵستکار چییە. ڕەنگە مەبەستی بەرهەڵستکاری دوژمنانەی پەرەسترۆیکا بێ کە بەرەلا بیرۆکراتەکان و حیزبییە سوودمەندەکانن ئەوەش سووکترین جۆری بەرهەڵستکارە و کەمترین مەترسیشیان هەیە بۆ پەرەسترۆیکا، بە مەرجێ پشتگیرییان لە سەر شێوەی بەرهەڵستکاری سوودمەند نەبێ و دەبنە دوو بەشەوە: پەیدابوونی تووڕەیی جەماوەر لە لە کۆمارە نارووسییەکانی سۆڤیەت و پەیدابوونی بەرهەڵستکاران لە ڕیزی جەماوەری حیزبی بەلشەڤی و گەلی ڕووس.

بە هەر حاڵ، هەرچۆنێ وشەی «بەرهەڵستکار» بۆ ڕێتێچوونە جیاوازەکان هەڵگێڕ و وەرگێڕ بکەین و نییەت لە پشت باسکردنی هەر چییەک بێ، ئەوەی دواتر، یەکەم جار لە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا و دوای ئەوەش لە کۆمارە نارووسەکاندا (بە دەگمەن نەبێ) ڕووی دا و دوای ئەوەش لە ناوخۆی خودی ڕووسیا ڕووی دا، هەتا ڕۆژی ئەمڕۆ (٢٢-١-١٩٩٠) لە سەرەوەی ڕێتێچوون و مەبەستێکەوەیە و ئەگەر نەڵێم

ئەوەی لە سایەی پەرەسترۆیکادا ڕووی دا، هەموو چاوەڕوانییەکی جددی و بێلایەنانەی تێپەڕاند، زۆربەیانی تێپەڕاند.

ڕەنگە هەر بە ڕێکەوت یا ڕێکەوتی تێکەڵی نەختێ وردبینی بووبێ من لەوانە نەبووم حیساب بۆ مەترسییەکانی ڕێگاکەت نەکەم، جەنابی گورباشۆڤ، دەنگدانەوەی ترسی من لە ڕێتێچوونی ترسناک لە نامەی: «بۆ گورباشۆڤی مەزن لەگەڵ سڵاو و ئاواتخوازیدا» کە ساڵی ١٩٨٨ بڵاو کراوەتەوە و لە ناوەڕاستی ئەو ساڵەدا نووسیومە و لە کۆتاییەکەیدا چاپ کراوە، دەنگی دەدایەوە و نوسخەیەکیشم بە دیاری بۆ سەفارەتەکەتان لە بەغدا نارد و چاوەڕوانی وەڵامیش نەبووم. سەفارەتەکەتان داوای ڕوونکردنەوەی هەندێ ڕستەی لێ کردم کە بەلای وەرگێڕەکەوە ناڕوون بوو و دوایی بێدەنگبوون و ڕەنگە وەک شەهرەزاد ڕۆژیان لێ هەڵهاتبێ و لە لایەکی تریشەوە پێویستیان پێم نەما و منیش ئاسوودە بووم. سەرچاوەی ترسی من لە زەحمەتییەکانی پێش پەرەسترۆکا هەمەجۆرن:

1. هەڵوێستی خاوەن بۆچوون و قسەی جێبەجێکراو لە دەوڵەتی سۆڤیەتی و دامودەزگا ڕەسمییە بە دەسەڵات و تواناکان بۆ ڕەهەندەکانی پەرەسترۆیکا و لەخۆگرتنی دەوڵەتی سۆڤیەتی و دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا و ڕەنگدانەوەی لە جیهاندا بە تایبەتی لەو وڵاتانەدا کە بە هۆی کێشەیان لەگەڵ ئەمەریکادا، وەک دۆستی ڕووسیا ناسراون.

2. جۆری بە دەنگەوەهاتنی جەماوەری چەککراو کە هەر ژمارە زۆرییەکەی هەیە، لەگەڵ تێگەیشتنی لە مەترسییەکانی توندی و زیادەڕۆیی لە ڕەفتار و پەلەکردن لە ئەنجامگیری.

3. ئاستی توانا بۆ چارەسەری بارودۆخی شێواو ئەوەش بە ڕووبەڕووبوونەوەی بنەماکانی سستەمی ئایدۆلۆژی پراکتیزەکردن و ڕیسواکردنی شێوازی کۆن کە تا ئاستێکی زۆر بەرپرسە لەوەی بە هۆی سۆسیالیزمیەکەیەوە گەیشتە ئەو ئەنجامە.

4. هەڵوێستی نەتەوەی ڕووس لە ئەگەری داواکاری نەتەوە نارووسەکان بۆ جیابوونەوە لە مۆسکۆ و کاردانەوەی بەرانبەر پەرەسترۆیکا ئەگەر ئەو جیابوونەوەیە، کە مەحاڵ نییە، ڕوو بدات.

5. دەنگدانەوەی کەموکورتی یا خەمساردی کە ڕێی تێ دەچێ لە پەرەسترۆیکادا، وەک هەر بزووتنەوەیەکی ڕاستکردنەوەی مەزن لە هەموو جیهاندا، کە قابیلی هەڵکشان و داکشانە، ڕوو بدا بە تایبەتی لای چەپەکان بە گشتی و لای چەپە مارکسییەکان بە تایبەتی.

6. وڵاتە یەکگرتووەکان چۆن لە گۆشەنیگای بەردەوامبوون و وەستانەوە لە دڵگەرمی بۆ ئاشتی و تەبایی ڕەفتار دەکا و هەڵوێستی ئەون و ڕۆژاوای ئەوروپا چۆن دەبێ ئەگەر بارودۆخی ڕووسیا تێکبچێ؟ میزاجی ئەمەریکا، لەبەر زۆر هۆ دەمدەمییە کە ڕەنگە بەرژەوەندی ماتریالی، لە هەموو بارودۆخێکدا یەکەم هۆکار نەبێ.

من هەر بە سروشت پەرۆشی شتە بەهادارە جوانەکانم چونکە بە پێچەوانەی توندوتیژی ناسک و نەرمن و خێرا تێکدەچن و تەنانەت هەر

چاودێری نەکرێن - با گاریگەریی نەرێنیشیان لە سەر نەبێ - بە لای هەڵوەرین و وشکبوونەوەدا دەشکێنەوە. گوڵ و سەوزەگیا زەخیرەی تەڕایەتی و ڕوونییان هەیە و ئەگەر بە پشوودرێژی ئاو نەدرێن و هەوایان نەگۆڕێ تەڕاییان نامێنێ، کەچی درک بە وشکایی زیاتر تیژتر دەبن. بەرژەوەندییە مرۆییەکانیش وەک گیا و گوڵ پێویستییان بە ئاودان و هەواگۆڕین هەیە و بە گوێرەی گرنگییەکەی چاودێری و خزمەتی دەوێ. پەرەسترۆیکاش بەو خەسڵەتەی پەیوەندی پتەوی لەگەڵ ئارامی نێودەوڵەتیدا هەیە و خاڵی لاوازی گەورە و زۆری هەیە و بۆی هەیە گیر بخوا و بەربەستی بێتە ڕێ، ئەوجا ئاشتیش خۆبەخۆ و ڕاستەوخۆ و بە بێ هەوڵدانی تایبەتی دەچەقێ: تەندروستی چەند زەحمەتە و نەخۆشی چەند ئاسانە!

لە پرسیارەکەی کارتەری سەرۆکی پێشوودا باسی چاکسازی ئابووری و سیاسی هەیە وەک ئەوەی دوو شتی جیاوازی بە لای یەکەوە بن و تێکەڵ نەکرێن، لەوەشدا، بە پێی بۆچوونی من، دەستدرێژی هەیە بۆ سەر سروشتی پەرەسترۆیکا بەو حیسابەی کەرەسەیەکی کاریگەر و زامنی تەبایی نێودەوڵەتییە. سووکایەتی بەوەش تێدایە کە یەکێکیان بەوی ترەوە دەبەستێتەوە لە ڕەنگدانەوەیان لە سەر پەیوەندی ڕووسیا بە ڕۆژاواوە، چونکە ئەگەر وا دابنێین چاکسازی ئابووری لە ناو یەکێتی سۆڤیەتدا لەگەڵ مانەوەی بە بەردبوون و چەقبەستنی باوەڕ و چنگگیرکردن لەو دەوڵەتانەی فەلەکی خۆیدا ئیمکانی هەبێ، بە پێی بۆچوونی من، باوڕ ناکرێ پەرەسەندنی ئابووری بەو توانایەوە کە بۆ چەکداربوون و ململانێی ناوکی لە دەوڵەتێکی داخراودا هەیە، بۆ ئەوە گونجاو بێ ئاسانکاری بکا بۆ کردنەوەی گرێ و ناوبژی نێوان دوو لایەن کە لە بۆچوونی سیاسی و بەرنامەی کرانەوە و بڕینی مەودا بۆ لەئامێزگرتنی یەکدی و تەوقەکردن لێک دوور بن. ئەگەرچی

چەقبەستنی ئابووری لە سەر خۆڕاگری شتێکی ناحەز و قورسیشە بەڵام لە ڕوانگەی تەباییەوە بۆ لێکحاڵیبوون هاوکارترە و بۆ جەنگیش بەربەستترە بەو حیسابەی توانای ململانێی پڕچەکبوون و مەسرەفی جەنگی کەمە.

بە گوێرەی ڕووسیای سۆڤیەتی، سەرنەکەوتن لە چاکسازی سیاسی و پەیڕەوی دیموکراسی، خۆی لە خۆیدا بەسە بۆ ئەوەی ببێ بە هۆکاری داخستنەوەی لاپەڕەی تەبایی و نزیکبوونەوە و ڕامالینی سەردەمی پەرەسترۆیکا و دەرپەڕاندنی دارودەستەی سەرۆک گورباشۆڤ لە دەسەڵات و زۆر لەگوینە ئەوانەی دواتریش دێن نەگەنە دەسەڵات ئەگەر لە هەموو ڕوویەکەوە پێچەوانەیان نەبن و ڕەنگە سەرکردەکەشیان کەسێ بێ لە زۆرداری و گاڵتەکردن بە مافی تاک و بەهای دیموکراسیدا لە پلەی ستالیندا بێ. بە هەرحاڵ، پێ دەچێ سەرۆکی پێشوو، جیمی کارتەر لە بارێکدا نەبووە بتوانێ بۆچوونی خۆی ڕوون بکاتەوە یا ئەو بابەتەی پرسیاری لە بارەوە دەکا دڵنیای کردبێ ئەگەر گواستنەوەی قسەکانی لە لایەن سەرۆک گورباشۆڤەوە ئەوەندە کورت نەکرابێتنەوە هەندێ لە ڕەهەندەکانی پرسیارەکە بزر بووبن.

لێرەدا دەگەمە کۆتایی بەدواداچوونی بەشی دووەمی ئەم کتێبە کە لە دوادوایی لاپەڕە ٦٥ی کتێبی پەرەسترۆیکادا وەستام. پەرەسترۆیکا، کە ژمارەی لاپەڕەکانی لە ٣٠٠ی تێپەڕاندووە، شتی وەهای لە سەر نزیک و دوور و دوژمن و دۆست و دەوڵەمەند و کەمتر دەوڵەمەند و هەتا هەژاری بێنان تێدان پاڵ بە ئارەزوومەوە دەنێن بیانخەمە بەر ڕووناکی بەڵام حیسابی زۆر هەن کە زۆربەیان لە دەرەوەی ئیرادەی مندان، ڕێگرن لەوەی دەرگایان لێ بخەمە سەر پشت. خۆ بەربەستەکانیش لە جەوهەردا لە بەرژەوەندی ئەوانەدا نین کە دروستیان دەکەن، بە قەدەر

ئەوەی زەرەر بەو خەڵکە دەگەیەنن کە لێیان قەدەغە کراوە و لێی بێبەشن کە نووسەران و خوێنەران و گوێگرانن کە زۆرینەی گەلانن. ئەوەی لە مەسەلەکەدا ئازاربەخشە ئەوەیە لایەکی قەدەغەکراوەکان بە هۆی چەقبەستنیی فکری دەرەوەی دائیرە ڕەسمییەکان و پێوانەکانی سانسۆرە، لە مەسەلەگەلێکدا کە پەیوەندییان بە بەرژەوەندییەوە نییە بەڵکو پەیوەندییان بەو ڕاستییە ڕەهایانەوە هەیە، وەک نموونە، کەنیسەی سەدەکانی ناوەڕاست، ئەوەی بیگوتبایە زەوی دەسووڕێتەوە، کافریان دەکرد.

خەسڵەتی ئەوانەی بیری کەسانی تر ڕەت دەکەنەوە و قەدەغەی دەکەن ئەوەیە ماف بە خۆیان دەدەن هەموو فکرێکی جیا لە فکری خۆیان ڕەت بکەنەوە و سزای هەندێ جار قورسی خاوەنەکەی بدەن و ئەوەش بەشێکە لە ناوەڕۆکی باوەڕەکەی خۆیان. ئایە لە بیری چۆتەوە ناوەڕۆکی بیری توندی تریش سەرکوێرکردنی باوەڕی نەیاری خۆیەتی و ئەگەر حەکایەتەکە درێژە بکێشێ و بگاتە ناوەڕاستی ڕێگا، ئەوجا پێکدادان و کوشتن و بڕین لە نێوان ئەو دووە و دەی تر و سەد باوەڕی جیاوازی تر دەست پێ دەکا ئیتر خراپی ئەوە چییە لەو خەڵکە بگەڕێن ئازادانە بانگهێشە بۆ ئەو باوەڕی خۆیان بکەن کە باوەڕیان پێی هەیە و بە شێوازێک ڕایبگەیەنن بریندارکردنی تێدا نەبێ.

سەیروسەمەرە لەوەدا چییە خاوەن باوەڕ بیری ئەوەندە فرەوان بێ لەو شێلمفرۆشانە بگا کە بە بانگی سەرنجڕاکێش و پێداهەڵدان پڕوپاگەندە بۆ ڕزقی خۆیان دەکەن و هیچیشیان بەرانبەر پیشەکاری وەک خۆیان هەڵناچن!

بانگی هەڵگرانی فەلسەفەی توندوتیژ و حەیابەر و خاوەنبەرنامەی ئەوپەڕی توندڕەوی لە خۆدا نقومبوو، بۆ چاکەی خۆیان و مرۆڤایەتی و

قڕنەبوونی مرۆڤ دەکەم، داوایان لێ دەکەم باوەڕیان ئەوەندە بەرز بکەنەوە بگاتە ئاستێک لە بیری ڕاستەوخۆی خەڵکی سەر شەقامەکان و پیشەسازەکان و ئەوانە تێبگەن کە بە بێ هاتوهاوار و شەڕ و سەربڕین و کەوڵکردن و لەتکردن خەریکی بژێون و هاوشانی بەرژەوەندی تایبەتی و گشتی دەڕۆن و لێیانەوە فێری پێکەوەژیان و ئاشتی بن و ماندووبوونی پەلەکردن بەرەو نەمان و لەناوچوون لە کۆڵی خۆیان و خەڵکی تر بکەنەوە: ئەگەر پێیان گران هات هاوشێوەی مرۆڤ بن، با لە ڕووی لاساییکردنەوەوە، بە دوای بەرنامەی بەنی مانگا بکەون کە بە دەگمەن تاکەکانیان لە سەر گیا و ئاو و دار بەشەڕ دێن (مرۆڤ، خوا بیباتەوە چ کافرێکە!) داوای لێبوردن لە ویژدانە زندووەکان دەکەم، کاتێ چاوان کوێراییان دادێ و دەروون ڕەش هەڵدەگەڕێن و دڵان تاریک دادێن و خاوەنیان بە ڕاست و چەپ و ئەملا و ئەولادا بە ناو قوڕاو و تاریکی و شێتی و چارەنووسی ڕەشدا دەبەن، بارم وا قورس دەبێ و بەرگەی ناگرم!

لە کۆتاییدا، چاوەڕوانی دەرفەتێکم بۆ دەرهێنانی بەشی سێیەم. هیوادارم ئادەمیزاد بگاتە کەناری ئاسوودەیی و بە گەشبینییەوە ئەوە دەڵێمەوە کە سەرۆک گورباشۆڤ لە سێ دێڕی کۆتایی لاپەڕە ٦٥ی ناوبراودا گوتوویەتی:

*«ژیان باشتر دەبێ، زەحمەتیمان لە پێشن، زەحمەتی گەورەش دێنە پێشمان، دێنە سەرەڕێی پەرەسترۆیکا. ئەوە ناشارینەوە. بەڵام بە سەریاندا سەردەکەوین و لەوەش دڵنیاین».*

مەسعوود محەمەد، بەغدا ١٩٩٠/١/٢٣

«...»

سوپاسی بێسنوورم بۆ هاوکاری و یارمەتییە بێسنوورەکانی ئەم دوو ئازیزە: ئاسۆس شەفیق و کاروان عارف. لە ڕاستیدا زۆر هەڵەیان بۆ ڕاست کردمەوە و زۆر ناڕوونیان لەم بەرهەمەدا ڕوون کردەوە. من بە دەم نەخۆشییەوە کارم دەکرد و هەزار بەربەستم لە ڕێ بوون، بەڵام ئەوان، دەستیان گرتم و لە هەڵدێر و کوێرەڕێ لایاندام و هێنامیانەوە سەر ڕاستەڕێ. لە وێنەیان زۆر بێ و دەستیان خۆش بێ.

ح. کاکەوەیس – حەساری گەورە... ٢٠١٤/٤/١٩